# شیعری شانۆیی

## لە ئەدەبی کوردیدا

### باشووری کوردستان (١٩٢٥-١٩٦١)

عەبدوڵا رەحمان عەبدوڵا

هەولێر ٢٠١١

# شیعری شانۆیی
## لە ئەدەبی کوردیدا
### باشوری کوردستان (١٩٢٥-١٩٦١)

# شیعری شانۆیی
## لە ئەدەبی کوردیدا

### باشووری کوردستان (١٩٢٥-١٩٦١)

عەبدوڵڵا ڕەحمان عەوڵا

هەولێر - ٢٠١١

* ناوی کتێب: شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا (باشووری کوردستان ١٩٢٥ – ١٩٦١)

* ناوی نووسەر: عەبدوڵڵا ڕەحمان عەوڵڵا

* نەخشەسازی بەرگ: خەلیل هیدایەت

* دیزاین: عیسام موحسن

* سەرپەرشتی چاپ: عوسمان پیرداود

* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١١٦)

* چاپخانە: چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر

* تیراژ: ٥٠٠ دانە

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(      )ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە.

* ئەم کتێبە لە بنچینەدا نامەیەکی ماستەرە و لە (٢٠١٠/٧/٨) گفتوگۆکراوە و بەپلەی (نایاب)ی پەسندکراوە.

## پێشکەشە بە:

- گیانی پاکی خوالێخۆشبووی باوکم.
- ماندوبوونەکانی دایکم.
- براو و خوشکەکانم.

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٩ |
| دەروازە | ١٣ |
| **بەشی یەکەم : چەمك و مێژوو، و تایبەتمەندییەکانی شیعری شانۆیی** | ٢٥ |
| **تەوەری یەکەم: چەمك و زاراوەی شیعری شانۆیی** | ٢٧ |
| لەرووی زمانەوانییەوە | ٢٧ |
| لەرووی زاراوەوە | ٢٩ |
| لەرووی چەمکەوە | ٤٠ |
| لەڕووی تایبەتمەندییە هونەرییەکانەوە | ٥١ |
| لەڕووی مەبەست و ئامانجەکانەوە | ٦٥ |
| **تەوەری دووەم: سەرەتایەکی مێژوویی لەبارەی شیعری شانۆیی** | ٧٢ |
| ـ لەروانگەی ئەدەبی گەلانەوە | ٧٥ |
| ـ لەروانگەی رێبازە ئەدەبییەکانەوە | ٩٩ |
| **تەوەری سێیەم: فۆرمەکانی شیعری شانۆیی** | ١١٢ |
| ـ ئۆپێرا | ١١٧ |
| ـ ئۆپەرێت | ١٤٦ |
| **بەشی دووەم: بارودۆخ و گەشەسەندنی شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا** | ١٦٩ |
| **تەوەری یەکەم: رەگەز و بنەما سەرەتاییەکانی شیعری شانۆیی** | ١٧١ |
| ـ لە بیروباوەڕی ئایینی | ١٧٢ |
| ـ لە ئەدەبی فۆلکلۆریدا | ١٧٦ |
| ـ لە شیعری کلاسیکی کوردیدا | ١٩٥ |
| ـ لە چیرۆکە شیعری کوردیدا | ١٩٩ |
| ـ لە شیعری دەمەتەقێدا | ٢٠١ |

تەوەری دووەم: بارودۆخ و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی ٢٠٤
- بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری کوردستان ٢٠٤
- سەرهەڵدان و گەشەکردنی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا ٢٠٨
تەوەری سێیەم: فۆرمەکانی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوریدا ٢٣٣
- ئۆپێرا ٢٣٦
- ئۆپەرێت ٢٣٨
**بەشی سێیەم : ناوەرۆك و تەکنیکی شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا ٢٦٥**
تەوەری یەکەم: ناوەرۆکی شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا ٢٦٧
- سیاسی ٢٧٠
- کۆمەڵایەتی ٢٨٠
- کۆمەڵایەتی - سیاسی ٢٨٨
- مێژوویی ٣٠٨
تەوەری دووەم: توخم و تەکنیکەکانی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا ٣١١٨
- رووداو ٣٢١
- کەسایەتی ٣٣٧
- کات ٣٥٦
- شوێن ٣٦٥
- دایەلۆگ ٣٧٥
- مەنەلۆگ ٣٨٧
ئەنجامەکان ٣٩٥
پاشکۆ ٣٩٩
سەرچاوەکان ٦٥٥
کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی ٦٨٠
Abstract ٦٨٣

# پێشەکی

شیعری شانۆیی بەشێکی گرنگ لە ئەدەبی گەلان پێکدەهێنێت و هەر نەتەوەیەك بەپێی بارودۆخی گەشەکردنی ژیانی شارستانی و رۆشنبیری خۆی بایەخی پێداوە و پایەی لەنێو ئەدەبەکەیدا چەسپاندووە، بەڵام لەئەدەبی کوردیدا تائێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و سەربەخۆ لەمبارەیەوە ئەنجام نەدراوە و لەچاو بابەتەکانی دیکەدا ئەو گرنگی و بایەخەی کە پێویستە پێنەدراوە. ئەو باس و لێکۆڵینەوانەش، کە ئاوڕیان لێداوتەوە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ و لابەلایی باسیان کردووە و زیاتر بەردەبازێك بوونە بۆ روونکردنەوەی مەسەلەیەکی ئەدەبیی یاخود هونەریی، کە بەشێوەیەك لەشێوەکان لە شیعری شانۆییەوە نزیك بوونە. ئەمەش لەلایەکەوە بۆ خودی ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شیعری شانۆیی بەهۆی نمایشەوە پەیوەستە بە شانۆ و لەم رووەوەش بزوتنەوەی شانۆی کوردی تائێستا کەمتر لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر کراوە، لەلایەکی دیکەشەوە هێشتا لەرووی ئەدەبییەوە بەشێوەی راستەوخۆ ئەو باسە نەخراوەتە دووتوێی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتمەند و سەربەخۆوە.

**١. ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:**

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە ( شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا - باشووری کوردستان ١٩٢٥-١٩٦١) لێکۆڵینەوەیەکە مێژووی سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی لەجیهان و وڵاتانی دەوروبەرو دراوسێی کوردو روونکردنەوەی رێڕەو رێچکەکانی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە شیعرە لەئەدەبی کوردیدا لەخۆ دەگرێت، ئەمەش لەئەنجامی ئەوەوە هاتووە، کە لێکۆڵینەوە لەسەر شیعری شانۆیی کوردی نەکراوە و پێویستە ئەو لایەنەش تیشکی لێکۆڵینەوەی بخرێتە سەر و رەهەند و بنەماکانی روون بکرێنەوە. ئەم نامەیەش هەوڵێکە بۆ ئەم ئامانجەو دەمانەوێت لەرێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە تیشکێك بخەینە سەر رەهەندەکانی ئەو لایەنەی ئەدەبی کوردی .

### ٢ . سنووری لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە سەرهەڵدان وگەشەکردنی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام بەهۆی بارودۆخی تایبەتییەوە نەتوانراوە گشت پارچەکانی دیکەی کوردستان بەسەر بکەینەوەو شوێن پەنجەیان لەرێرەوی شیعری شانۆییدا دیار بکەین. لەلایەکی دیکەشەوە بارودۆخ و زەمینەسازی باشوری کوردستان زیاتر لەبارەتر بووە لەچاو پارچەکانی دیکە بۆ سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی. بۆیە سنوری جوگرافی لێکۆڵینەوەکەمان لەباشوری کوردستان دایە. لەهەمانکاتیشدا لەنێو بزاڤی ئەدەبی باشوری کوردستانیشدا خۆمان بە کاتێکی دیاریکراوە بەستۆتەوە، کە ماوەی سالآنی نێوان (١٩٢٥-١٩٦١)ە، کە بە قۆناغی لەدایکبوون و سەرهەڵدانی ئەو جۆرە شیعرە لەئەدەبی کوردی دادەنرێت، بۆیە قورسایی لێکۆڵینەوەکەمان بەو قۆناغەوە بەندکردووە، تابتوانین بەچڕی گشت لایەنەکانی ئەو سەرهەڵدانە روون بکەینەوە و زەمینەیەکی بەپێز دروست بکەین بۆ لێکۆڵینەوە لەقۆناغەکانی دیکەی شیعری شانۆیی کوردی.

### ٣. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ئەو رێبازەی کە لە لێکۆڵینەوەکەماندا پەیڕەوکراوە، رێبازی (مێژوویی - شیکاریی)یە. ئەمەش لەپێناو سەلماندنی پێگە ودیاریکردنی تایبەتمەندییە هونەرییەکانی شیعری شانۆیی لەرووی مێژووییەوە، هەروەها لەبەر رۆشنایی ئەزموونی ئەدەبی گەلان و رێبازە ئەدەبییەکانەوە لەم جۆرە شیعرەمان کۆڵیتەوە و قۆناغەکانمان دەستنیشانکردووەو لایەنی ناوەرۆك و پێکهاتە تەکنیکییەکانمان تێدا شیکردۆتەوە.

### ٤. گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگی ئەو لێکۆڵینەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە تا ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی لەم شێوەیە لەسەر شیعری شانۆیی و فۆرمەکانی ئەو جۆرە شیعرە نەکراوە و بەوردی گشت رەهەندو لایەنەکانی

لـەدووتوێی باسـێکی ئەکادیمیـدا نەخراوەتـەڕوو، بۆیـە بەپێویـستمان زانـی هـەوڵێك لەمبارەیەوە بدەین و لایەن و رەهەندەکانی ئەو جـۆرە شـیعرە لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بخەینە بەرچاو.

## ٥. گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

ئاسـتەنگی سـەرەکی لەلێکۆڵینەوەکەمانـدا، کـە دووچـاری بووینــەوە، کـەمی سەرچـاوە بـوو لـەبارەی لێکۆڵینــەوەی شـیعری شـانۆیی بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ، بەتایبەتیش لـەبارەی ئـۆپێراو ئۆپەرێتـەوە، بۆیـە زیـاتر پـشتمان بـەو لێکۆڵینەوانـە بەست کە تایبەتن بە لێکۆڵینەوەی شیعریی و شانۆیی و هونەریی، کـە بەشـێوەیەکی کورت و ناراستەوخۆ باسیان لەم جـۆرەی شـیعر کـردووە. هـەروەها هەنـدێك دەقـی شیعری شانۆیی لەم قۆناغـەدا سـەرەڕای گـەڕان وسـۆراخکردن و پەیوەنـدیکردن بـە خاوەنەکانیان، بەڵام لەبەر ئەوەی دەقەکانیان بزر بوونە، بۆیە بەدەستمان نەکـەوتن تا بتوانین کاریان لەسەر بکەین و لایەن و رەهەندەکانیان شیبکەینەوە.

## ٦. پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەك و سـێ بەشـی سـەرەکی پێکهـاتووە، لە بەشـی یەکەمـدا کـە بەناونیـشانی( چـەمك و مێـژوو و تایبەتمەندییـەکانی شـیعری شانۆیی)یە و باس لە چـەمك و دەسـتپێکی مێـژوویی و فۆرمـەکانی شـیعری شـانۆیی کراوە. ئەم بەشە لەسێ تەوەر پێکدێت:

تەوەری یەکەم: لە رووی زمانەوانی و زاراوە و چـەمکەوە لـە شـیعری شـانۆیی دەکۆڵێتەوە و لایەن و رەهەندەکانی شیدەکاتەوە.

تـەوەری دووەم: مەبەسـت و تایبەتمەندییـە هونەرییـەکانی شـیعری شـانۆیی لەروانگەی بیروڕای رابەرەکانییەوە خراوەتەڕوو.

تـەوەری سـێیەم: مێـژووی سـەرهەڵدان و لـەدایکبوون و بنــەما و خەسـڵەتی فۆرمەکانی شیعری شانۆی (ئۆپێرا و ئۆپەرێت) باسکراوە.

لەبەشی دووەمدا کە بەناونیشانی ( بارودۆخ و گەشەسەندنی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا)یەو باس لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هونەری و گەشەسەندی شیعری شانۆیی و فۆرمەکانی لە ئەدەبی کوردیدا کراوە. ئەم بەشە لەسێ تەوەر پێکدێت:

تەوەری یەکەم: بنەما سەرەتاییەکانی شیعری شانۆیی لە بیروباوەڕی ئایینی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەدەبی فولکلۆری و شیعری کلاسیکی و رۆمانتیکی کوردیدا خراوەتەڕوو.

تەوەری دووەم: باس لە بارودۆخی کوردستان لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دەکات و هۆکارەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا روون دەکاتەوە.

تەوەری سێیەم: فۆرمەکانی شیعری شانۆیی (ئۆپێرا و ئۆپەرێت) وپێگە و سەرهەڵدانیان لەئەدەبی کوردی و بنەماکانیان باس دەکات.

لەبەشی سێیەمدا کە بەناونیشانی (ناوەرۆك و تەکنیکی شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا)یە و باس لە ناوەرۆك و پێکهاتەی تەکنیکی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا دەکات. ئەم بەشە لە دوو تەوەر پێکدێت:

تەوەری یەکەم: باس لە ناوەرۆك و مەبەست و ئامانجەکانی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا دەکات و لەروانگەی( سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی) ناوەرۆك و مەبەستەکانیان شیی دەکاتەوە.

تەوەری دووەم: تابیەتە بە پێکهاتەی توخم و تەکنیك لە شیعری شانۆیی کوردیدا، کە بریتین لە ( رووداو و کەسایەتی و دیالۆگ و مەنەلۆگ و کات و شوێن).

لەکۆتایشیدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

# دەروازە

شیعری شانۆیی ئەو بابەتەیە کە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا قەوارەیەکی تایبەت بەخۆی تۆمارکردووە و جێگەی بایەخی شاعیران بووە. کەچی بەشێوەیەکی گشتی تائێستا لە ئەدەبی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتمەند و گشتگیر و سەربەخۆی لەسەر نەکراوە و نەخراوەتە دووتوێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تا رەهەند و بنەما و ئەرکەکانی شیبکرێنەوە. ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی، کە کراویشن سەرەڕای کەمی ژمارەیان و کەموکوڕی زانستی و مێژووییان ، ئەوا بەشێوەیەکی خێرا و سەرپێیی شیعری شانۆیی و فۆرمەکانیان باس کردووە. لەم چوارچێوەیەشدا ئەو لێکۆڵینەوانە لە سێ روانگەی سەرەکییەوە سەرچاوەیان گرتووە و مامەڵەیان لەگەڵ شیعری شانۆییدا بووە:

١ـ لەچوارچێوەی بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا، لێرەشدا جەخت لەسەر نمایشکردن کراوەتەوە نەك دەقی ئەدەبی. بەم پێیەش تەنیا دەقی ئەو شیعرە شانۆییانەی، کە شانسی نمایشکردنیان هەبووە کەوتوونەتە بازنەی باسکردن و لێکۆڵینەوەکانەوە. ئەو مامەڵەکردنەش یان ئەوەتا بەشێوەیەك بووە، کە سەربەخۆ ئاماژە بە شیعری شانۆیی کراوەو پەنجەی بۆ راکێشراوە، یاخود هەر وەکو بەشێك لە بزووتنەوەی شانۆ خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە بێ ئەوەی ئاماژەی ئەوە بۆ بکرێت، کە دەق و نمایشەکە دەچنە خانەی شیعری شانۆییەوە.

٢ـ لەچوارچێوەی ئەدەبیدا، بەتەنیا و وەکو جۆرێك لە جۆرەکانی شیعر مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. لەم رووەوەش لێکۆڵەران وەکو دەقێکی ئەدەبی دوور لەنمایشکردن سەرنجیان لێداوە و لە چوارچێوەی شیعری کوردیدا باسیان لێوەکردووە. بەم پێیەش لەلایەکەوە لەهونەری شیعر نەچوونەتە دەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ هونەرەکانی دیکە ئاماژەی بۆ نەکراوە. لەلایەکی دیکەشەوە لەروانگەی پەیوەندی بە هونەرەکانی دیکە زیاتر جەخت لەسەر رەگەزەکانی شانۆیی

لەجۆرەکانی شیعردا کراوەتەوە. بۆیە لەم جۆرە باسانە بێ سەروبەری و تێکەڵییەك لەنێوان جۆرەکانی شیعر بەدی دەکرێت. لەگەڵ ئەوەش کە شیعری داستانی و شیعری لیریکی لە ئەدەبی کوردیدا خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، کەچی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ لەسەر شیعری شانۆیی ئەنجام نەدراوە.

٣ـ لەروانگەی هونەری مۆسیقاوە، لەمبارەیەوەش زیاتر فۆرمەکانی شیعری شانۆیی ئۆپێرا و ئۆپەرێت وەکو شێوەیەك لە شێوەکانی مۆسیقا پێناسەکراوە و شوناسی بۆ دیاریکراوە. بەم پێیەش ئۆپەرێتەکانی کوردی وەکو بەشێك لە کاری مۆسیقایی خراونەتەڕوو.

بۆیە زۆربەی باس و لێکۆڵینەوەکان لەچوارچێوەی ئەم روانگانە بەدەرنین و هەر یەکێکیان لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە لە شیعری شانۆیی روانیووەو دەقەکانیان بەپێی ئەو روانگانە مامەڵەی لەتەکدا کراوە. لەگەڵ ئەوەش لەهەندێك باس و لێکۆڵینەوەدا هەر لەم سێ راونگەیەوە، بەڵام راستەوخۆ لەژێر ناوی شیعری شانۆیی ئاماژەی پێدراوەو بەشێك لە مێژوو و بنەماکانی روونکراونەتەوە. هەر چەندە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوود لەم باس و لێکۆڵینەوانە وەرگیراوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە لایەن و بیرو بۆچوونەکان شینەکرێنەوە و راستییەکان پیشان نەدرێن. بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێکیان بخەینەڕوو.

عەلائەدەین سجادی لە ((مێژووی ئەدەبی کوردی))دا لەروانگەی ئەدەبییەوە بۆ یەکەمجار باس لە شیعری شانۆیی دەکات و شیعر بەپێی بۆچوونی فەرەنسییەکان بۆ سەر سێ جۆری سەرەکی دابەش دەکات و دەڵێت: (وەکو ئەوە کە فەرەنسزییەکان هۆنراوە ئەکەن بەسە جۆر وە هەر یەکە چەند لقوپۆپێکی لێ ئەبێتەوە، ئەیکەن بە: ((هۆنراوەی شەڕوشۆر ـ ملاحم، هۆنراوەی گۆرانی ـ غنائی، هۆنراوەی لاسایی ـ تمثیلی))) [1] . دوای ئەوە باس لە شیعری لاسایی دەکات و ئەوە روون دەکاتەوە، کە فەرەنسییەکان ئەم ناوەیان بۆ داناوە و مەبەستەکانیشی دیاری دەکات. لێرەدا عەلائەدەین سەجادی باس لە مێژووی لە دایکبوونی ئەو جۆرەی

[1]- علائەدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف،١٩٥٢، ل١٣٣.

شیعری نەکردووەو رۆڵی یۆنانییەکانی فەرامۆش کردووە وتەنیا ئاماژەی بە رۆڵی فەرنسییەکان داوە، کە زاراوەکەیان دەستنیشانکردووە. لەهەمانکاتیشدا زاراوەی ((شیعری لاسایی )) بۆ یەکەمجار بۆ ئەم جۆرەی شیعر بەکاردێنێت، بەو پێییەی کە لاساییکردنەوی هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکات، واتە تەمسیل دەکات. دیارە لەژێر کاریگەری ئەو ڕایەی سەجادیشدا لە ((زمان و ئەدەبی کوردی)) ی پۆلی سێیەمی ناوەندی، کەلەلایەن لێژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانراوە، لەبەشی ئەدەبدا، بەهەمان شێوە زاراوەی ((هۆنراوەی لاسایی)) بەکاردەهێنرێت و پێناسە دەکرێت[1]*. سەجادەی لەباسەکەیدا دێتە سەر دەستنیشانکردنی پێگەی ئەو جۆرە شیعرە لە ئەدەبی کوردیدا و دەڵێت: (هۆنراوەی لاسایی بەم مەعنایە لەناو کورددا نەبووە مەگەر لەم دواییەدا نەبێ کە ((بێکەس)) و ((گۆران)) ئەم ئاگرەیان هەڵگیرسان) [2]. لێرەدا سەجادی ئەوە روندەکاتەوە، کە لە قۆناغی کلاسیکدا شیعری شانۆیی نەبووە، بەڵکو لەگەڵ پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا ئەو شیعرە لەسەر دەستی بێکەس و گۆراندا هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە، بەڵام سەجادی ئەوەی دەستنیشان نەکردووە، کە کامەیان بۆ یەکەمجار ئەو جۆرە شیعرەیان بەکارهێناوە و ئاماژەی بە ناوی دەقی شیعرەی شانۆییەکانیشی نەدوان . هەروەها هۆکارەکانی سەرهەڵدان و چۆنییەتی هاتنەکایەی ئەو جۆرە شیعرەی روون نەکردۆتەوە، بەڵکو تەنیا بە ناوهێنانی ئەو دوو شاعیرە کۆتایی بە باسکردنی ئەو جۆرە شیعرەی هێناوە.

---

[1] - زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی، لێژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەوزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤، ل١١٨.

* بەڕای ئێمە زاراوەی (شیعری شانۆیی) زاراوەیەکە جێگەی خۆی گرتووە. بۆیە بەپێویستی دەزانین هەر ئەو زاراوەیە لە کتێبەکانی خوێندن بەکار بهێنرێت و هەروەها ئەو نموونەیەشی کە لە کتێبەکەدا بەکارهاتووە، زۆر لە شیعری دەمەتەقی نزیکترە. پێویستە دەکات دەقێکی شیعری شانۆیی بەهێز دابنرێت بۆ ئەوەی قوتابی بە ئاسانی لەگەڵ جۆرەکانی دیکەدا جودای بکاتەوەو پێی ئاشنا بێت.

[2] - علائەدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی.، ل١٣٤.

رەفیق حلمی لە ((شیعر و ئەدەبیاتی کوردی))دا لە باسکردنی شێخ سەلامی شاعیردا ئاماژە بە دەقی شیعری شانۆیی ((قوتابخانەی کوردستان)) دەکات و ئەو روون دەکاتەوە، کە ئەو دەقە دەکرێت بەشێوەی نواندن نمایش بکرێت ( دەستە شیعرێکی تری ((سەلام)) هەیە کە لەبابەت رەغنە و ((توانج))و گاڵتەوگەپەوە بەڕاستی جوانە و بۆ ئەوە دەس ئەدا کە بکرێ بە ((پیەس))ێکی تەمسیلی)[1]. جگە لەمەش رەفیق حلمی بۆ یەکەمجار دەقێکی شیعری بە سەرقافڵەی شیعری شانۆیی دادەنێت و شاعیرێکیش بە رابەری ئەو جۆرە شیعرە لەقەڵەم دەدات (بەلامانەوە وایە کە ئەم شیعرانە یەکەمین شیعری تەمسیلی یە بەزمانی کوردی عراق و شێخ سەلام یەکەم شاعری ناوچەی ((سۆران))ە لە داهێنانی ئەم بابەتە شعرانەدا) [2]. لێرەدا نووسەر سەرەڕای دیاریکردنی یەکەم دەق و یەکەم شاعیر، بە وشیارییەوە سنووری جوگرافی ئەو دەستنیشانکردنەشی لە کوردستانی عیراق و لەناوچەی سۆراندا دیاری دەکات. هەروەها زاراوەی ((شیعری تەمسیلی))یش بۆ ناونانی ئەو جۆرە شیعرە بەکاردەهێنێت. پاشانیش ئەو دەقە شی دەکاتەوە و ناوەرۆك و مەبەستەکانی دەخاتەڕوو. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە، کە رەفیق حلمی بۆ یەکەم جار دەستنیشانی یەکەم دەقێك و خاوەنەکەی دەکات و نۆ لاپەڕەش لە کتێبەکەی بۆ لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی ناوەرۆك و شیکردنەوەی رەهەند و لایەنەکانی ئەو دەقە تەرخان دەکات. هەرچەندە ئەو لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەیە بەشێوەیەکی سادەو سەرەتایی و وەکو لێکۆلینەوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو لەدووتوێی پێشکەشکردنی ژیانی شاعیرێکدا و لەروانگەی مێژووی ئەدەبییەوە ئەنجامدراوە . لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بە یەکەم لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی دەقی شیعری شانۆیی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لەقەڵەمی بدەین.

د. شوکریە رەسوڵ لە ((ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب))دا لەباسی هونەرەکانی شیعردا دوای ئەوەی بەشەکانی شیعر دەستنیشان دەکات، ئینجا

---

[1] - رەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم، مطبعة التعليم العالي، هەولێر ١٩٨٨، ل ١٠٨.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل ١٠٨.

بەدرێژی باس لە شیعری شانۆیی دەکات و زاراوەی ((شیعری درامی ـ شانۆیی))[1] بۆ ئەو جۆرەی شیعر بەکاردەهێنێت و تیشك دەخاتە سەر مێژووی سەرهەڵدانی ئەو هونەرە لە جیهاندا و بەپێی ڕێبازە ئەدەبییەکان پەرەسەندن و پێشکەوتنی ڕوون دەکاتەوە. پاشان پێگەی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوەو ڕەگەزو بنەما سەرەتاییەکانی شیعری شانۆیی و هونەری شانۆ لە ئەفسانە وبیروباوەڕی ئایینی و چالاکییە کۆمەلایەتییەکان و گەشت و سەیران و ئاهەنگەکاندا دیاری دەکات. د. شوکریە پیرەمێردی شاعیر بە ڕابەری شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردی لەقەڵەم دەدات و دەڵێت:(لەڕووی نووسینی شیعری دراماوە ئەتوانین پیرەمێردی شاعیر بە سەرەتای ئەم بابەتەی ئەدەبی کوردی دابنێین)[2]. لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارەکانی ئەو دەستنیشانکردنەی پیرەمێردی شاعیریش ڕوون نەکردۆتەوە و تەنانەت ئاماژەی بەهیچ بەرهەمێکی شیعری شانۆیی شاعیر نەداوە. هەروەها نووسەر شیعری شانۆیی کوردی قۆناغبەند کردووە و دەڵێت:(شانۆگەری شیعری کوردیش ئەتوانین بەسەر چوار قۆناغ دابەش بکەین:

١ـ گۆران لەسالانی پەنجا نموونەی وەکو ((شۆرشگێر)) گوڵی خوێناوی \ جق و نق \ ئەنجامی ئەژدەهاك\ خۆرگەی هەژار\ ماستاو....هتد.

٢ـ عبدالرزاق بیمار لەشەستەکاندا ((شانۆی کوردستان)))[3]. هەرچەندە نووسەر لێرەدا هەوڵیداوە لەلایەکەوە بەپێی ساڵ و لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی بەرهەمی شاعیران قۆناغەکان دەستنیشان بکات، بەڵام لەگەڵ ڕای خۆی پێچەوانە کەوتۆتەوە، چونکە لەلایەکەوە خۆی پیرەمێرد بە سەرەتای ئەم شیعرە دادەنێت، کەچی لە قۆناغەکاندا ئاماژە بە بەرهەمی پیرەمێرد نەکراوەو فەرامۆش کراوە. دواتریش خۆی دەڵێت چوار قۆناغە، کەچی تەنیا دوو قۆناغی دیاریکردووە. نووسەر دواتر باسەکەی بۆ کارو بەرهەمەکانی گۆران تەرخان دەکات و تێیدا جەخت لەسەر ئۆپەرێتەکانی گۆران دەکات و بەداهێنەری ئەم هونەرەی دادەنێت و دەڵێت:( بەمە ئەتوانین گۆران

[1]- د. شوکریە رەسوڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعلیم العالي، هەولێر ١٩٨٩، ل ٨٧.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ٩٥.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل ٩٤.

بەیەکەم کاری هونەری نووسینی ئۆپەرێتی کوردی دابنێین)[1]. ئینجا باسێك لەژێر ناونیشانی ((گۆران و شیعری درامی)) تەرخان دەکات بۆ شیکردنەوەی دەقی شیعرە شانۆییەکانی گۆران و تێیدا ئاماژە بە دەقی شیعری شانۆیی ((شۆڕشگێر)) دەکات ودوو دەقی ئۆپەرێتی گۆران بەنموونە دەهێنێتەوە، کە یەکێکیان((ئەنجامی ئەژدەهاك))ە و نووسەر بە پەرەگرافێك هەندێك لایەنی ناوەڕۆکی روون دەکاتەوە. دەقی دووەمیشیان ئۆپەرێتی ((گوڵی خوێناویی))یە، بەڵام تەنیا دەقەکەی خستۆتەڕوو بێ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە. لەکۆتایشدا لە ((٢٤))خاڵدا جیاوازی نێوان شیعری شانۆیی و شیعری داستانی باسکردووە.

ئازاد عەبدولواحید لە ((دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح))دا باسێکی تایبەتی بۆ ئۆپەرێتی ((ئینتیباه)) تەرخان کردووە وتێیدا بارودۆخی نووسین و ئاوازدانان و نمایشکردنی ئەو ئۆپەرێتەی روون کردۆتەوەو ئەوەشی راگەیاندووە کە ئەو دەقە یەکەم دەسپێشخەرییە لە ئۆپەرێتی کوردیدا و دەڵێت:( ئەمە یەکەم دەستپێشخەرییە لە بزووتنەوەی هونەری ئۆپەرێتدا)[2]، بەڵام لەبەرئەوەی کە باسەکە لەچوارچێوەی دیوان دایەو بۆ بەسەرکردنەوە و خستنەڕووی تەنیا بەرهەمەکانی شاعیرە، بۆیە نووسەر پێناسە و مێژووی هونەری ئۆپەرێتی باس نەکردووە، بەڵکو تەواوی باسەکەی تەرخان کردووە بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەوەی کە ئەو بەرهەمە، بەرهەمی شێخ نوری شێخ ساڵحە نەك بێخودی شاعیر. هەروەها تیشکی خستۆتە سەر دووەم بەرهەمی شاعیر کە شیعری شانۆیی((دایك))و تێیدا ئەو دێڕانەی لەدقەکەدا دەستی کەوتوون لەوێدا تۆماری کردووە.

مەحموود زامداریش لەروانگەی هونەری مۆسیقاو گۆرانیدا باسێکی تایبەتی لەژێر ناونیشانی ((ئۆپەرێت)) لە کتێبەکەی ((دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانیی کوردی))دا تەرخان دەکات و تێیدا پێناسەو شوناسی ئۆپەرێت و رەگەزو بنەما پێکهێنەرەکانی روون دەکاتەوە و کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی ئەو هونەرە و

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٩٦.

[2]- ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٨، ل٦٠.

پێگەی لە هونەری کوردیدا دەستنیشان دەکات و دەڵێت:(لەنێو ئێمەشدا، تا ئێستا گەلێ هەوڵی سادەوسوك بۆ پەرەپێدانی ئەم هونەرە بەرزە دراوە یەکە هەوڵێ ـ بە بۆچوونی من ـ کە وەکو بەڵگەنامەیەکی نووسراو، بۆمان مابێتەوە، ئۆپەرێتی ((دلاوەران))ە کە لەساڵی ١٩٣٠ و بەخامەی ((ع. نوری)) نەمر نەخشەی کێشراوە، کەخۆی لەخۆیدا، نیشانەیەکی سەوزی وەچەی یەکەمی بزووتنەوەی رۆشنبیری کوردیمانە لەمباریەوە)[1]. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کە ناونیشانی ئەو دەقە ئینتیباهە نەك دلاوەران، چونکە دلاوەران دەستەی یەکەمی ئەو کەسایەتییانەن، کە رووداوی ئۆپەرێتەکە دەست پێدەکەن. هەروەها ئەو ئۆپەرێتەش لەساڵی ((١٩٢٥))دا بووە نەك لەساڵی ((١٩٣٠))دا و بەخامەی ((م. نوری))یە نەك ((ع.نوری)).

حەمە کەریم هەورامی لە ((ئەدەبی منداڵانی کورد دوای راپەڕین)) لە بەشی شانۆگەری منداڵاندا باسی لە شیعری شانۆیی کردووە و زاراوەی ((شانۆی بەهۆنراوە))ی بۆ بەکارهێناوە و دوای پێناسەکردنی بەشێوەیەکی کورت ئاماژەی بە سەرهەڵدانی داوە لەوڵاتی یۆنان. ئینجا هاتۆتەسەر دەستنیشانکردنی پێگەکەی لە ئەدەبی کوردیدا ودەڵێت:( لەئەدەبی کوردیدا شانۆگەری هۆنراوەمان بۆ گەورە کەسان هەن بەڵام شانۆگەری بەهۆنراوە کە بۆ منداڵان نووسرابێ دیار نییە)[2]. دواتر جیاوازی لەنێوان ئەو جۆرە شانۆگەرییە و ئۆپەرێتدا دەکات. هەر لەو کتێبەدا باسێکی تایبەتی بۆ ئۆپەرێت تەرخان کراوە و لەو باسەدا دوای پێناسەکردنی ئۆپەرێت، دووبارە نووسەر جیاوازی لەنێوان شیعری شانۆیی و ئۆپەرێت کردووە و دەستنیشانی یەکەم دەقی ئۆپەرێت لە ئەدەبی کوردی کردووە و دەڵێت:(لەساڵی ((١٩٥٣))وە کە گۆرانی شاعیر ئۆپەرێتی((ئەنجامی یاران))ی نووسییەوە، بەو ئۆپەرێتە درەگا بۆ پەیدابوونی ئەو جۆرە هونەرە لەناو هونەرو ئەدەبی کوردی کرایەوە، شتێکی نوێی بۆ هێنایە ئاراوە، تین و تەوژمێکی تر بوو بەری شیعر و

[1]- مەحمود زامدار، دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانیی کوردی، دار الحریة للطباعة، بەغدا ١٩٨٠، ل١٥٥.

[2]- حەمەکەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد دوای راپەڕین، بەرگی دووەم ، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر٢٠٠٧، ل٢٦٨.

هونەری کوردی والاّ کرد)[1]. لێرەدا نووسەر جیا لەوەی یەکەم شاعیر و یەکەم دەقی ئۆپەرێتی دەستنیشانکردووە، ساڵیشی بۆ سەرهەڵدانی ئەو هونەرە لە ئەدەبی کوردیدا دیاری کردووە. سەرەڕای ئەوەش نووسەر هەر لەوباسەیدا جارێکی دیکە گۆران بە داهێنەری ئەو هونەرە دادەنێت و دەڵێت:(ئەگەر ((گوڵی خوێناوی))یش بە ئۆپەرێتێکی دڵداری ئەژمار بکرێ، ئەوا گۆران سێ ئۆپەرێتی نووسیون و بەپێشرەوی داهێنەری ئەو هونەرە دەژمێردرێ لە ئەدەبی کوردیدا) [2]. دواتر نووسەر ئاماژەی بەناوی هەندێك لەو ئۆپەرێتانەداوەو ئۆپەرێتی ((ئەنجامی یاران))ی گۆران و ئۆپەرێتی ((داستانی کناچەو لاوۆ))ی مەهدی ئۆمێدی وەکو نموونە هێناوتەوەو لێیانی کۆڵیوەتەوە.

پەروین عەبدوڵلا لە کتێبەکەیدا ((ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا)) کە لەبنچینەدا نامەی ماستەرە، بەشی دووەمی تایبەت کردووە بە شیعری شانۆیی بە ناوی ((شیعرو شیعری درامی)) و تێدا وێڕای باسکردنی جۆرەکانی شیعرو دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانیان، باسی لە پەیوەندی مێژوویی شیعرو دراما و مێژووی سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی کردووە و وەکو ڕێخۆشکەرێکیش بۆ باسکردنی ئەو جۆرە شیعرە لە ئەدەبی کوردیدا باسی لە درامای شیعری عەرەبی کردووە بەوپێیەی، کە یەکێکە لەو ئەدەبە دراوسێیانەی کاریگەرییان لەسەر ئەدەبی کوردیدا هەبووە. ئینجا هاتووە دەستنیشانی تەکنیکەکانی درامای لە شیعری کوردیدا کردووە و پێیوایە لەگەڵ پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی ،شیعری شانۆیی لەدایکبووە. لەمبارەیەوە دەڵێت:(لە بیستەکان - چلەکاندا جۆرێك لەداستانی لیریکی((گۆرانی))، درامای شیعری وەکو پێویستییەك لەدایك بوو)[3] و هۆکار و بنەماکانی ئەو لەدایکبوونەی روونکردۆتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو باسەی نووسەر بە باسێکی زانستی و فراوان لەمبارەیەوە لەقەڵەم دەدرێت. هەرچەندە لەلایەکەوە زیاتر لەرووی رەگەزو تەکنیکەکانی دراماوە باسی لێوەکراوە. لەلایەکی

[1]- هەمان سەرچاوە، ل٢٨٢.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل٢٨٣.

[3]- پەروین عەبدوڵلا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٨، ل١٦٨.

دیکەشەوە قورسایی لێکۆڵینەوەکە لەسەر دەقی شیعری لیریکییە، نەك لەسەر دەقی شیعری شانۆیی.

هەروەها سەلام فەرەج کەریم لەنامەی ماستەرەکەیدا ((کەسایەتی لەدرامای کوردیدا)) لە چوارچێوەی روانگەیەکی شانۆییەوە ئاوڕی لە شیعری شانۆیی داوەتەوە و باسێکی تایبەتی بەناونیشانی ((رەسەنایەتی دراما لە چامەی کوردیدا)) بۆ تەرخانکردووە وتێیدا سەرەتا رەگەز و بنەماکانی شیعری شانۆیی لە ئەفسانە وداستان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دیاری کردووە و دواتر رەگەزە درامییەکانی شیعری شانۆیی لە شیعری کلاسیکی کوردی و چیرۆکە شیعری کوردیدا روونکردۆتەوە و ئاماژەی بە ئەرکی شیعری شانۆیی و جیاکردنەوەی لە شیعری کلاسیکی و شیعری داستانی کردووە. لەمبارەویە توێژەر چەندین نموونەی داستانی کوردی و شیعری کوردی ئاماژە پێداوە و سەرهەڵدانی شیعری شانۆییش بە پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردیی دەبەستێتەوە و دەڵێت:(هونەری دراما لە شیعری کۆنی کوردیدا تاڕادەیەك لاوازە، کەچی درامایەکی بەپێز لەشێوە نوێکانی شیعری کوردیدا دەبینرێت. ئەمەش پاش دەرکەوتنی چەند شاعیرێکی لێهاتووی وەك ((رەشید نەجیب و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران)) کە کۆت و زنجیری شیعری کلاسیکییان شکاند و ئەدەبی کوردییان نوێکردوە و سوودیان لە تاقیکردنەوەی گەلانی تر وەرگرت و چەند جۆرە هونەرێکی شیعرییان لە ئەدەبی کوردیدا بووژاندەوە)[1]. لێرەدا نووسەر ئاماژە بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە شیعرە لە ئەدەبی کوردیدا دەکات و ئینجا یەکەم دەقی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا دیاری دەکات و دەڵێت:( دەتوانین بڵێین کە چامەی ئەنجامی یاران کە لە ساڵی ((١٩٥١ز)) نووسراوە بە سەرەتای چامەی درامی کوردی هاوچەرخ دادەنرێت)[2]. ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە ئۆپەرێتی ئەنجامی یاران لە ساڵی ((١٩٥٣)) دا نووسراوە نەك لە ساڵی ((١٩٥١)) دا. سەرەڕای ئەمانەش نووسەر تەنیا

[1]- سەلام فەرەج کەریم، کەسایەتی لەدرامای کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩، ل٢٥-٢٦.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل٢٦.

ئامـاژەی بەپیەسـە یـەك پەردییـەكانی گـۆران و دوو ئۆپـەرێت و بەرهەمـەكانی عەبدولرەزاق بیمار داوە.

هەروەها یاسین رەشید حەسەن لە نامەی ماستەرەكەیدا ((نـاوەڕۆك وتـەكنیكی درامای كوردی)) لەچوارچێوەی مێـژووی درامـای كـوردی زۆر بـەكورتی ئامـاژەی بـە شـیعری شـانۆیی داوەو سـەرەتا و رگـەزە بنـچیینەكانی درامـای لـە شـیعری كـۆنی كوردیـدا روونكردۆتـەوە و ئینجـا هاتۆتـە سـەر دیـاریكردنی پێگـەی ئـەو شـیعرە لـە ئـەدەبی كوردیـدا ودەڵێـت:(لەگـەڵ گۆڕانكارییـەكانی سـەردەم و لەسـەدەی بیـستدا ((پیرەمێرد و بێكەس و سەلامی شاعیر و گۆران))گەلێ بەرهەمی شیعری شێوە دراما یا بڵێین ((درامای شیعری))یان هێنایە بەرهـەم. كـە پیرەمێـرد بەسـەر قافڵـەی ئـەم كاروانە دائەنرێ كـە شـانۆنامەی ((مـەم وزیـن))ی نووسـی)[1]. لێـرەدا توێـژەر چـوار شاعیری دیاریكردووە وبە داهێنـەری ئـەو جـۆرە شـیعرەیان دادەنێـت و پیرەمێـردی شاعیریش بـە سـەرقافڵەی كاروانەكـە لەقەڵـەم دەدات بـەوەی كەشـانۆنامەی ((مـەم وزیـن))ی نووسـیوە. لەراستیـشدا ئـەو شـانۆنامەیە داسـتانێكە لەلایـەن شـاعیرەوە بەشـیعر و پەخـشان لەشـەش پـەردەدا رێكخـراوە وبەتـەنیا شـیعر نییـە. سـەرەڕای ئەمانـەش توێـژەر لـەبارەی ئۆپـەرێتی ((ئـەنجامی یـاران))ی گۆرانـەوە، هـەمان ڕای سەلام فەرەج كەریم دووبـارە دەكاتـەوە ودەڵێـت:(گـۆرانی شـاعیریش بـە ئۆپـەرێتی ((ئەنجامی یاران)) لە مارتی ١٩٥٣ كەبەسەرەتای چامەی درامـای كـوردی هاوچـەرخ دائەنرێت)[2]. دواتر ئاماژەی بە پیەسە یەك پەردەییەكانی گۆران و شیعری شـانۆیی ((كاوەی ئاسنگەر))ی شێركۆ بێكەس داوە.

سـابیر رەشـید لەبابەتێكیـدا بەناونیـشانی ((سـەرەتایەك دەربـارەی چـامەی درامـایی كـوردی)) كـە لـەگۆڤاری ((كـاروان)) بڵاوكراوەتـەوە، تیـشك دەخاتـە سـەر بنەماو رەگەزە سەرەتاییەكانی شیعری شانۆی لە شیعری كلاسیك و داستانە شیعری كوردیدا. لەمبارەیەوەش ئاماژەی بـەناوی چـەندین داسـتانە شـیعری كـوردی داوە و

[1]- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك وتەكنیكی درامای كوردی ((١٩٩١-٢٠٠٢))، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان ـ زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١١.

[2]- هەمان سەرچاوە ،ل١١.

هــەروەها مەبەســت و ئامــانج و نــاوەرۆك و ئەركــەكانى شــيعرى شانۆييــشى روونكردۆتەوە. هـەروەها ئامـاژەی بـەوەداوە كـە دراما لـە شـيعرى كۆنى كورديـدا كزولاواز بووە، بەلام لەگەڵ پرۆسەی نوێكردنەوەی شيعرى كورديدا شـيعرى شـانۆيى بـەهێز نووسـراوتەوە. لەمبارەيـەوە دەڵێـت:( لەگـەڵ كـزى درامـا لـە شـيعرى كۆنـدا دراماى زۆر بەهێز لە شێوە نوێيەكانى شيعرى كورديـدا دەبينـرێ)[1]. لـەم رووەوەش ئاماژەی بە بەرهەمەكانى گۆرانى شاعير كردووە وبە پێشرەوی ئەو بـوارە لەقەڵـەمى دەدات و داهێنـانى ئـەو ئەزموونـە نوێيـە دەخاتـە پـاڵ ئـەوەوەو دەڵێـت :(چـامەی ئـەنجامى يـاران كـە لـە سـاڵى ١٩٥١ نووسـيويە لـەرێزى پێـشەوەی بابەتـە چـامە دراماييەكانى دادەنـرێ)[2]. لێـرەدا دووبـارە سـاڵى نووسـينى ئـەو ئۆپەرێتـە بەهەڵـە تۆماركراوە، چونكە گۆران لەمارتى ساڵى ((١٩٥٣))دا لـە سلێمانى ئـەو ئۆپەرێتـەی نووسيوە، نەك لەساڵى ((١٩٥١))دا.

ئەوەی لەم خستنەڕووەی بـاس و لێكۆڵينـەوەكانى ئـەو بـوارە تێبينيمـان كـرد ئەوەيــە، كــە نووســەر و لێكۆڵــەران لەســێ لايــەنى ســەرەكييەوە جيــاوازى لەڕاوبۆچوونەكانيان هەيە:

١ـ لەبارەی چەسپاندنى زاراوە، نووسەرو لێكۆڵەران لەسەر يەك زاراوەی تايبـەت بەم جۆرە شيعرە لەئەدەبى كورديدا رێكنەكەوتوون و هەريەكێك بـەپێى راوبۆچـوونى خۆی زاراوەيەكى بۆ داتاشيووە.

٣ـ لەبارەی يەكـەم دەقـى شـيعرى شـانۆيى و يەكـەم شـاعيرى ئـەو بـوارە، كـە بەپێى بيروڕاى تايبـەتى خۆيانـەوە چـەندين دەق و چـەندين شـاعير بـە سـەرقافڵەی شيعرى شانۆيى لە ئەدەبى كورديدا دەستنيشان كراوە.

٣ــ لـەو دياريكردنـەی يەكـەم دەق و يەكـەم شـاعير، واتـە لـە دەستنيـشانكردنى ســەرهەڵدانى ئــەو شــيعرە هۆكــارو بنــەماكانى ئــەو دەستنيــشانكردنەو هــەروەها سەرهەڵدانى ئەو جۆرە شيعرەيان لەئەدەبى كورديدا ديارى نەكردووە.

---

[1] - سابير رەشيد، سەرەتايەك دەربارەی چامەی درامايى كوردى، گۆڤارى (كاروان)، ژمارە(٧١)، ساڵى حەوتەم، كانوونى دووەمى ١٩٨٩، ل٨٨.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل٨٩.

# بەشی یەکەم

## چەمك و مێژوو ، و تایبەتمەندییەکانی شیعری شانۆیی

# تەوەری یەکەم
# چەمك و زاراوەی شیعری شانۆیی

شیعری شانۆیی وەکو زاراوەیەك راستەوخۆ لە زاراوەی ئینگلیزی (dramatic poetry)ەوە هاتووە[1]. وشەی دراماش لە(( کاری یۆنانی (Druo) کە واتاکەی ( کار دەکات یاخود دەجووڵێت) هاتووە))[2]. (( یان دەوترێت دراما لە وشەی (دارمینون) ی یۆنانی وەرگیراوە بەمانای (کاری شتێك)) . د. ئیبراهیم سکریش دەڵێ (( وشەی دراما لە (کار)ی یۆنانی کۆنەوە وەرگیراوە و بەمانای (کار بکە) واتە مانای (کار) و (رووداو) دەبەخشێ))[3] . لێرەدا مەبەست لە زاراوەی شیعری درامی، شیعری شانۆییە و هەمان واتا دەگەیەنێت[4]. بەمەش زاراوەی شیعری شانۆیی واتای (شیعری کردار) یاخود (شیعری جووڵە) دەگەیەنێت[5].

**لەرووی زمانەوانییەوە** زاراوەی شیعری شانۆیی، فرێزێکی ناوییەو لەوشەی سادەی " شیعر" و وشەی دارێژراوی " شانۆ + یی" پێکدێت و بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی "ی" بەیەکتر بەستراونەتەوە. شیعر "ناوە" و کۆنترین و یەکەمین فۆرمی دەربڕینە، کە مرۆڤ پێی ئاشنا بووە و وەکو هۆکارێکی گرنگ و کاریگەری هەست دەربڕین، کارتێکردنی بەر لە پەیدابوونی هۆکارەکانی دیکەی دەربڕین نواندووە و لەبۆتەی ئەو هونەرەدا گوزارشتی لە ئەزموونی ژیانی خۆی لە حەز و ویست و خولیا و خەیاڵ و ئارەزووەکانی کردووەو ساتە خەم و پەژارە و کەیف و سەفا وخۆشییەکانی دەروونی خۆی و کێشەکانی پێ دەربڕیوە. لەکۆنەوەش مرۆڤ ((پێش

---

[1]- ابراهيم فتحي، معجم المصطلحات الأدبية، مؤسسة العربية للناشرين المتحدين ، تونس ، ص ٢١٧.

[2]- د. محمد مندور، الأدب وفنونه، دار نهضة مصر للطبع و النشر ، ص ٦٥، هەروەها: د. ناصر العاني، المصطلع في الأدب الغربي، منشورات دار المكتبة العصرية، بيروت ١٩٦٨ ،ص١٣٥.

[3]- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی (١٩٩١ـ ٢٠٠٠) ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٣.

[4]- د. محمد مندور، الأدب وفنونه، ص ٦٥ ، هەروەها: د. شوکریە رەسوڵ، ئەدەبی کوردی وهونەرەکانی ئەدەب، مطابع التعليم العالي – اربيل ، العراق ١٩٨٩ ، ل٩١.

[5]- د. محمد مندور، الأدب وفنونه، ص ٦٥.

پەخشانیش شیعری دەربڕیوە))[1] و شیعر بەدرێژایی رۆژگار ئەرکی گەیاندنی مەبەستە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری .... هتد، بووە، کە لەچوارچێوەی خودی مرۆڤدا رەنگی داوەتەوە و لە هەر سەردەمێکیشدا بەپێی بارودۆخی هزری و فەلسەفی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و پێناسەی هەمەجۆری بۆکراوەو لەڕوانگەی جۆراجۆرەوە لەشیعرییان روانیوە. وشەی "شانۆ + یی"یش ، ئاوەڵناوی نسبییە و ((دارشتنێکی ئەدەبییە لە شێوەی درامیدا، بەو مەبەستەی لەسەر تەختەی شانۆ نمایش بکرێت، بەهۆی ئەو ئەکتەرانەی کە رۆڵی کەسایەتییەکان دەگێڕن و لەنێوانیشیاندا دیالۆگ بەڕێوە دەچێت، و ئەو کردەوانەش ئەنجام دەدەن کە نووسەرەکە بۆی داناون))[2] .

شانۆ لەو کاتە سەریهەڵداوە، کە دوای ئەوەی مرۆڤ خودی خۆی ناسیوە و هەوڵی داوە لەچوارچێوەی خودی خۆی دوورکەوێتەوە و زیاتر لە واقیع و ژیان نزیک بێتەوە. بەواتایەکی دیکە مرۆڤ لە خودی خۆیەوە هەوڵی داوە گوزارشت لە خودی ئەوانی دیکەی چواردەوری بکات و لە خودەوە بەرەو بابەت هەنگاوی بهاوێژێت. ئەمەش دواجار لە هونەرێکدا رێچکەی گرت بە( شانۆ) ناسرا[3] . واتە ئەگەر ((ئەدەب دابەش بکەین بۆ هونەری بابەتی و هونەری خودی، ئەگەر شیعر ئەوپەڕی چەپ لە هونەری خودی بگرێت، ئەوا شانۆ ئەوپەڕی راست لە هونەری بابەتی دەگرێت))[4] .

بەم پێیە شیعری شانۆیی دوو هونەری ئەدەبی لە بۆتەیەکدا کۆکردۆتەوە، کە سوود لە رەگەزەکانی هەردوو هونەرەکە وەردەگرێت بۆ خولقاندنی هونەرێکی کاریگەرو پڕ بایەخ. گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی هونەرێکی لەم شێوەیەش پەیوەستە بە پێشکەوتنی کۆمەڵگا و گەیشتنی بە پلەیەکی شارستانی و فەلسەفی و هونەری، بۆیە لای یۆنانییەکان دوای ئەزموونێکی زۆری تاقیکردنەوەی شیعری

---

[1] - ئەحمەد سالار ، هونەر و ژیان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ٢٠٠٥، ل١٧٦-١٧٧.

[2] - ابراهيم فتحي، معجم المصطلحات الأدبية، ص ٣٢٣.

[3] - د.جلال الخياط ، اصول درامية في الشعر العربي، منشورات وزارة الثقافة و الأعلام، دار الرشيد للنشر، بغداد ـ العراق ، ١٩٨٢ ، ص١١.

[4] ـ المسرحيه الشعرية وهل في استطاعة كاتب اخر أن يتدخل فيها، ندوة( عبدالمنعم شمس، فاروق خورشيد، صلاح عبدالصبور)، مجلة الأدب، العد الثامن، السنة الحادية عشر ١٩٦٩، ص٣٨.

لەسەدەی پێنجەمی پێش زایین هاتە ئاراوە و تا سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بوو[1]. کە لەسەدەی نوزدەهەمدا شانۆ لەجیاتی شیعر، پەخشانی وەکو زمانی نووسین بەکارهێنا، بەڵام لە راستیدا شانۆ بەدرێژایی تەمەنی تەنیا چرکەیەکیش وازی لە شیعر نەهێناوە و ئەگەر پەنای بۆ پەخشانیش بردبێت، ئەوا دەستەبەرداری خەیاڵی شاعیری و گیانی شیعری لە نێو رستە و وشەکانیدا نەبووە. گەشتی شیعر لەگەڵ شانۆدا گەشتێکی درێژ و تەواوکەری یەکدی بوونە و تێیدا بەیەکەوە رۆڵ و ئادای جوانی دیمەنەکانیان ئاڵوگۆڕکردووە. شیعر لەلایەنی سروود و ئاواز و سەروا و کێشەوەیە و شانۆش لەلایەنی کردار و سەما و دیالۆگ و ململانێ و نواندنەوەیە. لەسەر ئەم بنچینەیەش لەرابردوودا شیعر تەنیا فۆرمی پێکهاتەی داڕشتنی دیالۆگ بووە[2].

**لەرووی زاراوەوە** شیعری شانۆیی زاراوەیەکی ئەدەبییە و (( بریتییە لە نواندنی وێنەی رووداوێکی مێژوویی یاخود خەیاڵی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا)) [3]. ئەم زاراوەیە، زاراوەیەکی لێکدراوەو لەخودی خۆیدا دوو جۆر چالاکی پیشان دەدات، (دەق) شیعر و (نواندن) شانۆیە((یەکەمیان ئەدەبی هونەرییە، ئەرکی خوڵقاندنی چیرۆکە رووداوێکە بەتەواوی بەش و کەسایەتییەکانەوە کە لە چوارچێوەی دەربڕینێکی گونجاوی ئاخاوتندا، لە دیالۆگێك دادەرێژرێت، و ئەرکی نووسەری هومەرمەندە، بەڵام دووەمیان کەسانێك لە دەرهێنەر و ئەکتەر لە ئەستۆی دەگرن و ئەو ئەرکە دەخەنە سەر شانیان کە مەسەلەی کەسایەتییە شانۆییەکان و خوڵقاندنی کەش و چوارچێوەکەی بەرجەستە بکەن)) [4]. لەمبارەیەوە فەرهەنگی ئۆکسفورد بەمشێوەیە ئەو دوو چالاکییە دەناسێنێت: (( ١ـ دراما هونەری نووسینی دەقی شانۆییە. ٢ـ ئەو تێکستانە دەگرێتەوە کە لە سەر تەختەی شانۆ یان تەلەفزیۆن یان

---

[1] - د. ابو الحسن سلام، مقدمة في نظرية المسرح الشعري، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، مصر، الطبعة الاولى، ٢٠٠٦، ص ٤١.

[2] - حسين حموي، الأتجاه القومي في المسرح عدنان مردم الشعري، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق ـ سوريا، ١٩٩٩، ص ١٠١.

[3] - ابو الحسن سلام، مقدمة في نظرية المسرح الشعري، ص٣٦.

[4] - د. ميشال عاصى ، الفن و الأدب ، المكتب التجارى للطباعة والنشر و التوزيع ، ط. الثانية، بيروت ١٩٧٠، ص١٧٠.

لەرێی رادیۆوە پێشکەش دەکرێن)) [1] ، بەهەمان شێوە (فیلیب ڤان تیگیم) جەخت لەسەر ئەو دوو چالاکییە دەکاتەوە و ڕای وایە کە ((هیچ شانۆیەك بێ دەق نییە و هیچ شانۆیەك بێ ئەکتەر نییە)) [2] . هەروەها (ئەحمەد سالار) ڕای وایە (( دراما دووشت ئەگەیەنێ .. یەکەمین ـ ئەو بابەتە ئەدەبییەیە کە وەك تێکستێك دەبینرێت، دووەمیان ـ هونەرێکە کە لە بەرگێکی پێشکەشکردندا دەبینرێتەوە، کە هەردووکیان دەبنەوە تەواوکەری یەکتر و بەهەردووکیان خزمەتی یەك مەبەست و یەك ئەرکی سەرەکی دەکەن)) [3]. هەر لەم سۆنگەیەوە (د. سەلام فەرەج) لەنامەی ماجستێرەکەیدا دراما دەکات بە دوو شتەوە یەکەمیان رووی ئەدەبییەتی کە لەدوو توێی دەق وتێکستەکاندا خۆی دەنوێنێ . دووەمیان رووی هونەری درامایە کە کێشمەکێشەکانی تیا بەرجەستە دەکرێت و لە نمایشێکدا پێشکەشی جەماوەر دەکرێت [4]. لەلایەن خۆیەوە جاك لیکۆك لە دیدێکی دیکەوە دەروانێتە مەسەلەکە و پێیوایە (( شانۆ لە چوار دەق پێکدێت، ئەوانیش دەقی نووسەر و دەقی ئەکتەر و دەقی دەرهێنەر و دەقی وەرگرن)) [5]، لێرەشدا دەقی نووسەر لەریزبەندەکەدا یەکەم دەقە، چالاکی دەقە شیعرییەکە دەگەیەنێت و دەقی ئەکتەر و دەقی درهێنەریش چالاکی نواندنی شانۆیی دەگەێنن. بەمشێوەیە هەردوو ئاستەکە یاخود چالاکییەکە لە دەقی درامی و دەرهێنان و دیمەنی شانۆیی پێکدێن، کە ئەمانەش لە رەگەزە سەرەکییەکانی دراماـن. کەواتە چالاکی (شیعر) دەقە درامییەکەیە، کە دەکرێت بە ئاستی ناوەوەش ناوی بەرین و چالاکی (شانۆ)ش دەرهێنان و دیمەنی شانۆییەکە دەگرێتەوە، کە ئەمەشیان بە ئاستی سەرەوە ناو دەبەین. ئەو دوو چالاکییەش ((لەیەکتر جیاواز نین ، دووەمیان تەواوکەری یەکەمیانە و لەسەر ئەویش بنیاتنراوە ،

[1] - یاسین رەشید حەسەن، ناوەرۆك و تەکنیکی درامای کوردی (١٩٩١-٢٠٠٢) ، ل٥.

[2] - فیلب فان تیغیم، تقنیة المسرح، ت: بهیج شعبان، الطبعة الثالثة، منشورات عویدات، بیروت ـ باریس، ١٩٨٥، ص١٩.

[3] - ئەحمەد سالار ، دەروازەی دراما، بەرگی یەکەم و دووەم،، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا ـ سلێمانی،٢٠٠٤، ل١٣.

[4] - سەلام فەرەج، کەسایەتی لەدرامای کوردیدا ، نامەی ماجستێر ، کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین ١٩٨٩، ل ٨.

[5] - خزعل الماجدي، البيان المسرحي الثاني ـ المسرح الشعري الحديث، www.masraheon.com .

یەکەمیــشیان پەیوەســتە بــە لەبەرچــاوگرتنی توانــستەکانی نوانــدن و پێــوەی بەستراوەتەوە)) [(١)] .

بـەمجۆرە شـیعر وەکـو لایـەنێکی زمـان، کـە خـۆی لەئاسـتی یەکەمـدا واتـە تێکـستی شـانۆیی دەبینێتـەوە و کاریگەرییـەکی گـرنگ و گـەورەی هەیـە، چـونکە ((مەودای دەربڕین بەشێوەیەك فـراوان دەکـات کـە زۆر لـە هێـزی پەخـشان زیـاترە. شیعر هۆکارێکی کاریگەرە لە هۆکارەکـانی دەربـڕین و وای لێهـاتووە توانـای ئـەوەی هەبێت زۆر شت لەبارەی کارەکتەرەکان و پاڵنەر و هزرو هەڵوێستیان ئاشـکرا بکـات، کە کەرەستەی دیکەی هونەری توانای ئەنجامدانیانی نییە و ئـەو وزە شیعرییەشـیان بۆ بەهێزکردنی توانای زمان، هەروەها بەهێزکردنی کردارو سۆزەکان نییە)) [(٢)] . ئـەو گرنگییەی تێکستی شانۆییش بەلای (د. عزدین اسماعیـل) لەوەدایـە، کـە جەوهـەری کاری شانۆیی دەکرێت لە لایەنی دەقەوە بەدی بهێنرێت بیَ ئەوەی ئەو کـارە لەسـەر شانۆ دەرهێنانی بۆ ئەنجام بدرێت[(٣)] . ئەم ئەرکـە گرنگانـەی شـیعریش رووبـەرووی زاراوەیەکەمان دەکاتەوە، کە ئەویش ( شیعر لە شانۆ) دایە، کە جەخت لەسەر رۆڵـی شیعر دەکاتەوە وەکو بەشێك لە بەشە پێکهێنەرەکانی شانۆ، نـەك وەکـو هونـەرێکی جیـاواز کـە پەیوەنـدی بـە شـانۆ هـەبێت، چـونکە ئـەو هونەرانـەی پەیوەنـدییان بـە شـانۆوە هەیـە دەکـرێن بـە دوو بەشـەوە یـەکێکیان هونـەری زۆرکـاری (جـبری) و ئەویدیکەیان هونەری ویستکاری (أختیاری)یە. هونـەرە زۆرکارییـەکان ئەوانـەن، کـە شـانۆ هـەر دەبێـت بـەکاریان بهێنێـت. تەنانـەت ئـەو هونەرانـە تێکـەڵ بـە پێکهاتـە زمانەوانییە هونەرییەکەش دەبن وناکریَ وازیان لیَ بهێنرێت، ئەگینا شانۆ خەسـڵەتە هونەرییەکەی خـۆی لـە دەسـت دەدات، بـەڵام هونـەرە ویستکارییەکان ئـەوانن، کـە دەشیَ لەناو پێکهاتە هونەرییەکەی هونەری شانۆدا هـەبن و لەوانەشـە نـەبن. واتـە کارێکی ئەوتۆ ناکەنە سەر هونەری شانۆ. هەرچەنـدە سـنوورێکی دیـاریکراو لـەنێوان

---

١- د. میشال عاصی ، الفن و الأدب ، ص١٦٩.

٢- عبدالستار جواد ، في المسرح الشعري، منشوارت وزارة الثقافة و الآعلام ـ الجمهورية العراقية، ١٩٧٩،ص١٤.

٣- د. رضا عبدالغني الكساسبة، التشكيل الدرامي في مسرح شوقی ، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، ط. الأولى ٢٠٠٤، ص٢٤.

ئەو دوو بەشەدا نییە و رەنگە لە سەردەمێکی دیاریکراودا هەبن و لەسەردەمێکی دیکەشدا نەبن[١]. کەچی شیعر وەکو هونەرێك توانیویەتی بوونی خۆی لە هەردوو بەشدا بسەلمێنێت. لەسەرەتای پەیدابوونی شانۆوە شیعر وەکو هونەرێکی زۆرکاری دەبوایە بکرێتە زمانی نووسینی شانۆگەرییەکان، بەشێوەیەك کە د. ئیحسان فوئاد لەمبارەیەوە ڕای وابووە کە ئەمە ((پاڵی بە هێندێ رەخنەگری جیهانی ناوە دراما لە لایان پێوانەیەك بێت بۆ هەڵسەنگاندنی بەهرەی نووسەران و شاعیران))[٢]. بەتایبەتیش لەوکاتانەدا شاعیر توانای زیاتر بەدەردەکەوێت، کە شانۆگەری بەشیعر بنووسێت. ئەمەش وای لە شاعیران کرد((هەمیشە حەز بەنووسینی شانۆ بکەن و نووسەرانی شانۆش لەو باوەڕە دابوون ئەگەر شانۆگەرییەکانیان بەشیعر بنووسرێت ، نایاب تر دەبێت))[٣]، بۆیە زۆربەی شانۆگەرییە جیهانییەکان بەزمانی شیعرین و شیعر بەتەنیا و بەبێ رکابەر لە گۆڕەپانەکەدا بووە. لەهەمانکاتیشدا شیعر لە هونەرە ویستکارییەکانیشدایە و بوونی خۆی لەو بەشەشدا سەلماندووە، بەڵام لێرەدا هەر تەنیا خۆی شای نێو گۆڕەپانەکە نەبووە، بەڵکو ئەگەر سەیری مێژووی دێرینی شانۆ بکەین دەبینین ململانێیەکی توند لەنێوان شانۆی شیعری و شانۆی پەخشان هەبووە[٤]. واتە شیعر لە هونەرە ویستکارییەکانیشدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام بەکارهێنانیان دەگەڕێتەوە بۆ ویست و ئارەزوو نەك پێوانەیەك بۆ تواناسازی. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بارودۆخی کۆمەڵگاکانیش لەرووی هزری و فەلسەفی و رامیاری و ئابورییەوە وای کرد بێجگە لەشیعر فۆرمی دیکەش بێنە نێو مەیدانەوە، بەتایبەتیش پاش سەرهەڵدانی رێبازی ریالیزمی، کە زیاتر بەلای پەخشاندا هاتن و وەکو زمانی دەقی شانۆیی بەکاریان هێنا. لەمبارەیەوە (د. فائق مصطفي) دەڵێت: ((شانۆگەری لە دونیادا هەر شیعر بووە و تا چەرخی نۆزدەهەم بەشیعریش نووسراوە، بەڵام لە

---

[١]– د. کەمال عید ، پەیوەندی شانۆ بەهونەرەکانی تر، و: عبدالکریم شێخانی، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژمارە (٨٨) مانگی ئاب و ئەیلوولی ساڵی ١٩٨١، ل٦١.

[٢]– شێرکۆ بێکەس ، کاوەی ئاسنگەر ، پێشەکی و لێکۆڵینەوە: د. احسان فؤاد، چاپخانەی راپەرین – سلێمانی، ١٩٧٦. ل٨.

[٣]– بامبر جاسکوین، دراما في القرن العشرين، ترجمة ، محمد فتيحى، دار الكاتب العربى للطباعة و النشر، القاهرة، ص٦٥.

[٤]– صلاح عبدالصبور، وتبقى الكلمة، دراسات نقدية، منشورات دار الاداب ، ط. الأولى، بيروت ١٩٧٠، ص ١٦.

کاتی سەرهەڵدانی ڕێبازی ریالیزمی ئەوە دەرکەوت، کە شیعر ناتوانێ دەربڕین لە کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵ بکات و ئەو زۆرانبازییەی کە لەنێوان ژن و پیاودا ، یان لەنێوان چینەکاندا هەیە لەم کاتەدا پەخشان بەسەر شانۆدا زاڵ بوو)) [1] .
لەبەرامبەریشدا زۆرێك لە نووسەرە ناودارەکانی شانۆ لە رابردوودا هەوڵیانداوە لە کۆسپ و تەگەرەکانی ڕێبازی سروشتی رزگاریان ببێت، کەچی پەنایان بۆ حەرەمی شیعر نەبردووە، بەڵکو پەنایان بۆ ڕێوشوێنی دەربڕینی دیکە بردووە. لەمبارەیەوە رۆناڵد بیکۆك لە کتێبەکەیدا (هونەری شانۆگەری) سیمایەکی سەیری لە شانۆدا بەدی کرد و ناوی نا (سروشتی شیعرییەت لە شانۆدا) و تێیدا ئاماژەی بەوەدا، کە مەسەلەکە تەنیا دەقێکی زمان نییە، چونکە هەستەکان چالاکانە لەشانۆدا دەردەبڕێن، بۆیە وێنەی چرکەساتەکانی ئێستا کاریگەری لەسەرمان دەبێت. ئەو چرکەساتانەش لەرێگای دزەکردن ناگەن بە یادەوەرییەکانمان، بەڵکو لەرێگەی زمان و دەنگەکانەوە کار لە هەستەکانمان دەکەن. بەم پێیەش شیعر و شانۆ لەنێو هەموو ئەوانەدا کۆبووتەوە و بوونی خۆی سەلماندووە[2].
بەمشێوەیە زاراوەی ( شیعر لە شانۆدا) رۆڵی شیعری زیاتر لە قالبدا و لە هونەرێك کە پێویست بوو بۆ شانۆگەری بوو بە خەسڵەتێك لە خەسڵەتەکانی شانۆ. لەبەر ئەم هۆکارانەش( جان کۆکتۆ)ی شاعیری فەرەنسی زاراوەی ( شیعری شانۆیی) لەبەرامبەر( شیعر لە شانۆ)دا داهێنا و بەکاریهێنا [3]. لەمبارەیەوە (جان کۆکتۆ) زیاتر جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە و دەڵێت: ((کردار لە شانۆگەرییەکانم بوونی لەوێنەکاندایە، بەڵام لەدەقدا وا نییە، چونکە من هەوڵم داوە (شیعر لە شانۆ) بۆ

---

[1] - ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، شانۆی کوردی لەنێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا، تێزی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر ٢٠٠٧، ل٥٥.

[2] - عبدالستار جواد، في المسرح الشعري، ص ١٦-١٨.

[3] - رونالد بيكوك ، شاعر في المسرح ، ترجمة: ممدوح عدوان ، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق ـ سورية ١٩٧٨، ص١٨٣. هەروەها: عبدالستار جواد، في المسرح الشعري،ص١٨. هەروەها : عبدالمسيح ثروت، الطريق و الحدود — مقالات في الأدب و المسرح و الفن، دار الحرية للطباعة، بغداد ـ العراق١٩٧٧. ص٢٨٩، هەروەها : عبدالستار جواد، لغة دارمية الشعرية، مجلة الاقلام ، العدد الثالث ـ السنة الرابعة عشر ـ كانون الأول ١٩٧٨، ص٢٥.

(شیعری شانۆیی) بگۆڕم. ( شیعر لە شانۆ) پارچەیەکە لە چنینی شەفاف و مەحاڵە لــە دوورەوە ببینرێــت، بــەڵام ( شــیعری شــانۆیی) چــنینێکی دڕە، چــنینێکە لــە خەیاڵ))[1]. (جان کۆکتۆ) جیاوازییەکی ورد لەنێوان هەردوو زاراوەی(شیعر لە شانۆ) و(شیعری شانۆیی) دا دەکات و زاراوەی شیعری شانۆیی لا پەسەندترە ((چونکە بینراو و بەرجەستەکراوە، کەچی دووەمیان تەنیا گوێی لێگیراوە))[2].

لەم ڕووەوە (شوقی خمیس) ئاماژە بەجیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو چەمکە دەکات بەوەی، کە شیعر لە شانۆدا لەوانەیە لە گۆرانییەکانی نێو شانۆدا خۆی بنوێنێت. یاخود شانۆگەرییەکە پشت بە وێنەی شیعری ببەستێت بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانی یاخود زمانێك بێت لە هۆنراوە (نظم)، بەڵام شانۆی شیعریی ڕوانگەیە نەك ئامراز، کە هەڵوێستێك یا کەسایەتییەکی جەوهەری پێشکەش دەکات، بۆیە دەکرێ شانۆ بەشیعر پڕبکەینەوە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بە شیعر نامێنێت و لەباشترین حاڵیدا شانۆیەکە بۆ خوێندنەوەی ڕاهێنانەکانی قوتابخانە دەست دەدات. کەچی شیعری شانۆیی ئەو شیعرەیە، کە دەربڕی ڕوانگەیەکی شیعرییە بۆ واقیعێکی دیاریکراو[3].

بەمجۆرە زاراوەی ( شیعری شانۆیی) لەڕووی دەقەوە هەموو هونەرەکانی شیعر لەخۆ دەگرێت و قۆناغەکانی پێشکەوتنی چڕ دەکاتەوە و لە هەمانکاتیشدا لەڕووی نواندنەوە کەرەستەکانی شانۆیی لە ئەستۆی خۆی گرتووە.

کەواتە شیعر و شانۆ تێکەڵی یەکدین و لەناو بۆتەیەکدا توانەتەوە و هەریەکێکیان سوودی لەرەگەزەکانی ئەوی دیکە وەرگرتووە. ئەم سوود وەرگرتنەش وەکو پێویستییەکی گرنگی سەردەمەکە بووە، چونکە شیعر زمانی گشت شانۆگەرییەکان بووە و تەنیا ئامرازی دەربڕینی ئەدەبی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تێکەڵاوییەی شیعر و شانۆ وەکو دوو هونەری ئەدەبی زاراوەیەکی دیکەشی لێ

---

[1]- ثامر مهدي ، مقدمة في المسرح و الشعر، مجلة المسرح و السينما ، العدد الأول ـ السنة الأولي ـ تشرين الثاني ١٩٧٠، ص٣٥.

[2]- حاتم الصگر ، الشعر و المسرح الجد والخشبة، القسم الأول، جريدة الجمهورية، الأثنين ٢٩ اب ١٩٨٣ـ العدد ٥١٠٨، ص ٧.

[3]- د. مصرى عبدالحميدحنورة، الأسس النفسية للأبداع الفني في الشعرالمسرحي، هيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٦،ص ١٤٧.

بەرهەم هاتووە، کە ئەویش (شانۆی شیعریی)ە و بە هەمان شێوەی زاراوەی شیعری شانۆیی خەسڵەت و رەگەزەکانی هەردوو هونەرەکەی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، وەلێ لەگەڵ شیعری شانۆییدا جیاوازیی هەیە و چەند تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، کە پێی دەناسرێتەوە، لەوانە: لەڕووی زمانەوانییەوە زاراوەی ( شانۆی شیعریی) وەکو زاراوەی شیعری شانۆیی فرێزێکی ناوییە و لە وشەیەکی سادەو وشەیەکی داڕێژراو (شیعر+یی) پێکدێت و بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی (ی) بەیەکتر بەستراونەتەوە، بەڵام لە شێوەی رێکخستن و پاش و پێشکردن و بەدوایەکداهاتنی جیاوازی لەگەڵ شیعری شانۆییدا هەیە بەوەی، کە یەکەمجار وشەی (شیعر) وەکو ناوێك هاتووە و پاشان وشەی (شانۆ) کە ئاوەڵناوی نسبییە بەدوایدا هاتووە، بەڵام لە شانۆی شیعریدا بە پێچەوانەوە یەکەمجار وشەی (شانۆ) هاتووە، کە بووەتە هۆکاری گۆڕینی ئەرکە زمانەوانییەکەی لە ئاوەڵناوی نسبییەوە بۆ ناو، دواتر وشەی (شیعر) هاتووە، کە ئەویش بەهەمان شێوە ئەرکە زمانەوانییەکەی لە ناوەوە بۆ ئاوەڵناوی نسبیی گۆڕاوە. بەمەش لەڕووی زمانەوانییەوە رۆڵەکانیان جیاوازە، ئەم جیاوازییەش رەنگدانەوەی لەسەر ناوەڕۆك و چەمك هەبووە بەوەی، کە شیعری شانۆیی بریتییە لە شیعرێك کە لەسەر بنەڕەتی توخمە درامییەکانی وەکو ڕووداو و دیالۆگ و کەسایەتی و کات و شوێن داڕێژرابێت، بەمەرجێك کەسایەتی شاعیرەکەی تێدا دەرنەکەوێت و لەزاری کەسایەتییەکانییەوە هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی دیاری بکات، بۆیە دەتوانین بڵێین شیعری شانۆیی یەکەمجار شیعرەو ئینجا شانۆ[1] . لەبەرامبەردا شانۆی شیعری (( ئەو شانۆگەرییە دەگرێتەوە، کە بەشیعر نووسراوە بۆ نواندن لەسەر تەختەی شانۆ)) [2]. واتە مەبەستی سەرەکی لەنووسینی شیعرەکە نواندنییەتی لەسەر شانۆ. (د. لویس عوض) جەخت لەسەر ئەم جیاوازییە دەکاتەوە و دەڵێت: (( جیاوازی نێوان شیعری شانۆیی و شانۆی شیعری شتێکی نوێ نییە،

---

[1]- د. الموسى خليل، المسرحية في الأدب العربي، منشورات اتحاد الكتاب العرب، الطبعة الأولى، ١٩٩٧، ص٤٢.

[2]- کامەران سوبحان، فەرهەنگی شانۆیی، زنجیرە کتێبی ئنستیتۆی کەلەپووری کورد ، ، چاپخانەی تیشك، ،سلێمانی ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٤، ل١٢٦.

بـەڵكو كۆن و ناسـراوە و هـەموو ئـەو ئەدەبیاتانـەی كـە شـانۆو شـیعریان ناسـیوە جیاوازییەكەیان وا بینیوە، كە شیعری شانۆیی یەكەمیان شـیعرەو دووەمیـان شـانۆ، بـەڵام شـانۆی شـیعری یەكـەمیان شـانۆیە و دووەمیـان شـیعر))[1]. واتـە هـەردوو زاراوەكە لە شیعر و شانۆ پێكهاتوون، بەڵام هەر یەكێكیان بەشـێوازێكی جیـا لـەوی دیكـە مامەڵـەی لەگەڵیانـدا دەكـات و بـە گـوێرەی مەبەسـتەكانی خـۆی بـەكاریان دەهێنێ.

لەزاراوەی شیعری شانۆییدا جەخت لەسەر شیعر كراوەتـەوە، كـە سـوود لـە توخم و رەگەزەكانی دراما وەردەگرێت و مەرجیش نییە لەسەر تەختی شـانۆ نمـایش بكرێت، بەڵكو بۆ خوێندنەوەش دەبێت. لـە شـانۆی شـیعریدا بـە پێـچەوانەوە زیـاتر جەخت لەسەر شانۆ كراوەتەوە، كە لە شێوازی نووسینەكەیدا پەنای بۆ زمانی شـیعر بردووە. لەمبارەیەوە (ت. س. ئەلیۆت) دەڵێت: ((لەدرامای شـیعریدا بنیـاتی درامـی كەسایەتییەكان ئەوە لەسەر شاعیر فـەرزدەكات، كـە بـۆ هـەر یـەكێكیان بەشـێك لـە دیالۆگی شیعری ئامادە بكات. ئەمەش وا لە شاعیر دەكـات هـەوڵ بـدات هـەموو ئـەو كەسایەتییانە بەو شیعرەی، كە پێی دەردەبڕێ بهێنێتە گۆ. لێرەشدا دەنگی شاعیر لەنێو هـەموو ئـەو دەنگانـەدا قـورس دەبێـت، چـونكە هـەر كەسـایەتییەك بـەدەنگی تایبـەتی خـۆی دەدوێـت، بـەڵام لەشـیعری شـانۆییدا دەتـوانین دەنگـی شـاعیر بناسـینەوە، ئەگـەر چـی لەپـشت كەسـایەتییە خـەیاڵی و مێژووییەكانیـشدا حەشاردراوە))[2]. واتە جیاوازیی لە گەیاندنی مەبەست وبیروڕای شـاعیر لـە هـەردوو زاراوەدا هەیە و هەر یەكێكیان بە شێوازێك بیروبۆچوونی نووسەرەكەی دەگەیەنێت و دەتوانین ئەو جیاوازییانەش لەوەدا كورت بكەینەوە، كە شیعری شانۆیی سوودی لـە توخم و رەگەزەكانی دراما وەكـو بیرۆكـە و دیـالۆگ و مەنـەلۆگ و كەسـایەتی و .... هتد ، وەرگرتووە و زیاتر دەچێتە قالبی شیعرەوە. بەپێچەوانەوە شانۆی شیعرییەوە سـوودی لـە زمـانی شـیعریی و وێنـەی شـیعریی و دەربڕینـی شـیعریی وەرگرتـووە و

---

[1] – حسين حموي، الأتجاه القومي في مسرح عدنان مردم الشعري، ص ١٠٧.

[2] – اسامة فرحات، المونولوج بين الدراما و الشعر، الهيئة المصرية العامة للكتاب ،١٩٩٧، ص ٢٢.

لەبۆتـەی شـانۆیەك دایـە، کـە لـەجیاتی پـەیڕەوکردنی پەخـشان  شـێوەی شـیعری پەیڕەوکردووە[1].

خـاڵێکی دیکـەی جیـاوازیش ئەوەیـە شـیعری شـانۆیی بـۆ گـۆرانی گـوتن ئامادەدەکرێ و شیعرەکە ئـاوازی بـۆ دادەنرێـت، بـەڵام مـەرج نییـە شـانۆی شـیعری بـەگۆرانی بگوترێتــەوە. هــەروەها وەکــو شــیعریش بــە خوێندنەوەیــەکی ئاســایی پێشکەش ناکرێت، بەڵکو ئیلقا دەکرێت، ئیلقایەکی شانۆیانە[2]. ئەوەی لە جیـاوازی نێوان ئەو زاراوەیەش تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە لەلایەکەوە هـەردووکیان شـانۆن و شانۆ دەبێتە ئامانجی یەکەمیان و شیعر تەنیا شێوازێکە لە شـێوازەکانی دەربـڕین[3] و لەلایەکی دیکەشەوە هەردووکیان دەقگەلێکن بەشیعر نووسـراون، بـەڵام لەشـیعری شانۆییدا دەتوانین بڵـێین جـۆرە لیریکییـەتێك بەسـەر دیـالۆگ و ململانـێ لـە بنیاتـە دراميیەکەیدا زاڵە، کەچـی لـە شـانۆی شـیعریدا بنیـاتی درامـی بەسـەر لیریکییـەت و ململانێیەکە بە مەبەستی نوانـدن زاڵـە[4]. لـە هـەردوو زاراوەکەشـدا شـیعر قورسـایی بوونی خۆی سەلماندووە و هەر لەبەرئەمەش تا سەدەی نۆزەدهەم تاکە کەرەسـتەی شـانۆ بـووە، بـەڵام دواتـر شـانۆ شـێوەی پەخـشانی بـەکارهێنا کـە هەرچـەندە ئـەو پەخشانەش گیانێکی شیعریی لەخۆ گرتبوو. بۆیە لەم سـۆنگەیەوە زاراوەی (شـانۆی شاعیریی) سەریهەڵدا، کە ئەو شانۆیەیە ((بـە چاوپۆشـین لـە بـەکارهێنانی شیعر لـە دیالۆگدا بەپلەیەکی باڵا خەیاڵ بەکاردەهێنێت))[5] و لەبەرامبەریشدا گیانی شـیعری بەناو خانەکانیدا بڵاودەبێتەوە و لەنێو هەموو رستەو پەیڤەکانیدا خـەیاڵێکی شاعیرانە هەسـتی پـێ دەکرێـت. مـەرجیش نییـە زمـانی شـیعری تێـدا بـەکاربهێنرێت، بـەڵکو دەکرێت لە شێوەی پەخشانیشدا بێت و بـەبێ سـەروا و کـێش بێـت، بـەڵام رۆحێکـی

---

[1] - ئەسکەندەر جەلال، شیعری درامی یان درامای شیعری، گۆڤاری رامان، ژمارە (٤٦)، (٥)ی نیسانی ٢٠٠٠، ل٣٢٠.

[2] - چاوپێکەوتنی نووسەر لەگەل ئەحمەد سالار، لە رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان، کاتژمێر (١٠)ی سەرەلەبەیانی رێککەوتی (٢٠٠٩\١٢\٣١).

[3] - صلاح عبدالصبور ، الأعمال الكاملة، اقول لكم عن ٦ـ السينما و المسرح، الهيئة المصرية العامة للكتاب ،١٩٩١ ، ص٢٥٥.

[4] - د. الموسى خليل، المسرحية في الأدب العربي، ص٤.

[5] - د. فاطمة موسى محمود ، قاموس المسرح، الجزء الثالث، الهيئة المصرية العامة للكتاب ،٢٠٠٨ ، ص٩٠٢.

شـيعری بەبـەردا كـراوە و بووەتـە ((هـەوێنی شـانۆیەكە و خـەیاڵ و وێنـەی بەرجەستەكراو لەنێو رستە و وشەكانی دەقەكەدا كەشێكی شیعری دەخـولقێنیٚ، كـە ئەمـە چارەسـەرییەكی شـاعیرانەی كێـشەكانی شـانۆ دەگەیـەنێت)) [1] بـۆ هەنـدێك حاڵـەت و كـردار، كـە ئـەوە دەخـوازن بـە خـەیاڵ و ئەفـسانە و دەربڕینـی وێنـەی خـوازەیی و وێكـچوو لەسـەر تـەختی شـانۆ نمـایش بكـرێن. لەمبارەیـەوە (ت. س. ئیلیۆت) باس لە مەرجەكانی شانۆی شاعیری دەكات و بەتایبـەتیش ئەگـەر شـانۆكە پەخشانی بەكارهێنابێت و دەڵێت: (( پـەخشاننووس بۆ ئـەوەی شـاعیرییەت بهێنێتـە دی، پێویستە لەسەری هەمیشە شاعیری بێت، ئەمە وا دەكـات ئـەو بـوارەی كـرداری تێدا ئەنجام دەدات زۆر سنووردار بێـت)) [2]. بەمـەش كێـشەی شـانۆی شـاعیری بـە بەراورد لەگەڵ شـیعری شـانۆیی بـەدیار دەكـەوێت، چـونكە لەلایەكـەوە لەسـەر ئـەو شانۆنووسـانەی پەخـشان بـەكاردەهێنن ئـەوە دەچەسـپێنێت، كـە دەبـیٚ هەمیـشە خـەیاڵ و هزرێكـی شـاعیرانەیان هـەبێت بـۆ رووداو و كەسـایەتی و ململانێیـەكانی شـانۆكەیان. لەلایـەكی دیكەشـەوە بـوونی ئـەم جـۆرە تێڕوانینـە دەبێتـە هۆكـاری دروستبوونی تەسكبوونەوەی سنوورەكانی پەخشان، چونكە هەڵبژاردنی بابـەتێك بـۆ چارەسەركردنێكی شاعیرییانە سنووری شانۆی پەخشان تەسك دەكاتەوە. كەچی لە شیعری شانۆییدا سەرەڕای بوونی كەشێكی شاعیریی، بەسوود وەرگـرتن لـە تـوخم و رەگەزەكانی شانۆ وەكو كەسایەتی و دیالۆگ و مەنەلۆگ دووچاری بەرتەسكبوونەوە نایەت.

دەكرێت لێرەدا ئاماژە بە زاراوەیـەكی دیكـە بـدەین كـە لـە شـیعری شـانۆییەوە نزیكە، ئەویش (شیعری دەمامكدار) ە، هەروەكو ئینسكلۆپیدیای بـەریتانی ئامـاژەی پێداوە بریتییە لە ((شێوازێك لە شێوازەكانی خۆگـۆڕین، كـە بەشـێوەیەكی ئاسـایی دەمامك لە دەموچاو دەكرێت بۆ ئەوەی پێناسـەی ئـەو كەسـەی كـە لـە دەموچـاوی دەكـات بـشارێتەوەو كەسـایەتییەكی دیكـە دروسـت بكـات. ئـەم سـیفەتەش واتـە

---

[1] - حاتم الصگر، الشعر والمسرح الجد و الخشب، ص٧.

[2] - ت . س . اليوت ، مقالات في النقد الأدبی، ترجمة الدكتورة لطيفة الزيات، دار الجيل للطباعة، ص ٩٦.

شاردنەوەی سیمای رەسەنی کەسایەتییەکە، بەدرێژایی مێژوو سیفەتێکی هاوبەشی گشت دەمامکەکانە)) [1] . لەکۆنەوەش شاعیران لەنێو دەقەکانیاندا پەنایان بۆ بەکارهێنانی دەمامك بردووە بۆ دروستکردنی کەسایەتی خەیاڵی و مێژوویی، ئەو بەکارهێنانەش بەپێی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی سەردەمەکە بووە، بەهۆیەوەش توانیویانە لە دەقەکانیاندا جیا لە دەنگی خۆیان، دەنگێکی دیکەش دروست بکەن و ئەرك و مەبەستی تایبەتی پێ بسپێرن ، ئەمەشیان خاڵی هاوبەش لەگەڵ خەسڵەتەکانی شیعری شانۆیی پێکدەهێنێت و بەهۆیانەوە کرداری درامی دروست دەبێت، کە ((بڕبڕەی پشتی شیعری درامین، چونکە گەر بەتەنیا تاقە دەنگێك لەنێو شیعرێکا هەبوو، ئەوا شیعرەکە جووڵەی درامی سست دەبێ و تەنیا گوێ بیستی دەنگی شاعیرەکە دەبین)) [2] . بەم پێیە شیعری دەمامکدار دەرگایەکە بۆ چوونە نێو جیهانی شیعری شانۆیی. لە ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتیشدا زاراوەی شیعری شانۆیی جێگەو پایەی تایبەتی خۆی هەیە و لەگەڵ کرانەوەی رۆژهەڵات بە ڕووی رۆژئاوادا ، ئەم زاراوەیە زیاتر ناسنامە و تایبەتمەندی خۆی وەرگرت و چەسپا، عەرەبەکان بە ( الشعر التمثيلي) [3] و (الرواية التمثيلية) [4] و ( الشعر المسرحي ـ الشعر الدرامي) [5]. لە ئەدەبی کوردیشدا بە ( هۆنراوەی لاسایی ) [6] و (پیەسی تەمثیلي) [7] و( شیعری درامی) و (شیعری شانۆیی) [8] ناو دەبرێت.

---

[1] - فاضل ثامر، القناع الدرامي والشعر، مجلة الأقلام العدد (١٠ ، ١١) ١٩٨١،ص ٧٣.

[2] - محمد خدر مولود، دەمامکی درامی و شیعری کوردی، گۆڤاری الحكم الذاتي – ئۆتونۆمی، ژمارە (٥٧) ساڵی (١٢) ، ١٩٨٧، ل ٦٥.

[3] - د. وفاء علي سليم، من روائع الأدب العربي، الطبعة الثانية، وكالة المطبوعات، الكويت ١٩٨٢، ص٥٣.

[4] - زكي طليمات ، المسرح والحياة، الكتاب ، المجلد الأول – السنة الأولي – الجزء الأول ، دار المعارف ، مصر نوفمبر ١٩٤٥، ص١٠١.

[5] - د. محمد مندور ، الأدب وفنونه، ص٦٥ .

[6] - علائەدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، بەغدا ـ عێراق ١٩٥٢ ، ل١٣٤.

[7] - رەفیق حلمی ، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ، مطبعة التعليم العالي ،اربيل ١٩٨٨، ل ١٠٨.

[8] - لێژنەیەك لە کۆڕی زانیاری کوردستان، زاراوەی ئەدەبی ، کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر ساڵی ٢٠٠٦، ل ٦٩.

**<u>لــەڕووی چــەمکەوە</u>** شــیعری شــانۆیی یەکێکــە لــە چــوار بەشــە ســەرەکییە هونەرییەکەی شیعر، کە ئەو چوار بەشەش بریتین لـە (( شـیعری داسـتانی، شـیعری لیریکــی، شــیعری شــانۆیی، شــیعری فێرکــردن)) [1]. ئــەم جۆرانــەی شــیعریش پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە یەکدییەوە هەبووە، چونکە لەسەردەمی یۆنانییەکاندا هەر چـوار جـۆری شیعرەکە لەخزمـەتی ئـایین دابـوون و بـۆ سـتایش و پیاهەڵدان و باسـکردنی ململانێیـەکانی نێـوان خواوەنـدەکان بـووە. لەلایـەکی دیکەشـەوە ئـەم جۆرانەی شـیعر بـەپێی پەرەسـەندنی بـارودۆخی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و سیاسـی ئەوسای کۆمەڵگای یۆنـانی رەوتـی خۆیـان وەرگرتـووە و بەشـێوەیەکی سروشـتی و ئاسـایی گەشـەیان کـردووە، بۆیـە پەیوەنـدی نێوانیـان تائاسـتێك تونـدوتۆڵ بـووە وتێکچرژاوە، کە لەهەندێك کاتدا لەیەك جوداکردنـەوەیان وا ئاسـان نییـە. لەبەرئـەوە ئەگـەر بمانـەوێت لەچـەمکی شـیعری شـانۆیی بگـەین پێویـستە ئاشـنای چـەمکی جۆرەکانی دیکەی شـیعریش بـین تـا بتـوانین بەتـەواوەتی چـەمکی شـیعری شـانۆیی روون بکەینەوە. سەرەتاش باس لە شیعری داستانی دەکەین، چونکە یەکـەم جـۆری شیعر بووە و هەرچـەندەش پێـشتر شـیعر هـەر هـەبووە، بـەڵام ئـەوەی ماوەتـەوە و تۆمارکراوە و بەدەست مرۆڤایـەتی گەیـشتووە شـیعری داسـتانییە کـە لـە (( یەکـەم رۆژی پـەیدابوونییەوە پـەیوەندییەکی تونـدوتۆڵی هـەبووە بەداسـتانەوە و داسـتانیش یەکــەم و ســـەرەتای بــیری مرۆڤایەتییــە)) [2] و لـــە زاراوە یۆنانییەکەیـــەوە epos وەرگیراوە و مانای گێڕانەوە و ئاخاوتن دەگەیەنێت. لەبەر ئـەوەش فـۆرمی شـیعریی گرتەبــەر و بــوو بەزاراویــەکی ئــەدەبی، کــە واتــای جــۆرێکی ئــەدەبی (شــیعری) دەگەیەنێت، کە ئـەویش ((چـیرۆکی پاڵەوانێکـە لـەڕێگای شـیعرەوە دەگێڕدرێتـەوە، لـەدوو توێیـدا کـرداری سـەمەرەو نـاوازە دەبینـرێن کەخوداوەنـدەکان و پاڵەوانـە

---

[1] – د.محمد مندور، الأدب و فنونه، ص ٧. هەروەها: د. شوکریە رەسوڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب. ل٨٧.

[2] – مەجید مەحموود موتەلیب، شیعر و فەلسەفە، و: فوئاد مەجید میسری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٨، ل١٠.

میللییەکان و پیاوانی ئایینی لەشارستانییەتی کۆن ئەنجامی دەدەن، ئامانجیش بەرزراگرتنی پاڵەوانەکان و سەرکەوتنە لەرادەبەدەرەکانیانە))[1] .

داستان شەڕو شۆڕ و جەنگ و ململانێیەکانی میللییەت لەشێوەی چیرۆکێکدا بە شانازییەوە دەگێڕێتەوە و وێنەی تێکۆشان و قوربانییەکانیان دەکێشێت و باس لەو سەرکەوتنە مەزنانە دەکات کە لەسەر دەستی پاڵەوانەکانیان هاتۆتە ئاراوە. (م.فینسینت) ڕای وایە شیعری داستانی جۆرێکە لە ئۆرستۆکراتییەتی شیعر و جەنگ دەکاتە بابەتی خۆی، ئەمەش وەکو ڕەنگدانەوەیەکی کۆمەڵگەی دەرەبەگاتییە، کە هەمیشە لەگەڵ دراوسێ و دەوروبەی لە ململانێدا بوون بۆ فراوانترکردنی دەسەڵات و سنووری فەرمانڕاویەتییەکانیان[2] . لەگەڵ ئەوەشدا دەنگی شاعیر دیار ناکەوێت، چونکە بابەتەکە کێشەی گەل و نەتەوەیە و ئاراستەی تاکەکانی کۆمەڵ دەکرێت و کاتێکیش (( گوێگر یاخود خوێنەر بەشێوەیەکی بابەتییانە وەریدەگرێت، شاعیر ـ هەر یەکێك بێت ـ لەدوای وشەکانەوە نابینێت و هەست بە بوونی هیچ شوێنەوارێکی ناکات و ناکەوێتە سەر ناوێك یاخود راناوێك بۆ ئەو بگەڕێتەوە))[3] . یۆنانییەکان یەکەم نەتەوەیەك بوون بەهۆی پێشکەوتنی باری شارستانییانەوە گەیشتنە ئەو جۆرە شیعرە و چەندین شاکاری داستانی مەزنیان بۆ نەوەکانی داهاتوو بەجێ هێشت، وەکو شیعری داستانی (ئەلیادە) و (ئۆدیسە)ی (هۆمیرۆس)ی شاعیر، کە ئەمانەش وەکو سەرەتایەك بوون بۆ زەمینەسازکردن و ڕێگاخۆشکردن بۆ سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی.

جۆری دووەمیان شیعری فێرکردنە کە ((پێکهاتەیەکی ئاوێتەییە لەنێوان ئەدەب و زانستدا و هەردوو ئەرکی زانستی و ئەدەبی دەبینێت. هەرچەندە لەنێوان کارە زانستی و کارە ئەدەبییەکاندا جیاوازی هەیە، بەڵام هەردووکیان لەشیعری فێرکردندا یەکدی دەگرنەوە، بۆیە شاعیرانیش هەوڵدەدەن زانیارییەك بدەن یا چێژو

---

[1] - سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی(مەم وزین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی دا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٩، هەولێر ـ کوردستانی عێراق ، ل١٧.

[2] - د. ابو الحسن سلام، مقدمة في نظرية المسرح الشعري، ص٢٠.

[3] - علی جواد الطاهر، مقدمة في النقد الأدبی، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت ـ لبنان ١٩٧٥، ص٧٣.

قەناعەتێك دروست بکەن و لەکۆتایدا مەبەستەکەش ڕێنماییکردنە یان چێژ وەرگرتن و قەناعەت پێکردنە))[1] . سەرهەڵدانی ئەو جۆرەی شیعریش دەرئەنجامی پێداویستی کۆمەڵگە بوو لە گەیاندنی بیروڕا بەمەبەستی ڕێنماییکردنی مرۆڤ لەڕووی ڕەوشتی و فێرکارییەوە. شیعریش تاکە ئامرازێك بووە بۆ ئەم مەبەستە بەکاربێت، چونکە کاریگەرییەکی سەرنجراکێشی هەیە و بەهۆی کێش و سەراوەوەش لەبەرکردنی ئاسان دەبێت. سەرەتاکانی دروستبوونیشی بۆ شیعری داستانی دەگەڕێتەوە، بەڵام دواتر لەو جیابوویەوە و وەکو جۆرێکی سەربەخۆ ناسرا. هیزیۆدی شاعیری یۆنانی بە دامەزرێنەری ڕێچکەی شیعری فێرکردنی یۆنانی دادەنرێت، کە خاوەنی دوو شاکاری گەورەیە (کارەکان و ڕۆژگارەکان) و(ڕەچەڵەکی خواوەندەکان) [2]. لەمڕووەش ئەزموونی شیعرەکانی بە قۆناغی گواستنەوە دادەنرێت لەنێوان شیعری داستانی و شیعری لیریکی. لەبەر ئەوەشە خەسڵەتەکانی هەردووجۆر لەخۆیدا کۆ دەکاتەوە. بەتایبەتیش دەربڕین لەخود کەخەسڵەتێکی دیاری شیعری لیریکییە، کە ئەمەشیان جۆری سێیەمی شیعرە و بریتییە لە ((ئەزموونێکی خودی و کەسی، کە شاعیر تێیدا ژیاوە و لەڕێگەی هەستە تایبەتییەکانەوە دەریبڕیوە))[3]. واتە باسکردنی خۆیەتی خود بە شێوازێکی ڕاستەوخۆو پڕواوپڕ لەهەست و سۆز و ئارەزوو، کە بەڕای (ن. ئەی .دۆبرلیۆبۆف) دیاردەیەکی دیاریکراو لەسروشت و ژیان لە دەوورنی شاعیر ورووژاندوییەتی، گرنگیش بوونی خودی ئەو هەستە نییە، بەڵکو خستنەڕووی کاردانەوە ناوەخۆییەکانە بۆ هەست وسۆز کە لە دەرەوەڕا وروژێندراوە[4]. ئەمەش بووەتە هۆکارێك هەر لەزووەوە مرۆڤ پەنای بۆ ببات و تاقی بکاتەوە. لەسەرەتاشدا لەساتەکانی هەڵچوون و جۆشخواردندا، هەوڵی داوە بەوشە ئەو هەڵچوونە دەرببڕێت.

---

[1]- ئەحمەد قەرەنی، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا ـ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧، ل٢٢-٢٣.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل٣١-٤٢.

[3]- مصطفى على عمر، الواقعية في المسرح المصري ، دار الكتب الجامعية، الاسكندرية ـ مصر ١٩٦٨، ل١٣.

[4]- ف.د. سكفوز نيكوف، موسوعة نظرية الأدب، القسم الثالث – الشعر الغنائي، ت: د. جميل نصيف التكريتي، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد ـ العراق ١٩٨٦، ص٦.

ئـەو دەربڕینـەش ڕەنگدانـەوەی هەسـت وسۆزوهەڵچوونەکە بـووەو گوزارشـتی لـە حەسرەت و خەمەکانی کردووە.

بێگومان ئەمەش خـودی و ویـژدانی بـووە، بـەڵام پێگـەی ئـەو خودییەتییـە پێگەیـەکی زیـاتر سـادەو سـاکار بـووە لەچـاو شـیعری داسـتانی، کـە زیـاتر لـەناو کۆشـکەکانی پادشـاو چـینە دەسـەڵاتدارەکەدا قـەتیس کرابـوو. کـاتێکش لەگـەڵ پیشکەوتنی باری شارستانی کۆمەڵگەدا هاوشان نەبوو گۆشەگیر بوو ورووناکییەکەی کزبـووەوە. ئـەوکات شـیعری لیریکـی وەکـو پێداویـستییەکی سروشـتی تـوانی لەمۆڵگەکەی خۆی بێتە دەرەوە و هەوڵ بدات دەسەڵاتی خۆی بەسەر گۆڕەپانەکـەدا بچەسپێنێت وسنوورەکانی خـۆی فـراوان بکـات، بـەڵام ئـەم گۆڕانکارییـەش کـە لـە دەرئەنجامەکانی گۆڕانی بارودۆخی ئابووری ورامیاری و کۆمەڵایەتی بوو لەسـەرخۆ و بەشێنەیی و پلەبەپلە بووە[1].

لـەیۆنان بـەهۆی گەشەسـەندنی ڕەوتـی دیمـوکراتی و ئـەو گۆڕانکارییانـەی بەسـەر سیـستەمی دەوڵـەتی شـاردا هـات هۆکارێـك بـوون بـۆ دەرکـەوتنی گیـانی تاکایەتی، کە پێشتر بەو شـێوەیە دەرنەکـەوتبوو. ئەمـەش زەمینەسـازییەك بـوو بـۆ دەرکـەوتنی شیعری لیریکـی، کـە باشـترین ئـامراز بـوو بـۆ دەربـڕین لـەو سـەردەمە نوێیەی کە بەسەردەمی دیموکراتی و گەشانەوەی تاکایەتی مرۆڤ دادەنرێت. شـیعری لیریکیش دەقەکـەی بـەو کێشە تایبەتییانـە هۆنرابوونـەوە، کـە بـەهاوکاری ئـامێرە مۆسـیقاییەکان و بەمەبەسـتی گـۆرانی گـوتن ڕێکـدەخران. لەگـەڵ پێـشکەوتن و گەشەسەندنی ئەو جۆرە شیعرەش لەلای یۆنانییەکان چەندین لق و پۆپی لێبووەوە، کـە گرنگترینیـان شـیعری لیریکی بەشـێوەی گـۆرانی تاکەکەسـی و شـیعری لیریکـی بەشێوەی گۆرانی بەکۆمەڵ بوو[2]. هەرچەندە ئەمانە لەشێوە و ناوەرۆکدا لەیەکـدی جیاوازن، بەڵام کاریگەربوون و کارتێکردن لەنێوانیاندا هەبووە.

---

[1]- د. أحمد عثمان، الشعر الأغريقی تراثاً انسانیاً و عالمیاً، مطابع الرسالة، الکویت ١٩٨٤.ص٧٧.

[2]- ئەحمەد سالار، کورسی و بەها درامیەکان، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، چاپی یەکەم ٢٠٠٩، ل٢١.

لەگۆرانی تاکەکەسیدا شاعیر گۆرانی بە خودی خۆی و بەهەست ونەستەکانییەوە دەچڕێت، بەلاَم گۆرانی بەکۆمەڵ ئەو شیعرەیە لەگەڵ سەما و مۆسیقادا دەگوترێت، لەهەمانکاتیشدا سرودێکی نیشمانیشە و تێیدا شاعیر دەبێتە زمانحاڵی کۆمەڵ و زیاتر لە جەژنە ئایینی و نیشتمانییەکاندا پێشکەش دەکران. شیعری بەکۆمەڵ شێوەیەکی پێشکەوتووی شیعری لیریکی بوو و لەلایەن شاعیرانەوە گەلێك بایەخی پێدەدرا. هەربۆیەش بە گەلێك شێواز بەکاریان دەهێنا، لەوانە (بایان paean، هیبۆرخیما hyporehmema، عەزرا porthenion، سرودی پالّەوانییەتی hymnos heroikos، شیعری ستایش و پیاهەڵدان ehcomion، دیسورامبۆس dithyrambos)[1].

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین ( دیسورامبۆس)[*] ە، کە دواشێوازە لە شێوازەکانی گۆرانی بەکۆمەڵ و پێگەیەکی دیار و ئاشکرایە هەیە و بە سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی لەقەڵەم دەدرێت. ئەرستۆ لە کتێبی ( هونەری شیعر)دا ئەوەی روونکردۆتەوە و دەڵێت: (( تراجیدی و کۆمیدی، هەردووکیان لە سەرەتاوە بەسەرپێی دەستیان پێ کردووە، یەکێکیان لەگەڵ پێشەنگانی (دیترامب ) سەریهەڵدا و ئەوی تر لەگەڵ پێشەنگانی سترانی ( ڤالی )[**] پەیدابوو))[2] . واتە

---

[1]- د. أحمد عثمان، الشعر الأغريقي تراثاً انسانياً و عالمياً، ، ص١٢٠.

[*] دیسورامبۆس: وشەیەکی یۆنانییە و بەجۆرێك لە شیعر دەگوترێت کە بەشێوەی کۆرس لەلایەن یۆنانییەکانەوە وەکو ستایش و پیاهەڵدانێك بۆ خواوەندی دیونیزیوز دەیانگوت. هیرۆدۆتس ئاماژە بەوە دەکات کە دیسورامبۆس وەکو هونەرێك یەکەمجار لەلایەن (ئەرخیلوخۆس)ەوە باسکراوە، هەرچەندە لەمبارەیەوە ڕای پێچەوانەش هەیە و دیسورامبۆس بەیەکێك لەنازناوەکانی دیونیزیوزی خوەاوەند دادەنێت. ئەم هونەرە سەرەتا هاتۆتە ئەسینا دواتر بووەتە سیمایەکی گرنگ لە پێشبڕکیی جەژنەکانی دیونیزیوزدا، دواتریش لەسەر دەستی ئاریۆنی شاعیر گەشەی کردووە و بووەتە بنچینەیەك بۆ سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی و هونەری شانۆ. (بڕوانە: د. أحمد عثمان، الشعر الأغريقي ن تراثاً انسانياً و عالمياً، ص١٨٧-١٩٢).

[**] ڤالی: وشەیەکی یۆنانییە، هەندێك رەچەڵەکی بۆ (فالۆس) دەگەڕێننەوە کە ئەندامی نێرینەیە و لەیۆنان و هەندێك وڵاتی دیکەدا پەرستنی باو بووە ، فالی بریتی بوو لە سرودی داشۆرین وگاڵتەپێکردن و پێکەنیناوی کەلەچەژنەکانی باخوس وەکو ستایشێك بۆ (فالیس)ی خواوەندی زاوزێ و بەرووم کە هاوڕێی دیونیزیۆز بوو لەگەڵ سەماو ئاواز و مۆسیقا بەشێوازێکی گاڵتەجاری و پێکەنیناوی پێشکەش دەکرا. ( بڕوانە: ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی ٢٠٠٤،ل ١٣٩)

[2]- ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی،ل ٢٣.

شیعری تراژیدی له دیسورامبۆس و شیعری کۆمیدی له سترانی ڤالی لەدایکبوو، کە ئەمانەش هەردوو جۆرەکانی شیعری شانۆیین. دیسورامبۆس بەدوا قۆناغی شیعری لیریکی دادەنرێت، که لەدوا وێستگەکانی گەشەکردنی خۆیدا شیعری شانۆیی لیّ بەرهەم هات. ئەمەش لەئەنجامی ئەو هەموارکردنە بوو کە ئاریۆنی شاعیر جێبەجێی کرد. کاتێك هەندێك برگەی دروستکرد ،کە ناوە ناوە بەشێوەی گفتوگۆیەکی کێشدار لەنێو گۆرانییەکەدا دەگوترایەوە. هەرچەندە لەبنەڕەتدا ئەو گۆرانییەی لە دەوری خواوەندەوە بەسەماو هەڵپەڕینەوە لەپەرستگاکان دەگوترا بەشێوەی کۆرس بوو، بەڵام دواتر لەلایەن تیسبیسی شاعیر کەسێك لەکۆرس جیاکرایەوە و بەمەش یەکەم ئەکتەر لەدایکبوو، کە گفتوگۆی لەگەڵ کۆرسدا دەکرد. ئەسخیلۆسی شاعیریش پەرەی بەم شێوازەدا و ئەکتەری دووەمی داهێنا و دوای ئەویش سۆفوکلیس هات ئەکتەری سێیەمی داهێنا[1]. بەمشێوەیە دیالۆگ هاوشان لەگەڵ رووداو و ململانیّ دروست بوو، کە خەسڵەت و سیمای سەرەکی شیعری شانۆیین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شیعری شانۆیی لەئەنجامی گەشەکردنێکی ئاسایی و سروشتی جۆرەکانی شیعر و تێپەڕبوونی چەند قۆناغێکی پێشکەوتوو لە ئەزمونکردنی پرۆسەی شیعری لەدایکبووەو بەجۆری چوارەمی شیعر دەژمێردرێت و بە لوتکەی نەشونماکردنی جۆرەکانی شیعری دادەنرێت، کە دەربڕی هەموو ئەو قۆناغانەی پێشکەوتنی پرۆسەی شیعری بووە.

لەمەشدا یۆنان بەمەڵبەندی سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی دادەنرێت، کە هاوکات لەگەڵ شیعری داستانی و شیعری لیریکیدا لەبرەودابووەو رێچکەی خۆی گرتووە. هەرچەندە ئەم جۆرانەی شیعریش لەو سەردەمەدا دەرئەنجامی دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ بوونە و هەر یەکێکیان دەربڕی سەردەمێکی خۆی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکی بەتین لەنێوانیاندا هەبووە و لەسەر بنەماو خەسڵەتەکانی یەکێکیان جۆرێکی دیکە بنیاتنراوە. سەرەڕای ئەمانەش ناکرێت نکۆڵی لە تایبەمەندی هەر یەکێکیان بکرێت و سیما و خەسڵەتی تایبەتی خۆی

---

[1]- د. أحمد عثمان، الشعر الأغريقي تراثاً انسانياً و عالمياً، ص١٩٢-١٩٣.

فـەرامۆش بکرێـت، بۆیـە لێکۆڵـەرو رەخنـەگران لـەزووە هەوڵیانـداوە سـنوورەکانی جیاوازی نێوانیان بکێشن و دیاری بکەن. لەوانـە ئـەفلاتون(٤٢٧–٣٤٧پ. ز) هـەوڵی داوە بەپێی جۆرەکـانی شـیعر و هـەروەها بـەپێی خاسـییەتەکانیان لەیـەکیانی جیـا بکاتەوە و بەڕای ئەو ((شیعری لیریکی ئەو شـیعرەیە، کـە شـاعیر تیایـدا گوزارشـت لەخودی خۆی دەکات. لەشیعری داستانیـشدا شـاعیر جارێـك گوزارشـت لـە بابـەت و جارێکیش لەخودی خۆی دەکـات. لەکاتێکدا درامـا بـۆ نواندنـە و بابەتییـە))[1] ئـەم دابەشکردنە لەلایی جیرار جینتەوە بە دابەشکردنی کلاسیك ناودەبرێـت، کـە بریتییـە لەدابەشکردنی شیعر بەسەر سەردەمی گێڕانەوە و سەردەمی دووسەرە (مـزدوج) کـە بابــەتی وخــودی دەگرێتــەوە و لەگــەڵ ســەردەمی درامــی[2]. لەلایــەن خۆیــەوە ئەرسـتۆ(٣٨٤–٣٢٢ پ.ن) جیـاوازی لـەنێوان جۆرەکـانی شـیعری لەسـەر بنـەمای لاساییکردنەوە داڕشت، کـە لەسـەر سێ ئاسـتدا بـەدی دەکرێـت: یەکـەمیان رێگـەی لاساییکردنەوەی شیعری، دووەمیان بابەتەکانی لاساییکردنەوەی شیعری، سێیەمیان شێوازی لاساییکردنەوەی شیعرییە[3].

ئەرستۆ شیعری بەلاساییکردنەوە دانا و جۆرەکانیـشی بـەپێی ئـەم ئاسـتانە لەیەکتر جیاکردەوە. بەپێی ئاستی یەکەم وەسیلەی ئـەدەبی زمانـە، جـا ئـەو زمانـە کێشدار بێت واتە شیعر بێت یاخود پەخشان. جۆرەکـانی شـیعر بـەپێی ئـەم ئاسـتە هەموویان یەکانگیرن لە بەکارهێنانی زمان وەکو وەسیلەیەکی لاساییکردنەوە. بەپێی ئاستی دووەمیش بابەت کاریگەری و قورسایی خـۆی بەسـەر شـاعیردا دەسـەپێنێت، بەتایبەتیش کە شاعیر لەحاڵەتی کردەوە و جموجۆڵدا لاسایی مرۆڤ دەکاتەوەو دەبێ ئەو مرۆڤە بەشێوەیەکی باشتر پیشان بدرێت یاخود بەشـێوەیەکی خـراپتر لـەخۆی و یان وەکو خۆی نمایش بکرێت[4]. لەم رووەوە لەشـیعری داسـتانیدا کەسـایەتییەکانی ناو بابەتەکە هەم باس لە سەروەری وڵات و هەمیش ئازایەتی و پاڵەوانییـەتی خۆیـان

[1]- جیرار جینت، مدخل لجامع النص، ت: عبدالرحمن ایوب، جریدة الجمهوریة، العدد (٦١٤٣)، الجمعة ٤\٧\١٩٨٦. ص٥

[2]- هەمان سەرچاوە، ص٥.

[3]- ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی،ل ١٣.

[4]- هەمان سەرچاوە،ل ١٥-١٧.

دەکەن. لەشیعری لیریکیشدا بابەت بریتییە لە پیشاندانی ناواخنی کەسایەتییەکان و وێناکردنی کاردانەوەو کاریگەرییەکان. کەچی لەتراژیدیادا کەسایەتییەکان باشتر لەخۆیان و لەکۆمیدیاشدا خراپتر لەخۆیان نمایش دەکرێن. سەبارەت بەئاستی سێیەمیش، کە شێوازی لاساییکردنەوەیە ئەوە بریتییە لە چۆنیەتی باسکردن و خستنەڕووی بابەتەکە، کە لەوانەیە هەندێکی بەگێڕانەوە بێت و هەندێکی دیکەشی لەزاری کەسانی دیکەوە بێت. لێرەشدا لەوانەیە شاعیر بەزمانی خۆیەوە قسەبکات و ڕووداوەکان باس بکات، یاخود بەشێوازێك لاسایی کەسایەتییەکان بکاتەوە ودرامیانە کارو کردەوەکان نمایش بکات[1]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە شیعری داستانی لەلایەك بابەتیانە مەسەلەکە دەخاتەڕوو، لەلایەکی دیکەوەش خودی پاڵەوانەکەی دەنوێنێت. شیعری لیریکیش بابەتەکە لەسۆنگەی خودی شاعیر خۆیەوە دەخاتەڕوو. کەچی شیعری شانۆیی بابەتەکە لەروانگەیەکی بابەتیانە بەکردەوە و جموجوڵەوە پێشکەش دەکات، کە بەبۆچوونی هیگل ئەو گرێدانەی نێوان تاك و گشت جەوهەری کاری درامی پێکدەهێنێت، کە لەیەککاتدا لە یەکگرتنی نێوان خودو بابەت دروست دەبێت[2].

بەبۆچوونی ئەرستۆ جۆرەکانی شیعر لە ئاستی یەکەمدا یەکدەگرنەوە کە بەکارهێنانی زمانە، بەڵام لە ئاستەکانی دووەم و سێیەمدا واتە لە بابەت و چۆنییەتی لاساییکردنەوەدا لەیەکتر جودا دەبنەوە. لەهەمانکاتیشدا تێبینی ئەوەش دەکرێت، کە شیعری داستانی و شیعری شانۆیی لەئاستی دووەمدا، کە خستنەڕووی بابەتە لەیەکترەوە نزیکن بەوەی کە هەردووکیان لەروانگەیەکی بابەتیانەوە کێشەکان دەخەنەڕوو، بەڵام لەئاستی سێیەمدا لەیەکتر جودا دەبنەوە، کە(( ئەویش چۆنییەتی لاساییکردنەوەکەیە کەلەداستاندا (گێڕانەوە) یە و لە دراماشدا (کردار)ە، یان دەتوانین بڵێین (پیشاندانەوە) ی بەسەرهاتەکەیە بەکردەوە لەدرامادا، بەڵام

---

[1]- ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی،ل١٩.

[2]- د. وليد منير، جدلية اللغة و الحدث في الدراما الشعرية الحديثة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٧،ص ٢٧.

لەداستاندا ( گێڕانەوە) یەتی))[1]. سەرەڕای ئەمانەش بەدرێژایی رۆژگار و لەگۆشەنیگاو بۆچوونی زانستی و ئەدەبی جیاجیاوە هەوڵدراوە ئەم جۆرانەی شیعر لەیەکتر جودابکرێنەوە و سیماو خاسیەتەکانیان دەستنیشان بکرێن. هەروەك ئەنترۆپۆلۆژییەکان بەپێی قۆناغە شارستانییەکان جیاوازیی نێوان جۆرەکانی شیعریان دیاریکردووەو لەم رووەوە شیعری داستانی بە بەرهەمی شارستانییەتە سەرەتاکان و شیعری شانۆیی بە بەرهەمی شارستانییەتێکی پێشکەوتوو و شیعری لیریکیش بەلەدایکبوونی ژینگەیەکی کشتوکاڵی دادەنێن. سایکۆلۆژییەکانیش لەروانگەی سایکۆلۆژییەوە ئەو جیاوازییانە دەستنیشان دەکەن و شیعری لیریکی بە دەربڕی هەڵچوونەکانی ناخی مرۆڤ و شیعری داستانی بە مەعریفە و شیعری شانۆییشیشان بە ئیرادە و ویستەوە بەستووە[2]. بەمشێوەیە شیعری شانۆیی وەکو دەرئەنجامێکی پێشکەوتنی کۆمەڵگای یۆنانی و گەشەسەندنی پرۆسەی شیعری و بەتایبەتیش لەهەناوی شیعری داستانی و لیریکی لەدایکبووە، کە لەلایەکەوە پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵیاندا هەیە و لەلایەکی دیکەشەوە خاوەن سیماو خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی و لەوان جیایە. وەکو لەم خشتەیەدا لایەنەکانی جیاوازی و وێکچووی نێوانیان روونکراوەتەوە:




[1]- زاهیر رۆژبەیانی، شیعرییەت لەدەرەوی شیعر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٨، ل٣٠.

[2]- جیرار جینت، مدخل لجامع النص. ص٥.

هەروەکو لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت شیعری شانۆیی بابەتیانە کێشەکان بەشێوەی دیالۆگ دەخاتەڕوو بە پێچەوانەی شیعری داستانی، کە گرفتەکە لەچوارچێوەی گێڕانەوە پیشان دەدات. ئەمەش شیعری داستان تەنیا لە قالبی حیکایەت دەهێڵێتەوە و بەهۆی ئەو رووداوە زۆر و زەوەندانەشیەوە بەرگی خەیاڵ و فانتازیا دەپۆشێت و لەواقیع دوور دەکەوێتەوە و نامۆ دەبێ[1]. کاتی ئەو حیکایەتەش کە لەدووتوێی شیعری داستانیدا دەخرێتەروو لەچاو کاتی شیعری شانۆیی درێژترە، چونکە شیعری داستانی بەسروشتی خۆی رێگای ئەوە دەدات لەیەککاتدا رووداوگەلێکی جۆراجۆر پێشکەش بکرێت و بەمەش کاتی بابەتەکە لە کاتی ئەو بابەتەی کە شیعری شانۆیی دەیخاتەڕوو، درێژتر دەکەوێتەوە[2].

هەروەها شیعری داستانی کاتی رابردوو باس دەکات، پێچەوانەی شیعری شانۆیی کە زیاتر جەخت لەسەر کاتی ئێستا دەکاتەوە (( ئەگەر لە ئێپیکدا رووداوەکان هی ڕابووردوو بن، ئەوا دیالۆگ و مۆنۆلۆگی دراما هی کاتی ئێستان. لێرەدا ژیان خۆی قسە دەکا، بینەر راستەوخۆ دراماکە دەبینێ و پێویستی بە کەسێکی تر نییە. وەك ئەوە وایە رووداوە راستەقینەکە لەبەر چاوی بینەر ڕوویدات))[3]. سەرەڕای ئەمەش شیعری شانۆیی لەگەڵ شیعری داستانیدا لەوەدا یەکدەگرێتەوە، کە هەردوو جۆر بریتین لە شیعرێکی بابەتی و کەسایەتی نوسەری تێدا ون دەبێت و دیار نامێنێت و لەرێگای بزاوتن و رەفتاری کارکتەرەکانی نێو بابەتەکەوە شاعیر بیروڕا و سەرنج و هەڵوێستەکانی خۆی دەخاتەڕوو[4].

شیعری شانۆیی لەگەڵ شیعری لیریکیشدا بەوە جوادادەبێتەوە، کە شیعری لیریکی دەربڕینی هەست و سۆزە و پەرچەکرداری ناوەوەی دەروونی شاعیرە، بەڵام شیعری شانۆیی دیالۆگە، دیالۆگیش وتارێك نییە لەکۆمەڵە ئاخاوتنێك پێکهاتبێت و

[1]- یەکەم بەیاننامەی کۆمەڵەی شانۆی ئاهەنگسازی، و: هۆشەنگ محەمەد ئەمین، گۆڤاری بەیان ـ ژمارەی تایبەتی ـ ژ( ١٥٣) ، ئاداری ١٩٨٩، ل٩٤.

[2]- د. رشاد رشدی، نظرية دراما من ارسطو الي الان، هلا للنشر والتوزيع ، الطبعة الأولي ، مصر ٢٠٠٠ ، ص٥٢.

[3]- پیتەر هاڵبێرك و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی ٢٠١٠، ل٥١.

[4]- د. شلتاغ عبود جراد، مدخل الى النقد الأدبى الحديث، دار المجدلاوى للنشر، عمان ، الطبعة الأولى ١٩٩٨، ص١٤٦.

پێشکەشی جەماوەر بکرێت، بەڵکو وتارێکە بەهۆیەوە کەسایەتییەکان لەگەڵ یەکدی پەیوەندی دەبەستن و نمایشی هەڵوێستێك دەکەن لەچوارچێوەی رووداوێکدا.

ئەو وتارەش تەنیا شیعرێك نییە لەبەر بکرێت و بگەیەنرێت بەجەماوەر، بەڵکو بەو پێیەی کە کەسایەتی زینـدوون و رووبـەرووی هەڵوێـست و رووداوێکـی دیـاریکراو دەبنەوە بەشێوەیەکی کرداری لەسەر تـەختی شـانۆ کـار دەکـەن و دەینـوێنن. واتـە وتـەکانیان بـە کـردارەوە دەنوێنرێـت و هـیچ بـوونێکیش بـۆ جـەماوەر دانـانێن و بەلایانەوە وەکو نەبوو وان[1]. لەوەشدا لەگـەڵ شـیعری لیریکـی یەکدەگرێتـەوە، کـە توخمەکانی شانۆیی لەنێو شیعری لیریکیدا وەکو تەکنیکێك بەکاربردرێت. هـەروەکو (د. عەلی جەواد تاهیر) ئاماژەی بۆ دەکات، کـە رەنگـە بەدەسـتهێنانی توخمـەکانی شانۆ له شیعری لیریکیدا باشتر بێت لە شیعری شانۆیی خۆیدا، چونکە لەو حاڵەتەدا ئەو توخمانەی شانۆ دەبنە حاڵەتێکی دەروونـی، کـە ئەمـەش کەرستەی سـەرەتایی شیعری لیریکییە[2]. هەروەها پەیوەندییەکەی لەگەڵ شیعری فێرکردنیـشدا لـەرێگای ئامانجـەوە بەرجەسـتە دەبێـت، کـە مەبەسـتەکە پـەروەردەکردنی تـاك و کۆمەڵـە و سـەرکردایەتیکردن و ئاراسـتەکردنییەتی بـەرەو گەشـەکردن و سـەرکەوتن و رێگـای راست. بەمشێوەیە شیعری شانۆیی لەهـەناوی شـیعری داسـتانی و شـیعری لیریکیـدا هاتـە دەرەوە و سـوودی لـە سـیفاتەکانی ئـەوانیش وەرگـرت. لـە گـرنگترین ئـەو سیفاتانەش بەسەرهات و گێڕانەوە لەشیعری داسـتانی و دەربڕینـی هەسـت و سۆز لەشیعری لیریکی بوون، کە لەشیعری شانۆییدا بەشێوەیەکی درامی خرانەڕوو[3].

شیعری شانۆیی بەدرێـژایی مێـژووی خـۆی لەچـەندین وێستگەی جۆراجـۆر و بەپێی بیروڕاو سەرنجی بیرمەند و توێژەرو لێکۆڵەرو شـاعیرەکان سیماو خەسـڵەت و تایبەتمەندییـەکانیان دیـاریکراوە. ئـەو دیاریکردنـەش لـە چوارچـێوەی بـارودۆخی سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەوە رێـچکەی گرتـووەو رەنگدانـەوەی ژێرخـانی رۆشـنبیری کۆمـەڵگاو سـەردەمەکەی خـۆی بـووە. لەهەمانکانیـشدا بـەپێی زەوقـی جـەماوەری

---

[1]- د. محمد غنمي هلال، في النقد المسرحي، دار العودة ـ بيروت ـ لبنان.١٩٧٥، ص٥٢.

[2]- د.علي جواد الطاهر، من حديث القصة والمسرحية، دار الشؤن الثقافية العامة، الطبعة الأولى، بغداد ـ العراق ١٩٨٧، ص٣٨٤.

[3]- د. رضا عبدالغني الكساسبة، التشكيل الدرامي في مسرح شوقى ، ص٢٣.

سەردەمەکەو چێژ وەرگرتنیان لە نواندنی شیعری شانۆیی رەچاوی پێکهاتەو تەکینکی کراوە. ئەو دەستنیشانکردنەی تایبەتمەندی هونەریش بەپێی ئەو بارودۆخانەی سەرەوە کاریگەری لەسەر گەیاندنی مەبەست و پەیامی شیعری شانۆیی داناوەو بەپێی بارودۆخی کۆمەڵگاکان و سەردەمە جیاوازەکان ئەو مەبەست و پەیام و ئامانجانەش گۆڕاون و لەسەر یەك باری دیاریکراودا نەماونەتەوە. بۆیە لەلایەکەوە تایبەتمەندییە هونەرییەکانی شیعری شانۆیی چەسپاو نەبووە و هەمیشە بەپێی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵگاو دیدو تێڕوانینی جەماوەر و پێودانگەکانی چێژ وەرگرتن گۆڕانی بەسەردا دێت. لەلایەکی دیکەشەوە لە ئەنجامی ئەو گۆرانانەوە مەبەست و ئامانج و پەیامی شاعیرەکانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەم روانگەیەوە هەوڵدەدەین لە تایبەتمەندییە هونەریی و مەبەست و ئامانجەکانی شیعری شانۆیی بکۆڵینەوەو پێکهاتەو خەسڵەتەکانیان دیاری بکەین.

__لەڕووی تایبەتمەندییە هونەرییەکانەوە:__ شیعری شانۆیی خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی هونەرییە کە پێی دەناسرێتەوە. ئەو تایبەتمەندییانە لەلایەن شاعیر و لێکۆلەر و رەخنەگرانەوە لەکۆنەوە و لەروانگەی هەمەجۆرەوە دەستنیشانکراون، لەوانەش:

- ئەرستۆ لە رۆشنایی تیۆری لاساییکردنەوە تایبەتمەندییەکانی شیعر بەگشتی و شیعری شانۆیی بەتایبەتی دەستنیشانکردو خاسییەتەکانیانی روونکردۆتەوە. هەرچەندە ئەرستۆ لەکتێبەکەی خۆیدا (هونەری شیعر) باسی هەردوو جۆری شیعری شانۆیی دەکات، ئەوانیش شیعری تراژیدی و شیعری کۆمیدین، بەڵام تەنیا ئەو بەشە ماوە، کە وردەکاری دەستنیشانکردنی سیما و خەسڵەتەکانی شیعری تراژیدی باس دەکات. لەم رووەوە ئەرستۆ سەرەتای سەرهەڵدانی شیعر بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێنێتەوە، کە هەردووکیان سروشتین و لەسروشتی مرۆڤەوە رەگاژۆ بوونە، ئەوانیش:

أ - ئارەزووی لاساییکردنەوە کە مرۆڤ لە گیاندارەکانی دی جیادەکاتەوە وهەر لەم رێگەیەشەوە زانیاری سەرەتایی خۆی بەدەست دێنێ.

ب ـ چێژوەرگرتن لەکردەوەی لاساییکردنەوە[1] .

ئەم دوو هۆکارەش بەدروستکردن و خولقاندنی شیعر و چێژ وەرگرتنی خەڵك لێی دادەندرێت. پێوەری سەرەکی بەلای ئەرستۆوە لاساییکردنەوەیە، لاساییکردنەوەی سروشت. کەواتە بەرهەمی شاعیر بەلاساییکردنەوەی سروشت دادەنرێت، چونکە بەلایەوە مرۆڤ لەناو بۆتەی سروشتدا پێگەیشتووە و هەمیشە هەوڵی تێگەیشتنی داوە و چەندین تاقیکردنەوەی وەکو هەوڵێك بۆ تێپەڕاندن و پێشکەوتنی ئەو سروشتە داوە و تێیدا بەسەرپێی شتی گوتووە و لەم شتگوتنەشدا شیعر دروست بووە[2]. شیعر یەکەم ئامرازی دەربڕینی هونەری بووە، کە مرۆڤ لەدێر زەمانەوە پەی پێبردووە، بۆیە ئەرستۆ لەنێو هەموو هونەرەکاندا پلەی یەکەمی پێداوە و لە هەموو جۆرەکانی دیکەی ئەدەبی لەپێشتری داناوە. لەم روانگەیەشەوە لە شیعرو جۆرەکانی کۆڵیوەتەوە و شیعری شانۆیی دوای بەراوردکردنی لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی شیعر و دەستنیشانکردنی خاسیەتەکانی بە ((بەرزترین دەربڕینی شیعری داناوە)) [3] ، بەو پێیەی کە کۆکەرەوەی هەموو هونەرەکانی دەربڕین و وێناکردنێکی گشتگیری خەون و خولیاکانی مرۆڤە. ئەرستۆ شیعری شانۆیی دەکاتە دووبەشی سەرەکی، شیعری تراژیدی و شیعری کۆمیدی. لەبارەی شیعری تراژیدیەوە دەڵێت: ((لاساییکردنەوەی کردەوەیەکی سەنگین و لەخۆیەوە تەواو پێگەیشتووە کەدرێژییەکی دیاری هەیەو بەزمانێکی پاراو نوسراوە کەچەندین بابەتی هونەری تێدا هاتووە کە لەگەڵ بەشەکانی شانۆگەریدا دەگونجێن و ئەمەش هەمووی بەشێوەی درامی نەك گێڕانەوە ئەنجام دەدرێ))[4]. هەروەها کۆمیدیاشی بەلاساییکردنەوەیەکی خراپتر لەواقیع داناوە و پێیوایە کە ((کۆمیدی بەشێوەیەکی خراپتر لەواقیع لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە، بەڵام خراپتر بەو مانایە نا کە هەموو جۆرە

---

[1] - ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیزگەردی، ل١٣٦.

[2] - د. موحسێن ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٥، ل٦٩.

[3] - حسين حموي، الأتجاه القومي في مسرح عدنان مردم الشعري، ص٨٩.

[4] - ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیزگەردی، ل٢٧.

خراپییەك و هەرچی خراپییەك هەبێ، بەڵکو بەو مانایەی کەگاڵتەجاری جۆرێکە لەدزێوی وخراپی))[1] . واتە شیعری تراژیدی بە بەرزتر لەچاو شیعری کۆمیدی دادەنێت، هەر بۆیەش لەکتێبەکەی خۆی سەرەتا باس لە شیعری تراژیدی دەکات. ئەرستۆ شیعری داستانی بە لاساییکردنەوەی کردار بەگێڕانەوە دادەنێت، بەڵام شیعری شانۆیی بەلاساییکردنەوەی کردار بەکردار دادەنێت. لەم سۆنگەشەوە توخم و تەکنیك و پێکهاتەکانی ئەو کردارە دیاری دەکات، کە بریتین لە چنین و رووداو و کەسایەتی و هزر و شوێن و کات و زمان و بیرۆکەو .... هتد، کە پێویستە لەسەر شاعیری شانۆیی لە پێگەیەکی پڕ بایەخەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، چونکە بەهۆی چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو توخمانەوە حوکم لەسەر بەرهەمەکەی دەدرێت[2] .

لەبارەی چنین و رووداوەوە ئەرستۆ ئەرکی شاعیر دیاری دەکات و لەئەرکی مێژوونووس جیا دەکاتەوە بەوەی کە شاعیر دەبێ باسی ئەو شتە بکات کە دەشێ رووبدات. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە لەوانەیە رووبدات، چونکە کردەی روودانەکە لەهەلومەرجێکی تایبەتییدا شیاو و پێویستە. بەم پێیە جیاوازی لەنێوان شاعیر و مێژوونووس دەکات و دەڵێ: ((جیاوازی نێوان مێژوونوس و شاعیر ئەوەنییە کە یەکێکیان بە پەخشان دەنووسێت و ئەوی تر بە شیعر، جیاوازییەکە لەوە دایە کە یەکێ باسی شتێ دەکا کەرووی داوە و ئەوەی تر باسی شتێ دەکا کە لەوانەیە رووبدا))[3] . ئەو رووداوەی کە دەشێ رووبدات و شاعیر دەیکاتە بابەتی خۆی دەبێت سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت. واتە چنینی رووداوەکە بایەخێکی گرنگی هەیەو تەنانەت بەلای ئەرستۆوە چنینی رووداو پێش هۆنینەوەی شیعر دەکەوێت: ((شاعیر یەکەمجار دروستکەری چنینە، ئینجا هۆنەرەوەی شیعر، چونکە خۆی بەهۆی لاساییکردنەوەیە دەبێ بە شاعیر، ئەوەی لاسایی دەکاتەوە کردەوەکەیە))[4]. تراژیدیا (( لاسایی خەڵك ناکاتەوە، بەڵکو لاسایی رووداو و ژیان و

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل٢٥.

[2] - د. ابراهیم حمادة، کتاب ارسطو فن الشعر، مكتبة الآنجلو المصرية، ١٩٧٧، ص٢٩.

[3] - ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیزگەردی، ل٣٣.

[4] - هەمان سەرچاوە، ل٣٨.

خۆشی و ناخۆشی دەکاتەوە))[١] . واتە لاسایی جیهانێك دەکاتەوە، کە هەمووی چاکە و باش نییە، بەڵکو جیهانێکە شتگەلەکانی تێدا لە وێنەیەکی پاکدان و جێگەی گومان نین و مەبەستی گەیشتنە بە هەستی تەواوی زانینی ئەو رووداو و ململانێیانەی، کە مرۆڤی لەسەرجەم خولقێنراوەکانی دیکە پێ جیادەکرێتەوە[٢].

ئەو رووداوانەش کە لاسایی دەکرێنەوە بەلای ئەرستۆوە دوو جۆرە، یەکەمیان ئەو رووداوەی چنینەکەی دارِژراو بێ و دووەمیشیان ئەو رووداوەی چنینەکەی سادەبێت. تراژیدی هەرە تەواو و تۆکمە ئەوەیە، کە چنینی رووداوەکەی لەجۆری یەکەم بێت، واتە دارِژاو بێت نەك سادە. کەواتە چنینی رووداو کارێکی سەرەکی شیعری شانۆییە و پێویستە ئەو رووداوە بەشێوەیەکی کارامە و گونجاو پێشکەش بکرێت و ئامانجی خۆی کە وروژاندنی هەستەکانی ترس و بەزەییە بهێنێتەدی، بۆئەوەی مەبەستی پاکبوونەوە بەدی بهێنێ. بۆیە ئەرستۆ چنین پێش کەسایەتی دەخات و بە بنچینەی کاری شانۆیی لەقەڵەمی دەدات. ئەو رووداوانەش لەشیعری شانۆییدا دەبێ رووداوێکی سەرەکی باس بکات و لە رووداوە لاوەکی و دەرەکییەکان دوور بکەوێتەوە. ئەم یەکەی رووداوەش مانای ئەوە نابەخشێت، کە شاعیر رووداوەکانی تەنیا کەسێك باس بکات، بەڵکو بەو مانایەیە رووداوێك لەژیانی پاڵەوانەکە هەڵبژێردرێت، چونکە ژیانی پاڵەوان رووداوی هەمەجۆری لەخۆگرتووە[٣].

هەروەها رووداوەکە لەیەك شوێندا بنوێنرێن و کاتەکەشی لەشەو و رۆژێك زیاتر نەبێت. دواتر بەپلەی دووەم کەسێتی دێت، کەسێتی لەسەرەتا ((خواوەند ونیمچە خواوەند بوو، دواتر پاڵەوانە ئەفسانەییەکان لە مرۆڤ و پاشا و میرەکانیشی گرتەوە))[٤]. بەلای ئەرستۆوە کەسایەتی لەشیعری تراژیدیدا دەبێت کەسایەتییەکی چاك بێت و بەقسەو بەکردەوە شتێکی پەسەند دەربڕێ و لە بازنەی چاکە

---

١- د. علی جواد الطاهر، مقدمة في النقد الأدبي، ص١٩٥.

٢- مولوين ميرشنت وكليفورد ليتش، الكوميديا والتراجيديا، ت: د.علي احمد محمود، المجلس الوطني للثقافة والفنون و الأداب، الكويت ١٩٧٩، ص١٩٣.

٣- د. ابراهيم حمادة، كتاب ارسطو فن الشعر، ص٢٩.

٤- هەمان سەرچاوە، ص١٩٥.

نەچێتەدەرەوە. هەروەها وێنەکێشانی ئەو کەسایەتییانەش دەبێ لەبارو گونجاو بێت و لەگـەڵ واقیعـدا یەکبگرێتـەوەو کەسـایەتییەکی چەسـپاو بێـت و نـاکۆکی لەقـسە و کردەوەکانیدا نەبێت و لەگەڵ خۆیدا کۆك بێت.

هەروەها شاعیر لەبەرهەمەکەیدا دەبێ ئەوە بزانێ چۆن خۆی لـەبیر دەکـات و بوار بە کەسـایەتییەکانی دەدات بـۆ ئـەوەی ژیـانی خۆیـان لـەرێگای دیالۆگەکانـەوە لەسەر شانۆ نمایش بکەن. ئەمەش ئەوپـەڕی لێهـاتوویی گەرەکـە، چـونکە شـاعیران دەبێ لـەنێو بـەرگی ئـەو کەسـایەتیانەوە بیروڕایـەکانیان دەربـبڕن بەشـێوەیەك، کـە سنوورەکانی سروشتی هـەر یـەکێك لـەو کەسـایەتییانە نەبـەزێنرێت[1]، چـونکە ئـەو کەسایەتییانە هەرچەندە نوێنەرایـەتی کەسـانێکی نێـو کۆمەڵگـە دەکـەن کـە نـامۆ و سـەیر نـین، بـەڵام خـاوەن پێگـەو بەهایـەکی گـرنگ و سەرنجڕاکێـشن، بەتایبـەتیش لەتراژیدیادا تـا بەهۆیـەوە هەسـت و سـۆزەکانمان بـرووژێنن و کارمـان تـێ بکـەن[2]. بەرجەستەکردنی ئـەو کەسـایەتیانەش لـەنێو بەرهەمێکـدا یـان ئـەوەتا شـاعیر جگـە لەوێنەکێـشانی خواوەنــد و پادشــاکان پــەنا دەباتــە بــەر مێــژوو و ئەفــسانە و کەسایەتییەکانی لێ وەردەگرێـت یـاخود لەلایـەن خۆیـەوە کەسـایەتییەکان دروسـت دەکرێن، کە لەژیانی ئاساییدا بوونێکی راستەقینەیان نییە، بەتایبـەتیش لـە شـیعری کۆمیدیدا[3].

سەبارەت بەزمانی شیعریش ئەرستۆ لە تراژیدیا داوای بەکارهێنانی زمانێکی ئاسـت بـەرز دەکـات بەشـێوەیەك کـە لــە بــەکارهێنانی وشــەی بــاو و ئاســایی دووربکەوێتەوە، چونکە ئەو زمانە زمانی قـسەکردنی کەسـایەتییەکانە،کە خواوەنـدو نیمچە خواوەند و لە چینە بەرزەکانی ناو کۆمەڵن وەك پاشا و میرەکان، بۆیە دەبـێ گفتوگۆیەکانیان جیابێت لەزمانی باوی رۆژانەی خەڵکی و بەزمانێکی بـەرز دابرێـژرێت لەئاسـت شـکۆمەندی کەسـایەتییەکانیدا بێـت و وشـەی نابـاوی تێـدا بـەکاربێت و لەسەرووی زمانی ئاساییەوە بێت.

---

1- الأب سي فينسيان، نظرية الأنواع الأدبية، ت: حسن عون، مج ١، منشأة معارف بالأسكندرية ـ مصر،١٩٧٨،ص٣٤.

2- مولوين ميرشنت وكليفورد ليتش، الكوميديا والتراجيديا، ت: د.علي احمد محمود، ص١٩٣.

3- الأب سي فينسيان، نظرية الأنواع الأدبية، ت: حسن عون، مج١،ص١٩١-١٩٢.

لەبارەی کۆرسەوە ئەرستۆ ڕای وایە کە پێویستە کۆرس ((وەکو یەك ئەکتەر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و دەبێ بەشێکی تێکچڕژاو بێ لەسەراپای کارەکە و بەشدارییەکی دروست و راستەقینەی کردەوەکە بکات))[1] . ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە سەرەتا شانۆگەرییەکانی ئەو کات تەنیا لەرێگای کۆرسەوە پێشکەش دەکران و دواتر ئەکتەر لەکۆرس جیاکرایەوە، بۆیە کۆرس لەوسەردەمەدا تەنیا ئەکتەر بوو لەسەر تەختی شانۆدا و هەموو قورسایی ڕووداو و بەسەرهاتەکەی لەئەستۆ بوو. بەو هۆیەوەش شوێنەکە و سنووری کاتی ڕووداوەکە دیاریدەکرا[2]. کۆرس گرنگییەکی گەورەی لای ئەرستۆ هەبوو، چونکە تراژیدیا وەکو کارێکی شیعری لە کۆرسەوە سەریهەڵدا. لەسەرەتاشدا سەرتاپای جەستەی شیعری تراژیدی داگرتبوو و دەربڕی قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵ و کەسایەتییەکی بە ئاگا بوو، و بەناوی جەماوەر وکۆمەڵگەوە دەدوا و دەربڕی جەوهەری راستەقینەی چالاکییەکانی ژیان بوو[3]. لەهەمانکاتیشدا کۆرس ڕۆڵێکی دیاری لەگوتنەوەی شیعرەکاندا هەبوو بە مۆسیقا و ریتم و سەماکردنەوە ئەرستۆ لەمبارەیەوە پێیوایە، کە توخمی هاوبەش لەنێوان شیعر و مۆسیقا و سەما لاساییکردنەوەیە، کە لەسەر بنچینەی وشەو ڕووداو و جووڵەکانی جەستەو ئیقاعی ریتم جێبەجێ دەکرێت، بۆیە مۆسیقا و ئیقاع چێژی زیاتر دەبەخشن و لەگەڵ دیمەنی ئەو ڕووداوانەی بە مۆسیقا دەگوترێنەوە، تراژیدیا گەورەترین چێژ دەستەبەر دەکات[4].

ـ (ت. س. ئیلیۆت) لەبارەی بەکارهێنانی شیعر لە شانۆدا پێیوایە ئەو بەکارهێنانەی ((شیعر پێویست نییە ، ئەگەر تەنیا بۆ رازاندنەوە بێت و ئەگەر ڕۆڵی تەنیا بۆ ئەو کەسانە بێت کە تاموچێژ لەگوێگرتنی شیعر وەردەگرن لەپاڵ بینینی شانۆدا، دەبێ شیعر بوونی خۆی درامیانە بسەلمێنێ، نەك تەنیا شیعرێکی باش بێت

---

1- ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیزگەردی، ل٦٩.

2- كليفرد ليج ، موسوعة المصطلح النقدي، (١) المأساة، ت:د. عبدالواحد لؤلؤة. دار الحرية للطباعة، بغداد ـ العراق ١٩٧٨، ص٩٣.

3- عدد من الباحثين السوفيت، نظرية الأدب، ت: د. جميل نصيف التكريتي، دار الرشيد للنشر، بغداد ـ العراق ١٩٨٠،ص٥٩١.

4- د. على الزبيدى، الشعر و المسرح، الشعر و الفنوون ـ مختارات من الأبحاث المقدمة لمهرجان المربد الثالث ١٩٧٤، منشورات وزارة الأعلام ـ الجمهورية العراقية،١٩٧٤.ص٣٩-٤٠.

لەچوارچێوەی دراما دراێژرابێ)) [١]. واتە شیعر دەبێ هۆی بوونی خۆی لەشانۆدا دیاری بکات و شتێکی زیاد نەبێت بۆ جوانکردنی شانۆگەرییەکە بەکاربهێنرێت وهیچ رۆڵ و ئەرکێکی لەنێو شانۆدا نەبێت، بەشێوەیەك جگە لە هەڵی بینینی شانۆگەرییەکە، تەنیا هەلێکی دیکەش بۆ بینەران برەخسێنێت کە گوێ لەدەقێکی شیعری بگرن بۆیان دەخوێندرێتەوە [٢]. لەم ساتانەشدا شیعر پێویست ناکات، چونکە دەبێت شیعر ئەوە بسەلمێنێت، کە توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ شانۆدا هەیە و دەبێت کەرەستەیەکی نەرم ونیان بێت بۆ دەربڕین لە پێداویستییەکانی شانۆگەری نەك تەنیا وەکو ئاوازێکی خۆش لەبۆتەی شانۆدا داڕێژرابێت، کە جگە لەگوێگرتن هیچ مانایەك لەخۆ نەگرێت. ئەگەر ئەو تاموچێژەی کە بەهۆی شیعرێکی شانۆییەوە وەردەگرین هیچ جیاوازییەکی نەبێت لەگەڵ ئەو تاموچێژەی، کە لەکاتی خوێندنەوەیەکی ئاساییانەی شیعر هەستی پێدەکەین ئەوا ئەو کات شیعر دەبێتە شتێکی ناپێویست و زیادە [٣]. بەواتایەکی دیکە شیعر لەشانۆدا پارچەیەك نییە ئەگەر لابدرێت هیچ کاریگەرییەکی لەسەر رەوتی شانۆگەرییەکە نەبێت و هەروەها ئەو شانۆگەرییەش نییە، کە شیعر وەکو رازاندنەوەیەك بەکاردەهێنێت. بەپێچەوانەی ئەمانەوە شیعری شانۆیی بوونەوەرێکی کارلێکراو و تێکچڕژاوە لە شیعر و شانۆدا، واتە بوونەوەرێکە لە جۆرێکی نوێدا، کە تێیدا شیعر لەشانۆدا دیارو بەرچاو و ئەرکی دەستنیشانکراوی خۆی دەبێت [٤].

لەهەمانکاتیشدا بینەر یاخود خوێنەریش هەست بەزمانی بەکارهێنراوی شانۆیەکە دەکات و دەزانێت بەچ شێوازێك کێشەکان خراوەتەڕوو نەك لەو کاتەی کە رووداوی شانۆگەرییەکە سەرنجیان رادەکێشێت و هەڵوێستی کەسایەتییەکان کاریگەری سەر هەست و سۆزیان دەکات، بەشێوەیەکی وا بچنە نێو قووڵایی بابەتەکە ئاگاداری هۆکاری دەربڕینەکەی نەبن و نەزانن ئەوان لەبەردەم شانۆیەکن

---

١- ت. س. اليوت، مقالات في النقد الأدبى، ت: د لطيفة الزيات، ص٨٩.

٢- د. محمد زكى العشماوي، دراسات في النقد الأدبي، دار النهضة العربية، بيروت ـ لبنان ١٩٨٠، ص١٨٨.

٣- عبدالستار جواد ، في المسرح الشعري، ص٢٠.

٤- طراد الكبيسي، مسرحية الشعرية لمدني صالح، مجلة( المسرح والسينما) العدد(٦)، السنة الثانية، نيسان ١٩٧٢،ص٦٠.

بۆ دەربڕین لەپێداویستییەکانی شیعری بەکارهێناوە[1]. بە پێچەوانەی ئەمەش ناکرێت شیعر لەسەر حیسابی ڕووداوی شانۆیی یاخود ئەو هەڵچوون و هەست و سۆزانەی، کە هاوشانن لەگەڵ هەڵوێستە درامییەکە پێشبخرێت، چونکە بەهۆیەوە سەرنجی بینەران لە ناوەڕۆکەوە بۆ چۆنییەتی گۆکردنی وشەکان دەگۆڕێت و بینەر لەبەر شیعر ئاگای لە ڕووداو نامێنێت، بۆیە پێویستە لەشانۆدا بینەر گوێی لەشیعر نەبێت، مەبەستمان شیعرێکی ئاساییە، بەڵکو پێویستە گوێ لە ئاخاوتنی کەسایەتییەکان بێت، چونکە ڕادەی ئەو هەڵچوونەی کە بەهۆی ئاخاوتنێکی کێشدارەوە لەداڕشتنی فۆرمدا بەدی دێت پەیوەستە بە ئەرکی شاعیر خۆی[2]. واتە هەم شیعر و هەم ڕووداوەکە نابێت کەسیان لەسەر شان و شکۆی یەکتری بەدیار بکەون و ڕووناکییان لەسەر بێت، بەڵکو پێویستە تەواوکەری یەکدی بن و بینەران هیچ کاتێك ئەو سەرنجەیان لەلا دروست نەبێت، کە لەشانۆگەرییەکەداڕووداو یان کەسایەتی زاڵبووە یاخود شیعر چوارچێوەی شانۆگەرییەکەی تەنیوەتەوە[3].

هەروەها ناشبێت شیعر ئامێرێکی جوانکاری بێت و قورسایی شانۆگەرییەکە لەسەر توخمەکانی دیکە بێت.لەهەمانکاتیشدا نابێت زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی شیعر لەشانۆدا بکرێت. لەم ڕوانگەیەشەوە ئیلیۆت پێیوایە، کە لەحاڵەتێکی وادا (( ناکرێت شانۆ بەشیعر بنووسرێت ئەگەر پەخشان لەڕوانگەی شانۆییەوە گونجاو بێت))[4]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە مەرج نییە شانۆگەرییەکە لەبەر ئەوەی بەشیعر نووسرابێت سەرکەوتوو بێت، بە پێچەوانەوە دەبێت شیعر یاخود پەخشان بەپێی ڕادەی پێویستبوون و هەریەکێکیان لەشوێنی خۆیان بەکاربهێنرێن. تەنانەت دەکرێت لەیەك شانۆگەریشدا بەپێی چۆنیەتی ڕووداو و هەڵوێستی کەسایەتییەکان هەردووکیان لەتەك یەکتر بەکاربهێنرێن. بەمشێوەیەش بەکارهێنانی شیعر و

---

[1]- ت. س. اليوت، في الشعر و الشعراء، ت: محمد جديد، دار الكنعان للدراسات والنشر، الطبعة الأولى، دیمشق ١٩٩١ ، ص٩١.

[2]- د. فائق متى، اليوت، دار المعارف ، الطبعة الثانية، القاهرة ـ مصر ١٩٩١، ص٢٠٠.

[3]- ريموند وليمز، المسرحية من ابسن الى اليوت، ت: فايز اسكندر، المؤسسة المصرية العامة للتأليف و الترجمة و الطباعة والنشر، ١٩٦٣، ص٣٨٨.

[4]- ت. س. اليوت، في الشعر و الشعراء، ت: محمد جديد، ص٩١.

پەخشان بەپێی گونجاوییان دەبێت، چونکە (( چ پەخشان بەکاربهێنین چ شیعر هەردووکیان ڕێگایەکن بۆ مەبەستێك، جیاوازی نێوانیشیان لەباری سەرنجێکەوە وەك بزانین ، زۆر گەورە نییە))[١]، بەڵکو پەخشانیش لەپرۆسەی نووسیندا هەروەکو شیعرە و لەپێکهاتن وگونجاندنی بنیاتنانی رستەو وشە و دەستەواژەکاندا نوسەرەکەی چەندین جار دایڕشتۆتەوە بۆئەوەی لەگەڵ ئاستی کەسایەتییەکانی ڕووداوەکە شیاو بێت و دەلالەت لە پێگەیشتنی هەست و هزریان بکات. واتە پەخشانیش بەشێوازێکی هونەری هەروەکو شیعر دادەڕێژرێتەوە، چونکە ئەگەر زمانی گفتوگۆی رۆژانە لەژیانی ئاساییماندا وەربگرین، کە هۆکارێکە بۆ لەیەکدی گەیشتن ئەوا پەخشان بەپێوانەی ئەو زمانە ئاخاوتنەی رۆژانە هەروەکو شیعر دروستکراوە. مادامەکیش لەنووسینی شیعر و پەخشانەکانماندا زمانێکی ئاخاوتنی جیاواز لە زمانی ئاخاوتنی رۆژانە دروست دەکەین، ئەوا بەکارهێنانی شیعر لەچاو پەخشان جێگەی سەیرو سەمەرەیی نییە[٢].

لەمبارەیەوە ئیلیۆت وردتر ئەم مەسەلەیە شەن وکەون دەکات و دەڵێت: ((من دەمەوێ جیاکردنەوەیەکی سێ لایەنە لە نێوان پەخشان و شیعر و قسەی ئاساییدا دابنێم، کە ئەمەی دواییان لەئاستی شیعر و پەخشان دێتەخوارەوە. ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری شتەکەم بکەم، ئەوا تێ دەگەم کە پەخشان لەسەر شانۆ وەك شیعر دانراوە، بەئاڵوگۆڕکردنی هەردوو لایەنی مەسەلەکەش ، دەکرێ بڵێین شیعر دتوانێ لەسەر شانۆ ئاسایی بێت))[٣] . لێرەدا ئیلیۆت سێ شێواز بۆ نووسینی دەقی شانۆیی دەستنیشان دەکات، شێوازی شیعری و شێوازی پەخشان و شێوازی ئاخاوتنی ئاسایی، بەڵام شیعر و پەخشان بە شێوازی هونەری لەقەڵەم دەدات و پایەکی بەرزتریان لەچاو ئاخاوتنی ئاسایی پێدەدا. هونەری بوونی ئەو دوو شێوازەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە هەردووکیان دادەڕێژرێن ودروست دەکرێن. ئەمەش بەو مانایە نایەت، کە بینەر گوێی لە زمانێکی دروستکراو دەبێت کە جیاواز

---

١- ت. س. ئەلیوت، شیعر و شانۆ، و: فاضل قصاب، گۆڤاری (بەیان) ، ژ(٩٨٩) ئەیلوولی ١٩٨٤، ل٥٣.

٢- د. محمد زكي العشماوي، دراسات في النقد الأدبي، ص١٨٩.

٣- ت. س. ئەلیوت، شیعر و شانۆ، و: فاضل قصاب، ل٥٣.

بێت لەو زمانەی قسەی پێدەکات، بەڵکو بەو مانایە دێت، کە پەخشان و شیعر دوو هونەرن لە دەربڕیندا دەوڵەمەندتر و پڕ دەلالەترن لەچاو زمانی ئاسایی ئاخاوتندا[١].

بەکارهێنانی زمانی شیعر یان پەخشان یان زمانی ئاخاوتنی ئاسایی دەبێ بەشێویەك بێت، بینەر لەکاتی بینینی شانۆگەرییەکەدا هەست بە بوونی جیاوازی نێوانیان نەکات، چونکە بوونی جیاوازییەکی لەمجۆرە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی ناوبڕ لەنێوان بینەر و کەسایەتییەکانی نێو شانۆگەرییەکە. ئەگەر بەهەمان ئەو عەقڵییەتە جیاکارییەش شانۆیەك قەبووڵ بکەین کە شیعری بەکارهێنابێ، ئەوا شیعر دەبێتە جێگەی سڵەمینەوەی بینەر و لەهەمانکاتیدا ئەگەر شیعرەکەشیان بەدڵ بێت و قەبووڵی بکەن ئەوە جێگەی داخە، چونکە ئەم مەسەلەیە ئەو راستییە دیار دەخات، کە ئەو بینەرانەی شیعرەکە رەتدەکەنەوە یاخود وەریدەگرن پێشتر خۆیان ئامادەکردووە بۆ ئەوەی چێژ لەشانۆگەری بەجیا و لە شیعرەکەش بەجیا وەربگرن. واتە جیاوازکردن لەنێوانیان و روانین لێیان وەکو ئەوەی دوو شتی دابڕاو بن لەیەکتر. لەکاتێکدا شانۆگەری و زمانی ئاخاوتنەکەی جا شیعر بێت یاخود پەخشان، لەیەکتردابڕاو نین و دووشتی جیاوازیش نین، بەڵکو کارلەیەکتر دەکەن و ئەو کارلێکردنەش دەبێ شوێنەوارێکی نائاگا لەهزری بینەران جێ بهێڵێت[٢].

ئەوەی جیاوازی لەنێوانیان دروست دەکات جەماوەر خۆیەتی کاتێك بە ئاگاییەوە هەست دەکەن ئەو زمانەی لە شانۆ بەکارهاتووە شیعرە، بەڵام هەست بە پەخشان ناکەن و بەسروشتی دایدەنێن. لەهەمانکاتدا جیاوازی نێوان پەخشان و شیعر لە شانۆدا لەوە سەرچاوە ناگرێت کە یەکێکیان سروشتی بێت و ئەوی دیکە دروستکراو، بەڵکو هەردووکیان دروستکراون[٣]. بەپێی ئەم پێوانەیەش چۆن پەخشان بۆ شانۆ دەشێت، بەهەمان شێوە و لەسەر هەمان رێچکە شیعریش بۆ شانۆ دەشێت، چونکە زمانی پەخشانیش هەروەکو شیعرە و هەردووکیان زمانێکی هونەرین و چڕو پڕ لە ئیقاعن، بەڵام ئیلیۆت زمانی شیعر بەباشتر دادەنێت لەزمانی

---

١- د. جلال الخياط، الأصول الدرامية في الشعر العربي، ، ص٢٢.

٢- ت. س. اليوت، مقالات في النقد الأدبي، ت: د لطيفة الزيات، ص٨٩.

٣- ارشيبالد مالكيش، الشاعر مسرحياً، ت: نجيب المانع، مجلة ( افاق العربية)، العدد(١)، ايلول ١٩٧٥،ص٩-١٠.

پەخشان وپێیوایە، کە ((درامای پەخشانی، بەرهەمێکی سادەی درامای شیعرییە))[1] و شیعری شانۆیی بە بەرزتر دەزانێت لەشانۆی پەخشانی، چونکە لەشیعری شانۆییدا دەروون لـە چرکەسـاتەکانی هەڵـچووندا هەوڵـدەدات خـۆی پێناسـە بکـات و لـەخۆی بدوێت بە پەنا بردنە بەر شیعر، بەڵام شانۆی پەخشانی تەنیا جەخت لەسـەر لایـەنی سەرەوە و دیاردە بەرچاوەکان دەکاتەوە کە کاتین و زوو ون دەبن. لەکاتێکدا ئەگەر مەبەستی نووسەر ئەوە بێت باس لە لایەنی جاویدانی و هەمیشەیی بکاتـەوە ، تـەنیا رێگەیەك بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ، پەنا بردنە بەر زمانی شیعرییە[2] .

ئیلیـۆت لێـرەدا مەبەسـتی ئـەوە نییـە، کـە پەخـشان هاوشـێوەی شـیعرەو ناتوانێت دەربڕی ئەو حاڵەتە تایبەتیانە بێـت، بـەڵکو مەبەسـتی لەوەیـە کاتێـك ئـەو هەسـت و هەڵـچوونانە بەشـیعر دەردەبـڕێن جـەماوەر بـەو پێیـەی ئـەو هەسـت و هەڵچوونانە راستگۆن و لەگەڵ واقیع دەگونجێن و پەسندی دەکات. لێرەدا پێـوەری جـەماوەر رۆڵـی خـۆی دەگێڕێـت و بـەلای ئیلیۆتـەوە ئـەو جـەماوەرە دەبـێ لـە چرکەساتەکانی ئاگاییدا شیعری گوێ لێبێت و بەشێوەیەك کاریگەری لـە تـاك بکـات، کە لەگەڵ خۆیدا بدوێت و بڵێت منیش دەتوانم بەشیعر بدوێم[3] .

هەروەها باڵاترین پێگەیشتنی هونەری شیعر شانۆگەرییە، کە پێویـستی بـە تواناسازییەکی مەزن هەیە بۆ بنیاتنانی شانۆ بەشێوەی شیعر و وێنـاکردنی رووداو و کەسایەتی و هەڵوێستە هەستی و دەروونییەکانەوە[4] . بۆیە ئیلیۆت لـەو باوەڕەدایـە، کـە لەشـانۆدا شـیعر و پەخـشان تێکـەڵ بەیـەکتر نـەکرێن و بـە تێکـەڵاویی بەکارنەهێنرێن، چونکە لەناو کەشی یەك شـانۆگەرییدا هـەر گواسـتنەوەیەك لـەزمانی شیعریی بۆ زمانی پەخشان یاخود بـە پێچەوانەوە بینـەر دووچـاری هـەژان دەکـات. هەرچەندە ئەو نووسەرانەی کە حەز بەوە دەکەن بەشێوەیەکی توندوتیژ بینـەران لـە

---

[1]- د. على الزبيدى، الشعر و المسرح، الشعر و الفنوون ـ مختارات من الأبحاث المقدمة لمهرجان المربد الثالث ١٩٧٤، بغداد ـ العراق، ص ٣٩.

[2]- د. ك. س. مسرا، المسرحية الشعرية من منظور اليوت ، ت: هاشم كاطع لازم، مجلة( الأقلام) ، العدد(١٠) ، السنة العشرون، تشرين الأول ١٩٨٥، ص٥٣.

[3]- ارشيبالد مالكيش، الشاعر مسرحياً، ت: نجيب المانع، ،ص١٠.

[4]- رجب البنا، المسرح عند الشوقي، مجلة (الأدب)، العدد الثالث ، السنة الرابعة، ١٩٥ ، ص١٥٤.

ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی دیکە بگوازنـەوە، پاسـاو بـۆ ئـەمجۆرە هەژانـە دەهێننـەوە، بـەڵام لـەدواجاردا ئەنجامـدانی ئـەو هەژاندنـە بـۆ ئـارەزووی خـودی نووسـەرەکان دەگەڕێتەوە. لەبەر ئەمەش ئیلیۆت داوا دەکات، کە پەخشان بەکەمی بەکاربهێنرێت و لەبری ئەودا قالبێکی شیعری بەکاربهێنرێت، کە هەموو مەبەستەکان لەخۆ بگرێت. ئەگەر نەشتوانرا هەندێك لە هەڵوێست و مەبەستەکانیشمان بەشیعر باس بکەین، ئەوا پێویست دەکات یـان گەشـە بەشـیعرەکەمان بـدەین و بـەرەو پێشی ببـەین، یـاخود خۆمان لە باسکردنی ئەو هەڵوێست و مەبەستانە بەدوور بگرین، چونکە شاعیر دەبـێ بینەران لەسەر گـوێگرتن لەشـیعرێك رابهێنێـت، کـە هەڵوێـست و مەبەسـتەکان لـەخۆ بگرێت نەك تەنیا دیـالۆگێکی پەخـشان ئامێزیـان بـۆ بخاتـەڕوو کـە دەرئەنجامەکـەی فەرامۆشکردنی زمانی بەکارهاتووی شانۆگەرییەکەی لێ بکەوێتەوە[1].

بـە واتایـەکی دیکـە شـیعر ئـەو کاتـە دەبێتـە زمـانێکی ئاسـایی شـانۆ، کـە هەڵوێست لە شـانۆگەرییەکە بگاتـە خـاڵێکی توندوتیـژی. ئـەوکاتیش شـیعر دەبێتـە پرۆسـەی ئاخـاوتنێکی سروشـتی، چـونکە تـەنیا ئـامرازە بتوانێـت ئـەو توندوتیژییـە بـەکردەوە و هەڵوێـستەوە نمـایش بکـات[2]. واتـە دەبێـت فـۆرمی شـیعر لـەکاتی پێویستدا تواناسازی ئەوەی هەبێت لە پلەیەکی باڵادا بەهێز و توند بێت، بۆ ئـەوەی ئەو توندوتیژییە کە پێـی دەگـات لەچوارچێوەی ئـەزموونێکی ئـاڵۆزدا دەربـبڕێـت[3]. لـەبارەی زمـانی ئاخـاوتنی رۆژانەشـەوە، کـە ئیلیـۆت وەکـو ئـامرازێکی بـەکارهێنان لەدوای زمانی شیعر و پەخشاندا دەستنیشانی کردووە، ئـەوا هـەر خـۆی لـە شـیعرە شانۆییەکانیدا توانی لە ئاخاوتنی رۆژانەوە ئاخاوتنێکی شیعری بخولقێنێت و وشـە و دەسـتەواژەکانی لـە زاراوەکـانی ژیـانی رۆژانـەی مـرۆڤ دەربهێنێـت[4]، واتـە تـوانی ئاخاوتنی رۆژانە بگەیەنێتە ئاستی ئاخاوتنی شیعری، کە ئەمەش بـە باشـترین کـاری بۆ شانۆ لەقەڵەم دەدرێت.

---

[1]- ت. س. اليوت، في الشعر و الشعراء، ت: محمد حديد، ص٩٣.

[2]- عبدالستار جواد ، في المسرح الشعري، ص٩٤.

[3]- ريموند وليمز، المسرحية من ابسن الى اليوت، ت: فايز اسكندر، ص ٣٧٢.

[4]- رونالد بيكوك، الشاعر في المسرح، ت: ممدوح عدوان، ص٣١.

سەبارەت بەچنین و رووداوی بابـەتیش، ئیلیـۆت بیرورِایـەکانی لەبـەراوردکردنی نێوان شیعری شانۆیی و شانۆی پەخشاندا دەخاتەڕوو، و پێیوایە جیـاوازی نێوانیـان لە چڕبوونەوەی تێکچرژانی رووداوە درامییەکان خۆی دەنوێنێ، هەروەکو ئەوەی ئەو رووداوانە لەیەك کاتدا لەدوو شوێن روودەدەن. ئەو چڕبوونەوەیە لەشـیعری شـانۆییدا جۆرێك لە نەگونجانی پێوەدیارە، ئەمەش بەلای ئیلیۆتەوە فۆرمێکی دیکەیـە لەسـەر تەختی شانۆ پێشکەش ناکرێت، بـەڵکو فـۆرمێکی ژێرخانـە و رەنگـە لـە بنـەماکانی رووداوی درامی خۆی بنوێنێت و شێوەیەکی ئەفسانەیی یاخود شێوازێکی سـەرەتایی ئەزموونـەکانی مـرۆڤ وەربگرێـت و هەمیـشەش هـەر بـەنهێنی و لەئاسـتی ژێـرەوەی شانۆدا بمێنێتەوە. سەرەڕای ئەمانەش پێویستە نووسەری شانۆیی هەمیشە گونجـان لـەنێو توخمـەکانی شـانۆ دروسـت بکـات و وەکـو ئـەو مۆسـیقارەی، کـە داوای لـێ دەکرێت گونجانێکی تەواو لە پارچە مۆسـیقییەکەیدا بـەدی بهێنێـت. بۆیـە پێویـستە ئەو گونجانە تەواوی بەشەکانی شیعری شانۆیی لەرووی توخمەکانەوە بگرێتەوە(١).

لەبارەی کەسایەتییەوە شاعیر دەبێ لەسەر دوو ئاستی درامی کارەکانی خـۆی جێبـەجێ بکـات، یـەکێکیان بابـەتی شـانۆییەکەیە و ئـەوی دیکەشـیان خولقانـدنی کەسایەتییەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئـەوەش بـزانین، کـە تـەنیا بـە بـەکارهێنانی توانـای شـیعری شـانۆگەری سـەرکەوتوو نـابێ، بـەڵکو پێویـستە گـشت رەگـەزەکان بەهەمان شێوەی زمانی شیعرەکە بایەخیان پێبدرێت. لەم روانگەیەشەوە کەسـایەتی لەشیعری شانۆییدا بریتییـە لـە (( نموونەیـەکی مرۆڤایـەتی لـەرێگای ئـەودا بـاس لـە ئەزموونێکی مرۆڤایەتی دەکرێت بـێ ئـەوەی تێبینـی واقیعیـەتی دەروونـی جـەماوەر بکات))(٢). باسکردنیش لە ئەزموونی مرۆڤایەتی پێویـستی بـە کەسـایەتی نموونـەیی هەیە بۆ ئەوەی ئـەو ئـەرك و بیرۆکەیـەی، کـە شـاعیر مەبـەستییەتی بەجـەماوەری بگەیـەنێت ئەمـەش لـەرێگای گواسـتنەوەی خەسـڵەتە نایابـەکانی خـودیی بـۆ کەسـایەتییەکە، یـاخود بەمانایـەکی دیکـە گواسـتنەوەی ژیـانی نووسـەر بـۆ کەسـاتییەکانی، بـەو پێیـەی کـە ئاخـاوتن ودەنگـی شـاعیرە لەسـەر زاری ئـەو

١- عبدالستار جواد ، في المسرح الشعري، ص ٢٢-٢٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ص٢٣.

کەسایەتییانە. لەم رووەوە ئیلیۆت جیهانی نووسەری شانۆیی بەجیهانێك دادەنێت، کە تێیدا داهێنەر لەهەموو سووچێکدا بوونی خۆی دەسەلمێنێت و لەهەمانکاتیشدا لەهەموو شوێنێکدا بەنهێنی درێژە بە بوونی خۆی دەدات[١].

مەبەستی ئیلیۆتیش لێرەدا جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی، کە پێویستە پرۆسەی بنیاتنانی کەسایەتی سروشتی ژیان بەخۆشی و ناخۆشییەکانییەوە دەربرێت. بۆ ئەوەی شاعیری شانۆیی لەخولقاندنی کەسایەتییەکانیدا رووناکی بخاتە سەر ئەو لایەنانەی، کە لەبەرژەوەندی ئامانجە هونەری و هزرییەکانیدا دەبێ، چونکە لەوانەیە ئەو کەسایەتیانەی کە شاعیر دروستیان دەگات نەبنە جێگای پەسەندی جەماوەر، بەلام بۆ گەیاندنی مەبەستە مرۆڤایەتییەکە زۆر گرنگ بن. سەرەڕای ئەمانەش ئەو ئەزموونە مرۆییە لەچەندین ئاستی جیاواز خۆی دەبینێتەوە و ئیلیۆتیش لەبەر گرنگی بوونی کەسایەتی لە شانۆدا داوا دەکات شانۆگەری لە باری هزرییەوە بۆ باری کەسایەتی بگۆڕێت، ئەمەش لەسەر ئەو بنچینەیەی، کە شیعری شانۆیی پێویستە لەخودی مرۆڤ دروست بکرێت نەك لەهزر[٢]. بەو پێیەش کە هزر پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە کەسایەتییەوە هەیەو لەرێگەی وێنەگرتنی کەسایەتییەکان هزرەکانیش رەنگرێژ دەکرێن. بۆیە ریموند ولیمز ئەو هەولانەی ئیلیۆت بۆ دروستکردنی شانۆیەك بە (شانۆی شارەزا) ناو دەبات بەو پێیەی کە هەردوو رەهەندی هزری و کەسایەتی تێیدا کۆکراونەتەوەو لێکدابڕانیشان دەبێتە جۆرێك لەوەهم[٣].

بەڕای ئیلیۆت لەشیعردا سێ جۆرە دەنگ دەبیستین، دەنگی یەکەم لەوکاتەدایە، کە شاعیر دەقی شیعرەکە بۆ خۆی دادەنێت و لەگەڵ خۆیدا دەئاخڤیت. دەنگی دووەمیش کاتێکە کە شاعیر بۆ کەسێکی دیکە شیعر دادەنێت. دەنگی سێیەمیش کاتێکە کە شاعیر لەشیعرەکەیدا مەبەستەکانی دەردەبڕێت و هەڵوێستی کەسانی دیکە دەگۆڕێت. ئیلیۆت جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە، کە

---

[١]- د. ك. س. مسرا، المسرحية الشعرية من منظور اليوت ، ت: هاشم كاطع لازم، ص٥٨.

[٢]- ريموند وليمز، المسرحية من ابسن الى اليوت، ت: فايز اسكندر، ص٣٨٩.

[٣]- هەمان سەرچاوە، ص٣٩٣.

بەکارهێنانی دەنگی سێیەم لەگەڵ سروشتی شیعری شانۆیی دەگونجێت، بەڵام گەلێکجار شاعیر ناچار دەبێت لەهەندێك دیمەن و هەڵوێستی کەسایەتییەکانیدا پەنا بۆ بەکارهێنانی دەنگی یەکەم و دووەمیش ببات، کە ئەمەشیان لەرێگەی مەنەلۆگ و دیالۆگەوە بەدی دەهێنرێت[1].

لەبارەی بەکارهێنانی کۆرسیشدا ئیلیۆت بایەخی بەکۆرس داوە بەتایبەتیش لەبەرهەمە سەرەتاکانیدا، بەڵام بەکارهێنانی کۆرس لە شانۆی هاوچەرخدا قورسە، چونکە گواستنەوەی ئەو گفتوگۆیەی، کە بەئاگاییەوە ئەکتەرەکان دەیڵێن بۆ گێڕانەوەی بەکۆمەڵ کارێکی زەحمەتە. لەگەڵ ئەوەشدا ئیلیۆت لە بەکارهێنانی کۆرس لەبەرهەمەکانیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لەمبارەیەوە رۆنالد بیکۆك بۆچوونی وایە، کە بەکارهێنانی کۆرس لەلای ئیلیۆت بەکارهێنانێکی تایبەتە و چارەسەرییەك بۆ بەشێك لە کاری درامی دەکات. هەرچەندە بەکارهێنانی کۆرس لاساییکردنەوەی ئەو تەکنیکانەیە، کە یۆنانییەکان بەکاریان هێناوە، بەڵام کاریگەرتر و بەهێزترە و بەشێوەیەکی ناراستەوخۆش هەمان ئەو ئەرکەی کە یۆنانییەکان بۆیان دەستنیشان کردبوو، کە بریتی بوو لە گەیاندنی بیرۆکەی گشتی رووداوەکان بەجەماوەر بەدی دەهێنێت. ئەو دووبارە بەکارهێنانەوەیەی کۆرس بەگرنگترین داهێنانەکانی ئیلیۆت لە شیعری شانۆیی دادەنرێت[2]. لەگەڵ ئەوەشدا ئیلیۆت لەدوا بەرهەمەکانی خۆیدا وازی لە بەکارهێنانی کۆرس هێنا، چونکە بڕوای وابوو ئەگەر کۆرس ئەو هێزەی نەبێت کەپێشتر لای یۆنانییەکان مۆسیقا و سەماکردن پێی بەخشیبوو، ئەوا راستەوخۆ دەبێتە وتارێك کە رووداوەکە دەگێڕێتەوە بێ ئەوەی هەست بە بوونی کێشەو کارەساتێك بکەین[3].

**ـ لەڕووی مەبەست و ئامانجەکانەوە:** سەرهەڵدانی ئەدەب بەگشتی و شیعری شانۆیی لەیۆنان و شارستانەتییە کۆنەکاندا لەژێر چەتری ئایینی بووەو لەچوارچێوەی مەبەست و ئاکامە ئایینییەکانەوە لە بابەتەکانیان روانیوە. بەم

---

[1]- د. علی الزبیدی، الشعر و المسرح، الشعر و الفنون ـ مختارات من الأبحاث المقدمة لمهرجان المربد الثالث ١٩٧٤، ص ٤١.

[2]- رونالد بیکوك، الشاعر في المسرح، ت: ممدوح عدوان، ص٣٠.

[3]- كليفرد ليج ، موسوعة المصطلح النقدي، (١) المأساة، ت:د. عبدالواحد لؤلؤة، ص٩٧.

پێیەش مەبەستەکانی شیعر بەگشتی و شیعری شانۆیی بەتایبەتی لەقۆزاخەی ئایینەوە هاتۆتە دەرەوە و شاعیران بەگوێرەی بیروبۆچوونە ئایینییەکان وێنەی ژیانیان گرتووە. بۆ ئەم مەبەستەش شیعر و سرود و گۆرانی و شانۆ و هەموو جۆرە دەربڕینەکانی دیکەیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان دروست بکەن و هەست و سۆزیان بە ئاکارو ڕەوشتەکانی ئایین گریَ بدەن، چونکە مرۆڤ بەسروشتی خۆی بە ئاخاوتن و سرود وگۆرانی وکەسایەتییەکان سەرسام دەبێت و هەولّ دەدات لاسایی ڕەفتار و ئاکاری ئەو کەسانە بکاتەوە، کە لەلای ئەو بووەتە جێگای بایەخ پێدانی و هەروەها لەکردەوە خراپەکانیشیان دەترسێت و دوور دەکەوێتەوە.

لەم چوارچێوەیەشدا ئەفلاتوون لەسۆنگەی ئایینییەوە لەئەدەبی ڕوانیووە و لەژێر ڕۆشنایی تیۆری لاساییکردنەوە شاعیران بەوە تاوانبار دەکات، کە لە حەقیقەت دوور کەوتوونەتەوە ولەکۆمارەکەیدا دەڵێت: ((سەیری هەر شتێك بکەین پەیوەندی بە سێ جۆر هونەرەوە هەیە، یەکیان بەکاربردنی ئەو شتەیە و دووەمیان دروستکردنی ئەو شتەیە و ئەوی تریشیان تەقلیدی ئەو شتەیە)) [1] . واتە هەر شتێك سەرەتا تەنیا یەك وێنەی لەسروشتدا هەیە و کاتێك ئەو شتە لەسەر وێنە سروشتییەکە دروست دەکرێتەوە، ئەوا لاساییکردنەوەیەکی وێنە سروشتییەکە و لەساتی باسکردنی ئەو شتەشدا، ئەوا لاساییکەرەوەی لاساییکردنەوەکەیە. لەبەر ئەوەش کە شاعیران لە قۆناغی سێیەمدا کارەکانیان ئەنجام دەدەن، واتە لاساییکەرەوەی لاساییکردنەوەکەن، بۆیە سێ هەنگاو لەحەقیقەت دوور کەوتوونەتەوە. ئەفلاتوون لەڕوانگەی ڕەوشتەوە دەڕوانێتە شیعر و ئەرکەکەی دیاری دەکات، کە ئەویش زیانبەخشینە و کاریگەرییەکانی بە نەگەتیف لەسەر خەڵك دادەنێت، چونکە شاعیران دەتوانن کاریگەرییەکی بەهێز لە هەست و سۆزی مرۆڤ بکەن بەشێوەیەك جڵەوی هەست دەکەوێتە دەست شاعیر و بە ئارەزووی خۆی پەروەردەی دەکات، هەروەها پێیوایە پیشاندانی خەم و خەفەت و ئازاری خەڵکانی

[1]- ئەفلاتوون، کۆمار، و: سۆران عومەر مامە ـ ڕێبوار قارەمانی ـ مەهدی حەسەن چۆمان، دەزگای وەرگێڕان ، هەولێر ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٦، ل٤٨٤.

دیکە لەشیعری تراژیدیدا کاریگەرییەکەی بەشێوەیەك لەسەر مرۆڤ دروست دەکات، کە نەتوانێ پێش لە دەرئەنجامەکانی ئەو هەستە نالەبارە بگرێت. بەهەمان شێوەش لەشیعری کۆمیدیدا کاریگەرییەکان بەشێوەیەك دەبن، کە کەسایەتییەکی گاڵتەچی لەناخی مرۆڤ دروست دەکەن، بۆیە ڕای وایە شیعر لەجیاتی ئەوەی ئەو جۆرە کاریگەرییە نێگەتیڤانە لەناو ببات، پەروەردەیان دەکات و لەجیاتی ئەوەی بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤ خۆیەوە، بۆ ئەوەی بەسەربەرزی بژی، کەچی بەسەر مرۆڤدا زاڵیان دەکات. بەمجۆرە ئەفلاتوون شاعیرانی لەکۆمارەکەی دەرکردو هیچ شوێنێکی ڕەوای پێ نەبینین[1].

پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی ئەفلاتوون، ئەرستۆ لەکتێبەکەیدا ( هونەری شیعر) پلەو پایەکی مەزنی بە شیعر بەگشتی و شیعری شانۆیی بەخشیوە، هەرچەندە لەژێر ڕۆشنایی تیۆری لاساییکردنەوەو تیۆری ڕەوشتەوە لێکدانەوەکانی خۆی بنیاتناوە، بەڵام پایەی شاعیرانی بەرزکردۆتەوە. ئەرستۆ زاراوەی (پاکبوونەوە)ی وەکو مەبەستێك بۆ گەیاندنی ئەرکەکانی شیعری شانۆیی دیاریکرد، کە خۆی لە ورووژاندنی هەستی ترس و بەزەیی دەبینێتەوە. شیعری تراژیدی بەلای ئەرستۆوە ڕووداوی وای تێدایە کە ترس و بەزەیی دەورووژێنێ و لە ئەنجامدا پرۆسەی پاکبوونەوەی سۆزەکان دێتە ئاراوە. پاکبوونەوەش وەکو چەمکێك لە بیروبۆچوونە ئایینەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە و کاتێك مرۆڤ تاوانێك ئەنجام دەدات و پێویستە لەسەری قوربانی بدات وگیانی خۆی ببەخشێت بۆ ڕزگاربوون لەو تاوانە و ئازادبوونی گیانی لە هەستکردن بە تاوان و ڕازیکردنی خواوەندەکەی، بۆ ئەوەی ببنە پەندوعیبرەتێکیش بۆ کەسانی دیکە، تاکو تاوان ئەنجام نەدەن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەرستۆ بەدیاریکردنی مەبەستی پاکبوونەوە جیا لەمەبەستە ئایینییەکە سەرچاوەیەکی مرۆیی مەبەست بووە، کە بۆ لێکدانەوە لە چەمك وکاروباری مرۆڤ بوو بە بنچینەی هزر[2]. پاکبوونەوە بەلای ئەرستۆوە لەڕێگەی

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل٤٩٦.

[2]- د. محمد مندور، في الأدب و النقد، الهئية المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٣، ص١٦٥.

رووداوی دەگمەن و ناوازەوە دێتە دی، کە کاریگەرییەکی چڕ و قوڵ لە هەستەکانی مرۆڤ دەکەن و دەیانورووژێنن[1].

ئامانجی سەرەکی پاکبوونەوە زیادکردنی زانیارییەکانی مرۆڤە لەرێگەی هەستەکانەوە، چونکە مرۆڤ بەسروشتی خۆی حەز بەلاساییکردنەوەی ئەو کەسانە دەکات، کە پێیان کاریگەربووە و دوورکەوتنەوە لەو کەسانەی خراپەکاری دەکەن. لەهەمانکاتیشدا بەزەیی پێیان دێتەوە لەو چارەنووسەی لەئەنجامی خراپەکانیانەوە دووچاری دەبن و لەوەش دەترسێت رۆژێك لەرۆژان خۆی دووچاری هەمان چارەنووس بێت. لەکۆمیدیاشدا هەمیشە مرۆڤ لەوە ترساوە ببێتە جێگەی گاڵتەپێکردنی خەڵکی. بەمشێوەیە پاکبوونەوە وەکو پرۆسەیەك گۆڕانکاری لەهەست و دەروون دروست دەکات و ئەو گۆڕانکارییەش مرۆڤ بەرەو زانین و زانیارییەکی نوێ دەبات کە پێشتر پێی نەزانیوە. پرۆسەی پاکبوونەوەش بەدرێژایی رۆژگار لە رۆشنایی چەندین تیۆر شیکراوەتەوە، لەوانەش تیۆری سادییەت، کە لەو رێگەیەوە پاکبوونەوە لەدەروونی بینەر بەهۆی بینین و چێژ وەرگرتن لە ئازارەکانی کەسانی دیکەوە دێتەدی. هەروەها تیۆری پەروەردەیی، کە بینەر بەهۆی ورووژاندنی هەستەکانی ترس و بەزەیی لە ژیانی خۆیدا لە خراپە و هەڵەکانی پاڵەوانەکە دوور دەکەوێتەوە و زانیاری لەبارەی هەڵەکان وەردەگرێت. بەپێی تیۆری شیکردنەوەو لێکدانەوەش دوای بینینی ئەو کارەساتانە بینەر هەست دەکات کێشەکانی بەو شێوەیە نییە کە گەورەی کردووەو رەنگە کەسانی دیکەش دووچاری هەمان کارەسات بن[2].

بەمشێوەیە پاکبوونەوە وەکو چەمکێك لەسەر دەستی چەندین نەوەی رەخنەگران و بەشێوازگەلی جۆراجۆر و بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ژیاری پێناسەکراوەو سنوورەکانی دەستنیشانکراوەتەوە.

لەسەردەمی رێنسانسدا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە مەزنانەی بەسەر ئەوروپادا هات و کاریگەری گەورەیان لە ژیانی مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و

---

[1] - ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی،ل ٥١-٥٤.

[2] - د. ابراهيم حمادة، معجم المصطلحات الدرامية و المسرحية، دار الشعب، القاهرة ـ مصر١٩٧١، ص١٠٣.

سیاسـییەکانیدا دروسـتکرد، بەهۆیـەوە مەبەسـتەکانی شـیعری شـانۆییش گـۆڕانی گەورەی بەسەرداهات. لەهەمانکاتیشدا شانۆ بـۆ گەیانـدنی مەبەسـت و ئامانجـەکانی خۆی جیا لە شیعر پەخشانیشی بەکارهێنا، بەتایبەتیش لەسـەردەمی ریالیزمـدا [1].

ئەمـەش واتـای ئـەوە ناگەیـەنێت، کـە شـیعری شـانۆیی لەگەیانـدنی مەبەسـتەکانی کەوتبێت، بەپێچەوانەوە لەسەردەستی شاعیری ئینگلیزی (ت. س. ئیلیۆت) جارێکی دیکـە شـیعری شـانۆیی بوژایـەوەو گەشـەی کـرد. ئیلیـۆت لـەپێناوی گەیانـدنی دوو مەبەستی سەرەکی ئاوڕی لەشیعری شانۆیی دایـەوە و وەکـو هۆکارێـك بـۆ گەیانـدنی ئەو مەبەسـتانە بـەکاری هێنـا، یەکـەمیان گەیانـدنی بـیروڕای ئـایینی مەسـیحی بـوو لەچوارچـێوەی ئـەزموونی ئـایینی خۆیـەوە. واتـە بـەهۆی پاڵنـەرێکی ئـایینی رووی لەشـیعری شـانۆیی کـرد تـا لەروانگـەی بۆچـوونەکانی ئـەو ئایینـەوە مامەڵـە لەگـەڵ کێشەکان بکات[2].

دووەمیـشیان دەربڕینـی مەبەسـتێکی مرۆیـی بـوو لـەپێناو ئـازادی مـرۆڤ و خۆشـبەختی لـەژیان و دوورکەوتنـەوە لـە کـاروکردەوەی خـراپ. ئەمـەش لـەو روانگەیـەوە بـوو، کـە ئیلیـۆت ڕای وابـوو شـیعری شـانۆیی کـاروکردەوەی بـەرزو پاڵەوانییـەتی لـەخۆگرتووەو تایبـەتن بـە بـەهای گـەردوونی نـەمرەوە، پێـچەوانەی پەخشان، کە پەیوەندی بـە کاروبـاری سـادەوە هەیـە کـە لەبـەهای کۆمەڵایەتییـەوە وەرگیراوە. هەر چەندە ئیلیوت کەوتبووە ژێر کاریگەری یۆنانییـەکان لەبـەکارهێنانی تەکنیکەکانی وەکو کـۆرس و نـاوەرۆکێکی ئـایینی، بـەڵام زیندووکردنـەوەی شـیعری شـانۆیی لـەو سـەردەمەدا کـۆت و تەڵبەنـدەکانی بـەردەمی شـکاند و بـە چـەندین سەرچاوەی هزریی و فەلسەفیی هاوچەرخەوە گرێـدرا. لەهەمانکاتیـشدا لەلایەکـەوە لەگەڵ مەسـەلە جەوهەرییـەکانی بـوون و مرۆڤایەتییـەوە پەیوەسـت بـوو. لەلایـەکی دیکـەوەش ئـەو کـەش و هەوایـەی کەلـە کۆتـایی سـەدەی هەژدەمـدا هاتەکایـەوە گەڕانەوەیەك بوو بۆ پەرستگای شیعر و هەڵوێستێك بـوو دەربـڕی ویـژدانی مرۆڤـی

---

[1]- ارشيبالد مالكيش، شاعر مسرحياً ، ت: نجيب المانع، ص٨.

[2]- رونالد بيكوك، شاعر في مسرح ، ت: ممدوح عدوان، ص١٧.

لەخۆگرتبوو لەهەمبەر دیاردە کۆمەڵایەتی و رامیاری و لایەنەکانی دیکەی ژیانـدا[١] . بەمشێوەیە مەبەست و ئامانجەکانی شیعری شانۆیی فراوانی و هەمەجۆری بەخۆیەوە بینی و لەگـەلێك گۆشـەنیگای جیـاوازەوە لێکدانـەوەی بـۆ کـرا. بـۆ نموونـە د. ئـەبو ئەلحەسەن سەلام ئەرك و مەبەستەکانی شیعری شانۆیی بـە دەستنیـشانکردنی سـێ سەردەم دەبەستێتەوە کەبەسەردەمە رۆشنبیرییەکان ناوی دەبات[٢] :

١ـ سەردەمی رۆشنبیریی ئەفسانە: لەسەردەمە کۆنەکاندا مـرۆڤ هـەوڵی داوە لـەرێگای تێبینیکـردن و لاسـاییکردنەوەی سروشـت لـەبوونی خـۆی و چـارەنووس ودیاردەکانی گەردوون بگات و لەسەر بنچینەی ئـەو تێگەیـشتنەش مەعریفـەی خـۆی بنیات بنێت، لەمەشدا پەنای بۆ خەیاڵی بـردووەو لێکدانـەوەکانی بەسـەلیقەی خـۆی نەك بەزانینەوە لە فۆرمێك داڕشتووە بۆگەیاندن و مانەوەشی لەیادەوەری گـۆێگرانی پـەنای بـۆ حیکایـەت وبەکەسـایەتیکردن بـردووە، ئـەم رەگەزانـەش لەشـێوەی سەرتاییدابوونە تا گەیشتۆتە ئاستی ئەفسانە کەبووەتە بنـچینەیەك بـۆ سـەرهەڵدانی هـزری مرۆڤایـەتی و شـارەزابوون لـە دیاردەکـانی سروشـت ، ئـەو شـارەزاییەش لـە شـێوەی ئـەدەبی وەکـو شـیعر و چـیرۆك و سـەما وگـۆرانی کۆبوونەتـەوە کـەدواتر لەهەموو ئەوانە شانۆ و شیعری شانۆیی هاتنەکایەوە. بەمـشێوەیە شـیعری شـانۆیی لەکۆندا مەبەستی یەکـەمی دروسـتکردنی زانیـاری بـووەو لەسـەر بنـەڕەتی خـەیاڵی دامەزراوە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی گەردوون و ئاشـکراکردنی نهێنییـەکانی سروشت.

٢ـ سەردەمی رۆشنبیریی ئایدۆلۆژی: لـەدژی سـەردەمی ئەفـسانەیی و لەسـەر سیستەمێکی فیکری عقائیدی کە بنەڕەتەکەی بۆ شیکردنەوەی هۆکاری گەڕانـدەوە، دامەزرا . جـا ئـەو سیـستەمە فیکرییـە مارکسی یـاخود وجـودی یـا عەبەسـی بێـت. رۆشنبیری لەو سەردەمەدا زیاتر کەوتە ژێر کاریگەری فێرکارییـەوە، نەکـە مەعریفـە، هەروەها بۆ ئەوەی متمانەی جەماوەر بەدەست بهێنێت زیاتر رەوتـی ئاگـایی بەسـەر رەوتی هەستکردن زاڵکرد. بۆیە کەمتر پـشتیان بـە زانیـاری بـۆ گەیانـدنی مەبەسـتە ئایدۆلۆژییەکان دەبەست و زیاتر لـەقاوغی رۆشـنبیری نیـشتمانی ونەتـەوەیی دابـوو.

[١]- ژیلوان تاهیر، کێشەکانی شیعری شانۆیی، گۆڤاری سینەما و شانۆ، ژ (٤) ، ساڵی (١) ، کانوونی یەکەم ١٩٩٨، ل٢٠.

[٢]- د. ابو الحسن سلام، مقدمة في نظرية المسرح الشعري، ص٩-١٦.

لەگەڵ ئەوەش کە شانۆی پەخشان لەو سەردەمەدا سەریهەڵدا، بەڵام کۆتایی بە شیعری شانۆیی نەهێنا. هەرچەندە ئایدۆلۆژی زیاتر پێویستی بە کەرەستەی گەیاندن هەبوو لەشێوازەکانی دەربڕینی هونەری، لەمەشدا شیعر باشترین هۆکار بوو بۆ هەڵگرتنی ماکەکانی ئایدۆلۆژیا، چونکە بەهۆی ئەو دەمامکانەی کەهزری ئایدۆلۆژی لەژێرەوەیدا خۆی حەشار دەدات، کاریگەرییەکی بەهێز دروست دەکات. لەبەر ئەوەی ئەگەر ئایدۆلۆژیا بەبێ دەمامکی هونەرو شیعریی بێت، ئەوا ئەو چینە میللییانەی کە بەفیکری ئایینی گۆش کراون رەتیدەکەنەوە. لە چوارچێوەی ئەو سەردەمەشدا شیعرە شانۆییەکانی ئیلیۆت و لۆرکا و بریشت نووسران و نمایشکران.

٣ـ سەردەمی رۆشنبیریی زانیاری: سەردەمی زانیاری و بەدواداچوونی زانستی و دیاریکردنی چارەنووسی وڵات ونەتەوەکانە، هاتنە کایەی ئەو سەردەمە وەکو ئەلتەرناتیڤێکی هەردوو سەردەمی ئەفسانەو ئایدۆلۆژیا بوو ،بەتایبەتیش دوای رووخانی سەردەمی ئایدۆلۆژیا کەخۆی لەرووخانی وڵاتانی ئۆردوگای رۆژهەڵات و سیستەمی سۆسیالیستی دەبینێتەوە. مەبەستی رۆشنیری بەشێوەیەکی گشتی لەو سەردەمەدا گەیاندنی قەوارەیەکی زۆری زانیارییە لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ ئەو وڵاتانەی کە هەژارن یاخود کەمتر پێشکەوتوون، لەکاتێکدا ئەوان ئامادەیی وەرگرتنی لەسەریەکی ئەو زانیارییانەیان نییە، دەرئەنجامی ئەمەش گواستنەوەی ئەو کۆمەڵگایانە لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکارهێنەر. ئەم سەردەمە زیاتر خۆی لە جیهانگیری دەبینێتەوە.

# تەوەری دووەم

# سەرەتایەکی مێژوویی لەبارەی شیعری شانۆیی

پەیوەنـدی شـیعر و شـانۆ ، پەیوەندییـەکی مێـژوویی دوورو درێـژەو بـۆ شارستانییە کۆنەکانی بەر لە یۆنـان دەگەڕێتـەوە و لـە سـەردەمە هـەرە زووەکـانی شارسـتانییەتەوە رەگـاژۆ بـووە. مرۆڤـی کـۆن لـە ژێـر کاریگـەربوون بـە سروشـت و ئەزمونی ژیانییەوە، هەوڵی داوە لە چەمکی بوونی خۆی ودەوروبەرەکـەی بگـات. بـۆ شـیکردنەوەو لێکدانـەوەی دیاردەکـانی بـوونی پـەنای بـۆ خەیاڵـەکانی دەبـردو لـەو رێگایەوە بەشێوەیەکی زگماکی تێبینییەکانی خۆی لە بۆتەی ئەفسانە و حیکایـەت و داستانەکانەوە دادەڕشت. ئەو گێڕانەوانەش لەشێوەی سەرەتاییدا لەوانەیە لـەرێگای راوکەرەکانـەوە بووبێـت کـە شـەوانە لـەدەوری ئـاگردا، ئـەوەی بەسـەریدا هـاتووە بەتێکەڵکردنی رووداوی خەیاڵی پێشکەشی گوێگرانی دەکـرد، یـاخود لەجەنگـەکانی نێوان خۆیاندا چەندین حیکایەتیان دروستدەکرد وباسیان لە سەرکەوتنەکانی خۆیـان دەکـرد[1]. دوای ئـەوەی ئـەو بیروبـاوەڕە سـەرەتاییانە لـە بۆتـەی ئایینـدا شـێوەی وەرگرت و کۆمەڵگەی شارستانی هاتەکایەوە، ئەو پەیوەندییە زیاتر چەکەرەی کردو چەسپا. بەڕای کلاید کلوکهون هەر کۆمەڵگایـەك بەشارسـتانی نـاو ببرێـت، پێویـستە سێ شت لـەخۆ بگرێـت، شارۆچـکە یـان شـار کـە لـە (٥) هـەزار خـانوو پێـك بێـت و نووسین و بنکەکانی ئاهەنگێڕان[2] .

لەم سێ مەرجەی بەشارستانیبوون ، نووسین و بنکەکانی ئاهـەنگێڕان وەکـو دوو مەرج بۆ گەشـەکردنی ئـەو پەیوەندییـە گـرنگن. بنکـەکانی ئاهـەنگێڕان کـەزیاتر مەبەستەکەی پەرستگایە وریـوڕەسمی ئـایینی تێیـدا بەڕێوەچـووە، ڕایەڵـەکانی ئـەو پەیوەندییە مێژووییەی نێوان شیعر و شانۆ و مۆسیقا وگۆرانی لەباوەشـدا کـردووە.

---

[1]- حنا عبود ، من تاريخ الرواية، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق ٢٠٠٢. ص٥-٦.

[2]- غلين دانيال، الحضارات الأولى ـ الأصول و الأساطير، ت: سعيد الغانمي، دار الصدى للصحافة و النشر و التوزيع، الطبعة الأولى ٢٠٠٩، ص٢١٨.

لەناو ئەو پەرستگایانەدا نوێژ وپارانەوەو رێورەسمەکانی دیکە بەسەماکردن و پیاهەڵدان بەخواوەندەکان بەڕێوەچووە، ئەو سرودو گۆرانیانەی، کە دەگوترانەوە هەڵگری خەیاڵێکی ئەفسوناوی بوون، کە مرۆڤی کۆن لەچوارچێوەی مەبەستە ئایینیەکە هاوشێوەی دیمەنێکی سادەی شانۆیی دەریدەبڕین. هەرچەندە تواناسازی مرۆڤی کۆن بۆ دارشتنی ئەو ئەفسانە وحیکایەتانە سەرنجڕاکێشە، لەهەمانکاتیشدا رەگەزە سەرەتاییەکانی شیعری شانۆیی تێدا چەکەرەی کردووە و بەتایبەتیش لەلایەن شارستانییەتە کۆنەکانی وەکو سۆمەرییەکان و بابلییەکان و میسرییەکان و هیندییەکان.

سۆمەرییەکان لەمیسۆلۆژیای کۆنی خۆیاندا ، باس لە لیلیتی خواوەند دەکەن کەهەموو شەوێك هاتۆتە خوارەوە بۆ لای ئەو منداڵەی کەیاری بە عەبایە رەشەکەیەوە کردووەو ئەویش حیکایەتی بۆ گێڕاوەتەوە تانووستووە، تائێستاش دایبابان شەوانە بۆنواندنی منداڵەکانیان ئەو شێوازە بەکاردەهێنن[1] . کۆنترین دەقی شیعری سۆمەرییەش مێژووەکەی بۆ ٢٩٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە کە دینجیری دامۆی شاعیر بۆ ((ئیتیهاب))ی خواژنی لیکشی نووسیوە[2]، بەڵام گەورەترین بەرهەمی ئەدەبی سۆمەرییەکان داستانی گلگامشە کە بەشیعر هۆنراوەتەوە و باس لەنەمری و بەگژداچوونی مەرگ و خولقاندنی ژیان و بونەوەر دەکات.

میسرییەکانیش لە جەژنە ئایینییەکانیاندا چەند رێورەسمێکیان بەڕێوەدەبرد وەکو رێزلێنانێك بۆ خواوەندەکانی خۆیان کەلەچەندین سرود وگۆرانی پێکهاتبوو و بەسەماکردنەوە ئەنجام دەدرا. ناودارترین داستانی میسرییە کۆنەکان، داستانی ((ئۆزیریۆس)) ە کەهەندێ رەگەزو سیماو رێنمایی شانۆیی تێدا بەدی دەکرێت. کۆنترین دەقی شیعریش لەلای میسرییەکان بۆ ٢٢٠٠ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە و باس لەوەدەکات کەمرۆڤ دەبێ خۆشبەختانە بژی[3].

---

[1]- حنا عبود ، من تاريخ الرواية،. ص٦.

[2]- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوری، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠١ ، ل١٣٦.

[3]- هەمان سەرچاوە ، ل١٣٨.

هیندییەكان لەرێوڕەسمەكانی پەرستنی بودا دا، چەندین سرود وگۆرانیان بە یاوەری سەما و هەڵپەركێ دەگوتەوە، ئەمانەش لەچوارچێوەی كتێبی پیرۆزی ڤیداكان لەپێش زاییندا خۆی دەنوێنێت كە لەچوار بەش پێكهاتووە و بەشیعر هۆنراوەتەوە[1]. بەڵام لەپێش ڤیداكانیشدا ، بنەما ورەگەزەكانی شیعری شانۆیی لەو شایی و زەماوەند و ئاهەنگ و قوربانیكردنانەی كە هیندییەكان لەبەرەبەیانی مێژوویانەوە وەك داب ونەریتێكی نیمچە ئایینی كە لەپێشینانەوە بۆیان ماوەتەوە دەبینرێت[2].

هەموو ئەم بەرهەمانە لەچوارچێوەی ئایین نەهاتنە دەرەوەو نەیانتوانی لەدابونەریتی ئایینی رزگاریان ببێت و ببنە بناغەیەك بۆ هاتنەئارای شیعری شانۆیی. تەنیا یۆنانییەكان نەبن توانیان بەرهەمە ئەدەبییەكانیان لە بیروبۆچوونی ئایینی تێپەڕێنن و بەرگێكی دنیایی بەبەردا بكەن و لەناو پەرستگاكانی ئایینەوە بەرەو گۆڕەپانی ژیان پێنگاڤێكی مەزن بهاوێن و بۆ یەكەمجار ئەو سرود وگۆرانیانە كە بەشیعر دەریان دەبڕی بخەنە ناو نمایشێكی شانوییەوە كەهەموو كاروبارەكانی ژیان بخاتەڕوو و لەكاریگەرییەكانی ئایین دووربكەوێتەوە، لەمەشەوە شیعر گەشەی سەندو گەیشتە چلەپۆپە و شیعری شانۆییش وەكو بەرهەمێكی ئەو گەشەسەندنە لەدایكبوو ئەو سەرهەڵدانەش بۆ چەند هۆكارێك دەگەڕێتەوە لەوانە شیعر جیا لە پەرستگاكان ، لەناو باخچەو كێلگەكانیشدا دەركەوت و لەگەڵ كاركردندا بەشێوەی گۆرانی دەگوترایەوە، بەمەش لە شوێنە ئاینییەكان هاتە دەرەوە و باسی لەلایەنەكانی ژیان و گوزەران كرد[3]، هەروەها یۆنانییەكان بەسروشتی خۆیان حەزیان لە شیعر بووە و هەموو داستان و ئەفسانەكانیان بەشیعر هۆنیوەتەوە وشیعریان لەسەرووی هەموو شتێك داناوە، هەروەها ژیانی سیاسی و ئابووری و

---

[1]- بوكنەر ب. تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی، و: حەمەكەریم عارف، بەرگی یەكەم،دەزگای توێژینەوە و بلاوكردنەوەی موكریانی، چاپی یەكەم ٢٠٠٨، ل١٣-١٤.

[2]- حەمەكەریم هەورامی ، درامای كوردی لەنێو درامای جیهانیدا، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس، چاپی یەكەم ، هەولێر ٢٠٠١، ل ١٥٨.

[3]- د. شوكریە رەسوڵ ، ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب، ل٩٢.

کۆمەڵایەتی و سیستەمی حوکمڕانییەتی کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگای یۆنانیدا هەبووەو پێشیان خستووەو لەم رووەوەش هەمیشە پێویستیان بەشێوەی تازەی دەربڕین بووە، جگەلەمانەش یۆنانییەکان خاوەن عەقڵییەتێکی درامی بوونە و ئەو عەقڵییەتەش لەشێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی رۆژانە و روانینیان بۆ دەوروبەر رەنگی داوەتەوە و لەئەفسانە و داستانەکانیدا بەئاشکرا دیارەو لەگەڵ سەرهەڵدانی شیعری شانۆییش ئەو عەقڵییەتە چڕکرایەوە تا هەموو بوارەکانی ژیان بگرێتەوە[1]. بۆئەوەی رۆشنایی بخەینە سەر کاروانی مێژوویی ئەو جۆرە شیعرەش لەدوو راونگەی سەرەکییەوە باسی لێوەدەکەین:

## أ ـ لەروانگەی ئەدەبی گەلان:

هەوڵدەدەین پایەو پێگەی شیعری شانۆیی وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی گەلان و دەسپێکی ئەو جۆرە شیعرە لەلای نەتەوەکان بەپێی خەسڵەت و سیمای هەر نەتەوەیەك دەستنیشان بکەین:

**لەئەدەبی یۆنانی:** یۆنان مەڵبەندی سەرەکی سەرهەڵدانی شیعری شانۆییە، ئەمەش وەکو دەرئەنجامێکی گەشەکردنی جۆرەکانی شیعر هاتەئاراوە. یۆنانییەکان بەمەبەستی پەرستنی دیونیزیۆزی خواوەند، سالانە لەرێورەسمێکی شکۆداردا دوو جەژنی گەورەیان بۆ ساز دەکرد و تێیدا شیعر و مۆسیقا و گۆرانی بەسەماکردنەوە وەکو ستایش و پیاهەڵدانێك دەگوتران و نمایش دەکران. ئەو گۆرانیانە لەشێوەی دیسورامبۆس بوون کە دوا جۆری گۆرانی بەکۆمەڵ بوون دەگوترانەوە و شادی و خۆشییان دەخستە ناو دڵ ودەروونی خەڵکەوە. ئەو خواوەندەکە لەئاسیای بچووك هات و لەلایەن یۆنانییەکانەوە پەرسترا، باوەشی بۆ هونەر و شیعر و مۆسیقا کردەوە، ئەمەش جیاوازی لەگەڵ ئەپۆلۆنی خواوەند دروستکرد، لەکاتێکدا گۆرانییەکان بە ئامێری قیسارە بۆ ئەپۆلۆن دەگوترایەوە، کەچی ئەو گۆرانیانە بە ئامێری نای بۆ دیونیزیۆز دەگوترانەوە کەزیندوویەتییەکی پێبدەخشی و لەریتمدا

[1]- د. احمد عثمان، الشعر الأغريقي، ص١٨١.

جوڵەی دروست دەکرد و لەشێوازەکانی زمانیشدا ماوەی دەربڕینی هەموو جۆرە هەستێکی دەدا[1] و مەودایەکی فراوانی بە گۆرانی بێژان وکۆرس بەخشی ئازادانە و بێ زۆر لەخۆکردن هەستە جۆراجۆرەکانیان دەربڕن، ئەم هۆکارەش وای کرد بوو دیسورامبۆس وەکو گۆرانییەکی بەکۆمەڵ، تۆی دراما لەخۆیدا هەڵبگرێت و ببێتە بناغەیەك بۆ دامەزراندنی شیعری شانۆیی.

ئاریۆن یەکێك بوو لەو مۆسیقازانانەی کەتوانی پێشکەوتنێك لەگوتنەوەی دیسورامبۆس دروست بکات و چەند بەشێکی گفتوگۆی خستە نێو گۆرانییەکە کە کۆرس و سەرۆکی کۆرس دەیانگوتەوە، بەمەش ئەرکی دیسورامبۆس دوو لایەنەبوو، لایەنێکی کۆن کە گۆرانییە بەکۆمەڵەکەبوو، لایەنێکی نوێش دیالۆگ بوو کە زەمینەیەك بوو بۆ سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی بەهەردوو جۆری تراژیدی وکۆمیدی. ئەم گۆڕانە لە دیسورامبۆسەوە بۆ شیعری شانۆیی بەمشێوەیە بوو کە گۆرانی بێژان لە تاکەوە بەرەو کۆرس چوون و سردووکانیان شێوەی گفتوگۆی وەرگرت و کەئەمەش بوونی ئەکتەری لەبەرامبەر کۆرسدا، وەکو پێویستییەك چەسپاند، ئەم گفتوگۆیانەش وردەوردە پەرەیان سەند وچەند رووداوێکیان لەخۆگرت کەلەقالبی شیعریدا دارێژران[2].

لەمڕووە شاعیران رۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە پێشخستنی شیعری شانۆییدا، چونکە هەر خۆیان دەقەکەیان دەهۆنییەوە و هەر خۆشیان وەکو ئەکتەر نمایشیان دەکرد. بەناوبانگترینیان سیسپیس شاعیر بوو، کەتوانی بناغەی گۆڕانکارییەکی گەورە ئەنجام بدات و لەسەر بنچینەی داهێنانەکەی ئاریۆندا پەرە بە دیالۆگ بدات، بەشێوازێکی رێکتر دایبڕێژێت و پلەو پایەکی گەورەی پێ بدات. ئەو بیرۆکەیەش زیاتر لە تەکنیکی سرودەکانی داستان وەرگیرا کەسرودبێژانی داستان لەئاهەنگەکانیاندا لەبارەی شیعرەکانی هۆمیرۆسەوە گفتوگۆیان دەکرد و هەر

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ص١٨٣.

[2]- تەحسین چیچۆ و شێرزاد قادر، هەولێر ـ لەیادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێردا، چاپخانەی عەلاء ١٩٨٥ ، ل٢٠١.

یەکێکیان ڕۆڵیکی وەردەگرت و ئادای دەکرد[1]. سیسپیس لەمەوە بیرۆکەی دیالۆگی شانۆیی داهێنا، هەرچەندە ئەو دیالۆگە لەشێوەیەکی سەرەتایی و سادەوساکاربوو، بەڵام لەرووی هونەرییەوە فاکتەرێکی گرنگی بەرەوپێشەوەچوون بوو[2].

بۆجێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە، سیسپیس ئەکتەرێکی داهێنا بۆ ئەوەی لەگەڵ کۆرسدا، بەشەکانی دیالۆگ ئاڵوگۆر بکەن، خۆشی ڕۆڵی ئەو ئەکتەری گێڕا، کەدواتر بووە باو کە شاعیر دەبوایە ڕۆڵی ئەکتەرەکە بنوێنێت و لەنواندندا بەشداری بکات. بەهۆی داهێنانی ئەو ئەکتەرە ، مەنەلۆگ هاتەکایەوە و بەهۆیەوە بەشێك لە زانیارییەکان لەرێگای خۆدواندنی ئەکتەر دەگەیەندرا. هەروەها ئەو ئەکتەرە بۆ یەکەمجار دەمامکی پۆشت، بۆ ئەوەی رووی راستەقینەی خۆی بشارێتەوە و کەسایەتی دیکە بنوێنێت.

ئەسخیلیۆس( ٥٢٥-٤٥٦ پ.ز) لەدوای سیسپیس، شاعیرێکی گەورەی یۆنانە و بە باوکی تراژیدا ناسراوە، چونکە لەسەر دەسی ئەو شیعری شانۆیی هەنگاوی مەزنی بەرەو نەشونماکردن نا. لەمڕووە ئەکتەری دووەمی خستە سەر تەختی شانۆ، وای کرد لەگەڵ ئەو ئەکتەرەی کە سیسپیس دایهێنابوو هەموو ڕۆڵەکانی دەگێڕا، ئەمجارەیان بەیەکەوەو بەهاوبەشی ڕۆڵ بگێڕن ، ئەمەش بووە هۆکاری پەیدابوونی ململانێ وەکو رەگەزێکی گرنگی شیعری شانۆیی و بەمەش دەقەکان چەندین ململانێیان لەناو رووداوەکاندا لەخۆ گرت و دەربڕی چەندین بیروبۆچوونی جیاواز بوون کە پلەی ململانێیەکانیان بەرزتر کردەوە[3]. بەم داهێنانەش رووداو ململانێ ڕۆڵێکی گەورەیان پێبەخشرا، چونکە پێشتر بەبوونی کۆرس و تاکە ئەکتەرێك نەدەتواندرا بەرجەستە بکرێت وکۆرسیش سەنتەری کاری شانۆیی پێکدەهێنا ، بۆیە کەمتر ئاوڕ لە رووداو دەدرایەوە، بەڵام بەهاتنی ئەکتەری دووەم ، سنووری کۆرس کەمتر بوویەوەو دیالۆگەکانی لەگەڵ ئەکتەری یەکەم بەرجەستەکردنی ململانێیەکان

---

[1]- عیسی خلیل محسن الحسینی، المسرح ـ نشأته و أدابه وأثر نشاط المسرحي في المدارس، دار جرير للنشرو التوزيع ، الطبعة الأولى،٢٠٠٦ ، ص٤٧.

[2]- د. احمد عثمان، الشعر الأغريقي، ص٢٠٠..

[3]- هەمان سەرچاوە ، ص ٢١٢.

بەجووڵـەو کـردارەوە ئاسـانتر کـرد. هەرچـەندە بـەکارهێنانی تەکنیکـەکانی رووداو ململانێ وجووڵەی شانۆیی لای ئەسخیلیۆس سادەو سـاکار بـوو، بـەڵام کاریگـەرییان لەبونیاتی شیعری شانۆیی بەجێ هێشت[1] وقورسایی کـاری شانۆییـشی لەکۆرسـەوە بـۆ جوڵـەو کـردار گواسـتەوە، ئـەم کـارەش پێویـستی بـە جلوبـەرگ و رازاندنـەوەی تەختی شانۆ هەبوو بۆ ئەوەی لەگەڵ کەشـی رووداو ململانێیەکـە بگونجێـت و بینـەر راسـتەوخۆ بکەوێتـە نێـو چـەقی رووداوەکانـەوە. ئەسـخیلیۆس کـاری دیکۆرسـازی هێنایە ئاراوە.

ئەسخیلۆس توانی لەساڵی ٤٨٤ پ. ز خەڵاتی یەکەم بەدەست بهێنێت و وەك زانراویشە نزیکەی نەوەت بەرهەمی شـیعری شـانۆیی هـەبووە، بـەڵام ئەوانـەی مـاون بریتین لە(( پەنابەران یان نزاکاران، پارسەکان، حەوت سوارەی سیپا، پرۆمیـسۆسی بەندکراو ئاگـا مـەمنون، قوربانیکـاران، لێبوردەکـان)) نـاوەرۆکی شـیعرە شانۆیەکانیـشی جگـە لـە ئەفـسانە و داسـتانەکانی یۆنـانی، باسـکردنی نـاکۆکی و کێـشەکانی خواوەنـدەکان بـوون و مـرۆڤ لەچوارچـێوەی ئـەو رەهەنـدە ئاینییـەوە وێناکراوە.

یەکێکی دیکە لەرابەرانی شیعری شانۆیی یۆنان ، سۆفۆکلیس ( ٤٩٥– ٤٠٦ پ. ز)ە. یەکێك لە کارە گرنگەکانی ئەو شاعیرە چارەسەرکردنی کێشەیەك بوو کە لەئـەنجامی بوونی دوو ئەکتەر وکۆرس هاتبووە کایەوە، چـونکە دەبوایـە بـەردەوام دوو ئەکتـەر لەسەر شانۆ دیالۆگ بەڕێوەببەن، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ بێزاربوونی جەماوەر، بۆیە کـۆرس بەشـداری لەگەڵیانـدا دەکـرد و بەشـێکی زۆری دیـالۆگی بەردەکـەوت. بـۆ چارەسەرکردنی ئـەم گرفتـەش سـۆفۆکلیس ئەکتـەری سـێیەمی داهێنـا بەمەبەسـتی فراونتربـوونی بـەکارهێنانی دیـالۆگ لەلایـەن ئەکتـەرەکان و کەمتربوونـەوەی رۆڵـی کۆرس لەوەرگرتنی بەشەکانی دیالۆگدا.هەرچەندە ژمارەی کۆرسی لە (١٢) کەسـەوە کردە(١٥) کەس، بەڵام رۆڵی دیالۆگی زیاتر بە ئەکتـەرەکان بەخـشی و بەشـداربوونی کۆرسی لەگێڕانەوەی رووداوەکان کـەمتر کـردەوە. لەئەنجامیـشدا قـەوارەی دیـالۆگ

---

[1]- د. جميل نصيف التكريتي، التقنية الدرامية عند اسخيلوس، مجلة( الفنون) ، العدد( ٢٠٣) ،٢١\١١\١٩٨٢، ص٣٦.

لەنێو شیعری شانۆیی فراوانتر بوو وبەهۆیەوەش ڕووداوەکان زیاتر چڕبوونەوە و چوونە ناو یەکتر و ئاڵۆزتربوون[1].

سۆفوکلیس توانی لەپێشبڕکێی ساڵی ٤٦٨ پ.ز پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت و بەسەر ئەسخیلیۆسدا سەرکەوێت. بەرهەمەکانیشی بەزیاتر لە (١٢٠–١٣٠)مەزندە دەکرێت، تەنیا حەوت بەرهەمی ماون کە بریتین لە( ئەیاس، فیلۆکتێیس، ئیلکترا، ئۆدیپۆس، ئۆدیپۆس لە کۆلۆنا، ئەنتیجۆنا، ئافرەتانی تراکیسیا)، ناوەرۆکی شیعرە شانۆیەکانیشی وێناکردنی ڕووداوەکانی نێوان مرۆڤ و خواوەندەکان بوو و هێنانەخوارەوەی ئاستی ڕووداوەکان بوو لە ڕۆڵگێڕانی خواوەندەکان بۆ ئاستی مرۆڤایەتی ، کە جیاوازی لەگەڵ ئەسخیلیۆس پیشاندەدات و بەلای ئەسخیلیۆسەوە مرۆڤ لەبەردەم ئیرادەی خواوەند لاوازە، بەڵام سۆفۆکلیس وێنای مرۆڤێکی ئازاد و هزرمەندو کارگەر دەکات.

هەروەها یۆرپیدس (٤٨٠–٤٠٦ پ.ز) یەکێك بوو لەشاعیرە دیارو ناودارەکانی یۆنانی، کە لەڕووی ناوەرۆکەوە پەرەی بەشیعری شانۆیی دا و توانی ململانێیەکان لەنێوان خواوەندەکان و هەروەها نێوان مرۆڤ و خواوەندەکان بۆ ململانێی نێوان مرۆڤ ومرۆڤ بگوازێتەوەو زیاتر جەخت لەسەر کێشەکانی کۆمەڵگە بکات و پەیامی کۆمەڵایەتی بگەیەنێت. هەروەها گومانی لەدەسەڵاتی ئایینیدا هەبوو و لەبەرهەمەکانیدا ڕەخنەی ئاراستەی دەسەڵاتی ئایینی دەکرد وداوای نەمانی چینایەتی کۆمەڵایەتی دەکرد و بێزاری خۆی لە جەنگەکان دەردەبڕی . یۆرپیدس یەکەم شاعیر بوو ئاوڕی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دایەوەو خۆشەویستی کردە بابەتێك و پشتگیری لە مافەکانی ئافرەتان کرد[2]. لەسەر ئەم بیروبۆچوونانەش چەندین جار درایە دادگا، یۆرپیدس نەوەت ونۆ بەرهەمی هەبووە، بەڵام تەنیا حەڤدە بەرهەمی ماوەتەوە( ئەلکیستیس، دیدیا، هیبۆلیت، ئافرەتانی تەروادە، هێلێن، ئۆریست، ئیڤجینا لە ئۆلیس، ئافرەتانی باکۆسیا، ئەندرۆماکیا، هەرقەلییەکان،

---

[1]- عيسى خليل محسن الحسيني، المسرح ـ نشأته و أدابه وأثر نشاط المسرحي في المدارس، ص٤٧.

[2]- هەمان سەرچاوە، ص٥٤.

هیكۆبیا، نزاكاران ، ئیلیكترا، هەرقەلە شێت، ئیڤجینیا لەتۆرس، بۆن، ئافرەتانی فینیقیا).

یەكێكی دیكە لەپێشەوایانی شیعری شانۆیی ( ئەرستۆڤانیس)ە، كە بە باوكی كۆمیدیا ناوبانگی دەركردووە و هەوڵی داوە لەرێگای پێكەنین و ساتیرەوە رەخنە لە بارودۆخی كۆمەڵگایەكەی بگرێت. كۆمیدیا لەسەرەتادا بریتی بووە لە ( جۆرە لاقرتێ وگەنجەفەكردنێك، مەبەست تیایان تەنیا شویلاك خاوكردنەوەبوو، بەلام ئەرستۆڤانیس توانی پەیكەری هونەری نایاب بۆكۆمیدیا بتاشێ و شان بەشانی درامای تراژیدی ڕای بگرێ) [1] . ئەرستۆڤانیس رای وابوو كە كۆمیدیا تەنیا بۆ پێكەنین نییە، بەڵكو بۆ گەیاندنی پەیامی بەختەوەركردنی مرۆڤایەتییە. لەبەرهەمەكانیشی( دیتالیس، بابلییەكان، باڵندەكان، سیسمۆفۆریا، بۆقەكان، سامان، لیزمیسترانا، تریكالیس، لیمنیا، لیرەكان....).

بەرهەمی ئەو شاعیرانە بوونە سەرچاوەو هەوێنی لێكۆڵینەوەو شیكردنەوەكانی ئەرستۆ كەوەكو رەخنەگرێك لە كتێبەكەیدا ( هونەری شیعر) لەدەقەكانیانەوە، رەگەزو خەسڵەت و سیمای شیعری شانۆیی دەستنیشان دەكات وجۆرەكانی دیاری دەكات. ئەو بیروڕایانەی بوونە تیۆرێك و رۆژگارێكی دوورو درێژ دەستیان بەسەر گۆڕەپانی ئەدەبیدا گرت.

**لەئەدەبی رۆمانی:** لەدوای یۆنانییەكان، رۆمانەكان دێن، كە ئەوانیش بایەخیان بە شیعری شانۆیی داوە، بەلام پێگەیەكی بەهێزی وەكو یۆنانییەكانیان نەبووە، بەڵكو لەچوارچێوەی لاساییكردنەوەی یۆنانییەكان بووە . دوای ئەوەی رۆمانەكان ، یۆنانیان داگیركرد، كەوتنە ژێر كاریگەری ئەدەبی یۆنانییەوە و نمونەی ئەدەبی یۆنانی بووە پێشڕەو رێنیشاندەریان . شاعیرانی رۆمانی شیعری شانۆیی و شانۆیان فەرامۆش نەكرد و پێیان وابوو ( مەیدانی شانۆگەری و دراما ئەو گۆڕەپانەیە كە كەڵەشاعیران بەهرە و توانای خۆیان تیا دەردەخەن) [2] .

[1]- حەمەكەریم هەورامی ، درامای كوردی لەنێو درامای جیهانیدا ، ل ١٢٥.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤١.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە بایەخیان بە شیعری تراژیدی نەدا ئەمەش لەبەر ئەوەی شیعرە تراژیدییەکانیان لەچاو شیعرە تراژیدییەکانی یۆنانی ئاست نزمتر بوو، هەروەها تراژیدییەکانی سینکای شاعیریش دیمەنی خوێنڕشتن و ستەمکاری زۆر لەخۆگرتبوو کە تەنیا لەگەڵ سروشتی ڕۆمانەکان خۆیان دەگونجان. شیعری شانۆیی ڕۆمانی لەسەر دەستی لیفیوس ئەندەرنیکۆس دەست پێ دەکات و بەیەکەم نووسەری شیعری شانۆیی ڕۆمانی دادەنرێت و بەرهەمەکانی بریتین لە (( ئاخیل، ئیجۆست، ئەیاس قاچی لەدەست، ئەندرۆمید، دانای، ئەسپەکەی تەروادە، هێرمیۆن، تیریوس، ئینۆ، خەنجەر، لۆتی، خەتەنەکرا))، نایفیوس یەکێکی دیکەیە لەو شاعیرانەی کەبەهرەدار بووە و لەشیعرە شانۆییەکانیدا پەیڕەوی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کردووە و تانە وتەشەری لەپیاوە دەوڵەمەند و کاربەدەستەکان داوەو خاوەنی سی ونۆ بەرهەم بووە.

سینکا جگەلەوەی شیعری شانۆیی نووسیوە، فەیلەسوفیش بووەو لەژێر کارتێکردنی فەلسەفەی ڕەواقییەکاندا بووە، نزیکەی نۆ بەرهەمی هەیە ( هەرقلە شێت، ئافرەتی تراودە، ئافرەتانی فینیقا، میدیان قایدرا، ئۆدیپ ، ئاگا مەمنون، هەرقل سەرلوتکەی ئاوێتا، ئۆکتافیا) . ئەم بەرهەمانە کاریگەرییان لەسەر هۆراس داناوە و لەسەر ڕێچکەی ئەرستۆ و بەهەمان ناوەوە کتێبی (( هونەری شیعر))ی بڵاوکردەوە وتێیدا ئەو بەرهەمانە لەڕووی دەق و نواندنەوە هەڵدەسەنگێنێ و مەرجەکانی شیعری شانۆیی دەستنیشان دەکات . هۆراس داوا دەکات لاسایی یۆنانییەکان بکەنەوە و دەڵێت( ئەوەندە مەسەلەکە پەیوەندی بەئێوەوە هەیەن شەو ورۆژ نموونەی models گریکەکانتان لەبەرچاو بێت)[1].ئارادس نیکۆڵ پێیوایە هۆراس لەچاو ئەرستۆ ، بۆچوونەکانی زۆرتوندن و هیچ بوارێك بۆ داهێنان و نوێگەری ناکەنەوە[2]، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو بۆچوونانەی هۆراس بوونە سەرمەشق و پەیڕەوی لێکرا.

---

[1]- هۆراس، هونەری شیعر ، و: حەمید عەزیز، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، ٢٠٠٥، ل٢٩.

[2]- ألأرادس نیکول، علم المسرحیة، ت: درینی خشبة، مکتبة الأداب، مصر ١٩٥٨، ص٩.

**لە ئەدەبی فەرەنسی:** فەرەنسییەکان کەوتنە ژێر کاریگەری ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی و لاساییان کردەنەوە و بابەتەکانیان لە کەلەوپوری ئەوان وەردەگرت. کاریگەربوونی فەرەنسییەکان بە ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی پێش ئینگلیزەکان کەوت، لەبەر ئەوەی بارودۆخی فەرەنسا لەسەدەی شانزەهەمدا و لەسەردەمی لویسی چواردەدا لەرووی سیاسیی جۆرە هێمنی و ئارامییەکی بەخۆیەوە بینی کە بووە مایەی گەشەکردنی ئەدەب و هونەر، لەمبارەیەوە کۆمەڵەی ( پلێاد ـ لەپلەیاد) دروست بوو کەداوای فێربوونی بنەماکانی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی و لاساییکردنەوە نمونەکانی ئەوانیان دەکرد .

ڕێبەران و پێشەوایانی شیعری شانۆیی فەرەنسی بریتی بوون لە کۆرنێ ( ١٦٠٦–١٦٨٤) و راسین( ١٦٣٩–١٦٩٦) لەتراژیدیا و مۆلێر(١٦٢٤–١٦٧٣)یش لە کۆمیدیا. بەرهەمەکانی ئەم شاعیرانە بەوە دەناسرانەوە کە بەشیعری کێش و سەروادار دادەرێژران و لە پێنج بەشیش پێکدەهات[1]. بوالۆ وەکو رەخنەگرێك لەساڵی (١٦٧٤) لە کتێبەکەیدا ( هونەری شیعر) بەرهەمەکانیانی شیکردەوە . لەسەدەی هەژدەدا بارودۆخی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی وهزری گۆڕانی بەسەر داهات و و چینی دەرەبەگایەتی و ئۆرستوکراتی لاوازبوون و لەبەرامبەردا چینی بۆرژوازی هاتنە مەیدانەوە و لەگەڵیشیدا بزووتنەوەیەکی فیکری هاتەئاراوە کەچەندین نووسەرو ڕۆشنبیری لەخۆ گرتبوو و بیروڕای ئازادییان دەردەبڕی کە ئەمانەش بوونە ڕێخۆشکەرێك بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسا و بڵاوبوونەوەی بیروڕای ئازادی و یەکسانی و ئاشتی ، ئەو بارودۆخە لە ئەدەب و هونەردا رەنگی دایەوە و زۆرێك لە لێکۆڵەرو رەخنەگران داوایان کرد نمایشی شانۆیی لە نێو کۆشك و تەلاری پادشاکان بێتەدەرەوەو لەنێو گەلدا نمایش بکرێت[2].

ئەمانەش هۆکارێك بوون بۆ دەرچوون لە چوارچێوەکانی ئەدەبی یۆنانی و ڕۆمانی و وەلاوەنانی بیروڕاکانی ئەرستۆ و هۆراس، هاوکاتیش بەهۆی ریالیزمەوە ، پەخشان وەکو رکابەرێکی شیعر هاتە مەیدانەوە و زیاتر شانۆی پەخشان بڕەوی

---

[1] - تەحسین چیچۆ و شێرزاد قادر، هەولێر ـ لەیادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێردا ، ل٢٠٦.

[2] - د. علی الزبیدی، الشعر و المسرح، الشعر و الفنوون ـ مختارات من الأبحاث المقدمة لمهرجان المربد الثالث ١٩٧٤، ص١٣.

پەیدا کرد. بەمەبەستی زیندووکردنەوەی شیعری شانۆیش، بزووتنەوەیەك سەریهەڵدا و هەوڵی دووبارە بووژاندنەوەی ئەو جۆرە شیعرەیان دەدا ، لەوانەش دیدرۆ بوو کە وتارێکی درێژی بەناوی ( نامەیەك لەبارەی شیعری شانۆییە) نووسی و هەروەها جان کۆکتۆ کەزاراوەی شیعری شانۆیی لەبری زاراوەی شیعر لە شانۆ بەکارهێنا . هەروەها فیکتۆر هۆگۆ و ئەلفرێد دو مۆسییە زیاتر کاریگەربوون بە شێوازی کارەکانی شکسپیر و پەنایان بۆ بەکارهێنانی شیعری مورسەل برد کە شکسپیر لە نووسینی شانۆگەرییەکانیدا پەیڕەوی لێدەکرد.

لەسالأنی بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەمیشدا، پاریس وەکو مەڵبەندێکی فیکری جیهانی و لەژێر کاریگەری تیۆرە فەلسەفییە هاوچەرخەکانەوە هەوڵەکانی چڕترکردەوە بۆ زیندووکردنەوە و بەردەوامی دان بە شیعری شانۆیی[1] ، لەمبارەیەوە جیرار جینت رۆڵێکی گەورەی گێڕا و چەندین بەرهەمی بلأوکردەوە کە خاوەن بونیاتێکی پتەو و خەیاڵێکی شاعیرانە بوو. هەروەها جین ئەتوا شانۆگەری (ئەنجۆن)ی لەکاتی داگیرکردنی پاریس لەلایەن نازییەکانەوە لەساڵی (١٩٤٧) دا نووسی وتێیدا پەیوەندی نێوان مافی هێز و مافی بەرگریکردنی روونکردەوە[2] .

**لەئەدەبی ئینگیزی:** شیعری شانۆیی ئینگلیزی هەروەکو سەرجەم وڵاتانی دیکە لەبۆتەی ئایینی سەریهەڵدا ، لەنێو کلێساکان و دەرەوەی کلێساکاندا ئەو شانۆگەرییانەی کە نمایش دەکران مەبەستیان بلأوکردنەوەی بیر و هزری ئایینی مەسیحی بوو، ئەمانەش لەشێوەی سرود و شیعرە ئاینییەکانەوە بوون کە بەنۆبەرەی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی ئینگلیزی دادەنرێت، چونکە لێکۆڵەرو رەخنەگرانی ئینگلیزی هەموو رەگەزەکانی شیعری شانۆیی و هونەری شانۆیی تێدا دەبینەوە[3] .

---

[1]- فرنسيس فرجسون، فكرة المسرح، ت: جلال العشري، دار النهضة العربية، ١٩٦٤، ص٣٢٩.

[2]- د. احمد ابراهيم، الدراما و الفرجة المسرحية، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الطبعة الأولى٢٠٠٦، ص١١٦-١١٧.

[3]- الأراديس نيكول ، المسرحية في الأدب الأنكليزي، ت: يوسف عبدالمسيح ثروة، ص٧.

لەسـاڵی (١٥٥٩) ئیلیـزابیس چـووە سـەرتەختی شـاهانەی ئینگلیـز و بایـەخێکی زۆری بـە شـانۆ و شـاعیرانی شـانۆدا . ئـەو سـەردەمە کـە بەسـەردەمی ئیلیزابیسی ناسراوە، لەسەر دەستی سێکوچکەی شاعیرانی ئیلیزابیسی (کریستۆفەر مارلۆ و تۆماس کید و شکسپیر) شـانۆ و شـیعری شـانۆیی گـۆڕان و پێـشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆیانـەوە بینـی، بەتایبـەتیش شکسپیر چـەندین بەرهـەمی تراژیـدی و کۆمیدی ئاست بەرزی نووسی کەلەسەر بنەمایـەکی شـیعری داڕێـژران و گوزارشـتیان لەکێـشەکانی مرۆڤایـەتی دەکـرد و نـاخی مرۆڤیـان دەهەژانـد. بەگـشتی دەتـوانین خەسڵەتەکانی شیعری شانۆی لەسەردەمی ئیلیزابیس بـەوە دەستنیـشان بکـەین کـە شیعری مورسـەل و رەوانبێـژی و زۆری و چـڕی رووداو لـەنێو بابەتـدا بـەکارهێنراوە. هەروەها پابەند نەبوون یاساکانی ئەرستۆ لەوانە یاسای سێ یەکەکەو تێکەڵنـەکردنی تراژیـدی و کۆمیـدیا. لەگـەڵ ئەوەشـدا شـیعری شـانۆیی ئیلیزابیـسی بـە میراتگـری شیعری تراژیدی یۆنانی دادەنرێت، چونکە درێژکراوەی ئەو جیهانەیە کـە سـەدەکانی ناوەڕاست لەیۆنانییەکانیان وەرگرتبوو[1].

دوای شەڕی ناوخۆ لەساڵی (١٦٤٢)، بزووتنەوەی شانۆ و هونەر و ئەدەب کز و لاوازبوون، تا هاتنی شارڵی دووەم بـۆ سـەر تـەختی فـەرمانڕەوایی ، دووبـارە خـوێن گەڕایەوە نێو بزووتنەوەی ئـەدەبی و هونـەری و چـەند شـانۆیەکی تایبـەت داهێنـرا، لەوانە شانۆی پاڵەوانییەتی کە بەشیعری کێشدار دەنووسـرا، درایـدن (١٦٣١–١٧٠٠) یـەکێك بـوو لەوانـەی بـەم شـێوازەی دەنووسـی و لەسـاڵی (١٦٦٨) یـشدا وتـارێکی بڵاوکردەوە بەناوی ( وتارێك لەبارەی شیعری درامییـەوە) و تێیـدا بـەراوردی نێـوان شانۆی کۆن و نوێ و شـانۆی ئینگلیـزی و ئیـسپانی کـرد و ئـەوەی روونکـردەوە کـە یەکێتی کات و شوێن لای شاعیرانی کۆن بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە و داواش دەکـات زیاتر بایەخ بە وێنەی کەسایەتی بدرێت[2].

لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی پیـشەسازی وگۆڕانکـاری لـە سیـستەمی ژیـاری و ئابووی و کۆمەڵایـەتی کۆمەڵگـە و هاتنـەئارای بۆچـوونەکانی رۆمانـسی و ریـالیزمی،

---

[1]- فرنیس فرجسۆن، فکرة المسرح، عرض ونقد: غالی شکری، مجلة (الأداب)، العدد (١)، السنة العاشرة، ابریل ١٩٦٥، ص٥٢.

[2]- د. رشاد رشدی ، نطریة الدراما من ارسطو الی الأن، ص٨١.

گۆڕانکاری ئەدەبیشی گرتەوە و شانۆ بۆ گونجان لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا ، پەنای بۆ پەخشان برد . ئەمەش سەرەتای پچڕانی شیعری شانۆیی و جەماوەرەکەی بوو، هەرچەندە گەلێك شاعیری وەك وردزورس و کۆلردج و شیللی و کیتس و ئارنۆلد هەوڵیاندا شانۆگەرییەکانیان بەشیعر بنووسنەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، لەئەنجامدا بزووتنەوەیەکی چاکسازیکردن هاتەکایەوە کە لەلایەکەوە هەوڵی دەدا رێبازی سروشتی لەئەدەبدا پێش بخات و لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵی زیندووکردنەوەی شیعری شانۆیی و جێگیربوونی پێگەکەی دەدا کەئەمەش زیاتر لەبەرهەمە ناوخۆییەکاندا رەنگی دایەوە[1] ، کە لەو بوارەدا هەردوو شاعیر ت. س . ئیلیۆت و کریستۆفەر فرای رێبەراتیان دەکرد، بەتایبەتیش ئیلیۆت رۆڵێکی یەکجار گەورەی هەبوو و راو بۆچوونەکانی بوونە سەرمەشق بۆ زیندووکردنەوەی شیعری شانۆیی، ئیلیۆت زۆر کاریگەر بوو بە شانۆگەرییەکانی شکسپیر و سەردەمی ئیلیزابیسەوە، لەگەڵ کەڵەکەبوونی ئەزموونەکانیشی ، بۆچوونەانی لەبارەی شیعری شانۆیی بۆ یەکەمجار لەساڵی (١٩١٩) لەوتارێکدا لەژێر ناوی ( بەیان و درامای شیعری ) خستەڕوو، دواتر وتارێکی دیکەی لەساڵی (١٩٢٨) بەناونیشانی (گفتوگۆیەك لەبارەی شیعری شانۆییەوە) بڵاوکردەوە و تێیدا جەختی لەسەر باڵابوونی شیعر وەکو زمانێکی شانۆیی، بەبەراورد لەگەڵ پەخشاندا کرد و خەسڵەت و پێکهێنەرەکانی شیعری شانۆیی دەستنیشان کرد. بیروڕایەکانی ئەلیوت خۆی لە دوو خاڵی سەرەکی بینییەوە: یەکەمیان باشتردانانی شیعر لەچاو پەخشان بۆ شانۆ و دووەمیان خستنەڕووی چارسەری وبیروڕا بۆ کێشەکانی شیعری شانۆیی هاوچەرخ[2]. هەروەها چەندین بەرهەمی لەم بوارەدا نووسی کە دەنگدانەوەیەکی گەورەیان دروستکرد لەوانە ( تاوانی کوشتن لەکلێسا، کۆبوونەوەی خانەوادە، ئاهەنگی کۆکتێل ، نووسەری باوەڕپێکراو).

[1]- ريموند وليمز، المسرحية من ابسن الى اليوت، ت: د. فايز اسكندر، ص ٤٣٣.

[2]- د. على الزبيدى، الشعر و المسرح، الشعر و الفنوون ـ مختارات من الأبحاث المقدمة لمهرجان المربد الثالث ١٩٧٤، ص٣٦.

**له ئەدەبی ئەڵمانی:** لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا، شیعری شانۆیی لەسەردەستی هەردوو شاعیری گەورە گۆتە(١٧٤٩-١٨٣٢) و شیلەر( ١٧٥٩-١٨٠٥) گەیشتە چلەپۆپەی داهێنان، هەرچەندە یەکەمجار شانۆگەرییەکانیان بە پەخشان دەنووسی، بەڵام دواتر روویان لە شیعری شانۆیی کرد بۆ دەربڕینی مەبەستەکانیان ، دوای ئەوەی گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە شیعری شانۆیی باشترین نمونەی دەربڕینی ئەدەبییە[1]. ئەمەش لەلایەکەوە زیاتر لەگەڵ سەرهەڵدانی رۆمانسییەت بوو کە شیعری شانۆیی ئاسۆیەکی دیکەی لەبەردەمدا کرایەوە و وا بەئاسانی نەدەتواندرا پشتی لێبکرێت[2]. لەلایەی دیکەوەش بۆ زیندووکردنەوەی ئەو کەلەوپوورە مەزنەی ئەوروپا بوو بەتایبەتیش لەسەدەی شانزەهەم و حەڤدەهەمدا ، سەرەڕای ئەمانەش نموونەکانی یۆنانی و بەرهەمەکانی شکسپیر و شیعرە شانۆییەکانی راسین کاریگەری گەورەی لەسەریان هەبوو. گۆتە لەتەك بەرهەمەکانیدا، چەند وتارێکی لەبارەی شیعری شانۆیی بڵاوکردەوە و سیماکانی ئەو جۆرە شیعرەی دەستنیشان کرد و لەگەڵ شیعری شانۆیی ئیلزابیسی جیای کردەوە. لەرووی تەکنیکەوەش، لەوێنەکێشانی کەسایەتییەکانی توانایەکی لەرادەبەدەری پیشاندا، لەرووی کۆمەڵایەتیشدا ، باری ژیاری کۆمەڵگە و ئاستی هزری و فەلسەفی بەئاشکرا لە شیعرە شانۆییەکانیدا رەنگی دایەوە. بەتایبەتیش لەشانۆگەری (ئەفیگینا تاوریسی) کە وێنەیەك بوو لەپێشکەشکردنی جوامێری و (توراکواتۆ تاسۆ)ش کارێك بوو لە شیکردنەوەی خود و (فاوست)یش پێشخستنی بیرۆکەیەی فەلسەفی بوو.

گۆتە لەگەڵ شیلەر لە ئامانجی کارەکانی جیا دەبوویەوە، بەوەی کە زیاتر مەبەستی پەروەردەیی و فێرکاری بوو ، بەشێوەیەك دەکرێت بڵێین کە(ئەو چەند بیرۆکەیەکی خستەڕوو، بەڵام ناکرێت بڵێین وێنەی شیعری هاوشێوەی تاسۆو فاوستی خولقاند) [3] و بۆ خستنەڕووی ئەو بیرۆکانەشی پەنای بۆ مێژوو برد و بابەتەکانی لەچرکە ساتە یەکلاکەرەوەکانی مێژوودا دادەڕشت. گریلبارتسر یەکێك بوو لەو

---

[1]- رونالد بيكوك، الشاعر في المسرح ، ت: ممدوح عدوان، ص٧٢.

[2]- د. على جواد الطاهر، مقدمة في النقد الأدبي، ص٢٠٦.

[3]- رونالد بيكوك، الشاعر في المسرح ، ت: ممدوح عدوان، ص٧٢.

شاعیرانەی لەژێر کاریگەری بیروڕاکانی گۆتە و شیلەردا، شیعرە شانۆییەکانی بڵاودەکردەوە کە سوودی لە بەکارهێنانی رەهەندەکانی دەروونناسی و بابەتەکانی ئەفسانە و مێژوو وەردەگرت. هیبلی شاعیریش بەهەمان شێوە بەرهەمەکانی پەیوەستبوون بەمێژوو ، هەروەها لەرووی ناوەرۆکەوەش ، هزری کۆمەڵایەتی دەخستەڕوو کە خۆی لە ململانێیەکانی نێوان پیاو ئافرەت دەبینیەوە. هیبل لەلایەکەوە بەکەلەوپووری شیعری شانۆیی لای گۆتە و شیلەر بەسترابوویەوە و لەلایەکی دیکەشەوە کەوتبووە ژێر کاریگەری شانۆی پەخشانییەوە، بۆیە بەدوا شاعیری شانۆیی لەسەدەی نۆزدەهەم دادەنرێت[1] .

**لەئەدەبی ئیسپانی:** لەسەرەتاکانی سەدەی شانزەهەم تاکۆتایی سەدمەی حەڤدەهەم، بەتایبەتیش لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی شا ئیلیزابیسدا، شیعری شانۆیی لە ئیسپانیا لەوپەڕی پێشکەوتن و گەشانەوە دابوو وچەندین کاری شانۆیی بەرهەم هات کە لەئاست کارە شانۆییەکانی ئەوکاتی ئینگلیزیدا بوون. ناودارترین شاعیری ئەو سەردەمەدا لو دی فیگایە کە زیاتر لە چوارسەدو حەفتا شانۆگەری نووسیوە . هەروەها کالدرن دی لایارکا کە لەشانۆگەرییەکانیدا کێشەکانی قەدەر و ئارەزووەکانی مرۆڤی باس دەکرد. ئەو سەردەمە بە چەرخی زێڕین دەژمێردرێت، کە بە مردنی کالدرنی شاعیر لەساڵی (١٦٧٨) بەرەو کزی و لاوازی دەچێت[2].

لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، وەکو کاردانەوەیەك لەدژی رەوتی واقیعی و سروشتی و هەروەها وەکو پەیوەستبوونێك بە فەلسەفەی نویێ و هاوچەرخەوە، شیعری شانۆیی ئیسپانی دووبارە گەشایەوە[3]. ئیدوارد مارکۆینا (١٨٧٩-١٩٤٦) لەژێر کاریگەری لوب دی ڤیگا، بەرهەمەکانی خۆی وەکو ( شوان) و ( کچەکانی ئەلسەید) بڵاوکردەوە کە تێیدا بەدیدێکی رۆمانسییانە ، بابەتێکی

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ص ١٠٣.

[2]- د. احمد ابراهيم، الدراما و الفرجة المسرحية، ص٩٦-٩٧.

[3]- فرانشيسكو رويث رامون، تاريخ المسرح الأسباني في القرن العشرين، ت: السيد عبدالظاهر، المجلد (٢) ، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة٢٠٠٢، ص٥٣.

سەدەی دوازدە شەن وکەو دەکات، بەرهەمەکانیشی زیاتر بەوە ناسران کە دەچنە خانەی مێژوو و بایەخ بە کێشەی لادێیەکان دەدەن[1]. لەدوای ئەویش چەندین شاعیری دیکەی وەکو ( پاکتیۆ جراد، ڤیرناندیز ئاردابین، ئەنتۆنیۆ و مانویل ماتشادۆ ئەلیخاندرۆ کاسۆنا) درێژەیان بەو رەوتەدا و چەندین بەرهەمی بەپێزیان پێشکەشکرد، بەڵام لەهەموویان ناودارتر گارسیا لۆرکا (١٨٩٨–١٩٣٦) بوو، کەلەسەر دەستی ئەو شیعری شانۆیی لەئیسپانیا گەیشتە لوتکەی دەرەوشانەوە و گەشەکردن. لۆرکا لەبەرهەمەکانیدا بایەخێکی زۆری بە کەلەوپووری ئیسپانی دا و هەروەها پەنجەی خستە سەر کێشەکانی مروڤ و پەردەی لەسەر زوڵم وزۆرداری و کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی مرۆڤایەتی لادا ، بەتایبەتیش بایەخێکی زۆری بە کێشەی ئافرەتان دا. بۆیە زۆرینەی کەسایەتی نێو بەرهەمەکانی ئافرەت بوون، لەبەر ئەمانەش شیعری شانۆیی لەلای لۆرکا شتێکی دانەبڕاو بوو لەخودی کارە شانۆییەکانی و شتێك نەبوو لەدەرەوە هێنرابێت و لەلای نامۆ بوو بێت[2].لەگرنگترین بەرهەمەکانیشی ( سەید کرستوباڵ، ماڵی برنارد ئەلبا، بووك گواستنەوەی خوێناوی، شاعیرێك لەنیویورك ). بۆیە لۆرکا بە یەکێك لە گەورە شاعیرانی ئیسپانیا لەقەڵەم دەدرێت.

**لەئەدەبی ئیرلەندی:** لەکۆتایی سەدەبی نۆزدەهەمدا ، شاعیری ئیرلەندی ولیم بتلەر یتس، لە زیندووکردنەوەی شیعری شانۆییدا، رۆڵێکی گەورەی گێڕا و لەو بڕوایە دابوو کە ( شانۆ سەرەتا لە رێوڕەسم ودابەوە سەریهەڵداوە و مەحاڵە بتوانێت سەرلەنوێ گەورەیی خۆی بەدەست بێنێتەوە، تا وشەکان نەگەڕێنێتەوە ئەو پێگە سەروەرییەی کە لەکۆندا هەیبووە) [3]. لەدەرئەنجامیشدا رۆمانسییەتی رەتکردەوە و گەڕایەوە بۆ داب و نەریتی کلاسیکییەت و پێچەوانەی زۆرێك لە شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمدا،

---

[1]- الآراديس نيكول، المسرحية العالمية، ت: د. نور شريف، الجزء الخامس ، دار هلا للنشر والتوزيع، ط . الأولي ٢٠٠٠، ص ٢١٦.

[2]- يوسف عبدالمسيح ثروت، الطريق و الحدود- مقالات في الأدب و المسرح و الفن ، ص ٣٠٠-٣٠٤.

[3]- د. على الزبيدى، الشعر و المسرح، الشعر و الفنوون - مختارات من الأبحاث المقدمة لمهرجان المربد الثالث ١٩٧٤، ص٢٩.

هەوڵی دا جۆرێکی نوێ لەشانۆ دروست بکات. هەروەها وازی لەمۆسیقای شکسپیری هێنا و جۆرە مۆسیقایەکی تایبەتی لە شانۆییەکانی دروست کرد[1] .

لەرووی ناوەرۆکەوەش، ییتس کەوتە ژێر کاریگەری رەمزییەکانی فەرەنسا و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و لایەنی دەروونی و وێناکردنی ژیانی گوندەکان و بەکارهێنانی ئەفسانە و دەربڕین لە هەستی ئایینی لەچوارچێوەی سۆفییەتێکی خودیی و دژایەتیکردنی واقیعییەت ، ئاڵۆزییەکی تەواوی بەبەرهەمەکانی بەخشی و جیهانێکی ناسروشتی و ناماددی دروستکرد بەمەبەستی هێنانەدی شانۆیەکی تەواو بۆ ئەوەی بتوانێت بگاتە پایەی شیعر.لەبەرهەمەکانیشدا ( لەکەنارەکانی بیل، ئاوێنەی کات،خەونە خەیاڵییەکان، خەونەکانی مردووان، پشیلە و مانگ و زیندووبوونەوە، مردنی کاتۆلین)ە. جۆن سینگ (١٨٧١-١٩٠٩) یەکێکە دیکە بوو لەشاعیرەکانی ئیرلەندی کاریگەر بوو بەڕابۆچوونەکانی ییتس و پەیڕەوی هەمان هەڵوێستی ئەوی کرد لە رەتکردنەوەی شانۆی سروشتی و ریالیزمی . لەرووی ناوەرۆکەوەش ئەفسانە و داستانە میللییەکانی ئیرلەندی لەنێو بەرهەمەکانی تەوزیف کرد و توانی بابەتەکانی شانۆیی لەگوندەوە بگوازێتەوە شار.

**لەئەدەبی نەرویجی:** ئیپسن یەکێك بوو لەگەورە شاعیرانی نەرویج و سەرتای ژیانی ئەدەبی بەنووسینی شیعری شانۆیی دەستپێکرد. لەو ماوەیەدا سێ بەرهەمی بڵاوکردەوە کەناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد ئەوانیش : ئیمپراتۆر و جەلیلی ١٨٥٠ وبراند ١٨٦٦ و پیرجنت١٨٦٧ ، بابەتەکانی ئەو شیعرە شانۆییانەشی لە ئەفسانە وەرگرتبوو بەشێوەیەکی هاوچەرخانە و دیدێکی نوێیوە تەوزیفی کردبوو کەجەختی لەسەر خود و ژیانی رۆحی مرۆڤ دەکردەوە، هەروەها لەو بەرهەمانەیدا بەشێوازێك رەخنەی لەکایەی کۆمەڵایەتی دەگرت کە تەکنیکێکی زۆر بەهێزی شانۆیی لەگەڵ شەپۆلێکی پڕ لە هزری کۆمەڵایەتی لەنێو بابەتەکانیدا هاوسەنگ دەکرد[2]، بەڵام دواجار بڕیاریدا واز لەشیعری شانۆیی بهێنێت و لەژێر کاریگەری رێبازی سروشتی و

---

[1]- الآراديس نيكول، المسرحية العالمية،ت: د. شوقي السكري،الجزء الرابع، دار هلا للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى ٢٠٠٠، ص٢٤٤.

[2]- رونالد بيكوك، الشاعر في المسرح، ت : ت: ممدوح عدوان ص١١٥.

ریالیزمدا رووی له شانۆی پەخشان کرد ، ئیپسن رەتکردنەوەی شیعری شانۆیی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ویستویەتی وێنای حەقیقەت بکات و شتێك لەمێشکی خوێنەر جێ بهێڵێت و بگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەوەی دەخوێنێتەوە لەواقیعدا روویداوە. لەکاتێکدا شیعر پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە . بۆیە ئیپسن لەوبڕوایە دایە ئەگەر کەسایەتییەکان بەشیعر بدوێن، ئەوا نادیار و پەنهان و تێکەڵ بەیەك دەبن، لەهەمانکاتیشدا شیعری شانۆیی بەرابردوو لەقەڵەم دەدا کە لەگەڵ واقیعی نوێ هەڵناکات و شیعرەکانی شکسپیری بە سەردەمێکی بەسەرچوو دادەنا. ئەپسن ئارەزووی ئەوەی دەکرد لەنێو بەرهەمەکانی وێنای مرۆڤ بکات، لەبەر ئەوە بڕوای وابوو کەمرۆڤ چۆنە وا بنوێنرێت، نەك بەزمانی خواوەندەوە بدوێن [1]، واتە شیعری بە بەرهەمی چینی سەرەوەی کۆمەڵ و خواوەندەکان دانا، بۆیە لەساڵی (١٨٨٣) دەگاتە ئەو بڕوایەی کە شیعر زیانێکی گەورەی بە کاری نواندن گەیاندووە، لەجیاتی ئەمەش پەنای بۆ بەکارهێنانی پەخشان برد کە زیاتر دەربڕینێکی شاعیرانە لەخۆ بگرێت و لەبڕوایەشدا بوو کە لە شانۆی داهاتوودا، شیعر هیچ بەهایەکی نابێت. بەڵام ئیپسن لەساڵی (١٨٨٤) پەشیمانی خۆی لەو بۆچوونانەی کەلەدژی شیعر دەریبڕیبوون راگەیاند و دەربڕینی ئەو بیروڕایەنەشی بە ئاراستەیەکی کاتی وەسفی کرد.

**لە ئەدەبی سویدی:** ستریند بێرگ (١٨٤٨–١٩١٢) یەکێك بوو لەو شاعیرە سویدییانەی گیانێکی نوێی بە شیعری شانۆیی بەخشی و بەڕاو بۆچوونەکانی رێگای بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی شیعری شانۆیی خۆشکرد. ستریند بێرگ هەر چەندە لەژێر کاریگەری رێبازی سروشتیدا رێبەرایەتی ئەو نوێکردنەوەیەی کرد ، بەڵام لەهەمانکاتیشدا لەگەڵ بیروڕاکانی سروشتیخوازان جیاواز بوو، بەتایبەتیش لەبارەی خستنەڕووی بابەتە باوەکاندا، ئەم جیاوازییەی لەگەڵ سروشتیخوازەکاندا گەیاندییە فۆرمێکی ناوازەی شانۆیی کە خۆی لەوێناکردنی کەسایەتی بینییەوە، بەجۆرێك

[1]- ريموند وليمز، المسرحية من ابسن الى اليوت، ت: د. قايز اسكندر، ص ٨٩-٩٠.

کەسـایەتییەکانی بەشـێوازێکی نوێخوازانـە خـستەڕوو، بەتایبـەتیش لـەرووی شـیکردنەوەی پێکهاتـە ئاڵۆزەکـانی قـوڵایی دەروون و دۆزینـەوەی پاڵنـەرەکان، لەمەشـدا لەگـەڵ بیروراکـانی ئیپـسن لـەبنیاتنانی هەڵوێـستی کەسـایەتی جیـاواز کەوتەوە[1].

ستریند بێرگ باوەڕی وابـوو سروشـت تـەنیا وێنـەگرتنێکی فۆتۆگرافیانـە نییـە هەموو شتێك باس بکات، بەڵکو سروشتخوازی بەدواداچوونی بابەتەکانی ژیانە ، ئـەو بابەتانەی ململانێیەکی گەورە لەخۆ دەگرن و ناتوانرێت رۆژانە وردەکارییـەکانی ئـەو ململانێیـە گەورەیـە ببینرێـت. لەروانگەشـەوە شـێوازی بابەتـەکانی لـە چـنینی رووداوەکانـدا، لەسـەر دۆزینـەوەی کێـشەو چرکەسـاتی هەڵگیرسـانی ململانێیـەکان بونیاتنا. قورسایی ئەو بنیاتنانەشی لەسەر وێناکردنی کەسایەتی بوو بەشێوەیەك کە کەسایەتی بـۆ تـەنیا رەگـەزێك کـورت کـردەوە[2]، چـونکە سـتریند بێـرگ بـڕوای بـە خـستنەڕووی کەسـایەتی سـادە ودیـاریکردنی سـیما و خاسـیەتەکانی لەسـەر شـانۆ نەبوو، بەڵکو هـەوڵی دەدا بـچێتە قـووڵایی دەروونـی کەسـایەتییەکانی و رایەڵـەکانی هەست و سـۆز و ئاماژەکـان بخوێنێتـەوە. بەمـەش سـتریند بێـرگ ( درامـای بـەرەو هەڵێهێنجانـدنی ئـەو شـتانەی کـە لـەناخی دەرووندا مـەیی بـوون رایـی کـرد و رێـی هامشووکردنی بۆ ئەوانەی کە دەیانویـست بـەرەو تـاریکی ئـەو جیهانـە بـرۆن خـۆش کردو تەلسیمەکەی کەرێی بەرەو ئەوێ گرتبوو شکاند) [3]. و رێگـای بـۆ سـەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە وشیکردنەوەی دەروونی رەخساند. ستریند بێرگ گەلێك بەرهەمی هـەبوو لەوانە ( خاتوو جولیا، رێگا بەرەو دیمەشق، جۆرەکانی تاوان، سۆناتای تارمایی).

**لەئەدەبی هیندی:** سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی لەچوارچێوەی شانۆی هیندیدا خـۆی دەبینێتەوە ، هەرچەندە ڕابۆچوونی جیـاواز هەیـە لـەبارەی کاریگـەری یۆنانییـەکان لەسەرهەڵدانی شانۆی هیندی، بەڵام رەگ و ریـشەی شـانۆیی لەئـەدەبیاتی هیندییـدا

---

[1]- د. علی الزبیدی، الشعر و المسرح، الشعر و الفنوون ـ مختارات من الأبحاث المقدمة لمهرجان المربد الثالث ١٩٧٤ ، ص ٢٥.

[2]- ريموند وليمز، المسرحية من ابسن الى اليوت، ت : د. فايز اسكندر، ص ١٥٩-١٧٠.

[3]- حەمەکەریم هەورامی ، درامای کوردی لەنێو درامای جیهانیدا، ل ٢٥٩.

زۆر کۆنتره و بەتایبـەتیش لەسـەردەمی سانسکریتیدا کـە بـەقۆناغی دوای ڤیـداکان لەقەڵـەم دەدرێـت و تێیـدا ئـەدەبیاتی هینـدی گـەلێك فـۆرمی جۆراجـۆری لـەخۆگرت لەوانەش شانۆ بوو[١] .

زاراوەی شـانۆ بـە هینـدی ناتاکـا Natakaی پێـدەڵێن کـەواتای سـەماکردن دەگەیـەنێت و رۆڵێکـی گـەورەی لـە رێوڕەسمی ئاهەنگـەکانی پەرستنی خواوەنـدە هیندییەکانی وەکو کریشنا و ڤیشنۆ وشیفا گێـڕاوە و ئـەو ئاهەنگانـەش بەسـەرەتای سـەرهەڵدانی شـانۆ و شـیعری شـانۆیی لەقەڵـەم دەدرێـن. فاراتـا مـۆنی لـە سـەدەی دووەمـی زایینیـدا کتێبێکـی بـەناوی ناتیـا شاسـترا دانـا کـە بەیـەکێك لەکتێبـە زانسـتییەکان دادەنرێـت بـۆ باسـکردنی رەگ وریـشەی شـانۆی هینـدی، مـۆنی لـەو کتێبەیدا ئاماژە بۆ براهمای خواوەند دەکات کە شانۆی داهێناوە بۆ ئـەوەی چێژ بـە مرۆڤ ببەخشێت. ئەو شـانۆگەرییانەی هینـدی بـە زمـانی سانـسکریتی دەنووسـران و سـەرەتاش لـە کۆشـك و تـەلاری پادشـاکاندا نمـایش دەکـران . سـەرەڕای ئەمانـەش ناوەرۆکی داستانەکانی مەهابەهاراتا و رامایانا بوونە هـەوێنی گـەلێك کـاری شـانۆیی کەلەمێـــژووی شـــانۆگەری هینديـــدا پێگەيـــەی بالآيـــان هەيـــە[٢] . گـــرنگترین بەرهەمەکانیشیان ( شکونتەلا یان ئەڵقەی تەقدیر)ە، کـە شـانۆنامەیەکی شـیعرییە و دەرواتە پاڵ ( کالیداسا) و بـۆ دەروبـەری سـەدەی پێنجـەمی زایینـی دەگەڕێتـەوەو باس لـە چـیرۆکێکی خۆشەویستی نێـوان پادشـایەك و ئافرەتێـك بـەناوی شـکونتەلا دەکات کە لەکۆتاییـدا بەیـەکتر دەگـەن. لەسـەدەی بیستەمیـشدا شـاعیری گـەورەی هینـد رابنـدرات تـاگور بەیـەکێك لـەو شـاعیرە شـانۆییانە لەقەڵـەم دەدرێـت کـە شانۆییەکانی بە بەشێکی گرنگ لە کەلەپوری شانۆی جیهانی لەقەڵەم دەدرێن.

**لەئەدەبی ئێرانی:** سەرهەڵدانی شانۆ و شیعری شانۆیی لای فارسەکان پەیوەستە بـە هەندێك دیاردەی میللی کەدەکرێت رەگـەزەکانی شـانۆیی تێدا دەستنیـشان بکـرێن، یـەکێك لـەو دیاردانـە ئـەو نمایـشانە بـوو کەلەسـەردەمی بهرامـی پێنجـەم پاشـای

[١]- بوکنەر ب. تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی، و: حەمەکەریم عارف، بەرگی یەکەم ، ل١٣.

[٢]- د. احمد ابراهيم، الدراما والفرجة المسرحية، ص١٨٩-١٩٠.

ساسانیدا له كۆشك وتەلارەكان نمایش دەكرا و دواتر گۆڕا بۆ شانۆیەكی میللی كە حیكایەتە كۆنەكانی فارسیان دەگێڕایەوە. لەسەردەمی شا ئیسماعیل سەفەویشدا لەساڵی (١٥٠١)مەزهەبی شیعە بەفەرمی ناسێندراو لەچوارچێوەی ئەو مەزهەبەشدا رێوڕەسمی پرسەدانان هاتەكایەوە، كە كوشتنی ئیمام حوسێن تێدا نمایش دەكرا و زیاتر شێوەی شانۆگەرییەكی پێوەدیاربوو [١].

لەسەردەمی ئیسلامیشدا ، فتوحاتەكانی ئیسلام نەبوونە هۆكارێك بۆ سەرهەڵدان وناسینی جۆرەكانی دیكەی شیعرلەئەدەبی ئەو نەتەوانەی هاتنە ژێر باڵی ئیسلام، چونكە فتوحاتی ئیسلام زیاتر مەبەستێكی ئایینی هەبوو و ئامانجی بڵاوكردنەوەی ئایینی ئیسلام بوو، كەچی سەرەڕای ئەمە شیعری فارسی پێچەوانەی شیعری نەتەوەكانی دیكەی موسوڵمان، سەرهەڵدانی جۆرەكانی شیعر و بەتایبەتیش شیعری داستانی بەخۆیەوە بینیوە [٢]. سەرەتای كاری شانۆیی فارسەكان بەشێوەیەكی هونەری بۆ كۆتاییەكانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە ( ئەویش لەرێگەی وەرگێڕانی تێكستی شانۆگەری بیانییەوە بوو بەتایبەتی لەم رووەوە دەوری ئەكتەرو وەرگێڕو دیكۆرسازی ئێران (( میرسیف الدین كرمانشانی)) زۆر دیارو بەرچاوە) [٣] كە چەند شانۆگەرییەكی لەزمانی توركییەوە بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێرا. لەساڵی(١٩٠٦) شۆڕشی مەشرووتە كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە ئێران دروستكرد و بەهۆیەوە چەندین رۆژنامە وگۆڤار دەرچوون لەوانە رۆژنامەی (تیاتر) كە رۆژنامەیەكی سەربەخۆ و تایبەت بە شانۆ بوو لەساڵی (١٩٠٨) دەرچوو و رۆڵێكی دیاری لەبەرەو پێشبردنی شانۆی ئێرانیدا هەبوو [٤].

---

[١]- هەمان سەرچاوە، ص١٩٦-١٩٧.

[٢]- عیسی خلیل محسن الحسینی، المسرح ـ نشأته و أدابه وأثر نشاط المسرحي في المدارس، ص٨٩.

[٣]- پ.ی. د. هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی كوردی، دەزگای توێژینەوە وبڵاوكردنەوەی موكریانی ، هەولێر٢٠٠٧، ل٢٣٨.

[٤]- تاهیر بەكر حوسێن، توخمەكانی دراما لە شانۆگەرییەكانی ( ئەمین میرزا كەریم) نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان ـ زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٢.

**لە ئەدەبی توركی:** شیعری شانۆیی لەئەدەبی توركیدا پەیوەستە بە سەرهەڵدان و نەشونماكردنی بزووتنەوەی شانۆی توركییەوە، كە سەرەتاكانی لەفۆلكلۆر و داب و نەریتە سادەكانی ئایینی و ئاهەنگەكانی ناو كۆشك و تەلاری سوڵتانە عوسمانییەكان و داب ونەریتی كۆمەڵایەتی رەگاژۆ بووە، سوڵتانە عوسمانییەكان، بەتایبەتیش لەسەردەمی سوڵتان عەبدولمەجید دا(١٨٢٣-١٨٦١)، لەلایەكەوە لە بۆنە تایبەتییە گەورەكانی خۆیان چێژیان لەنمایشی شانۆیی وەردەگرت و كاتیان پێ دەبردەسەر، لەلایەكی دیكەشەوە شانۆیان بە یەكێك لەو ئامرازانە دادەنا كە پردێكە بۆ گەیاندنی بیروبۆچوونەكانی خۆیان بە خەڵك. لەسەردەمی سوڵتان مەحموودی دووەمیشدا زیاتر لە (٥٠٠) دەقی شانۆیی لەناو كتێبخانەی سەرا هەبوو كە لەوڵاتانی ئەوروپا و بەتایبەتیش فەرەنسا هەڵبژێردرابوون[١].

لەگەڵ ئەمەشدا شانۆ لەسەردەمی عوسمانییەكان بەدەست دەیان كێشەی مەترسیدار دەیناڵاند، گرنگترینیان نەبوونی دەقی خۆماڵی بوو ، بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیەش پشت بەسترا بە وەرگێڕانی دەقی شانۆیی ئەوروپی بۆ سەر زمانی توركی. هەرچەندە لەمبارەیەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانی چەندین مەرجی قورس لەبەردەم وەرگێڕانی ئەو دەقە ئەوروپیانە داندرا ، وەكو گونجانیان لەگەڵ بیروباوەری ئایینی و بەهاكانی ئایینی ئیسلام و هەروەها دوور بوون لەو حەزو هەڵوێستانەی كەلەدژی ئیمپراتۆرییەت و سوڵتانە عوسمانییەكان دەنوێنرێن. بۆ ئەم مەبەستەش سوڵتان داوای لە ( كوللو ئاغوب)ی هونەرمەند كرد پەیوەندی بەو شاعیرو نووسەرانە بكات كەلەژێر رۆشنایی ئەو مەرجانەوە دەقی شانۆیی ئەوروپی وەربگێڕنە سەر زمانی توركی، كەئەمەش بەیەكەم پەیوەندیكردن بە شاعیران دادەنرێت بۆ بەشداربوونیان لەچارەسەركردنی قەیرانێكی هونەری و شانۆیی. لەم چوارچێوەیەشدا زیا پاشا(١٨٢٩-١٨٨٠)ی شاعیر شانۆگەری (تەرتوف)ی مۆلێر

---

١- د. شاكر الحاج مخلف، الآعمدة والفضاء ـ دراسة نقدية في الأدب و المسرح التركي الحديث، منشورات دار علاءالدين. ط. الأولى ، دمشق ١٩٩٨، ص١٢.

وەرگێڕا بۆ سەر زمانی تورکی، کە بەیەکەم شانۆی شیعری بەزمانی تـورکی لەقەڵـەم دەدرێت[1].

بەمجۆرە شاعیرانی تورك لەلایەکەوە ئەدەبیاتی ئـەوروپیان بـە جـەماوەری عوسمانییەکان ناساند و لەلایەکی دیکەشەوە بایەخیان بەشیعری شانۆیی تورکیـدا و پێشیان خست. ئەمەش لەچوارچێوەی وەرگێڕانەوە هاتەدی کە لەو ماوەیـەدا وەکـو بزووتنەوەیـــەك ڕۆڵـــی دیـــارو بەرچـــاوی هـــەبوو لەپێشخـــستنی ئـــەدەبیاتی تورکیدا،بەتایبـــەتیش لـــەماوەی نێـــوان ســـاڵانی (١٨٣٩–١٩٠٨)، ئەگەرچـــی لـــەو ماوەیەشدا شانۆگەرییە شیعرییەکانی شکسپیر و مۆلێر و فیکتۆر هۆگۆ و راسین لەناو هۆڵە شانۆیەکانی تورکیا بەزمانی رەسەنی خۆیان نمایش دەکران، تەنیا کورتەیـەکی شانۆگەرییەکە بە زمانی تورکی بەسەر ئامادەبوان دابەشـدەکرا، بـەڵام دواتـر لەگـەڵ گەشـــەکردنی بزووەتنـــەوەی وەرگێـــڕان، ئـــەو شـــانۆگەرییانە خرانـــە ســـەر زمـــانی تورکییەوە[2]. لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا گۆڕانکاری گەورە بەسەر ئیمپراتۆرییـەتی عوسمـانی داهـات ، بەتایبـەتیش دوای دەرچـوونی دەسـتوری دووەمـی عوسمـانی لەساڵی (١٩٠٨) کەبواری سەربەستی و ئازادی فراونتر بوو ، هەر لەو ماوەیەشدا ( بۆ یەکـەمجار لـە مێـژووی ئـەدەبیاتی تورکیـدا، سەرتاسـەری شـاکارە شـانۆییەکانی شکسپیر لەلایەن ڕووناکبیری کورد، د. عەبدوڵڵا جەودەت، تەرجەمەکرایەسەر زمـانی تورکی) [3].

لـەدوای ڕووخـانی عوسمانییـەکان و دامەزرانـدنی کۆمـاری تورکیـا، شـیعری شانۆیی و بزووتنەوەی شانۆی تـورکی هـەنگاوی گـەورەی هاوێـشت. نـازم حیکمـەت ((١٩٠٢–١٩٦٣))بەناوبانگترین ئەو شاعیرانە بوو کەلەو سەردەمەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێـڕا لـە بـەرەو پێـشبردنی شـیعری شـانۆیی تـورکی و لـەگرنگترین بەرهەمەکانیـشی

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ص ١٨.

[2]- عبدالوهاب السمان، حول النشاط المسرحي في تركيا، المجلة( المعرفة)، العدد(٦٥)، السنة السادسة، تموز١٩٦٧، ص١٢١.

[3]- فەرهاد پیرباڵ، وێستگەکانی تازەبوونەوەی شیعری تورکی، ئامادەکردن و وەرگێران، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، هەولێر٢٠٠٨، ل١٠.

((حیكایـەتی خۆشەویـستی فرهـاد وشـیرین)) بـوو كـە لەشـانامەی فیردۆسـیدا وەریگرتبوو و لەشێوەی شانۆگەری شیعری پێشكەشی كرد[1] .

**لەئەدەبی عەرەبی:** عەرەبەكان زۆر دەرنگ ئاشنای شیعری شانۆیی بوون، ئەگەرچـی لەبەرهەمـەكانی شارسـتانییەتی كـۆنی میسر و سۆمەری و بـابلی و ئاشـوورییەكان ، وەكو ئۆزوریس و گلگامشدا، رەگەزو خەسڵەتەكانی شیعری شانۆیی تێدا دەبینرێت، بەڵام لەبۆتەی ئایینیدا نەهاتۆتە دەرەوە و گەشەی نەكردووە[2] .

لەسـەردەمی جاهیلییەتیـشدا، لەهـەموو جۆرەكـانی شـیعریدا، تـەنیا چـامەو شیعری حەماسەتیان ناسیووە و بۆ هەموو مەبەستەكانیش بەكاریان هێناوە، ئەمەش لەبـەر ئـەوە بـووە كـە وەرگرتنـی كـەلتووری نوێخـواز بەتونـدی رەتكراوەتـەو زیـاتر پابەندی رێچكەی باوی چامەبوونە و لادان لە بنـەماكانی ئـەو رێـچكەیە ، لادان بـووە لەپرۆسەی شـیعری خـۆی[3] . هـەروەها ئەگـەر شـاعیر بەسـەركەوتنەكانی هۆزەكـەی خۆشـی هەڵیـدابێت، ئـەوا لەبۆتـەی شـیعری حەماسـی بـووە و ژمـارەی دێرەكـانی كەمبووە و بـەهۆی پـەیڕەوكردنی یـەكێتی سـەروا، توانـای دارشـتنی هـەزاران دێـرە شیعری نەبووە. لەبەر ئەوەشـە كـە شـیعری حەماسـی نەگەیشتۆتە پلـەی داسـتان، ئەمـە ئەوەدەگەیـەنێت كەكۆمەڵگـەی جـاهیلی عـەرەبی هۆكارەكـان و پێداویستییە شارستانییەتەكانی لەلا دروست نەبووە ، بـۆ ئـەوەی پێـشكەوتن لـەبواری ئـەدەب و هونەر ئەنجام بگەیەنێت ، تەنیا دەربڕینێكی هونەری بەرجەستەكراو لەبۆتـەی چـامە و شیعری حەماسی پێكهێناوە[4] .

لەگـــەڵ ســـەرهەڵدانی ئـــایینی ئیـــسلامی و بەتایبـــەتیش لەســـەردەمی عەبباسییەكاندا، بەرهەمـەكانی یۆنـانی لەلایـەن فەیلەسـوفانی وەكـو فـارابی و ئیبن

---

[1]- د. شاكر الحاج مخلف، الآعمدة والفضاء ـ دراسة نقدية في الأدب و المسرح التركي الحديث، ص٥٤-٥٥.

[2]- محمود حامد شوكت، المسرحية في الشعر الشوقي، مطبعة المقتطف ١٩٤٧، ص١٣.

[3]- د. عمر دقاق، المسرحية الشعرية في سورية، المجلة( المعرفة)، العدد(٩٦) ، شباط ١٩٧٠، ص٣٤.

[4]- زكى طليمات، الرواية التمثيلية و لماذا لم يعالجها العرب، مجلة( الكتاب) ، المجلد الأول، السنة الأولى، الجزء الأول، نوفمبر١٩٦٤، ص١٠٤.

سینا و ئیبن روشد وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی، لەوانەش هونەری شیعری ئەرستۆ، ئەگەرچی لەو وەرگێڕانانەدا بەوردی لەزاراوەکان نەدەگەیشتن ، بۆنموونە تراژیدیان بە ستایش و کۆمیدیان بە داشۆرین دادەنا، کەچی دەقی شانۆیی و شیعری شانۆیی چانسی وەرگێڕانیان نەبووەو ئاوڕ لەم هونەرە نەدراوەتەوە[1].

لێکۆڵەرەکان هۆکارگەلێکیان دیاریکردووە بۆ سەرهەڵنەدانی هونەریی شیعری شانۆیی لەلایەن عەرەبەکانەوە، هەموو ئەو هۆکارانە لەو خاڵەدا یەکناگیردەبن کە بارودۆخی ژینگەیی و ژیانی سەختی بیابان ڕێگرییەکی گەورە بووە، چونکە زیاتر شاعیرانی بەرەو دنیای خەیاڵ و وێناکردن دەبردو لەرەگەزەکانی درامی و نواندنی دوور دەخستنەوە. ئەمەش بەدەوری خۆی رەنگدانەوەی لەسەر باری کۆمەڵایەتی دروستکردووە، چونکە هونەرو ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمێکی کۆمەڵایەتین وبەگوێرەی پێداویستییەکانی کۆمەڵ گەشە دەکات و پێش دەکەوێت، بۆیە لەو سەردەمەدا عەرەبەکان چامەو شیعری حەماسیان بۆ دەربڕین لە خودیخۆیان و کۆمەڵەکەیان وەکو پێویستییەك بەکارهێناوە[2].

لەسەدەی نۆزدەهەمدا ، بۆ یەکەمجار پەیوەندی عەرەب لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەورووپی دروست بوو، ئەمەش لەرێگای گەشەسەندی پەیوندییە بازرگانییەکان و داگیرکردنی وڵاتانی عەرەبی بوو لەلایەن وڵاتە ئەورووپییەکانەوە و بەتایبەتیش فەرەنسا. کە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر هزر و بۆچوونی عەرەبەکان دروستکردو بەهۆیەوەش ئاشنای چەندین شێوە و شێوازی نوێی ئەدەبی بوون. لوبنان پێش وڵاتانی دیکەی عەرەبی کەوت و لەلایەن مارۆن ئەلەنقاش (١٨١٧-١٨٥٥) یەکەم شیعری شانۆی عەرەبی بەناوی ( پیسکە) لەساڵی (١٨٤٧) بەشێوەی ئۆپەرێت نووسی و پێشکەشی کرد[3]. هەروەها لەساڵی (١٨٧٦) خەلیل یازجی دووەم شیعری شانۆیی بڵاوکردەوە بەناوی (المروءة والوفاء). دواتریش چەندین

---

[1]- د. عمر دقاق، المسرحية الشعرية في سورية، ص٣٤.

[2]- د. وفاء على سليم، من روائع الأدب العربي، وكالة المطبوعات ، الكويت، ط. الثانية١٩٨٢، ص٥٣.

[3]- د. محمد مندور، المسرح النثري، معهد الدارسات العربية العالمية، مصر١٩٥٩، ص٣. هەروەها : محسن اطيمش، الشاعر العربي الحديث مسرحياً، منشورات وزارة الثقافة والأعلام ـ الجمهورية العراقية، ص١٥،

بەرهەمی دیکە لەلایەن شاعیرانی عەرەبی نووسران لەوانەش((خەلیل تەنوس باخوس، عەبدوڵڵا ئەلبوستانی، شێخ محەمەد عەبدولموتەلیب، ئیبراهیم ئەلئەحدەب و ئەوانی دیکە))[1]. لەسوریاش کۆنترین دەقی شیعری شانۆیی ( ئەخیل) ە کە لەفەرەنسییەوە سەلیم عنخوری لەساڵی ((١٨٩٨)) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی[2]. دواتریش عومەر ئەبو ریشە و عەدنان مەردەم بگ و بەدرەدین حامد ... گەشەیان بەو رەوتە دا.

لەعێراقیش بۆ یەکەمجار سلێمان غەزالە (١٨٥٣–١٩٢٩) چەند بەرهەمێکی وەکو ((لهجة الأبطال ، رواية على خوجة، الحق والعدالة)) بڵاوکردەوە و دواتر لەسەردەستی شاعیرانی وەکو (( خالید ئەلشەواف و عەبدولرەزاق عەبدولواحید و معد ئەلجبوری و ساڵح مەدەنی)) پێگەی خۆی چەسپاند[3]. لەمیسریش ئەحمەد شەوقی شیعری شانۆیی گەیاندە لوتکە و لەساڵی(١٨٩٣) یەکەم بەرهەمی بەناونیشانی(( على بگ الكبير)) ودواتر بەرهەمەکانی (( المصرية الكليوباترا، مجنون ليلى، عنترة، قمبيز)) بڵاوکردەوە ، هەروەها شاعیرانی وەکو (( عەزیز ئەبازەو سەلاح عەبدولسەبوور و ئەحمەد باکسیر و عەبدولرەحمان شەرقاوی و ئەوانی دیکە))، دەرێژەیان بەو رەوتە دا. بەگشتی دەتوانین شیعری شانۆیی عەرەبی بۆ سەر سێ قۆناغ دابەش بکەین[4]:

١ـ قۆناغی شیعری شانۆیی لاسایی (التقليد) کە بە شیعرە شانۆییەکانی مارۆن ئەلنەقاش دەست پێدەکات و زیاتر سیمای وەرگرتن و وەرگێڕانیان پێوە دیارە[5].

[1] - د. عبدالمجيد هندي، الشعر العربى الحديث، مكتبة عين الشمس، مصر ١٩٧٥، ص١٦٣٣. هەروها: د. فائق مصطفى أحمد، من بواكير المسرح الشعرى العربي، مجلة( اداب المستنصرية) ، العدد(٨) ١٩٨٤، ص١٨٥.

[2] - د. عمر دقاق، المسرحية الشعرية في سورية، ص٣٧.

[3] - حسب اللة يحيى، المسرح العراقي ـ قضايا ومواقف، دار الشؤون الثقافية، ط. الأولى، بغداد، ٢٠٠٢، ص٧٣-٨٣. هەروەها: د. عمر الطالب، سليمان غزالة و المسرح الشعري، مجلة (بين النهرين) ، العدد(٢٠)، السنة الخامسة، ١٩٧٧، ص٤٤٦.

[4] - عباس عبدالجاسم، البدايات الأولى للمسرح الشعري العربي، مجلة( الفنون) ، العدد(٤) ، الأثنين (٩) تموز ١٩٧٩، ص١٨-١٩.

[5] - شوقي بدر يوسف، مسرح شوقى بين الأصالة و المعاصرة، مجلة( افاق العربية) ، العدد(٥١) ، السنة الثانية عشر، مايس ١٩٧٨، ص٨١.

٢ـ قۆناغی شیعری شانۆیی هاوچەرخ: لەسەردەستی شاعیر ئەحمەد شەوقی شیعری شانۆیی عەرەبی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی دەستنیشان کراو چەسپا، هاوکات لەو قۆناغەدا شانۆی پەخشانی عەرەبی لەلایەن تۆفیق ئەلحەکیم سەریهەڵدا و لەگەڵ شیعری شانۆیی کەوتە ململانێیەوە.

٣ـ قۆناغی شیعری شانۆیی نوێخواز: هاوکاتە لەگەڵ نوێکردنەوەی شیعری عەرەبی کە بەهۆیەوەش چەندین سیمای نوێی وەکو مەنەلۆگ و دیمەن و گۆڕانی کێش .. هتد وەرگرت.

## ب ـ لەروانگەی ڕێبازە ئەدەبییەکانەوە:

بەمەبەستی خستنەڕووی رەوتی گەشەسەندن و بەرەو پێشچوون و هەروەها ئەو شەنگستەو گۆڕانکارییانەی کە بەدرێژایی مێژوو بەسەر شیعری شانۆیی هاتووە، سەرەتایەك لەبارەی مێژووەکەی بەپێی پەیرەو راوبۆچوونی ڕێبازە ئەدەبییەکانەوە باس دەکەین،. ئەمیش لەرێگای دەستنیشانکردنی سیما و بنەما سەرەکییەکانی شیعری شانۆیی لەهەر یەکێك لەم ڕێبازانەدا:

**ڕێبازی کلاسیزم:** دەستوور و بنەمایەکانی کلاسیزم لەچەندین سەرچاوەی ئیستاتیکییەوە کە زۆربەیان سەرچاوەی یۆنانی کۆنن هەڵێنجراون، ئەوانیش بریتین لە :

١ـ هونەری شیعر ((Poetica)) لە نووسینی ئەرستۆ (( ٣٥٢–٣٨٤ پ.ن)) .

٢ـ هونەری شیعر ، نووسراوی هۆراس ((٦٥– ٦٨ پ. ن)) .

ئەرەستۆ لەشیکردنەوەو راڤەکردنی دەقەکانی شیعری شانۆیی یۆنانی بەتایبەتیش بەرهەمەکانی ئەسخیلۆیس و سۆفۆکلیس و یورپیدس و ئەرستۆفان، بنەماو سیما سەرەکییەکانی شیعری شانۆیی دەستنیشان کرد کە دواتر وەکو دەستوورێك پەیڕەوی لێکراو نەدەبوا لێی لابدرێت.

ئەرستۆ شیعری شانۆیی لەروانگەی شیعری تراژیدی و شیعری کۆمیدی لێکدایەوە و پرەنسیپەکانی داڕشت. تراژیدیا بەپێی تیۆری لاسایکردنەوەدەناسێنێت و پێیوایە لاساییکردنەوەی کاروکردەوەیەکە بەزمانێکی بەرز و پاراو نووسراونەتەوە

و بەچەندین جۆری هونەری رازێنراونەتەوە کە دەکرێت هەر یەکێك لەم جۆرانە بەتەنیا لەبەشەکانی شانۆگەریدا بەکاربهێنرێت. ئەمەش لەرێگای لاساییکردنەوەی کردەوە دەبێت کە ئەکتەرەکان ئەنجامی دەدەن، واتە بابەتەکە لەشیعری شانۆیی برییتیە لە رووداوێك کە کەسانێك بەکردەوە ئەنجامی دەدەن ، بەلاّم بەشێوازێکی راستەوخۆ و پێچەوانەی شیعری داستانییە کە کردەوەکان بەشێوازێکی ناراستەوخۆ و لەرێگای گێڕانەوە پێشکەش دەکرێن، ماددەی ئەو کردەوەیەش بۆ نواندن داڕێژرێت، وشەو رستەیە کە زمانی شیعری پێکدەهێنن [1]، بەو پێیەی تراژیدیا رووداوێکی دەگمەن و ناوازە لەخۆ دەگرێت ، بۆیە تەنیا شیعر دەتوانێت گەورەیی ئەو کارەساتە دەرببڕێت و لەبەر ئەوەش دەبێت بە زمانێکی بەرز، زمانی کۆشك و تەلار بنووسرێت و دەربڕی هەست و نەستەکانی چینی سەرەوەی کۆمەلّ بکات، ئەم زمانە بەرزەش پێویستی بە کەسایەتییەکی بەرز هەیە کەدەبێ خواوەندو نیمچە خواوەند یاخود پادشا و میرەکان بن، پێچەوانەی ئەمە کۆمیدیا ئاوێنەی رووداوە ئاساییەکانی چینی خوارەوە و گشت گەلە، بۆیە بە زمانێکی ئاسایی دەنووسرێت و کەسایەتییەکانیشی، کەسایەتی ئاسایی نێو کۆمەلّن.

ئەم جیاکردنەوەی تراژیدی و کۆمیدییە، بنچینەیەکی دیکەی لێ دروست بوو کە بە پاك و بێگەردی جۆرەکان ناسراوە ( واتا ئەگەر دراما کۆمیدی بێت دەبێ بەتەواوی کۆمیدی بێ و ئەگەر تراژیدی بێ تا کۆتایی دەبێ تراژیدی بێت و تێکەلّ بە یەکتر نەکرێن) [2]. مەبەستی ئەرستۆ لە تراژیدیادا بریتی بوو لە پاکبوونەوە کە بەهۆی هەردوو سۆزی ترس و بەزەیییەوە دێتە کایەوە و دەبێتە پاکبوونەوی مرۆڤ لە گوناهەکان، ئەم بۆچوونەش لە بنچینە ئاینییەوە هاتووە.

سەرەڕای ئەو کۆسپە چینایەتییەی کە ئەرستۆ داینا و تراژیدیای لەسەر وێناکردنی پادشا و ئەمیرەکانی کۆشك و تەلارەکاندا کورتکردەوەو خەلّکە سادەکەی لێ حەرام کرد و تەنیا لە چوارچێوی کۆمیدیادا هێشتەوە، تراژیدیای بە سێ یەکەکەوە بەستەوە کەبریتین لە یەکەی بابەت کە دەبێ تەنیا یەك رووداو لەخۆ

---

[1]- ارسطو ، كتاب ارسطو فن الشعر، ت: دكتور ابراهيم حمادة، ص ٢٤.

[2]- پ. ی. د .هیمداد حوسێن، رێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای توێژینەوەو بلاّوکردنەوەی موکریان،چاپی یەکەم ٢٠٠٧، ل٢٨.

بگرێت و ڕووداوی لاوەکی تیا نەبێت و یەکەی شوێنیش لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە یەك شوێن چنینی ڕووداوەکە بکرێت و یەکەی کاتیش نابێ لە بیست و چوار کاتژمێر زیاتر بێت.

هۆراس لەدوای ئەرستۆ، جەختی لەسەر هەمان بنەماکانی ئەوی کردەوە و داوای لە شاعیرانی ڕۆمانی کرد بەشەو و بەڕۆژ لاسایی یۆنانییەکان بکەنەوە، ئەو لاساییکردنەوەی لە دوو شێوەدا دەبینی: یەکەمیان لاساییکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەی یۆنانییەکان لە هەموو ڕوویێکەوە و بکرێن بەسەر مەشق ، دووەمیان لاساییکردنەوەی نموونەی دەقە ئەدەبییە بەرزەکانی یۆنان ، چونکە سروشت لەوەی هەیە جوانتر و باشتر پیشان دەدات[1] .

دوای ڕووخانی ڕۆمانییەکان ، دەسەلات کەوتە دەست کلێساکان کە ئەدەب و هونەرییان بۆ ئامانجەکانی خۆیان وەکو ئامێرێك بەکارهێنا و لەم ڕووەوەش شیعری شانۆیی لەچوارچێوەی مەبەستەکانی ئایینی مەسیحدا خولایەوە تا ڕۆژگاری ڕێنسانس ، بەرهەمەکانی نووسەرانی سەردەمی ڕێنسانس وای لە لێکۆلەرەکان کرد بایەخ بە چەمکی شیعری شانۆیی بدەن و دووبارە گەڕانەوە بۆ ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی کارەکانی ئەرستۆ و هۆراس ، بوالو((١٦٣٦-١٧١١)) یەکێك بوو لەوانەی بیروڕایەکانی لەکتێبێکدا بەناوی (( هونەری شیعر)) لەساڵی(( ١٦٧٤))دا بڵاوکردەوە، ئەو بزووتنەوەیە بە کلاسیزمی نوێ ناسرا وپەیڕەو یاسایەکانیان لەسەر بنچینەی تیۆری لاساییکردنەوە دارشت لەسەر هەمان ڕێچکەی یۆنان و ڕۆمانییەکان هەنگاویان نا، بەڵام چەند گۆڕانکارییەکان ئەنجامدا لەوانە ڕێگەیاندا چەند ڕووداوێکی لاوەکی لەتەك ڕووداوی سەرەکی دا بێن، بەمەرجێك نەبنە هۆکاری شێواندنی یەکەی بابەت و هەروەها یەکەی زەمەنی ڕووداوەکەیان درێژکردەوە لەرۆژێکەوە بۆ سێ ڕۆژ و یەکەی شوێنیشیان فراوانتر کرد بەشێوەیەك کە لەنێو کۆشك یاخود شارێکدا بێت و نمایش بکرێت. ڕۆڵی کۆرس و سرودەکانیان زۆر کەم کردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی کەسایەتی بەرز و باڵا و شێوازی چینی

---

[1] - پ. ی. د .هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی ، ل٤٣.

ئورستوكراتیان هێشتەوەو زیاتر گرنگییان به بابەتە رۆحییەكان دا، نەك ئەو بابەتانەی كە قەزاو قەدەر رۆڵیان لە دیاریكردنی چارەنووسیان هەیە، و بابەتەكانیان زیاتر لە بابەتی یۆنانییەكان و رۆمانییەكان، یاخود لە مێژوو وەردەگرت و دواتر ئاماژەیان بە رەهەندی كۆمەڵایەتی ودەروونی بابەتەكە دەدا، كە دەربڕی كێشەی گشتی كۆمەڵ بێت، نەك زاتییەتی كەسێك[1] ، لەم سۆنگەوە مەبەستی كلاسیكی نوێ وێناكردنی جەوهەری رۆحی مرۆڤایەتی بوو بە ئاراستەی باشتركردنی بە رێگەی زاڵكردنی عەقڵ بەسەر خەیاڵ. عەقڵانییەت سیمایەكی دیاری ئەو رێبازە بوو و نەدەبوا كەس لە چوارچێوەی عەقڵ بچێتە دەرەوە . لەم ڕووەوە كۆڕنێ و راسین و گۆتە بە شاكارەكانیان ناوبانگیان لە جیهاندا بڵاوبوویەوە.

**رێبازی رۆمانسیزم:** گۆڕانی بارودۆخی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لە ئەوروپا لە سەدەی هەژدەدا و بڵاوبوونەوەی هزری ئازادی و سەربەستی تاكایەتی مرۆڤ و دەربڕینی خەون و خولیاكانی بەبێ كۆت و بەند و پێگەیشتنی چینی بورژوازی و لاوازبوونی چینی دەرەبەگ و بڵاوبوونەوەی هزرە ئازادەكانی شۆڕشی فەرەنساو شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا، رەنگدانەوەیان لەسەر ئەدەب و هونەر دروست كردو خستیانە ژێر كاریگەری خۆیانەوە، بە تێڕوانینێكی نوێوە بەرهەمە ئەدەبییەكان نووسرانەوە، ئەم تێڕوانینە كە بە رۆمانسییەت ناسرا بەرهەمە ئەدەبییەكانی بە چێژێكی هاوچەرخانە بە خەڵك بەخشی بەپێی هاوچەرخبوونی كۆمەڵگەكەیان، پێچەوانەی كلاسیكییەت كە بەرهەمێكی پێشكەش دەكرد بەپێی چێژی كۆن و باو باپیرانی خەڵكییەوە بوو[2] .

لەم سۆنگەیەوەش رۆمانسییەت هەموو داب و نەریت و یاساكانی كلاسیكیەتی رەتكردەوە كە بە عەقڵ سنووردار كرابوو و لەبەرامبەردا زیاتر خۆی لە چوارچێوەی كاردانەوەیەكی عاتیفدا بینیەوە كە دەربڕی ئەزموونێكی خودی بوو لەوێوە سكاڵاو گلەییەكانی خۆی لە واقیع دەكرد و ( كەوتە شوێن فریشتەی

---

[1] - درینی خشبة، اشهر المذاهب المسرحية،دار المصرية البنانية، طبعة الثانية، ٢٠٠٤، ص ٨٦

[2] - د. جميل نصيف التكريتي، المذاهب الأدبية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٩٠. ص١٧٧.

ئەندێشەو خەونە ڕەنگینیەکانی و جەڵەوی پڕتاوبوونی بۆ سۆز و هەستی پاکی بەرەو لوتکەی ئەوین و خۆشەویستی شل کرد)[1].

ڕۆمانسییەکان سۆز و ویژدانیان بە سەرچاوەی راستی لەقەڵەم دەدات و لەسەر ئەم بنچینەیەش کاری باش و خراپیان لەیەکتر جیا دەکردەوە، لەبەر ئەمە زوو هەستیان بەزوڵم و زۆرداری نێو کۆمەڵەکەی خۆیان کردو دژی وەستانەوە و وەکو ئەلتەرناتیفێکیش پەنایان بۆ جیهانی خەون وخەیاڵ و سروشت بردو لەوێوە هەوڵی رزگاربوونیان لەو واقیعە تاڵەدا دەدا. ڕۆمانسییەکان پابەندی یەکەکانی بابەت و شوێن وکات نەبوون وازیان لەبەکارهێنانی کۆڕس هێنا و کەسایەتییەکانیان ، تەنیا خواوەندەکان و پادشا و میرو پیاوانی ئایینی نەبوون ، بەڵکو جیاوازییان لەنێو کەسایەتییەکان نەهێشت و چۆن باسی میر و پادشا پیاوانی ئایینی و دەرەبەگیان دەکرد، بەهەمان شێوە باسی کەسانی ئاسایی و نێو بازار و چینەکانی خوارووی کۆمەڵیان دەکرد. هەروەها وازیان لە باسکردنی ئەفسانەکانی یۆنانی و ڕۆمانی هێنا بەو پێیەی کە چیتر ئەو جۆرە بابەتانە لەگەڵ سەردەمەکەیان ناگونجێت و بایەخیان زیاتر بە مێژووی ئەوروپا و وئەفسانەی میللی و نیشتمانی خۆیان دەدا. سەرەڕای ئەمانە بایەخدان بە دەروونی مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ڕۆمانسییەتدا گەیشتە ئەو پەڕی و چارەنووسی پاڵەوانەکان و ڕێڕەوی ڕووداوەکان چیدیکە بە قەزاو قەدەر نەبەسترایەوە ، بەڵکو ورووژاندنی عاتیفە ڕووداوەکانی بەڕێوەدەبرد[2].

ڕۆمانسییەکان مرۆڤیان کردە سەنتەری بابەتەکانیان و هەوڵیان دەدا جگە لەجوانی، دزێوی و خراپیش نیشان بدەن ، پێچەوانەی کلاسیکییەکان کە کێشەو گرفتی کۆمەڵیان باس دەکرد بەو ئامانجەی تەنیا جوانی و باشی تێیدا بەرجەستە

---

[1]- حەمە کەریم هەورامی ، درامای کوردی لەناو درامای جیهانیدا، ل٢٤٥

[2] - د. فايز ترحيني، الدراما و مذاهب الأدب، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيوت، الطبعة الأولى ١٩٨٨، ص١٨١-١٨٢

بکـەن[1] . بەمـشێوەیە شـیعری شـانۆیی بـەرگی ڕۆمانـسییەتی بەبـەردا کـرا و لـە ڕەهەندێکی خودییەوە ڕووداوەکان بـە داپۆشـینی بـە سـۆز و خەیاڵـەوە بنیـاتنران و لەسەر دەستی شکسپیر و مارلۆ و ڤیکتۆر هۆگۆدا گەیشتە چلەپۆپە.

**ڕێبازی ریالیزم:** ڕۆمانسییەکان، ژیانێکی پڕ لە خەون و خەیاڵیان دروست کردو مرۆڤ لە تارمایی ئەو خەیاڵانـەوە وێنـەی ژیـانێکی بەختـەوەری دەکێشا، لەبەرامبەریشدا واقیع شتێکی دیکـەی پێچەوانەی ئـەو خـەون و خەیاڵانـە بـوو، لـە یەکنەگرتنـەوەی خەون و خەیاڵەکانی مرۆڤ و ئەو واقیعـەی کـە تێیـدا دەژی ، هونـەرێك دروسـت بـوو کەبـــە ریـــالیزم ناســـرا و ژیـــانی ڕۆژانـــەی واقیعـــی بەســـەر خـــەون و خـــەیاڵاتی ڕۆمانسییەکانی زاڵکرد، وێناکردنی واقیـع بـەلای ریالیزمەکانـەوە ئـەرکێکی پێویـست بوو، بەڵام وەکو خۆی نا ، واتە ریـالیزم ( لەگـەڵ وێنـەگرتنی فۆتوگرافیانـەی دنیـای دیـارو بەرچـاو یـەك نییـە ) [2] ، چـونکە لەلایـەك واقیـع خـۆی لـە کۆمـەڵێك ڕووداوی بەیـەکتر نـاکۆك دروسـت بـووە ، لەلایـەکی دیکـەوەش مەبەست لەباسـکردنی واقیـع دەرخستنی ڕاستییەکانە کـە لـەنێو کۆمەڵـەدا هـەن ، بۆیـە پێویـستە بەشـێوەیەکی هونەرییانە ئەو واقیعە بنیات بنرێت و ڕاستییەکان پیشان بدرێن . ریـالیزم بایـەخ بـە کۆمـــەڵ دەدات و لـــەدەربڕینی خـــود دوور دەکەوێتـــەوە و زیـــاتر لـــە چوارچـــێوەی پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان وەك زنجیرەیــەك کــارو کاردانــەوە خودییــەت لــەنێو واقیعـەدا وێنـا دەکـات . واتـە وەك بوونـەوەرێکی کۆمەڵایـەتی مامەڵـە لەگـەڵ مـرۆڤ دەکات .

هەروەها دەرخستنی واقیعی ژیانی چینە چەوەساوەکان بەدەستی چینە چەوســێنەرەکاندا خاســیەتێکی دیکــەی ڕێبــازی ریالیزمــە و هــەوڵ دەدات گۆڕانگارییەکانی واقیع لەژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە چینایەتییەکانی کۆمـەڵ لـەژیانی

---

[1]- ڕەزا سەید حسێنی،قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حەمەکەریم عارف، دەزگا توێژینەوەو بلاوکردنەوی موکریان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦. ل٥٨.

[2]- (سیروس پرهام ) د. میترا، ریالیزم و دژە ریالیزم، و: حەمە کەریم عارف، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك ٢٠٠٤،ل٣٠

سروشتی و كۆمەڵایەتییدا پیشان بدات[1] و ئەو بابەتانە هەڵبژێت كە لە سەردەمەكەی خۆیدا جێگەی بایەخ پێدانن و گشتگیر و زیندوون. پەخشان وەكو زمانێكی شانۆیی هەموو ئەو مەبەستانەی بۆ مەیسەر دەكردن و جێگەی شیعری گرتەوە و هنریك ئەپسن ( ١٨٢٨-١٩٠٦) بە شاسواری ئەم مەیدانە دەناسرێت و دوای ئەوەی چەند دەقێكی شیعری شانۆیی نووسی، لەژێر كاریگەری هەر دوو ڕێبازی ریالیزم و سروشتیدا رووی لە شانۆی پەخشان كرد، ئیدی شیعری شانۆیی بواری بەكارهێنانی تەسك بوویەوەو خۆری پادشاییەكەی ئاوا بوو.

**ڕێبازی ناتۆرالیزم:** هاوكات لەتەك ڕێبازی ریالیستیدا، سروشتخوازی لە ئەنجامی پێشكەوتنی زانستدا بەتایبەتیش لەهەردوو بواری فیزۆلۆژی و زەویناسیدا و هەروەها لەو ڕوانینە وردە بۆ راستی و واقیع كە (تاڕادەیەك لە نرخی سایكۆلۆژی تاكەكەسی كەم كردبۆوە و زیاتر تاكەكەسی سۆسیۆلۆژیی دەنرخاند. هەر لەم روانگەیەشەوە ناتۆرالیزم لەدایك دەبێ و گرینگی بە واقیعی مرۆڤ دەدا وەك ئەوەی لە ریالیزم زانستیتر و درووستتر بێ) [2] ئارنۆلد هاوزر رای وایە ناتۆرالیزم دیاردەیەكە لەدیاردەكانی سەركەوتنی زانست و هێزی تەكنۆلۆژی بەسەر گیانی ئایدیالی و پارێزگاریكردن لە داب و نەریتەكانەوە[3]، ئەگەر بمانەوێ تایبەتمەندییەكانی بزانین ئەوا زیاتر لاساییكردنەوەی وردی سروشتە، كە جۆرە ناتۆرالیزمێكی سەرەتاییەو بە پاشكۆی ریالیزم دادەنرێت[4] .

لەم رووەوە ئیمیل زۆلا((٨٤٠-١٩٠٢)) ە رابەری ئەو ڕێبازەیە ڕای وایە لەقۆناغی كلاسیكدا، تراژیدیا بەتەواوەتی خاوەن دەسەڵاتێكی رەها بووەو بە یاسا سەختەكانی هیچ ئازادییەكی نەهێشتبوو و رۆمانسییەكانیش لەدوای لەنێو بردنی

---

[1]- هەمان سەرچاوە،ل ٣٢-٣٣.

[2]- د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی ، دەزگای چاپ وبلاوكردنەوەی ئاراس، چاپی یەكەم ، هەولێر ٢٠٠٥. ل ٩٣.

[3]- د. جميل نصيف التكريتي، المذاهب الأدبية. ص٢٨٢.

[4]- رەزا سەید حسێنی،قوتابخانە ئەدەبییەكان، و: حەمەكەریم عارف،. ل١١٧.

واقیعدا بوون و له خەیاڵی چەند شاعیرێك چیدیكه نـەبوون ، بۆیـه پاڵەوانەكانیـشیان ڕەشبین و تراژیدی بوون[1] .

زۆلا جـەخت لەسـەر ئـەوە دەكاتـەوە كـە پێویـستە نووسـەر بابـەت و كەسـایەتییەكانی لـە خـودی ژیـان وەربگرێـت و بـەپێ تیـۆری بۆمـاوەیی و ژینگـە ڕووداوەكـان بـەرەو تێكـچڕاژان و ئـاڵۆزبوون ببـات تـا كۆتـایی پێـدێت، بابەتەكـەش بەگوێرەی دەرئەنجامە وردەكانی زانست یاخود لە ڕاستگۆیی تۆمـاركردنی بەشـێكی ژیانی ڕۆژانە وەربگرێت و پێویستیش ناكات پێشتر پلانی بـۆ ڕێكخـستنیان دابنێـت ، بەڵكو وەكو دكتۆرێك سەرەتا دەبێت كێشە كۆمەڵایەتییـەكانی دەستنیـشان بكـات و دواتر چارەسەرییان بۆ بدۆزێتەوە. ئەمە ئەوە دەگەیـەنێت كـە دیمـەنی ڕووداوەكـان بچنە نێو یەكدییەوەو ئاڵۆز و تەمومژاوی بن لە بنیاتێكی هەرەمەكی داڕێژرابن ، واتـە ڕەتكردنەوەی بنیاتی كلاسیكی كـە لـە سـەرەتا و ناوەڕاسـت وكۆتـایی پێكهـاتبوو. بەپێچەوانەوە پێویستە ڕووداو گواستنەوەیەكی وردی ڕەفتاری مرۆڤ بێت لە ژیانـدا و بەمەش ڕۆڵی نووسەر لە هەڵبژاردنی بابەتەكەی و ڕێكخستنیان بە شێوازێكی هونەری نامێنێتەوە. لەبەر ئەم مەرجە قورسانە دەربڕینی شیعری بـۆ شـانۆیەكی نـاتۆرالیزم ناگونجێت[2] .

**ڕێبازی سیمبۆلیزم:** دوای ئەوەی ڕۆمانسییەت گلۆڵەی كەوتە لێژی ، چەندین ڕێچكەو ڕێباز جێگەیان گرتەوە، ئـەوە بـوو پێـشكەوتنە زانـستییەكان بەتایبـەتیش لـەڕووی سـایكلۆلۆژی و سیۆسـیۆلۆژی و پەرەسـەندنی پەیوەندییـە كۆمەڵایەتییـەكان، ڕەنگدانەوەیان لەسەرهەڵدانی چەندین ڕێباز هەبوو لەئەدەبیات و هونـەردا لەوانـەش ڕیالیزم و ناتۆرالیزم و پەرناسیزم.

لەكۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا كۆمەڵێك شاعیر دژی ئەو ڕێبازانە وەستانەوە و چـەند بیروڕایـەكی نوێیـان خـستەڕوو كـە بـە سـیمبۆلیزم ناسـرا، سیمبۆلیـستەكان

---

[1]- اريك بينتلي، نظرية المسرح الحديث، ت: يوسف عبدالمسيح ثروت، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ط.الثانية١٩٨٦. ص٣٤٥-٣٤٨.

[2]- د. ابو الحسن سلام، مقدمة في نظرية المسرح الشعري، ص ٤٨-٥٢.

پەنایان بردە بەکارهێنانی هێزی وشە و رستە بۆ دەربڕینی مانا شاراوەکان ، لەم ڕووەش دژی سروشتخوازەکان بوون کە هونەریان بۆ رەنگدانەوەیەکی رووکەشی ژیان گۆڕی بوو و باوەڕیان وابوو دەبێ هونەر دەربڕی پێکهاتەیەکی قوولْ بێت و پەیوەست نەبێت بە یەك دیاردەوە ، بەڵکو پێویستە بە بەکارهێنانی رەمزێك زنجیرەیەکی تەواو لە مانا لەخۆی حەشار بدات . سیمبۆلیستەکان هەوڵیان دەدا وێنای شتەکانی دەرەوەی سنووری مەعریفە بکەن بە پشت بەستن بە رەمز ، چونکە لەو بڕوایە دابوون رەمز دەربڕی ئەو شتانەیە کە ناتوانرێت وەسفیان بکرێت. بەلایانەوە شاعیر ناتوانێت جەوهەری شتەکان بگەیەنێت و راستەوخۆ لە قالبێکی دیاریکراودا دەری ببڕێت[1]. بۆیە بایەخیان زیاتر بە فۆرم و ریتم و شێوەی دەرەوەدا بۆ ئەوەی بتوانن خوێنەر بەرەو دنیای ناوەوە راکێش بکەن ، کاتێ خوێنەریش رووبەڕووی دنیای ناوەوە دەبێتەوە بەگوێرەی تێگەیشتن و زانینی خۆیەوە لە کارەکە دەگات، واتە چەندین جۆرە خوێندنەوە بۆ بەرهەمەکە دێتە ئاراوە( بۆیە پێویستە بەرهەمێکی ئەوتۆ دابهێنرێت کە هەر خوێنەرێك بەپێی وەزعی روحی خوی و ئاستی تێگەیشتنی خۆی شی بکاتەوەو لێی حاڵی ببێ و مانا و چەمکێکی دیکەی تیا بدۆزێتەوە) [2] ، بەبڕوای ئەوان دەبێ دەقی ئەدەبی لە یەك کاتدا دوومانا لەخۆ بگرێ، مانایەکی ئاسایی و مانایەکی پەنهانی و نهێنی و شاراوە ، کە رەمزێك ببێتە هۆکاری ئاماژەدان بۆ ئەو مانا نهێنییە و ئاشکرای بکات ، چونکە لەکاتی هەڵکڕاندنی نهێنییەکە و ئاشکراکردنی ، چێژێك بەخوێنەر و بەدەقەکەش دەگات. کەواتە لێرەدا رووبەرووی دوو مانا دەبینەوە ( یەکێکیان راستەوخۆیە کە یەکسەر وشەکان دەیبەخشن وخوێنەری شارەزاو و ناشارەزا وەری دەگرن ، دووەمیان ناراستەوخۆیە کە وشەکە ئاماژەی بۆ دەکەن و رستەکانیش سروشی دەدەنێ ) [3]. بەمەش دەتوانین بڵێن ئەدەبی رەمزی ئەو ئەدەبەیە کە خوێنەری ئاسایی دەیخوێنێتەوە تەنیا لەدەیاردەی دەرەوەی تێدەگات، بەڵام خوێنەری

---

[1]- د. جميل نصيف التكريتي، المذاهب الأدبية. ص٣١٠-٣١٣..

[2]- رەزا سەيد حسێنی،قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حەمەکەریم عارف، ل١٦٩.

[3]- حەمە كەريم هەورامی ، درامای کوردی لەناو درامای جیهانیدا، ل٢ل٤٥ ٢٦٠

رۆشنبیر ، هەر بە تێگەیشتنی رووکاری دەرەوەی دەق ناوەستێت، بەڵکو بە تێگەیشتی رەمزەکانی دیوی ناوەوەی دەق شاگەشکە دەبێت[1] .

لەبەر ئەوەی وێنە لە شیعری شانۆییدا گەلێك جار پشت بە رەمز دەبەستێت، بۆیە رێبازی رەمزی رەنگدانەوەی لەسەر شیعری شانۆیی هەبووە ، بەو پێیەی کە شانۆی رەمزی وێنەیەکی جەوهەری بوونی مرۆڤایەتییە[2] ، بۆیە سیمبۆلیستەکان بیروبۆچوونێکی تایبەتییان لەسەر شیعری شانۆیی هەبوو و لە واقیعی ژیانی رۆژانە دووریان خستەوە و گەڕاندیانەوە نێو دنیای خەون و بینین و سروشەوە[3] .

لەمبارەیەوە هنریك ئیپسن بنیاتی هەردوو بەرهەمی شیعری شانۆییەکەی ( براند) و (پێر گیونت) ی لەسەر بنچینەی رەمز دارِشت و لەکاتی نمایشکردنیدا دووچاری سەرسوڕمان هات کە مانای نوێی لێ دروست کرابوو و خۆی ئەو مانایانەی بەخەیاڵ دانەهاتبوو.

**رێبازی دادایزم:** بیروبۆچوونی دادایزم ، زادەی ئەو نائومێدی و پەرێشانی و پەشێوەییە گەورەیە بوو کە جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) هێنایە ئاراوە، زمانحاڵی ئەو کەسانە بوون بەتەواوەتی لەو شەڕو کاولکاری و مرۆڤ کوشتنە بێزار بوون و باوەڕیان بە بەها و یاسا و رێساکانی رەوشتی و کۆمەڵایەتی نەما بوو و هیچ شتێکیان لە ژیان بە جێگیر و پایەدار نەدەزانی و یاخیبوونی خۆیانیان دژی هەموو بیروبۆچوونەکانی کۆن و واقیعی ئەو سەردەمدا راگەیاند، لەرێگای بەرهەم وکارو کردەوەی سەیر و سەمەرەوە هەوڵیان دەدا مرۆڤ تۆزێك لەدەست نەهامەتیەکانی ژیان رزگار بکەن و ئازادی رەهای پێ ببەخشن . ئەو بیروبۆچوونانە رەنگدانەوەیان لەسەر شیعری شانۆییدا دروست کردو سوودی پێگەیاند، بەو پێیەی کە وێنای غەریزەیەکی پاك و بێگەردی دەروونی مرۆڤایەتی دەکات کە ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانی شیعری شانۆیی[4] .

---

[1] - درینی خشبة، اشهر المذاهب المسرحية، ص ١٨٥

[2] - د. ابو الحسن سلام، مقدمة في نظرية المسرح الشعري، ص ٤٥.

[3] - ميشال ليور، الدراما، ت: احمد بهجت فنصة، منشورات عويدات ، الطبعة الأولى، بيروت ١٩٦٥، ص ١٠٦.

[4] - د. ابو الحسن سلام، مقدمة في نظرية المسرح الشعري، ص٤٦.

**ڕێبازی سوریالیزم:** سوریالیزم لە شکستهێنانی دادیزم و ڕێبازەکانی دیکەوە هاتە کایەوە، وەکو پەرچە کردارێکیش بوو لەدژی ئەو ئاژاوە و بێ سەروبەری و کوشتن و بڕینەی کە جەنگی دووەمی جیهانی هێنایە کایەوە، بۆیە لەهەموو بیروبۆچوونەکانی رابردوو یاخیبوون و بوونە زمانحاڵی ئەو بارگرژی و تەنگەوچەڵەمانەی کە دنیای تازە و شارستانییەتی هاوچەرخ بۆ مرۆڤی تەنیوەتەوە، بۆ رزگاربوون لەم دەردە کوشندانە ، پەنایان بۆ خەون و خەیاڵ و وڕێنە برد ، تا لەو ڕێگایەوە مرۆڤ لە دنیای ئاگاییەوە بچێتە نێو دنیای نائاگایی و لەو بارودۆخە ناهەموارە کە تێکەوتووە دوور بکەوێتەوە و بگاتە دنیای مرۆڤایەتی و راستییەکان بدۆزێتەوە ، سوریالییەکان جیهانی دەرەوەیان رەتکردەوە و لەدژی هەموو راوبۆچوونەکانی سەردەمی خۆیان یاخیبوون و گەڕانەوە بۆ ناوەوەی ناخی مرۆڤ و لەوێوە ماددەی شیعرەکانیان وەرگرت و بەبێ سانسۆری عەقڵ و مەنتق و دوور لە هەر بنەمایەکی رەوشتی و ئێستاتیکی، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەریان دەبڕی [1]. بۆیە لەبنیاتی خۆیدا هەست بە بوونی کۆتایی رووداو نەدەکرا و تەنیا پیشاندانی چەند وێنەیەك بوو کە بیرۆکەیەکی گشتی بەیەکتری دەبەستنەوە ، لەهەمانکاتیشدا لەڕێگای خەون وخەیاڵەوە، عەقڵی ناوەوەیان دیار دەخست[2] . شیعری شانۆیی سوودی لە سەرچاوەی ئەو بیروبۆچوونانەی سوریالی وەرگرت و بەتایبەتیش لەڕێگای وێناکردنی جیهانی ناوەوەی کەسایەتییەکان و خەیاڵ و تێڕامانیان ، لەبەر ئەوەش کە شانۆی سوریالی رەنگدانەوەی بێ ئاگاییە بەڕێگای خوڵقاندنی ژیانێکی خەیاڵی بۆ گەیشتن بە راستییەکان. بۆیە لەو ئامانجەدا شیعری شانۆییش دەرخستنی ئەزموونی مرۆڤایەتییە بە مەبەستی گەیشتن بە راستییەکانی ژیان[3].

**ڕێبازی تەعبیری:** لەدوای کارە مەزنەکەی فرۆید لەبارەی شیکارکردنی دەروونی مرۆڤەوە ، چەندین ڕێباز و ڕێچکەی ئەدەبی لە روانگەی راڤەکردنی دەروونییەوە

[1]- د. فايز ترحيني، الدراما و مذاهب الأدب، ص٢٢٢.

[2]- دريني خشبة، اشهر المذاهب المسرحية، ص ٢٥٤.

[3]- د. ابو الحسن سلام، مقدمة في نظرية المسرح الشعري، ص٤٦.

هاتنە کایەوە، تەعبیرییەت یەکێك بوو لەو ڕێبازانە کە بایەخی بە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی دەروونی مرۆڤ و وێناکردنی شەپۆڵەکانی ناوەوەی نەست دەدات ، ئەمەش لەپێناو خولقاندنی کۆمەڵگایەکی نوێ و بەختەوەردا، شانۆیی تەعبیری لەم ڕوانگەیەوە لەسەر بەدیهێنانی ئەم ئامانجە کار دەکات و زیاتر لەسەر بنچینەی یەك کاراکتەر کە بەدەست کێشەیەکی دەروونی و هزری و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنێت ، دادەمەزرێت و لەڕێگای زمان و مەنەلۆگ و تەکنیکەکانی دیکەوە، ناخ و دەروونی ئەو کاراکتەرە تیشکی دەخرێتە سەر[1] ، شیعری شانۆیی کەوتە ژێر کاریگەری ئەو ڕەوتە ، بەتایبەتیش لە وێناکردنی کەسایەتییەکان ودەرخستنی جیهانی ناوەوەی دەروونیان لەڕێگای زمانی شیعرییەوە. ستریند بێرگی شاعیری سویدی لە بونیاتنانی شیعرە شانۆییەکانیدا سوودێکی زۆری لە بیروبۆچوونەکانی ئەو ڕێبازە وەرگرت.

**ڕێبازی ئەبسیورد:** ئەبسیورد وەکو زاراوەیەك مانای ناماقووڵ و بێ هوودەیی دەگەیەنێت، ئەم ڕێبازەش لەدژی جەنگ و مەینەتییەکانی مرۆڤ هاتەکایەوە، بەڵام بەشێوازێکی جیا بۆچوونەکانی خۆی لەدژی دەربڕی. جەنگی یەکەمی جیهانی ڕەتکردنەوە و هاوارێکی بەرزی مرۆڤایەتی بەرهەم هێنا کە خۆی لە ڕێبازی دادیزم و سوریالیزم و تەعبیری دەبینێتەوە، جەنگی دووەمی جیهانیش هەمان ڕەتکردنەوەی بەرهەم هێنا، بەڵام ئەو ڕەتکردنەوەیە فەلسەفەیەکی نارەزایی بوو لەدژی سیستەمی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی مرۆڤایەتی بەڕێگای بێ دەنگ و گاڵتەجاڕی کە لەو باوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە کە بارودۆخی مرۆڤ ڕۆژێك لەڕۆژان باش نابێت. ئەم باوەڕەش وای لێکردبوون توانای هاوارکردنیان نەبێت، لەهەمانکاتیشدا هیچ ئومێدێکیان نەبوو. هەروەها توانای ئەوەشیان نەبوو ڕاستەوخۆ بدوێن، چونکە بڕوایان بەوە نەبوو کەسێك هەبێت گوێیان لێبگرێت، هەموو ئەو توانایەی هەیانبوو ئەوەبوو ناڕاستەوخۆ لەخۆیان بدوێن[2]، بەدیوێکی دیکەدا ئەم بیروبۆچوونە دەبێتە

---

[1]- درینی خشبة، اشهر المذاهب المسرحية، ص ٢٣٥-٢٣٧.

[2]- جۆرج ولورث، مسرح الأحتجاج والتناقض، ت: الدكتور عبدالمنعم اسماعيل، المركز العربي للثقافة والفنون، بيروت.١٩٧٩، ص١٠-١١.

هەوڵدانێك بۆ ئـەوەی گـوڕو تـین بـۆ مـرۆڤ بگەڕێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی رووبـەڕووی بـێ هوودەیی ژیـان ڕاوەسـتێ و چـالاكییەكانی خـۆی درێـژە پێبـدات و سـڵ نەكاتـەوە و نەترسێ، بۆیە لەخستنەڕووی بێ هوودەیی ژیانی بێ مانای مرۆڤ ، هزری مرۆڤ بەرەو دۆزینەوەی رێگای رزگاربوون هاندەدات. لەم چوارچێوەیەشـدا ئـەم رێبـازە دەچـێتە خانەی پێشرەویكردن و رێنماییكردنی خەڵك بۆ دەربازبوون[1] . ئـەم دەربازبوونـەش، لەگـەڵ ئامانجـەكانی شـیعری شـانۆیی لـە پاكبوونـەوە و گەیانـدنی مرۆڤایـەتی بـە كەنارەكانی ئارامی و خۆشبەختی یەكدەگرێتەوە . هـەروەها كاتێـك بـێ هـوودەیی ئـەو بارودۆخـەی كـە هەیـە لـەرێگای وێنـاكردنی بـوون رەتدەكاتـەوە، بەشـێوەیەك وەرگر لە بێ مانایی بوونی خۆی دەگات، دووچاری سەرسوڕمان دەبێت، ئـەوا شـیعر باشترین هۆیە بۆ دەربڕین لەو سەرسوڕمانییە كـە دەروون لـەرێگای چـەندین وێنـەی شـیعرییەوە دەرووژێـنێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا بـێ هـوودەیی لـە ئێـستاتیكا دوور دەكەوێتەوە بەو پێیەی كە ناشیرینەكانی ژیان نیشان دەدات ، لەكاتێكدا شیعر خۆی ئێستاتیكایە. بۆیـە شـیعری شـانۆیی بەئاگاییـەوە مامەڵـە لەگـەڵ بـێ هـودەیی دەكات[2] .

---

[2]- حەمە كەریم هەورامی ، درامای كوردی لەناو درامای جیهانیدا، ل٢٧٤.

[3]- د. ابو الحسن سلام، مقدمة في نطرية المسرح الشعري، ص٤٦.

# تەوەری سێیەم
# فۆرمەکانی شیعری شانۆیی

لەدێر زمانەوە شیعر بە هاوڕێیەتی مۆسیقاو سروود و سەماکردن وەکو بەشێك لە ڕێوڕەسمەکانی ئایین لە پەرستگاکان گوتراوەتەوە. لە شارستانییەتی سۆمەری و میسری کۆن و بابلی و ئاشوریی و هیندی و چینی کۆنداو لەچوارچێوەی داب و نەریتی ئایینییەوە وەکو سروودێکی پیرۆز چەندین دەقی شیعری بە مۆسیقا و سەماکردن گوتراونەتەوە. لەبەر ئەوە دەبینین نزیکایەتییەکی تەواو لەنێوان شیعر و مۆسیقاو سەماکردن هەبووە و کاریان لەیەکتر کردووە و بەیەکەوە بەندبوون و لەیەکتر جیا نەکراونەتەوە. ئەمانەش هەموویان دەچنە خانەی شانۆی ڕۆژهەڵاتەوە، کە شانۆیەکی تەقلیدی گشتگیر بوو، هەموو جۆرەکانی هونەری لەخۆ گرتبوو. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە میللەتانی ڕۆژهەڵات لەو باوەڕەدابوون هونەر لەسەر سێ پایەی سەرەکی دامەزراوە، ئەوانیش شیعر و مۆسیقاو سەمایە، کە لەنمایشی شانۆییدا تێکەڵ بەیەکتر دەبوون [1]. ئەو دەستپێکەش سەرەتایەکی سادەی فۆرمێك بووە لە فۆرمەکانی شیعری شانۆیی، کە هاوکات لەگەڵ دەقی شیعریدا مۆسیقا و سەماکردنیشی لەگەڵدا بووە.

لەلای یۆنانییەکانیش شیعری شانۆیی لەژێر چەتری ئایین و گەشەکردن و پەرەسەندنی شیعری لیریکی هاتەکایەوە. ئەم جۆرە شیعرانە بە گۆرانی و سەماکردن لە پەرستگاکان و لەگێڵکەکاندا و لە چوارچێوەی جەژنە ئایینییەکاندا نمایش دەکران. لەسەرەتاشدا تەنیا کەسێك ئەو گۆرانیانەی دەگوتەوە، دواتر لەشێوەی کۆرس بە کۆمەڵ گوترانەوە. ئەو گۆرانیانەش بەشیعر ڕێکدەخران، چونکە لەلایەکەوە شیعر یەکەم شێوازی دەربڕین بوو، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو ڕێوڕەسمانە

[1]- د. ماری ألیاس ، د.حنان قصاب حسن، المعجم المسرحي، عربی ـ انکلیزی ـ فرنسی، مکتبة لبنان ناشرون،ط. ثانیة ٢٠٠٦، ص ٢٧٦-٢٧٧.

بەگۆرانی دەگوتران و شیعریش تاکە هۆکاری گونجاو بوو بۆ ئەو گۆرانی و سروودانە. پاشان لە ئەنجامی ئەو دیالۆگەی، کە لەنێوان کۆرس و سەرۆکی کۆرسدا بەشێوەیەکی سادە دورست بوو، شیعری شانۆیی چەند بەشێکی گۆرانی و چەند بەشێکی دیالۆگی لەخۆگرت، لەهەمانکاتیشدا بەسەر دوو شێوەی سەرەکی دابەش بوو، تراژیدیا و کۆمیدیا، کە لەسەرەتادا هەموو توخمەکانی دیالۆگ و گۆرانی و مۆسیقا و سەمای لەخۆگرتبوو، دواتر بوونە توخمی سەرەکی بۆ شانۆ وەکو هونەرێکی سەربەخۆ. لەمبارەیەوە (ول دیوارنت) دەڵێت: ((کۆبوونەوەی فەلسەفە و شیعر و هێنانی رووداوەکان و و بەشداربوونی مۆسیقا و گۆرانی و سەما، بوونە هۆی پەیدابوونی شانۆیی یۆنانی))[1].

لەلای رۆمانییەکانیش، شانۆگەری بە هاوکاریکردن لەگەڵ دانەرێکی مۆسیقا دەنووسرا، کە لەسەرەتای دەستنووسەکەدا ئاماژە بە ناوی دەکرا. لەسەر تەختی شانۆش دەبوایە مۆسیقاژەنەکان و گۆرانی بێژان ئامادەییان هەبوایە، چونکە مۆسیقا رۆڵێکی گەورەی لە نمایشی شانۆییدا هەبوو[2]. بەمشێوەیە شیعری شانۆیی لە دوولایەنی سەرەکی پێکهاتبوو یەکەمیان شیعر و دووەمیان شانۆ، کە مانای کردار و جموجۆڵ دەگەیەنێت، ئەمەش بە گۆرانی و سروود و سەماکردنەوە دەنوێنرێت، بۆیە شیعر ئامرازێکی گونجاو بوو بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو جۆرە هونەرانە.

لەسەردەمی رێنسانسدا، بەچەندین راڤەو شیکردنەوەی جیاوازەوە هەوڵی زیندوکردنەوەی کەلەپوری یۆنانی ورۆمانی درا. هەروەها زاراوەی شانۆ وەکو دەربڕینێکی کۆکەرەوەی هەردوو جۆری تراژیدیا و کۆمیدیا زاڵبوو[3] و چەندین جۆر و لق و پۆپی لێبووەوە، کە هەریەکێکیان بایەخیان بەلایەنێکی ژیان دەدا. لە ئەنجامدا شیعری شانۆیی لە بەشەکانی سروود وگۆرانی جیا بووەوە و سەربەخۆیی خۆی وەرگرت جا چ وەکو هونەرێکی نواندن بێت یاخود تەنیا بۆ خوێندنەوە بێت. ئەمەش لەدوای ئەوە هات کە لە ئەوروپاو بەتایبەتیش لە ئیتالیادا، ئەو دەقە شیعرە

---

[1]- ئەحمەد سالار ، دەروازەی دراما، بەرگی یەکەم و دووەم،، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی، ل٥١

[2]- د. ماری الیاس ، د.حنان قصاب حسن، المعجم المسرحي، عربی ـ انکلیزی ـ فرنسی، ص ٤٩١.

[3]- د.محمد مندور ، الأدب و فنونه، ص ٦٥.

شانۆییانەی کە بۆ گۆرانی و سروود دادەڕێژران، لە ژێر ناونیشانی (شانۆی گۆرانی ئامێز) کۆکرانەوە[1] . ئەویش ئەو شانۆگەرییە لەرێگەی دیالۆگێکی ئاواز بۆدانراو و بە یاوەری سەماو ومۆسیقای سیمفۆنی دەنوێنرێت و بابەتەکانیشی درامی یاخود رەخنەیی یان کۆمیدی یان خۆشەویستی ئامێزن و لە حیکایەتە میللی و مێژوویی و نیشتمانییەکانەوە وەردەگیرێن[2] و بریتییە لە کارێکی ئاوێتە، کە لە دەقی شیعری و توخمەکانی شانۆ و ئاواز و دەنگ پێك دێت بەمەبەستی پێشکەشکردنی بابەتێك لەچوارچێوەی شیعر، بەبەکارهێنانی مۆسیقا وگۆرانی[3]. کەواتە شانۆی گۆرانی ئامێز ((هەموو دراما مۆسیقییەکان دەگرێتەوە ئامێز، پەیوەندییەکی بەتینی بە مۆسیقای فۆلکلۆری گەلانەوە هەیە، زۆر گرنگی بەدەقی درامی ئەدات وەك دەقی مۆسیقا و هۆنراوەی بە ئاواز، بەدەگمەن بەخۆشی و شادی کۆتایی دێت، واتە بارێکی تەراژیدی لەزۆربەی کارەکاندا باڵ بەسەر کۆتاییەکەیدا دەگرێت))[4] .

ئەو تێکهەڵکێشانەی نێوان مۆسیقا و شانۆش، پایەیەکی گرنگ بوو لەسەرهەڵدانی شانۆی گۆرانی ئامێز، ئەو کاتەش ((پێوەندی مۆسیقا و شانۆ کەوتە قۆناغێکی دیکەی هونەری و زانستی و بناغەیەکی پتەوتر بۆ شانۆ و مۆسیقا دارێژرا، بەچەشنێك کە جودایی هەبێت لەگەڵ قۆناغە رەمەکییەکانی رابردووی مۆسیقا لە شانۆدا))[5] و خاڵی سەرەکی ئەم جوادیی بوونەش بریتییە لەوەی کە ئەم جۆرەیان ژمارەیەك هونەر لەخۆ دەگرێت و ئەکتەر لەسەر شانۆ لە ئەداکردنیاندا رەچاویان دەکات، وەکو (دەقی شیعری، نواندن ، گۆرانی، مۆسیقا، نمایشی جلوبەرگ( ئەزیا)، سەما( بالییە) .... هتد). هەروەها خاڵێکی دیکەی جیاکەرەوەش ئەوەیە، کە شانۆی گۆرانی لەکاتی نمایشکردنیدا گفتوگۆ(دیالۆگ)ی کەمتر تێدا دەردەکەوێت وزیاتر پشت بە گۆرانی و مۆسیقا دەبەستێت، بۆیە زۆر جار گۆرانیبێژان رۆڵی

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ص ٦٥. هەروەها :د. شلتاغ عبود شراد، مدخل الى النقد الأدبي الحديث، ص ١٤٨-١٤٩.

[2]- نبيل مصباح عزام، نحن بحاجة ملحة الى المسرح الغنائي،مجلة الفنون، العدد ١٨٩، الأثنين ١٠-٢٣\٥\١٩٨٢، ص١٧

[3]- امين بكر، المسرح مدرسة الشعب، المجلس الأعلى للثقافة، الكويت ١٩٩٨.ص ٣٤.

[4]- رزگار کەریم ، مۆسیقا و پێوەندی بە شانۆوە، گۆڤاری رۆشنبیری گشتی، ژمارە ١٠٦ ، ساڵی ١٩٨٥، ل٣٥٨.

[5]- حەیدەر عەبدولرەحمان، مۆسیقا لە نمایشی شانۆییدا، گۆڤاری (رامان)، ژمارە(٣٤)، ساڵی سێیەم، نیسانی ١٩٩٩، ل٦٧.

ئەکتەری تێدا دەگێڕن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، کە لەگەڵ سەلیقەو کارەکاندا زیاتر دەگونجێن و دەتوانن ئەدای رۆڵەکانیان تێیدا بکەن. شانۆی گۆرانی ئامێز کارێکی ئاڵۆز و سەختە، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر دەروون و چێژی بینەر دروست بکات، پێویستی بەوەیە لە چەندین لایەنەوە کاری بۆ بکرێت، لەوانەش نووسەری دەقی شیعری و دەرهێنەری مۆسیقی و راهێنەری سەماکردن و جووڵەو تیپی مۆسیقا و ....هتد، واتە گروپێکن توانای ئەوەیان هەیە وێنەیەکی ئیستاتیکی دروست بکەن، کە بە یەکێك لە بنچینەکانی شانۆی گۆرانی ئامێز دادەنرێت[1].

دەقی شیعری لە شانۆی گۆرانی ئامێزدا پێویستە لەچوارچێوەی شیعری ئاوازداردا بن و وشەکان بە وردیی و لێزانینەوە هەڵبژێردارابن لەگەڵ ئاوازەکە گونجاو بن و زمانی شیعرەکەی بەشێوەیەك داڕێژرا بێت لەگەڵ پاراستنی بەهای شیعرەکە، هەموو خەڵك بێ هیچ گرفتێك لێی تێبگات. هەروەها پێویستە کێش و سەروای گونجاوی هەبێت بۆ دەربڕین لە هەڵوێستە جۆراجۆرەکاندا و کەشێکی مۆسیقایی باڵی بەسەردا کێشابێت، بۆ ئەوەی یارمەتی ئاوازدانەرەکە بدات تا لە ئاوازدانانیدا بگاتە مەبەستەکەی[2]. لەبەر ئەم هۆکارانەش گەلێك لێکۆڵەرو شاعیرو نووسەر لەو بڕوایەدان کە دەبێ شیعر تەنیا لە شانۆی گۆرانی ئامێزدا بەکاربهێنرێت و جۆرەکانی دیکەی شانۆ بە پەخشان بێت، لەمبارەیەوە عەلی ئەحمەد باکسیر دەڵێت: ((ئەزموونە شانۆییەکانم وایان لێکردم بەتەواوەتی واز لە شیعر بهێنم، وای دەبینم پەخشان زمانی سروشتی شانۆیە و شیعریش نابێت بنووسرێت، تەنیا بۆ شانۆی گۆرانی ئامێز نەبێت ، کە مەبەست لێی، ئاواز دانان و گوتنەوەیەتی)) [3].

سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆی گۆرانی ئامێز بۆ سەدەی شانزدەهەم و سەردەمی رێنسانس دەگەڕێتەوە، کاتێك ئەوروپییەکان ئاوڕیان لە کەلەپوری یۆنانی و رۆمانی دایەوە و زیندوویان کردەوە.

---

[1]- كاظم السعدي، المغناة حاضرة المغناة غائبة و ماذا عن المسرح الغنائي،مجلة الفنون، العدد ٨٥، الأثنين ٢١نيسان ١٩٨٠، ص٤٤.

[2]- على احمد باكثير، قصر الهودج ـــ مسرحية غنائية، مكتبة مصر ، ص٤.

[3]- على احمد باكثير، فن المسرحية من خلال تجاربى الشخصية، دار المعرفة ، الطبعة الثانية، القاهرة ـ مصر ١٩٦٤، ص١٨.

له ئیتالیا شێوازی ئەو بوژاندنەوەیە جۆرێکی دیکەی لێکەوتەوە ، بەتایبەتیش دوای ئـەو بایەخـە بـێ وێنەیـەی کـە بنەماڵـە ئورسـتۆکراتەکانی ئیتالیـا لەوانـەش بنەماڵەی میدیتشی medici ، بە ئەدەب و هونەریان دەدا و پاڵپشتیان دەکرد، بۆیە شاعیران و هونەرمەندان لە هەوڵی ئەوەدا بـوون لـەنێو کۆشـك و تەلارەکانـدا بـەهۆی بەرهەمەکانیان سەرنجی پاشا و میرەکان بۆ خۆیـان رابکێـشن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش هەموو رێگایەکیان گرتەبەر و گفتوگۆی ئەدەبی وهونەری بۆ خولّقانـدنی بەرهـەمێکی پایە بەرز لەوپەڕی گەرمی دابوو، لەو گفتوگۆیانە چۆنیەتی خوێندنـەوەی شـیعر بـوو لـە شـانۆگەرییەکانی یۆنـانی کۆنـدا کـە وەك زانـراوە خوێندنـەوەی شـیعر لـەلای یۆنانییەکان لەشێوەی گوتاردانێکی حەماسیدا بوو، مۆسـیقاش لەگـەڵ سـروودەکانی کۆرسدا دەبوو، لەم رووەوە هەوڵدرا ئەو شـێوازە لـە شـانۆدا زیندووبکەنـەوە، بـەڵام هەوڵدانەکەیان بۆ لاسایکردنەوەی یۆنانییەکان شکشتی هێنا، شێوەیەکی دیکەی لـێ دروست بوو کە هەرگیز بەخەیاڵیان دانەهاتبوو ، ئەویش شانۆی گۆرانی ئـامێز بـوو[1] کە لە شانۆی کۆنی یۆنانی زۆر جیاواز بوو، و پابەندی رێوشوێن و یاساکانی نـەبوو، لەراستیـشدا سـەرهەڵدانی ئـەو جـۆرە شـانۆیە رێکـەوت بـوو، و لەئـەنجامی بەهەڵـە تێگەیـشتن بـوو لـە سروشـتی شـانۆی کـۆنی یۆنـانی، کـە هەنـدێك هونەرمەنـد لـەو باوەڕەدابوون شانۆکانی یۆنانی هەمووی بە خوێندنەوە و گۆرانی دەگوترایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەو کۆت و بەندانە نەبەسترایەوە کە تراژیدیای پـێ سنووردار کردبوو ، بۆیـــە بـــەخێرایی چەســـپا و گەشـــەی کـــردو لەجیهانـــدا بڵاوبوویـــەوە[2]. لـــەم چوارچێوەیەشـدا شـانۆی گـۆرانی ئـامێزی ئیتـالی بـەدوو قۆنـاغی گـرنگ تێپـەڕی تـا گەیـشتە چـلەپۆپە، قۆنـاغی یەکـەم لەسـەدەی هـەژدەم دەسـت پێـدەکات و بـە (سەردەمی شێوازی گوتاری) دەناسرێتەوە کە گۆرانییەکانیان بـەبێ جوڵـەو دیمـەنی شانۆیی پێشکەش دەکرد، ئەمەش زیاتر بۆ گونجاندنی چڕینی گۆرانییەکە بوو لەگەڵ پارچەکانی مۆسیقا، هەروەها داواش لـە ئەکتـەر نـەدەکرا هەسـتی کەسـایەتییەکانی

---

[1]- شلدون تشینی، تاريخ المسرح في ثلاثة الآف سنة، ت: درينى خشبة، المؤسسة المصرية العامة للتأليف و الترجمة والطباعة و النشر، الجزء الآول ،١٩٢٣، ص ٣١٦.

[2]- فرانك م. هوايتنج، المدخل الى الفنون المسرحية ، ت: كامل يوسف واخرون، دار المعرفة ، القاهرة ـ مصر ١٩٧٠،ص ٤٨.

بەشـێوەیەك بگوازێتـەوە نزیـك بێـت لـە راسـتی، بـەڵكو تـەنیا داوایـان لێـدەكرا گۆرانییەكی جوان، بەڵام بەشێوەیەكی حەماسی لـە گوتنـدا پێشكەش بكـەن، بـەبێ رەچـاوكردنی سـۆز و جـۆری سروشـتی كەسـایەتی و بابـەتی نێـو گۆرانییـەكانی، هـەروەها بـە بـێ گوێـدان بـە نوانـدن وجوڵـەكردن، تـەنیا جووڵەیـەك یـاخود چـەند جووڵەیەكی سنوردار لەگەڵ ئەداكردنی گۆرانییەكە نمایش دەكرا.

قۆنـاغی دووەمـیش لـە سـەدەی نۆزدەهـەم دەسـت پێـدەكات و تێیـدا بنچینەكانی شانۆی گۆرانی ئامێز داڕێژران، مۆسیقا لەو شانۆیانەدا هەردوو خەسڵەتی جوڵـەو دیمـەنی لـەخۆگرت و بـواریش بـە دیارخـستنی جیاكارییـە سروشـتییەكانی كەسایەتی لە هەست وسۆزدا درا، هەروەها دیمەنی شانۆییـشی داهێنـراو پێویـستیش بـوو گـۆرانی بێـژ لەهەمانكاتـدا ئەكتـەربێت، بەمەبەسـتی دەربـڕین لـە هەسـتەكان و نواندنیشدا، لەبنیاتی ئەو شانۆیەدا مۆسیقا سـادەكرایەوە تـا لەگـەڵ دەنگـی مرۆڤـدا بگونجێت[1].

بەمـشێوەیە شـانۆی گـۆرانی ئـامێز بنـەماكانی چەسـپا و گەشـەی كـردو بڵاوبـووەوە، لەگـەڵ ئـەو گەشەكردنەشـدا چـەندین لـق و پـۆپی لێبـووەوە لەوانـەش شانۆی گۆرانی ئامێزی میللی كە تایبەتە بە فۆلكلـۆری میللـەتان و بـاس لـە سـەما و هەڵـسوكەوتی گـەلان دەكـات و لـەرووی مۆسیقاشـەوە لـە گۆرانییـەكی میللـی پێكهاتبوو[2]. لەم روانگەیەوە شیعری شانۆیی لە چوارچێوەی شانۆی گۆرانی ئامێزدا خۆی لە دوو شێوەی سەرەكیدا دۆزییەوە ئەوانیش (ئۆپێرا و ئۆپەرێت)ن.

## ئۆپێرا:

وشەی ئۆپێرا كورتكراوەی ناوە ئیتالییەكەیەتی ( Opera in Musick)[3] كە بە واتای كاركردن ( العمل) دێت و لە وشەی (opus)ی لاتینـی وەرگـیراوە ولەهـەموو

---

[1]- عبدالرحمن صدقى ، المسرح الغنائي الأيطالي، مجلة الكتاب، المجلد الثالث، السنة الثانية، الجزء الرابع، فبراير ١٩٤٧. ص٦٠٥-٦٠٦.

[2]- رزگار كەریم ، مۆسیقا و پێوەندی بە شانۆوە، ل٣٥٨.

[3]- أ.د. كمال الدين عيد، اعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر مصر. ٢٠٠٦ . ل١٦٥

زمانــەکانی جیهانــدا بــەبێ گۆڕانکــاری وەکــو خــۆی بــەکاردەهێنرێت وەکــو لــەزمانی عەرەبیــــشدا بەهــــەمان شــــێوە بــــەکاردەهێنرێت[1]. لــــەزمانی کوریــــشدا (ئۆپرا)[2]بەکارهاتووە، بەڵام زیاتر ( ئۆپێرا ) وەکو زاراوەیەك بەکاردێت و چەسپاوە. ئۆپێرا بە (ئۆپرالیزم)یش ناسراوە، بەیەکێك لە هونـەرە قورسـەکانی شـانۆی گـۆرانی ئامێز دادەنرێت، چونکە جیا لە دەقی شیعری پێویستی بـە توانـای بـەرز هەیـە بـۆ گـۆرانی گـوتن و مۆسـیقا و سـەما، کـە هـەموو ئەمانـەش پێویـستیان بـە مەشـق و راهێنـانێکی زۆر هەیـە. هـەر لەبـەر ئەمەشـە لێکۆڵـەرو زانایـان زاراوەی ئۆپێرایـان هاوشان لەگەڵ زاراوەی شانۆی گۆرانی ئامێزدا بۆ هەمان مەبەست و ئـەرك بـەکاریان هێناوە. واتە ئاماژەدان بۆ ئۆپێرا لەهەمانکاتدا ئاماژەدانیش بووە بۆ زاراوەی شانۆی گۆرانی ئامێز. چونکە بەیەکێك لە هونەرە هەر گەورەو کاریگەرەکانی شانۆی گـۆرانی ئـامێز دێتـەژماردن. لەبـەر ئـەوەی هونــەرێکی پایەبڵنـدو تێکـچرژاوە، لەروانگـەی جیاجیاوە پێناسەی بۆکراوە.

فەرهەنگی ئۆکسفورد ئۆپێرا بەمشێوەیە پێناسە دەکـات: (( کـارێکی شـانۆییە یان درامیـە، کـە هـەموو یـان زۆربـەی وشـەکانی وەك گـۆرانی بـە میلـۆدی مۆسـیقی دەگـوترێن)) [3]. (مەجـدی وەهبـە) ئـۆپێرای وا پێناسـەکردووە کـە (( شـیعرێکی شـانۆییە بـەو مەبەسـتە رێکـدەخرێت تـا بـەگۆرانی ئادابکرێـت بـەیاوەری ئـامێرە مۆسیقییەکان، بەبێ ئەوەی هیچ دیالۆگێك لەخۆ بگرێت کـە ئـاوازی بـۆ دانـەنرابێت)) [4]، (د. ماری ئەلیاس و د.حەنان قەساب حەسەن) ئۆپێرا وا دەناسێنن کە دەلالەتـە لــە(( کــارێکی درامــی شــیعری کەهــەمووی بــەگۆرانی دەوترێتــەوە، لەگوتنیــشدا گۆرانیبێـژان بەتـەنیاو بـەکۆرس بـە یـاوەری ئۆرکـسترای سـیمفۆنییەوە بەدوایەکـدا دەیڵێنەوە)) [5].

---

1- د. ماری ألیاس ، د.حنان قصاب حسن، المعجم المسرحي، عربى ـ انکلیزی ـ فرنسی، ص ٧٥.

2- عبدالله علی، هونەری ئۆپرا لە کۆماری گەلی چین دا، رۆژنامەی هاوکاری ، ژ(٢٣٨) لە ١١\١٠\١٩٧٣، ل٦.

3- As Hornby. Oxford Advanced Learner`s Dictionary.1995. 5th edition. p812.

4- مجدی وهبة، محجم مصطلحات الأدب، انکلیزی ـ فرنسیـ عربی، ص ٣٦٨.

5- د. ماری الیاس ، د.حنان قصاب حسن، المعجم المسرحي، عربى ـ انکلیزی ـ فرنسی، ص ٧٥.

(ئالان سوینگوود) لەلایەن خۆیەوە ئۆپێرا بە فۆرمێکی تێکەڵ و کۆکەرەوە دەناسێنێت و دەڵێت:(( ئۆپێرا، وەکو فۆرمێکی تێکەڵ، کۆمەڵێك هەڵسوکەوت بۆ ئەنجامدانی، وەکو پێویستییەك لەخۆ دەگرێت: مۆسیقا، ئەدەب، شارەزایی شانۆیی و نەخشەسازیی)) [1].

(فازڵ جاسم ئەلسەفار) لەمبارەیەوە دەڵێت: (( ئۆپێرا کارکردنی بەشەکانی شانۆی گۆرانی ئامێزە کە رووداوەکان بە زنجیرەیەکی بەدوایەکدا هاتوو دەگێڕێتەوە، ئەمەش چیرۆکێکی شیعری لیریکییە)) [2].

(عەزیز ئەلشوان) ئۆپێرا بەمجۆرە پێناسە دەکات: ((عیبارەتە لە شانۆگەرییەکی شیعری و گفتوگۆ و هەموو گفتوگۆکانیش لە ئەلفەوە تاکو یاو بە ئاواز دەوترێن)) [3].

لەلایەن خۆیەوە (رەقیب سەعید) ئۆپێرا بەوە دەناسێنێت کە ((داستانێکی هۆنراوەیی شانۆیی گۆرانی و مۆسیقاو و سەما ئامێزە و ئەم هونەرە خاوەن دەنگ و زایەڵەیەکی گەورەیە لە ئاسۆی بەرینی مۆسیقاداو هونەرێکی بایەخداری میللییە و تابلێی چەشەی میللەت چێژی لێ وەردەگرێ و حەزی لێ دەکا وگزوفتی بۆ دەدا، چونکە بریتییە لە چەندین هونەری تێکچڕژاوی (گۆرانی - مۆسیقا- سەما) کە بەهۆیانەوە بیرو تاسەو خەونەکان پتر هەڵدایسێن و ئارەزووەکان دەق دەگرن و رووی رەمزی ئامانجەکان گەشتر دەبێت)) [4].

د. نەبیل ئەسوەد لەبارەی پێناسەی ئۆپێراوە دەڵێت:(( ئۆپێرا شێوەیەکە لەشێوە هونەرییەکانی شانۆی گۆرانی ئامێز، کە پێویستی بە توانای تایبەتی هەیە لە گۆرانی گوتن و مۆسیقا و سەمای دەربڕینخواز و نواندن، سەرەڕای بوونی

---

[1] - ديفيد انغليز و جون هغسون، سوسولوجيا الفن، ت: د.ليلى الموسوي، سلسلة عالم المعرفة (٣٤٢)، كويت، يوليو ٢٠٠٧، ص٢٣٤.

[2] - فاضل جاسم الصفار، فن الموسيقى، الدار العربية للموسوعات، بيروت ـ لبنان ، ص٦١

[3] - باکووری، ئۆپێرا ، گۆڤاری ( رامان) ژمارە (٥٨) ساڵی پێنجەم ، (٥)ی نیسانی ٢٠٠١، ل ٢٩٥.

[4] - رەقیب سەعید، ئۆپێرا شانۆی گۆرانی و مۆسیقا و سەما، گۆڤاری ( رامان) ژمارە (٥٨) ساڵی پێنجەم ، (٥)ی نیسانی ٢٠٠١، ل ٣١٧.

جەماوەرێك، كە خاوەنی رۆشنبیرییەكی بەرز بێت لەبارەی ئەو هونەرە و توانای خوێندنەوەی دیمەنی ئۆپرالی هەبێت و چێژ لە وردەكارییەكانی وەربگرێت))[1].

فەرهەنگی (Longman Dictionary of contemporary English) ئۆپێرا لەروانگەیەكی دیكەوە پێناسەدەكات بەوەی كە (( شانۆییەكی مۆسیقییە، هەموو وشەكانی بە شێوەی گۆرانی دەردەبڕێن)) [2].

هەر لەم چوارچێوەیەشدا(د.هالە مەحجوب) ئۆپێرا وا دناسێنێت كە((درامایەكی مۆسیقییەو دوو یا سێ یا چوار وێنە و خوێندنەوەیەكی سروود ئامێز Recilative و كۆرس لەخۆ دەگرێت، هەموو ئەمانەش بەیاوەری ئۆركسترا دەبن)) [3].

(محەمەد حەنانا) لەلایەن خۆیەوە ئۆپێرا وا لێكدەداتەوە كە ((كارێكی مۆسیقی شانۆییە و گرنگییەكی یەكسان بە سەماكردن و گۆرانی گوتن دەبەخشێت))[4]. هەروەها (عەبدولمەسیح زەینەدین) لەمبارەیەوە پێناسەی ئۆپێرا دەكات و دەڵێت: (( كارێكی دراميیە هەموو یاخود زۆربەی كەسایەتییە بەشداربووەكان گۆرانی دەڵێنەوە، مۆسیقاش توخمێكی سەرەكییە كە یەكێتی كارەكە پێكدەهێنێت، سەرەڕای مۆسیقا، توخمی دیكە هەن بەشداری لە پێكهێنانی ئۆپێرادا دەكەن لەوانەش : شیعر، رووداو Action ، دراما (چیرۆك) هونەری بینراو (بالیە) هونەری شانۆگەری ( دەرهێنان))) [5].

(دلێر ئیبراهیم) بەمشێوەیە پێناسەی ئۆپێرا دەكات كە ((فۆرمێكی تایبەتە لە مۆسیقادا، بەشانۆنامەیەكی ئاواز بۆ دانراو ئەوترێ. ئەو شانۆنامەیەی ئەكتەرەكان لەجیاتی ئەوەی هەیانە بەحیوار بیڵێن، بە ئاواز دەری دەبڕن))[6].

---

[1]- رنا رفعت، الأوبرا .. فن استعراضي نخبوي تفتقدة الساحة العربية، جريدة شرفات الالكترونية، وزارة الثقافة السورية، www.moc.gov.sy.

[2]- Longman Dictionary of contemporary English. p1154.

[3]- د.هالة محجوب، جماليات فن الموسيقى عبر العصور، دار الوفاء لدنيا الطباعةو النشر ، الطبعة الأولى ٢٠٠٧، ص ١٨٤.

[4]- محمد حنانا، محجم الموسيقا الغربية، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق ٢٠٠٨، ص٢٣٧.

[5]- جوسيبى ڤيردى، عايدة ـ الأوبرا القومية لمصر، ت: عبدالمسيح زين الدين، الهيئةالمصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٠، ص١٢.

[6]- دلێر ئیبراهیم ، تیۆری مۆسیقا ، چاپی دووەم ، چاپخانەی خاك ، سلێمانی ـ كوردستانی عێراق ٢٠٠٣، ل١١٥.

لەم پێناسانەدا لەدوو روانگەی سەرەکییەوە ئۆپێرا ناسێندراوە ، یەکەمیان لەروانگەیەکی ئەدەبییەوە لە ئۆپێرایان روانیوە و دەقی شیعریان کردۆتە بنەما بۆ راڤەکردنی کارو مەبەستەکانی ئۆپێرا و وەکو کارێکی ئەدەبی مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، دووەمیشیان لەروانگەیەکی هونەرییەوە لێکدانەوەکانیان لەسەر ئۆپێرا بنیاتناوە ، کارە مۆسیقییەکانیان بە بنەما داناوە بۆ راڤەکردنی ئەرکەکانی ئۆپێرا و وەکو یەکێك لە قالبەکانی مۆسیقا مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە . ئەم دوو لایەنە دەق و مۆسیقا هەمیشە لەکێبرکێدابوون بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئۆپێرا و هەر یەکێك ویستویەتی لایەنەکەی دیکە لە بنیاتی کاری ئۆپێرادا لاواز بکات، بۆیە سەردەمێك دەقی شیعری زاڵبووە بەسەر مۆسیقادا و لەسەردەمێکی دیکەشدا بەپێچەوانەوە.

ئۆپێرا زیاتر بەرهەمێکی مۆسیقایی بووە بەبێ گوێدانە دەقەکەی. ئەمەش کێشەی گەورەی ئۆپێرا بووە کە لوتکە بە شیعر یان بە مۆسیقا ببەخشێت، لەراستیشدا ئۆپێرا لە ئەنجامی هەولێکی چەند شاعیرێك ومۆسیقاژەنێك، وەکو لاساییکردنەوەیەکی شانۆی یۆنانییەکان هاتەکایەوە کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی شیعر بە یاوەری مۆسیقا، کاری ئەو گروپە لە شاعیر و مۆسیقازانەکان بریتی بوو لەدۆزینەوەی رێگایەك بۆ دەرهێنانی شانۆ دێرینەکانی کلاسیك، هەرچەندە لەم هەوڵەشیاندا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، بەڵام جۆرێکی نوێی هونەرییان داهێنا کە ئینتیمای بۆ هەر یەك لە ئەدەب و مۆسیقا هەبێت، سەرەتاش زاراوەی (درامای بەمۆسیقا Dramma par musica ) یان بۆ بەکارهێنا[1]، دواتر زاراوەی ئۆپێرا هاتەئاراوە. واتە لەسەرەتادا مەبەستەکە زیاتر جەختکردنەوە بوو لەسەر دەق و کاری شانۆیی بە یاوەری مۆسیقا. ئەم خاڵەش بووە هۆکارێك کە هەندێك ئۆپێرا رەت بکەنەوەو بە کارێکی سەیرو سەمەرەی لەقەڵەم بدەن و لەو براوەیەشدا بوون هەریەك لە شاعیر و مۆسیقاژەن کە لەئۆپێرادا دژی یەکترن، لەهەمانکاتیشدا بەیەکەوە کار بۆ داهێنانێکی خراپ دەکەن، ئۆپێرا بەلای ئەوانەوە ئیهانەیەك بوو بۆ عەقڵ و تەنیا بۆ تێرکرنی چاو و گوێ بوو، واتە ناوەرۆکێکی ناماقووڵی پێوەدیار

---

[1]- د. احمد حمدي محمود، الأوبرا والأوبريت ، مجلس الأعلى للثقافة، كويت 1997، ص ٣-٤.

بوو، چونکە هەموو شتێك لەسەرەتاوە تا کۆتایی هەر لە باس وخواسی خۆشەویستی و فرمانکردن و نامەگۆڕینەوە تا دەگاتە گفتوگۆکردنی ئاسایی نێوان دووکەس و دیمەنی توندوتیژی و جەنگ و یادەوەری ...هتد، بە گۆرانی دەگوترا، ئەمەش پێچەوانەی رەفتاری ژیانی رۆژانەی مرۆڤە و سیمایەکی سەیرو سەمەرە نمایش دەکات. پێچەوانەی ئەم ڕایەش، ئەوانەی پاڵپشتییان لە سەرهەڵدانی ئۆپێرا دەکرد تاوانی ناماقووڵییەتیان رەتدەکردەوە، بەلای ئەوانەوە ئۆپێرا وەکو بەرهەمێکی نواندن، لوتکەی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتییە، بەتایبەتیش کە دانەرەکەی فێری ئەوە دەکات چۆن یاساکانی مۆسیقا بەسەر وشە و جوڵەکان فەرز بکات، بەلای ئەوانەوە رەتکردنەوەی ئۆپێرا لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شکستی بە شانۆی کلاسیکی هێناو وەکو فۆرمێکی نوێباو هاتەئاراوە کە هەموو جۆرەکانی هونەری لەخۆگرتبوو[1].

بەمشێوەیە ئۆپێرا لەسەرەتای سەرهەڵدانیدا خۆی لەنێوان ململانێیەکی توندی نێوان شیعر و مۆسیقادا بینییەوە، هەرچەندە لەو کاتەدا مۆسیقا بەپلەی دووەم دەهات لەدوای دەقی شیعری و (( لەکاتی پێشکەشکردنی گۆرانییەکاندا، نواندنی ئۆپێرایەکە دەوەستا و گۆرانیبێژ بە پێی پێویستی دەقی ئۆپێراکە گۆرانی : غەمگین ، سەرکەوتن، خوشەویستی...هتد دەبێژا)) [2]، بەڵام مەبەست لەو دەقە زیاتر بۆ قووڵکردنەوەی ئەو هەستەبوو کە شیعر دەیگەیاند، لەبەر ئەوە ململانێیەکە زیاتر بەسوودی مۆسیقادا کەوتەوە ، چونکە پەیوەست بوونی مۆسیقا بە شانۆ رەگێکی قووڵی هەبووە هەر لەسەردەمی یۆنانییەکانەوە تادەگاتە شانۆگەرییە ئاینییەکانی نێو کلێساکان، کەتیایاندا گۆرانی تاك وبەکۆمەڵی لێ دەگوترایەوە، دواتر لەسەر دەستی هەردوو مۆسیقاژەنی ئیتالی لویجی روسی و کافالی، شێوازێکی دیکە لەوگۆرانییانە هاتە ئاراوە ئەویش بە (ئەلبل کانتۆ) ناسرا بوو، کە ئەمەش

[1]- عبدالفتاح البارودى،الموسم الغنائي الأيطالى، مجلة( الكتاب) ، الجزء الخامس، المجلد الثانى عشر، السنة الثامنة، مايو ١٩٥٣، ص٦٥٥-٦٥٧.

[2]- ئیمۆجن هاڵست، ئەلفبێیەکی موزیك، و: ع. ج. سەگرمە، ئینستیوتی کەلەپووری کورد ، چاپی یەکەم، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٥، ل٢٢٩.

کاردانـەوەی مۆسـیقییەکان بـوو لەبەرامبـەر ئـارەزووی شـاعیرەکان بـۆ بەیەکـەوە گرێدانی شیعر و مۆسیقا، بـەپێی ئـەم شـێوازەش رۆڵـی دانـەری مۆسـیقا لـە جیـاتی پەیوەستکردنی مۆسیقا بە وشەکانەوە گۆڕی بۆ هەماهەنگی کردن لـەنێوان مۆسـیقا و شیعر[1]، لەئەنجام ئۆپێرا ئامانجەکەی بـە مۆسـیقا و سـنووردارکردنی رۆڵـی شـیعر دیاریکرا، چونکە بەپێی ئـەو زاراوەیـە(دراما بـە مۆسـیقا) کـە پـێش زاراوەی ئـۆپێرا دانرابوو، دەبوایە ((ئـۆپێرا لـە کـارێکی هونـەری هاوبـەش پێکهاتبوایـە، کـە شـیعر و مۆسـیقا رۆڵـی سـەرەکییان تێـدا بگێرابـا، کەچـی دوای چـەند کـارێکی کـەم ئـۆپێرا پارێزگاری لەم مەرجە کرد و دواتر لە رێگەی راسـتەقینەی خـۆی لایـدا، بەتایبـەتیش کە مۆسیقازانە ڤینسییەکان مۆسـیقایان بـە سـەنتەری قورسـایی ئـۆپێرا لەقەڵەمـدا، شـیعریش تـەنیا رۆڵێکـی لاوەکـی بـۆ مایـەوە))[2]، بەمـەش ئەوەنـدەی ئاوازدانـەر و مۆسیقاژەنەکان و گۆرانیبێژان ناوبانگیان دەرکرد، ئەوەندە شاعیرانی ئـۆپێرا نـاودار نــەبوون وتەنانــەت نیمــچە فەرامۆشــێك کــران. هــەروەها مۆسـیقازانەکان وەکــو شــوێنکەتووێك رۆڵیــان بــۆ شــاعیران دەستنیــشان دەکــرد کــە رێنماییــەکان لــە هونەرمەنـدی مۆسـیقا وەربگرێـت. لەبەرامبـەر ئەمەشـدا بزووتنەوەیـەکی چاکسازی وەکو کاردانەوەیەك دروستبوو داوای گەڕانەوەی پایەی شیعریان دەکرد لە ئۆپێردا و لـەم ڕووەوە گـەلێك شـاعیر وهونەرمەنـد لەرێگـەی راوبۆچـوون و بەرهەمەکانیانـەوە جەختیان لەسەر ئەو پرەنسیپە دەکردەوە، دیارترینیان مۆستازیو (١٦٩٨–١٧٨٢)و فلیبالد گلوك(١٧١٤–١٧٨٧) و ریچارد ڤاگنەر(١٨١٣–١٨٨٣) بوون[3].

مۆسـتازیۆ رۆڵێکـی گـەورەی هـەبوو لـە چاکسازیکردنی ئـۆپێردا و کورتـەی بیروبۆچوونەکانی لەبارەی نووسینی دەقـی ئـۆپرایی ئـەوە بـوو کـە پێویـستە شـیعر لەبەرامبەر مۆسیقا پێشەنگ بێـت، چـونکە شـیعر سـیماکانی ئـۆپێرا دیـاری دەکـات، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی دراما، پێویستە ئەکتەری گۆرانیبێـژ بەشـێوەیەك بجوولێنەوە کە لەگەڵ بیرۆکەی دراماکە دژ نەکەونەوە، هەروەها پێویستە ئۆرکسترا

---

[1]- د. احمد حمدى محمود، الأوبرا ، الهيئة المصرية العامة للكتاب،١٩٨٨، ص ٢٣.

[2]- د. احمد حمدى محمود، الأوبرا والأوبريت، ص٧١.

[3]- د. فاطمة موسى محمود، قاموس المسرح، الجزء الأول ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الطبعة الثانية، ٢٠٠٨، ص ١٧٩.

ڕۆڵی لـه دیارخـستنی سـایکۆلۆژییەتی ڕووداو، و کەسـایەتییەکاندا هـەبێت، چـونکە مۆسیقا توانای ڕوونکردنـەوەی وشـەکان ودەرخـستنی ئـەو کاریگەرییـە جیاوازانـەی دەروونی هەیە کە بە وشە دەردەبڕێت[1].

لەلایـەن خۆیـەوە جلـوك بیروڕایـەکانی لـە پێـشەکی ئـۆپێرای( ئەلسیـست)دا خستەڕوو و تیایدا ئامـاژەی بـە پەیوەنـدی تونـدوتۆڵی نێـوان وشـە ومۆسـیقا کـرد و بایەخی بە یـەکێتی کـاری هونـەری دا و ئـەوەی ڕوونکـردەوە کـە پێویـستە مۆسـیقا ئینتیما بۆ شیعر بکات ، بەشێوەیەك ژیان بە کەسایەتییەکانی ببەخشێت بێ ئەوەی پەیکەربەندییەکەی تێکبـدات وهاوکـار بێـت بـۆ دەربـڕین لـە هەسـت و بایەخـدان بـە هەڵوێستەکان، بێ ئەوەی ڕووداوەکانی پارچـە بکـات[2]. هـەروەها جلـوك داوای کـرد ڕۆڵی ڕاستەقینەی مۆسیقا کەمتر بکرێتەوە و لـەژێر خزمـەتی شـیعردا بێـت، ئەمـەش لەڕێگای دەربڕین و بەدواداچوونی بابەتی ئۆپێرا، بێ ئەوەی دەست لـە هێڵـی درامـی وەربـدات. ڤاگنـەر لەهـەمووان زیـاتر کاریگـەری لەسـەر کارەکـانی چاکسازیکردنی ئـۆپێردا هـەبوو، و کـاری هونـەری ئـەو زیـاتر لـەژێر کـارتێکردنی شـیعر دابـوو نـەك مۆسیقا، مەبەستی یەکەمی لەمەدا ئەدەبی بوو، هۆکارە مۆسیقییەکانیشی زیـاتر بـۆ ڕوونکردنەوە وگەشەپێدانی ئەو مەبەستە بەکاردەهێنا. بەتایبەتیش لـەو بۆچـوونەیدا کە لەکتێبی ( ئۆپێرا ودراما)دا خستیەڕوو بەوەی، کە بـەهادارترین ئامـانجی ئەوەیـە ئـۆپێرا بکاتــە شــانۆیەك هــەموو هونــەرەکان کۆبکاتــەوەو لەئاســتێکدا بێــت کــە لەسەردەمی یۆنانییەکانیشدا شانۆ بـەو ئاسـتە نەگەیـشت بێـت، بۆیـە ئۆپێرایـەکانی کارێکی هونەریی بەرزو تەواو بـوون لـەڕووی شـیعرو مۆسـیقاوە یـەکگرتوو و گونجـاو بوون[3].

ڤاگنەر لەو بڕوایەدابوو کە شیعر بنەمای ئۆپێرایـە، مەبەسـتی لـەم شـیعرەش، ئاخاوتنێکی کشێدارو خاوەن سەروا نەبوو، بەڵکو ئەو شیعرەی کە وشەکانی دەربڕی

---

[1]- د. احمد حمدي محمود، الأوبرا ، ص ٥٧٦

[2]- هەمان سەرچاوە، ص ٥٥٩-٥٦٣.

[3]- الأراديس نيكول، المسرحية العالمية، الجزء الثالث، ت: د. عبدالله عبدالحافظ متولي، هلا للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، مصر ٢٠٠٠، ص١٤٨.

هەستەکانن، بۆیە رای وابوو پێویستە شیعر بۆ نواندن بنووسرێت، نەك بۆ خوێندنەوە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە وەزیفەی وشەی شیعری بەهێزکردنی رۆڵی ئاوازە، واتە شیعر دەبێ هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ مۆسیقا، چونکە شیعر بە تەنیا ناتوانێت کارێکی هونەری بنیات بنێت، بەڵکو لەگەڵ ئامێرە مۆسیقییەکان و دەنگی مرۆڤ کە هەستە تاکەکەسییەکانی دەردەبڕێت ، یەکدەگرێت و بەیەکەوە دەبنە هۆکارێك بۆ پەروەردەکردنی هەستی مرۆیی. بە واتایەکی دیکە وشەکانی شیعر ئاوازی بۆ دانانرێت، چونکە تەنیا کەوتنێکە بەسەر جیهانی ئاخاوتندا بۆ نمایشکردنی ئەو ورووژاندنانەی کە پێشتر پێشبینی کراون، بۆیە ئاوازدانەرەکان خۆیان پێشبینی کارلێکردن و کارتێکردنی نێوان هەردوو رەگەزی شیعر و مۆسیقا دەکەن[1]. لەمڕووەش مۆسیقاژەنەکان کاتێك پەی بەو کارلێکردن و کارتێکردنانە دەبەن بۆ دانانی ئاواز، هەموو هەوڵێکیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی بابەت و دەقی باش بۆ مۆسیقاکانیان هەڵبژێرن[2]. ڤاگنەر بۆ بەدیهێنانی هونەرێکی گشتگیر، داوای یەکێتییەکی ئۆرگانی لەنێوان شیعر و مۆسیقادا دەکات ، چونکە بەلای ئەوەوە شیعری ئەدەبی هونەرێکی دەستکردی خەیاڵە وئامانجی هونەرێکی گشتگیر ناپێکێت، بەڵکو پێویستە لەگەڵ توخمەکانی دیکەدا یەکبگرێت بۆ ئەوەی قەوارەیەکی هونەری تەواو دروست بکات، ڤاگنەر لەدەستنیشانکردنی شیعر ((مەبەستی شیعر نییە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵکو مەبەستی شیعری درامییە بەتەنیا))[3]. چونکە شیعری شانۆیی لەهەموو جۆرەکانی دیکەی شیعر لەبارترە و گونجاوترە بۆ نمایشکردن لە ئۆپێرادا، بۆیە ڤاگنەر توانی بۆ یەکەمجار وەکو مۆسیقارێکی هاچەرخ ، وەزیفەی شیعر لەمۆسیقادا دیاری بکات و ئەوەش بسەلمێنێت کە دراما ئامانجە و مۆسیقاش تەنیا هۆکارێکە ودەبێ ((لە هەموو ساتێك لەساتەکانی دەربڕینی مۆسیقادا هەست بە بوونی مەبەستی شیعر بکەین، و دەشبێ

---

[1]- د. احمد حمدی محمود، الأوبرا ، ص ٦٣٢-٦٤٩.

[2]- هنری .و. سیمون و ابراهام فنیؤس، اشهر الأوبرات، ت: د. محمود احمد الحفنی، مكتبة مصر، ص٤.

[3]- د. احمد حمدی محمود، الأوبرا ، ص ٦٥٥.

ئەو مەبەستە شیعرییە بەتەواوەتی لە دەربڕینی مۆسیقادا بەرجەستە بکرێت)) [1].
بەمشێوەیە ئۆپێرا رەگەزە بنچینەکانی دەستنیشان کرا و چەسپا کە لەسێ لایەنی سەرەکی پێکدێت : یەکەمیان، دەقی شیعری ، دووەمیان ، دەقی نۆتەی مۆسیقا ، سێیەمیان، کرداری درامی. هەروەها لە ئیتالیاوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا وجیهان گوازرایەوە و چەندین قوتابخانەی تایبەتی لەبارەی توێژینەوەی ناوەڕۆك و دەرهێنان و نواندنەوە .... هتد، هاتە دامەزراندن .

ناوەرۆکی ئوپێراش بەپێی گۆڕانی رۆژگار و سەردەمەکان، گۆڕانکاری هەمەجۆری بەخۆیەوە بینیوە، بۆ نموونە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆرشی فەرەنسا (ئوپێرای ئازادی)، واتە ئەو ئۆپێرایانەی کە پاڵپشتی لە ئازادی و یەکسانی و مافی مرۆڤ دەکەن لەدایکبوو، هەروەها لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هزری نەتەوایەتی لە ئەوروپادا، ئوپێرای نەتەوایەتی سەریهەڵدا و لەگەڵ هاتنەکایەوەی ریالیزمیشدا ئوپێرای واقیعی لەدایکبوو ، ئیتر بەمشێوەیە ئۆپێرای رۆمانسی و ئۆپێرای نارۆمانسی و ئۆپێرای سیاسی و ئۆپێرای کۆمەڵایەتی ..... هتد ، لەگۆڕەپانەکەدا بەپێی بارودۆخ سەریان هەڵداوە.

لەرووی مێژوویشەوە ، لەکۆتایی سەدەی (١٦) دا ولەگەڵ سەرهەڵدانی رێنسانس لە ئەوروپا و لەپێناو زیندووکردنەوەی کەلەوپووری کۆنی یۆنانی و رۆمانی، ئۆپێرا لەدایکبوو ، بەرهەمەکانی ئۆپێرا لە سەرەتادا لە نێو کۆشك و تەلاری چینی ئۆرستۆکراتی نمایش دەکرا و ئەو چینە باوەشی بۆ ئۆپێرا کردەوە ، چونکە (لەگەڵ ژیان و بیر و هەستان و دانیشتنی ئەم چینە ئەگونجا و ئەم چینە تاڕادەیەك بوو بەهۆی پەرەسەندنی ئەم هونەرە. ئورستوکراتییەکان هەمیشە لەگەڵ دەرەبەگەکاندا لەکێشەیەکی سەختدا بوون و هۆی سەرەکی ئەمەش گرتنەبەری رێگاو رێبازی بەهەرم هێنانی سەرمایەداری بوو لەناو بەشی کۆمەڵی دەرەبەگایەتیدا) [2] و لەدژی ئەمانیشدا پاڵپشتیان لە دەسەڵاتی کلێسا کرد، ئەو سەردەمەش لەنێو کلێساکان

---

[1] - هەمان سەرچاوە ، ص ٦٦٢.

[2] - هاشم عەلی، دەست پێ کردنی ئۆپرا، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە ، بەشی سێیەم، رۆژنامەی هاوکاری ، ژ (٢٣٤) لە ١٣\٩\١٩٧٤، ل٤.

چـەند نمایـشێکی شـانۆیی بـەیاوەری مۆسـیقا پێـشکەش دەکـرا کـەدواتر وەکـو بنچینەیەك لە قالبی ئۆپێردا داڕێژرا، پەیدابوونی ئۆپێرا بە نیـشانەیەك دادەنرێـت بـۆ شکاندنی تەوقی سروشتی ئاینی کە ئەوکات باڵی بەسەر ئەدەب و هونەردا گرتبـوو. هـەروەها بـۆ ئەوگۆڕانکاریانـەش دەگەڕێتـەوە کـە لـەبواری رۆشـنبیری وهونـەری، پێشکەوتنی ئابووری و رامیـاری و هـزری لێکەوەتـەوە و کۆتـایی بـە قۆنـاغی سـەدە تاریکەکانی ناوەڕاست هێنا[1].

دەقەکانی ئۆپێراش لەوکاتەدا لەشێوەی نامیلەکەیەك کە بە (لیبریتۆ) ناسرابوو، چاپدەکرا و بڵاودەکرایەوە، کاتێکیش نمایشەکە لەتاریکیدا پێشکەش دەکـرا، زۆرێـك لـە ئامـادەبووان، مـۆمێکی دادەگیرسـاند بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ نمایـشەکەدا، دەقەکـە بخوێنێتەوە، ئەوانـەی مۆمیـان لا نەبوایـە هاواریـان دەکـرد بـۆ ئـەوەی ئەکتـەرەکان دەسـتەواژەکە دووبـارە بکاتـەوە[2]. ئـۆپێرا لەسـەدەی هەژدەمـدا و لەگـەڵ ئـەو گۆڕانکارییـە ئـابووری و رامیـاری وکۆمەڵایەتیانـەی کـە بوونـە هۆکـاری پەیـدابوونی چـینی بـۆرژوازی وەکـو هێزێکـی نـوێی کۆمەڵایـەتی کـە پێـشەنگی جووڵانـەوەی رزگاریخواز بوو لە کۆمەڵی دەرەبەگیـداو هـەروەها بڵاوبوونـەوەی هـزری نەتەوایـەتی لەچوارچـێوەی ئـەو پێـشکەوتنە ئابووری‌وکۆمەڵایەتییـەدا ، زیـاتر گەشـەی کـردو بووژایەوە[3]. مەڵبەندی سەرەکی سـەرهەڵدانی ئـۆپێرا ئیتالیایـە لـەوێوەش گەیـشتە وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئەنکلتەرا.

**لە ئیتالیـا :** لەکۆتاییـەکانی سـەدەی شـانزەدا، لـە دەرئـەنجامی لاسـاییکردنەوەی کەلـەپووری کـۆنی یۆنـانی ، ئـەوە روون بوویـەوە کـە شـانۆگەرییەکانی یونـانی بەگۆرانی دەگوترانەوە، ئەمەش بووە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی بەهەمان شێوە شـانۆگەری

---

[1]- غانم محمود محي الدين ، حول نشوء وتطور الأوبرا، ترجمة واعداد، مجلة المسرح والسينما، العدد الخامس ـ السنة الآولى ـ كانوون الثانى ١٩٧٢، ص١٠.

[2]- د. احمد حمدى محمود، الأوبرا والأوبريت، ص ٦-٧.

[3]- غانم محمود محي الدين، حول نشوء الأوبرا، ترجمة واعداد، مجلة (افاق العربية)، العدد (٤) ـ السنة الثانية، كانون الأول ١٩٧٦، ص٣٣.

پێشکەش بکەن، یەکەمجاریش لەساڵی ١٥٧٤دا لەشاری بوندقییە تراژیدیایەك بەمشێوەیە نمایش کرا کە کلودیو مرولۆ ئاوازی بۆ دانابوو و دەقەکەش لەلایەن بولیزیانۆ نووسرابۆوەو هەموو ئەکتەرەکانیش بەهەمانگی گۆرانیان دەچڕی ، رازی بوونی بینەریش لەوسەردەمەدا دەربڕی ئەوەیە جەماوەر قبوڵی شانۆی گۆرانی ئامێزیان دەکرد، ئەمەش یەکەم هەنگاو بوو بەرەو لەدایکبوونی ئۆپێرا[1].

لەدایکبوونی راستەقینەی ئۆپێرا بەشێوەیەکی تەواو لە شاری فلۆرەنسا بوو ، ئەویش لەسەر دەستی کۆمەڵێك شاعیر و مۆسیقازان لەوانە ئەلکۆنت فرینۆ و فینسنزۆ گالیلی باوکی گالیلوی زانای فیزیا و جولیو کاتچینی((١٥٤٦–١٦١٨)) و جاکوب پێری((١٥٦١–١٦٣٣)) و کلودو مونتفردی((١٥٧٦–١٦٤٣))، بەمەبەستی گفتوگۆکردن و ڕاگۆڕینەوە لەسەر شانۆگەرییە کۆنەکانی یۆنانی و زانینی بەکارهێنانی مۆسیقا لەگەڵ تەمسیلکردندا وچۆنیەتی زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەیان، لە کۆشکی جیۆڤانی باردی کەیەکێك بوو لەو ئەمیرانەی بایەخێکی زۆری بە هونەر دەدا، کۆدەبوونەوە. هەر بۆیەش جگە لەوەی ئەو گرووپە بە (کۆمەڵەی کامیراتا) ناونران، لەهەمانکاتدا بە کۆمەڵەی (باردی)یش ناسران، لەباسوخواسانەی کە گفتوگۆیان لەسەر دەکرد خوێندنەوەی شیعر بوو لەسەر شانۆکانی یۆنانی، وەك زانراویشە خوێندنەوەکە بە ئاواز و بەشێوەی کۆرس پێشکەش کراوە، هەوڵیان دەدا ئەو جۆرە خوێندنەوەیە لەسەر شانۆکانی فلۆرەنسا دووبارە بکەنەوە، هەروەها جیا لەو گفتوگۆیانە، بایەخیان بەو دابونەریتانەش دەدا کە ئەو کات لە فلۆرەنسا پەیڕەوی لێدەکرا، بەتایبەتیش ئاهەنگی ژن گواستنەوەی چینی ئۆرستوکرات کە تێیدا چەندین نمایشی شانۆیی هاوشانی تیپی مۆسیقا پێشکەش دەکران ، یەکێك لە گەورەترین ئەو ئاهەنگانە، ئاهەنگی ژن گواستنەوەی فرناندۆ دی میدتشی لەگەڵ کریستینا لە ساڵی((١٥٨٩))بوو ، کە دواتر ناوەرۆکەکەی بەسوود وەرگرتن لە ئەفسانەیەکی میللی یۆنانی، لەلایەن ئۆتافیۆ رینۆچینی شاعیر بەناوی ((دافنی)) رێکخرا و ئاوازەکەی لەلایەن جاکۆب پێری دانرابوو، کە بە یەکەم

[1]- الأراديس نيكول، المسرحية العالمية، الجزء الأول، ت: عثمان نويه، هلا للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى ٢٠٠٠، ص٢٩٦.

دەقی شیعری ئۆپێرا دادەنرێت و لەساڵی((١٥٩٧)) نمایشکرا. دووەم ئۆپێراش لە ساڵی ((١٦٠٠)) بەناونیشانی ((ئۆرفیۆ یوریدتیش)) لە ئاهەنگی ژن گواستنەوەی شای فەرەنسا هنری حەوتەم لەگەڵ ئەمیرە ((ماریا دی میدتشی)) نمایشکرا و هەر لەلایەن رینۆچینیەوە دەقەشیعرییەکەی بەسوورد وەرگرتن لەئەفسانەی یۆنانی ((ئۆیریدسیا)) نووسرایەوەو پێریش ئاوازی بۆ دانا و دەنگدانەوەیەکی خێرای لێکەوەتەوە[1].

دواتر ئۆپێرا لەسەردەستی کلۆدیۆ مۆنتفردی گەشەی کردو پایەکانی چەسپا، مۆنتفردی لەساڵی ((١٦٠٧)) ئۆپێرایەکی نمایش کرد بەناونیشانی ((ئاریانا)) و زیاتر لاواندانەوەی هاوسەرەکەی بوو کەلەدواساتەکانی ژیانی دابوو، بۆیە هەندێك بەشی سروشتێکی غەمناکی هەیە .

لە ساڵی ((١٦٠٨)) دووەم ئوپێرای خۆی بەناونیشانی ((ئۆرفیوس)) بەبۆنەی ژن گواستنەوەی ئەمیر مانتۆ پێشکەش کرد و وەك زانراوە شەش هەزار کەس ئامادەی بینینی بوون وکاریگەرییەکی زۆری کردە سەریان و هەموویانی گریاند[2].

مونتفردی (لەسەرەتای ژیانیدا شتێکی تازەی بە ئۆپێرا بەخشی و بایەخی بەکاریگەری درامی و گۆڕانکاری بەردەوام لە دیمەنەکانی ئۆپێرا دا)[3] ئەویش بەوەی کە مۆسیقای هێنایە نێو رووداوەکان و رووداو کەسایەتییەکانی ئۆپێرای لەیەکتر دابڕاند و جودایکردنەوە، واتە توانی بەهۆی مۆسیقاوە مۆنتاژی رووداو کەسایەتییەکان بکات و کاریگەرییە دراميیەکان بگۆڕێت. لەشاری رۆماش بایەخ بە ئۆپێرا درا لەرێگای ورووژاندنی دەقە ئاینییەکان، بەهۆی سرودەکانی کۆرسەوە. گرنگترین ئۆپێراش، ئۆپێرای سان ئەلیسیۆ بوو لەساڵی ((١٦٣٢)) کە لەلایەن ستیفانۆ لاندی ((١٥٩٠-١٦٥٥)) ئاوازەکەی بۆ دانرا، هەر لەو شارەشدا ئۆپێرای

---

[1]- د. احمد حمدی محمود، الأوبرا ، ص ١٣-١٤، هەروەها : أ.د. كمال الدين عيد، اعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية.، ل١٦٦

[2]- حمدو طماس، فنون السينما الموسيقى والمسرح، دار المعرفة، الطبعة الأولى، بيروت - لبنان، ٢٠٠٤. ص١٤٥.

[3]- أ.د. كمال الدين عيد، اعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية. ل١٦٦

کۆمیدی لەدایکبوو، بەمەش ئۆپێرا لە پێشکەشکردنی بابەتی تراژیدی یۆنانی دوورکەوتەوەو ناوەرۆکێکی ئایینی و کۆمیدی وەرگرت[1].

لەساڵی ((١٦٣٧)) ئۆپێرا پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، کاتێك لەشاری ڤینیسیا خانەی گشتی ئۆپێرا کرایەوە. کردنەوەی ئەو خانەیە گۆڕانکاری بەسەر نمایشی ئۆپێرا هێنا کەپێشتر لە ناو کۆشك و تەلاری ئورستوکراتەکان پێشکەش دەکرا و خەڵکی لە دیتنی بێ بەشبوون، بەڵام لەگەڵ کردنەوەی ئەو خانەیەدا، خەڵك بە پارەیەکی کەم دەیتوانی ئەو نمایشانە ببینێت. بۆیە گۆڕانکارییەکە ناوەرۆکی دەقی ئۆپێرای گرتەوە، چونکە خەڵك بەگشتی داوای نمایشی بابەتە زیندووەکانی دەکرد، نەك بابەتە بالییەکان کە ئورستوکراتییەکان حەزیان لێ دەکرد[2]. هەروەها ئەو گۆڕانکاری و نوێخوازییە لە ئۆپێرادا لە شاری ناپۆلیش لەسەدەی ((١٧)) و ((١٨))دا ئەنجام درا، بۆیەش لە هونەری ئۆپێرادا بە قوتابخانەیەك دێتە ناسین، لەو گۆڕانکاریانەی کە ئەنجامدرا کەمکردنەوەی رووداوی لاوەکی ولابردنی دیمەنە زیادەکان و بەشداریکردنی ئۆرکسترا بوو بۆ یەکەم جار لە رووداوەکانی ئۆپێرادا کە ئەمانەش بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی جۆرێك لە ئۆپێرا کە بە ئۆپێرای سیریا ناسرا.

دیارترین مۆسیقاژەنەکانی ناپۆلی ئەلیساندرۆ سکارلاتی ((١٦٥٩-١٧٢٥)) بوو کە زیاتر گرنگی بە مۆسیقای ئایینی دەدا. ماتزینی یەکێك بوو لە شاعیر و مۆسیقازانەکانی ئیتالی کە داوای دەکرد هاوکارییەکی پتەو لەنێوان دانەری مۆسیقا و دانەری دەق دا هەبێت، لەو باوەڕشدا بوو کە دەقی شیعری ئۆپێرا دەبێ لەگەڵ مۆسیقاکەی وەکو جمکێك وابن ، نەك شیعر پاساوێك بێت بۆ مۆسیقا. ئەو دەقانەی کە بۆ ئۆپێراش دادەنران، دەبوایە پیشانی چاودێران بدرێت، واتە دەقی شیعری ئۆپێرا سانسۆرێکی لەسەر بوو، نەوەکو جۆرە ئاماژەیەکی تێدا بێت، سووکایەتیکردن بێت بە کەساتییە ناودارەکان و پیاوانی ئایینی. ئەم چاودێرانە لەسێ لایەنەوە دەقە شیعرییەکەی ئۆپێرایان هەڵدەسەنگاند، لایەنی رەوشتی و ئایینی و سیاسی.

---

[1]- د. احمد حمدي محمود، الأوبرا ، ص ٣١-٣٣.

[2]- د. احمد حمدي محمود، الأوبرا والأوبريت، ص ٥.

زۆربەی ئەو دەقانەی کە لەو سەردەمەدا ڕەتدەکرانەوە بـەهۆی لایـەنی ڕەوشـتی بوو، چونکە بەڕای چاودێران جۆرێك لە توندوتیژی و دیمەنی ناماقووڵی لەخۆگرتبوو، هەروەها لەلایەنی ئایینەوە، ئەگەر لەنێو دەقەکەدا ئاماژەدانێکی تێدا با لەبارەی ئەو کەسایەتیانەی کە دژایەتی کەنیسەیان دەکرد، ئەوا دەقەکە ڕەتدەکرایەوە، لەلایەنی سیاسـییەوەش بـوونی دروشمـی دژ بەدەسـەڵاتی فـەرمانڕوا هـەروەها دروشمـە نیـشتمانییەکان ڕەتدەکرایـەوە. بـەمجۆرە شـاعیران لـە نووسـینی دەقەکانیانـدا سەربەست نەبوون و بەپێی ئەو مەرجانەوە دەقەکانیان بەرهەم دەهێنا [1] .

لەسەدەی نۆزدەهەمدا ولەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆمانسییەتدا، ئۆپێرا لەلایەکەوە بـەهۆی بڵاوبوونـەوەی بیروڕاکـانی ئـازادی و لەلایـەکی دیکەشـەوە لـەژێر کاریگـەری هـزری نەتەوەییدا، هەنگاوی گەورەی هاوێشت و زیاتر لەڕۆح و جەوهـەری مرۆڤایـەتی نزیـك بوویـــەوە، بـــەناوبانگترین مۆســـیقاژەنی ئـــۆپێرایی لـــەو ســـەردەمەدا جۆزیـــپ ڤێردی(١٨١٣–١٩٠١) بوو کە چەندین بەرهەمی ئۆپێرایی لە ئاستێکی بەرزی هونەری پێـشکەش بـەجیهان کـرد لەوانـە ( ریگولیتـۆ، لاترافیانا،عایـدە، ئۆتیلّلـۆ ..هتـد) و هەروەها ئەنتۆنیۆ ڕۆسینی (١٧٩٢–١٨٦٨) کە ئەویش داهێنانەکەی لـە ئۆپێراکـەی ( سەرتاشی ئیشبیلیە) لەئاستێکی بەرزی هونەریدا خستەڕوو.

بەمـشێوەیە ئـۆپێرا لـە ئیتالیـادا لـەدایکبوو و لەشـارەکانیدا پەیڕەویاسـاکانی داڕێژرا، بەگشتیش بابەتەکانی لاساییکردنەوەی ئەفسانە و داستانەکانی یۆنـانی بـوو و زیاتر سروشتێکی شیعری و مۆسیقایی باڵی بەسەردا کێشابوو، ئەمەش بۆ چەشەی جەماوەری ئیتـالی دەگەڕێتەوەکـە حـەزیان بـە شـیعرو مۆسـیقا دەکـرد و بەهۆیـەوە زەمینەی لەسەر پێ وەستان وگەشەکردنیان بۆ ئەم هونەرە ڕەخساند و لەهونەرێکی ناوەخۆییەوە گەیاندییانە هونەرێکی بەرزی جیهانی.

**لەفەرەنـسا :** چـینی ئۆرسـتۆکرات بـە زەمنیەسـازی لـەدایکبوونی ئـۆپێرا دادەنرێـت بەتایبەتیش لەو ئاهەنگانەی کە لەنێو کۆشك و تەلاری بنەماڵـەو پادشـاو ئـەمیرەکان

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ص ٨٤-٨٧.

ڕێکدەخرا. هەروەها ئەو دابونەریتانەی کە ئەو چینە لە ئاهەنگەکانی ژن گواستنەوەدا پەیڕەویان لێدەکرد کە بە چەندین جۆری نمایشی نواندن و سەماکردن وگۆرانی و مۆسیقاوە دەرازێنرایەوە ،بەتایبەتیش سەمای بالیە کە لەو سەردەمەدا بنچینەکانی چەسپا وگەشەی کرد، ئەمە سەرەڕای شیعرە شانۆییەکانی شاعیرە بەناوبانگەکانی فەرەنسا وەکو کۆرنێ و مۆلێر وراسین کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئۆپێرای فەرەنسیدا هەبوو. بەڵام سەرهەڵدانی هونەری ئۆپێرا بۆ کاریگەری و بەشداربوونی شاعیرو مۆسیقاژەنەکانی ئیتالی دەگەڕێتەوە کە توانیان بناغەی ئۆپێرای فەرەنسی دابڕێژن، سەرەتاش وەزیری ئیتالی مازاران بەپێی ئەو سیاسەتەی کە پەیڕەوی لێدەکرد، چەند هونەرمەندێکی ئیتالی رەوانەی فەرەنسا کرد بۆ نمایشکردنی ئۆپێرای ((ئورفیۆ)).

لەساڵی ((١٦٦٠)) هونەرمەندی ئیتالی کافالی لە کۆشکی لۆفەر ئۆپێرای ((سیریس))ی نمایشکرد. هەروەها چەند هەوڵێك درا بۆ تێکەڵکردنی هونەری بالیەو ئۆپێرا، بەتایبەتیش لەساڵی ((١٦٦٢)) کاتێك تیمێکی فەرەنسی ئۆپێرای ((ئەرکۆڵی عاشقی))یان نمایش کرد. ئەم هەنگاوانە ڕێگەی خۆشکرد بۆ دامەزراندنی ئەکادیمیەی پادشاپایەتی بۆ شانۆی ئۆپێرا کە لەلایەن پییر بران و مرکیز دوسوردیاك مۆڵەتی وەرگیرا[1]. هەرچەندە ئەم هەنگاوانە سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، بەڵام نەبوونە هۆکارێك بۆ داڕشتنی بناغەی ئەو هونەرە لە فەرەنسا تا گەیشتی هونەرمەندی ئیتالی جیۆڤانی باتیستا لوللی((١٦٣٢-١٦٨٧)) کە توانی بنەما هونەرییەکانی ئۆپێرای فەرەنسی دابڕێژێت. لوللی بەهۆی لێهاتوویی و زیرەکی خۆیەوە توانی متمانەی لویسی چواردهەم بەدەست بهێنێت و بە پاڵپشتی ئەویش سەرۆکایەتی ئەکادیمییەی گرتە دەست و توانی بەرهەمە ناوازەکانی خۆی دابهێنێت وسەرەتایەکیش بۆ ئۆپێرای فەرەنسی دروست بکات.

لوللی بەهۆی هاوڕێییەتی لەگەڵ هەردوو شاعیری شانۆیی مۆلێر وفیلیپ کینۆ ، بەتایبەتیش کینۆ دەقی ئاست بەرزی ئۆپێرایی بەدەستهێنا. لوللی توانی بەهرەی

---

[1]- حمدو طماس، فنون السينما الموسيقى والمسرح. ص١٤٦-١٤٧.

مۆسیقی و بەهرەی شیعری لەگەڵ یەکتر بگونجێنێت وەهەر خۆشی شیعری بەهـەردوو زمانی ئیتالی و فەرەنسی دادەنا . ئەمەش وای کردبوو کە پاش ئەوەی کینۆی شاعیر چـەندین بابـەتی هەڵدەبـژارد و دەیخـستە بـەردەم پادشـا بـۆ ئـەوەی یـەکێکیان هەڵبـژێرێت، خـۆی دەسـتکاری شـیعرە شـانۆییەکانی بکـات. لـوللی بەتـەواوەتی ئۆپێرای ئیتالی رەتکردەوە و لەگەڵ ئەوەدابوو کە هونەری سەماکردنی بالیـە لەگـەڵ ئۆپێرا تێکەڵ بکرێت و ئەوەشی بە یاسای فەرەنسی دادەنـا و سـەرەتاکیش بـوو بـۆ سەرهەڵدانی ئۆپێرای بالییە[1].

لوللی سالانە ئۆپێرایەکی بەرهەم دەهێنا و لەبەرهەمەکانیـشی (( کـادمۆس و هرمیۆن، ئەلسیست، تیزیە ، ئاتیس، ئیزیس، بروزبین، ئـارمین و رۆنـۆ، سـەرکەوتنی خۆشەویـستی... هتــد)). لــەدوای ئــەو جــان فیلیــب رامــۆ ((١٧٦٤-١٦٨٣)) کەبـەجێگرەوەی لـوللی ناسـرا و تـوانی پـەرە بـە ئـۆپێرای فەرەنـسی بـدات و لـە کاریگەرییەکانی ئۆپێرای ئیتالی دووری بخاتەوە. ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت ئەوەیـە کە ئۆپێرای ئیتالی لەنێو کۆشك و تەلاری پادشاکان لـەدایکبوو و دواتـر تـوانی ببێتـە جۆرە شانۆیەکی میللـی، کەچـی سـەرەتاکانی ئـۆپێرا لەفەرەنـسا لـەژێر پاراسـتن و چاودێری پاشاکان دەرنەچوو[2].

ئۆجین سکریب( ١٧٩١-١٨٦١) یەکێك بوو لەو شاعیرانەی کە دەقگەلێکی زۆری ئـۆپێرای بەرهــەم هێنـا و سـیفەتی داهێنــەری لـەم بـوارەدا هــەبوو، دوای ئـەویش قوتابییــەکانی هنــری میــاك((١٨٣١-١٨٩٧)) و لۆدڤیــك هــالیفی((١٨٣٤-١٩٠٨)) لەدانانی دەقی ئۆپێرالی دەستێکی بالایان هـەبوو ، بەتایبـەتیش کاتێـك کـە ئـۆپێرای (کارمن)یان لەرۆمانێکی بروسیر مرمیە((١٨٠٣-١٨٧٠))دا هۆنییەوە، کـە دەقـی ئـەو ئۆپێرایە زیاتر لەدەقی رۆمانەکە بەناوبانگتر بوو[3].

---

[1]- د. احمد حمدی محمود، الأوبرا ، ص ٥٦-٥٧.

[2]- شلدون تشینی، المسرح ثلاثة الأف سنة من الدراما و التمثیل و الحرفة المسرحیة، ت: حنا عبود، الجزء الثانی، منشورات وزارة الثقافة، سوریا ، ص٤٦٤

[3]- د. احمد حمدی محمود، الأوبرا والأوبریت، ص ٨١-٨٣.

لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، ئۆپێرای فەرەنسی هەنگاوێکی مەزنی لەبەرەوپێشبردنی هونەری ئۆپێرا هاویشت ، توانی چەند جۆرێکی نویێ لە ئۆپێرا دابهێنێت کە بە ئۆپێرای کۆمیك و گراند ئۆپێرا ناسرا . لەدیارترین مۆسیقاژەنەکان ، چارلس .ف. گەوند((١٨١٨-١٨٩٣)) کە ئۆپێرای فاوستی شاعیری ئەڵمانی گۆتەو ئۆپێرای رۆمیۆ جۆلیتی شکسبپیری نمایش کرد، هەروەها جۆرج بیست((١٨١٥-١٨٣٨)) ئۆپێرای ((کارمن))ی نمایش کرد ،. گراند ئۆپێراش وەکو رکابەرێکی ئۆپێرا کۆمیك هاتە ئاراوە و لە پێنج بەش پێکهاتبوو و لەساڵی ((١٨٢٨)) یەکەم گراند ئۆپێرا لەلایەن ئوبیر نمایش کرا. دەرئەنجامی ئەو ئۆپێرایەش هەڵگیرسانی شۆڕشی بەلجیکا بوو لەپێناو سەربەخۆیدا. بەگشتی ئۆپێرای فەرەنسی لەسەردەمی رۆمانسییەتدا لەژێر کاریگەرییەکانی شۆڕشی فەڕەنسی، زیاتر دەربڕی ئامانجی سیاسی بوو ولەگەڵ کاری هونەری رۆمانسییەت نەدەگونجا[1]. لەهەمانکاتیشدا جەختی لەسەر لایەنی مرۆڤایەتی دەکردەوە و لە باسکردنی پاڵەوانییەتی و داستانەکان دوور کەوتبوونەوە، چونکە جەماوەری ئەوکاتە بەچیرۆکی ئەفسانەکانی یۆنانی رازی نەبوون ، بەڵکو داوایان دەکرد ئۆپێرا چیرۆکی خۆشەویستی و جەنگ ورزگاربوون لە چەوسانەوە...هتد پێشکەش بکات[2].

**لە ئەڵمانیا**: ئۆپێرا سەرەتا ئەو پلەو پایەی لەچاو وڵاتەکانی دیکەدا نەبوو، ئەمەش بەهۆی شەڕی سی ساڵەی ئەڵمانیا بوو، کە هۆکارێك بوو بۆ وێران بوون ودواکەوتنی ئەڵمانیا، لەهەمانکاتیشدا ئەو پاڵپشتییەی کە پادشا ومیر وبنەماڵە ئەرستۆکراتییەکان و دەوڵەت لە وڵاتانی دیکەی وەکو ئیتالیا و فەرنسا لە ئۆپێرایان دەکرد، لەئەڵمانیا بوونی نەبوو و وئۆپێرا پاڵپشتییەکی ماددی و مەعنەوی بەهێزی نەبوو، بۆیە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئۆپێرا لە ئەڵمانیا بەتەواوەتی کەوتە ژێر کاریگەری و لاساییکردنەوەی ئۆپێرای ئیتالی و لەرێگای وەرگێڕانی دەقەکانی ئۆپێرای ئیتالی ، ئەڵمانییەکان ئاشنای هونەری ئۆپێرا بوون ، سەرەتاش هونەری

[1]- د.هالة محجوب، جماليات فن الموسيقى عبر العصور، ص ٢٣٦-٢٣٨.

[2]- د. فاطمة موسى محمود، قاموس المسرح، الجزء الأول ، ص ١٨٢.

ئۆپێرا له ئیتالیاوه گەیشته هەرێمی باڤاریا و دواتر هونەرمەندە ئیتالییەکان بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگی و دەوڵەمەندبوون روویان لە ئەڵمانیا کردو لەنێو کۆشك و تەلاری پاشا و میرەکانەوە ئۆپێراکانیان نمایش دەکرد، لەمڕووە هونەرمەند کافالی لەساڵی ((١٦٥٨)) لەشاری میونخ پارچەی ئەلساندۆری پێشکەش کرد[1]. لەساڵی ((١٦٧٨)) یەکەم خانەی تایبەت بە ئۆپێرا لەشاری هامبۆرگ کرایەوە وتا ساڵی ((١٧٣٨)) لە کارەکانی بەردەوامبوو و ئۆپێراکانیشی بە زمانی ئەڵمانی نمایش دەکرا، بەمجۆرە لەژێر کاریگەری ئۆپێرای ئیتالی ، وردەوردە ئۆپێرای ئەڵمانی دروستبوو و لەسەر پێ وەستا.

هەندێك لە لێکۆڵەران لەتەك کاریگەربوونی ئۆپێرای ئەڵمانی بە ئۆپێرای ئیتالی، رەگوریشەی ئۆپێرای ئەڵمانی دەگەڕێننەوە بۆ درامای قوتابخانەکان، ئەودرامایەش ( بریتی بوو لە تەمسیلییەکی بچووك کە سروشتێکی پەروەردەیی و مەبەستێکی رەوشتی هەبوو و داوای پابەندبوون بە ئامانجەکانی ئاین و باوەڕی دەکرد و نۆتەی مۆسیقاشی لەگەڵ تێکەڵ دەکرا و قوتابیان دەیانگوتەوە) [2]. ژمارەی ئەو جۆرە درامایە لەسەرەتای سەدەی شانزدە و سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەدا گەلێك زۆر بوو و دواتر بەهۆی شەڕی سی ساڵە وەستا، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە سیما سەرەتاکانی ئۆپێرای ئەڵمانی هەمان سیمای درامای قوتابخانەکانە.

ئەڵمانییەکان کاتێك ئاشنای ئۆپێرا بوون، زاراوەی ئۆپێرایان بەکارنەهێنا، بەڵکو لەبری ئەودا زاراوەی (( زینجشبیل singspiel)) کەزاراوەیەکی ناوخۆییە، بەکارهێنا کەواتای نواندنی بەمۆسیقا دەگەیەنێت. یەکەم ئۆپێرای ئەڵمانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ((١٦١٨)) کە لەشاری سالزبۆرگ ئۆپێرای دافنی لەدەرهێنانی هینریش شوتس ((١٥٨٠-١٦٧٢)) نمایشکرا و دەقە شیعرەییەکەشی لەدەقی شیعری رینوشینی ئیتالی لەلایەن ماریتن ئۆبیتسی شاعیرەوە وەرگێردرا. ئۆپێرای ئەڵمانی بایەخ و گرنگی خۆی لە ئۆپێراکانی جۆرج فریدریك هیندل ((١٦٨٥-١٧٥٩))

---

[1]- حمدو طماس، فنون السينما الموسيقى والمسرح. ص١٥٢.

[2]- د. احمد حمدى محمود، الأوبرا ، ص ٦٩.

بينیووه، بەتایبەتیش ئۆپێراکانی (( ئەلمیرا و نیرۆ و فلۆریندۆ..هتد)) دا. هەروەها فلیبالد جلوك((١٧١٤–١٧٨٧)) توانی شێوازێکی نوێی ئۆپێرایی بخاتەڕوو لەرێگای چاکسازییەکانی بۆگونجاندنی شیعرو مۆسیقا. ریچارد ڤاگنەر((١٨١٣–١٨٨٣)) لەلایەن خۆیەوە تیۆری هونەری گشتگیری داهێنا، بەگوێرەی ئەو تیۆرەشەوە ئۆپێرا بە کۆکەرەوەی هەموو جۆرەکانی هونەر دانا و لە ئاستێکی بەرزدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد. ڤاگنەر یەکەم مۆسیقازان بوو بوێرانە شیعری تەوزیفی مۆسیقا کرد و بەهۆیەوەش کەسایەتی نوێی لەبواری شیعری خوڵقاندوە و لەشێوەی کەشێکی ئەفسانەیی و داهێنانێکی شیعریدا پێشکەشی دەکردن.

لەسەردەمی رۆمانسییەتدا و لەسەر دەستی مۆسیقاری ئەڵمانی ڤان فیز ((١٧٨١–١٨٢٦)) بۆ یەکەمجار حیکایەتی میللی و حیکایەتی سەرکێشی و پاڵەوانییەتی لە چوارچێوەی ئۆپێرادا نمایش کرا[1]. وەدواتریش لەسەر دەستی مۆسیقازانی گەورە مۆزارت پێنگاڤی گەورەی هاویشت، کە لە ئۆپێراکانیدا بەتەواوەتی گوزارشتی لە رۆحی ئەڵمانییەکان کرد . (( رفاندن لەسەرای)) بەیەکێك لەو ئۆپێرایانە دەدانرێت کە مۆزارت دایهێناوەو پێگەیەکی گرنگی لە مێژووی ئۆپێرای جیهانی و مێژووی ئۆپێرای ئەڵمانییەوە هەیە.

لەبەر ئەوەش کە ئۆپێرایەکانی ئەڵمانی ئەو کۆتاییانەی نییە کە لە ئۆپێراکانی دیکە ناسراون، بەڵکو چەندین بڕگەی بەکۆمەڵ و بزووتنەوەیەکی درامی تێدایە کە لە ئۆپێرای رفاندن رەنگی داوتەوە، ئەمەش بەو واتایە دێت کە هەموو لەسەر سەکۆ پێویستە بجوڵێن و گۆرانی بچڕن، بۆیە سەیر نییە کارکردن لەو ئۆپێرایە ساڵێکی تەواوی پێویست کردبێت، هەر لەبەر ئەمەشە ئەو ئۆپێرایە بەیەکێك لە ئۆپێرایانە لەقەڵەم دەدرێت کە گەورەترین شایەتن لەسەر لێهاتوویی و داهێنانی مۆزارت. هەروەها (نای تەلسیماوی) کە سەرەڕای کاڵوکرچی لە شێوازەکەیدا کە گەلێك جار گفتوگۆی سادەو لاوازی لەخۆگرتبوو، بەڵام ئۆپێرایەك بوو پڕ بوو لە چیرۆکی خەیاڵی و خورافی و فانتازیای شیعری وهزری قوڵ و بە یەکێك لە ئۆپێرایە بەناوبانگەکانی

[1]- أ.د. كمال الدين عيد، اعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية. ص١٦٩.

جیهان دادەنرێت[1]. هەروەها بیتهۆڤن لەساڵی(( ١٨٠٥)) ئۆپێرای (( فیدیلیۆ))ی بەرهەم هێنا کە بەتاکە بەرهەمی لەو بوارە دادەنرێت. دەقەکەشی لەلایەن شاعیر فەرەنسی بوللی نووسرا بوو و لەلایەن بایری شاعیر بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێردرا وناوەرۆکەکەی لەروانگەیەکی مرۆڤایەتییەوە باس لە ئێش و ئازاری زیندانییەکانی باستیل دەکات[2].

**لە ئینگلترا** : خانەی تایبەت بە ئۆپێرا لەساڵی ((١٦٣٩)) دامەزرا و بەیەکەم وڵات دادەنرێت لەدوای ئیتاليا کەخانەی ئۆپێرای تێدا دابمەزرێت. رەگورِیشەی ئۆپێرای ئینگلیزی بۆ جۆرە نمایشك دەگەرِێتەوە کەلەنێو کۆشك وتەلاری ئورستۆکراتییەکان نمایش دەکرا وبە شانۆی دەمامکدار ((ماسك)) ناسرابوو وئورستۆکراتەکانیش وەکو هۆکارێك بۆ کات بەسەربردن بەکاریان دەهێنا. ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆسەرهەڵدانی هونەری ئۆپێرا.

یەکەم ئۆپێراش لەسەدەی نۆزدەدا نمایش کرا بەناوی ( ئابلووقەدانی رۆدس) بوو[3]. بەناوبانگترین مۆسیقازانی ئۆپێرایی ئینگلیزی هنری مارسیل ((١٦٥٨–١٦٩٥)) بوو و خاوەنی چەندین بەرهەمی گرنگی ئۆپێرا بوو لەوانە( دیدو و ئینیاس، شا ئاسور) . لەسەدەی هەژدەدا وەکو کاردانەوەیەك لەدژی ئەو ئۆپێرایانەی کەلەدەرەوەی ئیگلترا دەهات بەتایبەتیش ئۆپێرای ئیتالییەکان و لەسەردەستی جۆن جای((١٦٨٠–١٧٣٢)) جۆرێك لەئۆپێرا بەرهەم هات کە سەرەتا بەناوی ((ئۆپێرای سواڵکەرەکەکان)) ناسراو ودواتر ناونرا ((ئۆپێرای بالاد)) ، بالادیش جۆرە گۆرانییەکی میللییە ولەچوارچێوەی ئەو زاراوەیەدا واتای ئۆپێرای میللی دەبەخشێت کە ( دیالۆگی سادەو ئاسایی و لەگەڵ ئەو گۆرانییە میللییانەی

---

[1]- د. احمد حمدي محمود، الأوبرا ، ص ١٠٦-١٠٧.

[2]- غانم دباغ، نزعات انسانية في موسيقى بتهوفن، دار الحرية للطباعة – بغداد ١٩٧٩، ص ٦٣-٦٥.

[3]- د.هالة محجوب، جماليات فن الموسيقى عبر العصور، ص ١٩٠.

کەبابەتەکەیان لەو گۆرانییە سادانەی کەگران نەبوون، بەیەکەوە کۆدەکردەوە)[1] و زیاتریش لاساییکردنەوەیەکی گاڵتەجارانەی ئۆپێرای ئیتالی بوو.

**لە ئیسپانیا** ئۆپێرا لە کۆتایی سەدەی حەڤدەدا سەریهەڵدا ، کاتێك ڤیستیفالێك بۆ ئۆپێرا لە شاری مەردید لەساڵی ((١٦٩٨)) رێکخرا، هەرچەندە پێشتریش ئۆپێرا لەلایەن هونەرمەندانی ئیسپانی ناسرابوو لەوانەش کالدیرون کە دوو ئۆپێرای بڵاوکردەوە ، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزەدشدا ئۆپێرا لە ئیسپانیا گەشەی کرد و مانویل دی فایا ئۆپێرایەکی بڵاوکردەوە بەناوی (( ژیانێکی کورت لەنیس)) و ناوبانگی دایەوە[2]. هەروەها فیلیب پێدرێل ((١٨٤١–١٩٢٢)) بەهۆی ئۆپێراکانی ((کازیمۆدۆ، کلیۆپاترا، مازیپا، پێرنس)) بوو بە دیارترین هونەرمەند لەو وڵاتەدا.

**لە رووسیا** بەرگریکردن لەوڵات لەدژی هێرشەکەی ناپلیۆن، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ قووڵکردنەوەی هەستی نەتەوەیی رووسی ، چونکە روسیا لەوکاتەدا لەرووی ئابوورییەوە دواکەوتوترین وڵاتی ئەوروپا بوو. لەرووی کۆمەڵایەتییشەوە،کۆمەڵگای ئەوکاتی رووسیا بەدەست ململانێی چینایەتییەوە دەیناڵاند . بۆیە بزووتنەوەی چاکسازیکردن لەدژی قەیسەری رووسیا رۆژ بەرۆژ لەفراوانی دابوو. یەکێك لەسیماکانی بزووتنەوەی چاکسازیکردنی بارودۆخەکە، سەرهەڵدانی ئۆپێرا بوو کە بەتەواوەتی کەوتە ژێر کارتێکردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتەوە، لەم چوارچێوەیەدا یەکەم ئۆپێرای رووسی لەسەر دەستی میخائیل گلینکا((١٨٠٤–١٨٥٧)) بەناوی ((ئیڤان سوزانین)) لەساڵی ((١٨٣٦)) لەدایکبوو کە سیمایەکی نەتەوەیی و میللی پێوە دیاربوو وتێیدا گلینکا سوودی لەفۆلکلۆر وگۆرانی میللی وەرگرت بۆ باسکردنی حاڵەتی سادەی مرۆڤی روسی. بەمشێوەیە ئۆپێرای روسی ئاراستەی باسکردنی واقیعی ژیانی نالەباری کۆمەڵگەکەی گرتە بەرو لەئۆپێراکانی دارۆگۆمشسکی و مسۆرگسکیدا رەنگیدایەوە.

---

[1]- أ.د. كمال الدين عيد، اعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية. ص ١٣٨.

[2]- د. احمد حمدى محمود، الأوبرا والأوبريت ، ص ١٣٤-١٣٥.

ریمسکی کۆرساکۆف ئەفسانەی مێژووی لەئۆپێراکانیدا تەوزیف کردو بەمەش شێوەیەکی نوێی ئۆپێرای داهێنا کە بە ئۆپێرای مێژوویی ئەفسانە ناسرا و تێیدا رەخنەی لە باروۆدخی وڵاتەکەی لەژێر سایەی دەسەڵاتی قەیسەردا دەگرت، لەهەمانکاتیشدا بیتەر شایکۆفسکی لە ئۆپێرای (ئۆجین ئۆنجین)دا ژیانی راستەقینەی چینی ئۆرستوکراتی روسی لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا وێنادەکرد[1].

لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و دامەزراندنی یەکێتی سۆڤیەتیشدا ، ئۆپێرا رەهەندێکی سۆسیالیستی وەرگرت و لەهەمانکاتیشدا باسکردنی تێکۆشانی گەل لە سەردەمەکانی پێشوودا بەشێك لەناوەرۆکی ئۆپێراکانی پێکدەهێنا، لەدوای ئەو شۆڕشەدا و لەژێر کاریگەری ئۆپێرای روسی، دەرفەت بۆ نەتەوەکانی دیکەی ژێری دەسەڵاتی سۆفیتەتیش رەخسا ئۆپێراکانیان پێشبخەن [2].

**لە چین** ئۆپێرا وەکو هونەرێکی سەبەرخۆ ورەسەنی میللی ناسراوە و مێژوویەکی دووردرێژی هەیە بۆ سەردەمە هەرە کۆنەکان دەگەڕێتەوە،بەلای هەندێك شارەزا دامەزراندنی بنچینەی ئۆپێرا لە سەردەمی پاشایەتی سۆنگ ((١١٢٧-١٢٨٠)) دەستی پێکردووە ،هەندێکی شارەزای دیکەش لەوباوەڕەدان کە لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی تۆنگ((٦١٨-٩٠٧))سەریهەڵداوە. لەرووی ناوەرۆکەوە بەگشتی ئۆپێرای چینی خاوەن ناوەرۆکی میللییەو لەدێهاتەکانی چین هەڵقوڵاوە ولەهەمانکاتیشدا شێوەیەکی داستانی هەیەو رەنگدانەوەی کۆمەڵگای چینەو زۆربەی بابەتەکانیشی لەبارەی دادپەروەری و نرخی مرۆڤایەتی و باسی پاڵەوانە میللییەکانە. هونەری ئۆپێرا لەچین گەلێك جۆری لێ دەبێتەوە لەوانە ئۆپێرای پەکین و ئۆپێرای شانگهای و ئۆپێرای سەچوان و ئۆپێرای تسادوتسینگك[3]. گرنگترینیان ئۆپێرای پەکینە، کە بە ئۆپێرای دایك دادەنرێت و هۆکاری سەرهەڵدانیشی بۆ

---

[1]- غانم محمود محي الدين، حول نشوء الأوبرا، ترجمة واعداد، مجلة (افاق العربية)، ص١٣٣-١٣٤.

[2]- هەمان سەرچاوە، ص١٣٦.

[3]- عبدالله علي، هونەری ئۆپێرا لە کۆماری گەلی چین دا، رۆژنامەی هاوکاری ، ژ(٢٣٨) لە ١١\١٠\١٩٧٤، ل٦.

تەقوس و سەماکردنە ئایینی و میللییەکان و نمایشەکانی بووکەشووشە دەگەڕێتەوە. هەروەها بەکۆکەرەوەی هونەرەکانی شارستانییەتی چینی دادەنرێت کە لەسەدەی نۆزدەدا و لەسەر دەستی هونەرمەند دان کسین بیی Dan Xinpei شێوەی کۆتایی خۆی وەرگرت، کاتێك دیالۆگی لەجیاتی گێڕانەوە لە شانۆی چیندا بەکارهێنا.

ئۆپێرای پەکین لە شێوەی پێشکەشکردن و دیکۆر و جلوبەرگ و گوتنەوەی شیعرەکان و تەختی شانۆ ، زۆر لە ئۆپێرای رۆژئاوایی جیاوازە و سەربەخۆیی خۆی هەیەو خاوەن ناوەرۆکێکی مێژوویی و عاتیفییە . لەرووی دەقەوەش ، دەقەکانی دووجۆرن ، ئەو دەقانەی سروشتێکی عاتفییان هەیەو بەگۆرانی دەگوترێنەوە و ئەوی دیکەشیان ئەو دەقانەن کە سروشتێکی مێژوویان هەیە ودیمەنی جەنگ لەخۆ دەگرن[1] .

ئۆپێرای سەچوانیش ناوەکەی لە ناوچەی سەچوانەوە هاتووە و بەکۆنترین جۆری ئۆپێرای چینی لەقەڵەم دەدرێت . لەرووی ناوەرۆکەوە خاوەن خەیاڵێکی قووڵە و هەروەها زێدەرۆیی کردنە لەگێڕانەوەی رووداوە مێژووییەکاندا[2] .

بەشێوەیەکی گشتی ئۆپێرای چینی نیوەی دیالۆگ و نیوەی بەگۆرانی دەگوترێتەوە و بەشێوەیەکی زۆر سادەش نمایش دەکرێت و دەقی ئۆپێرایەکەش خاوەن پەیڤی ناسك و شاعیرانەیە و ئەکتەر وەکو ئامێرێك بۆ دیاریکردنی سیمای کەسایەتییەکان و هەڵچوون و رەفتار و دەربڕینی رەمزی بەکاری دەهێنێت[3] .

**لەوڵاتانی دیکەشدا** ئۆپێرا وەکو هونەرێکی شارستانی گرنگی پێدرا، لەهۆڵندا (پییێر) لەرێگای شاکارەکەیەوە ( هالیویم) برەوێکی زۆری بەم هونەرە دا، لەسویسرا (هۆنیگەر) ئۆپێرای (بێچوەی هەلۆ)ی نمایش کردو بنەماکانی وەکو هونەرێك چەسپاند. لەهەنگاریاش ( لیتس) ئۆپێرای(هۆنیادی) نمایش کرد[4]، لەرۆمانیاش

---

[1]- د. ماری ألياس ، د.حنان قصاب حسن، المعجم المسرحي، عربي ـ انكليزي ـ فرنسي، ص ٧٨-٨١.

[2]- نزار سعيد، من المسرح الصيني، الجمهورية العراقية ـ وزارة الاعلام ، ١٩٧٣، ص١٦.

[3]- هەمان سەرچاوە، ص٢٢-٢٣.

[4]- مەحمود زامدار، نقیشکێك لە ئۆپێرا و خۆزگەیەك، گۆڤاری (رامان) ، ژ(١٦)، ساڵی دووەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩٧، ل١٧٠.

هونەرمەند (جیۆرجی ئینسکۆ) یەکەم ئۆپێرای بەناونیشانی ( ئۆدیفوسی پادشا) لەپێش سالآنی ١٩٤٥دا بلاوکردەوە[1]. لەنەمسا لەساڵی (١٨٨٢) فرانز سۆبێ هونەرمەند لەرێگای ئۆپێرای ( قوتابییەکی دەرۆزەکەر) هەنگاوێگی گەورەی بە ئۆپێرا نا. هەروەها سیدنی جۆنز (١٨٦١-١٩٤٦) وەکو ناودارترین ئۆپێرانووس لەسەدەی نۆزدەهەم ناوبانگی دەرکرد، ئۆپێرای ((گیشاك)) لەگرنگترین بەرهەمەکانییەتی. دواتر لەسەر دەستی یۆهان شتراوس ((١٨٢٥-١٨٩٩)) ئەم هونەرە گەیشتە چلەپۆپە. لەمەجەر ئەم هونەرە لەسەر دەستی (کۆنتن یۆزیف)ی مۆسیقاژەن پەرەی سەند بەتایبەتی لە ئۆپێرای (شەیتانی بزۆز)دا. پاشان (هۆسار نیۆ) ناودارترین ئۆپێرای خستەڕوو کەناوی ( میزادە پۆپ) بوو[2].

لەمیسریش یەکەم خانەی ئۆپێرا لەسەردەمی خدێوی ئیسماعیل لەساڵی((١٨٦٩))دا بە بۆنەی کردنەوەی کەناڵی سوێس دامەزرا، کەبەیەکەم خانەی ئۆپێرای عەرەبی دادەنرێت وچەندین ئۆپێرای جیهانی تێدا نمایش کرا لەوانە ئۆپێراکانی فێردی و رۆسینی و دونیزیتی و جۆنۆ . لەساڵی((١٨٧١)) ئۆپێرای عایدە نمایش کرا، کە سەرەتاش سیناریۆك بوو بەشێوەی پەخشان لەلایەن مارییت بگ دانرابوو، دواتر داوا لە ئەنتۆنیۆ جیزلانزۆنی شاعیر کرا بەشێوەی شیعری شانۆیی دایبڕێژێت و فێردی مۆسیقازانی بەناوبانگی ئیتالیش نمایشی کرد، سەرەتاش بەزمانەکانی ئیتالی و فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەلمانی ورووسی پێشکەشکرا. بە وەرگێرانیشی بۆ زمانی عەرەبی بوو بەیەکەم ئۆپێرای میسری و عەرەبی لەمێژوودا[3].

* * *

بەمشێویە هونەری ئۆپێرا لە ئیتالیاوە بۆ ولآتانی ئەوروپا وجیهان گوازرایەوە و چەندین قوتابخانەی تایبەتی لەبارەی توێژینەوەی ناوەڕۆك و دەرهێنان و نواندنەوە .... هتد، هاتە دامەزراندن . ناوەرۆکی ئۆپێراش بەپێی گۆڕانی رۆژگار و

---

[1]- غانم محمود محي الدين، حول نشوء الأوبرا، ترجمة واعداد، مجلة (افاق العربية)، ص١٣٥.

[2]- رەقیب سەعید، ئۆپێرا شانۆی گۆرانی و مۆسیقا و سەما، ل ٣١٧.

[3]- جوسيبي فيردي، عايدة ـ الأوبرا القومية لمصر، ت: عبدالمسيح زين الدين، ص١٥-٢٠.

سەردەمەکانەوە ، گۆڕانکاری هەمەجۆری بەخۆیەوە بینیوە، بۆ نموونە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆرشی فەرەنسا ، (ئوپێرای ئازادی ) واتە ئەو ئۆپێرایانەی کە پاڵپشتی لە ئازادی و یەکسانی و مافی مرۆڤ دەکەن لەدایکبوو، هەروەها لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هزری نەتەوایەتی لە ئەوروپادا، ئوپێرای نەتەوایەتی سەریهەڵدا و لەگەڵ هاتنەکایەوەی ریالیزمیش ئوپێرای واقیعی لەدایکبوو ، ئیتر بەمشێوەیە ئۆپێرای رۆمانسی و ئۆپێرای نارۆمانسی و ئۆپێرای سیاسی و ئۆپێرای کۆمەڵایەتی ..... هتد ، لەگۆڕەپانەکەدا بەپێی بارودۆخ هاتوونەتە بوونەوە.

ئۆپێرا لەرووی نمایشەوە دوو شێوەی هەیە:

١ـ ئۆپێرای بچووک Small opera: بریتییە لەو ئۆپێرایەی کە ژمارەیەکی دیاریکراو لە مۆسیقازان و گۆرانیبێژ بەشداری لە ژەنین و ئەداکردنیدا دەکەن و ئەو شوێنەی کە ئۆپێرایەکەی لێ نمایش دەکرێت ، شوێنێکی بچووکە . لەرووی ناوەرۆکەوەش کەسایەتییەکانی کەمن و پێویستی بە کۆرس نییە[1].

٢ـ ئۆپێرای گەورە Grand opera: بریتییە لەو ئۆپێرایەی کەخاوەن هەناسەیەکی درێژە و لە سەدەی نۆزدە سەریهەڵدا و لەگەڵێك هەڵوێستی بەزەیی و پیاهەڵدانی بەشێوەی وێنەی ئەدەبی و درامی لەخۆ گرتووە، کە ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی دراما و مۆسیقازان و ئەکتەر و گۆرانیبێژ و کۆرس و سەماکار رۆڵی تێدا دەگێڕن[2].

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئۆپێرا لە دوو جۆری سەرەکی پێکدێت:

١ـ ئوپێرای سیریا opera seria : بەعەرەبی پێی دەڵێن ( اوبرا جاد) ، ئەم ئوپێرایە لە ئیتالیا لەسەدەی (١٦) سەریهەڵدا و لە سێ بەش پێکدێت و زیاتر بە کۆرس و سەماکردنەوە نمایش دەکرێت. سەرهەڵدانیشی دەرئەنجامی ئەو بزووتنەوە چاکسازییە بوو کە مەبەستی گێڕانەوەی سەروەری بوو بۆ دەق و گونجاندنی لەگەڵ مۆسیقا هاتەکایەوە. ئۆپێرای سیریاش دەبێتە دوو جۆر:

---

[1] - أ.د. كمال الدين عيد، اعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية. ص ١٤٠.

[2] - هەمان سەرچاوە ، ص ١٧١.

أ- ئۆپێرای تراژیدی: ئەو ئۆپێرایەیە کە خاوەن شێوەیەکی گەورە ودەگمەنە و ناوەرۆکێکی تراژیدی و کارەساتی لەخۆگرتووە. سەرەتای سەرهەڵدانی بۆ ڤینسییەکان دەگەڕێتەوە ، ئەوان دەقیان وەکو بیانوویەك بۆ گۆرانی گوتن بەکاردەهێنا و مۆسیقا و ئاوازیان لە وشە بە گرنگتر دادەنا، ئەمەش کاردانەوەیەکی بەهێزی لای شاعیرێکی لاو بەناوی ئەبۆستۆلۆ زینۆ( ١٦٦٨–١٧٠٠) دروست کرد ، زینۆ لەژێر کاریگەری هەردوو شاعیر کۆرنێ و راسیندا، هەوڵی دا دەقی ئۆپێرا لەو فەوزایە رزگار بکات و پابەندی یەکەکانی کات و شوێن و رووداو بکات . لەم پێناوەشدا جەختی لەسەر تەنیا یەك بیرۆکەی سەرەکی کردەوەو هەروەها ژمارەی کەسایەتییەکانیشی کەم کردەوەو ئەو دیمەنانەی کە پەیوەندییان بە دەقەکەوە نییە لایدان. ئەمەش سەرەتای لەدایکبوونی ئۆپێرای تراژیدی بوو . لەدوای ئەویش مۆستازیو ((١٦٩٨–١٧٨٢)) بەگرنگترین ئۆپێرانووسی تراژیدی دێتە ژماردن[1].

ب ـ ئۆپێرای کۆمیدی: وەکو کاردانەوەیەك لەدژی ئۆپێرای تراژیدی هاتە کایەوە، بریتییە لەو ئۆپێرایەی کە لەبری پێشکەشکردنی بابەتی پاڵەوانییەتی و ئەفسانەیی، دیمەن و کەسایەتی ئاسایی و باو دەخاتەڕوو ، لە رووی نمایشکردنەوەش تواناسازی کەمتری لەڕووی دەرهێنان و پێشکەشکردنی پێویستە. لە تایبەتمەندییەکانیشی ئەوەیە کە هەر وڵاتێك بەزمانی نەتەوەیی خۆی دەق پێشکەش دەکات، جیا لە دەقی ئۆپێرای تراژیدی، کە دەقەکە لەهەر وڵاتێك نمایش بکرێت دەبێ بەو زمانە بێت کە یەکەمجار پێی نووسراوەتەوە. لەبەر ئەوە مۆسیقاش سروشتێکی نەتەوەیی وەردەگرێت. سەرهەڵدانی ئەم ئۆپێرایەش بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە: یەکەمیان وەکو پێویستییەك لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا هاتەکایەوە بۆ وێناکردنی واقیع و دوورکەوتنەوە لەزۆر لەخۆکردن ، دووەمیشیان وەکو کەناڵێك بوو بۆ گەیشتن بە هزری نەتەوەیی و سەرەتای چەرخی رۆمانتیکی لەسەدەی نۆزدەدا[2].

٢ـ ئۆپێرای گاڵتەوگەپ Gay opera : کە بەعەرەبی پێیدەڵێن (( الأوبرا المرحە))، بریتییە لەو ئۆپێرایەی کە بابەتەکانی کۆمیدی ئاسانن و بەهۆیەوەشەوە

[1]- د. احمد حمدي محمود، الأوبرا ، ص٣٨.

[2]- هەمان سەرچاوە ، ص ٧٨.

مۆسیقایەکەی ئاسایییە و شێوەیەکی تێکەڵاوی هەیە لەگەڵ قسەکردندا، واتە مۆسیقا و شێوازی قسەکردن بەیەکەوە بەستراون[1]. و هیچ پێکهاتە وگرێ و ئاڵۆزی تێدا نییە. لەدوو جۆری سەرەکیش پێکدێت:

أـ ئۆپێرای بوفا opera buffa : لە ئیتالیا لە سەدەی حەڤدە سەریهەڵدا و بریتییە لەو ئۆپێرایەی کە (هەمووی بەگۆرانی دەگوترێتەوە ، بەڵام سروشتێکی پێکەنیناوی هەیەو کەسایەتی کەمتر لەخۆ دەگرێت) [2]، هەروەها خاوەن ناوەرۆکێکی کۆمیدی ئاسایییە بابەتەکانیشی لە ژیانی هاوچەرخ و کەسایەتییەکانیشی لەواقیعی ژیانی رۆژانە وەرگیراون. سەرهەڵدانی ئۆپێرای بوفا بۆ ئۆپێرای سیریا دەگەڕێتەوە، کاتێک لەنێوان بەشەکانی ئۆپێرای سیریا، چەند نمایشێك بەجیا پێشکەش دەکرا، دواتر ئەم نمایشانە سەربەخۆی خۆیان وەرگرت و لەئۆپێرای سیریا جیا بوونەوەو ناوی ئۆپێرای بوفای لێنرا. یەکەم ئۆپێرانووسی بوفاش برجۆلیزی بوو کە ئۆپێرای ((خاتوونی خزمەتکار))ی لەساڵی(( ١٧٣٣)) نمایش کرد.

ب ـ ئوپێرای کۆمیك opera Gomic : لەسەدەی حەڤدە لەفەرەنسا هاتەئاراوەو هەر بەو ناوەش لە ئیتالیا و ئەوروپا ناسرا. ئەمجۆرە ئوپێرایە ( دیالۆگی بابەتەکانی لە دەنگی گەل وەردەگرێت و گۆرانییەکانی بەشێوەیەکی ئاسان پێشکەش دەکات) [3]، رەگ و ریشەی ئەم ئۆپێرایە بۆ جۆرە نمایشێکی فەرەنسی دەگەڕێتەوە بەناوی ڤۆدڤێل*، کە لە ناو بازاڕەکان نمایش دەکرا، چونکە هۆڵەکانی شانۆ بۆ شانۆگەری

---

[1]- ك. ع.ك، ئۆپرا، وەرگێڕان لە ژمارە (١٦٠) گۆڤاری العربی کوێتییەوە، گۆڤاری ( بەیان) ژمارە(١٥)، تەمووزی ١٩٧٤، ل٩.

[2]- د. ماری ألیاس ، د.حنان قصاب حسن، المعجم المسرحي، عربی ـ انكلیزی ـ فرنسی، ص٨١.

[3]- أ.د. كمال الدين عيد، اعلام و مصطلحات المسرح الاوروبي، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشرـ مصر. ٢٠٠٦ . ل٧٧٢.

* ڤۆدڤێل: وشەیەکی فەرەنسییە و بریتییە لە گۆرانییەکی میللی، کە لەسەدەی پازدەدا فەرنسییەکان بەتایبەتیش دانیشتوانی هەرێمی نۆرماندی لەدژی داگیرکردنی ئینگلیزەکان، دەیانگوت، ناوەکەش لە دۆڵێکی ئەو هەرێمە وەرگیراوە، هەندێکی دیکەش لەوڕایەدان وشەکە واتای دەنگی شار، یاخود گۆرانییەکانی سەر شەقام دەگەیەنێت. بوالۆ لە کتێبەکەی خۆیدا ((هونەری شیعر)) وەکو دەلالەتێك بۆ گۆرانی سیاسی بەکاریهێنا. لەسەدەی هەژدەشدا لەفەرەنسا وەکو ناونانێك بۆ جۆرە شانۆگەرییەك لەدژی شانۆی سیریا بەکارهات.

سێریا کە بە شانۆی فەرمی دادەنرا تـەرخان کرابـوو. ئـەم جـۆرە نمایـشە بـە نـاوکی سەرهەڵدانی ئۆپێرای کومیك دادەنرێت.

فەرەنـسییەکان توانیـان لــە رەگــەزو خاسـیەتەکانی ڤۆدڤێلـەوە بیرۆکــەی ئۆپێرایەکی نویَ دروست بکەن کە زیاتر رەنگدانەوەی ژینگەی خۆیان لەسەر بوو و پشتی بە زمانی گفتوگۆی ئاسایی دەبەست، سـەرهەڵدانی ئـەو جـۆرە ئۆپێرایـەش لەلایەکەوە دژی ئـەو شـێوازە تونـدە بـوو کەلـە ئـۆپێرای سـێریا پـەیڕەوی لێـدەکرا، لەلایـەکی دیکەشـەوە لەکەشـێکی گاڵتـەجاری و خۆشـی و پێکـەنین پێکهـاتبوو بـۆ کەمکردنـەوەی خـەم و خەفەتـەکانی مـرۆڤ بـوون، زیـاتریش بـۆ کـات بەسـەربردن و خۆشبەختی خەڵك ئامادەی بینینـی دەبـوون. لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەکۆتایی سـەدەی هەژدەشـدا زیـاتر لــە گیـانی رۆمـانتیکی نزیـك کەوتــەوە و دەقەکانیـشی گرفتــە کۆمەڵایەتییەکانیان دەخستەڕوو. پەیوەستبوونی فەرەنـسییەکان بـە ئـۆپێرا کۆمیـك بووە هۆکارێك بۆ دوورکەوتنەوەیان لە ئۆپێرای سێریا کە لەفەرەنسا لەسـەر دەسـتی لوللی بنیاتنرابوو. لەهەمانکاتیشدا دەربڕی روح و ژینگـە فەرەنـسییەکان بـوو، بۆیـە بووە ئۆپێرایەکی فەرمی و پادشا خۆی سەرپەرشتی و چاودێری دەکرد.

لەرووی ناوەرۆکەوەش مەرج نییە هەمیـشە سروشـتێکی پێکـەنیناوی هـەبێت ، بەڵکو زۆر جار سروشتێکی تراژیدیشی وەردەگرت، هەروەکو لە ئۆپێرای ((کارمن))ی جـۆرج بیزییـە((١٨٣٨–١٨٧٥)). هۆکـاری سـەرهەڵدانی ئـەم جـۆرەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە کە لەسـاڵی ((١٧١٥)) پێـشکەشکردنی کۆمیـدیا و هـەر شـانۆگەرییەکی دیالۆگی قەدەغەکرا. وەکـو کاردانەوەیـەك ئەکتـەرەکان پـەنایان بـۆ بەرزکردنـەوەی لافیتە برد کـە دەقـەکانی تێـدا نووسـرابوو و وەکـو هێرشـێك بـوو بـۆ سـەر ئـۆپێرای سـێریا. دواتـر لەسـاڵی ((١٧٤٣)) لـە سەردەسـتی شـارل سـیمۆن فاڤـار ((١٧١٠–١٧٩٢)) لەکۆمیـدیا و پیـشە میللییـەکان جیـا بوویـەوە و ئەکتـەرەکان مۆڵـەتیان لـە ئەکادیمییـەی مۆسـیقا وەرگـرت بـۆ پێـشکەشکردنی ئـۆپێرای کۆمیـك بەشـێوەیەکی فەرمی و دواتریش مۆڵەتی ئەوەشیان وەرگرت کە ئەو دیالۆگەی کە ناکرێتە گۆرانی،

بخەنە ناویەوە[1]. ئەم خاڵەش جیاوازییەکی گرنگ و جەوهەرییە کە ئۆپێرای کومیك لەگەڵ ئۆپێرای بوفا جیا دەکاتەوە. واتە بوونی دیالۆگێك لەنێو دەقدا کە بۆ گۆرانی گوتن نەنووسرابێت، سیمای جیاوازبوونە لەگەڵ ئۆپێرای بوفا. ئۆپێرای کومیك بەگوێرەی پێشکەوتنی خۆیەوە، شێوەیەکی دیکەی وەرگرت کە بە ((ئۆپەرێت)) ناسرا. واتە ئۆپەرێت وەکو هونەرێك لە ئۆپێرای کۆمیك هاتەئاراوە[2].

## ئۆپەرێت:

ئۆپەرێت وەکو شێوەیەك لە شێوە پێشکەوتووەکانی ئۆپێرا هاتەئاراوە. بەتایبەتیش ئۆپێرای کۆمیك، هەر بۆیەش جیاوازی لەگەڵ ئۆپێرای کۆمیك ئەوەندە زۆر نییە و زۆر بەئاسانیش ئەو جیاوازییانە دەستنیشان ناکرێت، بەڵام دەکرێت جیاوازی سەرەکی لەوەدا دیاری بکەین کە ئۆپەرێت چەند بەشێکی دیالۆگی هەیە بۆ ئاوازدانان، دانەنراوە.

لەرووی زاراوەشەوە، وشەی ئۆپەرێت وشەیەکی ئیتالییە و سیغەیەکی کورتکراوەی وشەی (ئۆپێرا)یە و لەسەرەتاشدا وشەی ئۆپێرا ئاماژدان بوو بە ئۆپێرایەکی بچووك ، بەڵام لەسەدەی نۆزدەدا مانای ئەو وشەیە گۆڕانی بەسەردا هات و وەکو ئاماژەدانێك بۆ شانۆگەری میللی سووکەڵە بەکارهات، کە مۆسیقا وگۆرانی و سەماکردنی ناکلاسیکی لەخۆدەگرت[3]. ئەم زاراوەیە لە زمانەکانی دیکەش وەکو خۆی بە ( ئۆپەرێت) بەکاری دەهێنن و لەزمانی کوردیشدا هەر وەکو خۆی ئۆپەرێت بەکاردەهێنرێت.

ئۆپەرێت وەکو جۆرێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و لەگەڵێك گۆشەنیگای جیاجیاوە پێناسە کراوە، هەندێك لەروانگەیەکی مۆسیقا و گۆرانییەوە پێناسەی بۆ دەکەن، لەوانە بەلای (د. ماری ئەلیاس و د.حەنان قەساب حەسەن)

---

[1]- د. ماری الیاس ، د.حنان قصاب حسن، المعجم المسرحي، عربی ـ انكليزی ـ فرنسی، ص٨٢.

[2]- د. ماری الیاس ، د.حنان قصاب حسن، المعجم المسرحي، عربی ـ انكليزی ـ فرنسی، ص٨٢ . هەروەها : د. وليد بكري، موسوعة اعلام المسرح ، دار اسامة للنشر والتوزيع، الأردن – عمان ٢٠٠٣، ص٢٠.

[3]- د. أحمد ابراهيم، الدراما و الفرجة المسرحية، ص٢٧.

ئۆپەرێت بریتییە لە((جۆرێکی گۆرانی میللی، کە پابەندی ئەو یاساو رێسا توندە نابێت لە ئۆپێرا دەیبینین، مۆسیقاکەشی پشت بە ئاوازی ئاسان دەبەستێت کە بەخێرایی لەبەر دەکرێت، هەروەها لە چەند دیالۆگێکی ئاخاوتن پێکدێت کە هەڵوێستێکی درامی دەخاتەڕوو و خۆشی و شادی تێدایە و هەندێك پارچە گۆرانی لەخۆگرتووە، کە ئاوازەکەی سوك و سادەیە و جەماوەر بەئاسانی دەتوانن بیڵێنەوە)) [1].بەلای (غەمگین فەرەج)ەوە ئۆپەرێت ((بریتییە لە نمایشێکی شانۆیی، کە لەدارشتنیدا موزیك و گۆرانی وەك دوو رەگەزی بنیاتنەر، پانتاییەکی فراوان لەبەرهەمەکە داگیر دەکەن)) [2] .

هەندێکیش لەروانگەیەکی شانۆییەوە پێناسەیان بۆ کردووە، لەوانە فەرهەنگی ( Dictionary of literary terms & literary theory ) بەمشێوەیە پێناسەی ئۆپەرێت کراوە: (( درامایەکی بچووکە بۆ مەبەستی پراکتیکی دەنووسرێت و لە پشووە مۆسیقایەك و دیالۆگێکی ئاخاوتن پێکدێت و زۆریش لەسەر شێوەی داشۆرین دارێژراوە)) [3] .

لەلایەن خۆیەوە (د. محەمەد ئەلتونجی) وا پێناسەی ئۆپەرێت دەکات: (( بریتییە لە شانۆیەکی گۆرانی ئامێزی گێڕاوەیی خۆش و گاڵتەئامێز، کە نواندن و دیالۆگی شانۆیی و سەماکردن لەخۆ دەگرێت و دیالۆگەکەشی بەشێوەیەکی گشتی پابەندی ئاوازدانان نابێت)) [4] .

(محەمەد حەنانا) ئۆپەرێت بەوە دادەنێت کە ((شانۆگەرییەکی گۆرانی ئامێزی سوکە و سەما و نمایش وگۆرانی لەخۆ دەگرێت ، دیالۆگەکەشی هەمووی بەگۆرانی ناگوترێتەوە، بەڵکو چەند بەشێکی بەگۆرانی دەگوترێت و ئەوانی دیکەشی ئیلقادەکرێت هەروەکو شانۆگەرییە ئاساییەکان)) [5] .

---

[1] - د. ماری الیاس ، د.حنان قصاب حسن، المعجم المسرحي، عربی ـ انکلیزی ـ فرنسی، ص٨٣.

[2] - غەمگین فرج، دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی موزیك، زنجیرە کتێبی ئینستیوتی کەلەپووری کوردستان (٢) ، چاپی یەکەم ، هەولێر ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٥، ل١٢٥.

[3] - J.A.Cuddon.Dictionary of literary terms & literary theory.1999.p617.

[4] - د.محمد التونجي، المعجم المفصل في الأدب، دار الكتب العلمية، بيروت ـ لبنان ، الطبعة الثانية ١٩٩٩، ص ١٤٣.

[5] - محمد حنانا، معجم الموسيقا الغربية، ص ٢٣٧.

(مەجدی وەهبە) وا پێناسەی دەکات:(( شانۆگەرییەکی گۆرانی ئامێزی کورتـە، کـە ئـەویش شـانۆیەکی مۆسـیقی سـوکە و لـە رووداوێکـی عـاتیفی پێکهـاتووە کـە کۆتاییەکەی خۆشی و شادی بێت. هەروەها چەند هەڵوێستێك لەخۆ دەگرێت کـە لـە دیالۆگێکی گوتراو وسەمایەکی تەعبیری و نمایشکاری پێکدێت)) [1].

(ئەحمـەد سـالار) لەلایـەن خۆیـەوە بەمـشێوەیە پێناسـەی دەکـات: (( شـانۆگەرییەکی شـیعرییە کـە لـە دیـالۆگێکی شـانۆیی یـاخود پەخـشان پێکـدێت و قسەشی تێدەکەوێ)) [2].

(مەحمود زامدار) ئۆپـەرێت بـە کۆکـەرەوەی هـەردوو رەگـەزی شـانۆ و مۆسـیقا لەقەڵەم دەدات و دەڵێ: (( ئۆپەرێت هونەرێکی بایەخداری میللییە و تابلێی چەشەی میللەت چێژی لێ وەرئەگرێ و حەزی لێ ئەکا وگزوفتی بۆ ئـەدا، چـونکە بریتییـە لـە چەندین هونـەری تێکـچرژاوی ( نمـایش ــ مۆسـیقا ــ گـۆرانی) کەبەهۆیانـەوە بـیرو تاسەو خەونەکان دەهـاپتر هەڵدایـسێن و ئارەزووەکـان دەق ئـەگرن و رووی رەمـزی ئامانجەکان گەشـتر ئـەبێت، چـێژ تـادێ زاخـدراوتر. مۆسـیقا سـەرپەڕتر و گـۆرانیش جوانتر..)) [3].

هەروەها (حەمە کەریم هەورامی) بەمشێوەیە پێناسەی دەکـات:((ئۆپـەرێت لـە ئەدەبی کوردی و رۆژهەڵاتدا هونـەرێکی نوێیـە و خزمایـەتی لەگـەڵ شـانۆدا بەتینـە، گێڕانەوەی بەسەرهاتی لیریکێکی دڵدارییە، یان داستانێکی تراژیدیانەی پڕ لە غـەم و کەسەرە، کەرەسە سەرەکییەکانی هۆنراوە و گـۆرانی و گێڕانـەوەی کارەسـاتەکە بـە ئاواز و گۆرانی، ئیتر گێڕانەوەکەی چ بە کۆمەڵ بێ یان بە تـاك، بـە یاریـدانی کـۆرس بێ یان بەهۆی کۆنسێرتی مۆسیقییەوە بێ)) [4].

---

[1] - مجدی وهبة، معجم مصطلحات الأدب، انكليزی ـ فرنسیـ عربي، منشورات مكتبة لبنان ، بیروت ١٩٧٤، ص ٣٦٩.

[2] - چاوپێکەوتن لەگەل ئەحمەد سالار، لە رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان، کاتژمێر (١٠)ی سەرەلەبەیانی رێککەوتی (٢٠٠٩\١٢\٣١).

[3] - غەمگین فرج، دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی موزیك، ل١٢٥.

[4] - حەمەکەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد دوای راپەڕین، بەرگی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر ٢٠٠٧، ل٢٨٢.

(شاهین نەجمەدین) لەروانگەی شانۆی منداڵانەوە پێناسەی بۆ دەکات و دەڵێت: ((ئۆپەرێت، ئەمە زیاتر شانۆیەکی شێوە گۆرانی یا سرود ئامێزە، بەلام لەناو ڕووداوەکاندا گفتوگۆ یا دیالۆگی تاکە تاکە هەن.. دەکرێ منداڵان بەتەنیا دەوری تێدا بگێڕن و گۆرانی بڵێن، واتە مەرج نییە ئەکتەری گەورە دەوری تێدا بگێڕێ، ئەم هونەرەش زیاتر بۆ منداڵانی تەمەن(٤–٦) ساڵان دەشێ)) [1].

هەروەها بەوپێیەی کە ئۆپەرێت لە ئۆپێرا دروست بووە، بەشێك لە لێکۆڵەران لەروانگەی بەراوردکردنی لەگەڵ ئۆپێردا پێناسەی دەکەن. لەوانە (د. کەمالەدین عید) لە پێناسەکردنی ئۆپەرێتدا دەڵێت: ((ئۆپەرێت بە مانا لەفزییەکەی بریتییە لە ئۆپرایەکی بچووك، بەڵام لەرووی هونەرییەوە لە ئۆپێرا جودا دەبێتەوە و بەزمانێکی ئاسایی دەنوێنرێت، واتە گفتوگۆ لەنێویدا بە پەخشان دەبێت و زمانەکەشی زمانی ئاخاوتنی ئاسایی ژیانە، ئاوازی مۆسیقاکەشی لە ئاوازی ئۆپێرا ئاسانترە و پشت بە ئاوازی شار دەبەستێت، واتە ئەو ئاوازانەی لە نێو دانیشتوانی شارەکان بڵاوبوونەتەوە)) [2].

بەڕای (د. تارق حەسون فەرید) ئۆپەرێت پێکدێت لە(( (ئۆپێرا)یەکی سووکەڵە (خفیف) و پڕ لە خۆشی (مرح) .. گفتوگۆیەکە (واتا حیوارێکە)، نوکتەبازی و گەمەپێکردن و گاڵتەجاڕی و دڕیشی (خشونە) تێدا دەبێ! یا کۆمیدیایەکە، سادەو سووك و لەسەر هەڵوێستی ڕەخنەگرتن و دابی نامۆ و نائاسایی دادەمەزرێت)) [3].

لە (مسوعة العلوم والمعارف المصورة ـ الأداب و الفنون)دا، ئۆپەرێت بەمجۆرە پێناسە کراوە: ((شێوەیەکە لەشێوەکانی ئۆپێرا، یاخود ئۆپێرایەکی کورت و درامایەکی عاتیفی ئاوازدارە، شوێن و کاتی ئۆپێراش هەمیشە لەرووی ڕەنگ و شێوەی جلوبەرگ و باکگراوەندەوە، سەیر و سەمەرە و ناوازەیە و کەسایەتییەکانیشی ئەمیرەکانن، پیاوەکانیان بەرگی سەربازی و ئافرەتەکانیان

---

[1]- شاهین نەجمەدین. لای ئێمە هێشتا بایەخ بە شانۆی منداڵان نەدراوە، دیمانە، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە(١٢)، تشرینی یەکەمی٢٠٠١، ل٧٢.

[2]- أ.د. کمال الدین عید، اعلام و مصطلحات الموسیقی الغربیة. ل١٤١

[3]- باکووری، ئۆپەرێت، گۆڤاری رامان ، ژمارە (٨٤-٨٥) ، ساڵی هەشتەم، مایس – حوزەیرانی٢٠٠٤، ل١٩٣.

بەرگێکی جوان دەپۆشن. بەڵام چیرۆکەکانی ئۆپەرێت هەمیشە رۆمانسی و عاتفییە وهەردەمیش باشەکان سەردەکەون و خراپەکان سزادەدرێن و خۆشەویستانیش لەکۆتاییدا بەیەکتردەگەن))[1].

ئەگەر بەگشتی لەو پێناسانە وردبینەوە دەتوانین دوو لایەنی زۆر سەرەکی لە ئۆپەرێتدا دیاری بکەین ، ئەوانیش لایەنی دەقەکەیە کە لەوانەیە شیعر بێت یاخود پەخشان . لەهۆنینەوەی دەقی شیعری ئۆپەرێتدا مەرج نییە رەچاوی ئەوە بکرێت، دیالۆگەکانی بکرێنە گۆرانی ، چونکە هەندێ بەشی دیالۆگەکە ئاسایی و بەشێوەی ئیلقا پێشکەش دەکرێت و هەندێ بەشی دیکەشی ئاوازی بۆ دادەنرێت و بەشێوەی گۆرانی دەگوترێتەوە. واتە سێ لایەنی شیعر و مۆسیقا وگۆرانی پەیکەربەندی ئۆپەرێت پێکدەهێنن و توخمی هەر بنچینەیی ئۆپەرێتن، چونکە کاتێك گۆرانی و مۆسیقا و جووڵانەوەی شانۆیی تێکەڵ یەکتر دەبن و لەبۆتەی یەك شتدا دەتوێنەوە، ئەوکات چەشنە هاوکێشەیەکی وردی باری هزری و شارستانی دەنوێنن. ئەمەش بەو واتایە نایەت کە ئۆپەرێت لە چەند گۆرانی وئاوازێکی بەزۆر پێکەولکێنراو پێکهاتبێت، بەڵکو گۆرانی وموزیك لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە پێویست دەبێت، واتا ((لەسەرەتاوە بەرهەمەکە بەموزیك و گۆرانی دانارێژرێت، بەڵکو بەپێی رەگەزی موزیك وگۆرانی کاری پێدەکرێ))[2] ، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ لە دارشتنی دەقی شیعرەکەدا وردەکاری بنوێنرێت و وشەکانیشی بەو پەڕی زیرەکییەوە گوڵبژێرکرابن تا کارئاسانی بۆ ئاوازدانانی بکرێت.

لەرووی نمایشەوە لەسەرەتادا ئۆپەرێت دەبوو لە یەك بەش پێك بێت و تەنیا دوو ئەکتەریش نمایشی بکەن، ئەمەش لەفەرەنسا و لە سەردەمی پاشا( لویس ڤیلیب) وەکو یاسایەکی لێهاتبوو، دوای ئەو (ناپلیۆن)یش بەهەمان شێوە پارێزگاری لەو یاسایە کردو دەبوو بۆ زیاترکردنی ئەکتەر، پێشوەختە رەزامەندی بەدەست

---

[1]- مسوعة العلوم والمعارف المصورة ـ الأداب و الفنون، مركز الشرق لأوسط الثقافي للطباعةو النشر والترجمةو االتوزيع، الطبعة الأولى ٢٠٠٩، ص٧٣.

[2]- غەمگین فرج، دەروازەیەك بۆ بۆتەکانی موزیك، ل١٢٥.

بهێنرێـت[١]، بـەڵام دواتـر ئـەم یاسـایە تێکـشێنرا و کـۆرس بەشـداری دەکـرد و گۆرانییەکانی دەگوتەوە.

لـە رووی نـاوەرۆك و مەبەسـتەوەش ئۆپـەرێت یەکێکـە لـەو هونەرانـەی، کـە خـاوەنی بیرۆکـەی مرۆیـی مەزنـە و دەربـڕی ژیانـەو بریتییـە لـە خـستنەڕووی گفتوگۆیەکانی مرۆڤ بۆ جەماوەر هەروەکو ژیانە واقیعییەکە. ئـەو گفتوگۆیانـەی کـە کێشە هەمـەجۆرەکانی مـرۆڤ پیشان دەدەن و لێیـان دەکۆڵنـەوە، کـە ئەمـەش وا لـە خوێنەر یاخود بینەر دەکات بەدواداچوون بۆ هـزری کەسایەتییەکان بکـات و بـچێتە جیهـانی نـاوەوەی کەسـایەتییەکان و لـەوێوە حیکمـەت و نهێنییـەکانی ژیـان دەربهێنێت. هەرچەندە دۆزینەوەو شارەزابوون لە جیهانی ناوەوەی کەسایەتییەکان، لەرێگـەی چـەند تابلۆیـەکی کـورت وخێـرا دەبـن و زیـاتریش سـایکۆلۆژییەتی تاکـە مرۆڤێك دەخەنـەڕوو، بـەڵام لـە ژیـان و بەسـەرهاتی ئـەو تاکـە کەسـەوە ئـەزموون و رووداوە هەمە چەشنەکانی ژیان و هەڵوێستەکان نمایش دەکـات ((ژیـانی کۆمـەڵانی خەڵکی لە کرێکار و قوتابی و جوتیار و دڵدار و مامۆسـتا و شـاعیر و پـسپۆر و..تـاد قووڵتر پیشمان ئەدەن، سەرباری ئاوەژوکردنی گیانی پـڕ لـە تـین وتـاوی راپـەڕین و بزووتنەوەی چینایەتی و نیشتمانی و نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی))[٢].

لێکۆڵەرەکان سەرهەڵدانی ئۆپەرێت بۆ زۆر کۆنتر لەم مێژووە دەگەڕێننەوە، (شـارل ئـەمبیر) نـەژادی ئۆپـەرێت بـۆ سـەدەی سـێزدە دەگەڕێنێتـەوە، کـە جـۆرە تەمـسیلییەك نمـایش دەکـرا لەوانـە تەمیـسلی رۆبـین و مـاریۆن لـە نـاپۆلی ودواتـر لەفەرەنسا نمایش کرا و دەقەکەشی لەلایەن نووسەری فەرەنسی (ئـادەم دی لاهـای) (١٢٤٠–١٢٨٨) نووسرابوو، ئەم جۆرە تەمسیلیانە بۆ سەرنجراکێشانی بینەران زمان پیسی و جنێودانیـان بـەکاردەهێنا، جیاوازیـشیان لەگـەڵ ئۆپـەرێت لـەوەدابوو، کـە بابەتێکی دیاریکراوی لەخۆنەگرتبوو، بەڵکو هەڵبژاردەیەك بوو لـە فۆلکلـۆر و گـۆرانی گوتن[٣].

---

[١]- د. احمد حمدی محمود، الأوبرا والأوبريت ، ص ١٤٢.

[٢]- مەحمود زامدار، دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانیی کوردی، دار الحرية للطباعة، بەغدا ١٩٨٠. ل ١٥٣.

[٣]- د. احمد حمدی محمود، الأوبرا والأوبريت ، ص ١٤٠.

سەرهەڵدانی ئۆپەرێت بەشێوەیەکی فەرمی لە سەدەی نۆزدەدا بوو، مەڵبەندی سەرەکی ئەو سەرهەڵدانەش فەرەنسا بوو، فەرەنسییەکان هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابوون ئۆپێرایەکانیان لەرووی رووخسارو ناوەرۆکەوە لە ئۆپێراکانی ئیتالی جیابێتەوە و مۆرك و سیمایەکی تەواوی فەرەنسییەکانی لەسەر بێت و رەنگدانەوەی جۆری ژیان و هزر و ژینگە وکۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی فەرەنسی بێت. هەرچەندە لەسەرەتادا نەیانتوانی لەژێر رکێفی یاسا و بنچینەکانی ئۆپێرای ئیتالی خۆیان رزگار بکەن، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەدەی نۆزدە فەرەنساش بووە مەڵبەندی سەرهەڵدانی جۆرێك لە جۆرەکانی ئۆپێرا کە ئەویش ئۆپێرای کومیك بوو. ئەو ئۆپێرایە ئاوێنەیەکی تەواوی هزرو ژیانی فەرەنسییەکان بوو، و لەورێگایەشەوە فەرەنسییەکان ئۆپێراکانی ئیتالیان رەتکردەوە. لەهەمانکاتیشدا ئەو جۆرەیان بوو بە زەمینەیەکی لەبارو گونجاو بۆ لەدایکبوونی ئۆپەرێت. لەمبارەیەوە ئیتالییەکان ئەو مێژووەی سەرهەڵدانی ئۆپەرێت رەتدەکەنەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە وەکو بەجێهێنانی داواکارییەکانی خەڵك ئۆپەرێت لە ئیتالیا و لە ئۆپێرای بوفاوە لەدایکبووە، کەلەڕووی ناوەرۆکەوە لە بابەتەکانی خواوەند و نیمچە خواوەند و پادشا و میرەکان دوورکەوتەوەو لەبری ئەمەشدا بابەتی هاوچەرخی پێشکەشکرد، کە لەلایەن شاعیرانی وەکو (گولدونی و گوتزی و میتاستازیو) دانرابوون. هەروەها لە جیاتی بەکارهێنانی شێوازی گۆرانییەکانی ئۆپێرا، چەند گۆرانییەکی باو و دیاری پێشکەشکرد[1].

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئۆپەرێت لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١ـ گەیشتنە لوتکە و زۆربوونی بەرهەمی ئۆپێرا، کە لەگەڵیشدا جدییەت وەکو سیمایەکی ئەو بەرهەمانەی ئۆپێرا بەردەوامبوو، بەتایبەتیش پیشاندانی رووداوی گرژ و توند، تەنانەت نەرم و خۆشیش لە ئۆپێرا مێژووییەکاندا دەبوونە هۆکارێك بۆ بێزاربوونی بینەر لە دووبارەبوونەوەی ئەو رووداوانە، هەروەها ماندوبوونی مێشکیان،

[1]- هەمان سەرچاوە ، ص ١٢١.

لەدەرئەنجامی ئەوەشدا زۆر جار بینەر هۆڵی نمایشی ئۆپێرای بەجێ دەهێشت، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ گەڕان بەدوای شێوەیەکی دیکەی ئۆپێرا تا بتوانن ئەو بینەرە ڕازی بکەن و بە پێکەنینی بهێنن، بۆیە هونەرمەندان بیریان لە جۆرە ئۆپێرایەك کردەوە، کە لەرووی ناوەرۆکەوە هەمان شت بێت، بەڵام بەشێوەیەکی کۆمیدییانە بابەتەکانی بخاتەڕوو، کە دانیشتوانی نێو هۆڵ ڕازی بکات[1] .

٢ــ هەرچەندە جەماوەری ئۆپێرای سیریا لە چینی سەرەوەی کۆمەڵ بوون، جەماوەری ئۆپێرای بوفاش سەرجەمی گەل بوو، کەچی لە ئیتالیا هەردوو جۆر بەیەکەوە هەڵیانکرد و دژ بەیەك نەبوون ، بەڵام لەفەرەنسا حاڵەتەکە پێچەوانە کەوتەوە ، هەردوو جۆر بەیەکەوە نەگونجان، تەنانەت شەڕەقسە لەنێوان لایەنگرانی هەردوو جۆردا لەوپەڕی گەرمیدا بوو، و گەلێك بیرمەندی گەورەی فەرەنساش بەشدارییان تێدا کرد لەوانەش (جان جاك رۆسۆ) بوو[2].ئەم پێکەوە نەگونجانەی هەردوو جۆری ئۆپێرا لە فەرەنسا، شاعیران و هونەرمەندانی ناچار کرد بەدوای جۆرێکی نوێدا بگەڕێن، کە ڕەزامەندی گشتی لەسەر بێت.

٣- ئۆپێرا بەرهەمێك بوو لە لەئەنجامی لێکدانەوەیەك بۆ لاساییکردنەوەی شانۆکانی یۆنانی هاتەکایەوە وکەمتر لەژێر کارتێکردنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریدا بوو، بەپێچەوانەوە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ودەروونی کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر لەدایکبوونی ئۆپەرێتدا بینی، هەر کاتێك نائومێدی و ڕەشبینی مرۆڤ لە دەست کێشەکانی کۆمەڵ و کەشی سیاسی ئاڵۆز و تەمومژاوی و بەدەستهێنانی دەسکەوتی ماددی بەرێگەی شەرعی وناشەرعی زیاتر بوونایە، ئۆپەرێت لەگەشانەوەدا دەبوو[3] .

٤ــ سەرهەڵدانی ئۆپەرێت و گەشەکردنی زیاتر بۆ وەڵامدانەوەی داخوازییە هەنووکەییەکانی زەوقی گشتی جەماوەر دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیش کە ڕەوتێکی

---

[1]- باکووری، ئۆپەرێت، ل١٩٣-١٩٤.

[2]- د. احمد حمدی محمود، الأوبرا والأوبريت ، ص ١٢٢.

[3]- هەمان سەرچاوە ، ص ١٣٨.

گەشبینی باڵی بەسەر ناوەرۆك و روخساری ئـەو ئۆپـەرێتانـەدا گرتبـوو و مروڤـی بـۆ چەند ساتێك لەدەست کێشەکانی رزگار دەکرد و لەبیری دەبردەوە.

٥- بـۆ سـەرنج راکێـشانی جـەماوەر و رزگـارکردنی لـە دەسـت بێـزاری و نائۆمێدییـەکانی، جگـە لـە گاڵتەوگـەپ و باسـکردنی نوکتـەو مۆسـیقای پـڕ جـۆش وخرۆش، ئۆپەرێت پەنای برد بۆ پیشاندانی ئەکتەرەکان بـە رووتـی و نیمچە رووتـی لەگەڵ سەماکردندا، کە خێرایی گروتینێکی بە بڵاوبوونەوە و نەشونماکردنی بەخشی.

٦- پێگەیـشتن و سـەقامگیربوونی چـینی بـۆرژوازی، کـە پێـچەوانەی چـینی ئورستوکراتەکان حەزیان لەو جۆرە نمایشانە دەکردو پاڵپشتی مـاددیو مەعنـەوییان لێـدەکردن. لـە روانگـەی ئـەو چـینەوە ئـۆپێرای کومیـك چـیدیکە خۆشـییان پـێ نابەخشێت ، بـەڵکو بووەتـە جێگـەی بێزاربـوون و پەیـدابوونی کەشـێکی ناهـەمواری دروستکراو، بۆیە پـشتیان لـەو ئۆپێرایـەکرد و پێـشوازییان لـە ئۆپـەرێت کـرد وەکـو شێوازێك بۆ خۆشی و پاکبوونەوەی دەروونیان لەرێگەی هونەرەوە[1].

٧- سـەقامگیربوونی بـارودۆخی سیاسـی فەرەنـسا بەتایبـەتیش لەسـەردەمی فەرمانڕەوایەتی (ناپلیۆن)دا،کە بەرقەراربوونی ئاشتی بـووە هۆکـاری گەشەسـەندنی باری ئابووری خەڵك و هەوڵیاندەدا تاموچێژ لـەژیان وەرگـرن و لـە رۆتینیـاتی ژیـانی رۆژانە دوور بکەونەوە، لەمەشدا حەزیان لەرابواردن و گاڵتەوگەپ دەکرد[2] .

٨- پاڵپـشتیکردن و چـاودێری کردنـی مـاددی و مەعنـەوی دەسـەڵاتداران و فـەرمانڕاویان لـەو جـۆرە هونـەرە، بەتایبـەتیش نـاپلیۆن کـە هەمیـشە لەگـەڵ هاوسەرەکەی ئامادەی بینینی نمایشەکانی ئۆپەرێت دەبوو.

٩- رەچـاوکردنی کـات و شـوێنی پێـشکەشکردنی ئۆپەرێتـەکان، نمایـشی ئۆپەرێتەکان لەکات وشوێنێکدا پێشکەش دەکران، کە سەرنجی رای گشتی و تەواوی هاوڵاتیانیـان بەدەسـت دەهێنـا، بۆنموونـە پیـشانگای نێودەوڵـەتی پـاریس لەسـاڵی (١٨٦٧) وەکو کات و شوێنێك هەڵبژێردرا بۆ نمایشکردنی ئۆپەرێت کە بووە جێگـەی

---

[1] - هەمان سەرچاوە ، ص ١٣٩.

[2] - هەمان سەرچاوە ، ص ١٤٧.

رەزامەنـدی (نـاپلیۆن)، لەهەمانکاتیـشدا میوانـەکانی پیـشانگا ئامـادەی بینینـی ئۆپەرێتەکە بوون.

١٠ــ کـاری دیکۆرسـازی لـە نمایـشکردنی ئۆپەرێتـدا لەوپـەڕی بـەرزی دابـوو، هەرچەندە تێچووێکی زۆری دەویست، بەڵام بەشێوەیەکی وا دروست دەکرا دەبووە جێگەی سەرسوڕمانی بینەران، بەتایبەتیش لە ئەزموونی ئۆپەرێتی ئەمریکاییدا.

لـەرووی مێژوویـشەوە، سـەرەتای هـەوڵی بەرهـەمهێنانی ئۆپـەرێت لەلایـەن هونەرمەند و شاعیر هارفی((١٨٢٥-١٨٩٢)) دەستی پێکرد، کـە لەسـاڵی ((١٨٤٧)) یەکەم بەرهەمی خۆی بەناوی ((دۆنکیشۆت و سانکۆ بانترا)) نووسـی ، هـارفی نـاوی ئۆپەرێتی لەو بەرهەمەی خۆی نەنابوو، بەڵکو لەدایکبوونی ئـەو بەرهەمـە ڕێکـەوتێك بوو، کاتێك هارفی لەگـەڵ مۆسـیقازانێك، کەهـەردووکیان کورتـە بـاڵابوون، بیرۆکـەی ئەوەیان بۆ هات شـانۆیەك پێـشکەش بکـەن و دوو کەسـایەتی دۆنکیـشۆت و سـانکۆ بانترا بابەتەکان بخەنەڕوو، بەمشێوەیە هارفی و جەماوەرەکەی بێ ئەوەی بـزانن بـۆ یەکەمجار ئۆپەرێتیان بەرهەم هێنا و نمایشیان کـرد[1]. دواتـر لەلایـەن جـان جـاك ئۆفنباخ((١٨١٩-١٨٨٠))، کە بەرەگەز ئەڵمانییەو خاوەنی ڕەگەزنامـەی فەرەنـسییە بەشێوەیەکی هونـەری سـەرەتاکانی دارێـژرا، ئـەم نووسـەرە لەسـاڵی ((١٨٥٥)) بـۆ یەکەمجار زاراوەی ئۆپـەرێتی بـەکارهێنا کاتێـك لـە پـاریس ئۆپـەرێتی (( Bouffes Parisien))ی نمایش کرد[2].

ئۆفنباخ لەڕێگای سوود وەرگرتن لە ئۆپێرا میللـی وگاڵتەجارییەکانـەوە، ئـەو بیرۆکەیەی بۆ هات، کە شێوەیەك بدۆزێتەوە تـا هەنـدێك دیمـەنی سـەما و دەربڕینـی نوکتــە و گاڵتەجاریــەکان بخاتــەڕوو بــە مەبەســتی ڕەخنــەگرتن لــە بــارودۆخی کۆمەڵایـەتی و هەنـدێك دیـاردەی نالـەبارو خـراپ، کـە ئـەوکات لـە نێـو کۆمەڵگـەی فەرەنـسیدا سـەریانهەڵدابوو. ئـەو شـێوەیەش ئۆپـەرێت بـوو. ئـەو هەوڵانـەی ئۆفنباخیش تەنیا (لەسەر نوێکردنەوەی یاسا ئەدەبییـەکانی ئۆپـەرێت لەسـەرەتاوە تا کۆتایی نەوەسـتا، بـەڵکو ئـەو هێڵـە فیکری و سیاسـییەکانی هونـەری ئۆپـەرێتی

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٢.

[2]- أ.د. كمال الدين عيد، اعلام و مصطلحات المسرح الاوروبي. ل٧٧٣

لەلایەنی واقیعی و فیعلی رووداوەکانەوە دیاریکرد و هەروەها پەیوەندی سیاسی بەناوەرۆکە تازەکەی و لایەنە کۆمیدییەکانی لە هونەری ئۆپەرێت روونکردەوە، کە ئەمانەش کۆلەگەی بنەڕەتین لە پێکهاتەی ئۆپەرێتە جیهانییەکان، کە کاریگەرییان لەسەر ئەو هونەرە داناوە) [1].

ئۆپەرێت لە سەرەتاکانیدا لە فەرەنسا لە هۆڵی شانۆیی بچووك نمایش دەکرا و لە یەك بەش پێکدەهات، بەڵام لەگەڵ پێشوازیکردنی جەماوەر لێی وەکو هونەرێکی سەربەخۆ گەشەی کردو پێشکەوت. ئەمەش وای لێکرد پێکهاتەی بەشەکانی زیاتر بکرێت و لەیەك بەشەوە بکرێتە سێ بەش و لەبەر زۆربوونی جەماوەریش کە بۆ بینینی دەهاتن، لەهۆڵی شانۆیی گەورەدا نمایش بکرێت. ئەم خاڵەش یەکێك بوو لە ئامانجەکانی ئۆفنباخ، کە ئۆپەرێتەکانی (بە مەبەستی کات بەسەربردن نەبوو، بەڵکو لەبنچینەدا لەپێناو سەرنجراکێشانی جەماوەر بوو بۆ بیرکردنەوە لە واقیعی خۆیان. ئەوەی شایانی باسیشە، دەکرێت ژیاننامەکەی ئەو لەگەڵ مێژووی پاریس بەراورد بکەین و بەرهەمەکانیشی ئاوێنە و رەنگدانەوەی ژیانی پاریسییەکان و کۆمەڵگەی بۆرژوازی سەدەی نۆزدەهەم بوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا گیانێکی هاوچەرخانەی تا رۆژگاری ئەمڕۆمان لەخۆیدا هەڵگرتووە) [2]. ئۆفنباخ لەساڵی (١٨٥٨)دا دووەم ئۆپەرێتی خۆی بەناونیشانی (ئۆرفیوس لە دۆزەخدا) نمایش کرد، کە دەقەکەی لەلایەن شاعیر هیکتۆر کریمیۆ دانرابوو و تێیدا بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە لاسایی سەردەمە کۆنەکانی دەکردەوە و لەرێگای کەسایەتییەکانی نێو ئۆپەرێتەکانەوە، کە بریتی بوون لە خواوەند و فاڵگرەوە گەمژەکان و هاوسەرە خائینەکانەوە، لەیەککاتدا گاڵتەیان بە بیروڕایەکانی ئەوکاتی خەڵکی پاریس و بیروڕای یۆنانییەکان دەکرد و ئەو ئۆپەرێتە ((٢٢٨)) جار نمایش کرایەوە و ناپلیۆن و هاوسەرەکەی ئامادەی بینینی بوون.

---

[1]- أ.د. كمال الدين عيد، اعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية. ل١٤٢

[2]- غانم محمود، في الذكرى المئوية لرحيل الموسيقار جاك اوفنباخ الفرنسي، ترجمة، مجلة (افاق العربية) ، العدد(٥) ايار ١٩٨١، ص١٤٧.

ئۆفنباخ توانی لەرێگای ئۆپەرێتەکانیەوە پێشبینی رووداو وگۆڕانگارییەکانیش بگەیەنێت، بەتایبەتی لە ئۆپەرێتی ((Le Briganded))دا کە پێشبینی رووخانی ئیمپراتۆری کرد و دواتر پێشبینییەکەی راست دەرچوو و ئیمپراتۆر لەئەنجام هێرشی پسمارکییەکان بۆ سەر فەرەنسا، ئیمپراتۆرییەت رووخا و سێیەم کۆماری فەرەنسا دامەزرا. لەراستیشدا ئۆفنباخ زیاتر لەریزی بەرهەڵستکاراندا بوو لەدژی بیروڕایەکانی کۆمەڵگەکەی و سیستەمی دەسەڵاتی لە فەرەنسادا وئۆپەرێتی وەکو چەکێك بۆ هێرشکردنە سەر ژیانی ئەوکاتی پاریسییەکان و وشیارکردنەوەیان و رەتکردنەوەی بۆچوونەکانی دەسەڵات بەکاردەهێنا. لەمەشەوە بزووتنەوەیەك بەناوی ((ئۆفنباخیاد)) هاتەئاراوە وبریتی بوو لەو دانیشتنە شەوانانەی، کە ئۆفنباخ لەگەڵ هاوڕێیەکانیدا بیروڕاکانیان لەرووی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگۆڕییەوە، هەرچەندە ئەو بزووتنەوەیە لەرووی سیاسی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵام لەرووی هونەرییەوە و لەرێگای ئەو ئۆپەرێتانەی کە دەخرانەڕوو، توانیان مەبەست و ئامانجەکانی خۆیان بە جەماوەر بگەیەنن[1]. لە ئۆپەرێتەکانی دیکەی ئۆفنباخ ((ئۆپەرێتی هیلینای جوان لەساڵی ١٨٦٤، ژیانی پاریسییەکان لەساڵی ١٨٦٦،..هتد)). هاوکات لەگەڵ ئۆفنباخیشدا، هارفی بەرهەمی ئۆپەرێتەکانی بڵاودەکردەوە و سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنابوو لەوانەش((مەتمۆزێل نیتوش)) بوو، کە دەقەکەی لەلایەن میاك ومیوە نووسرابوو. پاشان شارل لیکۆك، کە بە جێگرەوەی ئۆفنباخ دەناسرا هاتە نێو گۆڕەپانەوە و بەپادشای ئۆپەرێت ناسرا و توانی ئۆپەرێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەو کات، کە خۆی لەدامەزراندنی کۆماری فەرەنسی دەبینییەوە، بگونجێنێت.

دەقەکانی ئۆپەرێت لەفەرەنسا بەتایبەتیش دوای کۆتایی هاتنی شەڕو رەگداکوتانی پایەکانی کۆماری فەرەنسا، زیاتر لە ئەدەبی فەرەنسییەوە وەردەگیران، لەوانەش بەرهەمەکانی ئەلیکسەندەر دۆما. هەروەها لەو سەردەمەدا بابەتی خۆشەویستی و بابەتەکانی جەنگ لەناو ئۆپەرێت تێکەڵ بەیەکتر کران[2].

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ص١٤٨.

[2] - د. احمد حمدي محمود، الأوبرا والأوبريت ، ص ١٥٩.

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیشدا، ئۆپەرێت سروشتێکی سەماکردنی وەرگرت و دەق هیچ بایەخێکی نەما وزیاتر نوکتەو جێنوی لەخۆ گرت. سەرەڕای ئەمانەش زیاتر هونەرمەندانی سینەما بۆ ناوبانگی پەیدا کردن ڕۆڵیان تێدا دەگێڕا، لەبەرامبەریشدا ئەندریە میساجیە و رینالدو هان هەوڵیاندا بەها و شکۆی ئۆپەرێتی فەرەنسی بگەڕێنەوە ولەکارتێکردنی ئۆپەرێتی ئەمریکی و ئینگلیزی دووری بخەنەوە. پێش هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی، نمایشی ئۆپەرێت جۆرە کزی و لاوازییەکی بەخۆیەوە بینی، لەگەڵ ئەوەشدا چاك ئیبیر ((١٨٩٠-١٩٦٢)) و ئارتور هونیجیر((١٨٩٢-١٩٥٥)) ئۆپەرێتێکیان لەو سەردەمەدا پێشکەشکرد، ئەمەش ئەوە دەسەڵمێنێت کە خەڵك لەکاتی ناسەقامگیری ئاسایش چەندە پێویستیان بە خۆشی و کات بەسەر بردن هەیە، لەو جەنگەشدا پێچەوانەی جەنگی یەکەمی جیهانی، هۆڵەکانی شانۆ وئۆپەرێت دەرگایان دانەخست، بەڵکو چەند ئۆپەرێتێکیان دژی جەنگ ونەهامەتییەکانی نمایش کرد [1]. دوای کۆتایی هاتنی جەنگیش، ئۆپەرێت ئەو بەهایەی جارانی لەدەستدا، بەتایبەتیش کاتێك کەوتە ژێر کارتێکردنی ئۆپەرێتی ئەمریکایی. خامۆشبوونەوەی ئۆپەرێتیش بۆگەلێك هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە نزمبوونەوەی ئاستی نمایشەکانی ئۆپەرێت و نەبوونی گۆرانی بێژان ومۆسیقازانی لێهاتوو و بابەتی گونجاو و تێچوونێکی زۆری دارایی و هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و پەیدابوونی سینەما و فیلم و ڤیدیۆ و تەلەفزیۆن [2].

**لەنەمسا** : ئۆپەرێت لەشاری ڤییەننا ولەسەردەستی هونەرمەند ((فرانز فۆن سوبییە)) سەریهەڵدا، کە تاساڵی مردنی لە ((١٨٩٥))دا نزیکەی دوو سەد ئۆپەرێتی نمایش کرد. سوبییە توانی کەسایەتییە ئاسایییەکانی نێو کۆمەڵگە لەنێو ئۆپەرێتەکانی تەوزیف بکات، وەکو ئۆپەرێتەکانی ((جالاتیای جوان ، پۆکاشیۆ)) کە لەو ئۆپەرێتانەیدا، کەسایەتی جووتیاری کردە کەسایەتی سەرەکی.

---

[1]- هەمان سەرچاوە ، ص ١٦٤-١٦٥.

[2]- هەمان سەرچاوە ، ص ١٧١.

دواتر ئۆپەرێتی نەمساوی لەسەردەستی مۆسیقار یۆهان شتراوس ((١٨٢٥-١٨٩٩)) گەشەی کردو پێشکەوت، شتراوس سەمای ( فالس)ی وەکو سەمایەکی کۆمەڵگەی ئەوروپی بەتایبەتیش لەنێو کۆشك و تەلاری چینی ئۆرستۆکراتدا، لە ئۆپەرێتەکانیدا بەکارهێنا، بۆیەش بە ((پاشای فالس)) ناسرا و ناوبانگی دەرکرد. جگە لەمەش شتراوس خۆی زۆربەی ئۆپەرێتەکانی نووسی و و ئاوازی بۆ دانان، ئەمەش هۆکارێك بوو لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی . شتراوس بۆدانانی ئەو ئۆپەرێتانە سوودی لە ئۆپەرێتە کلاسیکییەکانی ڤییەنا و گۆرانییە مىللییەکان و هەروەها کەلەوپووری فەرەنسی پێش ئۆفنباخ وەرگرت. لەگرنگترین ئۆپەرێتەکانیشی ((بارۆنی قەرەج ١٨٨٥، هەزارو یەك شەوە، شەوێك لە ڤینیسیا، شەمشەمەی کوێر.... هتد)). بەمەش سەردەمی شتراوس بە سەردەمی زێرینی ئۆپەرێت لە نەمسا دادەنرێت[1].

**لەئەڵمانیا**: ئۆپەرێت لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بڵاوبوویەوە و بەتایبەتیش لەشاری بەرلین، کە بە ئۆپەرێتی بەرلینی ناسرا و خاوەن سروشتێکی تایبەت بوو، کە لە ئۆپەرێتی فەرەنسی و نەمساوی جیای دەکردەوە و بە شێوەیەك لەشێوەکانی نمایشکاری سەرکەوتوو دادەنرا و لەلایەن زۆربەری چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانەوەش جێگەی ڕەزامەندی بوو. ئەو تەکنیکانەی لە ئۆپەرێتی بەرلینی بەکاردەهات، بوو بە سەرچاوەی ئیلهام بۆ دەرهێنەری نەمساوی ماکس راینهارت ((١٨٧٣-١٩٤٣)) بەتایبەتیش لەرووی سوودوەرگرتن لە بواری دیکۆر و رووناکییەوە[2].

**لە ئینگلترا**: ئۆپەرێت لەلایەن ئارسەر سالیڤانەوە رابەرایەتی دەکرا، لەئۆپەرێتەکانیشی ((دادگایەك لە پێش سوێندخۆرەکان))، کە لەساڵی ((١٨٧٥)) و هەروەها ((پیاوی ئێشکگر)) لەساڵی ((١٨٨٨)) نمایش کران. بەڵام بەناوبانگترین

---

[1] - باکووری، ئۆپەرێت، ل١٩٤.

[2] - د. ماری الياس ، د.حنان قصاب حسن، المعجم المسرحي، عربي ـ انكليزي ـ فرنسي، ص٨٣.

ئۆپــەرێتی ئینگلیــزی لەســەر دەســتی جــۆن گــای ((١٦٨٥-١٧٣٢)) لەســاڵی ((١٧٢٨))دا بەرهەم هات، کە بەناوی ((سواڵکەرەکان)) بوو.

**لــە ئیتالیــا:** شـاری بوندقییـە بـوو بێـشکەی ئۆپـەرێتی ئیتـالی و گـەلێك ئۆپـەرێتی سەرکەوتووی تێدا نمایش کرا ، هەروەها ئۆپەرێتـەکانی شـاری ڤینیـسیا ناوبـانگێکی گـەورەی پەیـدا کـرد و لـەزۆرێك لـەوڵاتانی ئـەوروپایی بڵاوبوویـەوە ، لـەگرنگترین و بـەناوبانگترین بەرهەمەکانیـشی ، ئۆپــەرێتی بۆکاشـیو بـوو، کـە لەسـاڵی((١٨٧٩)) نمایش کرا.

**لە مەجەر** : ئۆپەرێت لەسەردەستی فرانز هار، کە بەناوبانگترین دانەری ئۆپەرێت بوو لە ئەوروپا لەسەدەی بیستەمدا گەشەی کرد و پێشکەوت. لەگرنگترین ئۆپەرێتـەکانی ((ئۆپـەرێتی بێوەژنـە دڵخۆشـکەرەکە)) بـوو، کـە لەسـاڵی ((١٩٠٥)) بـۆ یەکـەم جـار لەسەر شانۆکانی ڤییەنا پێشکەشکرا و دەنگدانەوەیەکی گەورەی پەیدا کردو بۆ سەر گەلێك زمانانی دنیا وەرگێردرا.

**لەئەمریکا:** ئۆپەرێت وەکو هونەرێك لەسەر دەستی چەند کۆچەرێکی ئەوروپاییـەوە ناسرا لەوانە شانۆکاری ئێرلەندی فیکتۆر هربرت کە زیـاتر لـە چـل ئۆپـەرێتی نمـایش کرد بەناوبانگترینیان ((ئۆپەرێتی ئاشی سوور)) بـوو، کـە لەسـاڵی ((١٩٠٦)) نمـایش کرا. هەروەها هونەرمەنـدی چـیکی رینالـد بـدوکوفن کەلەسـاڵی ((١٨٩٠)) ئۆپـەرێتی ((رۆبن هود)) و ساڵی ((١٩٢٦)) ئۆپەرێتی((گۆرانی بیابان))ی نمایش کـرد[١]. دواتـر ئۆپەرێت لەسەردەستی ئەمەریکی مۆریس لیمان گەشـەی کـردو پایـەکانی چەسـپا و بەتایبـەتیش بـەوە دەناسـرایەوە پـشتی بـە دیمـەنی شـکۆدار و گـەورە دەبەسـت کەتێـچووێکی زۆری دەویـست . لیمــان هــەروەها بایــەخێکی زۆر بــە رەنــگ دا بەتایبــەتیش رەنگــی دیکــۆر و جلوبــەرگی ئەکتــەرەکان لــەرێگای گــۆڕینی ئــەو

---

[١]- د. أحمد ابراهيم، الدراما و الفرجة المسرحية، ص٢٨.

جلوبەرگانە لەنێوان دیمەنەکاندا. دواتر مۆریس ئیڤـان، کـە بـەقوتابی لیمـان دەدانـرا رۆڵێکی دیاری گێڕا لە پێشخستنی ئۆپەرێتدا و چەندین بەرهەمی نمایش کرد لەوانە(( فرانکۆی ئەمریکا)) بوو.

**لەوڵاتـانی عەرەبیدا:** بزووتنەوەی شانۆگەری عەرەبی بە ئۆپـەرێت دەسـتی پێکـرد، یەکەم شانۆی عـەرەبیش بـەناوی ((پیـسکە)) بـوو، کـە لەسـاڵی ((١٨٤٧)) لەلایـەن مـارۆن ئەلنەقاشـەوە بەشـێوەی ئۆپـەرێت پێـشکەشکرا . هـەر خۆشـی دەقـی ئۆپەرێتـەکانی نووسـی و هـەر لەماڵەکـەی خۆیـدا شـانۆیەکی دروسـت کـردو لەگـەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا وەکو ئەکتەر رۆڵـەکانیان دەگێـڕا . دواتـر ئۆپـەرێتێکی دیکـە بەناوی ((ابوالحسن المغفل أو هـارون الرشـید)) لەسـاڵی ((١٨٤٩)) نمـایش دەکـات . هـەروەها لەسـاڵی ((١٨٥٩))دا ئۆپـەرێتی (( الحـسود الـسلیط)) پێـشکەش دەکـا[١]. بێگومان ئەلنەقاش بەکاری بازرگانییـەوە سـەردانی وڵاتـانی ئـەوروپا و بەتایبـەتیش ئیتالیای دەکرد و لەوێش دوو جۆرە نواندنی بینیبوو، جۆرەێکیـان شـانۆی پەخـشان بووە و ئەویدیکەشیان ئۆپەرێت بوو.

ئەلنـەقاش بـە شـێوەی نوانـدنی ئۆپـەرێت زۆر کاریگـەر دەبێـت، بۆیـە یەکـەم شانۆی عەرەبیش لەشێوەی ئۆپەرێت پێشکەش دەکات. هەڵبژاردنی ئۆپـەرێت وەکـو شێوەیەك بۆ پێشکەشکردنی شانۆگەریی لەلایەن نەقاشەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە: یەکەمیان بـۆ گونجـانی لەگـەڵ ئارەزووەکـانی دەگەڕێتـەوە کەئەمـەش جیا لەوەی بەسەر گرفتەکان زاڵی دەکات و دەبێتە هۆکـاری ئـەوەش بـە رێکـوپێکی پێشکەشی بکات. دووەمیشیان هەستی بەوە کـرد، جـەماوەری عـەرەبی ئـەو جـۆرە شیعرە ئاوازدارە قبوڵ دەکات و پێی خۆش دەبێت[٢].

لەراستیشدا ئەو هەوڵە تەواو لەگەڵ کۆمەڵگەی عەرەبی، کە خاوەن ئـەدەبێکی شیعرییە، گونجاو بووە. ئەمەش دەرئەنجامی خوێندنەوەیەکی ورد بووە بۆ ئاراستە و بارودۆخی رۆشنبیری ئەو سەردەمی کۆمەڵگەی عەرەبی لەلایەن نەقاشـەوە. دواتـر

---

[١]- حەمەکەریم هەورامی ، درامای کوردی لەناو درامای جیهانیدا، ل٢١٥.

[٢]- د. محمد مندور، المسرح النثری، ص٤.

لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ئەو هونەرە گەشەی کردو لەسەردەستی رحابنەکان و تیپی هەڵپەرکێ میللییەکانی لوبنانی گەیشتە چلەپۆپە، کە ئۆپەرێتەکانیان بابەتی گاڵتەئامێز و دڵداری سادە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەچوارچێوەی گۆرانییە پڕ لەوشە میللییەکانەوە دەکرد.

لەسوریاش ئۆپەرێت لەسەر دەستی ئەحمەد ئەبو خەلیل ئەلقەبانی ، لەئەنجامی کاریگەربوونی بەو ئۆپەرێتانەی، کە تیپی فەرنسی لەیەکێك لە قوتابخانەکانی دیمەشق نمایشی دەکرد وهەروەها لە نمایشی ئۆپەرێتەکانی لوبنانی لە دیمەشقەوە. ئۆپەرێت هاتە ئاراوە. قەبانی بابەتی ئۆپەرێتەکانی لە چیرۆکە میللییەکان وەردەگرت لەوانەش هەزارو یەك شەوە کە لە چایخانەو قاوەخانەکاندا دەخوێندرانەوە. هەروەها بەهۆی زاڵبوونی بەسەر ئاواز و نۆتە مۆسیقییەکاندا و چنینێکی پتەوی رووداوەکان لەقالبی شیعردا، توانی پێشکەوتنێکی بەرچاو بە هونەری ئۆپەرێت بدات، بەڵام دواتر چینی پارێزگاری کۆمەڵگەی سوریا بە بیانووی نەگونجانی لەگەڵ ئایین ، دژایەتی ئەو هەوڵانەی قەبانی دەکەن و قەناعەت بە دەسەڵاتدار دەهێنن، کە نمایشکردنی ئەو ئۆپەرێتانە قەدەغە بکات . ئیدی قەبانی روو لە وڵاتی میسر دەکات و لەوێ درێژە بە کاروانەکەی دەدات[1].

لەوڵاتی میسر ئۆپەرێت وەکو هونەرێك لەسەردەمی خدێوی ئیسماعیلدا هاتە ناسین و لەوکاتەدا شانۆی باخچەی ئەزبکییە لەساڵی ((١٨٦٨))دا کرایەوە و چەندین تیپی شانۆیی فەرەنسی و ئیتالی شانۆ و ئۆپەرێتەکانیان لێ نمایش دەکرد ، هەروەها یەعقووب سنوع ((١٨٣٩–١٩١٢))دا، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ سەردانی ئیتالیای کرد و لەوێ ئاشنای ئەو هونەرە ببوو. بۆیە کاتێك لە باخچەی ئەزبکییە نمایشی ئەو ئۆپەرێتانە دەبینێت، بیرۆکەی ئەوەی لا پەیدا دەبێت ئۆپەرێتێکی عەرەبی بنووسێت و نمایش بکات، لەئەنجامدا لەساڵی ((١٨٧٠)) یەکەم ئۆپەرێتی بەناوی (( راستور و شیخ البلد و القواص))، کە لە یەك بەش پێکهاتبوو نمایش دەکات. ناوەرۆکی ئەو ئۆپەرێتە رەخنەگرتن بوو لە چۆنییەتی ژیان و رەفتاری چینە

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ص٧-٨.

دەوڵەمەندەکان و هەروەها خستنەڕووی ئەو ژیانە پڕ لە بەرەڵڵایی و بێ رەوشتییەی کە تێیدا دەژین، ئەمەش لەرێگای کۆمیدی و گاڵتە پێکردنەوە بوو[1].

دواتر چەندین ئۆپەرێت لە لایەن تیپەکانی سەلیم نەقاش، کە لەلوبنان هاتبوون و تیپی ئەحمەد قەبباني، کە لەسوریا هاتبوون نمایش دەکرا. لەسەرەتای سەدەی بیستەمیشدا، هونەرمەند داود حوسنی ((١٨٧١–١٩٣٧)) رۆڵێکی گەورەی گێڕا لە پێشخستنی ئۆپەرێت و بەتایبەتیش دەنگی یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ سەرکەوتنی بەرهەمەکانی لەوانەش ئۆپەرێتەکانی ((شمشون ودليلة، كليوباترة، الليالى الملاح ، الشاطر حسن، ناهد شاه، معروف الاسكافى)). دوای ئەویش هونەرمەندی بەناوبانگ سەید دەرویش ((١٨٩٢–١٩٢٣)) هەنگاوێکی گەورەی بە هونەری ئۆپەرێت هاویشت و لەسەردەستی ئەودا، ئۆپەرێت لەچاخی زێڕینی خۆی دەژیا. ئەم هونەرمەندە چەندین ئۆپەرێتی نیشتمانی دانا، کە تا ئێستاش گۆرانییەکانیان دەگوترێتەوە وەکو ئۆپەرێتی (( بلادى بلادى)) و ((شهرزاد)) و ئۆپەرێتی (( العشرة الطيبة)) [2]کە دەقی شیعرەکەی لەلایەن بدیع خیرییەوە نووسرا. لەئۆپەرێتە هاوچەرخەکانی میسریش ، ئۆپەرێتی ((هدية العمر))، کە دەقەکەی لەلایەن ئیحسان عەبدولقدوس نووسراوە و لەلایەن فتوح نشاتی لەساڵی ((١٩٦٦)) دەرهێنراوە، هەروەها ئۆپەرێتی ((ئەلحرافيش))، کە لەشیعری سەلاح شاهینە و مۆسیقاکەشی سەید مکاوی دایناوە لەساڵی ((١٩٣٤)) لەلایەن سەعد ئەردش دەرهێنراوە.

لەعیراقیشدا یەکەم ئۆپەرێت لەساڵی ((١٩٦٩)) بەناوی ئۆپەرێتی(( بيادر الخير)) لەشاری بەسرا ، لەلایەن تیپی (( البصرية)) لە بەغدا لەهۆڵی ((الخلد)) نمایشکرا، ئەو تیپە لە ساڵی ((١٩٦٤)) لەلایەن کۆمەڵێك شاعیر و هونەرمەندی بەسرایی دامەزرابوو، دەقەکەی عەلی ئەلعەزەب و سیناریۆیەکەی یاسین نەسیر نووسیبویان و لەلایەن هونەرمەند حەمید ئەلبەسری ئاوازی دانرابوو و قوسەی ئەلبەسریش دەرهێنانی شانۆیی ئەنجامدا. ((٦٠–٧٠)) هونەرمەند بەشدارییان لە

---

[1]- حەمەکەریم هەورامی ، درامای کوردی لەناو درامای جیهانیدا، ل٢٢٠-٢٢٢.

[2]- باکووری، ئۆپەرێت، ل١٩٥.

نواندنیدا کرد و هەردوو هونەرمەند فوئاد سالم و ئاکۆبیان رۆڵی پاڵەوانیان تێدا بینیبوو، بابەتی ئەو ئۆپێرایەش خستنەڕووی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بوو، کە ئەوکات کۆمەڵگای عیراقی بەدەستییەوە دەینالاند، ئەویش کۆچکردنی جووتیاران بوو لەگوندەوە بۆ شار و کارکردنی بەکرێی وەکو باخچەوان لەماڵەکاندا . هەمان گروپ دووەم ئۆپەرێتیان بەناوی ((المطرقة)) لە ((١\٥\١٩٧٠)) بەبۆنەی رۆژی کرێکارانی جیهانی لەهۆڵی (( الخلد)) لەبەغدا نمایش کرد، کە عەلی ئەلعەزەب دەقە شیعرییەکەی نووسیبوو و لە ئاوازی تالب غالی و دەرهێنانی قوسەی ئەلبەسری بوو. ناوەرۆکەکەشی بریتی بوو لە خستنەڕووی کێشەی کرێکاران[1].

هەروەها چەند ئۆپەرێتێکی دیکەیان لە شاری بەسرا نمایش کرد، بەڵام دواتر تیپەکە هەڵوەشایەوە لەبەر ئەوەی دامەزراندنی بەهۆی ئارەزووی ئەندامەکانیەوە بوو، کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی وفکرییان لەنێوانیاندا هەبوو. بارودۆخی ئابووری و کارکردنی ئەندامەکانی و پەرشوبڵاوییان لەنێوان بەغداو بەسرادا ، لەلایەکەوە ، لەلایەکی دیکەشەوە بایەخ پێنەدانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەهۆی بیروباوەری چەپیان ، هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو تیپە بوون[2].

* * *

بەمشێوەیە هونەری ئۆپەرێت لەفەرنسا و نەمسا گەیشتە ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپی لەسەر دەستی (ئۆفنباخ و شتراوس و سوبییە) گەشەی سەند و وەکو هونەرێکی سەربەخۆ و جیاواز لە ئۆپێرا بڵاوبووەوە. گرنگترین سیماکانی ئەو جیاوازییەش لەوەدایە:

١- ئۆپێرا دەقە شیعرییەکەی هەمووی ئاوازی بۆ دادەنرێت و لەسەر تەختی شانۆ بەگۆرانی دەگوترێتەوە، بەڵام ئۆپەرێت مەرج نییە هەمووی دەقە شیعرییەکەی ئاوازدار بێت، بەڵکو هەندێك بەشی دیالۆگی لەنێو دەقە شیعرییەکەدا بەشێوەی گفتوگۆی ئاسایی لەسەر شانۆ پێشکەش دەکرێت.

---

[1]- د. جمانة القروي، طالب على... احلام و امال بعيدة المنال، www.almadapaper.net (٢٠٠٩\١٢\١٥).

[2]- لطيف حسن، المسرحية الشعرية والأوبريت و الغناء في المسرح العراقي، www.alsumerean.cam (4\1\١٠٢٠).

٢ـ بابەتـەكانی ئـۆپێرا ، ڕووداوی گـەورەن لـە ئەفـسانە وداسـتان و ڕووداوە مەزنەكانی نیشتمانی و دڵداری وەرگیراون ، كەمتر ڕووداوی كۆمیدی لەخۆ دەگرێت، بەپێچەوانەوە ئۆپەرێت ڕووداوەكـانی لـە واقیعـی ژیانـەوە وەرگـیراون و جۆرێكـە لـە ڕەخنـەگرتن لـە دیاردەیـەك لـەدیاردەكانی ژیـانی ڕۆژانـەی كۆمەڵگـە، كـە ئەمـەش بەرێگـەی كۆمیـدی و گاڵتەجارییـەوە نمـایش دەكرێـت ودەبێتـە مایـەی پێكـەنین و خۆشی.

٣ـ لە ئۆپێرادا كەسێك یـاخود چـەند كەسـانێك لەسـەر شـانۆ گـۆرانی دەڵـێن و مۆسیقا و گۆرانی زیاتر بەسەر كەشـەكەیدا زاڵـە، چـونكە یـەكێك لـە خەسـڵەتەكانی ئـوپێرا ئەوەیـە، كـە گـۆرانی زۆر بەسـەریدا زاڵـەو گـۆرانی بێـژ زیـاتر خـۆی تێـدا دەبینێتەوە ، بۆیە پێویستە( ئەو گۆرانی بێـژە ئەكتـەر و هونەرمەنـد بێـت و توانـای بەدیارخستنی بابەتە مرۆڤاییەكانی هەبێت، ئەوەش نەك بەدەنگی، بەڵكو بە شـتێكی بەرجەسـتەكراو لەجەسـتەكەی و لـەناو ڕەحمـی نۆتـە مۆسـیقییەكەدا) [1]، بـەڵام لـە ئۆپـەرێت لەگـەڵ گۆرانییەكـە گفتوگـۆ و جووڵـەو بزووتنەوەیـەكی لەگەڵدایـە، واتـە گۆرانی و جووڵە و گفتوگۆ پانتایی ئۆپەرێت پێكدەهێنن.

بەشێوەیەكی گشتیش ئۆپەرێت لەدوو جۆری سەرەكی پێكدێت:

١ـ ئۆپەرێتی گەوران: ئەو ئۆپەرێتەیە، كـە بـۆ چـینەكانی كۆمـەڵ دەنووسـرێت و خاوەن پەیامێكەو گرفتێكی كۆمەڵایەتی یاخود سیاسی یاخود ڕەوشـتی دەخاتـەڕوو وهەوڵ دەدات سەرنجی كۆمەڵگا لەمبارەیـەوە ڕابكێـشت ، ئەمـەش لـەڕێی كاركردنـە سەر بیرو هۆشی بینەر بە شیعر و ئاواز و مۆسیقاو گـۆرانی گوتنـەوە ، گـەلێكجاریش بـــەهۆی پـــەیڕەوكردنی شـــێوازی گاڵتـــەجاری و كۆمیدییـــەوە ئـــەو وورووژاندنـــە چـڕتردەكرێتەوە. ئـەو ئۆپەرێتـە زیـاتر لـە چوارچـێوەیەكی گـشتی هونەریـدا خـۆی دەبینێتەوە و وێنەی بـارودۆخی كۆمەڵگـە دەگرێـت و ئاوێنەیەكـە گـشت كێـشەكانی مرۆڤایەتی تێدا پیشان دەدرێت و ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی كۆمەڵەكەیەتی.

---

[1]- قضية الأوبرا، بين التقليدية و التجديدية، كولتاني توماس، ترجمة: ا.د كمال الدين عيد، جزء الأول مطابع المجلس الأعلى للآثار_ ٢٠٠٣ . ل ٣٤-٣٥

٢ـ ئۆپـەرێتی منـدالان: ئۆپـەرێتی منـدالان زیـاتر خـۆی لـەنێو شـانۆی منداڵانـدا دەبینێتەوە و بریتییە لەو ئۆپەرێتەی کە بۆمنداڵان دەنووسرێتەوە ونمـایش دەکرێـت بەمەبەستی پەروەردەکردنی منداڵان و فێرکردن و ئاشناکردنیان بە بەها بەرزەکان و کاروکردەوەی چاکە و ئەنجامەکانی خراپەکاری و ئاکـامی رەوشـتبەرزی و هانـدانیان بۆ خۆشەویستنی وڵات و کۆمەڵگەکەیان و رشـتربوون لەسـەر خوێنـدنیان. هـەروەها ئەو (( پارچە شیعرە پڕ لەئاوازە کە دەبێتە چیرۆك بۆ منـداڵان و خـۆی دەگێڕێتـەوە بۆیان، یان کە چەند کەسانێك بەگۆرانی و تەمسیل نمایشی دەکەن، درامایەکی ناسك و سانایە، ئەو کەسانە رۆڵـی نوانـدنی تیـا دەبیـنن و لەسـەر زاری منـداڵان دەکەونـە پەیڤین)) [1]، واتە دەکرێت منداڵان خۆیان رۆڵـی تێـدا بگێـڕن و گـەورەکانیش لەسـەر زاری منداڵانەوە رۆڵ بگێڕن.

بـەو پێیـەی ئـەم جـۆرە ئۆپەرێتـە بـە پرنـسیپەکانی پـەروەردەوە گرێـدراوە و پابەنـدی خەسـڵەت و پـەیڕەوی رێـساکانی پـەروەردە دەکـات و سـنوورێکی دیـاریکراوی هەیـە، بـۆ گەیـشتن بـە ئامانجەکـەی نابێـت لێیـان لابـدات ، ، چـونکە مەبەست لەو جۆرە ئۆپەرێتە دامەزراندنی رۆشـنبیری منداڵانـە لەهـەموو روویێکـەوە و تـەنیا بـۆ چـێژ بەخـشین و کـات بەسـەربردن نییـە، بۆیـە پێویـستە (( ئـەو چـیرۆکە شیعرییانەی بۆمنداڵان دەنووسرێن بـەزمانی منـداڵ بنووسـرێن و نزیـك بـن لـەدنیای منداڵان ، چونکە بۆ منداڵانە نەك بۆ قۆناغەکانی تری تەمەنی مرۆڤ وەك هـەرزکاری و گەنجی)) [2]. ئەمەشیان بـەپێی تەمـەنی منداڵانـەو خـۆی لـەدوو شـێوەی سـەرەکیدا دەبینێتەوە [3]:

١ـ ئۆپەرێتی منداڵانی ساوا: ئەو ئۆپەرێتانە دەگرێتەوە، کەزیاتر لە باخچەی ساوایان بەشـێوەیەکی زۆر سـادەو سـاکار پێـشکەش دەکرێـت ، بریتییـە لـە بابـەتێکی زۆر

[1]- حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، بەرگی یەکەم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان ، هەولێر ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٥، ل٣٦٥-٣٦٦.

[2]- محەمەد ئەحمەد حەسەن ، ئەدەبی شانۆی منداڵانی کورد، گۆڤاری رامان، ژ(١٣٣)، ساڵی دوازدە، خولی سێیەم، حوزەیرانی ٢٠٠٨، ل ١١٥.

[3]- چاوپێکەوتن لەگەل ئەحمەد سالار .

بچووك، منداڵانی ساوا بەشێوازی یاریکردن بەهاوکاری مۆسیقاو هەڵپەرکێ نمایشی دەکەن و هەندێکجار لاسایی ئاژەڵەکانی وەکو ( کەروێشك و پشیلە و.... هتد) دەکەنەوە.

ب ـ ئۆپەرێتی قوتابخانەیی: بۆیە ناومانناوە ئۆپەرێتی قوتابخانەیی، چونکە بۆ ئەو منداڵانەیە، کە تەمەنیان گەورترە لەچاو منداڵانی ساوا، هەروەها لەچوارچێوەی قوتابخانەشدا دەبێت نمایش بکرێت وەکو هۆکارێکی فێربوون، کە وانەکانی خوێندنی پێ دەگوترێتەوە.

لێرەدا دەتوانین بەگشتی خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئۆپەرێت دیاری بکەین کە بەهۆیەوەش لە دەقی شیعری شانۆیی جودا دەبنەوە:

١ـ نووسەر لەنووسینی ئۆپەرێتدا، بیرۆکەیەك دەخاتەڕوو بەمەبەستی ورووژاندنی ، لە چوارچێوەی ئەو بیرۆکەیە کێشەیەکی مێژوویی ، سیاسی، کۆمەڵایەتی ، کلتووری .... هتد ، لێی دەکۆڵرێتەوە و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی پیشان دەدرێت.

٢ـ رووداو بەچڕی دەخرێتە بەردەم خوێنەرو بینەر، مەبەست لە چڕی ئەوەیە کە یەك تاکە رووداو جەختی لەسەر دەکرێتەوە و نمایش دەکرێت، واتە لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەخت لەسەر رووداوی سەرەکی دەکرێتەوە.

٣ـ هەموو کەسایەتییەکان لەسەرەتای ئۆپەرێتەکەوە خۆیان دەناسێنن، دواتر کێشەکانیان لەرێگەی ململانێ و هەڵوێستەکانەوە دەخەنەڕوو.

٤ـ دیالۆگ لە شیعری شانۆییدا تەکنیکێکی سەرەکییە کە ئەکتەرەکان پێی دەدوێن و دیمەنەکانی پێ دەخەنە بەرچاو، بەڵام لە ئۆپەرێتدا دیالۆگ لەگەڵ گۆرانی و ئاوازو مۆسیقا و سەما تێکەڵ دەبێت و پێکەوە رووداوەکان دەگێڕنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەموو دیالۆگێك لە ئۆپەرێتدا بکرێتە گۆرانی، بۆیە دەبێت دیالۆگ و گۆرانی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەکاتی نمایشکردندا دابەش بکرێن. واتە نابێت یەکیان زیاتر لەوی دیکە بایەخی پێبدرێت[1] .

[1]- حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد دوای راپەرین، بەرگی دووەم، ل٢٨٢.

٥ــ مۆسـیقا رۆڵێکـی گـەورەی هەیـە لـە ئۆپـەرێت و یەکێکـە لـە توخمـە بنەڕەتییـەکان، کـە بەهۆیـەوە مۆنتـاژی رووداو هەڵـسوکەوتی کەسـایەتییەکانی پێدەکرێت، واتە بەهۆی مۆسیقاوە دەرهێنەر لەدیمەنێکەوە رووداوەکە بۆ دیمـەنێکی دیکە دەگوازێتەوە.

٦ـ ئەکتەر هەمیشە لە جووڵەو سەماکردندایە و دەبێ گۆرانی بێـژێکی کارامـەش بێـت، چـونکە ((ئۆپـەرێت لـە چـەندین گۆرانی پێکهـاتووە کـە سـەماکردن و جووڵـە هاوشانی دەبن)) [1].

٧ـ هەرچەندە ئۆپەرێت بـە شـیعر و پەخـشان دەنووسـرێت، بـەڵام دەبـێ دەقـی شیعرەکە سادەو رەوان و بەشێوەیەك بـێ، کـە ئەکتـەرەکانیش رووبـەرووی کێـشەی قافیەو رێوشوێنەکانی دیکەی شیعری نەبنەوە.

٨ــ هەمیـشە ئۆپـەرێت بـە گۆرانییـەك کۆتـایی دێـت کـە هـەمووان ( ئەکتـەر و هونەرمەندان و ئۆرکسترا) بەشێوەی کۆرس بەشداری لە گوتنی دا دەکەن.

---

[1]- أ.د. كمال الدين عيد، اعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية. ل١٤٢.

# بەشی دووەم

## بارودۆخ و گەشەسەندنی
## شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا

# تەوەری یەکەم
# توخم و بنەما سەرەتاییەکانی شیعری شانۆیی

مێژووی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا وەکو مێژووی شیعری شانۆیی هەر نەتەوەیەك، بریتییە لە مێژووی لەدایکبوونی دەقگەلێك و نمایشکردنیان لەسەر تەختی شانۆدا، بەڵام بەتەنیا پشت بەستن بە مێژوویەکی دەستنیشانکراو بۆ لەدایکبوونی دەقێکی شیعری شانۆیی و مێژوویەکی دیاریکراوی دیکەش بۆ نمایشکردن و پیشاندانی، لەناوبردن و فەوتاندنی کەلەپوورێکی گەورەو مەزنی شیعری شانۆییە لەنێو کوردا. ئەگەر چی ئەو کەلەپوورە بەتەواوەتیش لەقالبی هونەری ئەو جۆرە شیعرەدا خۆی نەدۆزیبێتەوە، بەڵام رایەڵ و توخم و بنەما سەرەتاییەکانی شیعری شانۆیی لەخۆیدا هەڵگرتووە و وەکو چاندنی تۆییەك بووە، کە دواتر نەشونمای کردووە و بەری داوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت لە دوو سەرچاوەی سەرەکییەوە رەگ و ریشاڵەکانی شیعری شانۆیی دیاری بکەین، ئەوانیش مێژووی ئەو شارستانییەتەیە لە ئەفسانە و بیروڕای ئاییینی، کە گەلی کورد بەشداری لە بنیاتنانیدا کردووە، دووەمیشیان مێژووی کۆمەڵگای کوردەواریی خۆیەتی بەهەموو چالاکییە کۆمەڵایەتی و هونەرییەکانییەوە[1]. بەو پێیەی میللەتی کوردیش وەکو هەموو میللەتانی دیکەی سەر زەوی خاوەنی کەلەپووری تایبەتی خۆیەتی، بۆیە شیعری شانۆییش رەگ وریشاڵی لەنێو ئەو کەلەوپوورەدا داکوتاوە و لەو داب و نەریتانەی کە لەدێر زەمانەوە ئەنجامیداوە، شێوەو سیما و رەنگ و روویەکی شیعری شانۆیی بەدی دەکەین. چ لەرووی دەقەوە بێت، یاخود لەرووی ئەو رەفتارو هەڵسوکەوتانە بێت، کە لە لەئەنجامی ئەفسانە و باوەڕی کۆن، یا بەجێگەیاندنی مەراسیمی ئاییینی، یاخود لە گۆرانی و هەڵپەرکێ و سەما و شیوەن و کۆتەڵ و کاروکردەوەکانی

[1]- تاهیر بەکر حوسێن، توخمەکانی دراما لە شانۆگەرییەکانی ( ئەمینی میرزا کەریم)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٥.

ڕۆژانەیان هاتۆتەکایەوە، کە بارودۆخی سەرەتایی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی تێدا باسکراوە. هەموو ئەو کاروکردەوانەشیان بەکۆمەڵ ئەنجامداوە (( ئەویش لەوەوە هاتووە کە مرۆڤ ناتوانێ بەتەنیا بژی، هەموو پێکەوە ئیش وکار و ژیانیان بردۆتەسەر بەتایبەتی لەکاتی حەواندنەوەدا کۆبوونەوەیان کردووە بە گەلێك شێوە ، لەماڵ لەگوێ ئاگردان بەزستان، وە لەهاوینا لەبەر مانگەشەو، وە لەدیوخان و چایخانە، وە لەشایی و پرسەدا، لە سەیران و ڕاوشکار و جەنگدا، هەموو ژیانی مرۆڤ بریتی بووە لە دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی ژیان و ئاواتی دوور و نزیکی))[1].

ئەم دەربڕینانە هەموویان لەو کۆبوونەوەو گفتوگۆیانەی کە لەدێهاتەکانی کوردستان بەدەم کارو گۆرانی گوتن و سەما وهەڵپەرکێوە بەکۆمەڵ ئەنجامدراوە، بۆیە تاکێکی دیاریکراو خاوەنی نەبووە، بەڵکو موڵکی هەموان بووە و لەهەمانکاتیشدا زارەکی بووە و نەنووسراوەتەوە و لەم دەم بۆ ئەو دەم و لەم ناوچەیە بۆ ئەم ناوچەیە گواستراوەتەوە و بەگوێرەی ژینگەو شێوەزار و تۆپۆگرافیای ناوچەکانەوە ، شتی لێقرتێندراوەو شتیشی بۆ زیادکراوە. هەموو ئەو دەربڕینانەش دواتر وەکو زەمینەیەکی دەوڵەمەند لە سەرهەڵدانی ئەدەبی نووسراوی کوردیدا ڕۆڵێکی کاراو دیاریان گێڕاوە. میللەتی کورد لەهەر یەکێك لەو قۆناغانەی گەشەکردن و نەشونماکردنیدا کۆمەڵێك ڕەفتارو هەڵسوکەوتی لەچوارچێوەی ئایین و داب و نەریتەکانەوە ئەنجامداوە، کە سیما و توخم و بنەماکانی شیعری شانۆیی تێدا دیارو بەرچاوەو دواتریش بوونەتە ڕێگەخۆشکەرێك و زەمینەسازاندنێك بۆ سەرهەڵدان و لەدایکبوونی هونەریی شیعری شانۆیی.

**- لە بیروباوەڕی ئایینی:** لەبەرەبەیانی مێژوودا کورد وەکو هەموو میللەتانی دیکە خاوەنی چەندین خاوەنی چەنیدین بیروباوەڕی ئاینی بووە کە بەهۆیانەوە گوزارشتیان لە دیاردەکانی سروشت و مانای بوونی مرۆڤ و قەدەر و چارەنووس کردووە، لەو ڕێوڕەسمی ئەو ئاینانەشدا توخم و بنەماکانی شیعری شانۆیی و

---

[1]- ئەحمەد غفور، شانۆ و نەتەوەی کورد، گۆڤاری نووسەری کورد، ژ(١) ، ١٩٧١، ل٢٤.

خەسڵەتەکانی لە ئۆپێرا و ئۆپەریتی تێدا بەدی دەکرێت ((گەلی کورد هەر لەدێرینەوە خاوەنی بونیادی شارستانی خۆیەتی و دراما و گیانی درامایش لەو بونیادەدا جێگەی خۆی گرتووەتەوە، جا وەك گەلانی تر ئەو بوونە لە سروت و بۆنە ئاینییەکانی دا یان لە کەلەپوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیدا بێت))[1].

سروتەکانی ئاینی کۆنی کوردی دەقگەلێکی شیعرین و لێوانلێون لە گفتوگۆ و دەمەتەقێی، کە دەکرێ بە بنچینەیەك دابنرێن بۆ سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی کوردی. ئاینی مانی کە لەکۆندا لەنێو کوردان و ئێرانییەکاندا بڵاوبووەوە، (رەنگە یەکەم ئایین لەدنیادا بێ کە لەرێگای نیگارکێشان و مۆسیقا و سروودو شیعر خوێندنەوە بڵاوکراوەتەوە)[2]. هەروەها گاتاکانی زەردەشت بەپێچەوانەی کتێبی پیرۆزی ئاینەکانی دیکەوە، بەئاوازێکی تایبەتی هۆنراوەتەوە، کە پڕە لەگفتوگۆ و دەمەتەقێ لەنێوان ئەهورامەزدا و نزیکانی بارەگاکەی و هەروەها لەنێوان زەردەشت و ئەهورامەزدا و زەردەشت و خەڵك. بەتایبەتیش سورەتی (٢٩)، کە ئاوا دەست پێدەکات:

**(( رۆحی جیهان گلەییتان لێدەکات**
**بۆ چی ئێمەت دروستکرد؟**
**کێ ئێمەی بەم شێوەیە دروستکرد؟**
**رق و زەبروزەنگ و دەستدرێژی ودڵڕەقی و یاخیبوون**
**ئێمەی گرتەوە**
**ئێمە جگە لەتۆ پشت و پەنایەکمان نییە**
**رزگارکەری چاکە کێیە کە ئێمە رزگار کات؟ نیشانم بدە))**[3].

---

[1] - سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە (عێراق)دا لە ١٩٧٥-١٩٩٥، نامەی دکتۆرا ، کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین،٢٠٠٠، ل٣٥.

[2] - ئیبراهیم فەرشی، کورتە باسێکی رێ و شوێنی شانۆ لەکۆنداو شانۆ لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا، گۆڤاری (رامان)، ژمارە(٤٤)، ساڵی چوارەم، شوباتی٢٠٠، ل٧.

[3] - د. حوسێن وەحیدی، سروودو گاتاکانی زەردەشت، و: وریا قانیع، دەزگای وەرگێران، هەولێر ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٦، ل٣٢-٣٣.

ئەم سرووتانە چەند رەگەزێکی شیعری شانۆیی لەخۆ دەگرن، دیالۆگ کە رەگەزێکی سەرەکی شیعری شانۆییە، لەم سرووتە ئایینییەدا پێکهینەری دەقەکەیە و بریتییە لەگفتوگۆکردنی زەردەشت لەگەڵ خوداوەند، هەر لەو دیالۆگەدا زەردەشت دەستنیشانی ململانێییەك دەکات، کاتێك دەڵێت: (رق و زەبروزەنگ و دەستدرێژی ودڵڕەقی و یاخیبوون ئێمەی گرتەوە) خواوەند لەوەڵامدا دەڵێت(دەتەوێ کێ سەرداری جیهان بێت، تاکو ڕق و زیانی درۆزنان تێکبشکێنێت؟) ئەوەش گەوهەری چنینی رووداو و ململانێیەکە لەنێوان هێزی خراپەکاری، کە مرۆڤی فێری رەق و زبروزەنگ کردووە و هێزی چاکەکاری، کە خواوەند دەیەوێ شەڕێك بەرپا بکا بۆ تێکشکاندنی ئەو رەق و دەستدرێژییە بەمەبەستی رزگارکردنی مرۆڤەکان. دیارە شوێنی ئەو شەڕەش سەرووی زەوییە.

هەورەها لە ئایینی ئێزیدییەکان و کاکەییەکاندا چەندین دەقی شیعری لەبارەی خولقانی ژیان و سروشت و بوون هەن. لەنێو ئەو دەقانەشدا چەندین توخمی شیعری شانۆیی بەدی دەکرێت، وەکو رووداوی دروستکردنی زەوی و ژیان و ململانێیەکانی مرۆڤەکان و دیالۆگی نێوان مرۆڤ و خوداوەند و نێوان مرۆڤەکان، بۆنموونە:

**((خوداوەندی مە سەفینە ئاژوت**

**ئاژۆتە لالشێ گۆت: ( هەق وەرە)**

**سلتان ئێزدی خوەش رێبەرە**

**لالش کورکێ بەشەرە**

**نها ئێزدی ژێ خەبەرە**

**یارەبی ، بانگ دکەم شێخی مەزن))** [1].

دەقی ئەو ئایینانە ، دەقگەلێکی شیعرین و بە شێوەی سرووت و هاوشان لەگەڵ جووڵانەوە و سەما ولەنێو پەرستگاکان و لەگۆڕەپانەکان بەڕێوەدەچوون و پێشکەش دەکران.

---

[1]- طارق جمباز، سەرەتای خوڵقان لەدەقەکانی کوردیدا، گۆڤاری ( کاروان)، ژمارە (٦٩) ، ساڵی حەوتەم، تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٨٨، ل٩٢.

لـەدوای بڵاوبوونــەوەی ئـاینی ئیـسلامیش، چـەندین نـەریت لـەناو گـەلانی موسوڵماندا بڵاوبوونەوە، کە سیما و توخم و ڕواڵەتی شیعری شـانۆیی و شـێوەکانی وەکو ئـۆپێرا و ئۆپـەریێتیان لەهەناویـدا هـەڵگرتبوو، ((هـاتنی ئـایینی ئیـسلام کـاری کردووەتە سەر (بیری درامی) چونکە زۆر داب و نـەریتی لـەناو بـردووە و بۆتـە هـۆی پەیـدابوونی سـرووتی نـوێ. بۆنموونـە یاسـا کۆمەڵایەتییـەکان چـوونە ژێـر ڕکێفـی دەستووری ئیسلامەوە و چەندین جۆر سروتی نوێ بـەهۆی ئیـسلامەوە لـەناو کـوردا بڵاوبوونــەوە، وەکـو : مەولودخوێندنــەوە، خـەتمکردنی سـەر گۆڕسـتان، سـرووتە درویێشیەکانی نـاو تـەکیێ و خانـەکان)) [1] و هـەردوو جەژنەکـە (جـەژنی ڕەمـەزان و جەژنی قوربان) و ڕێوڕسمەکانی ڕەمەزان و شەوی لەیلەتولەقـەدر، کـە بەڤیـستیڤاڵی گەورەوە لە دێهاتـەکانی کوردسـتان پێشوازییان لێـدەکرا و قوربانیـان سـەردەبڕی. هـەروەها لـەنێو کـوردە شـیعەکاندا لـە ڕێـوڕەسمی تازییمانـەی کـوژرانی حەسـەن و حوسـێندا و لـەنێو گۆڕەپانـدا و بـە ئامـادەبوونی خـەڵکێکی زۆرنمایـشی چـۆنێیەتی کوشتنەکەیان دەکرد، دواتر بە گۆرانی و سروتەوە کۆتایی بە نمایشەکە دەهات.

سـەرەڕای ئەمانـەش مەولودنامـەی پێغەمبـەر، کـە بـۆ یەکـەمجار لەهـەولێر لەلایەن سوڵتان مەزەفەر کەوکەبـەری داهێنـرا، نمـایش دەکـرا ولـەو ڕۆژەدا چـەندین نواندن و پیاهەڵدان بـە سـەر پێغەمبـەردا دەگـوتران و (( کۆرسـی دەروێـشەکان بـە یارمەتی دەنگی تەپڵ و دەف ئاهەنگەکەیان بەڕێوەدەبرد و، بینەرە خواپەرستـەکان بە (زکرو تەهلیلە) بەشداری تەماشاکردنی ئەو جۆرە ئاهەنگەیان دەکرد، لـەو ڕۆژەدا بەدەیان مەڕومالات دەکران بـە قوربـانی لـەدایکبوون، دەنگـی دەروێـشان و تـەپڵ و دەف شـاری دەلەرانـدەوە)) [2]. بۆیـە زۆرێـك لـەو بـاوەڕدان کـە شـانۆگەری لـە مزگەوتەکانەوە هاتۆتەکایەوە، وەکو مەحموود کـزەڵ دەڵێـت:((شـانۆ وشـانۆگەری، لەمزگـەوت و شـوێنە ئاینییـەکان هاتەکایـەوەو پیـاوانی ئـایینی بناغـەیان دانـا

[1] - سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە (عێراق)دا لە ١٩٧٥-١٩٩٥، ل٣٥.

[2] - کەیفی محەمەد عەزیز، ڕەخنەی درامی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا( باشووری کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١) ، ل ٨٥.

لەکوردستانا، هەروەکو چۆن سەرەتای شانۆی جیهانی لەجەژن و بۆنە ئایینیەکانی یۆنانەوە دەستی پێکرد)) [1].

لەگەڵ ئەوەشدا لەدەرەوەی مزگەوتیش داب ونەریتی دیکە هەبوون، وەکو ئەو نیمچە ئاهەنگەی کە لە شەوی پانزەی مانگی شەعباندا لەدوای نوێژی عیشاوە ئەنجام دەدرا، کە پێی دەگوترێت (شەوی بەرات) کە لەو شەوەدا منداڵان کۆدەبوونەوەو بەماڵاندا دەسوورانەوە و ئەگەر شوێنەکە شار بوایە دەچوونە بەردەم دەرگای ماڵەکان و یاخود ناو حەوشەکانیان بەجاریێ و بەدەنگێکی بەرز دەیانگوت:

**شەوی شەوی بەراتیێ خوا دوو کوڕو کچێکتان باتیێ**

**سفرە بێننە جەماتیێ**

**خاتوونی دەست بەزێڕیێ دەست لە کەنوان بگێریێ**

**بەشی مناڵان بنێریێ**

ماڵەکانیش دانەوێڵەو ئازقەو پارەیان ئەدانێ. ئەگەر لەگوندەکانیش بوایە، ئەوا منداڵان بەسەر بانەکانیان دەگەڕان و چارۆکە یان زەمبیل یان سەبەتەیەکی بچووکیان بە پەتێکەوە لەکونەرۆژنەی ماڵەکە شۆردەکردە خوارەوە و ئینجا ئەو سرودەیان دەگوتەوە و خاوەنی ماڵیش چییان هەبایێ بۆیان دەخستنە نێو سەبەتەکەوە [2]. ئەو دەقە شیعرانەی کە لەم جۆرە نەریتە ئایینییانەدا هەبوون بە ئاوازێکی خۆش و پڕ جۆشەوە لە شێوەی کۆرس لە شوێنێکی وەکو گوند یاخود شار و لە کاتێکی دیاریکراوی ساڵدا دەگوترانەوە، بەهۆی ئەو توخم و بنەمایانەوەش زیاتر لە شێوەیەکی نیمچە ئۆپێرا یاخود ئۆپەرێتیان دەکرد.

- **لە ئەدەبی فۆلکلۆریدا:** ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی رەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوورییە و پەیوەندییەکی پتەوی بە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵی کوردەوارییەوە هەبووە و رۆڵێکی گەورەی لەپێشکەوتنی رەوتی ژیاری رۆژگارەکەی گێڕاوە. هەروەها زادەی هزر وتێڕوانین و جۆری بیرکردنەوەی

---

[1]- حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، دار افاق عربية للصحافة و النشر، بەغدا ـ عێراق ١٩٨٥، ل٤٩.

[2]- علاء الدين سجادی، کوردواری. ل ٢٨٥-٢٨٦.

کۆمەڵگەی کوردی بووە، کەلەرووی ناوەرۆك و تەکنیکەوە( ئەو کارانە بەگوێرەی خۆیان رەگەزی درامیان تێدایە وەك دووبەرەکی و رووداو و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بەدیارخستنی لایەنەکانی خێر وشەڕ)[1]. بەکارهێنانی ئەو توخم و بنەمایانەش زیاتر بۆ گەیاندنی مەبەست و ئامانجەکانیان بووە و وەکو شارەزایەك ئەو توخمانەیان بەکار نەهێناوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ئەگەر بە وردی لە دەقەکانی شیعری فۆلکلۆری بکۆڵینەوە، دەتوانین ئەو تێکستانەی کە ئەو توخم و بنەمایانەی شیعری شانۆییان لەخۆگرتووە لە دەقەکانی دیکە جیای بکەینەوە، بۆ نموونە لەم دەقەدا کە بەناونیشانی (دەمەتەقێی کوڕو باوك و دایك و کیژ)ە، هاتووە:

**((کوڕ هەردەستی لەخەوێ**
**دەستی ناگری جەرەوێ**
**دەرێ: بابە ژنم دەوێ**
**رۆژت لێ ناگەینمە شەوێ**
**باوك: ئەرێ کوڕم ئەقرت کووە**
**کیژی مامت هەر لۆ تووە**
**بوار مایە زستان چووە**
**کوڕە لاو دەرێتە بابێ:**
**مەڕی پیشاندە قەسابی**
**نەخت زۆرە و تەواو نابی**
**بفرۆشە تاکە رەبابی**
**دەست لە کچمامێ بەرنابی**
**بابی دەرێ:**
**ئەمن چ بکەم**
**حەیوانەکەم خەلاس بکەم**
**کیژی مامت داخواز بکەم**
**چ لەمندارەکان بکەم**
**کوڕ لاو دەرێ:**

[1]- سەلام فەرەج کەریم، کەسایەتی لەدرامای کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩، ل٢٢.

**هۆ بابە لۆم داخوازکە و پیاوی چا بە**
**ئەو خەمەی لەدریٚ من لابە**
**درم لۆ پڕ عەزابە**
**کوڕ دەریٚ:**
**سوار بە لەماینەکی شیٚ یە**
**سبەی هەڕو لۆ دەو زیٚ یە**
**داخوازکە کیژی مامیٚ یە**
**هەتا دەمرم چاوم لیٚ یە**
**کیژ دەریٚ:**
**ئەریٚ دایە بابم دەریٚی بیٚ ئاگایە**
**ئەمنی لەسەر چی دانایە**
**بیٚ شەرعی یە و بەو خودایە**
**دایکی دەریٚ:**
**ئەریٚ کیژم تۆ برای**
**لە بۆ بابت وەکی چرای**
**کیژ دەریٚ:**
**نەکێشتانە نەنیورانە**
**کابرایەك لەویٚ میوانە**
**دوو سێوی کڕی کیژە جوانە**
**هەردووکی لەسێنییٚ دانا**
**بردی لەپێش بابی دانا**
**گۆتی : بابە دەبزانە**
**بابی لەدری خۆی فیکری یە**
**تۆغیانی مێردی هاتی یە**
**لۆییٚ لەیلیٚ وەی کردی یە))[1] .**

---

[1]- سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی، سیٚ سەد هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ( الحوادث) ، بەغدا ـ عێراق ١٩٩٠، ل ١٠٨-١٠٩.

دیالۆگ یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی شیعری شانۆیی کە(( نووسەر پشتی دەبەستێ لە وێنەکێشانی ژیانی رۆژانە و رۆشن کردنەوەی لایەنە ململانێکەرەکان))[1] . لەو دەقەشدا رووداوەکە بریتییە لەخۆشەویستی نێوان کوڕ وکچێك کە لەدووتوێی دیالۆگێك دارێژراوە. سەرەڕای ئەو کچ وکوڕەش، کە وەکو کارەکتەری سەرەکی رووداوەکەن، باوکی کوڕەکە و دایك وباوکی کچەکە و میوانێك وەکو کەسایەتی بەشداری لە رەوتی رووداوەکان دەکەن. لەسەرەتاشدا دیمەنی ماڵی کوڕەکە دێت، کە خۆی لەگفتوگۆی نێوان کوڕ وباوك دەبینێتەوە و دواتر دیمەنی ماڵی کچە پیشان دەدرێت، کە برییتییە لەگفتوگۆی نێوان کچە لەگەڵ دایك و باوکیدا، ئەمەش واتای پابەندبوونیان بە بەدواهاتنی ئاسایی رووداوەکان دێت و دیمەنێك ، دیمەنی پێش خۆی تەواو دەکات. لەچەندین جێگاش ئاماژە بەکاتەکانی نێو رووداوکە دراوە(( بوار مایە زستان چووە، رۆژت لێ ناگەینمە شەوێ، سوار بە لەماینەکی شێ یە سبەی هەڕو لۆ دەو زێ یە، نەکێشتانە نەنیورانە کابرایەك لەوێ میوانە)) شوێنیش بەپێی رەوتی رووداوەکە گوندە، لەگوندەکەشدا هەردوو ماڵی کوڕ و کچە شوێنی ئەنجامدانی رووداوەکانن.

بەهەمان شێوە لەگۆرانی کوردیشدا(( گەلێ کارەساتی بە شیعر و بەگۆرانی گێڕاوەتەوە، زۆر جار کارەسات و نەبەردی شەڕو شۆڕەکانیان خستۆتە قالبی شیعرەوەو لەدیوەخانەکانا خوێنراوەتەوە))[2] . بەتایبەتیش لە لاوك و حەیراندا، کە توخم و بنەمای شیعری شانۆیی بەشێك لە پانتایی دەقەکانیان پێکهێناوە و تێیدا ململانێ و رووداو و کەسایەتییەکان لەدوو توێی دیالۆگەوە پێشکەش کراون. بۆ نموونە لە حەیراندا باس وخواسی خۆشەویستی و خەم و دەردە دڵی خۆیان لە چوارچێوەی دەمەتەقێیەکی نێوان کوڕەو کچەدا دەردەبڕی:

---

[1] - سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٤، ل١٨٢.

[2] - علائەدین سجادی، گۆرانی و مۆسیقا، رۆژنامەی (ژین)، ژمارە(١٣٣٨)، ساڵی(٣٢)، پێنج شەممە ١٩٥٧/٣/٢٨، (٢٦) شعبان ١٣٧٦، ل٦.

((کوڕ دەلێ :

**بەژنی حەیرانی نەکورتە نەبڵندە، ئەمن بە بستیم پێوایە، بەچاوم قەیاس لێ کردییە.**

کیژ دەلێ:

**کوڕە حەیران ئەتۆ بەفکرت نایە دوونێ ئێوارێ لەڕێی سەراوێت گەیشتمێ، قەڤ سمێلت خوار بوو، ئەمن لە بۆ کەیفێ دلێ خۆ بەپەڕی خەزێمیم ڕاست کردی ))[1].**

لەو حەیرانەدا جیا لەوەی دیالۆگ پانتایی دەقەکەی پێکهێناوە، ئاماژە بۆ کاتیش کراوە ( دوونێ ئێوارێ ) هەورەها شوێنیش دیاریکراوە( لەرێی سەراوێ).

هەروەها لە (لاوکی سەیقۆ لاوۆ)دا باس لەکارەساتی کوشتنی (سەدیق) دەکات بەهۆی خۆشەویستنی (خەجیج)دا، لاوەکە بەوە دەست پێدەکات:

((مەولوود کۆیی دگۆ:

**کوڕێ من فارس ئەوشەوە شەوەکە تاریکە، بتۆزو بایە، تۆ رابە نۆبەتێ بگرە بیەقینە.**

فارس دگۆ:

**کوڕۆ .. بابۆ.. ئەو شەو شەوەکی گەلێ تاریکە ، بتوز وبایە، منێ نزانم نۆبەتێ بگرم لمەڕوماڵە یا لجوخینە؟**

**مەولوود کۆیی دگۆ: حەیفێ من نامینێ دێتە کوشتن صەدیقێ چاوکال، بەلام حەیفێ من دەمینێ لپاش صەدیقێ چاوکال بجێ ما جۆتەکا مال و ژنە... دمەنال... مەنال .. صەدیق تۆ مەنالینە. کێ بوو ، کێ نەبوو صەدیقی چاوکالی کوشت؟ مەلا سەعیدێ وێ بێ دینە.**

خەجیج دگۆ:

**کوڕۆ ... محەمەدۆ.. تۆ رابە سویندەکی بخۆ بگۆڕێ صەدیق بتەلاقێ هەردوو ژنا، سەرێ خۆ مەکە سەر چ بالیفا، تا خوینێ صەدیقێ چاوکال ڕا نەستینێ))[2].**

---

[1]- محەمەدی مەلا کەریم، کۆمەڵێك لاوك و حەیران، چاپخانەی ( شفیق)، بەغدا ١٩٦٨، ل٨٤.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل٦١-٦٢.

لــەو لاوەكــەدا رووداو وململانێییــەكی بــەهێز لەچوارچــێوەی دیالۆگێكــدا خراوەتــەڕوو، كەســایەتییە ســەرەكییەكانی (خــەجیج و ســەدیق)ن و كەســایەتیە لاوەكییەكانیش (مەولود كۆیی و فارسی كوڕی و مەلاسەعید و محەمەد)ە. هــەروەها لەســەرەتاوەش كـات دەستنیـشان كـراوە( ئەوشـەوە شـەوەكە تاریكـە)، كـە وەكـو ئاماژەدانێك بۆ كوشتنی سەدیق، شوێنیش ماڵی مەولود كۆییە، كە سدیق پــەنای بـۆ بردووە و لە نۆبەتگرتنی فارسی كوڕیشی بەدیار دەكەوێت كاتێك دەڵێت (مـنیٚ نـزانم نۆبەتیٚ بگرم لمەڕوماله یا لجوخینە).

لەراستیدا لە لاوك و حەیراندا چەندین بەسەرهات و رووداوگەلێكی مێـژوویی و دڵداری تۆماركراوە و تەنانەت بە شێوەیەكی راستەوخۆش ناوی كەسایەتییەكان، بـە تایبـەتیش ئەگـەر سـەرۆك عەشـیرەت و بـەگ و مـیر و جـوامێر بوایـە، هـاتووە و لـە چنینی دەقەكەدا رۆڵیان پێداون*. لـە راستیـشدا (( لەكۆنـەوە لـەنێو كـوردا ئـەدەبی گەل ـ میللی ـ بابەتی داستان بەیت و لاوك و هۆنراوەیی گۆرانیی ئامێزی هەبووە كە زۆر بەســـەر زاری گۆییــندەكانی نێــو كۆمەڵــەوە بــوون و گـــەلیش بەجۆشـــەوە گێراویتیەوە..(مەم وزین ، خەج و سیامەند، لاووكی قایغان، لاس و خەزال، دەروێش عەبدی، گەنج خەلیل و حەفسەد) وێنـەی ئـەو بابەتانـەن كـە زۆریـان بـەدەم ئـاواز و مۆسیقاوە ئەدا كراون، راستییەكەی ئـەم یادگـارە شـیرینانە هەرچـەندە بـە شـێوەی نواندن، هەروەها بەبەشداریی تـەواوی كەسـانی نێـو بابەتەكانـەوە ـ وەك ئـافرەت ـ نەخراونەتە بەرچاو، شایانی ئەوەن بە (شێوەی ئۆپەرێتی میللی)ی نێو ببرێن))[1].

كورد وەكو هەموو میللەتانی دیكە خاوەنی چەندین ئەفسانە و داستان بووە و بەهۆیانـەوە گوزارشـتیان لـە بیركردنـەوەكانیان لـەبارەی دیاردەكـانی سروشـت و مانـای بـوون و جەوهـەری مـرۆڤ و مـەرگ و رەهەنـدەكانی چـارەنووس دەربڕیـووە. یەكێك لەوانە ئەفسانەی (بووكـە بـەبارانیٚ)یـە، كـە گوزارشـت لـەجۆری بیركردنـەوەو

---

* لەلاوك و حەیرانی كوریدا زۆرێك لەو دەمەتەقێیانە دەبینین، كە پانتایی دەقەكەیان پێكهێناوە. لێرەدا تەنیا بەو دوو نموونەیە باسمان كردووە.

[1]- كەمال رەئووف محەمەد، ئۆپەرێتی كوردی و یێكەم ئۆپەرێتی ڕادیۆیی، گۆڤاری( كاروان)، ژمارە(٩١)، ساڵی نۆیەم، كانوونی یەكەم ١٩٩٠، ل ٤١.

باوەڕی مرۆڤی کۆنی کورد دەکات. ئەو ئەفسانەیە زیاتر پەیوەندی بە داب و نەریتی کۆمەڵگەی کشتوکاڵییەوە هەیە، بەو پێیەی کوردستان وڵاتێکی کشتوکاڵییە و زیاتر لەسەر بەروبووم و چاندنی دانەوێڵەو داهاتی کشتوکاڵی ژیان دەگوزرێنیٚ، بۆیە ((ئەگەر بهاتایە و ساڵێك باران نەبارییایە ئەوە لەهەموو ناوچەیەکی کوردستان پەژارەو دڵتەنگی پەرەی دەسەند و هەر خێزانێك بیری لەوە دەکردەوە کە پێویستی خۆی لە دەغڵودان دابین بکات، ئەمەیش لەبەر ئەوەی نەوەك ئەو ساڵە باران دوا بکەوێت و ببێتە هۆی نەهاتی و کەم بەرهەمی دەغڵودان و مێوە و دانەوێڵەی تری پێویست، تەنانەت وشك بوونی پاوان و پەرێزەکانیش کارێکی ترسناکیان دەکردە سەر ژیانی ئاژەڵ و مەڕو ماڵاتی جوتیارەکان)) [1]. ئەمەش ڕۆڵی پڕ بەهای باران و ئەو سوود و قازانجانەی کە بەمرۆڤی دەبەخشی دەگەیەنێت، و وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی ژیان وگوزەران کاریگەری لەسەریان هەبووە. بۆیە باران نەبارین مەترسی و پەشێوییەکی گەورەی دروستدەکرد و هانی مرۆڤی دەدا بەدوای چارەسەرییەك بگەڕێت، ئەو چارەسەرییەش لە ڕێوڕەسمی بووکە بەبارانە خۆی دەبینێتەوە. واتە مەترسی لەناوچوون فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ سەرهەڵدانی ئەو ڕێوڕەسمە و ((پیادەکردنی نەریتی بووکە بارانیٚ هۆکەیان بۆ هێزێکی نادیار گەڕاندۆتەوە کە لەسەرو هێزی ئادەمیزادەوە بووە و لە عەقیدەی کورددا (بووکە بارانە) یەکێکە لەو نەریت و ئەفسانە کۆنانەی کە خواوەند دەوری سەرەکی تیا دەبینیٚ کە ئەویش (خواوەندی بارانە) کە هەر لەسەردەمێکی زووەوە پەیوەندی بەخواوەندی (ژنەوە) هەبووە )) [2] .

لەو سەردەمەشدا میللەتی کورد وەکو هەموو میللەتەکانی دیکە وێنەی خواوەندەکان ژن بوونە کە دەسەڵاتی تەواویان بەسەر مرۆڤەکاندا هەبووە و کاروکردەوەکانی خۆشیان لەسەرووی دەسەڵات وتوانای مرۆڤەکانەوە جێبەجێکردووە. ئەو خواوەندی بارانە یاریدەدەری هەژار و لێقەوماوان بووە و ئاو

---

[1]- مەولود قادر بێخاڵی ، لەگەنجینەی کوردەواری ، مطبعة اشبيلية الحديثة، بەغدا ـ العراق ١٩٨٧، ل٦٢.

[2]- د. شوکریە رسول ابراهیم، دیاردەکانی سروشت و بیروباوەڕی خەڵکی دەربارەی باران بارین. گۆڤاری ( زانکۆ)ی سەلاحەدین ، ژ(١٤) تشرینی یەکەمی ٢٠٠١، ل٣٢.

وباران بارین به دەستی ئەو بووە[١]. بەپێی هەندێك بیروڕاش وشەی بووك BUK لەئەسلدا BEX بووە، کە واتای خودا دەبەخشێت. کەوابوو بووکە بەبارانێ واتە خودای ئاو و باران[٢].

ڕێوڕەسمی ئەم نەریتە لەلایەن کچان و لەهەندێك ناوچەو گوندیشدا لەبەر باری کۆمەلایەتی لەلایەن مندالانەوە ئەنجام دەدرێت و سەرەتاش منداڵەکان دارێکی درێژ و یەکێکی کورتتر لەئەو دێنن و بەراست و چەپ بەیەکدییەوە دەنووسێنن کەشێوەی خاچ وەردەگرێت وپاشان کراسێکی لەبەر دەکەن و دوو قۆڵی کراسەکە لەهەردوو سەری دارە کورتەکە هەڵدەکێشن و ئینجا دەستەسڕێکی ڕەنگارەنگ و سرکەیی و چیتی پێ دەبەستن، کە وەکو کڵاوی لێدێت. ئینجا خشڵ ومووری پێوە دەکەن و وەکو بووکێك دەیڕازێننەوە بۆ بارانی دەبەن، چونکە (( ئاو لە کوردەواریدا توخمێکی نێرینە ناسراوە ( بووکە) لەکۆندا ( دایکۆ) بووە یا دییا یا دایە)) [٣] بووە. کاتی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکەش زیاتر لەنێوان ئێواران و ڕۆژئاوابووندایە. لەوکاتەشدا مندالان بە کۆلانانـدا دەسووڕێنەوە و بەدەنگی بەرز گۆرانی دەلێن و باسی پاکی و خاوێنی بووك دەکەن و ماڵەکان ئاگادار دەکەنەوە کە بووکەکەیان پێویستی بە ئاو هەیە، بەڵکو بەهۆی ئاو و خێر و خێراتی مالانەوە بووکی ئاسمان دڵی نەرم ببێ و باران بباریێ. مندالان بەگۆرانییەك بانگی ماڵەکان دەکەن:

(( بووکە بارانێ ئاوی دەوێ
ئاوی دەغڵ ودانی دەوێ
دەرزی گەورە کچانی دەوێ
دەسماڵ جەحێلانی دەوێ
ئاوی نێو دالانی دەوێ))[٤]

---

[١]- حەیدەر لوتفی نیا، ئەفسانەی بووکە بارانێ لەفۆلکلۆری کوردیدا، گۆڤاری ( رامان) ، ژمارە(٤٣)، ساڵی چواردەم، کانوونی دووەم ٢٠٠٠، ل٢٥١.

[٢]- ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، کاریگەریی کەلەپووری کوردیی لە شانۆی کوردیدا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی مۆکریانی، هەولێر ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠١، ل٣١.

[٣]- محمد تیمور، دەروازەیەکی رەخنەیی درامای نوێ ی کورد، بەشی یەکەم، گۆڤاری ( کاروان) ، ژمارە(٦٤)، مایسی ١٩٨٨، ل ٦٨.

[٤]- حەیدەر لوتفی نیا، ئەفسانەی بووکە بارانێ لەفۆلکلۆری کوردیدا، ل٢٥٠.

ئەو منداڵانە بەگەیشتنیان بۆ بەردەم دەرگای ماڵەکان چەند ساتێك دەوستن بۆ ئەوەی خاوەن ماڵەکە ئاو بە بووکەکە دابکات و پاشان دەرزییەك لە بووکەکە دەدا و دواتر هێلکە و کەرەو نان و گوێز و مێوژ و هەنجیری وشك، هەندێکجاریش لەجیاتی ئەمانە پارەیان پێ دەدەن ، ئەوانی دەسترۆیشتوو، و دەوڵەمەندیشن هەردووکیان پێدەدەن. بەمشێوەیە ئەو ماڵە بەجێ دەهێڵن و بەرەو ماڵێکی دیکە دەڕۆن[1]. لەکۆتایشدا کچان دەچنە دەرەوەی گوند و بەدەنگێکی بەرز روو لە ئاسمان دەکەن و لێی دەپاڕێنەوە و دەڵێن:

**((هەیاران و مەیاران          یاخوا دابکاتە باران**

**پاشای هەژاران          پاشای هەژاران**

**کەریمی کاران، کەریمی کاران          دابکا وەباران**

**یاخوای هەژاران))[2] .**

دوای تەواوبوونی ئەو مەراسیمە هەموو بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە. ئەو نەریتە لەچوارچێوەی رێورەسمی ئایینیدا پەیڕەودەکرا و لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا خەڵکی پەنایان بردۆتە بەر ( یەزدان بانوور) کە یەکێك لەخواوەندە ژنەکان بووەو خەڵکی بە شای هەژارانیان داناوەو لەبەری پاڕانەتەوە تا باران بباریێ و زەوی بەپیت و فەڕ بکات و سروشت دووبارە بگەشێنێتەوە.بۆ ئەم مەبەستە خەڵك بەکۆمەڵ روویان لێدەکردووەو دەیانگوت:

**بووکە بارانێ ئاوی دەوێ          ئاوی دەغڵ ودانی دەوێ**

ئەو رێورەسمەشیان وەکو ئاماژەدانێك بۆ پەیکەری ئاناهیتا لەقەڵەمداوە، کە ئەرکی پاراستنی ئاو و بارانی بەدەستەوەیە و خواوەندی هەموو ئاوەکانی سەرزەوییە. بەهۆی دروستکردنی پەیکەرێك لاسایی دەکەنەوە و لەزاری ئەوەوە دەڵێن:

**بووکە بارانێ ئاوی دەوێ          ئاوی ناو دالانی دەوێ[3]**

---

[1]- علاء الدین سجادی، کوردواری، چاپخانەی مەعارف، بەغدا ـ عێراق ١٩٧٤. ل ٢٨٢.

[2]- د. شوکریە رسول ابراهیم، دیاردەکانی سروشت و بیروباوەڕی خەڵکی دەربارەی باران بارین، ل٣٤.

[3]- حەیدەر لوتفی نیا، ئەفسانەی بووکە بارانێ لەفۆلکلۆری کوردیدا، ل٢٥١.

ئاو رژانیش بەسەر ئەو پەیکەرەدا رەهەندێکی دێرینی ئایینی هەیە و لەناو زۆربەی گەلاندا باوە. تەنانەت لە هەندێك داب ونەریتی کوردەواریدا ریشەیەکی کۆنی هەیە و لەمەراسیمی بووك گواستنەوەدا کاتێك بووك دەگاتە بەردەرگای ماڵی زاوا، ئاویان دەبرژاندە سەر تاراکەی و زاواش لەسەربانەوە نوقڵی بەسەر بووکدا فڕێ دەدا.

هەر لەو چوارچێوەیەدا مەراسیمی کۆسەبەبەش بەڕێوەدەچوو. کۆسەبەبە لەناوچەی کەرکوك پێیدەڵێن (کۆستەوەوەی) یان (کۆستەباران)، لە هەولێریش پێی دەڵێن (کۆسە بەبە)، لە بادینانیش (لێ بووك) و لەهەندێك شوێنی دیکەش (کۆسە بەبارانە)ی پێدەگوترێت[1]، کە بۆ هەمان مەبەست واتە باران بارین ئەنجام دەدرێت. نەریتی بووکە بارانێ و کۆسە بەبە نەریتێکی کۆنی کورد بووە. هەرچەندە(( تاوەکو ئێستا مێژووی سەرهەڵدانی دەست نیشان نەکراوە، بەڵام بەو پەڕی دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین پیشاندانی درامی کۆسە بەبە و بوکە بەبارانێ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر کۆن))[2]، کە دەربڕی هزر و جۆری ژیان و باری شارستانییەتی کوردی بووە. ئەگەر بەوردیش لێیان بڕوانین دەبینین چەندین توخم وبنەمای شیعری شانۆیی، بەتایبەتیش ئۆپێرا و ئۆپەرێتی تێدا هەیە. هەر لەبوونی دەقی شیعری و دیالۆگ لەنێوان کەسایەتییەکانەوە تادەگاتە بوونی ململانێیەکی گەورە لەپێناو مسۆگەرکردن و بەردەوامیدان بە ژیان لەرێگەی باران بارینەوە، کە پیرۆزییەکی گەورەی لەلایان دروستکردووە، چونکە بڕبڕەی پشتی ئابووری کۆمەڵگای ئەو سەردەمی پێکهێناوە. هەروەها بوونی ئەو سروت وگۆرانیانەی کە بەشێوەی کۆرس گوتراونەتەوەو لاساییکردنەوەی بابەتێکی گرنگی پێکهێنەری ژیانە لەرێگای نواندن و دەقی شیعری و دیالۆگ و گۆرانییەوە. ئەمە جگە لەبەکارهێنانی جلوبەرگ و میکیاژ و بەشداری کردنی خەڵکان لە رەوتی نمایشەکەدا چ لە گۆڕەپانەکاندا بێت یاخود لەحەوشەو بەردەرگای ماڵەکان. واتەکات و شوێنی دیاریکراوی هەیە و (( ئەگەر لەگوندێکدا بکرێت هەموو گوندەکەیە و ئەگەر لەشارێکیشدا کۆڵانێك یاخود شەقامێك

[1]- د. شوکریە رسول ابراهیم، دیاردەکانی سروشت و بیروباوەڕی خەڵکی دەربارەی باران بارین، ل٣٩.

[2]- کەیفی محەمەد عەزیز، رەخنەی درامی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا( باشووری کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١) ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر،ل٧٧

یاخود گەڕەکێك دەبێت بە پانتایی بۆی و ئەم شانۆیە تاڕادەیەك ئاهەنگئامێزە ، واتە شانۆیەکی ئاهەنگەرییە)) [1]. لەراسیتشدا بوونی ئەو هەمووە توخمە هونەرییەکان لە نەریتێکی کوردەواریدا، بناغەیەکە بۆ ئۆپێرا و ئۆپەرێت و دەکرێت بە سەرەتایەکی تۆکمە و پتەوی ئۆپێرا و ئۆپەرێتی کوردی لەقەڵەمی بدەین.

هەروەها میللەتی کورد وەکو هەموو میللەتەکانی دیکە خاوەنی چەندین داب ونەریتی تایبەتی خۆیەتی، کە لەکرۆکی گوزەران و ژینگە و کاروکردەوەکانییەوە هاتۆتە کایەوە و بۆتە قالبێك تێیدا رایەڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر بنیاتنراوە و ژێرخانێك بووە بۆ پێکەوەنانی بارێکی شارستانی و کلتووری تایبەت بە کورد. کوردستان بەوپێیەی کە وڵاتێکی کشتوکاڵییەو بەرهەمە کشتوکاڵییەکان تاکە هۆکاری بەردەوامی ژیان و گوزەرانی خانەوادەی کورد بووە، بەتایبەتیش لەچەرخی کۆندا هەموو وەرزەکانی ساڵ خەریکی چاندن و رەنینەوەی بەرهەمەکان بووە. پاڵەی کورد دوای چاندن و کێڵانی زەوییەکەی و ئەنجامدانی مەراسیمی بووکە بەبارانێ و کۆسەبەبە و نزا و پاڕانەوە بۆ باران بارین، لە هاویندا قۆڵیان لێ هەڵدەماڵی بەربوومەکەیان کۆدەکردەوە. ئەو پرۆسەی دروێنەیە، پرۆسەیەکی سەخت و قورس بوو بەتایبەتیش کە بەگەرما و بەدرێژایی رۆژ ئەنجامدەدرا، بۆیە لەگەڵ ئەو کارەدا گۆرانییان دەچڕی، کە بە گۆرانی دروێنە ناسراوە و تێیدا کەسێك دێرێکی دەگوت و ئەوانی دیکە لەشێوەی کۆرسدا بەدوایدا دەیانگوتەوە ودروێنەکەیان وا گەرم دەکرد کەس هەستی بە ماندووبوون و هیلاکی نەدەکرد و(( ئاوازی گۆرانییەکە لەگەڵ بزووتنەوەی دەست و قاچی سەپانەکان بەتەواوی لەسەر رەزم دەرۆیی)) [2].

ناوەرۆکی ئەم گۆرانیەش مەرج نەبووە پەیوەندی بە جۆری کارکردنەکەوە هەبووبێت، بەڵکو زۆر لایەنی دیکەی گرتۆتەوە وەکو خۆشەویستی و خەفەتباری و بێزاری و نائومێدی لەدەست رۆژگار و هەوڵدان بۆ باشترکردنی باری ژیان و

---

[1] - لەتیف هەڵمەت، شانۆو سەرەتاکانی شانۆی منداڵ، گۆڤاری (هەنار)، ژمارە(٤٥)، ساڵی چوارەم، ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩، ل٢١.

[2] - ئەحمەد حەیران، گۆرانی میللی کوردی، گۆڤاری ( کاروان) ، ژمارە(٩١) ، ساڵی نۆیەم، کانوونی یەکەمی ١٩٩٠، ، ل ٥٣.

ئاماژەدان بەهەندێك داب ونەریتی كۆمەڵایـەتی، بەشـێك لـەو گۆرانییانـە بەمـشێوەیە بوون:

| | |
|---|---|
| (( تاخمەی كیژان ئەوا هات | یاری من لەگەڵ نییە |
| لەولا زوڵفی گەورۆنەی | زوڵەیخای خدرییە |
| مەمكی دوو سێوی لاسوور | بەجووتە هەڵیان داوە |
| ئەوا سەری دوو ساڵە | بۆ تۆ پاوان كراوە |
| وەك پاوانی ئاغاكەت | كەس دەستی لێنەداوە |
| دەچمە شاری هەولێری | بەقەیسەری ودوكانە |
| ئەگەر باوەرم پێ ناكەی | چاوكاڵی زۆر تێدایە |
| سەردارمان محەمەدی | خۆشەویستی خودایە |
| سەری لە عەرشی فەلەك | بەهیبەی حەسەنییە |
| گۆتم بەدایكی ...... بڵێم! | دایكی لەماڵ نییە |
| بابی وا لەهەولێرە | كاكی وا لەجۆتییە))[1] |

دوای دروێنەش بەرهەمەكە كۆدەكرایەوە و دابەش دەكـرا بـۆ ئـارد و سـاوار و گەنمەكوتا. لەم دەقەدا چەند توخمێكی شیعری شانۆیی بەدی دەكەین. لەرووی كات و شوێنەوە، كاتی ئەنجامدانی ئەو دروێنە هاوین بووە. هەروەها چەندین ناوی شوێن لـەنێو دەقەكـەدا هـاتووە و تـانوپۆی رووداوەكـەیان پێكهێنـاوە، كـە بریتییـە لـە پیاهەڵدان و گەیشتن بە یار. گوتنەوەی دەقەكە بـەئاوازێكی خـۆش و رەوان بـووە و بوونی كۆرسیش لەگوتنەوەیدا كەشێكی ئۆپرالی یاخود ئۆپەرێتییان دروست كردووە. دوای تەواوبوونی هاوینیش و هەر لەسەرەتای پایزدا بەمەبەستی دابینكردنـی خـۆراك بۆ وەرزی زستان، دەستدەكرا بە ساوار كوتانەوە.

لەشەوانی پایزدا كچ و كورو پیرە دڵتەڕەكان و منداڵان لە گەڕەكەكانی گوند ماڵ بەماڵ دەگەڕان و ساواریان دەكوتایەوە. لەسەرەتاشـدا سـاوارەكەیان دەخـستە نێو قۆرتێكی گەورە و دواتر لەلایەن لاو وگەنجەكان بـە كـوڕو كـچەوە بەكوتـەك ئـەو

[1]- د. نەسرین فەخری، یاری لە كوردەواریدا، بەرگی سێیەم، سلێمانی ـ كوردستانی عێراق ٢٠٠٥، ل١٠١.

ساوارەیان دەکوتییەوە و منداڵ و پیرەکانیش دەبوونە بینەری. لەگەڵ ئەو ساوارکوتانەوەیەشدا جۆرە هۆنراویەك لەسەر ریتمی ئیشەکە رێکدەخرا لەلایەن یەکێك لەگەنجەکان بەمەبەستی خۆشی و شادییەوە دەگوترا و ئەوانی دیکەش دەیانگێڕایەوە. کچانیش بەدەست ساوارە کوتراوە پەرتبووەکەیان کۆدەکردەوە و دەیانخستەوە نێو قۆرتەکەوە. لەم شەوەدا بەشداربووان بەشێوەیەکی رێکوپێك و یەك لەدوایەك دەسووڕانەوە و کوتەکەکەیان ئاراستەی ساواری نێو قۆرتەکە دەکرد. هەڵبەستەکانی ساوارکوتانەوەش جۆری زۆرن، بەڵام ناودارترینیان ئەم هەڵبەستەیە:

((حەللاو　　　　حەللاو

دەلێیدە　　　　دەبیکوتە

بیکەکا، بیدەبا　　　　کیژ لێنێ، کوڕ بیخوا

دەن لەناوی دەرینن چاوی　　　　لە بۆ خاتری زی بەدراوی

دەن لە رۆخی دەرینن پۆخی　　　　لە بۆ خاتری مەمك خۆخی

سۆفی و مەلا حەی حەی دەکەن　　　　چاو لە کفتەی هەر زەق دەکەن

چارو نۆیان ئاوا دەکەن

بەقاڵ هاتن هەشت ونۆ　　　　نەنانیان هێشت نە فڕەك دۆ

ئێمە چ بخۆین بابەرۆ

لەگەڵ تۆمە بیگێڕەوە　　　　چاوی حیزت مەشێرەوە

ئەوەی لەکنت بینێرەوە　　　　بەکلدان و ئاوێنەوە

لەگەر تۆمە لەگەرێتە　　　　گەردن مامزی بەقەریتە

ئاقر داربووم لوت بووم شێتە))[1]

دوای تەواوبوونی ساوارکوتانەوەش ، دەمەتەقێی نێوان کچ و دایك دەستی پێدەکرد و یەکێك لەگەنجەکان دەبووە کچ و یەکێکی دیکەش رۆڵی دایکی وەردەگرت و دەمەتەقێیەکەش بەمشێوەیە بوو:

((ماری تەنکەی لەقەد گردی　　　　دایکی گوتی ماچیان کردی

کچ: بەپێش ماڵیان رابردم　　　　هێشتا دوور بوو گازی کردم

[1]- هەمان سەرچاوە، ل١٠٠.

سەگیان دڕبوو لێی پاسکردم جەڕەم خوار بوو لۆی راست کردم
دەستی راستی لەملی کردم بە دەستی چەپی مەمکی گرتم
بەزۆرداری ماچی کردم
دایك: ئەریٚ کیژم چەند عەییاری شەقت نەکەی وەك خەییاری
تۆ کیژەکی خۆش گفتاری کیژ ماچ ناکریٚ بە زۆرداری
کچ: ئەریٚ دایە مەمکە لۆمە ئەو هەتیمە جەرگی خۆمە
دایك: ئەریٚ کیژم ناتکەم لۆمە سەرم سپییە و پشتم کۆمە
ئەو فێرانە لەمەڕ خۆمە))[١]

بەمشێوەیە دوای تەواوبوونی ساوارکوتانەکە هەموو تێکڕا بەو شەوە شاد دەبوون و خاوەن ساوارەکە شیرینی دابەش دەکرد. ئەگەر لەو کارو کردەوانەی، کە وەکو نەریتێکی کشتوکاڵی ئەنجامدەدرا وردبینەوە، چەندین توخمی سەرەکی شیعری شانۆیی تێبینی دەکرێت، هەر لە بوونی دەقێکی شیعری و ئاواز وگۆرانییەك، کە لەگەڵ رەوتی کارەکەدا ریتمێکی بەجۆش و خرۆش دروست دەکرد و گێڕانەوەیان بەشێوەی کۆرس و بەڕێوەچوونی رەوتی دەقەکان بەدیالۆگ و باسکردنی رووداوێك، کە خۆشەویستی نێوان کوڕوکچێك بووە بەدەم کارکردنەوە و بوونی بینەر و دەستنیشانکردنی کاتێکی دیاریکراوی ساڵ و شوێن کە گوند بووە و هەر جارەو ماڵێك تەرخانکراوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، ئەمانە هەموویان توخمێکی سەرەکین لە توخمەکانی ئۆپێرا و ئۆپەرێت، کە بەشێوەیەکی کۆمەڵ وەکو دابونەریتێك کورد هەیبووە و ئەنجامی داوە.

لەبۆنە کۆمەڵایەتییەکانیشدا، کورد چەندین دیمەن و نواندنی نیمچە شانۆیی پێشکەشکردووە، کە هەندێکیان سیما و بنەماکانی شیعری شانۆیی لەخۆ دەگرن. لەوانەش شاردنەوەی تەرم، کە مێژوویەکی زۆر کۆنی لەنێو کوردا هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی بەر لەزایین، کە لەخاکی مادا کورد لەکاتی ناشتنی تەرمی مردووەکانیان سروتێکی تایبەتیان هەبووە، هەر لەدێرزەمانەوەش کاتێك

[١]- د. شوکریە رەسوڵ ئیبراهیم، ئەدەبی فۆلکلوری کوردی، بەشی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٤، ل١٢٢-١٢٣.

جەوامێرێك بەرێكراوە بۆ جیهانی دیكە، نمایشی تایبەتی سازدراوە، كە خزم و كەسوكارو دۆست و برادەرانی بەشدارییان تێدا كردووە و شیعری تراژیدی و پیاهەڵدانیان بە ئەنجامدانی سەمایەك لە دەوری مردووەكە دەگوتەوە و باسی ئازایەتی و پیاوەتی ئەو كەسەیان دەگێڕایەوە . ئەو ڕێوڕەسمە چەند ڕۆژێكی دەخایاند و چەند كەسانێك بەسەر مردووەكەیاندا هەڵدەدا، كە لەدەشتی هەولێر بە سەردولكە ناسراوە و لەناو هۆزی جاف و هەمەوەندیشدا چەند بەیتێكی وەكو (شەریف) و (بەیتی جوامێر) نمونەی پیاهەڵدان و پیشاندانی ئەو ڕێوڕەسمەن، كە تێیدا جۆرە پیشاندانێك هەبووە بەكۆتەڵ هاتۆتە ناسین و بریتی بووە لە یادكردنەوەی جوامێرەكە بە هێنانەوەی كەلوپەل و ئەو شتانەی كە مردووەكە بەكاری دەهێنا وەكو چەك و جلوبەرگ و ئەسپەكەی، كە كەسێك ڕۆڵی مردووەكەی دەدیت و ڕۆڵی ئەوی دەگێڕا [1]. لەم جۆرە ڕێوڕەسمەدا سەرۆك كۆرسەكە بەیتەكانی (بمرم لیٚ لیٚ هاوار لۆلۆ) دەڵیٚ و كۆرس لەدوای ئەو، دووبارەی دەكاتەوە. دواتر ((كۆتەڵ لەو تایبەتییەی خۆی دابڕاوەو لەناو خەڵكیدا وەك درامایەكی تەقسی لەڕێگای تیپ و پسپۆرانی تایبەت بەخۆی لەشێوەی كۆرس و سەرۆك كۆرس و نواندن ، دووبارەدەكرایەوە)) [2].

لەكاتی پرسەی مردووشدا، بەتایبەتی لە پرسەی ئافرەتاندا شین و لەخۆدان لەنێو كوردا پەیڕەویكراوە و كەس و كاری مردووەكە لەماوەی پرسەكەدا شینیان دەگێڕا و ئەگەر میوانیان بهاتبایە، ئەوا جۆرە گفتوگۆیەك لەنێوانیاندا ساز دەبوو. میوانەكان كاتێك دەگەیشتنە نێو حەوشەیماڵەكە بەشین و هاوارەوە دەیانگوت:

((كەسم نەما كیٚ شین كەرە        ترسم نەما بێتە دەرە

لەو كاتەدا دوو سیٚ ژن لەكەسوكاری مردووەكە ڕووبەڕوویان دەرۆیشتن و شینیان گەرم دەكرد و وەڵامیان دەدانەوە:

**كەسم نەما كەسی كەسان        كەسم نەما لەمەجلیسان**

**كەسم نەما بكات قسان        كەسم نەما ماڵ بیٚ ماخۆ**

---

[1]- ئەحمەد سالار، دەروازەی دراما، ل ٣٠.

[2]- محمد تیمور، دەروازەیەكی ڕەخنەیی درامای نوێ ی كورد، بەشی یەكەم، ل ٦٠.

**کەسم نەما مشکیو زاخۆ　　　کەسم نەما بەسەری خۆ**
**کەسم نەما لۆسەری خۆ　　　کەسم نەما هەیرۆ هەیڕۆ))**[١]

زۆربەی ئەو هۆنراوانەش لەرووی ناوەرۆکەوە ترسانە لەمردن و زیاتریش ئافرەتان رۆڵیان لەگوتنەوەیدا هەبووە، چونکە لایەنی خەیاڵ زیاتر بەسەر ئافرەتاندا زاڵە، بۆیە لەپرسەکانیشدا بەشێوەی بازنە کۆدەبنەوە و یەك دوانێکیش ئەو هۆنراوانە دەڵێنەوە و ئەوانی دیکەش لەسەر شێوەی ئاواز و رەزمی گۆرانییەکە لەسنگی خۆیان دەدەن[٢].

هەروەها لە بووك گواستنەوەدا کورد ڤیستیڤاڵ و ئاهەنگی گەورەی سازداوە کە حەوت رۆژ و حەوت شەوی خایاندووە وتێیدا چەندین درامای ڕەوانی گاڵتەجاریی پێشکەش دەکران. وەکو درامای ڕەوانی (گوێ درێژ و ئاشەوان). لەو ئاهەنگانەدا چەندین گۆرانی و سروودی تایبەت بەو مەراسیمە بەشێوەی کۆرس دەگوترانەوە. بۆ نموونە:

**((دایکێ و وەعزیزێ کەس وە ناکەت　　　پانێ ئەزا ڕابم کارێ تە بکەم**
**دایکوکێ.. سەرێ تە دا خەنێ لێ بکەم　　　بوکێ گوت: بابو ئەز وە ناکەم**
**بۆ دایکۆکێ ب خودێ ئەز وەناکەم　　　سەرێ خۆ ئەز بە خەنێ ناکەم**
**داییابا ئەز غەریب ناکەم　　　ڕوندکا ل چاڤا بەگال ناکەم))**[٣]

لەو ئاهەنگانەدا شایی و سەما و هەڵپەرکێی رەشبەڵەك لە گۆڕەپانی گوند پێشکەشکراون و منداڵ و ئافرەت و پیاو بەشدارییان تێداکردووە. ئەو شایی و سەما و هەڵپەرکێیانە ((لەکۆنەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان رۆژ لەدوای رۆژ رواڵەت و ناوەرۆکدا نوێیانی کردۆتەوە، جا لەبارەی هونەری چۆنێتی رێکخستنی یا سازدانیانەوە بێت، کە هەندێکیان لەسەردەمێکدا دراما بوون و بەرەبەرە هەندێ لە توخمەکانی بینای دراماییان لەدەست داوە))[٤]. هەڵپەرکێ یەکێکە لەداب و نەریتە

---

[١]- ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، کاریگەریی کەلەپووری کوردیی لە شانۆی کوردیدا، ل ٢٠.
[٢]- ئەحمەد حەیران، گۆرانی میللی کوردی، ل٥١.
[٣]- ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، کاریگەریی کەلەپووری کوردیی لە شانۆی کوردیدا، ل ٤٢.
[٤]- محمد تیمور، دەروازەیەکی رەخنەیی درامای نوێ ی کورد، بەشی یەکەم، ل ٦١.

کۆنەکانی کورد  بۆ سێ تا چوار هەزار ساڵی پێش زایین دەگەڕێتەوە، چونکە هەندێك لەو هەڵپەرکێیانە سوپاسکردنی ئەهورامەزدا بووە، بۆیە((هەڵپەرکێی کوردی لە بنەڕەتدا تەنها بابەتێکی فۆلکلۆری نییە، بەڵکو هەندێ جوولەی ڕێکوپێکی رەزمدارەو ژێدەرەکەشی بزاڤێکی وێنەکێشراوی پێشترە)) [1] . ناوەرۆکی ئەو هەڵپەرکێ کوردیانەش داستانی قارەمانێیەتی و جەنگ و سەرکەوتن و شکست و باسی چۆنییەتی شەڕو بەسەرهاتەکانمان بۆ روون دەکەنەوە[2] .

سەرەڕای ئەمانەش ئەو هەڵپەرکێیانە بۆ خۆشی و شادی بەشداربوونی خەڵکەکە لە ئاهەنگەکانی بووك گواستنەوەدا ڕێکخراوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بۆ دەرکردنی خەم و خەفەتەکانی تاکەکەسی کورد بووە، کە وەکو هەناسەدانێك بۆ ئاسوودەیی و فەرەحنایی دڵ ودەروونی خۆی شایی و سەماو هەڵپەرکێی ئەنجامداوە(( ئەوەی بەشداری هەڵپەرکێیەکە دەکات ئەگەر چی بەشدارییەکەی لەکامەرانی هەمووانە لەهەمان کاتیشدا دەردە دڵی خودە، لەشێوە گشتییەکەیدا))[3] .

ئەو شایی و هەڵپەرکێیانە بەدهۆڵ وزوڕنا ئەنجامدەدرا. هەندێکجاریش مەقامبێژان بە تەپڵ لێدان ئاهەنگەکانیان بەڕێوەدەبرد، کە تێیدا چەند مەقامبێژێك بەوتنی گۆرانییەکانیان بەشدارییان دەکرد و یەك لەئەوی دیکەی وەردەگرتەوە. زۆربەی ئەو مەقامبێژانەش خۆیان ڕێکخەری هۆنراوەکانیان بوون و دەقی شیعرەکانیان گەلێجار ئیرتیجالی بووەو بەپێی بارودۆخی ئاهەنگەکەدا دەمودەست ڕێکدەخرا، بۆ نموونە ئەگەر کەسایەتییەك بهاتایە بەسەریاندا هەڵدەدا، یاخود کەسێك شاباشی پێ دەدان، ئەوانیش بەشیعرو گۆرانی ستایشیان دەکرد ، یان بەپێی ئەو زانیارییانەی کە پێیان دەدرا بەشیعر هێرشیان دەکردە سەر کەسێك کە

---

[1]- ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، شانۆی کوردی لەنێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٧، ل ٢٦.

[2]- ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، کاریگەریی کەلەپووری کوردیی لە شانۆی کوردیدا، ل ١٩.

[3]- خالد جوتیار، ئەنترۆپۆلۆژیای سەما و هەڵپەرکێی ناوچەی هەولێر، بلاوکراوەی( فۆلکلۆر)، بەشی سێیەم ، هەولێر ١٩٩١، ل٤١.

ڕەزیل بوایە وداوای شاباشیان لێدەکرد، یاخود ئافرەتێك لەنێو کۆڕی ئاهەنگەکە سەرنجی مەقامبێژانی رابکێشایە، گۆرانییان بەسەردا دەگوت. بەم پێیە ئەو شایی و سەما و هەڵپەرکێیانە (( بەتاك و بەکۆرس و داوەت کە لەشوێنی تایبەتی و دیاریکراودا دەگێڕدرێن، دەکرێ بچنە قالبی شانۆ و نواندنەوە)) [1]. هەروەها کۆبوونەوەی ئەو هەموو خەڵکە و ئاهەنگێڕانیان لە پانتاییەك ولە کات و بۆنەیەکی دیاریکراودا ، لەراستیدا دیمەن و بنەمایەکی نیمچە ئۆپێرا و ئۆپەرێتی لەخۆ گرتووە.

هەروەها لە بۆنە و جەژنەکاندا ، بەتایبەتیش جەژنی سەری ساڵی نویێ کە بەنەورۆز ناسراوە و تێیدا بە چەندین نمایش و ئاهەنگی رازاوەی گەورەوە پێشوازی لێکراوە. لەو رۆژەدا پیشاندانی سەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەر بەسەر ئەژدیها پێشکەش دەکرا.

سەرەڕای ئەمانەش کورد وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکە، چەندین یاری میللی تایبەت بەخۆی داهێناوە، کە هەندێکیان پەیوەست بوونە بە بۆنەی تایبەت و کاتی دیاریکراو کە منداڵان و گەورە بەشدارییان تێداکردووە. هەرچەندە ئەو یارییانە لایەنێکی پەروەردەیی و فێربوونی لەخۆگرتووە، بەڵام لەوکاتەدا زیاتر بە مەبەستی چێژ وەرگرتن و کات بەسەربردنەوە ئەنجام دراوە و زۆرێك لەو یارییانە، بەتایبەتیش هەندێك یاری تایبەت بەپێشبرکێی گۆرانیبێژان و بەیتبێژان و هەڵپەرکێ و سەما، رەگوریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رێورەسمە ئایینییانەی کە لەپێش ئیسلامدا و لەسەردەمانی ئایینەکانی دیکەی وەکو ئێزیدی و زەردەشتی و... هتد، هەبوونە، هەندێك لێکۆڵەریش بڕوایان وایە زۆرێك لەو یارییانە بزربوونە، بەتایبەتیش ئەوانەی لەگەڵ بیروباوەری ئیسلامدا نەگونجاون [2]. گەلێك لەو یارییانەش بەشێوەی سرووت و شیعر، لەنێوان ئەنجامدەرەکانی رێکخراوە. لەوانەش یاری (بەلووری و بارۆکە)، کە کاتێك کچان دەچوونە نێو کێلگەکان بۆ کەنگر و تۆلکە و کاردیی کردن ، لەرێگادا بەنزیك شوانێ یان کاروانێ یان راوچییەك یان جوتیارێك تێدەپەڕین ، بەهەڵبەستی (بەلووری) جنێویان پێ دەدا یاخود هەستی دڵدارییان دەگۆڕییەوە یاخود خۆبەخۆ

[1] - پیرداود مەخمووری، نواندنی هەرەمەکی لە کوردەواریدا، گۆڤاری (رامان)، ژمارە(٣٤)، (٥)ی نیسانی ١٩٩٩، ل٣٢٢.

[2] - علي الجزيري، الآدب الشفاهي الكردي، رابطة كاوة للثقافة الكردية، ط. الثانية، اربيل ـ كوردستان العراق ٢٠٠٠، ص١٢٠.

لەنێوخۆیان قسەیان بەیەکتر دەگوت، بەدەنگێکی زۆر خۆش و ئاوازێکی رەوانەوە ئەو هەڵبەستانەیان دەگوتەوە، بۆنموونە:

**(( بەللووری ، بەللووری**

**مەڕی عەولا شوانی          هەلکانە تەلانی**

**دەخوا دار شیلانی**

**خوزی دار شیلان بام        لەزێی کیژۆلان بام**

**بەللوری ، بەللوری**

**بەللورێی بادینی             کیژ چوو ئاوێ بێنێ**

**کوڕ چوو لێی بستێنێ))** [1]

لەو دێرە شیعرانەدا دەمەتەقێیەك لەنێوان شوانێك و کچێك بەدی دەکرێت. لەهەندێك ناوچەی شاخاویشدا بەو یارییە دەڵێن (بالۆرە) و لەسەرەتای وەرزی بەهار و لەپاش کۆتایی هاتنی وەرزی زستان، کچان و کوڕانی دێ بەمەبەستی رێواس کردن و پیفۆك کردن ....هتد، دەچنە نێو باخ وبێستانەکان و جلوبەرگی رەنگاورەنگ دەپۆشن و هەڵپەرکێ و سەما دەکەن و ئەو هەڵبەستانە بە گۆرانی دەڵێنەوە، کە دەربڕی هەستی خۆشەویستیە، یاخود گلەیی و گازاندەکردن و جنێودانە بەیار، لەکاتی ئێوارەشدا هەمووان بەشادی و خۆشی دەگەڕێنەوە بۆ گوند[2]. لەو یارییەدا چەند تەکنیکێکی دیاریکراوی شیعری شانۆیی دەبینین، لەوانەش دیالۆگ و مەنەلۆگ، کە سیمای سەرەکین لە شیعری شانۆییدا و بەهۆیەوە کەسایەتییەکان لەگەڵ یەکتری دەدوێن. بوونی کۆرس، کە گۆرانییەکانیان گوتووتەوە و هەروەها دیاریکردنی کات، کە کۆتایی زستان و هاتنی بەهارە و شوێن، کە لەدەرەوەی گوند بووە.

یەکێکی تر لەو یارییانە یاری شەڕە شیعرە، کە لەهەندێك شوێن بەیاری (مووشیعران) و لە هەندێك ناوچەی دیکەش بە (شەڕەبەند) ناسراوە و لەنێوان ئەو کەسانەی، کە زۆرترین شیعریان لەبەربووایە ئەنجام دەدرا و تێیدا یەکێك شیعری بۆ

---

[1]- د. نەسرین فەخری، یاری لە کوردەواریدا، ل ۱۰۳.

[2]- مەولود قادر بێخاڵی ، لەگەنجینەی کوردەواری، ل ۱۸۷.

هەڤاڵەکەی دەگوت و پیتی دوای شیعرەکەی بەچ پیتێك کۆتـایی بەهاتایـە، دەبوایـە ئەویش بە شیعرێك وەڵامـی بدابوایـەوە و پێـی ئـەگوت نەسـتەعینم بـە (ك) یـان (ن) ...هتد، دەبوایە ئەویش بـەو شـیعرە وەڵامـی دابوایـەوە کـە بـە پیتـی (ك) یـان (ن) دەسـتی پێکردبوایـە و ئـەم یارییـە وەکـو پێـشبڕکێیکی شـیعری ماوەیـەك درێـژەی دەکێشا تا دوایی یەکێك ئەوی دیکەی دەبەزاند و کۆتاییان پێدەهێنا[1].

هەروەها یاری منداڵانی ( ئاخچی و بوخچی)، کە دووان رووبەرووی یـەکتر دادەنیـشن و بنـی پێیـان دەنـێن بـە یەکـەوە و دەسـتی یـەکتری دەگـرن وبـەنۆرە بەپـشتدا دەنوشتێنەوە و یەکتری راست دەکەنەوەو ئەم گۆرانییە دەڵێنەوە:

((یەکەم: ئاخچی

دووەم : بووخچی

یەکەم: هێلکەو رۆن

دووەم: بۆ دزی

یەکەم: لەکۆڵانەکە

دووەم: هەڵخزی))[2]*

لەم یارییەشدا دیالۆگێك لەنێوان دوو منداڵ بە ئاوازێکی خۆش و رەوان گوتراوەتەوە، کە ئەمانەش توخمێکی بنەڕەتین لە شیعری شانۆییدا.

**لەشیعری کلاسیکی کوردیدا:** لەشیعری کلاسیکی کوردیدا دەمەتەقێیـەك دەبیـنین، کـە لـەنێوان خـودی شـاعیر خـۆی و یارەکەیـدا روودەدا. ئـەو دایالۆگـە شـاعیر خـۆی سازیکردووە و لەسەر زاری یارەکەی لەگەڵ خۆی دەدوێت و زیاتریش بێ منـەتی یـار و قوربانیدانی شـاعیر لـەپێناو گەیـشتن بـە یارەکـەی دەردەبڕێت. بەشـێوەیەك ئـەو دیالۆگە لەنێو دەقەکـەدا رۆچـووە، کـە شـاعیر لـەنێو دەقـی شـیعرەکەدا راسـتەوخۆ

---

[1]- د. نەسرین فەخری، یاری لە کوردەواریدا، ل ٣٩.

[2]- د. نەسرین فەخری، یاری لە کوردەواریدا، بەرگی یەکەم، دار الحرية للطباعة ، بغداد ١٩٩٣. ل ٣٥.

* گەلێك داب ونەریتی دیکەی کوردەواری لەبۆنە و وەرزەکان و هەروەها یاریگەلێکی منداڵان و گەوران هەیە، کە توخم و بنەماکانی شیعری شانۆیی وهەروەها دیمەنیی هەردوو شێوەکانی ئۆپێرا و ئۆپەرێتی لەخۆگرتووە، بەڵام لێرەدا تەنیا وەکو نموونە باسی هەندێکیانمان کردووە و ناتوانین لەسنووری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هەموویان بەسەر بکەینەوە.

لەگـەڵ یارەکـەی دەئاخڤێـت. لێرەشـدا مەبەسـت خـودی دیالۆگەکـە نییـە، بـەڵکو ڕونکردنـەوەی پـاکی ودڵسۆزی شـاعیرەکەیە و باسـکردنی ڕەوتـی ڕووداوەکەیـە کـە خۆشەویستی شاعیر و یارەکەیەتی. کەسایەتییەکانی ئـەو دیالۆگـە لـەنێو دەقەکـەدا لەژێر هیچ جۆرە ناوێکی تایبەتی یاخود گشتیدا دیـاری نـەکراون، بـەڵکو زیـاتر بـە ( گـوتم ، گـوتی، فـەرموی) دا دیالۆگەکـە داڕێـژراوە. بـۆ نموونـە نـالی لەچوارچـێوەی دیالۆگێکدا لەگەڵ یارەکەی دەکەوێتە گفتوگۆ:

**گوتم: ڕاستی صەبا هەڵسە! گوتی: مەشرەب موخالیفە**

**گوتم: ناریٚ ، گوتی: بایە، گوتم: ئەو جیٚ، گوتی: دورە**

**گوتم: قوربانی تۆ من بم، گوتی: قوربانی تۆ سەگ بیٚ**

**گوتم: شیشەی دڵم ناتویٚ؟ گوتی: بۆ چیمە. مەکسورە.**( دیوانی نالی ل٤٠٩-٤١٠)

هەروەها مەحوی شاعیریش ئەم دەمەتەقێیە لەگەڵ یارەکەی دەکات:

**وتم: با لەم دەر و لەم کۆیەدا ئانیٚ سوکونەت کەم**

**وتی: عاشق دەبیٚ هەر دەربەدەر بیٚ، کۆ بەکۆ بڕوا**

**ڕەقیبت دەرکە ، ئەم بەردەرکە پاکە پیس ئەکا، فەرمووی:**

**کە بەم قاپییە لازم سەگێکی وایە، بۆ بڕوا.**(دیوانی مەحوی ل ٣٦)

لەم دێڕە شیعرانەدا دیالۆگێك دەبینین، کە لایەکی شاعیر خۆیەتی و لایەکـەی دیکەشی یارەکەیەتی و وەڵامی دەداتەوە. هەروەها کەسایەتییەکی دیکەش بەشدارە کـە لـە پێـشبڕکێدایە لەگـەڵ شـاعیر بـۆ وەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدی یارەکـەی و بـە (ڕەقیـب) نـاوبراوە . واتــە دوو دەنـگ و سـیٚ کەسـایەتی بەشـداری لـە داڕشـتنی دیالۆگەکەدا دەکەن و تانوپۆی کێشەیەکی دڵداری دەخەنەڕوو.

هــەروەها نامـەی شـیعری وەکـو شـێوازێکی نووسـین و بابـەتێکی سـەربەخۆی ئەدەبی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، چەند تـوخم و بنەمایـەکی شـیعری شـانۆیی لەخۆیـدا هەڵگرتووە. مەبەستیشمان لە نامەی شیعری ئـەو نامانـەن، کـە لـە شـاعیرێکەوە بـۆ شاعیرێکی تر دەنێردرێت و تێیدا شاعیر لە بارودۆخی ئەو شاعیرەی کە نامەکـەی بـۆ ڕەوانەدەکات و هـەروەها بـاری کۆمەڵایـەتی و ڕامیـاری و ژیـانی ڕۆژانـە دەپرسـێت. لەلایـەن شـاعیری بەرامبـەریش (( بەپێویـست دەزانرێـت بەهــەمان جـۆر و شـێوازی

نووسینەکە وەڵام بدرێتەوە و رەوانە بکرێت ، چونکە پێوەندی بە ئاستی رۆشنبیری شاعیرەکەوە هەیە و پلەو پایە و ئاستی شاعیریەتی خۆیان پیشان دەدەن))[1].

لەو نامە شیعرییانەدا دیالۆگێکی ناراستەوخۆ دەبینرێت، مەبەستیشمان لە ناراستەوخۆ ئەوەیە کەسایەتییەکانی ئەو دیالۆگە، کە هەردوو شاعیرەکەن لەرووی شوێنەوە لەیەکتری دوورن و بەرێگای نامەوە ئەو دایالۆگە ئەنجام دەدرێت. بەزۆریش لەشێوەی پرسیار و وەڵامدا خۆی دەنوێنێت و مەبەست تێیدا گەیاندنی ئەو هەواڵ و زانیارییانەیە، کە شاعیری دووەم لەرێگای پرسیارەکانی شاعیری یەکەمەوە بە شیعر وەڵامی داونەتەوە. لەئەدەبیاتی کوردیدا چەندین شاعیر بە نامەی شیعری لەهەواڵی یەکتریان پرسییوە[*]. بەناوبانگترین نامەی شیعریش، ئەو نامە شیعرییە کە نالی لەشام کاتێك ئاوارەیی و دووره وەڵاتی تەنگی پێ هەڵدەچنێت و کاریگەری لە دەروونی دەکات و عەودالی هەواڵەکانی وڵاتەکەیەتی، بۆیە پەنا دەباتە بەر نامەیەکی شیعری بۆ سالمی شاعیری رەوانە دەکات ودەڵێت:

**قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی بادی خۆش مرور!**
**ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزور!**
**ئەی لوگفەی خەفیوو هەوا خواه و هەمدەمە!**
**وەی سروەکەت بەشارەتی سەر گۆشەیی حوچور!** (دیوانی نالی، ل١٧٤-١٧٦)

نالی لەو نامەیەیدا داوای هەواڵی سلێمانی لە سالم دەکات پێی بگەیەنێت و لێرەشدا ئەو ئەرکە بە با دەسپێرێت، کە هەڵگری رازەکانی نالی بکات و بیگەیەنێتە سالم و لەویش هەواڵ و زانیارییەکان بهێنێتەوە، کەواتە (( شاعیر کەسایەتی داوتە پاڵ (با)، واتە پاڵەوانی دەقەکە (با)یە، ئەویش کەسێکی خوازەییە، بەو ئەرکە گرنگ و هەستدارە هەڵدەستێت))[2].

---

[1]- بەکر شاکر کاروانی، نامە گۆڕینەوەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا لەسەرەتاوە تا ساڵی (١٩٧٥)، گۆڤاری( زانکۆ)ی سەلاحەددین، ژمارە (٢٥) حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل٥٠٦.

[*] لە ئەدەبی کوردیدا گەلێك نامەی شیعری شاعیران بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە نامەی شیعری نێوان ((جەفایی و مەفتون ، صەیدی هەورامی و شێخ عوسمانی تەوێلە، وەلی دیوانەو رەنجوری، شێخ رەزای تاڵەبانی و شوکری فەزلی، زێوەر و بێکەس، پیرەمێرد و جەمیل سائیب، کەمالی و ناتیق، قانیع و مەدهۆش، قەدری جان و جگەر خوێن.....هتد)).

[2]- پەروین عەبدوڵڵا، رگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٨، ل١٥٤.

لەرووی شوێنەوەش، دیارە شوێنێکی دەرەوەی دەقەکە هەیە، کە ئەویش وڵاتی شامە کە نامەکەی تێدا هاتۆتە نووسین و رەوانەی شوێنێکی دیکەی کراوە کە ناوەرۆکی دەقەکە پێکدەهێنێت، ئەویش شاری سلێمانییە. وەداو لەو نامە شیعرییەدا بریتییە لە داگیرکردنی شاری سلێمانی لەلایەن عوسمانییەکانەوە و ئەو رووداوەش توخمی کاتەکەمان بۆ دیاری دەکات، کە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا روویداوە و نامەکەش هاتۆتە نووسین. لەو پرسیار و وەڵامانەدا دیالۆگێك لەنێوان نالی و سالم دروست دەبێت و سنووری دیالۆگەکە بەگوێرەی سنووری پرسیاری شاعیری یەکەم بووەو شاعیری دووەمیش لەسنووری ئەو پرسیارەی کە شاعیری یەکەم ئاراستەی کردووە، وەڵامەکانی خۆی دارشتووە. واتە دیالۆگ بەپێی سروشتی خۆی، کە لەنێوان تەنیا دوو کەسایەتییە سنووربەند کراوەو رووداوەکانیشی بەگوێرە ئەو گفتوگۆیەیە کە ئەو دوو کەسایەتییە دەیرووژێنن.

هەروەها داستانە شیعرییەکەی ( مەم وزین)ی ئەحمەدی خانی، کەمێژوویەکی دێرینی پڕ لەسەروەری لە ئەدەبی کوردیدا هەیە. خانی لە چیرۆکە میللییەکەوە ئەو شاکارەی خۆی داهێناوەو(( گیانێکی سەردەمانەی پێ بەخشیوە، بەمە ئەدەبیی کلاسیکی گەیاندۆتە ترۆپك و شاکارێکی مەزنی بۆ مێژووی ئەدەبیی کوردی تۆمار کردووە)) [1].

لەو شاکارەدا چەندین توخم و بنەمای شیعری شانۆیی بەدی دەکەین، بناغەی رووداو خۆشەویستییە، کە بە کارەسات کۆتایی دێت. بەمەش ئەو شیعرە داستانییە دەچێتە خانەی تراژیدیاوە. کەسایەتییەکان رەنگدانەوەیان لەسەر رەوتی رووداوەکاندا هەیە و ململانێکە، ململانێیەکە لەنێوان بەرەی خێر و بەرەی شەڕ. دیالۆگ وەکو تەکنیکێکی گرنگ لەنێو داستانەکەدا بە رێکوپێکی لەلایەن شاعیرەوە بەکارهاتووە، لە دیمەنی گەیشتنی میر تاجەددین و مەم بە ستی و زین ، تاجەددین پرسیار دەکات:

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٨.

((تاجدین سەککنی و پرسیار کر		پرسا خوە ب یێکێ ئختیار کر

گۆ: ئەی خچرێ رەهێ هدایەت		بێژ ئەڤ چ بەلایە، بێ نهایەت

وی گۆتە دو شەهلەوەندێ شەدداد		ئیرۆ ل ڤی خەلقی بوونە جەللاد

هەرچی کو دبینن ئەو دو سەرخوەش		(ڤی الحال)ی دکەن وەها موشەووەش

وان گۆ: تە نەدی کو ئەو چ رەنگن		وی گۆ: دو کوڕن زیادە شەنگن

وان گۆ کو ب شیر و شەشپەڕن ئەو		یانە ب خەدەنگ و خەنجەڕن ئەو

وی گۆ کو بە غەمزە و ب ئاوڕ		خەلقی دکوژن بە کەیبڕ))[1]

هەروەها مەنەلۆگ تەکنیکێکی دیکەی شیعری شانۆییە، کاتێک مەم لەکونجی زینداندا دەبێت، زین هەموو ساتێکی نائارامەو خەفەتبار دەبێت و بەتەنیا خەمەکانی ئاراستەی چەرخی زمانە دەکرد:

هەر لەحڤە دگۆتە چەرخێ دەووار:		کای ڤالمێ بێ ئەمانێ خوونخوار

من قەصد و غەرەچ د گەل تە نینە		ئایا ت د گەل من ئەڤ چ کینە؟!

دەورەك نە تە کر دەمەك ژ بۆ من		پڕ دی تە مەگەر مەمەك ژ بۆ من

نوورەك د ڕوییێ مە کر تە پەیدا		سوهتن ل مەمێ تە پێ سوەیدا

شەوقەك د رۆخێ مەمێ تە هل کر		قەلبێ مە ب وی تە سۆت و کول کر[2]

**لە چیرۆکە شیعری کوردیدا:** چیرۆکە شیعر ئەوەیە کە((شیعرێك چیرۆکێك بگێڕێتەوە و مەبەستی ئاشکرای شیعرەکە گێڕانەوەی چیرۆك بێت و هەندێ لایان وایە کە دانانی چیرۆك بە شیعر لە پێشا لە مەیدانی شەڕوشۆرەوە دەستی پێکردووە پاشان شێوەی دڵداریشی داگیرکردووە و لەوێشەوە گۆڕاوە بۆ دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی و کەموکورتییەکانی تری ناو کۆمەڵ))[3] .

---

[1]- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، شاکارا ئەحمەدێ خانی،دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٥، ل٩٤-٩٥.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل٢٦٠.

[3]- عبدالصمد اسلام طە، رەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا(١٩٣٢-١٩٤٣)، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٢، ل٨٩.

ئەو چیرۆکە شیعرییانە گەلێك لایەنی کۆمەڵایەتی و کلتوری و هـزری کۆمەڵگـە دەپـێکن. لەهەمانکاتیـشدا دیـاردەو وبنـەماکانی شـیعری شـانۆیی وەکـو (دیـالۆگ ، کەسایەتی ، رووداو ، کات، شوێن....) لەخۆ دەگرن. هـەروەها گـەلێك جـاریش ئـەو چیرۆکە شیعرییانە لەزاری گیانـەوەر و ئاژەڵـەوە دارێـژراون.. لەئـەدەبیاتی کوردیـدا ((بەتایبەتی ئەدەبی دیالێکتی کرمانجیی سەروو بەرهەمی نایـابی لـەم بابەتـەمان بـۆ دەور دەکاتەوە، وەکو بەیتەکانی شێخی سەنعان و بەیتی ( فەقی تەیران بەر ئاڤێ را خەبـەر دایـە) و بەرهـەمی بـەناوبانگی مـەلای بـاتی ( بـەیتی زەمبیـل فـرۆش) هـی تر))[1]. چیرۆکی شیعری کوردیش جگـە لـەوەی داسـتان و چـیرۆکی شـیعری میللـی لەخۆ دەگرێت[2]، بەیتیش وەکو بابەتێکی چیرۆکی شـیعری بـۆ مەبەسـتەکانی خـۆی بەکاردەهێنێ. لێرەدا وەکو نموونەیەك ئاماژە بە چـیرۆکێکی شـیعری فـانی بـەناوی (**هەرای پیاوەی پیرو کچی جوان**) دەکەین، کە شاعیر خۆی لە پێشەکییەکی بۆ ئـەو چیرۆکە شیعرییەدا مەبەستەکەی دیـاریکردووە، کـە بریتییـە لـە پێـشێلکردنی مـافی ئافرەتان و داب ونەریتێکی کۆن ودواکەوتووانە:

مامەی پیر:

شۆرە ژن ئاخر ئەمن بۆیە ئەتۆم هێناوە    تا بەخۆشحاڵی بژین هەردوو بەسەر دنیاوە
گەنجی وەسڵت بە هەموو گەنجی ( فەریدوون) نادەم    ماچی لێوت بەهەموو خەزنەیی قارون نادەم
تۆ حەلاڵی منی خۆشیم مەکە بەم باسە حەرام    هەوەسم لێتە چەتیو تو سەری بابت وەرە لام
قاعیدەی مێردو ژنی رێکی و تەسلیم بوونە    ئیشی تۆ عەکسە ئەمە ئیشی ژنی مەجنوونە
با مەلا بێت و بکا نوشتە هەتا کوو چا بی    لەم تەلیسمانە کە تێی کەوتووی بەرهەڵدا بی

وەڵامی کچە:

گەر مەلا بێت و بکا نوشتە منیش مەمنوونم    دیارە ئێستا لە تەلیسمام و بەگیان مەجنوونم
لە ژیان بەهرەیی من ئاهی جگەر سۆزەو بەس    رۆژگارم وەکوو ئەم ریشەیە ئاڵۆزەو بەس
هەقە ناهەق نییە گەر شام و سەحەر گریانم    شێت و شەیدای دڵ ئازەردەو سەرگەردانم
صورەتی مێردەزمەم ئێستە لەبەر چاوانە    جێم ئەگەر جەننەتە بێ شك لەکنم زیندانە
تۆ ئەگەر تالیبی لەم سیحرە بکەی رزگارم    نوشتە سێ بەردەیە و تۆش دێوزەمەی نەك یارم

( دیوانی فانی ل٢٢٨-٢٢٩)

---

[1]- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم . ل١٧٧.

[2]- زۆزان صادق تروانشی، چیرۆکە شیعرا کوردی، دەزگەها سپیریز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٨، ل٩٧.

لەم چیرۆکە شیعرەدا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی مەترسیدار بە شێوەیەکی درامی خراوەتەڕوو و خەڵکی لەدەرئەنجامەکانی وشیار کراوەتەوە. لەرووی تەکنیکەوەش، چەندین توخم و بنەمای شیعری شانۆیی بەدی دەکەین. دیالۆگ وەکو تەکنیکێکی گرنگ، سەرتاپای دەقەکەی پێکهێناوە و لەنێوان کەسایەتییەکانی ( مامەی پیر و کچە) دا گفتوگۆیەکان بەڕێوەدەچن. رووداو بابەتێکی کۆمەڵایەتییە و دەرخستنی رادەی دواکەوتن و بێ ویژدانی کەسانێکن، کە بۆ پارە هەموو شتێك دەکەن. ئەو رووداوە بریتییە لەکارەساتێك ئەویش مارەکردنی کچێکی دوانزە ساڵانەیە لە پیاوێکی پیری حەفتاو شەش ساڵی، بۆیە ململانێیەکی توند لەنێوان ئەو کچە گەنجەو مامەی پیر دروست دەبێت، کە بە نائومێدبوونی مامەی پیر کۆتایی دێت. کۆرس لەکۆتایی چیرۆکە شیعرییەکەدا لەزاری (سەر مەشقی پیرە ژیرەکان) ئامۆژگاریی بە تەمەنەکان دەکەن و ئاگاداریان دەکەنەوە لە دەرئەنجامەکانی ئەو هەڵانە. هەروەها شوێنی ئەو رووداوەش کە چیرۆکە شیعرییەکەی لەسەر بنیاتنراوە کۆمەڵگەی کوردییە، کە وەکو نەریتێك پەیڕەوی لەم جۆرە دیاردانە دەکات.

**لە شیعری دەمەتەقێدا :** لە ئەدەبی کوردیدا شێوەیەك لە شیعر دەبینرێت کە لەرووی دارشتن و توخمە پێکهێنەرەکانییەوە، گەلێك لە شیعری شانۆیی نزیك دەبێتەوە، ئەو جۆرەش بە (شیعری دەمەتەقێ) ناسراوە، ئەم ناوەش خۆی لەخۆیدا واتاکەی دیارە کە پشتبەستنە بە دەمەتەقێیەك، کە شاعیر بۆ گەیاندنی بیرۆکەکەی خۆی پەنای بۆ دەبات و دەقە شیعرییەکەی لە بۆتەی دیالۆگێکدا دادەڕێژێت. ئەو دیالۆگەش لەنێوان دوو کەس یاخود زیاتر ئەنجام دەدرێت. بوونی دیالۆگێك کە سەرتاپای دەقی شیعرەکەی دادەگرێت، بوونی کەسایەتی و رووداو و ململانێش دەسەلمێنێت کە لە توخمە سەرەکییەکانی شیعری شانۆیین. ئەم جۆرە شیعرە مێژوویەکی دێرینی هەیە و لەنێو ئەدەبی کوردیدا رەگاژۆ بووە و بەچەندین شێوەی جیاواز رەنگرێژ بووە:

١- ئەو شیعرە دەمەتەقێیەی کە کەسایەتییەکانی بریتین لە شاعیر و کەسێکی بەرامبەری. واتە شاعیر راستەوخۆ بەناوی خۆیەوە بەشداری لە بەڕێوەبردنی دیالۆگەکە لەگەڵ کەسی دووەمدا دەکات و لەرووی ناوەرۆکەوەش مەبەستەکانی

دڵداری و ئایینی و نیشتمانەپەروەرەی ...هتد لەخۆ دەگرێت. بۆ نموونە شاعیری میللی (عەلی بەردەشانی) لە شیعرێکیدا بەناوی ( کاراوانی مەرگە) خۆی وەکو کەسایەتییەك لەگەڵ کچێك بەشداری لە دیالۆگ ورووداوەکاندا دەکات:

**کچ:**

**ئەی هەتیوەی ئەوی لەویٚ هەتیو ئەوە ئاوە لەویٚ**

**گەر برسیتە نانە لەویٚ دەنا دزی بڕۆ لەویٚ**

**عەلی:**

**نە تینووم و ئاوم دەویٚ نە برسیم و نانم دەویٚ**

**دزیش نیم و نارۆم لەویٚ ماچی دوو کوڵمەی تۆم دەویٚ**

(دیوانی عەلی بەردەشانی ل٧٢)

٢- دەقی شیعرەکە لەسەر شێوازی پرسیار و وەڵام بنیاتنراوە، کە کەسایەتییەکانی رەنگە هەر شاعیر خۆی و کەسێکی دیکە بن، یاخود دوو کەسایەتی بن و یەکێکیان پرسیار بکات و ئەوی دیکەش وەڵام بداتەوە. مەرجیش نییە کەسایەتییەکان ناوی تایبەتی یاخود گشتییان هەبێت و رەنگە هەر ناویشیان نەبێت و تەنیا لەرێگای پرسیارکردن و وەڵامدانەوەکان کەسایەتییەکان دەر بکەون. مەبەستیش گەیاندنی زانیارییە، یاخود مەبەستێیکی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەریی، یاخود کۆمەڵایەتی دەرووژێنن. بۆنموونە بێکەسی شاعیر لە دوو تۆیی دەقێکی پرسیارو وەڵامدا، بیرێکی نەتەوەیی دەردەبڕێت و پەروەردەیەکی نیشتمانی رادەگەیەنێت:

**تۆ چیت؟ من کوردم نەتەوەی گوردم**

**خۆ ترسنۆك نیت؟ حاشا نەبەردم**

**چی تۆی لەناوبرد؟ دوودڵی و نیفاق**

**چۆن رزگار ئەبی؟ هەر بە ئیتیفاق**

**بڵیٚ چیت ئەویٚ؟ بەرزیی وەتەنم**

**بەخۆرایی نا، بەگیان وتەنم**

(دیوانی بێکەس ل ١٨٥)

٣ـ زیاتر لە کەسایەتییەك بەشداری لە تانوپۆی داڕشتنی دەقی شیعرەکە دەکەن و هەر یەکێکیان ڕۆڵێکی دیاریکراوی خۆی لەنێو ململانێ و ڕووداوەکاندا وەردەگرێت و بەپێی ئەو ڕۆڵەش بەشی لە دیالۆگەکانی نێو دەقەکەدا بەردەکەوێت. سەرەڕای ئەمەش پاڵەوانی سەرەکی زیاتر بەرچاو دەبێت لەپاڵەوانەکانی دیکە، کە لاوەکین. بۆنموونە (قانیعی) شاعیر لە (دڵداری لادێ)دا باس لە خۆشەویستی و بەیەکگەیشتی دڵخوازان لە لادێدا دەکات:

**پەریخان: بێفەڕ ئەو باڵا و ئەو قول و قاچە وەم ڕۆژە ڕوونە کەی وەختی ماچە؟**

**عالەم دیارە، ئابڕوومان ئەبەن لە ئاواییدا ئەمانکەن وەپەن**

**شەریف: ئەمجا کوڕ ئەڵێ گیانی شیرینم بەوەڵڵا بۆ تۆ، دڵ ئاگرینم**

**ئەمەشەو وادەمان کەلاوەی لاماڵ بگەین بەیەکتر، سا بەهەر ئەحواڵ**

(دیوانی قانیع ل ٤٢٨)

لەو دەقەدا ڕووداو دڵداری کور و کچێکی لادێ و چۆنییەتی خوازبێنی کردنییەتی، چەند کەسایەتییەکیش بەشدارییان تێیدا کردووە، پاڵەوانی سەرەکی ئەو دەقە شیعرییە دوو کەسایەتین (پەریخان و شەریف) و پاڵەوانەکانی دیکەش دایك و باوکیان و چەند کەسایەتییەکی دیکەی دێیەکەیانە.

# تەوەری دووەم
# بارودۆخ و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا

## ـ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیریی کوردستان

ئەو جۆرە ژیانەی میللەتی کورد لە رابردوودا بەسەری دەبرد، زیاتر لەهەژاری و ئاوارەیی و داگیرکردن و ماڵوێرانیدا چوارچێوەی گرتبوو، دیارە لەنێو ژیانێکی وادا، خوێندن و رۆشنبیری نابێتە خەمی سەرەکی خەڵك. لەگەڵ ئەوەشدا رووناکبیرانی کورد هەمیشە لەخەمی هۆشیارکردنەوەی خەڵك و بنیاتنانی بنەماکانی رۆشنبیریی بوونە. لەمڕووەوەش شیعر تاکە ئامرازی دەستی رۆشنبیران بووە بۆ دەربڕین لەو بارودۆخەی کە میللەتی کورد لەو سەردەمانەدا تێیدا ژیاوە.

لەراستیشدا شیعر وەکو چەکێکی کاریگەر رۆڵێکی دیارو بەرچاوی لەژیانی رۆشنبیری گێڕاوە و لەنێو کونجی حوجرەی مزگەوتەکاندا، شاعیران ئاڵای هۆشیارکردنەوە و نیشتمان پەروەرێتییان بەرز کردۆتەوە و هاتوونەتە نێو مەیدانەوە. شیعر سەرجەم ئەرکەکانی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا بینیووە و لە چوارچێوەی شیعردا، شاعیران بیروباوەرە ئاینییەکانیان بۆ خەڵکی روونکردۆتەوە و پەیامی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان پێگەیاندون. شیعر قوتابخانەیەکی پەروەردەیی و هزری و فێرکاری و زانست و زانیاری ئەو سەردەم بووە.

بەمشێوەیە شیعر تاکە سیمای رەنگدانەوەی بارودۆخەکە بووە و ئەو بارودۆخەش لەنێو سێکوچکەی هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواریدا نقوم ببوو، بۆیە بارودۆخی رامیاری و شارستانی و هزری لە کوردستاندا تا سەرەتای سەدەی بیستەم یارمەتیدەر نەبووە بۆ ئەوەی شیعری شانۆیی بەشێوە هونەرییەکەی کە لەئەوروپا هەبووە، لە نێو ئەدەبی کوردیدا سەرهەڵبدات، چونکە (( وەك رەخنەگری فەرنسی ، تۆدورۆڤ، باسی دەکات: ژانرێکی ئەدەبی بۆ ئەوەی سەرهەڵبدات، پێویستە کۆمەڵگەکەی، گەیشتبێتە ئاستێکی دیاری پێشکەوتن. ئەمەش چونکە،

بەبۆچوونی تۆدۆرۆف: ژانری تازەی هەر سەردەمێك سیستەمێكی تایبەتی خۆی هەیە كە لەگەڵ ئایدلۆژیەتی باوی ئەو سەردەمەدا یەك دەگرێتەوە)) [1] . لێرەدا دەتوانین چەند خاڵێك دەستنیشان بكەین كە هۆكارگەلێك بوونە بۆ دەرنگ سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی كوردیدا:

١ـ نەبوونی قەوارەی سیاسی، چونكە دەسەڵات و حوكمدارییەتی هەمیشە ستراتیژییەتی كار بۆ بەڕێوەچوون و پێشكەوتنی بوارەكانی شارستانێیەتی میللەتەكەی دیاری دەكات. دیارە ئەو ستراتیژییەتە لایەنی رۆشنبیریش دەگرێتەوە، چونكە سینەما و شانۆ و دەزگا هونەری و ئەدەبییەكان پێویستیان بە بڕیاری دامەزراندن و پشتگیری كردنی ماددی و مەعنەوی هەیە. لەبەر ئەوەی ئەدەب و هونەر یەكێكە لەو پایانەی سەربەخۆیی و سەروەری نیشتمانی دروست دەكەن، بۆیە داگیركەرانی كوردستان بەهەموو شێوەیەك لەهەوڵی لەناوبردنی فەرهەنگ و كەلتووری كوردیدا بوونە. لەبارودۆخێكی وا كە وڵات داگیركرابێت و كورد خۆی فەرمانڕەوا نەبێت و ژێردەستە بێت، ئاساییە هونەرەكانی وەكو سینەما و شانۆ و شیعری شانۆیی و ... هتد ، دەرنگ لەدایكبووبن و لەم رووەوە دواكەوتبن.

٢ـ هەرچەندە میرنشینەكان بایەخێكی زۆریان بە شیعر و ئەدەبیات و گرنگیان بە زانا و شاعیران داوە و پلەوپایەیان پێ بەخشیون، بەڵام لەگەڵ رووخان و لەناوبردنی یەكجارەكی ئەو میرنشیانەدا، ئەو تروسكە هیوایەی كە هەشبوو بۆ خود حوكمڕانێتی كوردی لەناوچوو. سەرەڕای ئەمەش دەسەڵاتی عەشیرەتگەری، كە هەرچەندە رۆڵێكی گرنگ و پڕ بایەخیشیان لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردیدا گێڕاوە، بەڵام هەمیشە لە بارێكی دواكەوتوویی خۆیان نواندووە و لەمپەرێكی دیكە بوونە لەبەردەم پێشكەوتن و كرانەوەدا.

٣ـ نەبوونی سەقامگیری سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی، بەهۆی داگیركاری و كردنی كوردستان بە بەرەی شەڕ لەلایەن داگیركارانەوە. هەروەها بەهۆی ئەو

[1]- د. فەرهاد پیرباڵ، مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی كوردیدا لەكۆنەوە تا ١٩٥٧، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر ـ كوردستانی عێراق ٢٠٠١، ل٢١.

راپەڕینە یەك لەدوای یەکانەی کە بۆ سەندنی مافی ڕەوای خۆی بەرپای کرد[1]. بەمەش هەمیشە کەشێکی ناسەقامگیر باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشاوە. دیارە شانۆ و نواندنی شیعری شانۆیی، پێویستیان بە بارێکی سەقامگیر هەیە بۆ ئەوەی دابمەزرێن و چەکەرە بکەن، چونکە لە شێواوی باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی گشتی کلتور و هونەر کز و لاواز دەبن و ڕۆڵیان لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا دیار نابێت.

٤ـ شانۆ و نواندنی شانۆیی، هاندرێکی گەورەیە بۆ ئەوەی شاعیران بیر لە نووسینی شیعری شانۆیی بکەنەوە، چونکە سروشتییە هەموو شاعیرێك حەز لەوە بکات و ئەو شیعرە شانۆییەی کە نووسیوویەتی لەسەر تەختی شانۆ نمایش بکرێت. دیارە نەبوون و دەرنگ سەرهەڵەدانی بزووتنەوەی شانۆ لەنێو کوردا، کاریگەرییەکی گەورەیان لە دەرنگکەوتنی سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی کوردیدا هەبووە.

٥ـ داخراوی سنووری کوردستان، هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان بەشێوەیەك کە دەستی بە هیچ دەروازەیەکی دەریایی ڕانەگات و هەروەها بوونی ئەو دراوسێیانەی کە بەهۆی گەلێك هۆکارەوە فەرمانڕەوا و خاوەن هێز و لەشکر بوون، کوردستانیان لەنێو خۆیاندا دابەشکردبوو و کردبوویانە جێگەی ململانێ و جەنگەکانی خۆیان. کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئەوە هەبوو کورد لە بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری جیهانی دابڕێت و ئاشنای پەرەسەندنەکانی ئەو بوارانە نەبێت.

٦ـ ئەو بارودۆخەی لەو ڕۆژگارەدا لە بوونی جەنگ و کردەوە سەربازییەکان و هەروەها پشبەستنی کشتوکاڵی کوردستان بەباران بارینەوە، هۆکارگەلێك بوون بۆ هێشتنەوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لەناوخۆی کوردستان و نەگەیشتی بە بازاڕی جیهانی. ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کزی و لاوازی بازرگانی هەبووە لە کوردستاندا. بەشێوەیەکی گشتیش بازرگانیکردن لە کوردستان لەدەست ئەرمن و جوولەکەکاندا بوو، بازرگانانی کوردیش ، زیاتر لە بازرگانێکی بچووك دەچوون، کە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لەڕێگای بازرگانانی نەتەوەکانی دیکەوە، کارەکانیان

---

[1]- ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، شانۆی کوردی لەنێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا، ل ٣٤.

ئەنجام دەدا[1]. ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بوو کە کورد وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکە، ئاشنای بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری وڵاتانی جیهانی نەبێت.

٧ـ کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی بووە. لەو جۆرە کۆمەڵگایانەشدا کرانەوە و پێشکەوتن بەستی هەنگاو دەهاوێت و گەلێك لەمپەری گەورەی لەپێشدا دروست دەبێت. بەتایبەتیش بیروباوەڕی ئایینی و داب ونەریتی کۆمەڵایەتی و ...هتد، بۆیە لە بارودۆخێکی داگیرکاری و پڕ لە شەڕو ئاشوبدا، لەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵ و هەژاردا، شیعر تاکە ئامرازی دەربڕین بووە، کە مرۆڤی کورد پەنای بۆ بردووە و خەم وئازارەکانی پێدەربڕیووە و بیری بۆ جۆری دیکەی دەربڕینی ئەدەبی نەچووە و پێی ئاشنا نەبووە.

٨ـ ئەو بەرهەمە دەوڵەمەندەی کە کورد لە ئەفسانە و فۆلکلۆر و کەلەپووردا هەیەتی، سەرەڕای ئەوەی گەلێك سیما و تەکنیکەکانی شیعری شانۆیی تێدا بەرجەستە دەکرێت، بەڵام هەر لەچوارچێوەی خۆیدا پەنگی خواردۆتەوەو رێوڕەسمەکان چۆن بووە، هەر بەوشێوە دووبارەو سێبارە ئەنجامدراونەتەوەو مرۆڤی کورد بیری بۆ ئەوە نەچووە گۆڕانکارییەك لە ئەدای پێشکەشکردنیاندا بکات و پێشیان بخات و لە بۆتەی هونەرییدا دایانبڕێژێتەوە، بەڵکو هەر لە چوارچێوەی چالاکییە میللییەکاندا ماونەتەوە.

٩ـ شیعری کوردی، چەندین ئەرکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و کلتووری لە ئەستۆ بوو. ئەمەش لەبەرئەوەی کە تاکە ئامرازی دەربڕین بووە و کاریگەری خێرای لەسەر هەست وسۆزی خەڵکی هەبووە، بۆیە ماوەیەکی زۆر باڵی بەسەر گۆڕەپانی ئەدەبی و هونەری کوردیدا گرتووە و تاکە زمانحاڵی ئەو رۆژگارە بووە.

١٠ـ باری رۆشنبیری لەو رۆژگارەدا لە بۆتەی خوێندنی حوجرەکاندا بوو. خوێندنی حوجرەش چەندین ساڵی دەخایاند و ئەوانەی دەیانخوێند تەمەنی خۆیان بۆ تەرخان دەکرد و لەدواجاریشدا دەبوون بە مەلا و پیاوی ئایینی، بۆیە بەهۆی ئەو خوێندنە درێژە فێری کاروکاسبی نەدەبوون، بەڵکو بەو پێیەی کە فەرزە

---

[1]- هۆگر تاهر تۆفیق، دور الصحافة الكوردية في تطوير الوعي القومي الكردي(١٨٩٨-١٩١٨) دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك ـ كوردستان العراق٢٠٠٤ ، ص ٢٤-٢٥.

ئایینییەکانیان بەجێ دەهێنا، خەڵك باربووی دەکردن. ئەم باری دارایـیش هۆکارێـك بوو بۆئەوەی رۆشنبیرانی ئەو سـەردەم لەدێیـەك یـاخود شارۆچـەکەیەك بمێننـەوەو توانای گەڕان و گەشتیان نەبێت. سەرەڕای ئەمەش شاعیرانی ئەو سەردەم کە زیـاتر مەلا و پیاوانی ئایینی بوونە، لەنێو کونجی حوجرەکانیاندا لە چەند پەڕە و قەلـەمێك و چەند دیوانە شیعرێکی شاعیرانی تورك و فـارس و عـەرەبی زیـاتر هـیچ کەلوپـەل و کەرەسـتەیەکی رۆشـنبیری دیکـەیان لەبەردەسـت نـەبووە. تـا بەهۆیـەوە ئاشـنای بزووتنــەوەی ئــەدەبی جیهــانی بــوونبن. بۆیــە لــەژێر کاریگەرێیــەتی ئــەدەبی ئــەو نەتەوانەدا، بەرهەمەکانیان نووسیوە.

## ـ سەرهەڵدان وگەشەکردنی شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا

لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە کوردسـتان بـوو بـە ناوچـەیەکی زۆر ئـاڵۆز و دژوار و گـەرم لـە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا، چـونکە لەلایەکـەوە زوڵـم وزۆری ئێـران و عوسمانییـەکان تـا دەهـات زیـاتر دەبـوو، و بەهـەموو شـێوەیەك هـەوڵیان دەدا و پیلانیان دەگێڕا کورد لەناوبرن. لەبەرامبەریشدا تا دەهات هەست و سۆزی نەتەوەیی لەلای تاکی کورد بەهێزتر و بەرزتر دەبوو. لەبـەر ئەمانـە و هۆکارگـەلێکی دیکـەش، کورد یەکەم نەتەوە بوو لەدژی عوسمانییەکان راپەڕینیان بـەرپا کـرد. هـەر لەسـاڵی (١٩٠٥)ەوە کــە راپــەڕین لــە دەرسـیم و بــەدلیس و بایەزیـد بــەرپابوو، گیــانی شۆڕشگێڕییەتی و خەبات و راپەڕین بـەردەوامبوو. چـەندین راپـەڕینی یـەك لـە دوای یەك ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە((شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، شۆڕشی سمکۆی شکاك، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی ئارارات، شۆڕشی بارزان....هتد))[1]. ئــەو شۆڕشــانە بوونــە مــەکۆی گەشەسـەندنی بـیری نەتــەوەیی و نەشـونماکردنی بزوتنەوەی رۆشنبیری کوردی. هەر لەو سەردەمدا و لەبەر رۆشـنایی ئـەو بزووتنـەوە مەزنەی رووناکبیری و نوێخوازییەدا، شـانۆ وەکـو ژانرێکـی دیکـەی نـوێی رۆژئـاوایی هاتە نێو ئەدەبی کوردییەوە. لەدایکبوونی شانۆ لەنێو ئەدەبی کوردیدا، کاریگەری و

[1]- هەمان سەرچاوە، ل٢٦٤-٢٦٥.

زەمنیەسازییەکی بەهێز بوو بۆ سەرهەڵدانی هونەری شیعری شانۆیی لە نێو ئـەدەبی کوردیدا، چونکە شانۆ و شیعری شانۆیی پەیوەندییەکی تێکچرژاو بـە ناویەکچوونیان لەنێواندا هەیە و یەك ئەوی دیکە تەواو دەکات. ئەگەر شانۆ و نمایشی شانۆیی بوونی نەبێت، هەرگیز دەقی شانۆیی چ بە شێوەی شیعر بێت یـاخود بەشـێوەی پەخـشان بێت، بوونیان نابێت. بەواتایـەکی دیکـە دەقـی شـانۆیی بـۆ ئـەوە دەنووسـرێت ، تـا لەسەر تەختی شانۆ پێشکەشی بینەران بکرێت. بۆیە باسکردنی سەرهەڵدانی شیعری شـانۆیی لـە ئـەدەبی کوردیـدا، پێویـست بـەوە دەکـات بـەکورتی چاوخـشاندنێك بـە سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆدا بکەین، چونکە شیعری شانۆیی جگە لـەوەی دەچـێتە خانەی شانۆی گۆرانییەوە، وەلێ هاوشـان لەگـەڵ سـەرەتاکانی هـاتنی شـانۆ وەکـو ژانرێك بۆ نێو ئەدەبی کوردی هاتۆتە ئاراوە.

شانۆ بەشێوە هونەرییەکەی لە کۆتـایی سـەدەی (١٩) و سـەرەتای سـەدەی (٢٠)، وەکو ژانرێکی نوێ هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە. هەرچـەندە لـە کلتـور و فۆلکلـۆری کـوردی وداب و نـەریتی کۆمەڵایـەتی وەکـو پرسـەکان و یارییـە کوردەوارییەکاندا، نمایشی شانۆیی هەبووە، بەڵام لەراستیـشدا لـەناو کـورد چـەندین جۆرە نواندنێك هەبووە کە لە شانۆ چوونە، بەڵام نەك بەشێوە رۆژئاواییەکەی بـەڵکو ((لـەناو چـەند تـەدارەك و نەریتێکـدا خـۆی بەرجەسـتە کـردووە، چـەند پێـوەرێکی سەربەخۆی جیاوازی میللیی هەبووە، نەیتوانیوە وەك ژانرێکی هونەری ـــ ئـەدەبیی سـەربەخۆ خـۆی پێکبهـێنێ)) [1]. بۆیـە زیـاتر دەچـنە چوارچـێوەی چـالاکییە میللییـەکان، سـەرەڕای ئەمـەش میللـەتانی دیکـەش بـەم قۆناغـە تێپـەڕیون و ئـەو ئاهەنگسازییانەیان هەبووە [2].

شانۆ بەشـێوە هونەرییـەی کـە لەکوردسـتاندا هەیـە، ژانرێکـی تازەیـە و لـەژێر کاریگەری و کارتێکردنی شەپۆلی ئەدەبیاتی تورکی و ئەورووپیدا لەچـارەگی یەکـەمی

[1]- د. فەرهاد پیرباڵ، عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری ـ تازەکردنەوەی شیعری کوردی و داهێنانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٢ ، ل ١٠٧.

[2]- پ. ی. د هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی. دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٧، ل٢٣٦ .

سەدەی بیستەمدا هاتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە، بەتایبەتیش لەدوای داگیرکردنی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوڕاست بەکوردستانیشەوە لەلایەن وڵاتە ئەورووپییەکانەوە، بۆ نموونە ئەو تیپە شانۆییانەی ئیتالیا و فەرەنسا و بەریتانیا، کە سەردانی بەیروت و دیمەشق و قاهیرەیان کردووە و بەهەمان شێوە سەردانی کوردستانیان* کردووە بۆ نمایشکردنی شانۆگەری. هەروەها سەردانیکردنی تیپی شانۆییە عەرەبییەکان بۆ شارەکانی کوردستان و نمایشکردنی شانۆیی، کە هۆکارێك بوون بۆ ناساندنی ئەو ژانرە نوێیە. لەژێر ئەو کارتێکردنە دەرەکی و ناوخۆییانەدا، شاعیری نوێخوازی کورد، عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری (١٨٩٠-١٩٥٨) یەکەم تێکستی شانۆیی بەزمانی کوردی بەناونیشانی (مەمی ئالان) لەگۆڤاری (ژین) بەزنجیرە، لەژمارە (١٥) و (١٦) لە ئەستەمبۆڵ بڵاودەکاتەوە[1]. ئەو دەقە، بەیەکەم دەق و دەستپێکی بڵاوبوونەوەی ژانری شانۆ لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا لەقەڵەم دەدرێت و بەهۆیەوە بۆ یەکەمجار کورد ئاشنای ژانرێکی نوێی ئەدەبی دەبن و دەبێتە زەمینەسازییەك بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی شانۆیی لە کوردستاندا.

لە باشووری کوردستانیشدا ((بەهۆی هەوڵ وکۆششی تاکە کەسی و لە رێگای ئەدەب و تاقیکردنەوەکانی عەرەب و تورکەکانەوە ئاشنایەتیان لەگەڵ هونەری شانۆدا پەیداکردوە و دوابەدوای ئەمە پەرۆشی بینینی ئەو شانۆگەریانە بوون کە لەسەر سەکۆی شانۆی قوتابخانەکان و دەرەوەی قوتابخانەکاندا پێشکەش کراون))[2]. بەواتا سەرەتاکانی ئەو گەشەکردن و نمایشکردنەش لەنێو قوتابخانەکاندا بوونەو مامۆستایان و قوتابیان خۆیان رۆڵی دەرهێنەر و ئەکتەریان تێدا بینیوە، چونکە لەسەرەتادا هیچ جۆرە تیپێکی مۆڵەتپێدراوی یاسایی تایبەت بەشانۆ دانەمەزرا بوو ، ئەو جموجوڵە زیاتر لە نێو قوتابخانەکاندا گەشەی کرد و

---

* بۆنموونە ئەو بانگەوازەی رۆژنامەی ژیان لەساڵی ١٩٢٧ بڵاوی کردۆتەوە لەبارەی هاتنی کۆمپانیایەکی بیانی بۆ شاری سلێمانی بۆ نمایشکردنی شانۆیی ، بروانە: پ. ی. د هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی. ل٢٤٦.

[1]- د. فەرهاد پیربال، عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری ـ تازەکردنەوەی شیعری کوردی و داهێنانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا،ل ١٠٧.

[2]- مغدید حاجی، ئافرەت لەشانۆی کوردیدا، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا ـ عێراق ١٩٨٩، ل١٦.

چەسپا و دواتر لەلایەن تیپ و کۆمەڵە رۆشنبیرییەکانەوە پێشخرا. لەم رووەوە لەپایزی ساڵی (١٩٢١)دا قوتابخانەی یەکەمی هەولێر شانۆی (سەلاحەدین ئەیوبی) یان بۆ چەند رۆژێك پێشکەش کردووە، دەقەکە لەنووسینی (نەجیب حەداد)ە، لە پێنج پەردەی پەخشان و شیعر پێکهاتووە[١].

دواتر لە ساڵی (١٩٢٩) شانۆی (وێنەتی) لەشاری هەولێر هەر لەلایەن قوتابیانی سانەوی هەولێر پێشکەش کراوە. هەروەها لەساڵی (١٩٢٢) شانۆگەری قرالیچە لەگۆڕەپانی ئەسحابە سپی لەشاری سلێمانی نمایش کراوە، کە شێخ نوری شێخ ساڵح و مامۆستا زیوەر و ساڵح قەفتان و کەریم زانستی و رەئوف شێخ ساڵح بەشدارییان تیدا کردووە[٢]. لەساڵی (١٩٢٣)دا شانۆگەری (جولەکەی کۆڵگێر) لە نووسینی شێخ سەلامی شاعیر پێشکەشکراوە[٣].

دامەزراندنی کۆمەڵەی زانستی کوردان لە شاری سلێمانی لەساڵی (١٩٢٦) خاڵی وەچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی شانۆگەری کوردیدا. ئەم کۆمەڵەیە جگە لەبایەخدانی بە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لەنێو خەڵکیدا، هەوڵەکانی خۆی لەپێناو بەرەوپێشبردنی رۆژنامە وشانۆگەری کوردی خستەگەڕ. لەم روەوەش چەندین شانۆگەری گرنگیان پێشکەش کرد لەوانە (عیلم و جەهل و لولا محامی و نیرۆن ویۆلیۆس قەیسەر).

لەساڵی (١٩٣٠) مەکتەبی زانستی کچان ، دوو شانۆگەرییان بە ناوی (مرۆڤ ئەوەی بچینیت ئەوە ئەدورێتەوە) و (دایکێکی جاهیل) پێشکەش دەکەن[٤]. پیرەمێردیش لەدوای گەڕانەوەی لەئیستەمبۆڵ، رۆڵێکی مەزنی گێڕاوە لە ناساندنی ئەو ژانرە نوێیە لەرێگای باسکردنی لەرۆژنامەی (ژیان)دا و لەم بوارەشدا بەیەکەم رەخنەگری شانۆیی دادەنرێت (بۆ یەکەمین جار لەمێژووی رەخنەی شانۆییدا،

---

[١]- کەیفی محەمەد عەزیز، رەخنەی درامی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا( باشووری کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١)، ل٩٠.

[٢]- تەحسین چیچۆ و شێرزاد قادر، هەولێر ـ لە یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێردا، چاپخانەی علاء ، بەغدا ـ عێراق١٩٨٥،ل٢١٥.

[٣]- سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە (عێراق)دا لە ١٩٧٥-١٩٩٥، ل ٤٢.

[٤]- پ.ی.د. هیمدادی حوسێن، دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێرـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٧، ل٢٤٥-٢٤٨.

لەسلێمانی دوای نمایشی شانۆگەری (نیرۆن)ی ساڵی (١٩٢٧)، پیرەمێرد لەرۆژنامەی (ژیان)دا بەزمانی کوردی بۆ یەکەم جار لە مێژووی رخنەی درامای کوردیدا، رەخنەی لە شانۆگەری (نیرۆن) گرتووە)[1].

هەروەها لەساڵی (١٩٣٤) چیرۆکی مەم وزین لەدوو تویی کتێبێکدا لەچاپخانەی ژین لەسلێمانی چاپکراوە کە داستانێکە بە شیعر و پەخشان و لەشەش پەردە پێکهاتووە و لە ساڵی (١٩٣٥) نمایشکراوە. لەساڵی (١٩٣٣) لەلایەن أ.ب. هەوری شاعیرەوە شانۆگەری (دڵداری و پەیمان پەروەری) لە سلێمانی پێشکەش کراوە[2]. هەروەها لەلایەن کامەران موکری شاعیریش لەساڵی (١٩٥٢)دا چیرۆکی کلۆڵان، کە یەکێکە لە شاکارەکانی (ڤیکتۆر هۆگۆ) لەلایەن شاعیرەوە ئامادەکراوە و لەشاری سلێمانی پێشکەشکراوە و هەر خۆشی دەرهێنەری بووە بۆ سەر شانۆ[3].

شانۆی کوردی لەسەرەتادا بەزاراوە ئەوروپییەکان وەکو : پیەس و درام و تیاتر و هەندێك جاریش زاراوەی عەرەبی و فارسی وەکو: نمایش و تەمسیلی دەهاتە ناسین. دواتر شاعیری نوێخواز عەبدوڵلا گۆران لەساڵی (١٩٥٠) بۆ یەکەمجار زاراوەی (شانۆ)ی لەجیاتی ئەو زاراوە ئەوروپی و عەرەبی و فارسییانە بەکارهێنا، ئەمەش لە شیعری (جیلوەی شانۆ)بوو، کە لە دیوانی(فرمێسك و هونەر) لەساڵی (١٩٥٠)دا لە بەغدا لە چاپخانەی مەعاریف چاپکراوە. ئیدی زاراوەی شانۆ کەوتە نێو بواری رۆشنبیری کوردی و چەسپا[4].

بەمشێوەیە دامەزراندنی قوتابخانە و سەنتەرو کۆمەڵە فەرمییەکان و سەردانی تیپی شانۆی بەریتانی و عەرەبی بۆ کوردستان و کاریگەری ئەو رۆشنبیرانەی ئەو سەردەمە، شانۆی کوردی (لەژێر کاریگەرێتیی کەلتوری ئەوروپا و نووسەرە گەنجە تورکەکانی ئەستەمبۆڵ، وەکو ژانرێکی رۆژئاوایی ، دێتە ناو

---

[1]- کەیفی محەمەد عەزیز، رەخنەی درامی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا( باشووری کوردستان ١٩٧٠-١٩٩١)، ل ١٤١.

[2]- یاسین قادر بەرزنجی، شانۆی کوردی ـ ئەرشیف و تێکست ، نمایش و بینەر، لەبلاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٧، ل ٣٢.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل ٦٢.

[4]- فەرهاد پیرباڵ ، مێژووی شانۆ، ل١١-١٣.

ئەدەبەکەمان و پاشانیش لەژێر کاریگەرێتی جموجۆڵی شانۆی عەرەبی لە عێراق)[1]
ئەم ژانرە گەشەدەکات و بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت.

لەنێو ئەو بارودۆخ و گۆڕانکارییە سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتییەدا و لەگەڵ پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و هاتنە ناوەوەی هونەری شانۆ وەکو ژانرێکی نوێ بۆ ئەدەبیاتی کوردی، شیعری شانۆییش هەر لەو سەردەمەو و لەسەر دەستی هەمان ئەو شاعیرو رۆشنبیرە نوێخوازانەدا دێتە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە. ئەو شاعیرو رۆشنبیرانەی کە بناغەی شانۆیان لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا چەسپاند، بەهەمان شێوە شیعری شانۆییش لەلایەن ئەوانەوە بایەخی پێدرا و ئاوڕی لێدرایەوە. شاعیرانی وەکو (پیرەمێرد وشێخ نوری شێخ سالح و گۆران و أ.ب.هەوری و شێخ سەلام و کامەران موکری) بە پشتبەستن بەو رۆشنبیرییە نوێخوازییەی خۆیان، پێنگاڤی گۆڕانکارییان لە بواری شیعر بەرپاکرد و بەهەمان شێوە ئەدەبی کوردییان بەگەلێك ژانری دیکەی گرنگی وەکو شانۆ دەوڵەمەند کرد. ئەو بەشدارییکردن و بایەخدانەیەیان وەنەبێ تەنیا لە نووسینی دەقی شانۆیی رەنگی دابێتەوە، بەڵکو لەتەك نووسینی دەقی شانۆییدا، هەر خۆیان وەکو ئەکتەرێك بەشدارییان لە نواندیدا کردووەو کاری دەرهێنان و ئاوازدانیان بۆ شانۆگەرییەکان ئەنجامداوە. تەنانەت زاراوەی شانۆ لەلایەن شاعیرێکی نوێخوازی وەکو گۆران لە پارچە شیعرێکدا وەکو ئاماژەمان پێدا، داهێنراوەو لە نێو کوردا چەسپاوە.

ئەم رۆڵە مەزنەی شاعیرانی کورد لە هەوڵە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی شانۆدا، لەلایەکەوە ئاستی رۆشنبیری و خەمخۆری ئەو شاعیرانە و هەستکردن بە دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ئەدەب و هونەری کوردی دەگەیەنێت، لەلایەکی دیکەشەوە سەرەتایەکی بەهێز بوو بۆ هاتنە پێشەوەی شاعیران و ئاوڕدانەوەیان لە شیعری شانۆیی وەکو ژانرێك، چونکە بەشداربوونیان لەو بزووتنەوە شانۆییە، چ لە رووی نووسینی دەق بێت، یاخود لە رووی تەکنیکەکانی شانۆیی وەکو نواندن و دەرهێنانەوە بێت، شارەزایی و ئاشنابوونێکی تەواوی پێبەخشین. ئەمە سەرەڕای

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل٧.

ئەوەی کە ئەوان وەکو رۆشنبیرێکی سەردەمەکەی خۆیان ئاگاداری باری رۆشنبیری گەلانی دەوروبەر و ئەوروپایی بوون و چاویان بەو جۆرە ژانرانە گەشاوە بووە، بۆیە هەر لەسەر دەستی ئەو شاعیرو رۆشنبیرە نوێخوازانە بۆ یەکەمجار لە ئەدەبی کوردیدا شیعری شانۆیی سەریهەڵدا و یەکەم هەوڵ و دەستپێکیش دەگەڕێتەوە بۆ شاعیری نوێخواز شێخ نوری شێخ سالح، کە لەساڵی (١٩٢٥)دا یەکەم دەقی شیعری شانۆیی لەشێوەی ئۆپەرێت بەناونیشانی (ئینتیباه) بڵاوکردەوە، کە خاوەن ناوەرۆکێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی بوو. ئەمەش لەدوای بڵاوبوونەوەی دەقی ئۆپەرێتێکی فەرەنسی، کە لەلایەن مەحموود جەودەت وەرگێردرابوو. ئەگەر تێبینی ساڵی لەدایکبوونی یەکەم دەقی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا بکەین[1]، دەبینین تەنیا شەش ساڵ دوای لەدایکبوونی یەکەم دەقی شانۆیی کوردی ( مەمی ئالان)ەکەی عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری سەریهەڵداوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هاوتەریب لەتەك بزووتنەوەی شانۆیی لە کوردستاندا، شیعری شانۆیی لەدایکبووە.

لەلایەکی دیکەشەوە، دەقە شانۆییەکەی عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری لەشێوەی پەخشاندا بووە، ئەمەش پێچەوانەی مێژووی شانۆیی ئەوروپییە، کە هەر لەسەردەمی یۆنانەوە تا سەدەی نۆزدە تەنیا بەشیعر شانۆیەکانیان دەنووسی و پێشکەش دەکرا. دیارە ئەم جیاوازییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بزووتنەوەی شانۆی رۆژئاوایی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزەدا و لە ژێر کاریگەری و کارتێکردنی رێبازی ریالیزم وازیان لە شیعر هێنا و پەنایان بۆ پەخشان برد و ئیدی شانۆی پەخشان ئامێز سەریهەڵدا. کاتێکیش لەسەدەی بیستەمدا میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناویشیاندا کورد، بەهۆی ئەو کرانەوە و ئاشنابوونەنیان بە ئەدەبیاتی ئەوروپی، شانۆیان وەکو ژانرێك بۆ ناو ئەدەبیاتیان گواستەوە، ئەو کاتە شانۆیی پەخشانی باوی بووە و پێی ئاشنابوونە.

---

[1]- ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نوری شێخ سالح، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەمی بژارکراو، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٨. ل٦٠.

لەم روانگەیەوە شاعیری نوێخوازی کورد عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری کاتێك ئاشنای شانۆی ئەوروپی و تورکی بوو، لەسەر هەمان رێچکەی ئەوان یەکەم دەقی شانۆیی بە پەخشان نووسیوە. بۆیە هەوڵدان و نووسینەوەی شیعری شانۆیی لەلایەن شاعیرانی دیکەی نوێخوازو رۆشنبیری سەردەمەکە، دیارە سەلمێنەری ئەوەیە کە ئاگاداری بزوتنەوەی ئەدەبی جیهانی بوونەو هەوڵیانداوە ئەدەبی کوردیش وەکو ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە هەموو جۆرە ژانرەکان لەخۆ بگرێت و دەوڵەمەندبێت، بۆیە دوای تەنیا شەش ساڵ، لەلایەن شێخ نوری شێخ ساڵح یەکەم دەقی شیعری شانۆیی لەدایك دەبێت و سەرەتای قۆناغێکی نوێی لە ئەدەبی کوردی بۆ خۆی تۆمار دەکات. هەروەها شێخ نوری شێخ ساڵح دووەم شیعری شانۆیی خۆی بەناوی (دایك)* نووسیوە، کە لەلایەن قوتابخانەی کچانی سلێمانی لەساڵی (١٩٢٦) نمایشکراوە و چەند ئافرەتێك وەکو ئەکتەر رۆڵیان تێدا گێڕاوە لەوانە:

---

* دەقی ئەو شیعرە شانۆییە ونبووە و نەدۆزراوەتەوە، تەنیا چەند کۆپلەیەکی نەبێت ماون، ئەوانیش لەلایەن د. کەمال مەزهەر لە لەوتارێکیدا بەناونیشانی ( فاتمە محی الدین پەری پێشڕەو و سەربازی نەناسراو ) لەژمارە (٧٣)ی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ئاداری (١٩٧٩) لە لاپەڕە (١٧-١٨) وداوتریش لەکتێبی ( چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، بەشی یەکەم، چاپخانەی الآدیب، بەغدا١٩٨٥، لە لاپەڕە (٢٥٥)دا. هەروەها ئازاد عەبدالواحید دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەمی بژارکراو، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر -٢٠٠٨. لەلاپەڕە(٦٠) و لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ فاتیمە محێدین و یاسین قادر بەرزنجی، شانۆی کوردی ـ ئەرشیف و تێکست ، نمایش و بینەر، لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ، سلێمانی ٢٠٠٧، لە لاپەرە (٢٨-٢٩) بڵاوکراونەتەوە و بەمشێوەیەیە:

چییە ئەم گریە و زارییە
بۆ چیتە هاوار و تەلاش
دایکە بەشپرزەیی: هەرگیز خەوی نەبوو منیش
چووم دامێ تۆزێك شیلەی خاش خاش

دراوسێکەیان کە ئەمە دەبیستێت، دەستوبرد دەچێت بەدوای دکتۆرەی شاردا، دکتۆرە بەهەمان دەستوور دەپرسێت:

چییە ئەم گریە و زارییە
دایك: چووم دامێ تۆزێك شیلەی خاش خاش
دکتۆرە:
جا کێ بەتۆی وت دەوایەکی زرەیف وباشە
تیلفی وا قابیلی دەرمانی وەك خاش خاشە؟
خێراکە ئەو دەرمانەی بدەرێ
بەڵکو بەجارێك چارەی بکرێ
ئیتر هەرگیز لەو دەوایانەی نەدەیتێ

نەزیهە تالّیب، حەفسە عرفان، بەدریە خان[1]. ئەو قوتابخانەیە لەساڵی (١٩٢٦) دروست کراوە کە (( ئەو سەردەمە ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ موتەسەریفی شاری سلێمانی بووە، بەهەوڵ وکۆششی ئەو دەرگای یەکەمین قوتابخانەی سەرەتایی تایبەت بە کچان لەم شارەدا کراوەتەوە و ناوی نراوە (زەهرا) یان (زهراء)))[2] ، یەکێك لەو مامۆستایانەی کە رۆڵی لە بەرەوپێشبردنی رەوشی ئەو قوتابخانەیە دیتووە، فاتیمە محێدینە، کە خزمایەتی هەبووە لەگەڵ شێخ نوریدا. دیارە لەدوای کردنەوەی قوتابخانەکە، شێخ نوری (بۆ هۆشیارکردنەوەی دایکان و باوکانی قوتابییەکان، شانۆگەرییەکی بەشیعر نووسیوە و ویستوویەتی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە چارەسەر بکات، بۆیە هاتووە کێشەی مندالانی ئەو سەردەمە کە دیارە خاشخاشیان داونەتێ، ئەو خاشخاشە زیانی بۆ تەندروستی و نەشونماکردنی منداڵەکە هەبووە، شێخ نوری ئەمەی هێناوەتەوە لەشێوەی تەمسیل پێشکەش کردووە، بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێ لەسەر ئەو کەسانەی کە حازر دەبن و بۆ ئەو مەبەستەش داوەتی کەسوکاری قوتابییەکانی کردووە و ئەوەی کە نووسیویەتی ناوی ناوە(دایك)) [3] .

لەمبارەیەوە فاتیمە محێدین کە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە بووە دەڵێت:(( پەنامان بردە بەر شێخ نووری و ئەویش لەسەر پێشنیاری خۆمان شانۆگەریی (دایك)ی بۆ ئامادەکردین، قوتابخانەکەمان ڕازاندەوە و پەردەمان هەڵواسی و نزیکەی حەفتەیەك ژنانی شار رویان تێکردین و بەپەرۆشەوە سەیری (دایك)یان دەکرد. بەیجەی خوشکم دەوری دایك و شەفیقە سەعید کە قوتابییەکی وریای قوتابخانەکەمان بوو دەوری دکتۆرەی بینی))[4] . ئەو شانۆگەرییە دواتر جارێکی دیکە هەر لەلایەن هەمان قوتابخانەوە لە (١٩٣٠\٣\٢٠) دووبارە

---

[1] - فەرهاد پیربال، کرۆنۆلۆژیای شانۆ لەشاری سلێمانی لەکۆنەوە تا ١٩٥٧. گۆڤاری( شانۆ)، ژمارە (٤)ی حوەزیرانی ٢٠٠٧، ل١٩.

[2] - یاسین قادر بەرزنجی، شانۆی کوردی ـ ئەرشیف و تێکست ، نمایش و بینەر، ل٢١.

[3] - چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عەبدولواحید، لە بارەگای گۆڤاری (رامان)، کاتژمێر (١٠)ی سەرەلەبەیانی رۆژی یەکشەممە، رێککەوتی (٢٠١٠\٢\١٤).

[4] - ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نوری شێخ سالّح. ل ٧٢.

نمایشکراوەتەوە و بەچەند ناوێکیش هاتووە وەکو (دایکێکی جاهیل) و(دایکی جاهیل کە خشخاشی داوە بەمنداڵەکەی). ڕۆژنامەی ژیان لەساڵی (١٩٣٠) دا هەواڵی نمایشکردنی ئەو شانۆگەرییە شیعرییەی بڵاوکردۆتەوە ونووسیویەتی:(مەکتەبی کچان بۆ ئەوەی فەننی تەمسیل ومەزایاکەی لە ئافرەتی موحیتەکەمان بگەیەنن حەفلەو تەمسیلیان ڕێکخستووە، تەبیعی ئەم مژدەیە بووە بە سەبەبی مەسرورییەتی هەموو لایەك وهەموو میللەت بەکەمالی عەجەلەوە ئینتیزاری ئەکرد، نەتیجە ڕۆژی پێنج شەممە حەفلەکەیان ئیجراکردو تەمسیلەکەیان بەتەواوی بەجێهێنا)[1].

دوای شێخ نوری شێخ ساڵح، شاعێرێکی دیکەی رابەرانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، کە ئەویش گۆرانە، ڕۆڵێکی پڕ بایەخ لەم بوارەدا دەگێڕێت و لەسەر دەستی ئەو شیعری شانۆیی گەشە دەکات و دەگاتە پلەیەکی باڵا لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا و جێگەو پایەکی بەرزی پێدەدا. گۆران جگە لەنووسینی ئۆپەرێتەکانی، چوار بەرهەمی شیعری شانۆیی لە شێوەی (پیەس لە یەك پەردەی کورتا) لە ساڵی (١٩٥٣) بڵاودەکاتەوە کە ئەوانیش بەناوەکانی (ماستاو، جۆقی یۆنسکۆ، موحاکەمەی مام چەوەندەر، نق و جق)[2] ن*. لەرووی نواندنەوەش تەنیان نق و جق لەسەر شانۆ لەساڵی (١٩٧١) لەشاری بەغدا لەلایەن (تیپی قوتابیانی هونەر) نمایشکراوە. لەمبارەیەوە حەسەن تەنیا دەڵێت:(دوای هەوڵێکی زۆر توانرا تیپێکی هونەری بهێنرێتە کایەوە بەناوی (تیپی قوتابیانی هونەر)ەوە کە زۆربەی ئەندامەکانی قوتابی ئامۆژگەو ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بوون، لەساڵی (١٩٧١) و بە بۆنەی یادی شاعیری نەمری کورد (گۆران)ەوە لەسەر شانۆی (ساگع الحصری) ئەم تیپە توانی (١٢) تابلۆ لەشیعرەکانی مامۆستا گۆران ئامادە بکا و پیشانی بدات،

---

[1] - پیرەمێرد ، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە(٢٣٢) ، ساڵی(٥) ، (٢٧)ی مارتی ١٩٣٠ ، ل٣.

[2] - دیوانی گۆران ، چاپی دووەم ، بڵاوکراوەی پانیز، تهران ـ ایران ، ١٣٨٥. ل ٢٦٩-٢٨٤.

* پیەسە یەك پەردەییەکانی دیکەی گۆران (دوشمنمان مێشوولە، شیوەنی دارستان ، وڵاتی ئاوا، خۆزگەی هەژار)، لەبەر ئەوەی هیچ جۆرە دیالۆگی شیعری تێدا بەرچاو ناکەوێت، کە بەیەکێك لە تەکنیکە هەرە سەرەکییەکانی شیعری شانۆیی لەقەڵەم دەدرێ. بۆیە لەخانەی شیعری شانۆییمان دانەنان. چونکە زیاتر دەچنە خانەی شانۆگەرییەکی تەنزئامێز یاخود شانۆگەرییەك بۆ خوێندنەوە.

ئەم تابلۆیانە: أ- بووکێکی ناکام، ب - گوڵی خوێناوی، ج - جق و نق، د - بنی بیر، هـ - من ئەو دیلەم ... هتد) [1].

هەروەها گۆران لەساڵی(١٩٥٨) و لەژێر کاریگەری شۆڕشی (١٤)ی تەممووزدا، شیعرێکی شانۆیی بەناوی (شۆڕشگێر) دەنووسێت، کە باس لە رووداوەکانی ئەو شۆڕشە دەکات. هەر لەو ماوەیەدا چەندین شاعیری دیکە لەشێوەی ئۆپەرێت، شیعرە شانۆییەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە وەکو ( أ.ب . هەوری، کامەران موکری).

شێخ سەلامی شاعیریش ئەسپی خۆی لەم بوارەدا تاو داوە و لەساڵی (١٩٣٧-١٩٣٨) شیعرێکی شانۆیی بەناونیشانی (ئافاتی تاعون لەناو حەیواناتا) دەنووسێت. شێخ سەلام خۆی لەبارەی ئەو شیعرە شانۆییەوە دەڵێت:(( ئەم چیرۆکە لاسایی (تەمسیل) لەکتێبی(خوێندنی عەرەبی بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتایی) بەدەستکارییەکی زۆرەوە وەرگێراوەو ساڵی ١٩٣٧-١٩٣٨م لە سلێمانی لەلایەن کۆمەڵێك لە قوتابیانی قوتابخانەی (فەیسەڵی)یە تەمسیل کرا، لەژێر چاودێری مامۆستا (فوئاد رەشید بەکر) کە (مفتشی معارفی سلێمانی) بووە ومامۆستا جەلال محەمەد کە (مدیری قوتابخانەی فیصلیە) (ناجی هرمزی) خوالێخۆشبوو کەوەکیلی متصرفی سلێمانی بوو، جگە لە پێستی شێر، پێستی هەموو حەیواناتێکی هەبوو زۆر بە روویەکی خۆش و گەشەوە پێشکەشی قوتابیەکانی کرد. (تۆفیق حسن ئاغای دەوڵەت) بەڕاستی و بێ درۆ بە تەواوی چوبوە پێستی رێوییەکەوە گەلێ گەلێ جوان ئەو پێستە کە چەن ساڵێ بوو کەوتبوو زیندووی کردەبووە دڵ هەزرا دڵ حەیرانی ئەبوو. خوا هەڵناگرێ پارچەکانی تر هەموو بێ قصور بوون. بەڵێ یەکەم لاسایی بوو لەشاری سلێمانی)) [2]. لەساڵی (١٩٤٤)یشدا بەرهەمێکی دیکەی شیعری شانۆیی لەژێر ناونیشانی (قوتابخانەی کوردستان) بڵاو دەکاتەوە [3].

---

[1] - حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، دار افاق عربیة للصحافة و النشر، بەغدا ـ عێراق ١٩٨٥، ل٨٣.

[2] - دیوانی سەلام، ئا: ئومێد کاکەرەش، چاپی دووەم، چاپخانەی ( الحوادث)، بەغدا ـ عێراق ١٩٩٠، ل ٢٣٧.

[3] - هەمان سەرچاوە، ل١٢٨.

هەروەها کاردۆخی شاعیر لەساڵی (١٩٥٧) شیعرێکی شانۆیی بەناوی (چیرۆکی دارفرۆش) لەدوو بەشدا بڵاودەکاتەوە، سەرەتا بەشی یەکەمیان لەژێر ناونیشانی (گفتوگۆی خوێندەوار و دارفرۆش) بڵاودەکاتەوە. لەم بارەیەوە کاردۆخی دەڵێت: (ئەم هەڵبەستە دوو بەشە، بەشی یەکەمیان جگە لە(٦) دێر هۆنراوەی پێشەوە، بەناوی: ( گفتوگۆی خوێندەوار و دارفرۆش)ەوە لەساڵی ١٩٥٧ دا رێك خرا، لەگۆڤاری هیوا ژمارە (١١)ی مایسی ١٩٥٨دا بڵاوکرایەوە، دوایی وا بەچاك زانرا بکرێت بە (چیرۆکێکی شانۆیی) بۆ مەش: (بەشی دووەمی) خرایە سەر، وە لەساڵی ١٩٧٢دا قوتابیانی سەرەتایی کوڕانی قوتابخانەی (گویژە) بەسەرپەرشتی مامۆستا (گالب بەرزنجی) کردیان بە (چیرۆکێکی شانۆگەری) لە تەلەفزیۆنی (کەرکوك) و لەمەهرەجانی هونەرە جوانەکانی (موصل و بەغدا) دا بلاوکرایەوە، قوتابی و قوتابخانەی گویژە خەڵاتیان لەسەر وەرگرت)[1]. هەروەها کاردۆخی بەرهەمێکی دیکەی شیعری شانۆیی هەیە بەناونیشانی (ئامۆژگاری)، کە زیاتر پەروەردەییە و هەروەکو خۆی باسی لێوە دەکات و دەڵێت: (ئەم ئامۆژگارییەم لە فارسییەوە، بەدەست کارێکی کەم کردم بە کوردی دوایی داوایان لێ کردم بیگۆرم بە جۆرێك کە بۆ (چیرۆکی شانۆگەری) دەست بدا لەبەر ئەوە بەم جۆرەی خوارەوەی لێ هات)[2].

هەروەها زەکی ئەحمەد هەناری لەساڵی (١٩٦٠) بەرهەمێکی شیعری شانۆیی بەناوی (دوارۆژی دەئاکی زۆردار یان سەرەنجامی زۆردارێك)* بڵاودەکاتەوە، شاعیر ئەم بەرهەمەی بە(داستانێکی هۆنراوەی نایابی تەمسیلی یە) وەسف دەکات، کە عەلائەدەین سەجادی پێشەکییەکی بەناونیشانی (پەسەند!) بۆ نووسیوە. شاعیریش

---

[1]- دیوانی کاردۆخی، محەمەد ئەمین کاردۆخی، دار الحرية للطباعة، چاپی یەکەم، بەغدا ـ عێراق ١٩٧٨. ل٣٧.

[2]- هەمان سەرچاوە. ل ٨٣.

* لەساڵی (١٩٥٩) دوو شاعیر و نووسەری رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەوسا لە عێراق نیشتەجێ بوون، کتێبێکیان لەژێر ناوی ( ئاشتیخوازی لادێی و پەیمانی دوولایی) لەبەغدا لە چاپخانەی ( النجاح) لەچاپدا، کە دوو بەرهەمی شیعری شانۆیی تێدا بوو، یەکێکیان بەناوی ( ئاشتیخوازی لادێی)ی مامۆستا زەبیحی بوو، ئەوی دیکەشیان بەناوی ( پەیمانی دوولایی)ی حەسەنی قزلجی بوو. (یاسین قادر بەرزنجی، شانۆگەرییە کوردییە چاپکراوەکان، گۆڤاری ( رۆشنبیری نوێ)، ژمارە(١١٦)، کانوونی یەکەمی ١٩٨٧، ل)١٦٩).

خۆی پێشەکییەکی لەبارەی مێژووی سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆز و داستانی کاوەی ئاسنگەر نووسیوە. ئەم بەرهەمە لە چەند روویەکەوە بەڵگەیەکە بۆ پێگەیشتن و نەشونماکردنی ئاستی شیعری شانۆیی کوردی، لەرووی دەسەڵات و توانای شاعیری کورد بەرهەمێکی سەرکەوتوو لەقەڵەم دەدرێت، چونکە شاعیر بە پشوویەکی دوورو درێژ بەرهەمەکەی نووسیوە و لەرووی دەقەوەش، دەقەکەی بۆ سەر هەشت بەش دابەشکردووە، کە هەر بەشێك لە چەند پەردەیەك پێکدێت. لەرووی چاپ و بڵاوکردنەوەش، ئەمە بەرهەمە بۆ یەکەمجار لەدوو توێی کتێبێکدا چاپ کراوە، و بەیەکەم بەرهەمی شیعری شانۆیی کوردی دادەنرێت، کە سەربەخۆ لەشێوەی کتێبدا لە ساڵی (١٩٦٠) لە چاپخانەی مەعارف لە بەغدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە * .

لەرووی نواندنەوەش، لە نەورۆزی ساڵی (١٩٧٠) واتا دە رۆژ دوای بەیاننامەی (١١)ی ئادار، ئەو شانۆگەرییە لە شاری کۆیە نمایشکراوە و (عیزەت جەمال) دەریهێناوە و دیکۆر و ئارایشتی لەلایەن (حەمە عەلی عومەر) جێبەجێکراوە[1] .

هەروەها لەساڵی (١٩٦١) لەلایەن عەبدولرەزاق محەمەدەوە، چوار بەرهەمی شیعری شانۆیی لەدوو توێی کتێبێکدا لەچاپخانەی سەلاحەدین لە بەغدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە، کە بەدووەم کتێبی تایبەت بە شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردی لەقەڵەم دەدرێت. لەو کتێبەدا جگە لە سێ ئۆپەرێت، بەرهەمێکی شیعری شانۆیی بەناونیشانی (ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات)ی لەخۆگرتووە و لەچوار بەش پێکهاتووە.

بەم جۆرە شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردی لەلایەن ئەو شاعیر و رۆشنبیرە نوێخوازانەوە وەکو ژانرێکی دیکەی نوێ، لەدایکبوو و هەر لەسەر دەستی ئەوانیش تەکنیك و بنەماکانی چەسپا و گەشەی کردو بووە چەکێك بەدەست ئەوانەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت و پێشخستنی بوارەکانی ژیار و شارستانی کۆمەڵگەی کوردی. لێرەدا دەکرێت ئەو خاڵانە دیاری بکەین کە بوونە هۆکارێك و زەمینەسازییەك بۆ سەرهەڵدان و لەدایکبوونی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا:

---

[1]- جەواد حەمەد بەگ ساڵح، شانۆگەری لە کوردستاندا و چەند تیشکێك، گۆڤاری (رامان)، ژمارە(٣٤)، ساڵی سێیەم، نیسانی ١٩٩٩، ٣٣٢.

**١ـ كاريگەری و كارتێكردنی ئەدەبی رۆژئاوا:** بەهۆی ئەو رووداوانەی كە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەسەر دەوڵەتی عوسمانی داهات، كرانەوە و گەشەكردنێك لەژێر كاریگەریی و كارتێكردنی شارستانییەتی رۆژئاوا رووی لە ناوچەكە كرد. ئەو هزر و بیروبۆچوونانەی رۆژئاوا، كە رۆڵێكی باڵایان گێڕا لەنوێكردنەوەی ئەدەبی توركی، لەهەمانكاتیشدا ئەو بیروبۆچوونە نوێخوازانە لەرێگەی ئەدەبی توركی گەیشتە نێو ئەدەبی كوردی و رۆڵی خۆی بینی لە تازەكردنەوە و بووژاندنەوەی ئەدەبی كوردیدا. ئەو شەپۆڵە لە چەندین كەناڵەوە گەیشتە نێو ئەدەبی كوردی، لەوانە راستەوخۆ لەرێگەی كەلتووری ئەوروپا و زمانە ئەوروپییەكانەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی گەلێك لەو رووناكبیرانەی كورد لە ئەوروپا دەژیان و لەزانكۆكانی ئەو وڵاتانەدا بڕوانامەیان بەدەستهێنا بوو و بەهۆیەوە فێری زمانە ئەوروپییەكان و ئاشنای ئەدەبیات و كلتووری ئەوروپی ببوون، سوودیان لێ وەرگرت و بەهۆیەوە چەندین ژانری نوێی هاتۆتە نێو ئەدەبی كوردیی. هەروەها لەرێگەی ئەو ئەدەبیاتە ئەوروپییەی كە بۆ سەر زمانی توركی وەرگێردرابوو،. كوردیش ئەو ئەدەبیاتەی بە زمانی توركی دەخوێندەوە و بەشێك لەو نووسەرە كوردانەی كە ئەوروپاشیان نەدیبوو، بەڵام لەرێگەی زمانی توركییەوە توانیویانە پەی بە پێشكەوتن و تازەگەرییەكانی ئەدەبی ئەوروپی ببەن[1]. جگە لەمانەش بەشێوازێكی راستەوخۆ لە ئەدەبی توركییەوە ئەو كاریگەرییە گواسترایەوە، بەرێگای ئەو رووناكبیرانە بوو كە لەئەستەمبوڵ دەژیان.لەلایەكی دیكەشەوە بەرێگای ئەو نووسەرانەی، كە بێ ئەوەی ئەستەمبوڵ ببینن زمانی توركییان دەزانی و دوور بەدوور ئەو تازەگەرییەیان پێدەگەیشت [2]. دروستبوونی ئەو پەیوەندییە كەلتوورییە بەهێزە بۆ یەكەمین جار لەمێژووی كورد لەنێوان ئەدەبی كوردی و ئەدەبی رۆژئاوا و ئەدەبی نەتەوەكانی دیكەی كاریگەر بە ئەدەبی رۆژئاوا، بووە هۆكارێك بۆ

[1]- د. فەرهاد پیرباڵ، عەبدولرەحیم رەحمی هەكاری ـ تازەكردنەوەی شیعری كوردی و داهێنانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی كوردیدا،ل ١١٩.

[2]- فەرهاد پیرباڵ، شیعری نوێی كوردی ١٨٩٨-١٩٥٨، چاپ و بڵاوكردنەوەی دەزگای كوردستان، هەولێرـ كوردستانی عێراق ٢٠٠٥، ل ٦٦-٦٧.

نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی، کە بەهۆیەوە کۆمەڵێك تێگەیشتنی هاوچەرخ و بیروڕای نوێ لەدایکبوون و پێویستیان بە ژانر و کەناڵی دیکە هەبوو بۆ گەیاندنیان و دەربڕین لێیان.

**٢- پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی:** پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و رزگاربوون لەکۆت و بەندەکانی کلاسیکییەت و هەنگاونان بەرەو فۆرم و ناوەرۆکی نوێ و سەردەمیانە، بەدەوری خۆی کاریگەرییەکی باڵای لەسەرهەڵدان و نەشونماکردنی شیعری شانۆییدا هەبووە. ئەم پرۆسەیەش زیاتر خۆی لە سەرهەڵدانی رێبازە نوێخوازییەکان دەبینییەوە، کەلەو کاتەدا ئەدەبی کوردیش لەژێر کاریگەری تەوژمی ئەو رێبازانەوە پێی نایە قۆناغێکی نوێیەوە. بەتایبەتیش لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، کە ((سەرەتای کۆتایی هاتنی قۆناغێکی تایبەتی بوو لە ئەدەبی کوردیدا، ئەویش قۆناغی کلاسیکی بوو، دوای ئەویش ڕێبازی رۆمانسیزم سەرهەڵدەدات )) [1] و پرۆسەی نوێکردنەوە لە ئەدەبی کوردی بەڕێدەکات (( واتا قۆناغی رۆمانتیکی کە لە فۆرم و ناوەرۆکدا خۆی گرتەوەو بەتاقی کردنەوەیەکی سەرکەوتوو تێپەڕی ، کە وەك شۆڕشێك وابوو لەناو جەرگەی ئەدەبی کلاسیکییەوە سەری دەرهێنا بوو)) [2]. بەو واتایەی کە (( دەکرێت نێوان ساڵەکانی ٢٠–٣٠ مەیدانی تاقی کردنەوەی سەرکەوتووانەی ئەم راپەرینە شیعرییە بێت)) [3] .

لەو ماوەیەشدا شاعیران پشتیان لە یاسا و بنەماکانی شیعری کلاسیکی کرد و پەنایان بردەبەر قالب و شێوازی نوێ بۆ دەربڕین لە هەست و نەست و رووداوە و راستییەکان. بەمەش شیعری شانۆیی وەکو پێویستییەك هاتەئاراوە، چونکە سروشتی تازەگەرییەکە وای خواستووە شاعیر زیاتر لە رۆحی سەردەم نزیك بێتەوە و دەستکراوەتر بێت بۆ دەربڕینی هەست و سۆزەکانی خۆی. لەم پێناوەشدا پەنای

---

[1]- ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، قۆناغی پێش رۆمانسیزمی شیعری کوردی (١٨٥١-١٩٢١) چاپخانەی رۆشنبیری ، هەولێرـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٦، ل٧٧.

[2]- خورشید رەشید ئەحمەد، رێبازی رۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا، مطبعة الجاحظ، بەغدا ١٩٨٩، ل٥٧.

[3]- حەمە حەمەئەمین قادر( کاکەی فەللاح)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حیسام، بەغدا ـ عێراق ١٩٨٠. ل٣٠.

بۆ بەکارهێنانی چەندین شێوازی هونەری دیکە بردووە، کە بووەتە هۆکاری دەوڵەمەندکردنی ئەدەبەکەی. ئەم جۆرە شیعرە نوێیە ڕێگەی خۆشکرد بۆ نووسینی دەقی شانۆیی و دەقی شیعری شانۆیی و هەر ئەو شاعیرە نوێخوازنەش ڕۆڵیان لە نووسینانیدا گێڕا.

**٣. وشیاری و ڕۆشنبیریی خودیی شاعیرەکان:** ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە وەکو شێخ نوری شێخ سالح و مەحموود جەودەت و گۆران و پیرەمێرد ... هتد ، منەوەری سەردەمی خۆیان بوون و خۆیان وەکو کەسانێکی بەرپرسیار زانیوە بەرامبەر بە میللەتەکەیان و هەروەسا بەهۆی خوێندنەوەو شارەزابوون لە کلتوور و ڕۆشنبیری میللەتانی دیکە، درکیان بەو کەلێن و بۆشاییانە کردووە، کە لەرووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی ئەو دەمدا هەبووە، بۆیە بەگیانێکی بەرپرسەوە لەتەك شیعردا، ژانری دیکەشیان تاقیکردۆتەوە بۆ دەستنیشانکردنی کەموکورییەکانی ڕەوشەکە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو شاعیرانە لەپلەیەکی باڵای وشیاری دابوونە، (( چونکە ئەگەر تازەکردنەوە لەشیعر لە سادەترین مانایدا واتای دەرچوون لەچوارچێوەی شیعری باو وگەڕان بەدوای چوارچێوەی نوێ بگەیەنێت، کە وەڵامدانەوەیەك بۆ مەرجەکانی پێشکەوتن و بزووتنەوەی واقیع بێت، ئەمە بەلایەنی کەم بە بوونی هۆشیارییەك دێتەدی کە نەهێڵێت شاعیران بەدوای چوارچێوەی باودا بڕۆن و هانیشان بدات بەسەریدا یاخی ببن و چوارچێوەی نوێ بدۆزنەوە)) [١] . بەو واتایەی شارەزابوون و ڕۆشنبیربوونی ئەو شاعیرانە، بەپلەی یەکەم هۆکارێکی سەرەکی بووە لە ئاراستەکردنی خودییەتی ئەو شاعیرانە بۆ ئاوڕدانەوە لە ئەدەبیاتی گەلانی دیکە و هەوڵدانیان بۆ پێشخستن و دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی کوردی. لەم پێناوەشدا دەستیان بۆ هەموو شێوازەکانی ئەدەبی گەلانی دیکە بردووە و تاقییانکردۆتەوە.

**٤. سەرهەڵدان و گەشەسەندنی هزری نەتەوەیی:** پرۆسەی دەستنیشانکردنی هەستی نەتەوەیی لەلای کورد، پرۆسەیەکی ئاسان نییە، ناتوانین (( لەسەر

---

[١]- سامی مهدي، وعي التجديد والريادة الشعرية في العراق، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ـ العراق ١٩٩٣.ص١٦.

مێژوویەکی دیاریکراو بووەستێن یان ڕووداوێکی مێژوویی دیارکراو بکەینە قۆناغی سەرەتا، یان وەك خاڵی وەرچەرخان بۆ سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی کوردی بەمانا تازەکەی سەیری بکەین، بەڵام ئەگەر چاو بەمێژوودا بخشێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەستکردن بە ئینتیما یان هاجسی کوردی هەر لەزووە لەکوردستان هەبووە)) [1] .

ئەو هەستە سەرەتاییە بەردەوام لەگەشەسەندن دابووە تا لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا بەشێوەیەکی ڕوون و بەرچاو بەدیارکەوتووە. پێچەوانەی میللەتانی دی کە هزرمەندانیان ، سیماکانی بیروباوەڕی نەتەوەییان بۆ دارشتوون، کەچی لای کورد سەرەتای بەرەژانی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردی لە لای هەندێك ئەدیب و شاعیران دەرکەوتووە کە هەمیشە لەرێگای شیعرەکانیانەوە هەستی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەرێتییان لەلایی تاکی کورد دروست کردووە. بەواتایەی ئەو پرۆسەیە(( لەسەرەتادا لەرێگەی شیعرەوە دەستی پێکردووە، شیعر بەدرێژایی چەند سەدەیەك تاکە چاوگەی سەرەکی کولتوور وفیکری کورد بووە)) [2] و مرۆڤی کورد لەرێگەی شیعرەوە، بوونی خۆی وەك بوونێکی جیاواز لەویدکە دەرخستووە.

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا، کورد وەکو نەتەوەیەك هەوڵی بەدیهێنانی ئازادبوونی خۆی داوە. کاتێکیش ئەو هەوڵانەی نەگەیشتوونەتە ئامانج، راپەڕین کوردستانی تەنیوەتەوە. ئەمەش بووەتە هۆکاری ((بەرزبوونەوەی بیری نەتەوایەتی و هۆشیاری و رۆشنبیری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی توێژە رۆشنبیرەکە، بەشە زۆریەکەش شاعیر و نووسەران بوون)) [3]، بۆیە ئاساییە شاعیران وەکو چینێکی هۆشیار و رۆشنبیری کۆمەڵگە ئەو ژیان و خواستانەی میللەتەکەیان لەرێگای ئەدەب دەربڕن و بەمەبەستی

---

[1]- عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، سەرەتاکانی هەستی نەتەوایەتی کورد لە مێژووی نوێدا، و: سەلاح عومەر، دەزگای وەرگێران ، هەولێر- کوردستانی عێراق ٢٠٠٦، ل ٨.

[2]- د. رفیق سابیر، کولتور و ناسیۆنالیزم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی سێیەم ، سلێمانی - کوردستانی عێراق ٢٠٠٨، ل٣٩.

[3]- شەرمین ئیبراهیم عەزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر - کوردستانی عێراق ٢٠٠٦، ل١٤٠.

بەئاگاهێنانەوەو بووژانەوەی هەستی نەتەوەیی و باڵابوونی وشیاری نەتەوەیی لـەلای تاکی کورد بۆ رزگاربوون و سەربەخۆیی پـەنا بـۆ هـەموو شـێوازێکی ئـەدەبی ببـەن. لەوانەش نوێکردنەوەی شیعری کوردی و نووسینی دەقی شانۆ و شـیعری شـانۆیی و چیرۆك ..هتد.

**٥. راپەڕینەکانی کورد:** راپەڕینە یەك لەدوای یەکانی کورد بۆ ئازادی و رزگـاری کاریگەرییـەکی مـەزنی لەسـەر پێگەیانـدن و گەشەسـەندنی ئـەو هـزرە نەتەوەییـەی هەبوو. بەتایبەتیش کە شاعیران و نووسەران لەوان سەردەماندا خۆیـان بەشـدارییان لەو شۆڕش و راپەڕین و جووڵانەوە سیاسیانەدا هەبووە و وەکـو ئـەزموونێکی هـزری نەتەوەییش لە بەرهەمەکانیدا رەنگدانەوەی هـەبووە. هـەر بۆ نموونـە شـێخ نـووری شێخ ساڵحی، کە یەکەم دەقی شیعری شانۆیی داهێناوە و یەکێك بووە لە بەشدارانی راپەڕینەکەی شێخ مەحمودی حەفیدا و سەرپەرشتی رۆژنامـەکانی ئـەو سـەردەمی کردووە و تەنانەت راوێـژکاری شـێخ مـەحمودی حەفیـدیش بـووە. بەهـەمان شـێوە مـەحموود جـەودەتیش کـە لـەرێگای وەرگێڕانەکەیـەوە، ژانرێکـی نـوێ هێنایـە نێـو ئـەدەبی کـوردیی و وەکـو کەسـێکی نیـشتمان پـەروەر و لـەژێر کاریگـەری هـزری ناسیۆنالیستی خزمەتێکی زۆری ئەدەبی کوردی کردووە، بۆیە ئاساییە یەکەم دەقـی شیعری شانۆیی لەژێر کاریگەری هزری نەتەوایەتیـدا نووسـرا بێـت و ناوەرۆکەکەشـی تژی بێت لە بیری نەتەوەیی.

**٦. بزووتنەوەی وەرگێڕان:** وەرگێـران کاریگـەری هـەبووە لەسـەر نوێکردنـەوەی ئەدەبی کوردی و ئاشنابوون بە ئەدەبیاتی جیهانی و هەروەها ناسـینی ژانـری نـوێی ئەدەبی. ئەگەر چی ئەم بزووتنەوەیە لەو سەردەمدا زۆر لەسەرەتادا بووبێت و زیـاتر لـە رۆژنامەکانـدا بابەتـە وەرگێردراوەکـان بڵاوکرابێتـەوە، لـێ کاریگـەرییان لەسـەر رەوشی ئەدەبی جێهێشتووە، چونکە لەوکاتەنەدا وەرگێڕان کەناڵێکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخ بووە بۆ ناسین و شارەزا بوون لە ئەدەبیاتی رۆژئاوا، بەتایبەتیش لەلایەن ئـەو نووسەر و شاعیرانەی کە لەخودی ئەوروپا بوون و پاش زانینی زمانە ئەوروپییـەکان، بابەت و وتاریان لەم بارەیەوە بڵاودەکردەوە. یاخود ئەو نووسەرو و شـاعیرانەی کـە لـە کوردسـتانیش بـوون بـەهۆی زانینـی زمـانی ئـەورووپی و زمـانی نەتـەوە

دراوسێیەکانەوە، بەهۆی وەرگێڕانەوە ڕۆشناییان دەخستە سەر ئەزموونی ئەدەبی ئەو نەتەوانە و بەهۆیەوە سوودێکی گەورەیان بە ئەدەبی کوردی گەیاند و بوونە پردێك بۆ گەیاندنی هزر وشارستانییەت و ئەدەبی نەتەوەکان. بەتایبەتیش ئەدەبی ئەوروپی بۆ نێو ئەدەبی کوردی.

لەم چوارچێوەیەدا هونەری شیعری شانۆیی ڕاستەوخۆ لەڕێگای وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی ئەوروپییەوە دێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، واتە پێچەوانەی ژانرەکانی دیکەی وەکو شیعر، کە لەژێر کاریگەری ئەدەبی دراوسێدا بووە، بەڵکو لەڕێگای وەرگێڕانی دەقێکی ئۆپەرێت لەفەرەنسییەوە بۆ کوردی ، کورد بۆ یەکەمجار ئاشنای شیعری شانۆیی دەبێت.

٧. **ڕۆژنامەگەری کوردی**: سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕۆژنامەنووسی کوردی، کە بە دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لەلایەن جەلادەت مدحت بەدرخانەوە دەستی پێکرد، ڕێخۆشکەر بوو بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوونە نوێیەکان و ڕۆشنبیرکردنی خەڵك و هەروەها ڕێکخستنەوەی بیرو بەگەڕخستنەوەی توانا ژیرییەکانی تاکی کورد[١].

ڕۆژنامەگەری کوردی، ئەدەبی کوردی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتوو گواستۆتەوە و جیهانی خستۆتە بەردەم تاکی کوردییەوە. بەهۆیەوەش نووسەر و شاعیرانی کورد توانیویانە ئاگاداری کارو چالاکییەکانی یەکدی ببن و هەروەها لەسەر ڕووی لاپەڕەکانیدا، چەندین بیروبۆچوونی تازە و تێگەیشتنی هاوچەرخ لەنێو کۆمەڵگەی کوردی بڵاوبکەنەوە. ڕۆژنامەنووسی کوردی بەمنداڵدانی ژانرە ئەدەبی و شیعرییە تازەکان لەقەڵەم دەدرێ، چونکە لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا تەنیا بیروڕای نەتەوەیی تێدا دەرنەبڕاوە، بەڵکو چەندین فۆرم و ژانرو تەکنیك و شێوازی تازەیان هێنایە ئارا، لەوانەش (وتار، چیرۆك، شانۆنامە، ڕەخنە، پەخشانەشیعر، ڕۆمان و نۆڤلێت..هتد). هەروەها زۆربەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەش لەلایەن شاعیرانی کوردەوە سەرپەرشتی دەکران و بەڕێوەدەبران. جیا لەمەش

---

١- ئەحمەد قەرەنی، شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا، ل ٩٧.

ڕۆژنامەگەری تاکە کەناڵێك بوو بۆ بڵاوکردنەوەی شیعر و چیرۆك و شانۆ و شاعیران کە پێشتر بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیان سنوورێکی کەمی بڕدەکرد و تەنانەت هەندێکیان لەبەر ئەوەی دەستنووس بوونە فەوتاون، کەچی بەهۆی ڕۆژنامەوە بەرهەمەکانیان لە سنوورێکی بەرفراوان بڵاودەبووەو لەهەمانکاتیشدا لەمەترسی ونبوون و فەوتانیش ڕزگاری دەبوو و لەنێو لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا وەکو ئەرشیفێك دەپارێزرا.

شیعری شانۆیی وەکو هونەرێکی سەردەم ، لەرێگای ڕۆژنامەوە وەکو ژانرێك دەناسرێت و هەر لەسەر رووبەری ڕۆژنامەش لەرێگای وەرگێڕانی دەقێکی ئۆپەرێتی فەرنسی، لەلایەن وەرگێڕەکەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ شاعیران دەکرێت بۆ ئەوەی خەمێك لەو هونەرە نوێیە بخۆن و ئۆپەرێتەکە بەشیعر بهۆننەوە. دیارە شاعیرێکی نوێخوازی وەکو شێخ نوری شێخ ساڵح بەدەنگ ئەم بانگەوازەوە دەچێت و ئەم ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت.

**٨. چاپەمەنی و دامەزراندنی چاپخانە:** بزوتنەوەی چاپەمەنی و دامەزراندنی چاپخانە، فاکتەرێکی گرنگ بووە لەپرۆسەی پێشکەوتن و گەشەسەندن و نەشونماکردنی ژێرخانی ڕۆشنبیری. ئەو چاپخانانە کە ڕۆشنبیر و نووسەران کاریان تێدا کردووە و بەرێوەیان بردووە، دەستپێکێکی تۆکمەیان بۆ وەشاندنی ڕۆشنبیری و فراوانکردنی پێگەی خوێندەواری لە کوردستاندا دامەزراندووە.

بەگەیشتنی چاپخانە بۆ کوردستان، ئەدەبی کوردی گۆڕانکارییەکی مەزنی بەخۆیەوە دی، چونکە ((گرنگی چاپخانەکان و پەیوەست بوونیان بە مەسەلەی ئەدەب و تازەگەری لەشیعردا، لەوەسەرچاوە دەگرێت کە ئەم چاپخانە کوردییانە و چەند چاپخانەیەکی ناکوردی بوونە ناوەندێك بۆ بڵاوکردنەوەی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی کە تیایاندا بایەخێکی ئەوتۆ بە مەسەلەی شیعر و تازەگەری دراوەو دەکریَ لەوێوە ڕەگە سەرەتاییەکانی تازەکردنەوە بەپێی ڕێرەوی مێژوویی دەست نیشان بکەین))[1] . بەهۆی بوونی چاپخانە لەو سەردەمدا شیعری شانۆیی بەئاسانی

[1]- یادگار ڕەسوڵ بالەکی ، سیماکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی (١٨٩٨-١٩٣٢)دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك ـ کوردستانی عێراق ٢٠٠٥ ،ل ٣٧.

لە رۆژنامەکاندا بڵاودەکرێتەوەو بوونی خۆی دەسەلمێنێ. هەروەها بەهۆی چاپخانەی (بلدیەی سلێمانی) یەکەم شیعری شانۆیی کوردی لەشێوەی ئۆپەرێت لە دوو توێی نامیلکەیەکدا رۆشنایی دەبینێت.

**٩ـ دامەزراندنی قوتابخانە و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری:** ئەو بارودۆخەی کوردستان پێیدا تێپەڕیووە، بواری ئەوەی نەڕخساندووە خوێندن و خوێندەواری بەشێوەی فەرمی و لەچوارچێوەی قوتابخانەی مۆدێرنەوە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بڵاوببێتەوە، بەتایبەتیش داگیرکەرانی کوردستان حەزیان لەوە نەبووە کورد خوێندەوار بێت و پێشبکەوێت.

هۆکارەکانی دواکەوتنی کردنەوەی قوتابخانەی فەرمی لەکوردستانیشدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە عوسمانییەکان زۆرتر گرنگییان بە پایتەخت دەدا (( زۆربەی دەست کەوت و شتە نوێیەکان سەرەتا لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی دا دەبینران، دواتر پەیتا پەیتا بەگوێرەی دووری و نزیکی و هەندێ جار کاریگەریی هەندێ کەسایەتی دیاریش، دەگەیشتە ویلایەتەکان و ناوچەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی)) [١] .

بەمشێوەیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشدا زیاتر لە (٣٠) قوتابخانە لە شارەکانی سەر بەویلایەتی موسڵ، کە کوردستانی عیراق دەگرێتەوە، هەبووە[٢] . ئەم قوتابخانانە جیا لەبڵاوبوونەوەی خوێندەواری، ئەرکی رۆشنبیرکردنی تاکی کوردیشیان لەئەستۆ گرتبوو، و بوونە دەروازەیەك بۆ فراوانکردنی هۆشی تاکی کورد و هەستی نەتەوایەتی لای قوتابییەکان.لەهەمان کاتیشدا بەیەکێك لە مەڵبەندەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بزووتنەوەی شانۆی کوردی دێتە ژماردن. لە نێو هۆڵ و پۆلەکانی ئەو قوتابخانانەشدا شانۆگەری کوردیی تروسکایی بینی و مامۆستا و قوتابیانی ئەو قوتابخانانە بوونە ئەکتەر و دیکۆرساز و دەرهێنەر ...هتد. هەروەها بەهۆی نمایش کردنی ئەو شانۆگەرییانەوەش، خەڵکانێکی زۆری نێو شارەکان بۆ بینینیان لەهامشۆکردنی ئەو قوتابخانانەدا بوونە. گەلێك لە شاعیرانیش

---

١- د.محەمەد عەبدوڵلا کاکەسور، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عیراقدا(١٩٢١-١٩٥٣)،چاپخانەی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤ ـ کوردستانی عێراق ، ل١١.

٢- یادگار رەسوڵ بالەکی ، سیماکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی (١٨٩٨-١٩٣٢). ل ٤٢.

بـەداوالێکردنی مامۆسـتا و قوتابییەکانـەوە دەقـی شـانۆییان نووسـیووەو خۆشـیان لەتەك قوتابی و مامۆستاکاندا بەشـدارییان لـە نواندنیـدا کـردووە، هـەروەکو (شـێخ نوری شێخ ساڵح) لەسەر داواکاری مامۆستایانی قوتابخانەی کچانی سلێمانی، دووەم دەقی شیعری شانۆیی خۆی بەناوی (دایك) نووسیوە. ئەمـەش هۆکارێـك و هانـدانێك بـووە بـۆ شـاعیران تـا زیـاتر دەقـی شـانۆیی و ئۆپـەرێت بنووسـن، کـە دواتـر ئـەو هەوڵانەیان بووە هۆکاری بڵاوبوونەوە و چەسپاندنی شیعری شـانۆیی لـەنێو ئـەدەبی کوردیدا.

**١٠ـ دامەزرانـدنی کۆمەڵـەو سـەنتەرە رۆشـنبیرییەکان:** لەسـەرەتای سـەدەی بیـستەمدا چـەندین کۆمەڵـەو رێکخـراوی رۆشـنبیری و سیاسـی و پیـشەیی کـوردی دامـەزران. کـە لەتـەك هۆکارەکـانی دیکـەدا کاریگـەرییان لەسـەر ئـەو گۆڕانکارییانـە هـەبوو، کـە بەسـەر کۆمەڵگـەی کوردیـدا داهـات. ئـەو کۆمەڵـە رۆشـنبیرییانە بوونـە پێگەیـەك بـۆ پتـەوکردنی بناغـەی رۆشـنبیری کـوردی و بڵاوکردنـەوەی هـزری پێشکەوتووخواز. ئامـانجی ئـەو کۆمەڵـە رۆشـنبیرییانە زیـاتر خـۆی لـە نەهێشتنی نەخوێندەواری و وەشاندنی هزری رۆشنبیری دەبینییەوە. لەم پێناوەشدا بەشێك لەو کۆمەڵانە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان زانیـوە قوتابخانـە بکەنـەوە، وەکـو کردنـەوەی قوتابخانـەی زانـستی لەلایـەن (کۆمەڵـەی زانـستی کـوردان) لـە سـلێمانی لەسـاڵی (١٩٢٦).

سەرەڕای ئەمانەش هەندێکی دیکە لەو کۆمەڵانە تیپی شانۆییان دامەزراندووە بۆ ئەوەی پەرە بە بزووتنەوەی شانۆی کوردی بدەن، وەکو (کۆمەڵەی لاوانی کـورد) کە لەساڵی (١٩٢١) لەهەولێر دامەزرابوو و (شانۆگەری سەلاحەدین)یان پێشکەشکرد. سیمایەکی دیاری ئەو کۆمەڵانەش لەوەدابوو، کە زۆر لە ئەندامەکانیان شاعیر بوون و بەمەش توانییان کۆمەڵەکانیان بکەنـە مینبـەرێك بـۆ ئـەوەی زیـاتر رۆشـنبیرانی ئـەو سەردەمە روویان تێبکەن و بەیەکەوە بتوانن خزمەت بـە کـەلتوور و ئـەدەبی کـوردی بکەن. بۆ ئەمەبەستەش یەکێك لە ئامانجەکانیان دەرکردنی گۆڤـار و رۆژنامـە بـووە، کە زیاتر شـاعیران خۆیـان سەرپەرشـتییان دەکـردن و بـەڕێوەیان دەبـردن و لەسـەر لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارو رۆژنامانـەش وێڕای بایەخـدان بـەهزری نەتـەوەیی، چـەندین

ژانری نوێ هێنرایە نێو ئەدەبی کوردی و بەهۆیەوەش ڕۆڵێکی ئەرێنییان لە پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا بینی[1].

بەمشێوەیە شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردی، لەچارەیەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا و لەسەر دەستی شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، هاوکات لەگەڵ پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، شیعری شانۆییش وەکو پێویستییەکی سەردەم لەدایك دەبێت، ئەو سەرهەڵدانەی شیعری شانۆیی لەمێژووی ئەدەب و هونەری کوردیدا ، لەیەك کاتدا، لەرووی دەق و لەرووی نواندنەوەش بووە، بەجۆرێك هەر خودی ئەو شاعیرانەی دەقەکانیان بەرهەمهێناوە، بوونەتە ئەکتەر ولەسەر تەختی شانۆش ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە و بوونەتە دەرهێنەر و ئاواز دانەری ئۆپەرێتەکانیش. لەم سۆنگەشەوە شیعری شانۆیی بەبەراورد لەگەڵ چەمکە ئەوروپییەکەی، هونەرێکی تازەیە و بەهۆی کاریگەری تەوژمی ئەدەبیاتی ئەوروپی هاتۆتە نێو ئەدەبی کوردییەوە، بۆیە ناکرێت بەهەمان شێوەی مێژووی شیعری شانۆیی ئەوروپی پۆلین و قۆناغبەند بکرێت، چونکە ئەو کاتانەی کە شیعری شانۆیی بەشێوەی کلاسیکی لە ئەوروپا پێشکەش دەکرا، کوردستان خەریکی ڕێوەڕسمی بووکە بارانە و کۆتەڵ و داب نەریتی کۆمەڵایەتی خۆی بووە کە دواتر ئەم ڕێوڕەسمانە ڕۆڵیان لە سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی کوردیدا بینیووە، لەم چوارچێوەیەشدا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کاتێك شانۆ وەکو ژانرێك دێتە نێو ئەدەبی کوردی، شیعری شانۆییش زەمینەی بۆ ساز دەبێ و ڕێگا بۆ سەرهەڵدانە هونەرییەکەی خۆش دەبێت. ئەمە لەکاتێکدا شیعری شانۆیی ئەوروپی چەندین قۆناغی وەکو کلاسیزم و ڕۆمانسیزم و ریالیزم و....هتد و هەروەها چەندین شێوە و لق وپۆپی لێبۆتەوە وەکو ئۆپێراو ئۆپەرێت. کەچی لەچارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کورد تازە چاوی بەو ژانرە نوێیانە شاد دەبێت وهەوڵدەدات لەنێو ژیاری شارستانییەتی خۆیدا پەرەی پێبدات. لەبەر ڕۆشنایی ئەو واقیعەدا، دەبێ بەگوێرەی چۆنییەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی شیعری شانۆیی بەپێی هەلکەوتی بارودۆخەکە

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٣١-٣٢.

لەمێـژووی ئـەدەبی کوردیـدا، وێـستگەو قۆناغـەکانی دەستنیـشان بکـەین. لەسـەر بنچینەی ئەو راستیانەش، مێژووی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا بەسـەر چـوار قۆناغی سەرەکی دابەش دەکەین:

**١. قۆناغی یەکەم، لەکۆنەوە تا ساڵی (١٩٢٥)**: کە هەموو ئەو ئەفسانەو داستان و بیروبـاوەری ئـایینی و داب و نـەریتی کـوردەواری و بەرهـەمی فۆلکلـۆری کـوردی دەگرێتەوە، کە خۆڕسکانە رەگەزو بنەما سـەرەتاکانی شیعری شـانۆیی تێـدا بـەدی دەکرێن. ئەو رەگەزو بنەمایە سەرەتایانە دواتر دەبنە هەوێنی لـەدایکبوونی چـەندین شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا.

**٢ـ قۆنـاغی دووەم، لەساڵی (١٩٢٥) ەوەتـا سـاڵی (١٩٦١)**: کـە دەتـوانین بـە قۆناغی(سەرهەڵدان و لەدایکبوون) ناو بنـێین، ئـەو قۆناغـە لەسـەرهەڵدانی هونـەریی شیعری شانۆیی، کە بەدەقی (ئینتیباه)ی شێخ نوری شێخ ساڵح دەست پێـدەکات و بـە بەرهەمـەکانی عەبـدولرەزاق بیمـار لەسـاڵی (١٩٦١) کۆتـایی پێـدێت، کەئەمـەش سنووری لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە.

**٣ـ قۆنـاغی سێیەم، لەساڵی (١٩٦١) ەوە تـا سـاڵی (١٩٩١)**: کـە بـە قۆنـاغی (گەشەکردن و نەشونماکردنی شـیعری شـانۆیی) دەناسـرێت. لـەو قۆناغـەدا شـیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا پێنگاڤێکی گـەورەی هاوێـشت و گەشـەی کـرد و لەلایـەن شـاعیرانەوە چـەندین دەقـی شـیعری شـانۆیی نووسـراون، بۆنموونـە هـەردوو دەقـی (کـــاوەی ئاســـنگەر) و (ئاســـکە)ی شـــێرکۆ بێکـــەس و (ئەفـــسانەی زەریـــە سەرکێشەکانی)ی کەریم دەشـتی[1] . (سـوار و کچەمیر)ی عـەلی فـەتاح دزەیـی [2] و ...هتـد. هـەروەها ئۆپـەرێتیش وەکـو فـۆرمێکی شـیعری شـانۆیی لـەو قۆناغـدا گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیـەوە بینـی، بەتایبـەتیش لـەدوای بەیاننامـەی (١١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠)، کـە چـالاکی قوتابخانـەکان دامـەزران و چـەندین ئۆپـەرێتیان

---

[1]- کەریم دەشتی ، ئەفسانەی زەریە سەرکێشەکان، درامایەکی شیعرییە، گۆڤاری (کاروان) ، ژمارە(٦٨) ئەیلوولی (١٩٨٨)، ساڵی هەشتەم ، ل ١٠٣-١١٣.

[2]- عەلی فەتاح دەزیی ، سوار و کچەمیر، هۆنراوەیەکی شانۆگەرییە، گۆڤاری (کاروان) ، ژمارە(٣٣) حوزەیرانی (١٩٨٥)، ساڵی سێیەم، ل ٧٤-٧٨.

نمایش کرد. هەر لەو چوارچێوەیەدا ئۆپەرێتی منداڵانیش نەشونمای کردو لەسنووری چالاکی قوتابخانەی پەروەردەکانەوە بایەخێکی زۆریان پێدا.

٤. **قۆناغی چوارەم، لەساڵی (١٩٩١) ەوە تاوەکو ئێستا:** دەتوانین ئەو قۆناغە بە قۆناغێکی کزو خامۆش ناو ببەین، بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەسەر کوردستاندا هات و هاوکات لەگەڵ ئەو کێشانەی کە رووبەرووی بزوتنەوەی شانۆیی لەکوردستان بووەوە، بەهەمان شێوەش شیعری شانۆیی رووی لە کزی و لاوازی کردو زیاتر لەنێو سنووری چالاکی قوتابخانەکاندا و لەفۆرمی ئۆپەرێتی منداڵاندا قەتیس بوو. وەنەبێ تەنیا شیعری شانۆیی کوردی لەو کات و سەردەمەدا خامۆش و کز بووبێت، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی شیعری شانۆیی بەهۆی رووکارەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی ئامێرەکانی راگەیاندن لە رادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و بوونی پرۆسەی جیهانگەرایی و سەردەمی زانیارییە ژمارەییەکان، بەهەمان کێشەدا تێپەڕ دەبێت.

# تەوەری سێیەم
# فۆرمەکانی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا

میللەتی کورد هەروەکو میللەتانی دیکە، خاوەنی ئەفسانەو داستان و حیکایەت و داب و نەریتی تایبەت خۆیەتی. ئەو داب و نەریتانە رەنگدانەوەی هزر و ژیاری مرۆڤی کوردن. لەو نەریتانەدا چەندین توخم و بنەمای سەرەکی فۆرمەکانی شیعری شانۆیی لە ئۆپێرا و ئۆپەرێت بەدی دەکرێن، کە خۆرسکانە میللەتی کورد بەکاریهێناوە، کەخۆی لەچوارچێوەی دەقێکی شیعری و ئاواز و گۆرانی و هەڵپەرکێ و سەمادا دەبینێتەوە، بەلام هەموو ئەو بنەمایانە نەبوونەتە هۆکارێك بۆ هێنانەکایەوەی ئۆپێرا و ئۆپەرێت، بەڵکو هەر لە چوارچێوەی چالاکییە میللییەکاندا ماونەتەوە و لەو سنوورە تێنەپەڕیوە. بۆیە سەرهەڵدانی هونەری ئۆپێرا و ئۆپەرێت وەکو دوو شێوەی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوریدا تا سەرەتای سەدەی بیستەم دواکەوتووە، ئەمەش گەلێك هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، لەوانە:

١ـ سیستەمی کۆمەلایەتیی کۆمەڵگای کوردی سیستەمێکی داخراو بووە. جۆرە رێوشوێنێکی تایبەتی رۆژهەلاتییانەی هەبووە، کە بوونی ئەو جۆرە نمایشانەی ئۆپێرا و ئۆپەرێت قبوڵ ناکەن . بەمەش دەرفەتی سەرهەڵدانیان لەنێو بۆتەی ئەو جۆرە سیستەمە زۆر لاواز بووە، بەو پێیەی کە ریتمی ژیانیان سادەو ساکار بووە و سروشتێکی سەختی ئیشکردنی بەخۆیەوە بینیوەو دەرفەتی پشوودان و خۆشگوزەرانیان بۆ نەلواوە، تاوەکو ئەو هونەرانە بهێتە ناسین و دەرفەتی سەرهەڵدانیان برەخسێت. لەکاتێکدا لە ئەوروپا هەر لەزووەوە پێکهاتەی سیستەمی کۆمەلایەتییان دەرفەتی سەرهەڵدان و نەشونماکردنی ئەو جۆرە هونەرانەی رەخساندووە.

٢ـ مۆسیقای کوردی بەو شێوەیە پێشکەوتوو نەبووە، تاوەکو لەتەك دەقی شیعریدا بەشداری بکات و زەمینەسازییەك بۆ سەرهەڵدانی ئۆپێرا و ئۆپەرێت دروست بکات. زۆربەی هەڵپەرکێ و سەماکردن و کات بەسەربردنەکان بە چەند ئامێرێکی

مۆسیقی دیاریکراو ئەنجامدراوە، لەوانە دەهۆڵ وزورنا و شمشاڵ و بلوێر و...هتد. بۆیە تا سەردەمانێکی زووش مۆسیقای کوردی لەبواری داناندا نەبووە و رۆشنبیری مۆسیقایی خوێندنیان باو نەبووە و مۆسیقازانی ورد وزاناش هەڵنەکەوتووە[1]، بەڵکو لەبزاڤی مۆسیقا لەسەرەتایەکی زۆر بچووکدا بووە و نەتوانراوە بگاتە ئەو ئاستە و تا ئێستاش هونەری مۆسیقای کوردی لە پاشکۆی گۆرانییە و گۆرانیبێژ دێت و مۆسیقای لەدواوە لێ دەدەن[2].

٣ـ هونەری ئۆپێرا، هونەرێکی بالآیەو پێویستی بە گۆرانیبێژی ئۆپێرالییە، کە لەنێو کوردا نەبووە. جیا لەوەی پیشەی گۆرانی گوتن لەنێو کوردا تا سەردەمانێك بە چاوێکی نزم سەیرکراوە و پیشەیەك بووە زیاتر ئارەزوومەندانە بووە، نەك پیشەیەك بێت بەهۆیەوە ژیانی گۆرانی بێژەکە دابین بکات. بۆیە دەبینین لە دیوەخانەکاندا لاوك و حەیران هەبووەو کەسانێك بەگوێرەی دەنگ خۆشی و ئارەزوومەندییەوە بەمەبەستی کات بەسەربردن، لاوك و حەیرانیان گوتووە. لەبەر ئەوە گۆرانی گوتن زۆر لەسەرەخۆ و بەپێی ئارەزووی کەسایەتییەوە گەشەی کردووە. لەو گەشەکردنەشیدا نەگەیشتۆتە ئاستێکی وا، کە بە گۆرانی بێژی ئۆپێرالی بناسرێت.

٤ـ ئۆپێرا و ئۆپەرێت ، پێویستیان بە هونەرێکی بالآی دانس هەبووە، کە هەرچەندە هەڵپەرکێ رەشبەڵەك لەنێو کوردا هەبووە، بەڵام هەر لەچوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەدا ماوەتەوە و گەشەی نەکردووە تا ببێتە هونەرێکی سەماکاری. لەبەر ئەوەی پێکهاتەی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەو جۆرە هونەرە قبوڵ ناکات[3].

٥ـ نووسەرو شاعیرەکانی کورد، هەر لەبنچینەدا نووسەرێکی پیشەمەندی تایبەت بە بواری نووسینی شانۆ، واتە درامانووس نەبوونە، بەڵکو وەکو چینێکی دەستەبژێر

[1]- کەمال رەئووف محەمەد ، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٠، ل ٥٤٢.

[2]- چاوپێکەوتن لەگەل ئەحمەد سالآر ، لە رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان، کاتژمێر (١٠)ی سەرەلەبەیانی رێککەوتی (٢٠٠٩\١٢\٣١).

[3]- هەمان سەرچاوە.

و خوێنـدەوار ورۆشـنبیر لـە ئـەنجامی هەسـتکردن بـە پێویـستی بـوونی ئـەو جـۆرە هونەرانە لەنێو ئەدەبی کوردیدا وەکو پێداویستییەکی سەردەمیانە و بەپێی ئەزموون و شارەزایی و لێهاتوویی خۆیان، ئەسپی خۆیان لەم بوارەدا تاو داوە.

٦ـ بەو پێیەی ئۆپێرا و ئۆپەرێت بەشێکن لە شانۆی مۆسیقا ئامێز، بۆیە درەنگ سەرهەڵدانی ئۆپێرا و ئۆپەرێت پەیوەستە بەدرەنگ سەرهەڵدانی بزوتنـەوەی شـانۆی کوردییەوە، چونکە نووسینی دەقی شـانۆیی بـۆ ئەوەیـە نمـایش بکرێـت. کـاتێکیش نمایـشکردن نـەبێت، ئیـدی هانـدەرێك نامێنێتـەوە تـا نووسـەران و شـاعیران دەقـی شیعری شانۆیی بەرهەم بهێنن.

٧ـ شیعری شانۆیی بە هەردوو فۆرمەکەیـەوە ئـۆپێرا وئۆپـەرێت بەرهـەمی ژیـانی شارن. لەکوردستانیـشدا شـارمان بەشـێوەیە نـەبووە، ئـەو شـارانەی کـە هەشـبوونە هەموو سیما و خەسڵەتەکانی شاریان تێدا بەدی نەکراوە و بۆ نموونە هـۆڵی شـانۆیی تێدا نەبووە و تەنانەت ئێستاش هۆڵێکی تایبەتی شانۆییمان نەبووە، نەك ئەوسا.

لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە، سەرهەڵدان و لەدایکبوونی ئۆپێرا و ئۆپـەرێت لـە ئەدەبی کوردیدا ماوەیەکی زۆری پێویـست بـوو. تـا زەمینـەی بـۆ بێتـە سـازکردن و کەرەسـتەکانی دەسـتەبەر بکـرێن و بـاری کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و سیاسـی و رۆشنبیری گونجاو ببێت، تا بەو شێوە هونەرییەی کە لـە ئـەوروپا سـەریهەڵدا، لـەناو ئەدەبی کوردیشدا بێتە کایەوە. بێگومـان سـەرهەڵدان و لـەدایکبوونی هـەر هونـەرێك پەیوەستە بە بارێکی شارستانی دیاریکراوەوە. ئەو بارە شارسـتانییە دیـاریکراوەش هەمیـشە لـەو کاتـەدا دێتـە کایـەوە کـە بزووتنەوەیـەکی گۆڕانکـاری لـەخۆ بگرێـت و هـەنگاو بەهـەنگاو بـەرەو پێـشەوە بـڕوات و لەگـەڵ خۆیـدا پێکهاتـەی سیـستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و کـارگێڕی هەڵتـەکێنێت و لەجێگایـدا پێکهاتەیـەکی تەواو جیاواز بهێنێتەکایەوە، کە کاریگەریی لەسـەر پێکهاتـە و جـۆری بیرکردنـەوەی لەلای تاکەکان دروست بکات. دیارە سـەرەتای سـەدەی بیـستەم کۆمـەڵگای کـوردی لەنێو دۆخێکی گۆڕانکارییدا رۆژگاری تێپـەڕ دەکـرد و بەهۆیـەوە بـارێکی شارسـتانی ئەوتۆ هاتەکایەوە، کە پێویستی بە گەلێك هۆکاری دەربرینی نـوێ هـەبوو، لەوانـەش ئۆپێرا و ئۆپەرێت.

**ئۆپێرا:**

یەکەم هەوڵی نووسینی دەقی ئۆپێرا لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٥٩)، کاتێك گۆرانی شاعیر ئۆپێرای (**ئەنجامی ئەژدەهاك**)ی نووسی. مەبەست لە هەوڵی نووسینی دەقی ئەو ئۆپێرایە پەیوەست بوو بە بۆنەی جەژنی نەورۆزی ئەو ساڵەدا تا لەو رۆژەدا پێشکەش بکرێت. گۆران لەو کارەشدا لەگەڵ هونەرمەند و گۆرانیبێژ (**قادر دیلان**) رێککەوتووە، بۆ ئەوەی ئاواز بۆ دەقی شیعرەکە دابنێت و وەکو ئەکتەرێکیش بەشداری لە نواندنیدا بکات و دەقی شیعرەکە بە گۆرانی بڵێتەوە. گۆران خۆی باسی ئەمە دەکات و دەڵێت : (( یەك دوو هەفتە پێش جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ (١٩٥٩) لەگەڵ هونەرمەندی بەهرەدار کاك قادر دیلان بڕیارمان دا کە پێکەوە تەقەلا بدەین بۆ بەرهەمهێنانی پارچەیەکی هونەری بۆ ئەوەی لە جەژنی باسکراودا پێشکەشی گەلی شارە خۆشەویستەکەمانی بکەین. بەری تەقەلای من لەم پێناوەدا بیرکردنەوە بوو لە دانانی ئۆپێرایەك کە ئەمەی لای خوارەوە یەکەم پەردەیەتی)) [1] . گۆران یەکەم شاعیری کوردە بیری لە داهێنانی ئۆپێرا لە ئەدەبی کوردی کردبێتەوە و هەوڵ و تەقەلای نووسینی دابێت. هەورەها قادر دیلانیش بەیەکەم هونەرمەند وگۆرانیبێژ لەقەڵەم دەدرێت، کە بیری لە نواندن و ئاوازدانان و گوتنی گۆرانیی بە شێوەی ئۆپێرالی کردبێتەوە.

ئەو شاعیرە و هونەرمەندە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی مەبەستەکەیان، بەرنامەی کاری خۆیان دانابوو. گۆران بەمشێوەیە بەرنامەی کارکردنی یەکەم ئۆپێرای کوردی دەگێڕێتەوە: ((لەبەر کەم وکوڕیی ئەو کاتەی بەدەستمانەوە بوو، بڕیارمان دابوو کە ئەو بۆ ئەو پەردەیە دەست بکات بە دانانی ئاواز و پڕاوەکردن لەگەڵ تیپی ئاوازە و تیپی تەمسیل تا من لە دانانی پەردەی دووەم ئەبمەوە، و بەم جۆرە بڕۆین تا ئۆپێراکە ئەگاتە ئەنجام)) [2] .

بەمشێوەیە گۆران ئەو بەڵێنەی کە دابووی بردۆتە سەر و یەکەم پەردەی لە ئۆپێرایەکەی تەواوکردووە، بەڵام هونەرمەند قادر دیلان بەڵێنەکەی جێبەجێ

---

[1]- دیوانی گۆران . ل ٢٦٢.

[2]- هەمان سەرچاوە ، ل٢٦٢.

نـەكردووە. گـۆران دەڵێـت: (( بـەڵام داخەكـەم كـاك قـادر بـۆی نـەكرا بەڵێنەكـەی بێنێتەجێ . ئەمە بوو بەهۆی ساردبوونەوەی منیش، وە بەم رەنگە دەستم لە پرۆژە هەڵگرت)) [1] . دیارە گۆران بەداخ و حەسرەتەوە دەسـتی لـەو پرۆژەیـەی خـۆی كـە بریتییە لە بەرهەمهێنانی یەكەم دەقی ئۆپێرای كوردی هەڵدەگرێت. ئەمـەش بـەهۆی ئەوەی هونەرمەند قادر دیلان بەڵێنەكەی بەجێنەهێناوە.

ئـەوەی لێـرەدا تێبینـی دەكرێـت ئەوەیـە گـۆران هۆكـاری تـەواو نـەبوونی پرۆژەكەی روونكردۆتەوە، كـە ئامادەنـەبوونی هونەرمەنـد قـادر دیـلان بـووە، بـەڵام هۆكارەكانی بەجێنەهێنانی ئەو بەڵێنـەی كـە هونەرمەنـد قـادر دیـلان دابـووی، روون نەكردۆتـەوەو دیـار نییـە بۆچـی هونەرمەنـد وازی لـە پرۆژەكـە هێنـاوە؟! لەگـەڵ ئەوەشدا گۆران بەیەكجاری وازی لە ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیـە نـەهێناوە، بـەڵكو هـەر لەو ساڵەدا ئەو تاكـە پەردەیـەی كـە لەئۆپێرایەكـە نووسـیبووی لـە بـەرگی دووەمـی گۆڤـاری ( بـەیان) ژمـارە (٤)ی مـانگی ئایـار، كـە بەسەرپەرشـتی خـۆی لەسـلێمانی دەردەچوو، دەخاتە پـێش چـاوی خوێنـەران و داواش لـە مۆسـیقار و هونەرمەنـدانی كورد دەكات ئەگەر پشتگیری بكەن و لەگەڵی بەشداری بكەن، ئـەوا پـرۆژەی یەكـەم ئۆپێرای كوردی تەواو دەكات: ((ئێستاكە پەردەی یەكەم لە ئۆپێرای ناتەواو ئەخەمە پـێش چـاوی خوێنـدەوارانی (بـەیان)، ئەگـەر لەهونەرمەنـدەكانمان ـ بـە مۆسـیقار و ئاكتۆرەكانەوە- هاندان و بـەڵێنێك ببینـم بـۆ پـشتگرتن و هاوكـاری لەسـەر پێگرتنـی پرۆژەدا، ئەوا ئامادەبوونم پێشان ئەدەم بۆ تێهەڵچوونەوە و تەواوكردنی پـەردەكانی تر)) [2] . وا دیارە كەس بەدەم بانگەوازەكەی گۆرانەوە نەچووە، بۆیـە ئـەو پرۆژەیـە تەواو نەكراوەو بەمەش هەوڵی نووسینی یەكەم ئۆپێرا لە ئەدەبی كوردیـدا هەرەسـی هێنا و بەئەنجام نەگەیشت. ئەوەی لە پاش ئـەم هەوڵـەش بۆمـان بـەجێمابێت تـەنیا یەك بەشی ئەو كارەیە، كە بە نیوە چـڵی بـەجێ مـاوە، بۆیـە ئێمـە لێـرەدا ناچـارین لەچوارچێوەی ئۆپەرێتدا مامەڵەی لەگەڵدا بكەین.

---

[1]- هەمان سەرچاوە ، ل٢٦٢.

[2]- هەمان سەرچاوە ، ل٢٦٢.

هەر چەندە هەندێك لە نووسەر و لێكۆڵەرەكان هەر بە ئۆپێرا ناوی دەهێنن، بۆنموونە كاكەی فەللاح لەبەرگی یەكەمی (كاروانی شیعری نوێی كوردیدا) ئەم بەرهەمە هەر بە ئۆپێرا ناو دەهێنێت و دەڵێت: ((وێنەی ئەم داهێنانەش شیعری شانۆگەری (ئەنجامی ئەژدهاك) كە لەشێوەی ئۆپێرادایە و وەك دیارە نیازی بەرهەمێكی شانۆگەرییانەی دوور و درێژی هەبووە)) [1].

لەراستیدا گۆران مافی خۆیەتی ناوی ئۆپێرا یاخود هەر ناوێكی تر كە خۆی بەشیاوی زانیوە لە بەرهەمەكەی خۆی بنێت، چونكە وەكو خۆی روونی كردۆتەوە كە نەخشەو پلانی وا داناوە كە ئۆپێرایەك بنووسێت، لێ بەداخەوە لەبەر هەر هۆیەك بێت تەنیا بەشێكی تەواوكردووە و ئەگەر تەواوكرابا، ئەوا گۆرانی شاعیر دەبووە خاوەنی یەكەم دەقی ئۆپێرای كوردی و لەم ڕووەوە كورد زۆر لەپێش ئەدەبیاتی عەرەبی عێراقی، كە یەكەم ئۆپێرایان لەم ساڵانەی دواییدا نووسیووە [*] خاوەنی ئۆپێرای دەبوو، بۆیە پێمان وایە ئەم دەقەش هەر بە ئۆپەرێت لەقەڵەم بدرێت، چونكە تەواونەكراوە و رووداوەكانی لەسەرەتادان و بێ كۆتایی و بێ ئەنجامە.

## ئۆپەرێت:

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئۆپەرێت وەكو هونەرێكی هاوچەرخ و شێوەیەك لە شێوەكانی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی كوردیدا لەدایكبوو و بەخێراییش بڵاوبووەوە. سەرهەڵدانی ئەو جۆرە هونەرە هەرچەندە پەیوەستە بەو رەگاژۆیەی كە لە ئەفسانەو داستان و كەلەوپوور و داب ونەریتی كوریدا هەبووە، لەهەمانكاتیشدا پەیوەستە بەو تەوژمە نوێخوازییەی كە رووبەرووی ئەدەبی كوردیی بووەوە و سەر لەنوێ لەسەر چەند پایەك داڕێژرایەوە.

گۆڕانی باری سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و هاتنەكایەوەی دیدگای نوێ و تێروانینی هاوچەرخانە بۆ روانگەكانی ژیان، هاندەرێكی باڵابوون بۆ ئەوەی شاعیران

---

[1] - حەمە حەمەئەمین قادر( كاكەی فەللاح)، كاروانی شیعری نوێی كوردی.ل ٦٧.

[*] یەكەم ئۆپێرای عەرەبی لە عێراقدا لەساڵی (٢٠٠٩)دا بەناوی ( سنمار) بڵاوكراوەتەوە: بشار عليوى، سنمار، اول اوبرا عراقى، گۆڤاری شانۆ ـ القسم العربي ، ژمارە ١٢ ئازاری ٢٠٠٩. ص ١٦٩-١٧٢.

دەست بە ریفۆرمێك بكەن بۆ نوێكردنەوەی شیعری كوردی. ئەم پرۆسەی نوێكردنەوەیە بووە هۆكاری خولقاندنی زەمینەسازییەك بۆ لەدایكبوونی ئۆپەرێت. بۆیە دەبینین یەكەم دەقی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی كوردیدا بە ئۆپەرێتی (ئینتیباه)ی شێخ نوری شێخ سالح دەست پێدەكات.

دیارە دەستپێكی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی كوردیدا بە شێوەی ئۆپەرێت. جێگەی پرسیارە، لەهەمانكاتیشدا دەرگاكردنەوەی ئەدەبی كوردییە بەرووی هونەرە هاوچەرخەكانی جیهان و ئەزموونكردنی رێگا و شێوازی نوێیە بۆ دەربڕین لە كێشەكانی ژیان. بەمجۆرە سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی و ئۆپەرێت، هۆكارگەلێكن بۆ كۆتایی پێهێنانی باڵادەستی شیعر، وەكو تەنیا شێواز و رێگایەك لەبەر دەستی شاعیران بۆ ئەوەی بەهۆیەوە دیدگای خۆیان لەمەڕ بابەتەكان بخەنەگەڕ. دیارە پەنابردنی شاعیران بۆ بەكارهێنانی تەكنیك و كەرستەكانی ئۆپەرێت، بەتایبەتیش لای شێخ نوری شێخ سالح بۆ نووسینی یەكەم دەقی شیعری شانۆیی، گونجانی تەكنیك و كەرستەكانی ئەو هونەرەیە لەگەڵ سروشتی كۆمەڵگای كوردی، بەتایبەتیش لەرووی ئاواز و گۆرانییەوە، كە زیاتر گوێگر بۆخۆی كۆ دەكاتەوە. لێرەوە دەتوانین چەند هۆكارێك دەستنیشان بكەین، كە رۆڵیان لەسەرهەڵدانی ئۆپەرێت لەئەدەبی كوردیدا هەبووە:

١- بەو پێیەی كە ئۆپەرێت لەرووی نواندنەوە دەچێتە خانەی شانۆگەری گۆرانی ئامێزەوە، بۆیە سەرهەڵدانی لەئەدەبی كوردیدا پەیوەستە بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شانۆ، كە رێگا خۆشكەرێك بوو بۆ سەرهەڵدانی ئۆپەرێت.

٢- دامەزراندنی قوتابخانە فەرمییەكان، هۆكارێكی سەرەكی و زەمینەیەكی بەپیت بوون بۆ سەرهەڵدانی ئۆپەرێت، چونكە لەلایەكەوە ئەو قوتابخانانە رۆڵی هۆڵی شانۆییان لەو سەردەمەدا دەگێڕا، كە نەك هەر قوتابی و مامۆستا، بەڵكو خەڵكانی دەرەوەش بۆ بینینی نمایشەكان دەهاتن. لەلایەكی دیكەشەوە قوتابیان و مامۆستایان خۆیان وەكو ئەكتەر و دەرهێنەر بەشدارییان لە نواندنیدا دەكرد. بۆیە دەبینین یەكەم نمایشی ئۆپەرێتی كوردی لەنێو قوتابخانەدا سەریهەڵداوە.

٣ـ پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و رزگاربوون لەکۆت و بەندەکانی کلاسیکییەت و هەنگاونان بەرەو فۆرم و ناوەرۆکی نوی و سەردەمیانە و پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی کێشی پەنجەیی ( هیجا ) ، شیعریان زیاتر لە رۆحی سەردەم نزیک کردەوە وشاعیریش زیاتر دەستکراوەتر بوو بۆ دەربڕینی هەست و سۆزەکانی خۆی. ئەمانەش یارمەتیدەرێك بوون بۆ دەستکراوەیی شاعیر لە نووسینی ئۆپەرێتدا.

٤ـ سەرهەڵدانی سروود*. هەر لەو سەردەمەدا سروود وەکو ژانرێکی شیعری نویٚ سەریهەڵدا، کە بریتییە ((لە شیعرێکی لیریکی بەزمانێکی ئاسانی ئەوتۆ کە بکرێتە گۆرانی یان زوو ئەزبەر بکرێت بۆ منداڵان و قوتابیان، ئەمەش بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکە بەرزە ئەخلاقییەکان و شانازییە نەتەوەییەکان و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و ئامۆژگارییەکان)) [1] بوو. ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ سەرهەڵدانی ئۆپەرێت، چونکە سرود و ئۆپەرێت لەرووی مۆسیقییەوە یەکدەگرنەوە، هەردووکیان پێویستیان بە ئاواز دانان و گوتنەوە هەیە جا چ بەشێوەی تاك ولەلایەن گۆرانیبێژ یاخود بەشێوەی کۆرس بێت. تەنانەت زۆرێك لە شاعیرانی ئەو سەردەمە بەرهەمی ئۆپەرێتەکانیان لەگەڵ بەرهەمە سروودەکانیان تێکەڵ دەکرد. هەروەها لێکۆڵەرەکانیش لەکاتی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی دیوانی شاعیراندا، گەلێك جاران سرودو ئۆپەرێتەکانیان لەبەشێکدا کۆدەکردەوە و بەیەکەوە دایاندەنان. بێگومان ئۆپەرێت لەرێگای سرودەوە کەناڵێکی گرنگی دۆزییەوە بۆ چوونە پێش و گەشەکردنی.

---

* سروود رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە تازەکردنەوە سیستەمی کێش و سەروای شیعری کوردیدا. سەرهەڵدانیشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ، بەتایبەتیش کە قوتابخانەی روشدییەی عەسکەری لە سلێمانی هەموو بەیانیان سروودی تورکیان دەخوێندەوە. ئەمەش کاریگەری لە شاعیرانی کورد کرد و هەوڵی لاساییکردنەوەی ئەو سرووده تورکییانەیان دا، عەبدوڵڵا زێوەر( ١٨٧٥-١٩٤٨) ئەو شاعیرە بوو کە لەسەر دەستی ئەو سروود وەکو ژانرێکی شیعری نویٚ لەرێگەی ئەو سروودانەی کە بۆ منداڵان و قوتابیان داینا، هاتە نێو ئەدەبی کوردی (بڕوانە: عەبدولواحید ئیدریس شەریف، سروود و گۆرانی نیشتمانی و بەرەنگاری کوردی لە کرمانجی خوارووددا ((١٩٣٥-١٩٩١))، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨، ل٥٥-٥٦).

[1]- فەرهاد پیربالٚ، شیعری نوێی کوردی ١٨٩٨-١٩٥٨، ل ٨٧.

٥ـ ئۆپەرێت بەسروشتی خۆی لەچاو ئۆپێرا سادەترە. بەهۆیەوە شاعیران زیاتر دەسەڵاتیان بەسەردا شکاوە، لەهەمانکاتیشدا لەرووی نواندنەوە وەکو ئۆپێرا قورس نەبووە، تەنانەت کەسێکی دەنگخۆش و بە ئاوازێکی سادە دەیتوانی دەقەکە بە گۆرانی بڵێتەوە. ئەم سادەییەی ئۆپەرێت لە نووسین و نواندندا بووەتە هۆکارێك بۆ بڵاوبوونەوەی. پێچەوانەی ئۆپێرا کە کاری نووسین و نواندنی قورسن. لەبەر ئەو هۆکارەش یەکەم کاری ئۆپێرای کوردی هەرەسی هێناوە.

٦ـ خودی شاعیرەکان خۆیان رۆڵیان لە بەرەوپێشبردنی ئەدەبی کوردیدا گرنگ بووە، چونکە ئەو شاعیرانە خاوەن بەهرەی رەسەن و زەمینەیەکی رۆشنبیری پتەو و فراوان بوون. هەروەها بەهۆی زانینی زمانی بیانی و شارەزابوون و بەدواداچوونی باری رۆشنبیری نەتەوەکانی دراوسێ، هەستیان بە پێویستبوونی ئەو جۆرە هونەرانە لەنێو ئەدەبی کوردیدا کردووە و ئارەزووی ئەوەیان کردووە کوردیش وەکو هەموو میللەتانی دیکە، خاوەنی چەندین جۆرە هونەر بێت. لەمبارەشەوە هەوڵیان داوە و چەندین ژانری دیکەیان هێناوەتە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە.

٧ـ وەرگێڕان رۆڵێکی راستەوخۆی لە ناساندنی ئۆپەرێت وەکو هونەرێکی هاوچەرخ گێڕاوە. بەتایبەتیش کە رووناکبیرەکانی ئەو سەردەمە، کە زمانەکانی ئەورووپیان دەزانی دەستیان بە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی رۆژئاوا کرد و لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکانی ئەوسا بڵاویاندەکردەوە(( وەرگێڕان رۆڵێکی گرنگی دیوە لەمێژووی درامای کوردی و گەشەسەندنیدا جا وەرگێڕانی دەقەکانی درامای عەرەبی و جیهانی بووبێت یا وەرگێڕانی لێکۆڵینەوەو باسی ئەدەبی بوو بێت کە تایبەت بووە بە ئەدەبی دراما. ئەو وەرگێڕانانە بەهایەکی گرنگی هەیە، چونکە ئەو ئەدەبەیان بەکورد ئاشناتر کردووە و کاریشیان کردۆتە سەر رەوتی گەشەسەندنی دراما)) [١] و هەر لەمنداڵدانی ئەم بزووتنەوەیەی وەرگێڕانیشدا، ئەو ژانرە نوێیە هاتە نێو ئەدەبی کوردییەوە.

---

[١]- سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە (عێراق)دا لە ١٩٧٥-١٩٩٥، ل ٤٤.

٨- دەقی شیعری ئۆپەرێت بەهۆی ئاواز بۆدانانی بەئاسانی و بێ گرێ وگۆڵ لەلایەن ئەکتەرەکانەوە لەبەر دەکرێن و لەبەر کردنیان خۆشترە، بەتایبەتیش ئەو سەردەمانە مامۆستایان و قوتابیان خۆیان ئەکتەر بوونە و دەقی شیعری ئاوازداریش بۆ تەمەنێکی بچووکی وەکو ئەو قوتابیانە بۆ لەبەر کردن زۆر ئاسان و شیاوەبووە. ئەمەش بە یەکێك لەو فاکتەرانە دادەنرێت، کە بەهۆیەوە یەکەم دەقی شیعری بەشێوەی ئۆپەرێت لە ئەدەبی کوردیدا لەدایکبووە.

ئەو هۆکارانەی سەرەوە پاڵپشت و هاندرێك بوون بۆ سەرهەڵدانی ئۆپەرێت وەکو فۆرمێك لەفۆرمەکانی شیعری شانۆیی. بەمشێوەیە یەکەم دەقی ئۆپەرێت لە ئەدەبی کوردیدا لەسەردەستی شێخ نوری شێخ ساڵح لەساڵی(١٩٢٥) دا، بەناونیشانی (ئینتیباه)* لەدایك دەبێت. مەحمود زامدار لە مبارەیەوە لە گۆشەی دەنگێ لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا دەڵێت: ((لام وایە ئەمە یەکەم دەسپێشکەری و یەکەم ئۆپەرێتی کوردییە، کە بەشیعر نووسرابێتەوە))[(١)] . دووبارە مەحمود زامدار لە کتێبی (دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی) جەخت لەسەر ئەم ڕایەی خۆی دەکاتەو پێیوایە کە ((یەکە هەولێ - بە بۆچوونی من - کە وەکو بەڵگەنامەیەکی نووسراو، بۆمان مابێتەوە، ئۆپەرێتی (دلاوەران)ە کەلەساڵی ١٩٣٠ و بەخامەی (ع.نوری) نەمر نەخشەی کێشراوە، کەخۆی لەخۆیدا، نیشانەیەکی سەوزی وەچەی یەکەمی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردیمانە))*[(٢)].

---

* لەلایەن هەریەك لە ئازاد عەبدولواحید و ئەحمەد هەردی و محەمەدی مەلا کەریم و شاکر فەتاح، لەدوای لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیەکی زۆری نێوانیان لەسەر رووبەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، هەروەها لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵحدا، بە بەڵگە ئەوە روونکراوەتەوە، کە ئەم ئۆپەرێتە لە نووسینی شێخ نوری شێخ ساڵحە نەك بێخودی شاعیر. بەتایبەتیش ئازاد عەبدولواحید لە دیوانەکەیدا زۆر بەچڕی وبەقوولی چۆنە بنج و بنەوانی ئەو مەسەلەیە و بیروڕای هەمووانیشی بڵاوکردۆتەوە بەبەڵگەوە یەکە بە یەکەیانی شیکردۆتەوە و لەدەرئەنجامیشدا کێشەکەی یەکلایی کردۆتەوەو ئەوەی ساغ کردۆتەوە کە یەکەم ئۆپەرێتی کوردی لەسەر دەستی شێخ نوری شێخ ساڵح لەدایکبووە.

١- محمود زامدار، بەڵگەنامەیەکی تر( گۆشەی دەنگێ) ، ڕۆژنامەی ( هاوکاری)، ژمارە(٣٥٥) لە١٦\٢\١٩٧٧، ل٥.

* لێرەدا دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە بدەین کە ناونیشانی ئەو دەقە ئینتیباهە نەك دلاوەران، چونکە دلاوەران دەستەی یەکەمی ئەو کەسایەتییانەن کە رووداوی ئۆپەرێتەکە دەست پێدەکەن. هەروەها ئەو ئۆپەرێتەش لەساڵی ((١٩٢٥))دا نووسراوە، نەك وەکو مەحموود زامدار ئاماژەی پێداوە کە لەساڵی ((١٩٣٠))دا نووسرابێت. هەروەها بەخامەی محەمەد نووری کە دەکاتە شێخ نوری شێخ ساڵح نووسراوە، نەوەکو (ع. نوری) کە دەکاتە عەبدولواحید نوری.

٢- محمود زامدار، دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی. ل ١٥٥.

ئازاد عەبدولواحیدیش لەساغکردنەوە و کۆکردنەوەی دیوانەکەی شێخ نوری شێخ ساڵحدا، ( ئینتبیاه) بەیەکەم ئۆپەرێتی کوردی لەقەڵەم دەدات ودەڵێت: ((ئەمە یەکەم دەستپێشخەرییە لە بزووتنەوەی هونەری ئۆپەرێتدا))[1]. هەروەها کوێستان جەمال سەلام لە تێزی دکتۆرایەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شێخ نوری شێخ ساڵح یەکەم ئۆپەرێتی کوردی نووسیوە و دەڵێت:(( ئۆپەرێت هونەرێکی ئەوروپییەو پێش شێخ نوری لای هیچ شاعیرێکی تری کورد نەکەوتۆتە بەرچاو))[2].

ئەم ئۆپەرێتە لە بنچینەدا ئامادەکردنێك بووە لە دەقی ئۆپەرێتێکی فەرەنسی کە لە ژمارە (٢١) ی رۆژنامەی (ژیانەوە) ساڵی (١)، (٢٤)ی شەعبانی (١٣٤٣)، (١٩)ی مارتی( ١٩٢٥)دا و پاشماوەکەی لە ژمارە (٢٢) ی ساڵی (١)، (١)ی رەمەزانی (١٣٤٣)، (٢٦) مارتی (١٩٢٥) بڵاوکراوەتەوە، کە بە ناوی (ئینتیباه)ەو بە پەخشان نووسراوە و لە لەلایەن مامۆستا(مەحموود جەودەت)ەوە کراوە بە کوردی، مەحمود جەودەت لەمبارەیەوە دەڵێت: (( بینائەن عەلەیهی دەرحەق ئەم گۆرانییە کە ناوی( گۆرانی عەزیمەت)ە نەختێ عەرزی مەعلوومات بەلازم ئەزانم، ئەم گۆرانییە لە تەرەف ژنە فرانسزێکەو کەناوی ( ماری ژوزەف شەنی) یەوە وتراوە و لەناو فرانسزەکاندا بووە بە گۆرانییەکی زۆر مەرغوب و مەشهوری میللی))[3].

دانانی ئەو ئۆپەرێتە کە بەشێوەی پەخشانە، لەلایەن ماری ژوزەف شەنی بەبۆنەی شۆڕشی گەورەی فەرنسا بوو، و ناوبانگێکی گەورەی لەفەرەنساو دەرەوەیدا بەدەست هێنا ((کەهۆنراوەکە کرا بەگۆرانی و لەشێوەی (لاساییکردنەوەی بەگۆرانی)دا، پێشانی نەتەوەی فەرنسە درا، لەهەموو لایەکەوە خۆشەویستی و رێزیان بەرامبەر گۆرانییەکە و خاوەنەکەی پێشان دا کە بەهۆی ئەوەوە ناوبانگێکی گەورەشیان دەستکەوت))[4].

---

[1]- ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، ل٦٠.

[2]- کوێستان جەمال سەلام، دەوری شێخ نوری لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سەلاحەدین،٢٠٠٤، ل١١٤-١١٥.

[3]- محمود جەودەت، انتباه، رۆژنامەی ( ژیانەوە) ژمارە (٢٢) ی ساڵی (١)، (٢٦) مارتی (١٩٢٥). ل٢.

[4]- سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، کۆکردنەوەو رێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر٢٠٠٤، ل٣٠١.

لەهەمانکاتیشدا مەحموود جەودەت مەبەستی لە وەرگێڕانی ئەو ئۆپەرێتە فەرەنسییە لەو پارچە نووسینەی کە لەکۆتایی وەرگێڕانەکەیدا وەکو روونکردنەوەیەك دایناوە و ئاشکراکردووە و داوای کردووە شاعیرێك ئەو پەخشانە بە شیعر بهۆنێتەوەو دەڵێت:((عەرزی ئەسڵیشم ئەگەر یەکێ لە شاعیرەکانمان مەوزووعەکەی لا چا بوو بەزمانی خۆمان نەزمێ بفەرموێ ، تاکو لە تەرەف منداڵەکانی مەکتەبەوە بەگۆرانی ببێژێ. لام وایە ئەم هیمەتە هەموو هاوخوێن و هاوزمانمان خۆشحاڵ دەکا))[1]. بۆیە شێخ نوری شێخ ساڵح وەك شاعیرێکی چالاك و نوێخوازی سەردەمەکەی خۆی و هەستکردنی بە داهێنان و گەشەپێکردنی ژانری نوێ لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، بەتەنگ داوایەکەی (مەحموود جەودەت)ەوە چووە و ئەو بەرهەمە بە پەخشان وەرگێردراوەی کردووە بە شیعر. هەر لەهەمان ساڵدا کە مەحموود جەودەت وەرگێڕانەکەی تێدا بڵاوکردۆتەوە، بۆ یەکەمجار دەقی شیعری ئەم ئۆپەرێتە لەگەڵ کۆمەڵە دەقە شیعرێکی دیکەدا کە ژمارەیان دەگەیشتە (٢٠) دەق، لەنامیلکەیەکی (١٥) لاپەڕەییدا، لەساڵی (١٩٢٥) لە چاپخانەی بلدیەی سلێمانی بەناوی (گۆرانی کوردی) بڵاوکراوەتەوە و لەسەر بەرگی ناوەوەشیدا نووسراوە( لەسەر ئەمری عالی موتەسەریف و موفەتیشی ئیداری چاپکراوە) دیارە موتەسەریفی ئەوکات (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ) بووە، کە ئاشناو دۆستی شێخ نووری شێخ ساڵح بووە و ئەو بەرهەمەی بۆ چاپ کردووە. ئەمەش دوای ماوەیەکی یەکجار کەم لە دوای بڵاوبوونەوەی شیعرەبە پەخشان وەرگێردراوەکە.

لەساڵی(١٩٢٨)دا بۆ جاری دووەم لەلایەن کەریم بەگی سەعید بەگ، کە بە (کەریم زانستی) ناسراوە، لەگەڵ کۆمەڵێك سروود و گۆرانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. دوای تێپەربوونی حەوت ساڵ، (کوردی و مەریوانی) لەسەر هەمان رێوشوێن لەساڵی (١٩٣٢)دا نامیلکەیەکیان هەر بەناونیشانی (گۆرانی کوردی) لە چاپخانەی (الایتام) لەچاپداوە و دەقی شیعری ئۆپەرێتی (ئینتبیاه)یشیان لەنامیلکە چاپکراوەکەی ساڵی (١٩٢٥) وەرگرتووە و سەر لەنوێ لە(گۆرانی کوردی)یەکەی خۆیاندا لەگەڵ

---

[1] - محمود جەودەت، انتباه، ل٢.

چەند گۆرانی و سرودێکدا کە ژمارەیان دەگاتە (٦٥) سروودو گۆرانی بڵاویان کردۆتەوە و ناوەکەشیان لە (ئینتیباه)ەوە کردووە بە (دلاوەران)، لەراستیشدا دلاوەران لە نامیلکەی یەکەمدا دەستەی یەکەمن. هەروەها لەساڵی (١٩٣٤)یشدا دەقی شیعری ئەو ئۆپەرێتە لە(دیاری لاوان) بڵاوکراوەتەوە[1]. بەمەش دەقی شیعری یەکەم ئۆپەرێتی کوردی ، چوار جار لە دووتوێی کتێب و گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

لەرووی نواندنەوە، دوای دوو ساڵ لەپاش نووسینی دەقە شیعرییەکە، واتە لەساڵی (١٩٢٧) بۆ یەکەمجار ئەم دەقە لە قوتابخانەی فەیسەڵییە نمایش دەکرێت و قوتابیان و مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە وەکو ئەکتەر رۆڵی تێدا دەگێڕن. شاکر فەتاح یەکێك بووە لەو قوتابیانەی بەشداری لەنواندنی ئەو ئۆپەرێتدا کردووەو دەڵێت: ((لە هاوینی ساڵی(١٩٢٧) دا، ئەم گۆرانییە، لەشێوەیەکی شەنگ و شۆخدا و بەجلوبەرگ و چەك و روخسارێکی کوردانەوە، لەسەر شانۆی خوێندنگاکەمان، لەگەڵ چەند چیرۆکێکی تری لاسایی کردنەوەدا، بەگۆرانییەوە لاسایی کرایەوە. مامۆستا (فوئاد رەشید) و کاك (کەریم سەعید) لەو لاساییکردنەوانەدا بەشداربوون، گۆرانی (أنتباه)ەکە لەلایەن جەماوەرانەوە زۆر پەسەند کرا. من خۆیشم یەکێك بووم لەو شاگردانەی کە دەستەی منداڵانیان پێکهاتبوو، وەك دێتەوە بیرم فەرمانبەرە گەورەکان و پیاوە ناودارەکانی شاریش بۆ ئەو ئاهەنگە هاتبوون. لاساییکردنەوەکانیش تا سێ شەو دووبارە کرانەوە. بەپارەی ئاهەنگەکان گەلێك ئامێری فوویی و ساز و ئاواز و کەلوپەلی دیدەوانی و وەرزشی پێ کڕا، لەگەڵ دەستگیرۆیی کردنی شاگردە هەژارەکان لە دروستکردنی جلوبەرگی دیدەوانی و وەرزشدا)) [2] .

وەکو دیارە یەکەم ئۆپەرێتی کوردی، لە نمایشکردنیدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە و خەڵکانی شار بە هەموو چین و توێژەکانیەوە روویان لە

---

[1]- ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نوری شێخ سالح، ل٦٠. هەروەها: ئەحمەد هەردی، شیعری ((دلاوەران)) هی ((شێخ نوری))یە، رۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە(٩٩٣) لە ٢١\٧\١٩٨٨، ل٨.

[2]- سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، کۆکردنەوەو رێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ل٣١٠-٣١١.

قوتابخانەکە کردووە و لە داهاتی ئەو نمایشکردنەش یارمەتی قوتابخانەو قوتابییە هەژارەکان دراوە. ئەو نمایشکردنەش بەسەرپەرشتیاری هەر یەکە لە ((ساڵح قەفتان و زێوەر و مەلا سەعید کابان و عەلی ئاگا و فوئاد رەشید و مستەفا سائیب و عەبدولواحید مەجید)) [1] بووە.

شێخ نوری شێخ ساڵحیش سەرەڕای ئەوەی دەقە شیعرییەکەی هۆنیبووە، هەر خۆشی قوتابیانی قوتابخانەکەی لەسەر رەوانکردنی شیعرەکە و نواندنی پرۆڤە پێدەکردن، شاکر فەتاح لەمبارەیەوە دەڵێت: (( من قوتابی بووم لە قوتابخانەی (فەیسەلییە) کە شێخ نوری شێخ ساڵح خۆی هات و ئەم شیعرەی پێ لەبەرکردین و من یەکێك بووم لەناو کۆرسەکان کە بەشداربووم لە ئەداکردنی ئەم ئۆپەرێتە، شێخ نوری بەدەنگی خۆی کە دەنگێکی تا بڵێی نایابی هەبوو بە ئێمەی رەوان کرد)) [2] .

هەروەها (عەبدولقادر قەزاز) کە یەکێك بووە لەوانەی رۆڵیان لە نمایشکردنی یەکەم ئۆپەرێتی کوردیدا بینیوە دەڵێت:(( من یەکێك بووم لەوانەی بەشداری ئەم ئۆپەرێتەم کردووە، لەساڵی(١٩٢٧) لە سلێمانی قوتابی پۆلی چوارەم و پێنجەمی ئیبدائی بووم لە قوتابخانەی (فەیسەڵییە) لەگەڵ مامۆستا (شاکر فەتاح) بەیەکەوە بووین، شێخ نوری خۆی هات و پەراوەی پێکردین، من یەکێك بووم لەوانەی تەمسیلی دەستەی کوڕانم دەکرد))[3].

لەساڵی (١٩٥٤)یش ، بۆجاری دووەم ئەم ئۆپەرێتە لەشارۆچکەی شەقڵاوە بەسەرپەرشتی خودی شاکر فەتاح* نمایش کرایەوە. لەم ڕووەوە شاکر فەتاح خۆی دەڵێت: ((لەساڵی ١٩٥٤دا کە لە شەقڵاوەدا جێنشین بووم، لەسەر دەستی

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل٣١١.

[2]- ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، ل ٥٩.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل ٦٥.

* شاکر فەتاح جیا لەبەشداریکردن و سەرپەرشتیکردنی لەکاری نمایشکردنیدا، ئەو ئۆپەرێتەی لەگەڵ چەند گۆرانییەکی دیکەدا، بەشێوەی سروود لەساڵی ١٩٧١دا لەشاری سلێمانی لە کۆڕێکی گەورەی جەماوەری بەدەنگی خۆی تۆمارکردووە و گوتویەتییەوە. هەروەها دیسان لە ساڵی ١٩٧٤دا هەر بەشێوەی سروود لەبەردەم ئامادەبووانی کۆڕێکی ئەدەبی جیهانی لەبەیروتی پایتەختی لوبنان لەگەڵ دەقی چەند گۆرانییەکی دیکەدا بەدەنگی خۆی تۆماری کردووە و گوتویەتییەوە. بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، کۆکردنەوەو ڕێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ل٣٠١-٣١٧.

(دەستەی لاساییکردنەوەو سازو ئاوازی یانەی شەقڵاوە)دا، گۆرانی (**أنتباه**)م زیندووکردەوەو لەگەڵ چیرۆکێکی تردا کە ناوی: (**دادگاهی سەرچنار**) بوو و خۆم دامنابوو، لەسەر شانۆی یانەکە، بە ئاهەنگ و بەزمێکی پڕشنگدارەوە، لەبەردەم دانیشتوانی شاری شەقڵاوەدا لاسایی کرایەوە. گۆرانییەکە و لاساییکردنەوەی بایەخی زۆر پێ درابوو، تەماشاکەرانی ئەو شەوە زۆر پێی گەشکەدار بوون))[1].

لەرووی ئاوازەوەش، دیارە ئەوکات لە ژێر کاریگەری سروود و ئاوازی فارسی و تورکی وعەرەبی، هەوڵدراوە کوردیش وەکو ئەوان خاوەنی سروودو ئاوازی خۆی بێت، بەتایبەتیش لە قوتابخانە فەرمییەکاندا سروود و ئاوازی تورکی بە منداڵان و قوتابیانی کوردی لەبەر دەکرا و دەگوترایەوە.

ئەمەش هۆکارێك و پاڵنەرێکی گەورە بوو بۆ رووناکبیر و شاعیرانی کورد بۆ ئەوەی بیر لەدانانی سروود و ئۆپەرێتی کوردی بکەنەوە، بەڵام لەرووی دانانی ئاوازەوە، لەبەر ئەوەی لەرووی مۆسیقاوە کورد بەو شێوەیە پێشکەوتوو نەبووە و کەسانێکی تایبەتمەند بە بواری ئاوازدانان نەبووە، بۆیە کەوتوونەتە ژێر کارتێکردنی ئاوازی فارسی و عەرەبی و تورکییەوە و ئاوازیان لەوان وەرگرتووە و لە قالبێکی کوردیدا دووبارە دایانڕشتۆتەوە. وەکو مەحمود زامدار ئاماژەی بۆ ئەو مەسەلەیە کردووە و دەڵێت: (( زۆربەی ئەو سرودو گۆرانیانە لە ئاواز و ئیقاعاتی تورکی و عەرەبی و فارسی وەرگیراون و (کوردێنراون)))[2].

لەم چوارچێوەیەشدا، ئاوازی یەکەم دەقی ئۆپەرێتی کوردی، لەئاوازی ئۆپێرایەکی فارسی وەرگیرا بوو. گۆرانی شاعیر لە پێشەکی یەکێك لە شیعرەکانیدا، کە بەناوی (داستانی هەیاسی و کاکە عابیدین)ە، ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکات ودەڵێت: (( ئەو گۆرانییەی بەهاوکاری خوالێخۆشبوو مەحموود جەودەت و شاعیری تەڕو پاراو (م. نوری)ی سلێمانی پێکهات:

**(ئەولادی وەتەن، ئێمە کەوا میللەتی کوردین)**

---

[1]- سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، کۆکردنەوەو رێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ل٣١٣.

[2]- محمود زامدار، بەڵگەنامەیەکی تر، ل٥.

ئاوازەکەی لەسەر پارچەك لە ئۆپەرای (رستاخیز شهریاران ایران) دانراوە کە هیی خاوەندی تەرجومە عیشقییە*، پارچەکە ئەمەیە:

**دیشب که مرا وضع وطن در نظر أمد**

**دیدم که زنی با کفن از قبر در أمد)** [1]

ئەحمەد هەردی شاعیر لەبارەی ئاوازدانان بۆ سروود و ئۆپەرێت، پێیوایە ئاواز بە دوو شێواز دادەنرێت، یەکەمیان ئەوەیە، کە ئاوازدانەرێك شیعرێك دەخوێنێتەوە و کاری تێ دەکا و ئاوازێکی بۆ دادەنێت. دووەمیشیان پێچەوانەیە، کاتێك شاعیرێك ئاوازی سرودێکی بەدڵ دەبێت و ئینجا دێت شیعرێك یاخود چەند وشەیەکی رێکوپێك لەسەر ئەو ئاوازە دادەنێت. لەسەر ئەم بنچینەیەش ئاوازدانان بۆ ئۆپەرێتی ئینتیباه بۆ رێگەی دووەم دەگەڕێنێتەوە. واتە شێخ نوری شێخ ساڵح لەپێشدا ئەو ئاوازەی بیستووە وکاری تێکردووە و فێری بووە و ئینجا هاتووە دەقی شیعرەکەی لەسەر ئەو ئاوازە داڕشتووە. پێیواشە کە ئەوەی ئاواز بەو شێوەیە دادەنێت دەبێت دوو سیفەتی تێدا بێت، یەکێکیان دەبێ شارەزایی لەمۆسیقادا هەبێت، وەکو دەڵێن خاوەن گوێیەکی مۆسیقی بێ تا کەمترین گۆڕان لە ئاوازەکەدا هەستی پێ بکرێت.

لەم ڕووەوەش شێخ نوری شارەزایی لە زۆربەی مقامە فارسی و کوردییەکاندا هەبووە. دووەمیشیان دەبێ خاوەن دەنگێکی ناسك و خۆش بێت، واتە تا رادەیەك بەسەر قورگ و دەنگیدا زاڵ بێت. بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو گۆڕان و بەرز ونزمییەکی ئاوازەکە بەبێ هەڵە بڵێتەوە. دیارە شێخ نوری لەم بوارەدا خاوەن دەنگێکی زوڵاڵ و خۆش بووە[2]. ئەمەش لێهاتوویی و شارەزایی شێخ نوری دەسەلمێنێت، بەتایبەتیش نووسینی ئەو شیعرە و کردنی بەشێوەی ئۆپەرێت خۆی لەخۆیدا بیرۆکەیەکی نوێ بووە لەنێو رۆشنبیریی و ئەدەبیاتی کوردیدا.

---

* (عیشقی) شاعیرێکی لێهاتووی فارس بوو، لە تازەکردنەوەی شیعر و ئەدەبی فارسیدا رۆڵێکی باڵای گێڕاوە، بەتایبەتی شیعرە سیاسیەکانی کە خاوەن سیمایەکی رەخنەیی زۆر بەهێز بوون، بۆیە کاربەدەستانی ئێرانی بۆیان قبوڵ نەدەکرا، تا گەیشتە ئەو رادەیەی رەزا شای ئێران لە کردەوەیەکی نهێنیدا و لەتەمەنی ٣١ ساڵیدا کوشتی، بڕوانە: دیوانی گۆران ، چاپی دووەم. ل ٣٥٧.

[1]- دیوانی گۆران ، چاپی دووەم. ل ٣٥٧.

[2]- ئەحمەد هەردی، شیعری «دلاوەران» هی «شێخ نوری»یە، رۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە(٩٩٣) لە ١٩٨٨\٧\٢١، ل٨.

لەمبارەیەوە ئازاد عەبدولواحید ڕای وایە کە ئەو شارەزاییەو دەنگەخۆشییەی شێخ نوری بەڵگەن بۆ زانین و شارەزابوونی شێخ نوری لە هونەری ئۆپەرێت ((شێخ نوری کەمامۆستا نەبووە، بەڵکو فەرمانبەری خەزێنەی سلێمانی بووە، خۆی چووەتە قوتابخانەو هانی قوتابییەکانی داوە بۆ ئەوەی کاری شانۆیی بکەن و هەر خۆشی بەدەنگی خۆی ئاوازەکەی لەناو پۆلدا بۆ گوتنەتەوە و خەڵکی بۆ هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی تەمسیل بکەن و پرۆڤەی پێکردوون. واتە خەمی بە شانۆکردن و ئۆپەرێتکردنی ئەو شیعرە، خەمێك بووە بەشارەزاییەوە کردوویەتی. بۆیەش گرنگی داوە بەوەی ئاوازیشی بۆ دابنێ و بچێ لە قوتابخانەکانیش خەڵکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵانە ئەدا بکەن))[1] . بەمشێوەیە یەکەم ئۆپەرێتی کوردی ڕووناکی بینی و لەدایکبوو.

دوای ئەو ئۆپەرێتەش، گۆرانی شاعیر وەکو شاعیرێکی نوێخوازی سەردەمەکە، هەستی بە پێویستی ئەو هونەرە لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا کردووە و ئاوڕی لێداوەتەوە. سەرەتای کارکردنی لەم بوارەدا بە ئۆپەرێتێك بوو، کە وەکو ئەزموونێك و دەستپێکێك بووە بۆ گۆران. ئەو ئۆپەرێتەش بەناوی (گوڵی خوێناوی)یە و لەساڵی (١٩٣٤)دا نووسیویەتی و بەشێوەیەك سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، کە لە چەندین شارو شارۆچکەی کوردستان نمایشکراوەو تەنانەت تاساڵی (١٩٤٦) لە شانۆکانی هەولێر و سلێمانی پێشکەشکراوە. لەدوای ساڵی(١٩٥٠)شدا لەلایەن گۆرانیبێژ (مەحمود محەمەد) بەشێوەی گۆرانی، واتە بەدەنگی تاك و بە ئاوازی (ڕەفیق چالاك) لە رادیۆی کوردی عێراق تۆمارکراوە[2] . بەمەش (ڕەفیق چالاك) بەیەکەم ئاوازدانەری ئۆپەرێت لەقەڵەم دەدرێت،کە سەرەڕای ئەوەی ئاوازی بۆ داناوە، لەساڵی (١٩٥٢/٢/٤)دا بەسوود وەرگرتن لەدەقی ئۆپەرێتەکەی گۆران و لەژێر هەمان ناونیشان (گوڵی خوێناوی) ئەو ئۆپەرێتەی بەشێوەی پەخشان نووسیوەتەوەو لە رادیۆی کوردی بەغدای پێشکەشکردووە[3] .

---

[1]- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عەبدولواحید، لە بارەگای گۆڤاری (رامان)، کاتژمێر (١٠)ی سەرەلەبەیانی رۆژی یەکشەممە، رێککەوتی (٢٠١٠\٢\١٤).

[2]- کەمال ڕەئووف محەمەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٥٤٣.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل١٢٧.

هەروەها ئەو ئۆپەرێتە لە تەلەفزیونیش پیشاندراوە، لەمبارەیەوە کاك حەمە فەرەج دەڵێت:((لەساڵی (١٩٦٠) دا پانتۆمیمێکم ئامادە کرد و بەناوی (تیپی ئێستگەی کوردی)یەوە لەگەڵ کاك حسین قەرەداخی لە تەلەفیزیون پێشکەشمان کرد، کە ئەوسا تۆمار نەئەکرا، بەڵکو بەرهەمە هونەرییەکان یەکسەر ئەدران بە هەوا، چونکە هێشتا ئامێری تۆمارکردنیان نەبوو، لەهەمان ساڵا چیرۆکی (گوڵی خوێناوی)م ئامادەکردو بەشیعر لەگەڵ کچەکەی خوالێخۆشبوو رەمزی قەزاز لە تەلەفیزیۆنەوە پێشکەشمان کرد کە نزیکەی (٣٠) کەسی تر تیایا بەشداربوو))[1].

بەم پێیە ئەم ئۆپەرێتە، بەتاکە بەرهەمی شیعری شانۆیی لەم قۆناغە دادەنرێت کە لەتەلەفزیۆندا نمایشکرابێت. لەنێوان ساڵانی (١٩٤٢–١٩٤٥) گۆران ئۆپەرێتی دووەمی بەناونیشانی (ئاهەنگێك لەناو ڕان)دا بڵاوکردۆتەوە، کە لەچاو یەکەم ئۆپەرێتی هەست بە پێشکەوتنی شارەزایی گۆرانی شاعیر دەکرێت لە نووسینی ئۆپەرێتدا، بەتایبەتیش ئەم ئۆپەرێتە وێنەکێشانی وەرزی بەهاری کوردستانەو وەك تابلۆیەك ئەو سروشتە جوانە دەنەخشێنێت. بۆیە ئەو ئۆپەرێتە بە ناسکتر و کۆکتر و جوانتر لە چاو یەکەم ئۆپەرێتی گۆران خۆی دەخاتەڕوو. ئەو پێشکەوتنەش لە نووسینی ئۆپەرێتدا بەڕای کەمال رئووف محەمەد بۆ زیاتر شارەزابوونی گۆران لەهونەری ئۆپەرێت دەگەڕێتەوە((وا دیارە رۆشنبیری گۆران لە ماوەی ساڵانی (١٩٤٢–١٩٤٥)دا کە لەگەڵ رەفیق چالاك لە ڕادیۆیی کوردی یافادا(کوردستان) کارمەند بووە، بەهۆی تێکەڵبوونی لەگەڵ هێندێ ئەدیب و هونەرمەند ومۆسیقاژەن و نوێنەرەکانی عەرەبی میسرەوە، گەشتربووە و پتر ئاشنایەتیی لەگەڵ جۆرەکانی هونەر پەیداکردووە و پتر شارەزای مەرجەکانی ئۆپەرێت بووە))[2].

سەلام فەرەج کەریم لەنامەی دکتۆرایەکەی ئەو گەشەسەندنە بۆ کاریگەربوونی راستەوخۆی ئەدەبیاتی جیهانی دەگەڕێنێتەوە((لەگەڵ کاریگەری گەلە دراوسێکاندا، ئەدەبیاتی جیهانیش کاریگەری راستەوخۆی هەبووە لەسەر ئەو ئەدیب

[1]- حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، ل١٢٩.

[2]- هەمان سەرچاوە ،ل٥٤٣ - ٥٤٤.

و رۆشنبیرانەی کە زمانی جیهانیان زانیووە، بۆ نموونە (گوڵی خوێناوی) مامۆستا گۆران یان (ئۆپەرێت) و (پیەس لەپەردەیەکدا) ئەوە دەردەخەن کە مامۆستا گۆران بەهۆی ئینگلیزی زانینەوە ئاشنای ئەو جۆرە ئەدەبە بووە)) [1].

لەراستیشدا جگە لەو هۆکارانەی سەرەوە، گۆران خۆی هەستی بە پێویستبوونی ئەو ژانرە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا کردووە، بۆیە قۆڵی لێهەڵماڵیووە و سەرەتاش بەرهەمەکانی لەم بوارەدا ساکار بوونە، بەڵام دواتر بەهۆی قوڵبوونەوەو شارەزابوون لە ئەزموونەکان، لەنووسینی بەرهەمەکانیدا گەشەی کردووە.

گۆران لەساڵی (١٩٥٠)دا لەگەڵ یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی کە بەناوی (بەهەشت و یادگار) بوو لە بەغدا لە چاپخانەی مەعارف ، ئەو دوو ئۆپەرێتەی وەکو ئەزموونێکی سەرەتایی لەم بوارەدا بڵاوکردەوە. هەرچەندە لەو دوو ئەزموونەدا زیاتر ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی) ناودارتر بووە و چەندین جار و لە چەندین شوێن نمایش کراوە، بەپێچەوانەوە دووەم ئۆپەرێتی (ئاهەنگێك لەناوڕان) تا ئێستا ئاوازی بۆ دانەندراوە و پێشکەش نەکراوە. لەهەردوو ئۆپەرێتی گۆرانیشدا، هەست دەکەین شاعیر راستەوخۆ ناوی ئۆپەرێتی لەسەر دانەناون، ئەمەش رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە شاعیر خۆی باوەڕی تەواوی بەوە نەهاتبێت، کە بەتەواوەتی ئەو بەرهەمانەی ئۆپەرێت بن. تەنانەت لەدیوانەکەشیدا، ئەو دوو ئۆپەرێتەی لەبەشی تایبەت بە ئۆپەرێت دانەناون، بەڵکو لەگەڵ بەشەکانی تایبەت بە دەقی شیعر ریزبەندی کردوون و وەکو دەقێکی شیعری مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، بەڵام ئێمە پێمانوایە هەردوو دەقەکە ئۆپەرێتن، بەتایبەتیش (گوڵی خوێناوی) کە وەکو ئۆپەرێتێك نمایشکراوە. دواتر لەساڵی (١٩٥٣)دا، گۆران دەقی ئۆپەرێتی ئەنجامی یارانی نووسی و ئەمجارەیان ((کردەوەیەکی نواندووە و بە ئاشکرا لەخۆی ڕادیتووە نێوی لێ بنێت (ئۆپەرێتی ـ ئەنجامی یاران))) [2] و لەساڵی (١٩٥٩)ش تەنیا بەشی یەکەمی ئۆپەرێتی ئەنجامی ئەژدهاکی بڵاوکردەوە. بەمشێوەیە ئۆپەرێت لەلایەن گۆرانی شاعیرەوە جێگەو پێگەیەکی باڵای هەیە و لەسەر دەستی ئەو شاعیرە

---

[1]- سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە (عێراق)دا ، ل ٤٤.

[2]- کەمال رەئووف محەمەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل ٥٤٦.

نوێخوازەش ئەو هونەرە گەشەی کردووە و پێشکەوتووە. بەمەش ((ئەو کۆششانە دڵنیامان دەکەن کە (گۆران) بەراستیی داهێنەرو پێشڕەوی ڕاستی ئەم شێوە ئەدەبە ئۆپەرێت خوازیە بووە، شایانی باسە بشڵێین کە ئەو چەند هۆنراوە شانۆیی یێک پەردەییە کورت و نووسراوانەی ساڵی (١٩٥٣) وەك: (ماستاو ، جۆقی یۆنسکۆ، موحاکەمەی مام چەوەندەر، جق و نق) پتر بۆ (ئۆپەرێتی گاڵتەجاریی رادیۆیی) دەست دەدەن کە موخابن هێشتا دەستێکی هونەرمەندانەیان بۆ نەبراوە وبێ ناز ماونەتەوە))[١].

وەکو نمایشیش، لەمانگی (٧) ساڵی (١٩٤٦) ئۆپەرێتی گولی خوێناوی لەهۆڵی قوتابخانەی گوێژە وەکو باربووکردنێك بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی پێنجوین نمایشکراوە. هەر لەو ساڵەشدا لە قوتابخانەی ئیبن خولەکان لەهەولێر هەمان ئۆپەرێت لەلایەن لاوانی سلێمانییەوە بەسەرپەرشتی (کامەران موکری) پێشکەشکراوە و (عەبدوڵڵا رەشید سالار) رۆڵی کچەکەی بینیووە[٢]. هەمان ئەو ئۆپەرێتە لەساڵی (١٩٤٦) لە پێنجوین بەزمانی عەرەبی نمایشکراوە[٣]. هەروەها لەساڵی (١٩٤٨) هەمان ئۆپەرێت عەلی موزەفەر لەسلێمانی لەماڵی موحسین ئاغای حاجی عەزیز ئاغا رێکخستووە و لە سلێمانی نمایش کراوە[٤]. هەر لەوساڵەدا لەکۆیە و بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، ئەو ئۆپەرێتە پێشکەشکراوە کە عەلی موزەفەر دەرهێنەری بووە وئەکتەرەکانیش بریتی بوون لە : عاریف رەئوف لەرۆڵی بووك، جەمال عەبدولکەریم لەرۆڵی زاوا، خاتوو لوتفیە عەبدولقادر لەرۆڵی کارەکەر، عوسمان خۆشناو، حاجی حاجی عەزیز، واحێد نەشئەت. جەواد حەمەد بەگ باسی ئامادەکارییەکانی پێشکەشکردنی ئەو ئۆپەرێتە دەکات و دەڵێت: ((بەر لەمانگێك نەخشەو پلانی مەراسیمی ئاهەنگ لە قوتابخانەی سانیە (زانستی ئەمڕۆ) لە گەڕەکی قەڵات، لەخانوی حەمەشین داڕێژرا، پرۆڤەی شانۆگەری کاوەی ئاسنگەر و ئۆپەرێتی

---

[١]- کەمال رەئووف محەمەد، ئۆپەرێتی کوردی و یێکەم ئۆپەرێتی ڕادیۆیی، ل ٤٣.

[٢]- فەرهاد پیربال، مێژووی شانۆ، ل٨٧-٨٨.

[٣]- سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە (عێراق)دا لە ١٩٧٥-١٩٩٥، ل ٥٧.

[٤]- فەرهاد پیربال، کرۆنۆلۆژیای شانۆ لەشاری سلێمانی لەکۆنەوە تا ١٩٥٧، ل ٢١.

(گوڵی خوێناوی)، وێڕای قوتابخانەی سانیە خانووی قادرە فەندی لەبەرامبەر قوتابخانەکە بوو، بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرابوو))[1]. لەساڵی (١٩٥٢)دا دووبارە لەشاری سلێمانی ئەم ئۆپەرێتە نمایش دەکرێت و لەساڵی (١٩٥٣)شدا لەچەمچەماڵ پێشکەش دەکرێت[2]. لەبەغداش لەساڵی(١٩٧١)دا لەلایەن تیپی قوتابیانی هونەر لەسەر شانۆی (ساگع الحصری)دا و بەبۆنەی یادی گۆرانی شاعیر ئەم ئۆپەرێتەیان نمایشکردووە[3].

هەروەها لەشاری دهۆك هەمان ئەو ئۆپەرێتە نمایشدەکرێت. لەمبارەیەوە رەفعت رەجەب جەمال دەڵێت: ((شانۆگەریا (گولی خویناوی) هاتە پێشکێش کرن ل دهۆکێ ژ لایێ تیپا شانۆا (خانەیا مامۆستایا یا گوندا) ل دهۆکێ ل نەوروزاسالا ١٩٥٣، و بەشدارێن شانۆگەریێ وەك ئەکتەر ئەڤ هەڤالە بوون:( قادر علی - کو برۆلێ کچکێ رادبوو. فواد احمد ێی سترانبێژ - ب رۆلێ کورکی رادبوو) بوزانین - بینەرکێ زۆر ل دیتنا ڤێ شانۆگەریێ ئامادەبو ژ سێمێلی وزاخۆ و ئاکرێ)[4]. لەم رووەوە فوئاد ئەحمەدی گۆرانیبێژ ئاماژەی بەو ئۆپەرێتە کردووە و دەڵێت:( خانەکەمان لای گری باس بوو، درێژیی تەختەی شانۆکە حەوت مەتر بوو، پانیشی سێ مەتر. بەرزیی تەختەی شانۆ دوو مەتر و نیو دەبوو. هۆڵ جێگای سێ سەد بینەری تێدا دەبۆوە))[5]. بەم پێیە فوئاد ئەحمەد بەیەکەم گۆرانیبێژ دادەنرێت، کە بەشداری لە نواندنی ئۆپەرێتدا کردبێت و دەقی شیعرەکەی بە گۆرانی گوتبێتەوە.

هەروەها لەساڵی (١٩٤٤)دا، لە قەڵادزێ کاتێك تاهیر ئەحمەد حەوێزی دەکرێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی قەڵادزێ، شیعرەکەی فایەق بێکەس (نەسرین دەمێکە داخت لەدڵمە) بەشێوەی ئۆپەرێت نمایش دەکات. تاهیر ئەحمەد خۆی لەمبارەیەوە دەڵێت: ( ئەو ساڵە لەقەڵادزێ دەوری کچ بینین کوفر بوو،

---

[1] - جەواد حەمەد بەگ، مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆو دراما لەکۆیە( ١٩٣١-٢٠٠٧) دەزگای موزیك و کەلەپووری کوردی، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧،ل ٣٢-٣٣. هەروەها: فەرهاد پیرباڵ، مێژووی شانۆ، ل٨٧-٨٨.

[2] - سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە (عێراق)دا ، ل ٥٨.

[3] - حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، ل٨٣.

[4] - رفعت رجب جمال، بزاڤا شانۆیێ ل دهۆکێ (١٩٣٠-٢٠٠٦)، چاپخانا هاوار، دهۆك ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧. ل ٢٥.

[5] - فەرهاد پیرباڵ، مێژووی شانۆ، ل٩١.

(جەلالەدین)ی برای خۆم کردە (نەسرین) و بەرگی کچێکی لەبەرکراو سەرپۆشی پێدادراو (قادری حاجی تاهیر)یش کرا بە کوڕەکە، خەڵقێکی زۆر لە حەوشە کۆکرانەوە، هەندێ پارە کۆکرایەوە و ژنانیش لەسەر سواندە دەیانڕوانییە حەوشی مەکتەب)[1].

لەساڵی (١٩٥٢) دوای ئەوەی شاکر فەتاح بوو بە قائیمقامی شەقلاوە بایەخێکی یەکجار زۆری بە بزووتنەوەی شانۆگەری لەم شارەدا داوەو چ بەنووسین و چ بەسەرپەرشتیکردنی بەشداری لە رەوتی شانۆگەریدا کردووە. لەو نێوەشدا لەساڵی (١٩٥٣) ئۆپەرێتێك بەناونیشانی (لاوان) پێشکەشکراوە. دەقی ئەو ئۆپەرێتە لەلایەن شاکر فەتاح خۆی نووسراوە و لەلایەن ئەحمەد ئاکۆ کاری دەرهێنانی بۆ کراوە. ئەکتەرەکانیش بریتی بوون لە:( خوالێخۆشبوو یوسف تەها باقۆ، مامۆستا عەبدوڵڵا حەمەد عەولا لەرۆڵی ژن، عەبدوڵڵا عەزیز تریان کەر، جەبار ساڵح مەیتەر لەدەوری ژن، ئەنوەر سلێمان (ئەنوەر فاتۆك)، محەمەد فەقێ عەوڵڵا، شێرکۆ شاکر فەتاح، مەجید یاقووب)[2].

لەنێوان ساڵانی (١٩٥٢–١٩٥٣)دا، لەکۆیە، بزووتنەوەی شانۆگەری لە قوتابخانەکاندا لەبرەو دابووە و قوتابیان و مامۆستایان، چەندین شانۆگەری سەرکەوتوویان نمایشکردووە. ئۆپەرێتیش لەم ناوەدا ئاوڕی لێدراوەتەوە، بەتایبەتیش لەقوتابخانەی زانستیدا، کە رۆژانە لەکاتی ریزکردنی قوتابیاندا و بەسەرپەرشتی مامۆستاکانی ئەو قوتابخانەیە، شانۆگەری و ئۆپەرێتی کورتیان بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نمایش دەکرد. لەم چوارچێوەیە و هەر لەم ساڵەی خوێندندا، دەقێکی شیعری بێکەس بەناونیشانی (نەسرین دەمێکە داخت لەدڵمە) بەشێوەی ئۆپەرێت نمایشکراوە. ئەو ئۆپەرێتە لەلایەن مامۆستا (سابیر

---

[1]- تاهیر ئەحمەد حەوێزی، شانۆگەری لە کوردستان ،(١-٢)، گۆڤاری (رامان)، ژمارە(٢٧)، ساڵی سێیەم، ئەیلوولی ١٩٩٨، ل٢٠٥.

[2]- زرار عەبدوڵڵا سەرتاش، شەقلاوەو بزاڤی شانۆ لە سەرەتاوە تا ساڵی ١٩٧٥، گۆڤاری( سینەما و شانۆ)، ژمارە(٣) ، ساڵی یەکەم، ئەیلوولی ١٩٩٨، ل٢٨.

ئیسماعیل) کەبەڕێوەبەری قوتابخانەی زانست بووە، دەرهێنراوە و لەلایەن کۆمەڵە قوتابییەك نوێنراوە، لەوانە (زاهیر حەمە تەها) کە رۆڵی نەسرینی بینیووە[1].

لەساڵی (١٩٥٣)دا، عەبدولرەزاق محەمەدی شاعیر، بەشی یەکەمی ئۆپەرێتێك بەناونیشانی (زەردەواڵەو پەپوولە) لە رۆژنامەی (ژین) ژمارە(١١٤٤)ی رۆژی پێنج شەممە (١٩٥٣/٤/٩) لەسلێمانی بڵاودەکاتەوە[2] و بەیەکەم ئۆپەرێتی منداڵان لەئەدەبی کوردیدا لەقەڵەم دەدرێت. ئەو دەقە شیعرییە دواتر بەشی دووەمی بۆ زیاد کراو لەساڵی (١٩٦١) لەگەڵ دوو ئۆپەرێتی دیکە و شیعرێکی شانۆیی، بەناونیشانێکی دیکە (سەرکەتنی بەهار) لەدوو تویی کتێبێکدا بڵاوکراوەتەوە. لەبارەی ئەم ئۆپەرێتە شاعیر دەڵێت: ((منداڵ بووم، لەپۆلی دووی قوتابخانەی ناوەندی دا کە پارچەی یەکەمیم دانا و لەپۆلی سێ دا لەساڵی (١٩٥٣) بۆ رۆژنامەی (ژین)م نارد، چەند مایەی دڵفڕکی و بەختیاریم بوو کە لەدوو ژماران لە ژێر ناوی (زەردەواڵەو پەپولەدا) بڵاوکرایەوە ئەگەر چی مامۆستا (گۆران) کە ئەوسا هەڵسورێنەری (ژین) بوو کەمێك قافیەی کەچی بۆ راست کردبوومەوە))[3].

پارچەی دووەمیشی لەساڵی (١٩٥٩)دا نووسیووەتەوە کاتێك لە شارۆچکەی رواندز فەرمانبەری میری بووە، بۆیەش بۆ یەکەمجار ئەو ئۆپەرێتە هەر لەوساڵەدا و هەر لەشاری رواندزیشدا بەناونیشانی (پەپوولە)[4] لە(( ئاهەنگێکی (گەل)دا لەژێر چاوەدێری سەرکردەی دووی سوپا بەشێوەی ئۆپەرێت پیشان درا، زۆر باش سەرکەوت و لەدڵی خەڵکەکەدا جێگیربوو، بە تایبەتی ئامادەکەری ئۆپەرێت کاك (حسیب رسول) توانیبووی جلوبەرگی گوڵ و پەپوولەو وفریشتەو ئەوانی تر لەبەر دەستەیەك کچ و منداڵ بکات کەگشتیان لەتەمەنی گوڵدا بوون، هەروەها دیمەنی باڵداری شەڕو رەشەبا و هەورو هەراشی زۆر شارەزایانە نیشان دابوو کە جلی ئاڵ و

[1]- جەواد حەمەد بەگ، مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆو دراما لەکۆیە( ١٩٣١-٢٠٠٧) ،ل ٣٩.

[2]- عەبدولرەزاق محەمەد ، زەردەواڵەو پەپولە ، رۆژنامەی (ژین) ، ژمارە(١١٤٤) ، پێنج شەممە (٩)ی نیسانی ١٩٥٣ ، ل٢.

[3]- عەبدولرەزاق محەمەد ، شانۆی کوردستان، چاپخانەی صلاح الدین، بەغدا ـ عێراق ١٩٦١ ، ل٩٥.

[4]- فەرهاد پیربال، مێژووی شانۆ، ل ٩٥.

والاو گۆرانی و سەما و دیمەنی دلگیری ئۆپەرێتەکە جێگەی پەسندکردنی خەلکەکەو (سەرکردە) بوو)) [1].

لەسالی (١٩٥٥)دا (کامەران موکری) شاعیر ئۆپەرێتی (دلداریی کوڕە شوان) دەنووسێت، کە بەیەکەم ئۆپەرێتی رادیۆیی کوردی لەقەلەم دەدرێت (( ئەم بەرهەمە دەگمەنەی کامەران موکری کە لە کۆمەلە هۆنراوە چاپکراوەکانی ـ هەروەها لەسەرجەمی دیوانیدا نییەو (ون)ی کردووە و لەهیچ بۆنەیێکدا نێویشی نەبردووە: بەختی هەبووە لەکاتی خۆیدا وەك (یێکەم ئۆپەرێتی ڕادیۆیی کوردی)ی لەلایەن تیپی ڕەسمیی نواندنی ڕادیۆیی کوردیی عێراقەوە، ناسراوە بە (تیپی رەفیق چالاك) تۆمارو بلاوکرابێتەوە کە (ئاوازەکەیشی دانراوی ڕەفیق چالاك)ی بەهرەدارە)) [2].

لەم بارەیەوە رەفیق چالاك دەلێت:(( بۆ جاری یێکەم لەمێژووی نەتەوەی کورد و ئێستگەش ـ ڕادیۆکەمان ـ دا ئۆپەرێتی (دلداریی کوڕە شوان)ی محەمەد ئەحمەد تەها ـ کامەرانم تەلحین کرد و بۆ ماوەی (٣٥) دەقیقە بە گەورەترین تیپی مۆسیقای هەوایی و وەتەریی لە ئێستگەوە، بە ئاواز تەمیسلەوە بلاوکرایەوە، هەشت دەنگ بەگۆرانی ئەدای ئەکرد و گەورەترین سەرکەوتنی وەرگرت. تەواو بەدەستکاریی رێنووسەوە)) [3].

هەروەها رەفیق چالاك لە دەفتەری دەستنووسەکەیدا، کە دەقی شیعری ئەو ئۆپەرێتەشی لەخۆگرتووە. بەشێوەی هەوالێش باسی ئەو ئۆپەرێتەی کردووە ((چیرۆکی تەمسیلی بەگۆرانی بۆ سێشەممە (١٩٥٥\٣\٢٩). ئۆپەرێتی: دلداری کوڕە شوان ـ اوپریت حب الراعی. تمپیلیه شعریە، شعر محمد احمد گە ـ دەستکاری و ئاوازی رەفیق چالاك)) [4] . ئەو ئەکتەرانەی کە بەشدارییان لە نواندنیدا کردووە بریتین لە: رەفیق چالاك لەرۆلی شوان، ئەحمەد مەحموود دەنگ گەورە لەرۆلی نازەنین، نوری عەنبەر لەرۆلی باوك، ئەحمەد دلاوەر لەرۆلی ئامۆزا. ئەو ئەکتەرانە

---

[1] - عەبدولرەزاق محەمەد، شانۆی کوردستان، ل٩٦.

[2] - کەمال رەئووف محەمەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل ٥٤٧.

[3] - هەمان سەرچاوە، ل ٥٤٧.

[4] - هەمان سەرچاوە، ل ٥٤٧.

هـەر خۆشـیان لاسـایی دەنگـەکانی پیـاوانی ئاغاشـیان کردۆتـەوە، تادەقەکـە چـڕتر ببێت. جیا لەمانەش ڕەفیق چالاك ئـەو فێڵـە هونەرییانەشـی ئاشـکراکردووە کـە لـە دەرهێنانی رادیۆییدا لەو سەردەمەدا بەکاربراون لەوانەش:

١ـ دەنگی پێی وڵاخ سوار لەنزیك و دوورەوە.

٢ـ دەنگی بولبول و باڵندە.

٣ـ دەنگی سوار لە دوور و نزیکەوە.

٤ـ مۆسیقای خەمگین لەلایەن تیپی مۆسیقای ئێستگەوە.

هەروەها لەنێوان هەر کۆپلەیەکیشدا ڕەفیق چالاك نیشانەیەکی لەشێوەی (—) داناوە، کە بە ڕای کەمال ڕەئووف محەمەد دانانی ئەو نیـشانەیە بـۆ جوداکردنـەوەی کۆپڵەکانی گۆرانی گوتنەکەیە، کە بەدوایانـدا مۆسـیقا هـاتووە، کـە تـوخمی ئـاوازی مۆسیقای ئۆپەرێتەکە مـەقامی نەهاوەنـد و ڕەزمـی تـانگۆی تێکەڵـە، مۆسـیقا ژەنـی ناسراو (غانم حەداد)ی سەرۆکی تیپی مۆسیقای ڕادیۆ سەرپەرشتی کردووە و لەلایەن (عەبدوڵڵا عەززاوی)یـەوە دەرهێنـراوە[1]. لـەبارەی تۆمـارکردنی ئـەو ئۆپەرێتـەوەش کەمال ڕەئووف محەمەد دەڵێت: ((بەوردبوونەوە و سۆراخی زۆرم دا بـۆم روونـە کـە ئەم ئۆپەرێتە ڕادیۆییە، کاتی خۆی لەسەر قـەوانێکی ڕادیۆییـدا تۆمـارکراوە و دوایـی خراوەتـە سـەر شـریتی موگناتیـسرێژ، بـەڵام وادیـارە ـ لەرۆژگارێکدا ـ قەوانەکـە لەدەسـت چـووە و شریتەکەشـی ٩٩٪ چـیرۆکە تۆمارکراوەکـانی ئـەم تیپـە سڕدرابێتەوە))[2].

لەسـاڵی (١٩٥٧) شـاعیر و نووسـەر ئەبوبـەکر هـەوری (أ.ب. هـەوری) ئۆپەرێتێك بەناونیشانی (وەرزی ساڵ) دەنووسێت لـە قوتابخانـەی (ملکـە عالیـە)ی کچان لەسلێمانی نمایش دەکرێت. پێشکەشکردنی ئـەو ئۆپەرێتـەش لەچوارچێوەی ئەو ڤیستیڤاڵە شانۆییە بووە، کە ( لێژنەی سەرپەرشتی گشتی تەمسیل) کـە نـوری وەشـتی سەرپەرشـتی کـردووە، لـە قوتابخانـەکانی ئەوکاتـەی شـاری سـلێمانی ڕێکیخستووە وتێیدا چـەندین شـانۆگەری نمایـشکراوە. ئـەم ئۆپەرێتـەش لـە ڕۆژانـی

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٥٤٨-٥٤٩.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ٥٤٩.

(٢٨-١٩٥٧/٣/٢٩) لە كاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆ پێشکەشکراوە. ئەو فیستیڤاڵە دوو ڕۆژی خەیاندووە و ڕۆژێك بۆ پیاوان بووە و ڕۆژێکیشیان بۆ ئافرەتان[١]. پاشان شاعیر لەساڵی (١٩٥٩) دەقی ئەم ئۆپەرێتە بەناوی (چوار وەرزی ساڵ) لەگەڵ کۆمەڵێك لە بەرهەم شیعرییەکانی لەدوو توێی کتێبێکدا بەناونیشانی (بەرهەمی خەبات) بڵاودەکاتەوە[٢].

لەدوای شۆڕشی(١٤)ی تەمموزی ساڵی(١٩٥٨)دا بزاڤی ڕۆشنبیری بەگشتی و شانۆیی بەتایبەتی لەعێراق و کوردستان بووژایەوە و دەرفەتێکی تەواو ڕەخسا بۆ هونەرمەندان و شاعیران بە ئازادانە بیروڕایەکانیان دەربڕن و کارەکانیان ئەنجام بدەن و هەروەها چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار دەرکران، کە کاریگەرییان لە ڕەوتی ئەدەب و هونەر کرد. لەئەنجامی ئەم بزاڤەشدا دەرگا لەبەردەم بیروڕا هاوچەرخ و شێوازی نوێ کرایەوە. بەمەش بزووتنەوەی شانۆگەری شێواز و نواندنی هاوچەرخانەی گرتە بەر. لەم چوارچێوەیەشدا تیپی لاوان و قوتابیانی کۆیە، کە لەسەرەتای پەنجاکانەوە دامەزرابوو لەو ماوەیەدا بواری زیاتری بۆ ڕەخسا و پەرەی بە چالاکییەکانی دا. یەکێك لەو چالاکییانەشی پێشکەشکردنی ئۆپەرێتی (دڵداری و خەبات) بوو کە لەلایەن کەریم شارەزاوە دەقەکەی نووسرابوو و لەلایەن (بیلال بەهائەددین و جەمال عەبدولکەریم)یش نمایشکرا[٣]. هەر لەهەمان ساڵدا و لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هیوا، ئۆپەرێتێك بەناونیشانی (خوشك وبرایەك) لەلایەن (ج. دانا) نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە[٤].

لەساڵی (١٩٦٠)دا لەشاری کۆیە ئۆپەرێتی (بووکی شۆرش (کچە شۆخ وشەنگەکە)) نمایش کرا. ئەم ئۆپەرێتە لەنووسینی (بیلال بەهائەددین) و دەرهێنانی (مەدحەت ناسر بەتی) بوو ، ئەکتەرەکانیش بریتی بوون لە:(جەمال کەریم حەمە

---

[١]- نوری وەشتی، تەمسیل لە شارە پیرۆزەکەمان، ڕۆژنامەی(ژین)، ژمارە(١٣٣٥)، ساڵی (٣٢)، پێنج شەممە ١٩٥٧/٣/٧، (٥) شعبان ١٣٢٦، ل٨.

[٢]- ا. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات، چاپخانەی نەجاح ، بەغدا ـ عێراق ١٩٥٩ ، ل ٣١-٣٦.

[٣]- جەواد حەمەد بەگ، مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆو دراما لەکۆیە( ١٩٣١-٢٠٠٧)،ل ٤٣-٤٤.

[٤]- ج. دانا، ئۆپەرێتی خۆشك و برایەك، گۆڤاری (هیوا)، ژمارە(١١) ساڵی یەکەم، مایسی ١٩٥٨، ل٤٠-٤١.

مەلا لە ڕۆڵی بووك، مامۆستا بیلال بەهائەددین لەڕۆڵی زاوا، مەجید ئیسماعیل، سابیر عەبدوڵڵا جەراح) [1] .

لەساڵی (١٩٦١)یشدا، عەبدولرەزاق بیمار کتێبێکی بەناونیشانی ( شانۆی کوردستان) بڵاوکردەوە. لەپێشەکی ئەو کتێبەدا شاعیر نووسیویەتی: (( ئەم جارەش ئەم کتێبەت پێشکەش ئەکەم بەناوی (شانۆی کوردستان)ەوە کە پێکهاتووە لە چوار ئۆپەرێت و چیرۆکی شانۆیی گۆرانی ئامێز، کە ئەمانە هونەرێکی تەڕ و ئاڵ و واڵان و ئەدەبەکەمان زۆر پێویستی پێیان هەیە و لە دوارۆژیشا رەنگبێ هونەرمەندانی شانۆ و هونەرە جوانەکانی تری وەك مۆسیقا و سەماو گۆرانی سوودی لێوە ببینن)) [2] . لەدووتوێی ئەو کتێبەدا جگەلە شیعرێکی شانۆیی، سێ ئۆپەرێتی بڵاوکردۆتەوە، کە یەکێکیان سەرکەوتنی بەهارە و پێشتر باسمان کردووە، دوو ئۆپەرێتەکەی دیکەش یەکێکیان بەناوی (خەونەکانی گەنجۆ)یە، کە شاعیر لەژێر ناونیشانی ئەو ئۆپەرێتەدا نووسیوویەتی ((پێشکەشی تیپی (بالێ) و (ئۆپێرای) دوا رۆژی کوردستانمان بێت...)) [3] بەو ئومێدەی لە دوارۆژدا تیپی تایبەت بەو هونەرانە لەکوردستاندا دابمەزرێن و کارەکانی خۆیان پێشکەشی جەماوەر بکەن. ئۆپەرێتەکەی دیکەشی بەناوی (شەفی و شیرین)ە، کە باس لە خۆشەویستی نێوان شاعیرێك و ئافرەتێك دەکات.

بەمشێوەیە ئۆپەرێت لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەسەر دەستی شاعیرانی نوێخواز رێچکەی خۆی گرت و گەشەی کرد. ئەو دەقانەی کە لەو سەردەمەدا لەلایەن ئەو شاعیرانە داهێنران بە قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدان و لەدایکبوونی ئۆپەرێت دادەنرێن. ئەوەی جێگەی تێبینییە ئەوەیە کە شاعیرانی نوێخواز چۆن بە پەرۆش بوونە بۆ تازەکردنەوەی شیعری کوردی، بەهەمان شێوەش هەوڵیانداوە لەبواری ئۆپەرێت گەشە بەو هونەرە بدەن و لەم رێگەیەوە پەیامەکانیان بە میللەت بگەیەنن. لەگەڵ ئەوەش کە ئۆپەرێتەکانی ئەو قۆناغە بە دەستپێك و سەرەتا دادەنرێن،

---

[1] - جەواد حەمەد بەگ، مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆو دراما لەکۆیە ( ١٩٣١-٢٠٠٧) ،ل ٤٦.

[2] - عەبدولرەزاق محەمەد ، شانۆی کوردستان، ل ٤.

[3] - هەمان سەرچاوە، ل ٤٧.

لەهەمانکاتیشدا بوونەتە مایەی پێشکەوتنی بزووتنەوەی شانۆی کوردی بەشێوەیەکی گشتی و بەرەوپێشبردنی رەوتی مۆسیقا و هاندانی هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمە بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ بزاڤی ئۆپەرێتی کوردی.

لێرەدا بەمەبەستی زیاتر دیاریکردنی خەسڵەت و سیماکانی ئۆپەرێتی کوردی لە قۆناغی یەکەمیدا، بەپێویستی دەزانین بەراوردێك لەنێوان ئۆپەرێتی کوردی و ئۆپەرێتی ئەوروپی بکەین لەرووی بارودۆخی سەرهەڵدان و گەشەکردن و مەبەستەکانییەوە:

١- بزاڤی ئۆپێرا و ئۆپەرێت لە ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزدەهەم و لەگەڵ سەرهەڵدانی رێنسانس. بەمەبەستی زیندووکردنەوەی کەلەپووری یۆنانی و رۆمانی، ئۆپێرا و ئۆپەرێت لەدایکبوو. کەچی ئۆپێرا و ئۆپەرێت لە ئەدەبی کوردیدا بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کە لەئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی لەبواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردستانیش بەتایبەتی هات، لەلایەك وەکو پێویستییەك و لەلایەکی دیکەش وەکو خەمخۆرییەك لەدایکبوو بۆ گەیاندنی ئاستی ئەدەبی کوردی بە ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە.

٢- ئۆپێرا و ئۆپەرێت لە ئەوروپا لەئەنجامی لێکدانەوەیەکی تایبەتی کۆمەڵە شاعیر و مۆسیقارانێکی ئیتالی بۆ کەلەوپووری شانۆیی یۆنانی ورۆمانی لەدایکبوو. لەمبارەیەوە هەندێك لێکۆڵەر ئەو لەدایکبوونەیان بە رێککەوت زانیووە. بەڵام ئۆپێرا و ئۆپەرێت لە ئەدەبی کوردیدا لە ئەنجامی وەرگێڕانی دەقێکی ئۆپەرێتی فەرەنسی لە رۆژنامە و دواتر داڕشتنەوەی ئەو دەقە وەرگێردراوە بە شیعر لەلایەن شاعیرەوە هاتۆتە کایەوە.

٣- ئۆپێرا و ئۆپەرێت لەکۆمەڵگای ئەوروپیدا سەرەتا لەنێو کۆشك و تەلاری چینی سەرەوەی کۆمەڵ کە بەچینی ئۆرستوکراتی ناسراوە سەریهەڵدا و بایەخی پێدرا و گەشەی کرد و دواتر چووە نێو چینی خوارەوەی کۆمەڵ. کەچی ئۆپەرێت لەئەدەبی کوردیدا زیاتر لەسەر دەستی چینی خوێندەوار و رۆشنبیران هاتەکایەوەو

لەدایكبوو، و لەنێو مەڵبەندی زانست و زانیارییەوەش پێشكەش دەكرا كە قوتابخانەكان بوون.

٤ـ پاڵپشتیكردن و هاندانی ماددی و مەعنەوی فەرمانڕوایانی ئەوروپی لە ئۆپێرا و ئۆپەرێت و لەئەستۆگرتنی سەرجەم خەرجییەكانی و ئامادەبوونیان لە هۆڵەكانی نواندنیدا. بەپێچەوانەوە یەكێك لەو هۆكارانەی كە بوونەتە درەنگ سەرهەڵدانی ئۆپێرا وئۆپەرێت لە ئەدەبی كوردیدا، نەبوونی دەوڵەت ودەسەڵاتی كوردییە. هەر بۆیە كورد وەكو خەباتێك بۆ گەیشتن بە مافە رەواكانی و چارەسەركردنی كێشە ناوەخۆیی و دەرەكییەكانی، پەنای بۆ هەموو شێوازەكانی دەربڕینی هونەریی و ئەدەبی لەنێویشیاندا ئۆپەرێت بردووەو وەكو چەكێك لەم پێناوەدا بەكاری هێناوە.

٥ـ لە ئەدەبی ئەوروپیدا سەرەتا ئۆپێرا لەدایكبوو، و برەوی سەندو گەشەی كرد و چەندین شێوازی وەكو ئۆپێرای كۆمیدی و ئۆپێرای تراژیدی لەخۆگرت . دواتر لە ئەنجامی گۆڕانی بارودۆخ، هەروەها بێزاربوونی جەماوەر لە ئۆپێرا، بەتایبەتیش ئۆپێرا تراژیدییەكان، ئۆپەرێت وەكو ئۆپێرایەكی بچووك هاتەئاراوە، كەچی لە ئەدەبی كوردیدا بەپێچەوانەوە، سەرەتا ئۆپەرێت لەدایكبوو و گەشەی كرد و جەماوەر پێشوازی لێكرد و دواتر هەوڵێك درا بۆ نووسینی ئۆپێرا ، بەڵام سەركەوتنی بەدەست نەهێنا و تا ئێستاش لەدایك نەبووە.

٦ــ نمایشكردنی ئۆپێرا و ئۆپەرێت لەئەوروپادا زیاتر بۆ كات بەسەربردن و رزگاربوون بوو لەدەست بێزاری و رەشبینی و نائومێدییەكانی ژیان و نەهامەتییەكانی جەنگ، بەتایبەتیش ئۆپەرێت، كەچی ئۆپەرێتی كوردی زیاتر وەكو چەكێك و خەباتێك لەلایەن شاعیرانی نوێخوازی كورد بەمەبەستی هۆشیاركردنەوەی میللەت و تەیاركردنی بۆ گەیشتن بە مافەكانی و چارەسەركردنی كێشە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانی هێنرایە نێو ئەدەبیاتی كوردییەوە.

٧ـ لە رەوتی ئۆپەرێتی ئەوروپیدا، هەمیشە ململانێیەكی توند لەنێوان شاعیران و مۆسیقارانەكاندا هەبووە و هەر كەس لەروانگەی سەرخستنی دەقی شیعری یاخود پارچە مۆسیقایەكەوە لێیانڕوانیووە. لەم رووەوەش بزووتنەوەی چاكسازی بەرپاكراوە بۆ گەڕاندنەوەی پلەوپایە بۆ دەقی شیعری ئۆپێرا و ئۆپەرێتەكاندا،

کەچی لەنێو بزاڤی ئۆپەرێتی کوردی ئەو ململانێیە بەرچاو ناکەوێت و هەمیشە دەقە شیعرییەکان سەنگ و قەبارەی خۆیان هەبووە.

٨- ئۆپێرا وئۆپەرێتەکانی ئەوروپا زیاتر بەناوی ئاوازدانەرەکانەوە ناسراونەتەوە، بەتایبەتیش ئاوازدانەری گەورەی وەکو بیتهۆڤن و شتراوس و مۆزرات و...هتد بەشدارییان لە دانانی مۆسیقای ئۆپێرا و ئۆپەرێتەکاندا کردووە. بەپێچەوانەوە ئۆپەرێتی کوردی بەناوی شاعیر وەکو داهێنەری دەقە شیعرییەکە زیاتر ناسراوەتەوە.

٩ـ ئاواز و مۆسیقای ئۆپێرا و ئۆپەرێتەکانی ئەوروپا داهێنانی گەورەیان لەمێژووی مۆسیقای جیهانیدا تۆمار کردووە و پێنگاڤێکی گەورەیان بە رەوتی مۆسیقای جیهانی بەخشیووە. لەبەرامبەردا کورد لە رووی مۆسیقا و رۆشنبیری مۆسیقاوە لەوسەردەمدا لەپلەی نەبووندا بووە و زۆر هەژار بووە، هەر بۆیەش یەکەم ئۆپەرێتی کوردی لەسەر ئاوازی ئۆپێرایەکی فارسی، گوتراوەتەوە.

١٠- هونەرمەندان و گۆرانیبێژان بەشدارییەکی کارایان لە نمایشکردنی ئەو ئۆپێرا و ئۆپەرێتانە هەبووە. تەنانەت هەندێك گۆرانیبێژ وەکو پیشەگەرییەك بەتەنیا لە ئۆپێرا و ئۆپەرێتەکاندا گۆرانی چڕیوە، بەگۆرانیبێژی ئۆپێرالی ناسراوە، کەچی لە قۆناغی یەکەمی ئۆپەرێتی کوردیدا هونەرمەندان و گۆرانیبێژان بەشدارییان لەو بزاڤەدا نەکردووە وئەوانەی بەشدارییان تێدا کردووە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن.

١١- ئۆپێرا و ئۆپەرێتەکانی ئەوروپا لە نێو هۆڵی شانۆیی پێشکەشکراون، کە تایبەت بۆ نمایشکردنی ئۆپێرا و ئۆپەرێت بنیاتنراون و لەرووی تەلارسازییەوە ئەو هۆڵانە لەم سەردەمەدا بەیەکێك لە شوێنەوارە گرنگەکانی ئەدەبی و هونەری لەقەڵەم دەدران. کەچی ئۆپەرێتی کوردی لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە زیاتر لەنێو پۆلەکانی قوتابخانەکان و گۆڕەپانەکانی نێو شار نمایشکراوە. لەو سەردەمدا وتا ئێستاش هۆڵی شانۆیی تایبەت بە نمایشکردنی ئۆپێرا وئۆپەرێت نەبووەو نییە.

١٢- ئۆپێرا و ئۆپەرێتی ئەورووپی خاوەنی دیکۆری تایبەت بە نمایشەکە بووە. بەشێوەیەکی گشتی لەرۆژئاوادا خەرجییەکی زۆر لە دیکۆرسازیی بۆ ئۆپێرا و ئۆپەرێت کراوە، کە دەبووە هۆکاری سەرنجراکێشان و جێگەی سەرسورمانی

بینەران، بەتایبەتیش لە ئۆپەرێتی ئەمریکیدا، کە بەهۆی ئەو دیکۆر و جلوبەرگەوە خەرجییەکی گەورەی پێویست بووە، کەچی لە ئۆپەرێتی کوردیدا دیکۆر و جلوبەرگ بەو شێوەیە نەبووەو زۆر سادەو ساکار بووە و دەتوانین بە بەراورد لەگەڵ ئەزموونی ئەو وڵاتانەدا بە نەبوونی دابنێین.

١٣- بەمەبەستی سەرنج راکێشانی جەماوەر، ئۆپێرا و ئۆپەرێتی ئەوروپی پەنایان بۆ پیشاندانی ئەکتەرەکان بە رووتی و نیمچە رووتی دەبرد، بەتایبەتیش ئافرەتەکان. ئەم شێوازەش لەگەڵ داب ونەریتی کۆمەڵگەی کوردیدا ناگونجێت. لەهەمانکاتیشدا ئافرەتانی کورد بەمەبەستێکی دیکەوە هاتوونەتە سەر تەختی شانۆ و رۆڵیان لە نواندنی ئۆپەرێت و شانۆدا گێڕاوە و هەوڵیانداوە ئافرەتی کوردیش هۆشیار بێت و لە کۆڕی ژیانا شان بەشانی پیاوان خەبات بکەن. هەر بۆیە لەگەڵ لەدایکبوونی شیعری شانۆییدا ئافرەتان، بەتایبەتیش قوتابییان و مامۆستایانی قوتابخانەی کچان لەو سەردەمەدا بەشدارییان لە نواندنی شیعری شانۆییەکاندا کردووە.

١٤- لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، بزاڤی ئۆپێرا و ئۆپەرێتی ئەوروپی رووی لەکزی و خامۆشی کرد. لەبەر گەلێك هۆکار لەوانەش زۆری خەرجی تێچوونی و پشتلێکردنی گۆرانیبێژان و مۆسیقازانەکان و داهێنانی تەکنەلۆژیای نوێی سینەما و فیلم و ڤیدیۆ. کەچی کورد لە سەرەتای ئەو سەدەیەدا ئاشنای ئۆپەرێت بوو وەکو هونەرێکی نوێ هاتە نێو ئەدەبی کوردییەوەو لەدایکبوو.

# بەشی سێیەم

## ناوەرۆك و تەكنیكی
## شیعری شانۆیی لەئەدەبی كوردیدا

# تەوەری یەکەم

# ناوەڕۆکی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا

شیعری شانۆیی لەسەرەتای بوون و گەشەسەندنییەوە، لەنێو کایە و بوارەکانی هزری و ژیاری کۆمەڵی کوردیدا هاتۆتە کایەوە، بۆیە بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردی بەهەموو رەهەندەکانییەوە، ڕەنگدانەوەی لەسەر خوڵقاندنی دەقەکانی شیعری شانۆییدا هەبووە. شاعیران وەکو چینێکی دەستەبژێری نێو ئەو کۆمەڵگەیە، بۆ ئەوەی ئامانج و پەیامەکانی خۆیان بە تاکی کورد بگەیەنن، تەنیا دڵیان بەوە ئاوی نەخواردۆتەوە، کە شیعری کوردی تازەبکەنەوەو بەشێوازێکی نوێ پێشکەشی تاکی کوردی بکەن، بەڵکو بۆ گەیاندنی مەبەستەکانیان، چەندین شێوە و ژانری دیکەیان تاقیکردۆتەوە.

لەو رێگایەشەوە هەوڵیانداوە میللەت لە بەرامبەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی ژیانی هۆشیار بکەنەوە و بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافەکانی خۆی ئاراستەی بکەن. بۆیە شاعیر وەکو کەسایەتییەکی رۆشنبیر لەو سەردەمەدا وایلێهات (( هەڵوێست وەربگرێت لە کەون و بوون، لە مێژوو و واقیع، لە بزاقی کۆمەڵگەو ئیقاعی ژیان))[1]. ئەو هەڵوێستەی شاعیرانیش هاوکات بوو لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییەی، کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کوردستانی گرتەوەو لەگەڵە خۆیدا گۆڕانکاری لە هزر و بنیاتی کۆمەڵایەتی و دیدگای شاعیران و نووسەرانیش داهێنا و بەهۆیەوە ئەدەبی کوردیش بە گوێرەی گۆڕانکارییەکان پێشکەوت و پەرەی سەند. هاتنەئارای ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنە ئەدەبییەش، هاوتەریب بوو لەگەڵ داخوازیی و ویستی خەڵکی، چونکە شاعیر و نووسەران لەرێگەی بەرهەمەکانیانەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکەن، بۆیە دەبوایە بیرۆکە و بابەتەکانیان لەئاست ئەو داخوازییەی خەڵکی دابێت، چونکە ((هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و

---

[1]- د.صلاح الفضل، تحولات الشعرية العربية، دار الأداب، بيروت ٢٠٠٢، ص٨.

سیاسی لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێ گۆڕانکاری تازە دێنێتە ئاراوە، بەواتایەکی تر ئەو گۆڕانکاریانە کار دەکەنە سەر رەوتی ئەدەب و هونەر و گۆڕان لەو بوارانەدا))[1].

لەم چوارچێوەیەشدا شیعری شانۆیی لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە، بەتەواوەتی لەژێر کاریگەری و کارتێکردنی بارودۆخی ژیاری و شارستانی ئەو دەمی کۆمەڵگەی کوردیدا بووە و وێنەی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی تاکی کوردی گرتووە((ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو دەقانەی بەرجەستەی ئازار و خواستەکانی تاکە کەس دەکەن دەقی زیندوونین، نەخێر لەبارێکی تردا تاکە کەسیش بەشێکە لە کۆمەڵ و ئازارو ویستەکانی ئەو ئازارو ویستەکانی کۆمەڵە))[2]. لەبەر ئەوە دەقەکان لەم قۆناغەدا ((چەند پەیوەندی بە کێشەیەکی سیاسیەوە هەیە، هێندەش پەیوەندی بە خاسیەتەکانی کۆمەڵی کوردەواری و دەروونی مرۆڤی کوردەوە هەیە))[3]، بۆیە بارودۆخی ئەو سەردەمی کوردستان فاکتەری هاتنەکایەی شیعری شانۆییە، کە ئەویش لەژێر پاڵەپەستۆی ئەو کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەدا پەنگی خواردۆتەوەو شاعیران هەوڵیانداوە چارەسەرییەکی زانستی و گونجاو بۆ ئەو کێشانە بدۆزنەوەو خەڵکی لەمبارەیەوە هۆشیار بکەنەوە((شاعیرانی کورد پەیامدارانە و وشیارانە روویان لە چەند بابەتێکی شیعری کردووە تا ئەرکێکی دیاریکراویان پێ ببینن، وەك ئەرکی سیاسی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و ئایینی ...هتد))[4].

دەستنیشانکردنی ئەو ئەرکانە، سەلمێنەری ئەوەیە کە نەوەیەکی نوێ لە بیرۆکە و بۆچووندا لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا هاتنەکایەوە. بوونی ئەو نەوە نوێیەش پێویستی بە بوونی رێچکە و رێبازی هاوچەرخ دەکرد بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان. ئەو

---

[1]- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی. ل٥٥.

[2]- عەتا قەرەداخی، گەڕان بەدوای ناسنامەدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠١، ل٤.

[3]- فەرهاد پیربال، مێژووی شانۆ، ل٥٣.

[4]- نەسرین رەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لەئەدەبی کوردیدا ـ سالآنی (١٩٢٠-١٩٥٨)، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠١٠، ل١٠٩.

پەیامەی بەحوکمی گۆڕانکارییەکان جیاوازتر بوو لە پەیامی نەوەکانی رابردوو. بۆیە گۆڕانکاریی لە گوتاری ئەو پەیامەشدا هاتەکایەوە.

لەگەڵ ئەو کرانەوەو گۆڕانکارییەش بابەتی رەخنەگرانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوونە چەکێکی دەستی شاعیران، کە لەلایەکەوە رەخنەیان لە دەسەڵاتی سیاسی ئەو سەردەمە دەگرت و لەلایەکی دیکەشەوە داب و نەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵایەتی و تەنگوچەڵەمەکانی بەردەم مرۆڤی کوردیان دەستنیشان دەکرد و بەرچاویان ڕووناك دەکردەوە. لە ئەنجامی ئەو هەستە نەتەوەییە باڵایەی کە لەو سەردەمەدا کورد وەکو هەموو میللەتانی دیکە کردبوویە رێگەیەك بۆ هۆشیاربوونەوەو کارکردن بۆ وەرگرتنی مافەکانی. لەم ڕووەوەش ئاوڕدانەوە لە کەلەپوور و بیروباوەڕی دێرینی میللەتی کورد، یەکێك بوو لە ئامانجە سەرەکییەکانی شاعیرانی نوێخوازی ئەو سەردەمە. ئەمەش بۆ ئەوەی تا کورد شانازی بە باب وباپیرانی خۆیەوە بکات و مێژووی خۆی لەیاد نەکات و بیروباوەڕی نەتەوەیشی بەهێزتر بکات. بۆیە بابەت و مێژووی کۆنی کورد کرانە هەوێنی چەندین بابەتی شیعری شانۆیی و شاعیران بەهۆی ئەوانەوە بیروباوەڕ وگوتاری خۆیان ڕوونکردەوە و بابەتەکانی کۆنیان کردە پردێك بۆ نوێبوونەوە و گەیاندنی پەیامە هاوچەرخەکەیان. لەهەمانکاتیشدا بەمەبەستی پەروەردەکردنی نەوەی نوێ و پێگەیاندنیان لەسەر بنچینەیەکی زانستی و راستی و کوردپەروەری، چەندین بابەتی پەروەردەئامێزیان نووسی و پەیامی فێربوون و زانست و زانیاری بۆ بەرامبەرەکەیان ڕوونکردەوە.

بۆیە شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا لەچوارچێوەی سنووری بابەتە (سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و پەروەردەیی و رخنەئامێز)ەکاندا هەوڵی داوە ناسنامەیەك بۆ خۆی دەستەبەر بکات و ببێتە وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی ئەو کاتەی مرۆڤی کورد و پڕکردنەوەی بەشێك لە پێداویستییەکانی. لێرەدا ئێمە

بابەتەكانی شیعری شانۆیی كوردی لەرووی سیما و ناوەرۆك و مەبەست و ئامانجەوە شیدەكەینەوە* :

## ـ سیاسی:

بارودۆخی سیاسی كاریگەری لەسەر باری كۆمەڵگەو باری ئەدەب و هونەر هەیە، بەتایبەتیش لەو سەردەمەدا كوردستان رووبەرووی پارچەكردن و داگیركاری ببوو. لەبەرامبەریشدا وەكو كاردانەوەیەك دژ بەو زوڵم و زۆردارییەی، كە لەكوردستان پەیڕەو دەكرا و ڕابوونێكی نەتەوەیی كوردستانی تەنیبوو، و زنجیرەیەك راپەڕینی یەك لەدوای یەك بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی كوردستان بەرپاكرابوو، شاعیران و روناكبیرانی كورد نەك هەر پاڵپشتی ئەو رابوونە نەتەوەییەیان دەكرد، بەڵكو خۆشیان بەشدارییان لە شۆڕشەكانی كورد كردووە و وەكو كەسانێكی دەستەبژێر هەمیشە لەهەوڵی وریاكردنەوەی رۆڵەكانی گەلی كوردا بوون. لەنێو دۆخێكی واشدا هەمیشە ئەدەب و هونەر لەخزمەت مەسەلە باڵاكانی نیشتمان دەبن و لەئاست ئەو رووداوە گەورەیەی كەخەمی گەورە و بچووكە، وەكو بەجێگەیاندنی ئەركێكی نیشتمانی پیرۆز، ناواخن و زمانحاڵی میللەتەكەی دەبێت.

ئەم بۆچوونەش كاریگەری لەسەر ((دەركەوتنی جۆرێك لە ڕوانین و بۆچوون دەربارەی ئەدەب و هونەر و هەوڵدان بۆ جێگەكردنەوەی ئەدەب و هونەر لەنێو ململانێ سیاسی و ئایدۆلۆژی وحیزبیدا))[(١)] هەبووە و تاكی كورد بە هەستێكی نەتەوەیی ونیشتمانپەروەری بارگاوی كردووە. بۆیە دەبینین یەكەم دەقی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی كوردیدا لەژێر رۆشنایی بیروباوەڕێكی نەتەوەییدا هاتۆتە بەرهەم. (ئینتیباه) وەكو یەكەم دەقی شیعری شانۆیی لەشێوەی ئۆپەرێتدا لەژێر

---

* لەم بەشەدا لەكۆی (٢٦) دەقی شیعری شانۆیی لە قۆناغی یەكەمدا، (٢٢)دەقی شیعری شانۆییمان وەكو نموونە بۆ كاری پراكتیك وەرگرتووە، لەم چوارچێوەیەشدا دوای گەڕان و سۆراخ وپرسیاركردنێكی زۆر و پەیوەندیكردن بە خاوەنەكانیان، ئەوانەی كە لەژیاندا مابوون، بەڵام (٤)دەقمان بەدەست نەكەوت، ئەوانیش بریتین لە(دایك، لاوان، دڵداری و خەبات، بووكی شۆڕش) .

١- عومەر میراودەلی، زمانی دەق، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ـ كوردستانی عێراق، ٢٠٠٨، ل٤١.

کاریگەرییەتی هزری نەتەوەییدا لەلایەن شێخ نوری شێخ ساڵح نووسراوەتەوە و دەربڕی حاڵەتێکی سیاسییە کە لەکوردستاندا هەبووە.

ئەو حاڵەتە و بارودۆخە سیاسییە وای کردووە وەکو پێداویستییەك بیر لە بەرهەمهێنانی پرۆژەی دەقی نەتەوەیی بکرێتەوە. واتە فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ هاتنەئارای ئەو بەرهەمانە. ئەمەش لەلایەکەوە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی سەردەمی خۆی بووە و لەلایەکی دیکەشەوە مەبەست لێی وشیارکرنەوە و بەرزکردنەوەی گیانی نیشتمانپەروەریی خەڵکی بووە. هەروەها نمایشکردنی ئەو بەرهەمانەش لەنێو قوتابخانەکاندا زیاتر لەبۆنە نیشتمانییەکاندا خۆی دەبینییەوە ((شانۆی قوتابخانەکان (بەهاوکاری قوتابی و مامۆستایان) کە لەهەستێکی نەتەوەییەوە هەڵقوڵابوون و زیاتر لە بۆنە نیشتمانییەکاندا پیشان دەدران))[1] و دەبوونە مینبەرێکی بەهێز بۆ پێشخستن و پەرەسەندنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری، بۆیە ئۆپەرێتی (**ئینتیباه**)ی شێخ نوری شێخ ساڵح دەچێتە خانەی ئۆپەرێتی نەتەوەیی و خاوەن ناوەرۆکێکی نەتەوەییە و هەر وەکو چۆن دەقە فەرنسییەکە لەژێر کاریگەری شۆڕشی گەورەی فەرەنسا نووسراوە بەهەمان شێوە ئەو ئۆپەرێتەش لەژێر کاریگەری هزری نەتەوەیی نووسراوە. ناونیشانەکەشی (**ئینتیباه**) دیارە رەنگدانەوەی ناوەرۆکەکەیەتی و واتای ئاگاداربوون و هۆشیاربوونەوە و ئامادەباشی دەگەیەنێت. ئەمەش گەشەسەندنی هزری نەتەوەیی ئەو سەردەمەمان بۆ پیشان دەدات.

شێخ نوری لەو دەقەیدا لەرێگەی وێناکردن و بەرجەستەکردنی ململانێی نێوان گەلی کورد و دوژمنەکانییەوە. بەواتایەکی دیکە پیشاندانی ململانێی نێوان هێزی چاکە و هێزی خراپەیە. وروژاندنی ئەم باسەش لەم سەردەمەدا زیاتر بۆ بەرزکردنەوەی حەماسەتی نەتەوەی کورد بووە لەدژی داگیرکارانی. سەرەتای ئەو ململانێیەش بە هاتنەئارای شەڕێکی گەورە دەست پێدەکات و شاعیر لەسەر زاری دلاوەران زەنگی بەرپابوونی ئەو شەڕە رادەگەیەنێت:

---

[1]- د. فەرهاد پیربال، شانۆی کوردی لەکوردستانی عیراق لەساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٠دا، گۆڤاری ( سینەما و شانۆ) ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠٠١، ل٤.

**شێرانە ئەوا مەعرەکە ئارایی وەغا بووین**

**بۆ ڕشتنی خوێناوی عەدوو حازری ڕابووین**

**لەپێشمانەوە هەروا، بەیداخی ڤهفەر ئەڕوا**

**ڕیشەیی عەدوو با دەربێنین،**

**حەق بە دەستی خۆمان بستێنین**

**بۆ نەمانی مەزالیم، سوارانی جەنگی**

**تەپڵی بازیان لێدا بەشۆخ و شەنگی** (دیوانی شێخ نوری شێخ سالّح، ل ٤٤٩)

دوای ڕاگەیاندنی شەڕەکە، کە شەڕی بەرگریکردنە لەخاك و نیشتمان، شاعیر وێنەی ئەندامانی نێو کۆمەڵگەی کوردی کێشاوە لە باوك و دایك و منداڵ، کە هەموو بەگیان ئامادەن بۆ تێکۆشان و پارێزگاریکردن لە نیشتمان.

لەکۆتایشدا، چەك بەدەستەکان لەبەرامبەر ئەو داواکارییەی خەڵکی بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنەکان و سەرکەوتن لە شەڕەکەدا، پەیمان دەدەن ریشە و رەگی زاڵمەکان ببڕن و نەهێڵن دوژمن زەفەریان پێ ببات و گیان فیدایی خۆیان رادەگەیەنن:

**زاتەن ئێمە خوڵقاوین بۆ خزمەت کردن**

**بۆ ئەوەی فیداکار بین تا رۆژی مردن** (دیوانی شێخ نوری شێخ سالّح، ل ٥٠١)

هەرچەندە شاعیر ویستوویەتی ئامادەباشی رۆڵەکانی میللەت دیاربخات بۆ خۆبەختکردن لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمان، لەگەڵ ئەوەشدا ویستوویەتی حاڵەتێکی سیاسی و نیشتمانپەروەری دەرببڕێت، زیاتر لەوەی وێنای ئامادەباشی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە بکات. ئەو حاڵەتە سیاسییەش دەربڕی بارودۆخی کوردستان بووە، کە لەو سەردەمدا زنجیرەیەك راپەڕینی بەرپاکردووە بۆ سەندنی مافەکانی، بۆیە ئەو بیرۆکەی کە شاعیر بابەتەکەی خۆی لەسەر بنیاتناوە، تایبەت نییە بە چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵ، بەڵکو پەیوەستە بەتەواوی گەلەوە، چونکە ئەم ئۆپەرێتە بەتەنیا (( هەر هەستی نەتەوایەتی (شێخ نوری)ی پێشان

نەدابوو، هەست و تەزوو و تاسە و بیروباوەڕی دڵ و دەروون و هۆشی کوردەواریی ئەو سەردەمەشی دەربڕیبوو))[1] .

هەر ئەم هۆکارەش وای لە شاکر فەتاح کردبوو هیوای ئەوە بخوازێت ناوی ئەو ئۆپەرێتە (پرشنگی ئازادی)ی بوایە: ((گەلێك جار لە دڵی خۆمدا دەمگوت: کاشکی (محموود جەودەت) و (شێخ نوری) ناویان بنایە (پرشنگی ئازادی)، چونکە لە راستیدا هەر کەسێ گوێی لەو گۆرانییە بێت و ناوەرۆکەکەی تێبگات، (ئازادی) پرشنگ دەدات بەناو هەموو دڵ و دەروون و لەش و هۆشیدا و ، ئاراستەشی دەکات بۆ خەباتکردن لەپێناو دەستخستنی ئازادیی گشتیدا))[2]. لەراستیشدا مەحمود جەودەت لە وەرگێڕانی دەقێکی ئۆپەرێتی فرەنسی بۆ سەر زمانی کورد، لەلایەکەوە مەبەستی بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی کورد بووە بەرووی دوژمنەکانیدا و لەلایەکی دیکەشەوە پەروەردەکردنی خەڵك بووە بە گیانی دیموکراسی بۆ رەخنەگرتن لە کەموکورییەکانی دەسەڵاتی کوردیشدا. ئەوەتا محەمەد مەلا کەریم دەڵێت: (( مەحموود جەودەت هەر لەساڵی ١٩٢٤ –١٩٢٥دا ئەم پارچەی کردووە بەکوردی ، چونکە هەندێ پەلاری تیا داناوە بەرامبەر بە رەوشتی حکومەتی خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودی حەفیدا))[3]. واتە مەحموود جەودەت ئەم کارەی وەکو چەکێك بەکارهێناوە بۆ وشیارکردنەوە لەکەموکورییەکانی وڵاتەکەی.

بەهەمان شێوە(ج. دانا) لە ئۆپەرێتەکەیدا ( خوشك وبرایەك) جەخت لەسەر بیروباوەری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری دەکاتەوە. شاعیر لە هەڵبژاردنی ناونیشانەکەیەوە دەیەوێت ئەوە رابگەیەنێت، کە ئافرەتانیش شان بەشانی پیاوان لەکۆڕی خەباتدا تێدەکۆشن و لەم رووەوە هیچ جیاوازییەك لەنێوانیانیدا نییە، چونکە نیشتمان بۆ هەمووان وەکو یەکە و ئەرکی لەسەر هەمووان هەیە. سەرەڕای ئەمانەش بەلای شاعیرەوە هەموو دەردو بەڵاو نەخۆشییەك لەئەنجامی رەوشی داگیرکردن هاتووە. کوردستان هەرچەندە دەوڵەمەندەو پڕ لە سامانە، کەچی

---

[1]- سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح، کۆکردنەوەو رێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ل٣٠١.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل٣١٢.

[3]- ئازاد عەبدولواحید، دیوانی شێخ نوری شێخ سالح، ل ٥٦.

بەهۆی داگیرکردنی خاکەکەی و دیلکردنی گەلەکەی چەندین نەخۆشی ترسناکی تێدا بڵاوبۆتەوە. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو زوڵم و زۆردارییەش هەردووکیان بڕیاردەدەن وەکو خوشك و برایەك کۆتایی بەو بارە ناهەموارە بهێنن:

**وا ئەڕۆین خوشك و برا هاوار ئەکەین بۆ لاوەکان**

**کوان.؟ وەرن.! نوبەی خەباتە قەومی کوردی قارەمان**

(خوشك و برایەك، ل٤٠-٤١)

شاعیر لێرەدا نهێنی ناونیشانی ئۆپەرێتەکەمان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەویش مەسەلەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتییە. دیارە هەردوو پاڵەوان خۆشەویستی یەکترن، بەڵام بەهۆی داگیرکردنی کوردستان و رەوشی دواکەوتنی کۆمەڵگە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، ئەو مەسەلەیە دوادەخەن و بڕیاردەدەن وەکو خوشك وبرایەك خەبات بکەن بۆ ئەوەی وڵات رزگار بکەن و ئازادی بەدەست بهێنن. دواتر بەهیوایەکی زۆرەوە دەڕواننە ئایندە:

**گیانە مەگری وا (سبەی) دێ، پڕ لەگاڵتەوگەپ**

**دوور لە شەڕ ( خواکانی شەڕ) یەك یەك بەبێ ترس سەربڕین**

(خوشك و برایەك، ل٤٠-٤١)

دیارە هەردووکیان لەسەر ئەوە کۆکبوونە کە لە ئایندەدا (سبەی)، کە وڵات ئازاد دەبێت و ترس لە کوشتن و بڕین نامێنێت، پرۆسەی بەیەکتر گەیشتنیان ئەنجام دەدەن. ئەم هەڵوێستەشیان پتەوی و باڵابوونی باوەڕی نەتەوەیی لایان نیشان دەدات.

بەرپابوونی شۆڕشی (١٤)ی تەمموز لەعێراق وەکو رووداوێکی گەورەی سیاسی، کاریگەری لەسەر راوبۆچوونی شاعیران هەبووە و لەنێو ئەدەب و هونەردا رەنگیداوەتەوە. گۆرانی شاعیر بەم بۆنەیەوە شیعرێکی شانۆیی بەناوی (شۆڕشگێر) نووسیوە وتێیدا رووخانی پادشایەتی بە رووخانی ئیمپریالیزم بەستۆتەوە. لەم شیعرە شانۆییەدا کە ((تایبەتە بە هەڵهاتنی خۆری چواردەی تەمموز.. دەستەیەك ئاغا و سەر جاسوس و مەلایەکی خۆفرۆش و کۆنە حاکمێك و سەرەك پۆلیس و بازرگان و پزیشك و شەپەزلێك کنەیان لە دۆزینەوەی هۆی کەوتنی پیاوە زلەکەی

ئیمپریالیزم دەکرد و هەر یەکەیان بەپێی بۆچوونی خۆی پەنچەی بۆ دەردێك درێژدەکرد))[1] وبەخەم وخەفەتەوە ئەو دەردانەیان دەژمارد، کە بەڕای ئەوان هۆکاری لەناوچوونی ئیمپریالیزم بوونە. بەپێچەوانەی ڕای ئەوانەوە، شاعیر هەر وەکو دانپێدانانێك و پەشیمانبوونەوەیەك هۆکاری سەرەکی کەوتنی ئیمپریالیزمی دەستنیشان کردووە:

**بەهەناسەی ساردەوە ئەیوت: مردم.....**

**زۆر بایی بووم، باییبوون وای لێ کردم!** (دیوانی گۆران، ل ٢١٨)

لەهەمانکاتیشدا وێنەی بەرەی گەل و ساتەکانی سەرکەوتنی شۆڕش و لەناوبردنی ئیمپریالیزمی کێشاوە:

**لەلێشاوی کۆبوونەوەی گەل، یەك دەنگ**

**وتی: سەرباز. بژی!. کوشتی بە تفەنگ**

**سەربازی لاو، ڕۆڵەی دڵسۆز و ئازا**

**بەرەو ڕووی گەل بەگوڕ پەنجەی ڕاکێشا**

**. من نیم، ئەوە، هەر خۆیەتی کۆڵنەدەر**

**کۆنەڕووخێن، بنیاتی تازە دانەر** (دیوانی گۆران، ل ٢١٨-٢١٩)

شاعیر هۆکارەکانی ئەو سەرکەوتنەشی بە یەکریزی گەل و سوپا بەستۆتەوە، لەدژی زۆرداری و ئیمپریالیزم ((جەماوەری سەرکەوتووی شۆرشگێری گەل بەیەك دەنگ هاوار بۆ ژیانی سەربازی دڵسۆز و ئازای گەل دەکەن، کە ئەمیش نیشانەی ئەوەیە دەستێکی باڵای لە تەقینەوەی ئەو شۆڕشەدا بووە، کە سەربازیش بەوپەڕی راستی و پێزانینەوە دەست بۆ لای گەل درێژ دەکات و دان بەوەدا دەنێت کە هەر گەل کۆنەرووخێنی بنیاتی تازەدانەرە)) [2].

هەر لەو ساڵانەدا نەهامەتییەکانی شەڕ، ژیانی مرۆڤیان خستبووە بارێکی ترسناکەوە و دێوەزمەی جەنگ هەستی گەلان و مرۆڤایەتی دەبزواند، بەتایبەتیش کە جگە لە ئاشتی و پێکەوەژیان، هیچ ڕێگەیەکی دیکە نەبوو بۆ کۆتایی هێنان بە

---

[1]- حەمەی حەمە ئەمین قارد (کاکەی فەللاح)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، ل ٦٥.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل ٦٦.

جەنگ و توندوتیژی، بۆیە بزاڤێك لەپێناو چەسپاندنی ئاشتی و بەدیهێنانی خەونی مرۆڤایەتی لە تەبایی و پێکەوەژیان و سەقامگیری و کۆتایی هێنان بە شەڕو کوشتار سەرتاسەری جیهانی گرتبووە و لەپێناو چڕکردنەوەی وزە و توانستەکانی مرۆڤ بۆ خولقاندنی جیهانێکی سەقامگیر و پێشکەتوو، و بەختیار و خۆشگوزەران رۆژ لەدوای رۆژ دۆست و لایەنگرانی زیاتر دەبوو . ئەم هەستانەش ئیلهامبەخشی شاعیران و رۆشنبیرانی جیهان بوون، کە ئەدەبیان کردبووە رێگایەك بۆ وشیارکردنەوە لەمەترسییەکانی جەنگ و هەموو هەوڵەکانیان بۆ بەدیهێنانی ئاشتی تەرخان کردبوو ((دیارە ئەم هەستانە لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا لای شاعیر و رۆشنبیرانی کورد زیاتر چەکەرەی کرد و گڕی لەدەروونی شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازان بەردا و بووە هۆی داهێنانی ئەدەبێکی نوێی سیاسی، کە بە ئەدەبی مرۆڤایەتی و ئاشتیخوازی ناوی دەرکردبوو))(١) .

عەبدولرەزاق بیماری شاعیریش لەسروشتی ئەو بزووتنەوە ئاشتیخوازییەوە، هەوڵەکانی خۆی تەنیا لە بۆتەی شیعردا نەهێشتۆتەوە، بەڵکو بۆ دەربڕینی ئەو هەستە ئاشتیخوازییە، دەستی بۆ زۆر شێوازی دیکەش درێژکردووە، لەوانەش شیعری شانۆیی، بۆیە هەر لەو ساڵانەدا ئۆپەرێتێکی منداڵان بەناونیشانی (سەرکەوتنی بەهار) دەنووسێت. هەر خۆشی لەپێشەکییەکەیدا مەرامی نووسینی ئەو ئۆپەرێتەی ڕووندەکاتەوە:((ئەم هەڵبەستەم بۆ ئەوە دانابوو کە بتوانم بەپێی ئاسۆی لێکدانەوەی ئەوسام پارێزگاری مەسەلەی ئاشتی بکەم))(٢). شاعیر لەپێناو گەیاندنی مەبەستەکەیدا، منداڵان دەکاتە تەوەری باسەکەی و دەیەوێت لە ئاکامی شەڕ و دەرئەنجامە ترسناکە وشیاریان بکاتەوە و بە رۆشنبیرییەکی ئاشتیخوازانە پەروەردەیان بکات، بۆیە لەو ئۆپەرێتەدا لەرێگەی گفتوگۆیەکانی نێوان پەپوولە و گوڵدا، خۆشی و کامەرانی ژیان دەخاتەڕوو و لەزاری ئەوانەوە دژایەتی شەڕ ونەمانی مەترسییەکانی دەکات:

---

١- نەسرین رەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لەئەدەبی کوردیدا ـ ساڵانی (١٩٢٠-١٩٥٨)، ل ١٤٢.

٢- عەبدولرەزاق محەمەد، شانۆی کوردستان، ل ٩٥.

پەپولە: هەر بۆیە وا بەڕێزم لەشەڕ خۆم ئەپارێزم
نەوەك ئەم پودرەی رەنگین هەڵوەرێ بۆ رووی زەمین
چونکە کز ئەبێ ژینم تێك ئەشێوێ فڕینم
بێبەش ئەبم لە ژیان ژینی شادیم ئەبتە ژان
کەوایە تاکو هەبم تووشی فەلاکەت نەبم
پێویستە خوم هاوارکەم بۆ ئاسایش کردار کەم
چونکە زۆر ئاشکرایە ( ژین و ئاشتی) پێکڕایە
شەڕ پیشەی نەفامانە دوژمنی گیاندارانە

(شانۆی کوردستان، ل ٩٨)

شاعیر لەبەرامبەر ئەو هەستە جوانانەی پەپولەو گۆڵدا، باڵداری شەڕی هێناوە و کردوویەتی بە نموونەی وەیشوومە و ماڵوێرانی و جەنگ. لێرەشدا ((نووسەر کێشەیەکی ساکاری لەناو ئەو هێزانەدا نەخشاندووە لەگەڵ هەستی منالا بگونجێت ))[1] بەتایبەتیش کە مندالان ئاشنای گوڵ و پەپوولەن و ڕقیان لە سەرما و رەشەبا دەبێتەوە، بۆیە بڕیاری هەڵگیرساندنی شەڕیش خراوەتە ئەستۆی باڵداری شەڕ و بەهاوکاری دەست وپێوەندییەکانییەوە جەنگێکی خوێناوی بەرپا دەکات، کە تەنیا بە هێزی فریشتە لەناو دەچێت وکۆتایی دێت، بۆیە پەپوولەو گوڵ هانای بۆ دەبەن و ئەویش بەدەنگ داواکارییەکەیانەوە دەچێت و شەڕو شەڕکەران لەناو دەبات و ئاشتی بەرقرار دەبێت.

یەکێکی تر لەو بابەتە سیاسیانەی کە لەم قۆناغەدا ناوەڕۆکی شیعرە شانۆییەکانی پێکهێناوە، ژیانی کوردەواری و سروشت و دیمەنی دێهاتەکانی کوردستان و کارو پیشەی کۆمەڵایەتی وەکو کشتوکاڵی و شوانداری بووە، کە لەو رێگەیەوە شاعیران هەست و سۆزی خۆیان بۆ خوشەویستنی نیشتمان دەربڕیوە. لەمبارەیەوە دڵشاد عەلی پێیوایە کە ((جوانی سروشت و وێنەگرتنی دیمەنەکانی تەنها لایەکی ئەو معادەلەیە بوو کەخۆشەویستی نیشتمان تەواوکەری بوو، واتە

[1]- سەلام فەرەج کەریم، کەسایەتی لەدرامای کوردیدا، ل ١٤٢.

وەسف کردنی دیمەنە ڕەنگینەکانی کوردستان لای زۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەمە ودوا بەدواشی بریتی بوو لە خۆشەویستی کوردستان خۆی وەك نیشتمانێك، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە هەر لەو سەردەمە بەدواوە جوانی سروشت لەو سنورەش تێپەری کرد کە تەنها خۆشەویستی شاعیرەکان خۆیان پیشان بدات بەرامبەر کوردستان، بەڵکو ئەمجارەیان ڕێگایەکی تری گرتە بەرو بوارێکی تری هەڵبژارد بۆ هاتنە ناوەکەی، ئەویش هۆشیارکردنەوەی گەل بوو بۆ ڕێزگرتن و خۆشویستنی نیشتمان و قوربانی دان لەپێناوی))[1].

سەرەڕای ئەمەش، شاعیران هەوڵیان داوە ئەو دیمەنە جوان و رەنگینانە لەنێو بەرهەمەکانیاندا رەنگبداتەوە و لەوێوە روئیای بەها و روحییەتی پاك و خاوێنی مرۆڤایەتی بخەنەڕوو. یەکێك لەوانەی سوودێکی تەواوی لەو دیمەنە کۆمەڵایەتییانەی سروشتی دێهاتەکانی کوردستان وەرگرتووە گۆرانی شاعیرە، کە ((بەسۆز و ئەندێشەیەکی رۆمانسی بە فۆرمێکی تازەو ناوەرۆکێکی ئۆرگانیزمەوە هۆنراوەکانی داڕشتوە، زۆر جاریش، خامەکەی گەیاندۆتە ڕاستی و بابەتیانە وێنەیەکی فۆتۆگرافی لە وشەو رستە پێشکەش کردووین))[2]. هەروەك لە ئۆپەرێتی (ئاهەنگێك لەناو ران)دا بەوپەڕی سەرکەوتووییەوە ((تابلۆیەکی تەواوی بەشێ لە وڵاتی کوردو چۆنیەتی رابواردن و ژیانی ئەو کوردانەی کردوە بە بابەتی شیعر))[3] و توانیویەتی ئەو ژیانە کوردەوارییە لە ئۆپەرێتدا تەوزیف بکات. گۆران دیمەنی شوانی مەڕ و شمشاڵ ژەنین و بێری دەکێشێت:

**شوان: کەمۆڵم دا مێگەلی تێر لەسەر سەوزە گیا:**

**زەردەی هەتاو ئەگرێتە زێڕ ڕووی دەشت و چیا**
**هەر نازدارە، بۆ هەڵپەرکێ جۆشێ لەسەریا**
**لە شمشاڵم ئەنێ بەنازو ڕووی نیازی چیا** (دیوانی گۆران ، ل ٦٧)

---

[1] - دلشاد عەلی، دیلانی شاعیر و ئازادیخواز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا١٩٨١، ل٨.

[2] - عەبدولقادر محەمەد ئەمین، وێنەی شیعری لە ڕێبازی رۆمانسی کوردیدا، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی ــ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٢.ل٦٠.

[3] - رەفیق حلمی، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، ل١٨١.

هەروەها (أ.ب. هەوری) بە وەسفکردنی کارو پیشەی تایبەت بە هەر چوار وەرزەکەی ساڵ ئەرکی خۆشەویستی و وەفاداری بەرامبەر بە نیشتمانەکەی دەردەبڕێت، بۆیەش شاعیر ناوی لەئۆپەرێتەکەی ناوە (چوار وەرزی ساڵ) کە لەهەر وەرزێکدا پیشەیەکی تایبەت بەو وەرزە دەخاتەڕوو. جوتیار لە پایزدا دەست بە کێڵانی زەوییەکەی دەکات و لە زستانیشدا رەنجبەر مەڕومالاَت بەخێو دەکات و رێگا و بان و سەربانەکان لە بەفر پاك دەکاتەوە. لە بەهاریشدا ئاودێر لە نێو کێڵگەو رەز و باخەکانیدا خەریکی ئاودان و پێگەیاندنی بەرووبومەکەیەتی. لەهاوینانیشدا سەپان و وەرزێر دەست بە دروێنەی بەرهەمەکانیان دەکەن. پیشاندانی ئەو کاروکردەوانە لە تابلۆیەکی جوان و رەنگیندا بەمەبەستی چاندنی تۆی خۆشەویستنی نیشتمان و قوربانیدان لەپێناویدا لەدڵ و دەروونی خەڵکی دابووە، بۆیە شاعیر لەکۆتاییدا لەسەر زاری هەر چوار وەرزەکە دەڵێت:

**چوار وەرزی ساڵ: ئێمە چوار وەزری ساڵین      هەرچەن بەچاو منالێن**

**ساڵ وا زوو تێپەڕی      جەرگی تەمەن دەبڕی**

**گەورە و بچوکیش دەمری      ماوە فرمانە دەکری**

**وەرە تۆ ئەی نەوجوان      کۆشش کە بۆ نیشتمان**

**ئەم خاکە پاکە جوانە      دیارە دایکی هەمووانە**

**(بەرهەمی خەبات، ل ٣٥)**

بەمشێوەیە سیاسەت وهەستی نیشتمانپەروەری راستەوخۆ رۆڵی هەبووە لە دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی بابەتەکانی شیعری شانۆییدا، هەڵبژاردنی ئەو جۆرە بابەتانەش هاوکات بوو لەگەڵ گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی، کە ئەمیش زیاتر رەنگدانەوەی خەباتی نەتەوەیی کورد بووە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی. هەروەها هاوکاتیش بووە لەگەڵ سەرهەڵدانی بزاڤی شانۆی کوردیدا و شانۆکارانی کوردیش بەهەمان ئاراستە کاریان کردووە، بۆیە (تەلعەت سامان) ڕای وایە کە ((زۆربەی

شانۆكارانی كورد له دەروازەی سیاسەتەوە هاتونەتە سەر شانۆ، شانۆیان كردۆتە كەرەسەیەك و خەباتی رۆشنبیری و نەتەوایەتیان بەهۆیەوە ئەنجام داوە))[1] .

## ـ كۆمەڵایەتی:

دیاردە كۆمەڵایەتییەكان یەكێك بووە لەو بابەتانەی، كە بوونەتە جێگەی سەرنج و هەمیشە شاعیران هەوڵیانداوە قسەی خۆیان لەسەر داب ونەریت و دیاردەكانی كۆمەڵایەتی بكەن و رووكارو سیما دواكەوتووەكانی دەستنیشان بكەن. لەهەمانكاتیشدا بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی لەرێگای پەرەپێدانی هۆشیاری كۆمەڵایەتییەوە بەرپا بكەن بۆ تێكشكاندنی ئەو كۆت و بەربەستانەی بەردەم پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی ئازادییەكانی تاك ((بۆیە لەم قۆناغەدا شاعیران هەریەكەیان بەپێی تێگەیشتن و بیروباوەڕی خۆیان چالاكانە بایەخیان دەدا بە خستنەڕووی گیروگرفتەكانی كۆمەڵ و دانانی رێگا چارەسەرییەكی دروست و وەك خەمخۆری راستەقینەی گەل و كۆمەڵ بۆ ئەم كێشانە بە ئەركی سەرشانی خۆیانی دەزانی و بەپێی توانا و دەسەڵاتیان گوزارشتیان لەو كێشانە كردووە و دەریان بڕیوە))[2] .

بێكەس یەكێكە لەو شاعیرانەی مەسەلەی یەكسان بوونی ئافرەت و پیاو و دەستەبەركردنی مافەكانی ئافرەتی بە یەكێك لە بنەماكانی پێشكەوتن داناوە. دیارە ئەو مەسەلەیە(( یەكێكە لەو كێشە كۆمەڵایەتیانەی دەمێكە سەرنجی روناكبیر و شاعیرانی بەلای خۆیدا راكێشاوە هەر كەسەو بەگوێرەی تێگەیشتن و هەل ومەرجی سەردەمەكەی خۆی، چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە))[3]، بۆیە لە ئۆپەرێتی نەسریندا، بێكەس لەزاری نەسرینەوە كە وەكو رەمزێك بۆ كچی كورد بەكاریهێناوە، بەئەركی

---

[1]- تەلعەت سامان: تەنگژەی دەقی خۆماڵی بەقەدەر تەمەنی دراما كۆنە، هەڤپەیڤینی: مەحموود زامدار ـ ئازاد عەبدولواحید، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٥٨)ی نیسانی ٢٠٠١، ل٦٣.

[2]- نەسرین رەئووف ئیسماعیل، ئەركی شیعر لەئەدەبی كوردیدا ـ ساڵانی (١٩٢٠-١٩٥٨)، ل١٥٤.

[3]- عوسمان دەشتی، هێمن ـ دەربارەی ناوەرۆكی سیاسی وكۆمەڵایەتی شیعرەكانی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٧٧.

خۆی زانیوە بیر لە ژیانی پڕ لە ناخۆشی کچە کورد بکاتەوە و دەستنیشانی کێشەو گرفتەکانی بکات:

**نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە**

**گیرۆدەی بەندی، ژیانت زوڵمە**

**وا من پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە**

**هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە**

**سەرپۆش فرێدە چ وادەی شەرمە** (دیوانی بێکەس ، ل١٠٢)

شاعیر لێرەدا هەست بەو ژیانە پڕ لەناسۆرییەی کچانی کورد دەکات و داوایان لێدەکات خەبات بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئازادییەکانیان. یەکێك لەو بەربەستانەشی دەستنیشان کردووە، کە بەر لە پێشکەوتنی ئافرەتان دەگرن لە کۆڕی ژیاندا، ئەویش (شەرم)ە. لێرەشدا شاعیر سەرپۆشی وەکو ڕەمزێك بەکارهێناوە بۆ بوونی ئەو حاڵەتی شەرمە. سەرپۆش واتای شاردنەوەی شتێك دەگەیەنێت. لەرووی کۆمەلایەتییشەوە شاردنەوەی شتێك زیاتر لەبەر عەیب و شەرمە، بۆیە شاعیر داوا دەکات سەرپۆش فرێبدرێت و هێز و توانای ئافرەتان ئاشکرا بکرێن و عەیب و شەرمە تورِ هەڵبدرێن. هەروەها (( هانی ئافرەتی داوە و باوەڕی تەواوی پێ هەبووە و ویستوویەتی بنەبڕی ئەو جیاوازییە بکات کە سەپێنراوە بەسەریدا)) [1] ، بۆیە راستەوخۆ داوا لە کچی کورد دەکات شان بەشانی پیاو لەبوارەکانی ژیاندا تێبکۆشن. لەم رووەوەش رێگای ئازادبوون و سەرفرازی کۆمەلایەتی دەستنیشان دەکات کە ئەویش زانست و زانیاری و رۆشنبیرییە:

**مەڵێ من کچم ، تۆش وەکو منی**

**موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی**

**مەجبووری ئیش و خزمەتکردنی** (دیوانی بێکەس ، ل١٠٢)

گۆرانی شاعیر لەلایەن خۆیەوە ئاوڕی لەمەسەلەیەکی دیکەی کۆمەلایەتی داوەتەوە، ئەویش خۆشەویستییەکی بە ئاکام نەگەیشتووە. لەم رووەوە لەئۆپەرێتی

---

[1]- عەبدولقادر محەمەد ئەمین، وێنەی شیعری لە رێبازی رۆمانسی کوردیدا، ل٦٠.

(گوڵی خوێناوی)دا، تراژیدیایەك وێنە دەكێشێت (( لـە كۆمـەڵێكی دواكـەوتووی وەك كۆمەڵگای كوردەواریدا، لەتابلۆی ژیانی رۆژانـەی گـەلێكی وا نـەخۆش و چەوسـاوە و مافخوراودا، ئەم چەشنە كارەساتانە هەن و زۆریـشن، شـاعیریش وەك رابـەرێك و رێ پیشاندرەێك، نەك هەر بەقوڵی هەستی پێكـردووە، بـەڵكو توانیویـەتی هونەرمەندانـە وێنەیان بگرێت و دەستنیشانی هۆیەكانیان بكات و چاوی نووستوو بكاتەوەو دڵی بێ هـۆش بـە ئاگـا بهێنێـت))[1]. لـەو ئۆپەرێتـەدا لەدیمـەنێكی پـڕ لـە جـۆش و خـرۆش، دڵسۆزی و وەفاداری نێوان دڵدار و دولبەر پیشان دەدات، بەڵام بـەهۆی مەرجـدانانی دولبەرەوە ئەو خۆشەویستییە بەئاكام ناگات:

**گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپكێ، زەرد چەپكێ**

**نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەركێ!**

**بتدایە دڵ بەمن، بەهەموو مەعناوە**

**دوو چەپكت ئەهانی لە باغچەی پاشاوە.** (دیوانی گۆران، ل ٤٧)

داواكردنـی گـوڵی سـور لەباخـچەی پاشـا، كـە هەمیـشە پـارێزراوە و پاسـەوانی لێكـراوە، مەترسـییەكی گـەورە بـووە. لەهەمانكاتیـشدا بـەكارهێنانی دەسـتەواژەی گوڵی سوور و دیاریكردنی باغچەی پاشا بۆ بیروباوەڕی چـەپی گـۆران دەگەڕێتـەوە، كە گوڵی سوور وەكو هێمایەك بۆ چەپ ولەهەمانكاتیشدا هێمایە بـۆ خۆشەویـستی و باخچەی پاشاش وەكو هێمایەك بۆ چـینی سـەرمایەدار و بـۆرژوازی كـە دەلالـەت لـە دەسـەڵات و زۆرداری دەكـات، بـەكارهێناوە و تێیـدا مەبەسـتی زیـاتر ئـەوە بـووە لەلایەكـەوە ئـەو جیاوازییـە دەستنیـشان بكـات، كـە لـەنێو كۆمەڵگاكەیـدا هەیـە و لەلایەكی دیكەشـەوە وەفـاداری و دڵسۆزی كوڕەكـە بـسەلمێنێت بـۆ جێبـەجێكردنی مەرجەكە و گەیشتن بە خۆشەویستەكەی.

لەگەڵ ئەوەش لێرەدا مەبەستی ئەوە بووە كە زۆر زەحمەتە ئەم كـارە ئـەنجام بدرێت، بۆیە كاتێ دەگاتە نێو باخچەی پاشا گوڵی زەردی بۆ دەچنێت، بـەڵام گـوڵی سووری بەچنگ ناكەوێت و لـەئان وساتەشـدا پاسـەوانەكانی پاخـچەی پاشـا تەقـەی

---

[1]- حەمەی حەمە ئەمین قارد (كاكەی فەللاح)، كاروانی شیعری نوێی كوردی، بەرگی یەكەم، ل٦٣.

لێدەکەن و بە بریندارى دەگەڕێتەوە لاى خۆشەویستەکەى، کەچى ئەو داواى گوڵى سوریشى لێدەکات، بەڵام کاتێك دەزانى کە گوللەى بەرکەوتووە و ئیدى گیانى دەردەچێت، ئینجا پەشیمان دەبێتەوە بۆ چارەنووسى خۆى دەگریت:

**هەی هاوار! تفەنگی دوشمنیش پێگاتی؟**

**ڕاکشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم ،**

**با بگریم بۆ دڵێ بۆ گوڵێ دۆڕانم!** (دیوانى گۆران، ل ٤٨)

لەلاى کامەران موکرى مەسەلەى دڵداریى بەشێوەیەکى دیکە خراوەتەڕوو. ئەو لە ئۆپەرێتى (دڵدارى کوڕە شوان) دا تراژیدیایەکى خۆشەویستیمان بۆ باس دەکات، ئەو خۆشەویستییەى کە لە چوارچێوەى ململانێى نێوان چینى هەژار و چینى دەرەبەگ رەنگى داوەتەوە. لێرەدا شاعیر ململانێى چینایەتى لەناو کۆمەڵگە دەکاتە هۆکارێك بۆ بەئاکام نەگەیشتنى ئەو خۆشەویستییە پاك و راستەقینەیە ((دیارە ئەم کێشەیە لەکۆنەوە شاعیرانى بۆ لاى خۆى راکێشاوە، لەبەر ئەوەى شاعیران هەر زوو هەستیان بەو کێشەیە کردووە و بەشیعرەکانیان لایەنگرى خۆیان بۆ چینى چەوساوە و زوڵم لێکراوەکان پیشانداوە، چونکە جیاوازییە چینایەتییەکە و کێشەى ئاغا (دەرەبەگ) و جووتیار، دەوڵەمەند و هەژار....هتد زۆر جار بۆتە کۆسپ لەرێگەى پێشکەوتنى کۆمەڵ و بارى ئابوورى و رۆشنبیرى))[1]دا، مەبەستى شاعیریش لێرەدا دەرخستنى ئەو جیاوازییە چینایەتییە، کە کۆسپێك بووە لە بەیەگەیشتنى دوو دڵدار، کوڕە شوان کە نوێنەرایەتى چینى هەژار دەکات و جگە لە هەستێکى پاك و راستگۆیانە هیچ شتێکى دیکەى نییە پێشکەشى یارەکەى بکات، کە ئەویش کچى ئاغایە و نوێنەرایەتى چینى دەرەبەگ دەکات، بەڵام بەهۆى خۆشەویستییەکى راستەقینە، پشت لە نەریتى چینەکەى دەکات و هەموو شتێك بەقوربانى ئەو خۆشەویستییە دەکات:

**نازەنین: کۆشکەکەم بە قوربان خاکى ژێر پێتە**

**سەرو دڵیشم دایم لەڕێتە**

---

[1]- نەسرین رەئووف ئیسماعیل، ئەرکى شیعر لەئەدەبى کوردیدا ـ سالانى (١٩٢٠-١٩٥٨)، ل ١٦٣.

**هەر تۆ یارمی هەتا دوا نەفەس**
**بەڵێن بێ دوای تۆ دڵ نەدەم بەکەس**

(هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٣٣٠)

بەڵام بەهۆی پێزانینی ئاغا بەو خۆشەویستییە، دوای دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدان و ئازارێکی زۆر کوڕە شوان دەکوژێت.

ئەو شێوازی کوشتنە و دابڕانی هەتا هەتایی لە کوڕە شوان، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دەروونی کچی ئاغا دەکات و هەر بەو کەسەرەش سەردەنێتەوە:

**نازەنین: تێکڕا با بیکەین بە شین و شۆڕ**
**بەدەنووکی ئاڵ بۆم هەڵکەنن گۆڕ**
**ئینجا با بمرم بێ ئاواتی دڵ**
**سیس بم بوەرێم وەکو پەڕەی گوڵ**

(هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٣٣١)

لەو دوو نموونەی سەرەوەدا، گۆرانی شاعیر و کامەرانی شاعیر هەردووکیان بەشێوەیەکی تراژیدی باسی خۆشەویستیان کردووە، بەڵام کامەران موکری لەروانگەیەکی چینایەتییەوە باسی ئەو بابەتەی کردووە. لەهەردوو دەقی شیعرە شانۆییەکەشدا کوڕەکە دەکوژرێ، بەڵام لای کامەران تراژیدیایەکە بەهێزتر دەبێ بە مردنی کچە ئاغاکە.

بەلای عەبدولرەزاق محەمەدیشەوە پەیوەندی خۆشەویستی وەکو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دەروون و چارەنووسی مرۆڤەکان هەیە، بۆیە ئەو لە چوارچێوەی ئۆپەرێتەکانی (شەڤێ و شیرنی) و (خەونەکانی گەنجۆ)دا، بەقووڵایی ناخی مرۆڤدا شۆردەبێتەوە و ئادگار و سیما و خەسڵەتی شوێنپێیەکانی کاریگەری ئەو خۆشەویستییە و رەنگدانەوەیان لەسەر چارەنووس و قەدەری ژیانی مرۆڤ دەستنیشان دەکات. لە ئۆپەرێتی (شەڤێ و شیرنی)دا، شاعیر هەوڵیداوە جیاوازی لەنێوان بەهرەی کەسایەتی لەگەڵ رەنگ و روخساری مرۆڤ پیشان بدات و لەچوارچێوەیەی تراژیدیاکدا باس لەوە بکات، کە دیاردەی دەرەوە چ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر ناخی مرۆڤ جێ دەهێڵێت و چۆن

سنووری مامەڵەی دەوروبەر لەگەڵیدا دیاری دەکەن. لەهەمان کاتیشدا وا لە مرۆڤ دەکات، کە هەرچەندە خاوەن هونەر و توانا و بەهرە بیت، کەچی بەهۆی خاڵێکی نەگەتیفی تایبەت بە رووخسارییەوە، بەتەواوەتی نەتوانێ بەشداری لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بکات. لەو ئۆپەرێتەدا شەڤی کە پیاوێکی شاعیری دەنگخۆش بووەو ناوبانگی بڵاوبۆتەوە، بەڵام بەهۆی ناشیرینی رووخساری هەمیشە لەنائومێدیدا ژیاوە:

**شەڤی: خۆشەویستی ؟ بەبێ جوانی**

**بوونێکە بێ زیندەگانی،**

**خودای گەورە**

**کەپێمی بەخشی ئەم بەهرە**

**( تا هەر عەشقی جوانی بم؟....)**

**کوانی رەنگم، کوانێ شێوەی ئادەمانە**

**کوانێ چەهرە؟** (شانۆی کوردستان، ل٦٨)

سەرەڕای بەهرەی دەنگخۆشی، کەچی ئەم جۆرە هەستە هەمیشە ناخی شەڤی ئازار دەدات و بەدەستییەوە دەتلێتەوە. شیرین کە کچی پاشایە ولە یەکێك لە گەشتەکاندا گوێبیستی دەنگی شەڤی دەبێت، بێ ئەوەی رووخساری ببینێت، عاشقی دەبێ و هەر بە عەشقی شەڤی مەست دەبێت و دواجار بڕیار دەدات پێی بگات، بەڵام کاتێك دەگاتە لای و رووخساری دەبینێ باوەڕ ناکات :

**شیرین:(بەواق وڕمانەوە)**

**تۆی ... شەڤی؟**

**شەڤی: بەڵێ**

**شیرین: تۆی شەڤی؟تۆی؟ خاکم وەسەر**

**شەیتانە من ئەترسێنێ**

**وا دڵم دائەخورپێنێ**

**ئەگینا تۆ کەی ( شەڤی) بووی ، هەی خاك بەسەر؟**

(شانۆی کوردستان، ل٨٧)

شەڤی دوای ئەوەی رووخساری ناشیرینی دەبێتە هۆکاری ساردبوونەوەی شیرین لەو عیشقە سەری خۆی هەڵدەگرێت و بەرەو چارەنووسی نائومێدی هەنگاو دەنێت و شیرینیش بەجێی دەهێڵی ودەگەڕێتەوە. لە ئۆپەرێتی (خەونەکانی گەنجۆ)شدا، شاعیر جەخت لەسەر مکووڕبوونی مرۆڤ دەکات لە گەیشتن بە ئامانجەکانی. ئەو ئامانجانەی کە پێویستی بە کار و ماندووبوون و هیلاکی و شەونخوونی دەکات، بەڵام شیرینی بەدیهێنانی ئامانجەکان گشت ئەو ئێش و ئازارانە لەبیر مرۆڤ دەباتەوە. لەم ئۆپەرێتەدا بۆ دەربڕین لە توانا و هێزی لەبن نەهاتووی مرۆڤ بە گەیشتن بە ئاواتەکانی، خەون بەکارهاتووە. خەون و خەیاڵەکانی مرۆڤیش هەمیشە لە مێرگی جوان و رازاوە دەگەن، بۆیە مەرج نییە هەموو ساتێك بهێتە دی. شاعیر داستانێکی خۆشەویستی گەنجێك لەگەڵ یەکێك لە پەرییەکانی کردووە بە ناوەڕۆکی ئۆپەرێتەکەی. بێگومان بەکارهێنانی پەری زیاتر خەون و خەیاڵێکە گەنجۆی مەست کردووە، بەڵام گەنجۆ هەرگیز لەگەیشتن بەو پەرییە واز ناهێنێت و بەشەو بەڕۆژ شمشاڵ لێدەدات بەڵکو بەهۆیەوە پەری بێتەوە لای:

**گەنجۆ: تا حەوت شمشاڵ نەدڕێنم**

**تا، فریشتەکەم نەبینم**

**بۆم بێتە خوار لەم سەر دارە**

**لەگۆرانی واز ناهێنم**

**هەر ئەخوێنم** (شانۆی کوردستان، ل ٥٧)

دوای سووربوون و قوربانیدان، گەنجۆ لەکۆتاییدا بە ئاواتەکەی دەگات و خەونەکەی دەبێتە واقیع. ئەمەش مەبەستی شاعیرە لەم ئۆپەرێتدا، کە بەهەوڵدان و کارکردن مرۆڤ هەمیشە دەتوانێت خەونەکانی بهێنێتەدی و بیکاتە واقیع.

شاعیران لەم قۆناغەدا بەو پێیەی، کە دەستەبژێری کۆمەڵن و توێژی رووناکبیرین ئەرکی سەرشانیان دوو لایەنە بووە، لەلایەك پێشخستن و گەشەپێدانی ئەدەبی نەتەوەکەیان، لەلایەکی دیکەشەوە پەروەردەکردنی نەوەی نوێ بەهزر و بیرۆکەی پێشکەوتوخواز. بۆ ئەم مەبەستەش هەولیانداوە شیعری شانۆیی بکەنە پێگەیەك بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەیەکی رۆشنبیر و چاوکراوە و هەروەها

لەناوبردنی ئەو داب و نەریتە دواکەوتووانەی کە دەبنە هۆکاری پاشکەوتنی کۆمەڵ، بۆیە لە شیعرە شانۆییەکانیاندا هەوڵیانداوە ڕۆڵی ئامۆژگارکارێك وەربگرن و بەهۆیەوە ڕێگای ڕاست پیشانی خەڵکی بدەن و بەشێوەیەکی گشتیش ((شاعیرانی ئەم قۆناغە ئامۆژگاریکەرێکی دڵسۆزی گەل بوون، دیارە ئامۆژگاریش لەم قۆناغەدا بەشێك بووە لە ئەرکی ئەدەب)) [1] و لەڕێگایەوە شاعیران پەنجەیان لەسەر خاڵە دواکەوتووەکانی نێو کۆمەڵگە داناوە. کاردۆخی لە شیعرێکی شانۆییدا بەناونیشانی (ئامۆژگاری)، هەوڵیداوە لەڕێگەی وێناکردنی قوتابخانەیەك، داب و نەریتی هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و ئادابی نانخواردن و قسەکردن و ..هتد، بخاتەڕوو و لەو ڕێگەیەوە هەندێك لەو داب و نەریت و خووە دواکەوتووەکانی کۆمەڵ لەم بوارانەدا شیبکاتەوە. شاعیر لەڕێگای پرسیارکردنی قوتابی لە مامۆستاکەی تیشك دەخاتە سەر کۆمەڵێك ڕێوشوێن، کە بۆ تاکی کورد پێویستە لە ژیانی خۆیدا جێبەجێی بکات. ئەو ڕێوشوێنانە وەکو بنچینەیەکی ڕۆشنبیری دەخاتەڕوو، کە ئەنجامی جێبەجێکردنیان مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتووی لێدەردەچێت. بۆ نموونە یەکێك لەو ڕێوشوێنانەی شاعیر بایەخی پێداوە گرنگیدانە بەخوێندن و هاندانی قوتابیانە بۆ بەردەوامبوون لەسەر خوێندن:

**مامۆستا: لەخوێندنگادا، ڕووخۆش بە و ئارام**
**بە(خوێندن و هەوڵ) ئەگەیتە مەرام**
**گوێ بگرە، بۆ دەرس، بەدەیقەت وهۆش**
**ئەرکی مەکتەبت، مەکە فەرامۆش**
**مامۆستا دەرسی لەدەم هاتەدەر**
**دڵی بدەرێ گورج بیکەرە بەر**
**ئەمەش بزانە مامۆستای دڵسۆز**
**لەجێی باوکتە، بەرێزە ، پیرۆز**
**ئەبێ هەمیشە ، ڕێزی ڕاگری**
**فەرمودە و دەرسی، زوو لەگوێ بگری** (دیوانی کاردۆخی، ل ٨٧)

---

[1]- نەسرین ڕەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لەئەدەبی کوردیدا ـ سالآنی (١٩٢٠-١٩٥٨)، ل ١٦٧.

شاعیر له ئامۆژگاریکردندا بۆ خوێندن و کارکردن، داوا دەکات لە یەك کاتدا بایەخ بە خوێندن و هەڵبژاردنی کارێك بدەن بەو پێیەی کە مرۆڤی خوێندەوار، مرۆڤێکی رۆشنبیر و زانایە. لەهەمانکاتیشدا پسپۆری لەیەك کارکردن داوا دەکات، نەك ئیشی زۆری بەجیا جیا، کەمرۆڤ تێدا زاڵ نابێت و بەهۆیەوە فێری هیچ پیشەیەك نابێت. شاعیر فێربوونی ئەو رێوشوێن و هەڵسوکەوتانەی ژیانی پەیوەست کردووە بە قوتابخانەو سەرکۆنەکردنی داب ونەریتە خراپەکان و دەستنیشانکردنی رێگەی رۆشنبیریی هاوچەرخانەی بە ئەرکی مامۆستا زانیوە و هەوڵی داوە وێنەی قوتابخانە تەنیا بەوە نەبەستێتەوە، کە مەڵبەندی فێربوون و خوێندەوارییە، بەڵکو ویستوویەتی قوتابخانە بکاتە شوێنی فێربوونی داب و نەریتی پێشکەوتخواز و خەڵکی هان بدات بۆ ئەوەی رۆڵەکانیان رەوانەی قوتابخانە بکەن، تا بەهۆیەوە فێری داب ونەریتی نوێی ژیان ببن.

بەمشێوەیە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پێگەیەك بوونە و لەوێوە شاعیران بیروبۆچوونەکانی خۆیان لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان خستۆتەڕوو، بۆیە هەمیشە شاعیران لەگەڵ کۆمەڵگەکەیان لە ململانێ دابوونە، ئەو ململانێیەش زیاتر ململانێیەکی فیکریی و فەلسەفی بووە لەپێناو هەڵسەنگاندنێکی هاوچەرخ بۆ چەمکەکانی ژیان، کە ئەمەش یەکێك بووە لە پەیامەکانی شاعیر خۆی کە لەگۆشەنیگایەکی پێشکەوتووخوازییەوە لەخەمی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەدا، هەوڵەکانی خستۆتەگەڕ بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەکان و چارەسەرکردنیان.

**ـ کۆمەڵایەتی ـ سیاسی:**

لەم قۆناغەدا پێویستی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی میللەتی کورد وای دەخواست شیعری شانۆیی لەبەرامبەر تەگەرەو کۆسپەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا هەڵوێست وەربگرێت و پەیامی خۆی لەم رووەوە رابگەیەنێت. دیارە بارودۆخی میللەتی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە هەموو رووێکەوە خراپ بوو، بەتایبەتیش ئاگری هەردوو جەنگە جیهانییەکە رەنگدانەوەیەکی نەگەتیفیان لەسەر بارودۆخەکە بەجێهێشت بوو، بۆیە یەکێك لەئەرکەکانی شاعیران لەوکاتەدا

هۆشیارکردنەوەی میللەت بوو لەرووی کۆمەڵایەتی و بایەخدان بە بیروبۆچوونی هاوچەرخ بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و لەهەمانکاتیشدا گرنگیدان بوو بە هۆشیاری نەتەوەیی و پتەوکردنی بیروباوەڕی ناسیۆنالیستی بەمەبەستی تەیارکردنی میللەت بۆ وەرگرتنی مافەکانی خۆی. لەم روانگەیەوە شیعری شانۆیی بە ئاوێتەکردنی ئەو دوولایەنەی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیدا، لەیەککاتدا هەوڵی داوە لەناو دەقەکانی شیعری شانۆیی لەسەر دوو ئاست کار بکات: ئاستی یەکەمیان، ئاستێکی دەرەکی بوو، خۆی لە چوارچێوەی هۆشیاری نەتەوەیی و خۆشویستنی نیشتمان و خەبات و قوربانیدان لەپێناویدا دەبینییەوە. ئاستی دووەمیشیان، ئاستێکی ناوخۆیی بوو، کە ئەویش لە بۆتەی باسکردنی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیدا خۆی دەدۆزییەوە. بەیەکەوە گرێدانی ئەو دوو ئاستە و باسکردن و تێکەڵکردنیان لەنێو دەقێکی شیعری شانۆییدا، زیاتر بۆ بیروباوەڕی خودی شاعیرەکان خۆیان دەگەڕایەوە، کە ئەوان لەو بڕوایەدابوون مەسەلە نەتەوەیی و مەسەلەی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردی بەیەکدییەوە بەستراونەتەوە و کۆمەڵگەیەکی وشیار و تێگەیشتوو هەمیشە لەسەنگەری بەرگریکردندا دەبێت و هەموو توانست و هێزی خۆی بۆ بەدەستهێنانی ئازادییەکانی تەرخان دەکات. بەپێچەوانەوە بوونی کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی وێنەی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو پیشان دەدات، کە لەبەر خۆخواردنەوە بەدەست کێشەکانەوە خەباتکردن و ئازادبوونی قورستر دەبێت. ئەرکی شاعیرانیش لێرەدا زیاتر رەخنەگرانەیە. بەواتایەکی دیکە دەبوو پەنجە لەسەر خاڵەکانی ئەو دواکەوتنە دابنێن و رەخنەی لێبگرن، تا بەهۆیەوە وشیارییەك لەلای تاکی کورد دروست بکەن و بنەبڕی ئەو کێشانە بکەن. دیارە ئەم هەڵوێست وەرگرتن و پەیامەی شاعیران بەدەربڕینی ئاوات و پێویستییەکانی کۆمەڵ و وڵات، وای لێکردوون لەدەقی شیعرە شانۆییەکانیاندا هەردوو لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەشێوەیەك بەیەکییەوە ببەستن کە یەك ئەوی دیکە تەواو بکات.

گۆران یەکێك بوو لەو شاعیرانەی لەبەرهەمەکانی خۆیدا ئەو دوولایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی بەیەکەوە گرێداوە. لەئۆپەرێتی (ئەنجامی یاران)دا وێنەی تراژیدیایەکمان بۆ دەکێشێ، خەباتکەرێك لەپێناو رزگارکردنی نیشتمان تێدەکۆشێت

و لەهەمانکاتیشدا گیرۆدەی عیشقی کچێك بووە، بەلاّم بەهۆی دواکەوتوویی باری کۆمەڵگە ئەو خۆشەویستییە سەر ناگرێت:

**برزوو: دایە، پار چەتە بووم، چەتەی نیشتمان**

**لەشاخ هاتمە خوار**

**لەسەر ئەم پلووسکە مەنیجی چاو جوان**

**تووش بووم یەکەمجار**

**بۆم ڕوانی... بۆی ڕوانیم بەدوو چاوی ڕەش**

**سەر کوڵمی ئاڵتر کرد زەردەخەنەی گەش!** (دیوانی گۆران، ل ٢٥٩–٢٥٨)

لێرەدا چەتەی نیشتمان ئاماژەیەکە بۆ ئەو خەباتگێڕانەی، کە هەمیشە لەلایەن دەسەلاّتەوە بە چەتە و تێکدەر ناودەبرێن. لەبەر ئەو خەبات و تێکۆشانەشە کە لەلایەن هەردووکیانەوە بەپیرۆزتر زانراوە، بۆیە پەیمان بە یەکتر دەدەن، کە کاتێك نیشتمان ئازاد بێت، ئینجا ئەوان پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن. بەلاّم هەر ساڵێك دوای ئەو پەیمان بەیەکتر دانە، باوکی مەنیجی بەژن بەژنی بەمێرد داوەتە پیرێك:

**وەنەش: نەو ماوە، چ مانیٚ؟ مێردی کردووە،**

**بۆ ماڵ و ژن بەژن باوکی چرووکی**

**لەدێیەکی دوور**

**لەبەندی پیرێکی توندکرد بە بووکی،**

**ژاکا گوڵی سوور**

**وا ئێستا کەوتووە لەسەر نوێنی خەم**

**فرمێسك ئەبارێنیٚ: کەی کەم ئێسەکەم!** (دیوانی گۆران، ل٢٦٠)

گۆران پەنچەی لەسەر دیاردەیەکی کۆمەلاّیەتی دواکەوتوو داناوە ئەویش ژن بەژنێیە، کە کچێکی گەنج بە پیاوێکی پیر دوور لە حەزو ویست و ئارەزووەکانی خۆی بەشوودراوە. لە ئەنجامی ئەو نەریتە دواکەوتووانەیەش بێگومان کارەساتە. ئەوەتا شاعیر وێنەی کارەساتەکەمان بۆ دەکێشێت، کە هەردووکیان لەسەر پەیمانی خۆیانن، بەلاّم لەجیاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری، برۆزۆ خۆی دەکوژێت و

مەنیجیش خۆی دەخنکێنێت و لەو شوێنە دەنێژرێن کە تێیدا پەیمانیان بەیەکتر دابوو. ئەو کارەساتەی کەداب و نەریتی کۆمەڵایەتی دروستی کردووە، هەست و سۆزمان دەرووژێنێ و دووچاری تێڕامان و بیرکرنەوەمان دەکات و دەبێتە هاندەرێك بۆ تێکشکاندنی ئەو کۆت و بەندە دواکەوتووانە، چونکە بەبڕوای شاعیر تا کۆمەڵگە بەدەست ئەو دەردانەوە بناڵێنێت ئەوا خەبات و تێکۆشان لەپێناوی ئازادیدا کارێکی قورس و گران دەبێت. بۆیە هەوڵیداوە لەئاستی ناوەخۆدا ئەو کێشەو گرفتانە دەستنیشان بکات، کە نیشانەی کۆمەڵگەیەکی پەککەوتووە. ئەو ململانێیەی شاعیر خستوویەتییە نێو بازنەی مەبەستییەوە ململانێی نێوان خۆشەویستییەکی دوو سەرەیە، خۆشەویستی نیشتمان و خۆشەویستییەکی پاك و بێگەردی نێوان کوڕو کچێك لەگەڵ داب و نەریتێکی دواکەوتووانە. واتە دوو جۆر ململانێ هەست پێدەکرێت: ململانێیەك لەگەڵ هێزێکی داگیرکەری وڵات وململانێیەکیش لەگەڵ داب ونەریتی کۆن و دواکەوتووانە. پاڵەوانی هەردوو ململانێیەکەش یەك کەسە. واتە شاعیر مەبەستییەتی ئەوەمان پێ بڵێت کە هێزی خەباتگێڕ هێزێکی پێشکەوتخوازو هاوچەرخە و دژی ئەو نەریت و بیروباوەڕە کۆنانەیە. بۆیەش ئەو ململانێیە بە کارەساتێك کۆتایی پێ دەهێنێت، کە لە ئەنجامی ململانێی ناوەخۆییە. ئەمەش بۆ ئەوەی بمانخاتە سەر ڕێگای چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

عەبدولرەزاق محەمەد لە شیعرێکی شانۆییدا بەناونیشانی (ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات) تراژیدیایەکمان پێشکەش دەکات، کە لەسۆنگەی هەردوو لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە داڕێژراوە. ئەو بەرهەمە لە چاو ئۆپەرێتەکەی گۆران هەناسەدرێژترە. سەرەڕای ئەمەش گۆران بەچەند ئاماژەیەك باسی لایەنی سیاسی و نیشتمانپەروەری پاڵەوانەکەی کردووە، کەچی لەم شیعرە شانۆییەدا زۆرتر لە لایەنی کۆمەڵایەتی، جەخت لەسەر لایەنی سیاسییەکەی کراوەتەوە و زۆر بەوردی رفتار و هەڵسوکەوتی داگیرکەرانی کوردستان و مامەڵەکردنیان لەگەڵ خەڵکیدا خراوەتەڕوو. لەبەر ئەمەشە (حەمەکەریم هەورامی) ئەو بەرهەمەی بەسەرەتای لەدایکبوونی تراژیدیای کوردی لەقەڵەم داوە و دەڵێت: (( دەتوانم بڵێم تراژیدیای کوردی بە ئاواتی

ئۆمەر لە دایکبـووە، کـە ئەمـەش مایـەی شـانازی نووسـەرەو پلەیـەکی گەورەیـە لـە ڕەوتی درامای کوردیدا)) [1] .

ئەم بەرهەمە باس لە هێرشی جەندرمـەی تـورك دەکـات بـۆ سـەر دێهاتـەکانی کوردستان، کە بەسەفەر بەلك ناسراوە. لە یـەکێك لـەو دێهاتەنـەدا ژیـان لەکەشـێکی ئارام و هێمندایە و خەڵکەکەی خەریکی کارو کاسبین. ئۆمەر و ئەسمەر کـە پاڵـەوانی سەرەکین ،خۆشەویستی یەکن. لەناکاو دەنگی تەقەی جەندرمەکان دێت و دێنـە نـاو گوندەکەو دەست بە گرتن و کوشتن و تالان دەکەن، ئۆمەر دەڵێت:

ئۆمەر: (گورگی بەدە) هاوار کرا — شایی دێمان کۆتا کرا
گوڵزار ، گەر قەدەغەکرابێ — گوایا ڕێگەی هۆزار نابێ
لەجیهانا هیچ شت ، هیچ هێز — هیچ گیانلەبەر
ترس ناهاونە ناو دڵی — نەبەزی دڵدار و دوڵبەر
لێکتر جیا ناکەنەوە — گیان و دڵ و هیوای ئۆمەر
لەهی ئەسمەر — (شانۆی کوردستان، ل ١٢)

لەگرمەی تەقەی جەندەرمەکاندا، ئۆمەر و ئەسمەر پـەیمانیان بەیـەکتردا، بـەڵام لـەپڕ گوللەیـەك بـەر ئۆمـەر دەکـەوێت، بۆیـە لەماڵـەوەی خۆیـان بەسـەر ئـازاری برینەکەیـدا کـەوتووەو جەندەرمـەکانیش بەدوایـدا دەگـەڕێن و ئۆمـەر خـۆی نـادا بەدەستەوە، بەڵام لەپڕ ژنێك هەواڵێکی ناخۆشی پێدەدات:

ژنەکە: یا خوا قەت مەرگت نەبینن ڕۆڵەی پڵنگ — دینامان گێژنەو بایە
هەزار (دەڵێن)ی تێدایە — ئەڵێن ئەسمەر بۆ کوڕی ئاغایە
خۆیان بۆ ئەو هەڵگرتووە — ئینجا گوایە، دنیا، هەر ئەسمەری تیایە؟!
(شانۆی کوردستان، ل ٢٥)

بەڵام ئۆمەر بەو قسانە باوەڕ ناکات و بە پیلانێکی دەزانـێ. لـەپڕ جەندرمـەکان دێن و ئۆمەر لەگـەڵ چـەندان لاوێکـی دێیەکـە دەسـتگیر دەکـەن. هـەر چـەندە شـەڕ کۆتـایی دێـت، بـەڵام قـات و قـڕی و برسـێتی هێـشتا هـەر مـاوە، ئەسمـەریش هـەر

[1]- حەمە کەریم هەورامی، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا، ل٣٢٧.

چـاوەڕوانی گەڕانـەوەی ئۆمـەر دەکـات، بـەڵام دووچـاری نەخۆشـییەکی کوشـندە دەبێتەوە و بەهۆیەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ حاڵی خراپ دەبێت و لەمەرگ نزیك دەبێتەوە، لەپڕ هەواڵی گەڕانەوەی ئۆمەر دێت.

**یەکێك دێتە ژوورەوە(بەهانکە هانکی ماندویەتییەوە):**

**مزگێنیم پێیە ، مزگێنی**

**ئەڵێن ئۆمەر وا لەرێیە..** (شانۆی کوردستان، ل ٢٥)

هەرچەندە ئەسمەر گـوێی لەهەواڵەکـە دەبێـت، بـەڵام مـەرگ رێگـەی پێنـادات جارێکی دیکـە ئۆمـەر ببینێتـەوە. ئـەوەی لێـرەدا تێبینـی دەکـەین ئەوەیـە شـاعیر، خۆشەویستی، کە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییە ئاوێتەی خۆشەویستی نیشتمان دەکات و بەرهەمەکەی لەسـەر هـەردوو ئاسـتەکە، ئاسـتی دەرەوە، ململانێـی لەگـەڵ هێـزی دوژمن و پیشاندانی زوڵم وزۆرداری دوژمنەکانی کورد. لە ئاستی ناوەوەش، ململانـێ لەگـەڵ داب و نـەریتی دواکەوتووانـە هاوسـەنگ دەکـات. ئەمـەش لەوکاتـەدا بـەدیار دەکەوێت، کە کەسایەتی ژنێك وەکو تێکدەرێك بۆ ئەو خۆشەویستییەی نێوان ئۆمـەر و ئەسمــەر د ەردەکــەوێت، کــە شــاعیر لــەم رێگەیــەوە ســەرکۆنەی ئــەو جــۆرە هەڵسوکەوتانە دەکـات و لەهـەمان کاتیـشدا ململانێـی چینایەتی پیشان دەدات کـە هەموو شتێك دەبێـت بـۆ کـوڕی ئاغـا بێـت، بەمـشێوەیە رەخنـە لـە کۆمەڵگـەی ئـەو سەردەمی کوردی دەگرێت.

بابەتێکی دیکە کە لەو سەردەمەدا بایـەخی پێـدرا، کێشەی هـەژاری بـووە. هەژاری یەکێکە لـە نەخۆشـییەکانی کۆمـەڵ و بەربەرسـتێکە لەبـەردەم پێـشکەوتن و گەشـەکردندا، کـارودۆخی لـە بەرهـەمێکی شـیعری شـانۆیی (چـیرۆکی دارفـرۆش)دا، وێنەی کەسێکی هـەژار و نەخوێنـدەوارمان پێـشکەش دەکـات، کـە لەبـەر بێکـاری و هەژاری خەریکی دارفرۆشتنە،:

**دار فرۆش: ئاخ لەم کلۆڵیەی، بەسەر منداهات**

**ژینی هەژاریم، چۆن بوو بەخەڵات؟**

**چۆن یەزدان ئاوا هەژاری کردم،**

**بە کوێرەوەری بە ئەرزیا بردم؟**

**بەکۆڵ و سەرشان هەر دار هەڵئەگرم**

**منداڵ هەر رووتن، خۆیشم بەرگ شرم**

**خەلق لە خۆشی دان، دوور لەماتی وخەم**

**منی دارفرۆش ، هەر پەست و ماتەم** (دیوانی کاردۆخی، ل٣٧)

هەرچەندە بەو کارەش خەرجیی و پێداویستییەکانی خۆی پێ دابین ناکرێت. لەگەڵ ئەوەش بڕینەوەی دار دەبێتە هۆکارێك بۆ بنەبڕکردنی دارستان و تێکدانی ژینگە، بۆیە هەمیشە لەلایەن پۆلیسی دارستانەوە دەستگیر دەکرێت و لەدادگادا سزا دەدرێت. خوێندەوارێك بەئەرکی خۆی دەزانێ دارفرۆش لە زیانەکانی بڕینی دار ئاگادار بکاتەوەو ڕێگەی چارەسەریشی بۆ دەستنیشان بکات:

**خوێندەوار: کارخانەی ( چنین) ، ( شەکر)، دائەنرێ**

**زۆر کەسی بێ ئیش، ئیشی پێ ئەدرێ**

**تۆیش دائەمەزریت، ئیش ئەکەی لەوێ**

**بەخۆشی ئەژیت، گشت ڕۆژ و شەوێ**

**بەکارکردن و، راستی و، دڵپاکی**

**بەختەوەر ئەبی ، تا لەسەر خاکی**

**گەر وات پێخۆش بوو، کرێکاری کە**

**یاخۆ جوتیاری و ئاژەڵداری کە**

**نەمام بنێژە، زەوی بکێڵە**

**ئەرزی نیشتمان بایر مەهێڵە**

**هەمووی بنێژە بە نەمام ودار**

**تا جوان بێت شاخ ودەشت ، لادێ و شار**

**داری وشك ببڕە، بیفرۆشە بێ خەم**

(بەد مەبە) **بۆ کەس بە**(دەست و بەدەم) (دیوانی کاردۆخی، ل٤١)

شاعیر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری و هەژاری، داوا دەکات کارگەی پیشەسازی دابمەزرێت، کە لەلایەکەوە ئابووری وڵات بەرەوپێشەوە دەبات و لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکێکی زۆر لەبێکاری رزگاری دەکات. یاخود جوتیاری بکات

و زەوی بکێڵێت و نەمام بنێژێت و داری وشك بفرۆشێت، نەك دارستان و باخەکان ببڕێتەوە. ئەم چارەسەرییانەش لەزاری خوێندەوارێك رادەگەیەنرێت. ئەمەش دەلالەتی ئەوە دەبەخشێت، کە بەرێگای زانست و زانیاری دەبێ ئابووری وڵات دەگەشێتەوەو بێکاری و هەژاری لەناو ببرێت.

کاتێکیش دارفرۆش و خوێندەوار لەسەر ئەوە رێککدەکەون چیدیکە دارنەبڕێتەوە و روو لەکارو کاسبی بکات. بێگانە ئەم رێککەوتنەی ئەوانی بەدڵ نابێت و بەهەموو شێوەیەك دەیەوێت دارفرۆش رازی بکات لەسەر کاری خۆی بەردەوام بێت بەگوێی خوێندەوار نەکات، بەڵام خوێندەوارەکە هەمیشە بەرپەچی دەداتەوە و لەگەڵ دارفرۆش دژایەتی دەکەن و لەکۆتاییشدا بێگانەکە دەکوژن ((لەم چیرۆکە شیعری شانۆگەرییەدا سێ پاڵەوان بەرچاو ئەکەون خوێندکارو هەژاری دارفرۆش و بێگانەیەك گفتوگۆی نێوانیان چەند مەسەلەیەکی سەرەکی وکۆمەڵێ هەڵوێست و مەبەستی پیرۆزمان بەدەستەوە دەدات، وەك پاراستنی ژینگەی کوردستان و بەش مەینەتی کورد و مەسەلەی چینایەتی و نەتەوایەتی و دەستنیشانکردنی دوو قۆناغی لەیەکتر جیاواز پێش شۆرش و پاش شۆرش و چاندنی تۆوی هیوا و ئاوات و سەرکەوتن و دانانی بەردی بناغەی یەککگرتنی گەلو خەباتکردن)) [1]. بەو واتایەی کە شاعیر لەو بەرهەمەیدا هەر دوو ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا بەشێوەیەکی هاوسەنگ بنیاتناوە.

لە ئاستی ناوخۆدا، شاعیر ململانێیەك دروست دەکات لەنێوان کەسێکی خوێندەوار و کەسێکی نەخوێندەواری هەژار وتێیدا تیشك دەخاتە سەر دەردی بێکاری و هەژاری و داوا دەکات خەڵك بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی پەنا بۆ تێکدانی باخ و دارستانەکان نەبن و ژینگەی جوانی کوردستان تێکنەدەن، بەڵکو لەبری ئەودا با خوێندەوار پێبگەیەنین بۆ ئەوەی چارەسەری زانستیی بۆ ئەو کێشانە بدۆزێتەوە. دیارە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانەو کارکردن و دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی، هۆکارگەلێکن بۆ پشتبەستن بە خود و سەقامگیربوونی باری ئابووری و

[1]- محمد احمد سعید، کاردۆخی ژیان و بەرهەمی، لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین،١٩٩٥، ل١٣٤-١٣٥.

پێشکەوتنی وڵات، بۆیە لەئاستی دووەمدا ململانێیەکە ڕەوتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بەخۆ دەگرێت، کاتێك بێگانە وەکو هێزێکی داگیرکەر دێت و دەیەوێت ڕۆڵەکانی میللەت بەگژیەکدا بکات و لەجیاتی کاروکاسبیکردن، خەریکی نۆکەریکردن و بێگانەپەرستی بن. پەیامی شاعیر لەو شیعری شانۆییەدا، جەختکردنەوەیە لەسەر چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بەگژداچوونەوەی بێگانەی داگیرکەر و پارێزگاریکردن لەوڵات و نیشتمان.

هەر لەو ڕۆژگارەدا، شاعیران بۆ زیاتر کاریگەریکردنە سەر خەڵك و وروژاندنی هەست و سۆزیان وەکو ڕێچکەیەك بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان پەنایا بۆ کۆمیدیا بردووە. لەم ڕووەوە بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان بەشێوازێکی کۆمیدیا وا دەهۆنییەوە، کە دەبووە مایەی پێکەنین و تانە تەشەر، بۆیە دەبینن بەشێك لەو شیعرە شانۆییانە بە شێوازێکی کۆمیدی نووسراون و تێیدا شاعیران رووکارە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و دەروونییەکانیان خستۆتە ناو ڕەخنەکانیانەوە. لەهەمانکاتیشدا ئەو شێوازەیان وەکو هۆکارێك بۆ ڕیسواکردنی هزرو بنچینەکانی کێشە و کەسایەتییەکان بەکارهێناوە. تا بەهۆیەوە خوێنەر بخەنە نێو ئەو هەستەی، کە ڕووکارەکانی ئەو کێشەیەی بەگاڵتەجاری و پێکەنین بێتە بەرچاوی. ئەمەش بۆ ئەوەی پایەی کۆمەڵایەتی ئەو جۆرە کێشانە کەم بکەنەوەو ڕۆشنبیرییەکی تایبەتیش بەو کێشەیە لەلای خوێنەر دروست بکەن، کە ببێتە چاوکراوەیی و هۆشیاربوونەوەی.

لەهەمانکاتیشدا ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی کۆمەڵگە بکەن و بتوانن لەرێگای ئەو ڕەخنەگرتنەوە، جەماوەر زیاتر هانبدەن تا بەتەنگ چارەسەرکردنی کێشەکانیانەوە بچن. هۆکارێکی دیکەش لە پەنابردنی شاعیران بۆ ڕێچکەی کۆمیدی لە نووسینی بەرهەمەکانیاندا ئەوەیە، کە ڕەخنەگرتن لە داب ونەریتی کۆمەڵایەتی سەرکێشی و بوێرییەکی گەورەبووە، بەتایبەتیش لەو ڕۆژگارەدا کۆمەڵگە لەبارێکی دواکەوتوودا بووە، بۆیە ڕەخنەکانیان لە بەرگێکی کۆمیدیدا پێچاوەتەوە، تا بە ئاسانی لەلایەن خوێنەرەوە قبوڵ بکرێت. لەبەر ئەوەش کە پێکەنین لەڕووی دەروونییەوە دەبێتە هۆکاری خاوبوونەوەی مێشك و دروونی مرۆڤ، بۆیە قورسایی

رووداوی رەخنەگرتن زیاتر دەکەوێتە سەر خوێنەری ئاسایی و لەرێگای دیمەنێکی کۆمیدی ئامێزەوە ئەو رەخنەیەی کە شاعیر بەمەبەستییەتی وەریدەگرێت.

رەخنەگرتن لە بابەتە سیاسییەکان، مەسەلەیەکی پڕ لەمەترسی بووە بۆ سەر ژیانی شاعیرەکان، بۆیە لەتەك پەنابردنیان بۆ کۆمیدیا، هێماشیان بەکارهێناوە، کە (( وشەیەکە یاخود دەستەواژەیەکە یاخود دەربرینێکی دیکەیە کە ئاوێتەیەك لە واتای بەیەکبەستراو لەخۆ دەگرێت))[1]، بەتایبەتیش لەو رۆژگارەدا لەتەك پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعردا، شاعیران زیاتر پەنایان بۆ بەکارهێنانی هێما بردووە ((شاعیران لەگەڵ دەستپێکردنی بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردی زیاتر روویان کردۆتە بەکارهێنانی رەمز و سەرئەنجام خۆی لە دیاردەیەکی زەقدا نواندووە))[2] . دیارە پەنابردنە بەر هێما و بەکارهێنانی لەشیعری شانۆییدا، زیاتر بۆ هێز و وزەی خودی هێماکە گەڕاوەتەوە، کە زیاتر ئەو مانا و مەبەستەی شاعیری بە خوێنەر گەیاندووە. لەهەمانکاتیشدا شاعیریش سوودێکی زۆری لە بەکارهێنانی هێما وەرگرتووە (( رەمز دەبێتە هۆیەك بۆ قووڵکردنەوەی ئەزموونی شیعری لە رێگای سوود وەرگرتن لەو وزە شاراوەیەی لەناو رەمزدا حەشاردراوە)) [3]. بەکارهێنانی ئەو هێمایەش کاریگەرییەکی چڕو پڕ لەسەر خوێنەر دروستدەکات (( ئەدەب و هونەری رەمزی ئەوەیە کە خوێنەری ئاسایی دەیخوێنێتەوە تەنیا لەدیوی دەرەوەی تێ دەگات، کەچی خوێنەری شارەزا و هۆشیار کە دەیخوێنێتەوە جگە لە دیوەکەی دەرەوەی لەدیوەکەی ناوەوەشی تێ دەگات و دەزانێ نووسەرەکە چی لە دوو توێی کارە تۆکڵدارەکەیدا شاردووتەوە. ئەو مانا حەشاردراوە لەناو مێشکی دا دەست بە گینگڵەدان و ماخۆلان دەکات و ختووکەی هۆشی دەدات و مێشکی ئاوەدان دەکاتەوە، تام وچێژێك دەبەخشێ و دەروون تەسەل دەکات..))[4] ئەمەش ئەوە

[1]- محمد علي كندي، الرمز و القناع في الشعر العربي الحديث، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت ـ لبنان ٢٠٠٣، ص٥٣.

[2]- د. پەرێز سابر، تەوەرەکانی رەمزی شیعری لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری(زانکۆ)ی سەلاحەددین، ژمارە(٢٥)، حوزەیرانی ٢٠٠٥، ل٥٢٧.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل ٥٢٩.

[4]- حەمە کەریم هەورامی، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا، ل٢٦٠.

دەگەیەنێت، کە بەکارهێنانی هێما هۆکارگەلێك بووە بۆ دەوڵەمەندکردنی شیعری شانۆیی کوردی تا بەهۆیەوە بتوانێت ((خۆی بە یەك خوێندنەوە نەبەستێتەوە و چەندین خوێندنەوەی بۆ بکرێ و بەدرێژایی رۆژگار خۆی بپارێزێت، چونکە ئەو وزە مت بووەی لەناو رەمزدا هەیە لەگەڵ یەکەم خوێندنەوە هەموو دەرناکەوێت، بەڵکو هەر جارەی لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەك بەشێکی دەردەکەوێت))[١].

دیاریکردنی هۆکاری بەکارهێنانی هێما وەکو سیمای بەشێك لە شیعری شانۆیی لەو قۆناغەدا لەلایەن شاعیرەوە کارێکی ئاسان نەبووە ((چونکە پێویستییەکانی بەکارهێنانی رەمز لای هەموو شاعیران یەك شت نییە، بەڵکو دەگۆڕێت بەگۆڕانی پاڵنەرەکە، هەر لەبەر ئەوەشە جاری وا هەیە بەکارهێنانی رەمز دەکەوێتە خانەی پێویستییەکی تاکەکەسی کە تەنها پەیوەندی بە شاعیرەکە خۆی هەیە لەو رووەوەی کە کۆمەڵە هۆکارێکی دەرەکی کە پەیوەندییان بە بارودۆخی سیاسی یان ژیانی کۆمەڵایەتی یان باری دەروونی یان جۆری بیرکردنەوەو عەقیدەو ئایدیۆلۆژیاوە هەیە، هۆی بەکارهێنانەکە بەیەکێك یان زیاتر لەو هۆیانە دەبەسترێتەوە))[٢]. لەهەمانکاتیشدا بەهۆی بەکارهێنانی هێماوە شاعیر زیاتر بەدوای ئەو ئامێرو شتانە گەڕاوە کە زیاتر رەنگ و رووخساری خۆی تێدا دەبینێتەوە، بەو واتایەی کە ((زمان لەرێگای رەمزەوە، وەڵامدەرەوەی ئارەزووی شاعیرە بۆ دۆزینەوەی شێوازی تایبەت بەخۆی))[٣].

هەروەها بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر شیعرە شانۆییەکانیان لەنێو دڵ ودەروونی خەڵکیدا جێگای بکاتەوە، شاعیران ئەو شێوازە کۆمیدییە هێمائامێزەیان لەرێگای ئەو کەسایەتییانەی کە لەشێوەی ئاژەڵ یاخود کەرەستەکانی سروشت بوون، پێشکەشکردووە. واتە شاعیرانی ئەو رۆژگارە پەنایان بۆ (بەمرۆڤکردنی شت) بردووە. بەمرۆڤکردنیش لەهونەردا جوانترین بەهای ئیستاتیکییە، چونکە روئیایەکی هونەری بەرزەو ناکەوێتە ژێر پێوانەکانی لۆجیك، هەروەها لە رووداوە

---

[١]- د. پەرێز سابر، تەوەرەکانی رەمزی شیعری لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری(زانکۆ)، ژمارە(٢٥)، ل٥٣٠.

[٢]- هەمان سەرچاوە، ل٥٣٠.

[٣]- محمد علي كندي، الرمز و القناع في الشعر العربي الحديث، ص٥١.

واقیعییەکانیش ناچێت. بەهۆیەوە شاعیر چەند خەسڵەتێکی دیاریکراوی مرۆڤ لە شوێن و گیانلەبەر و باڵندەو شت و دیاردە سروشتییەکان دەبەخشێت و لەچوارچێوەی مرۆڤدا دروستیان دەکات و وایان لێدەکات وەکو مرۆڤ بجوولێنەوە و هەست و سۆز و دەربڕین و توندوتیژییان بەپێی ئەو هەلوێستە دەستنیشان دەکات کە لەپێناویدا بەمرۆڤی کردوون[١].

لەم روانگەشەوە شاعیران، گیاندار و ئاژەڵیان کردووە بە پاڵەوان و بەقسەیان هێناون و رووداوەکانیان پێ نواندوونە. یاخود لەرێگای بەمرۆڤکردنی ئەو ناوە مەعنەوییانەی، کە کارتێکردنێکی گەورەی لەسەر هەست و هۆشی مرۆڤایەتی بەگشتی و مرۆڤی کورد بەتایبەتی هەبووە، وەکو (ئازادی، شۆڕش، عەدالەت ....هتد)، ئەو ناوە مەعنەوییانە لەلایەن شاعیرەکانەوە بەرگی مرۆڤیان لەبەرکراوەو بەقسەهێنراون. کاتێکیش شاعیر پرۆسەی بەمرۆڤکردنی شوێن و گیانلەبەر و باڵندەو شتەکان ودیاردە سروشتییەکانی ئەنجامداوە((خستوویەتی ژێر کارلێکردنێکی گەرم لەگەڵ مرۆڤ، بۆ ئەوەی لەو کاتەی ئارەزووی دروستکردنیانی لەشێوە دروستکردنێکی مرۆڤانەی خاوەن سیمایەکی دیاریکراوە هەبووە، ئەو رۆڵە مرۆڤایەتییەی کە پێی بەخشیووە بگێڕن))[٢]. بەمەش خودی شاعیرەکە لەنێویاندا تواوەتەوە و لەزاری ئەوانەوە بیروباوەڕی خۆی دەربریووە. واتە وەکو هێمایەك بەکاریهێناوەو خۆی لەپەنایانا حەشارداوە و هەمیش سیمایەکی کۆمیدی بە شیعرە شانۆییەکە بەخشیووە.

لەم روانگەیەوە سەلامی شاعیر لە هەر دوو بەرهەمی شیعری شانۆیی خۆیدا (قوتابخانەی کوردستان) و (ئافاتی تاعوون لەناو حەیواناتا)، چەند کێشەیەکی کۆمەلایەتی و سیاسی ئاوێتەی یەکتر کردووە و لە قالبێکی کۆمیدی هێما ئامێزدا خستوویەتییەڕوو. لە (قوتابخانەی کوردستان)دا، شاعیر بابەتێکی زیندووی ژیاری هەلبژاردووە و تێیدا رەخنە لە بارودۆخی کۆمەلایەتی و سیاسی کوردستان

---

١- د. مرشد احمد، انسنة المكان في روايات عبدالرحمن منيف، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الطبعة الاولى، الأسكندرية ـ مصر ٢٠٠٣، ص ٧.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٧ .

دەگرێـت. ناونیـشانی بەرهەمەکـە دەلالـەت لـە کوردسـتان دەکـات، کـە وەکـو قوتابخانەیەکەو هەر چەندە بەڕێوەبەرەکەی کوردە، بـەڵام مامۆسـتاکانی لـەدەرەوە دەهێنرێن و بێگانەن. دوای هێنانی مامۆستا، قوتابییەکان دەست بەخوێندن دەکەن، بەڵام بابزانین ئەو قوتابییانـە کێن؟ شـاعیر لێـرەدا چـەند نـاوێکی مەعنـەوی گشتی بـەمرۆڤکردووە وەکـو ( نیفـاق، ئیتیفـاق، ڕاسـتی ، سـەداقەت، وەتـەنی، رزگـاری، ئـازادی، عەدالـەت، نەخۆشـی، سەربەسـتی، زانـستی، ئیـستعمار،جەهل، برسـی، نەخۆشی) و ڕۆڵی دیاریکراوی مرۆڤی پێبەخـشیوون، کـە قوتابییـە. لەهەمانکاتیـشدا وەکو هێمایەك بۆ رەخنەگرتن لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان بەکاری هێنـاون. ئەمانەشـی لـە چوارچـێوەی کۆمیدیایـەکی مانـادار دارشـتووە و بەهۆیـەوە وێنەی بارودۆخی وڵاتی لە بەرگێکی پێکەنیناوی دەخاتەڕوو. بەڕێوەبەری قوتابخانـە ناوی ئەو قوتابییانە دەخوێنێتەوە، بەڵام بەشێکی زۆریان نەهاتوون :

**(ئازادی) کوانێ؟ بانگی بکەن زوو**
**قوربان ئەبەدی پێرار مەحکووم بوو**
**(عەدالەت) کوانێ؟ لەکوێیە (ئەدەب)**
**تەردن، یاساغە چۆن دێنە مەکتەب**
**(نەخۆشی) بەڵێ حازر لەسەر پێ**
**هەردوولام فەوتان چی لەشارو چی لەدێ**
**کوانێ ( سەربەستی)؟ لەم ساختمانە**
**پۆلیس رایپێچا بۆ بەندیخانە**
**(زانستی) کوانێ؟ ئەویش بۆی دەرچوو**
**مەحکوومی حوکمی عەشایری بوو**
**(جەهل) لەکوێیە؟ لێرەم رۆژو شەو**
**خەریکی ئیشم لێم حەرامە خەو**
**بەرۆکی گرتم ( عیلم) بەناحەق**
**تەمای بوو جێگە بەمن بکا لەق** (دیوانی شێخ سەلام ، ل ١٣١-١٣٢)

دواتر شاعیر هۆکاری ئەو بارودۆخەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کەئەویش داگیرکردن و ئیستعمارە وبەهۆی پاڵپشتی و زاڵبوونی ئەوەوە، وڵات لەژێر دەسەڵاتی جەهل و نیفاق دایە و ئازادی و سەربەستیش وا لەبەندیخانەوە:

**ناوی کامتانم نەخوێندەوە ئەمجار**

**دەنگێ هات وتی: مودیر ( ئیستعمار)**

**مودیر حەپەسا لەدەنگی بێ ڕەنگ**

**لەجێی خۆی وشك بوو وەکو نەقشی سەنگ**

**تو کێی؟ وا دایم حازر جەوابی**

**نزیك لەبەدی لەصەوابی!**

**چەند زوو جەواب ئەدەی تۆ لەپرسیار**

**وتی: نازانی منم ئیستعمار** (دیوانی شێخ سەلام ، ل ١٣٣)

لەکۆتایشدا ئیتفاق و سەربەستی و ئازادی و..هتد لەبەندیخانە دێنە دەرەوەو بەسەر ئیستعمار و نەخۆشییەکانی زاڵ دەبن. بەمشێوەیە ئیستعمار لەوڵات دەردەکرێت و عیلم و ئیتفاق و عەدالەت شوێنی دەگرێتەوە. ڕەفیق حیلمی لەبارەی ئەم شیعرە شانۆییەوە ڕای وایە کە شاعیر(( ئەوەندەی لە شیعری (شین ـ ڕپاو) دا دەسەڵات دارەو گڕ لە دڵتان بەر ئەداو فرمێسکی گەرمی ناچاری بەچاوتانا دێنێتەخوارێ، لەشیعری (گاڵتەوگەپ)یشا، ئەوەندە بەدەسەڵات وهونەرمەندە و جار جار پڕ بەدەم ئەتانهێنێتە پێکەنین))[1] .

هەروەها لە (ئافاتی تاعوون لەناو حەیواناتا) شاعیر ئاوڕی لەمەسەلەیەکی گرنگ داوەتەوە. ئەویش هێزی دەسەڵاتدارە، کە دەست بەسەر هەموو شتێکدا دەگرێت و بەئارەزووی خۆی وڵات بەڕێوەدەبات وبوونی لەسەرووی یاسایە و هەمیشە مافی بێهزەکان دەخوات . بۆیە شاعیر ئەم جۆرە دەسەڵاتەی بە دەسەڵاتی دارستان چوواندووە. لەبەر ئەوەش گیانلەبەرەکانی نێو ئەو دارستانەی کردووەتە پاڵەوانی شیعرە شانۆییەکەی. شاعیر لە پرۆسەی بەمرۆڤکردنی ئەو گیانلەبەرانەدا و

---

[1]- ڕەفیق حلمی، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم، ل١١٦.

لەچوارچـێوەی کۆمیدیایـەکی هێمائـامێزدا، ڕەخنەیـەکی تونـدی لـە سیـستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگە گرتووە و تـاڕادەی ئـەوەی ژیـان و حکـومڕانێتی بـە دارستان چوواندووە، کە تێیدا تەنیا بەهێزەکان و فیلزانەکان خاوەن فـەرمانڕەوان و مافی ژیانیان هەیە. لەو شیعرەشانۆییەدا شاعیر لە هەڵبژاردنی نەخۆشی تاعوون، کە کۆمەڵگەی بەدەستەوە دەناڵێنی بابەتەکەی بیناکردووەو تێیدا هەموو گیانلەبەرەکان کۆبوونەوەیەك دەکەن بۆ دەستنیشانکردنی هۆکاری بڵاوبوونەوەی ئـەو نەخۆشـییەو سـەرئەنجامیش دەگەنـە ئـەو بـاوەڕەی، کـە ڕەنگـە لـەگوناهکردنی خۆیـان ئـەو نەخۆشییە بڵاوبووبێتەوە، بۆیە شێر وەکو پادشای دارسـتان بڕیـاردەدات هـەموویان کاروکردەوەی خۆیان بگێڕنەوە تا ئاشکرا بێت کێ تاوانی کردووە بۆ ئەوەی لەلایـەن ڕێـوی، کـە کراوتـە حـاکم سـزا بـدرێت. شـێریش هـەر خـۆی دەسـت بـە گێڕانـەوەی کاروکردەوەکانی خۆی دەکات:

شێر: دەستی پێ ئەکەم بەر لەهەمووتان

بەیانی ئەکەم من رووبەرووتان

بەدڵ دیقەت کەن هەموو گوێ بگرن

چەن منالم خوارد چەن پیاو و چەن ژن

چەن سوارانم خەڵتانی خوێن کرد

چەن جوانانم بێ سەرو شوێن کرد

لەخوف و گوڕە لەنەعرەتەی من

زارە ترەك بوون چەن پیاو و چەن ژن

ئنجا ئەی کۆمەڵ ئێوە پێم بڵێن

من بەخراپ و بەدکار دائەنێن

من بەگوناهکار ئەدەنە قەڵەم

استعفرالله پادشای ئەفجەم (دیوانی شێخ سەلام ، ل ٢٤٠)

هـەر زوو لەلایـەن ڕێـوی مـەدحی شـێر دەکرێـت و کردەوەکـانی بـە پاراسـتنی خۆیـان و لـەپێناو ئاسـایش و سـەقامگیری ئەوانـدا لەقەڵـەم دەدرێـت. بەمـشێوەیە هەریەك لە پڵنگ و گورگ و ورچ تاوانەکانیان باس دەکەن و لەلایەن ڕێـوی حاکمـەوە

به کاروکردەوەی چاك و گرنگ وەسف دەکرێن. تا نۆرە دەگاتە سەر کەر و هەمووان لەکەر مۆر دەبنەوە و داوای لێدەکەن باسی کاروکردەوەی خۆی بکات. کەریش باسی ژیانی رۆژانەی خۆی دەکات، کە لەبەر بارهەڵگرتن ئاگای لەهیچ نییە و تەنیا ئەوە نەبێت، کە رۆژێك برسی بووە و لایداوەتە کەلاوەیەك و هەندێك گیای خواردووە. ئەمەش بەس دەبێت بۆ رێوی تا بڕیاری خۆی بدات بەوەی، کە تاوانی کردووە وکەلاوەکەشی بە کەلاوەی مزگەوت لەقەڵەم دا و ئیدی بڕیاری کوشتنی کەر دەردەکات و هەموو گیانلەبەرەکان دەیخۆن:

**شێر: ئەم کەرە خواردی وەقفی مزگەوتان**

**وا تاعون گشتمانی فەوتان**

**بیخەن، بیکوژن بیخۆین هەموومان**

**بەڵکە زوو تاعون دەرچێ لەناومان** (دیوانی شێخ سەلام ، ل ٢٤٨)

لەم شیعرە شانۆییەدا، دەبینین شاعیر شێر و پڵنگ و گورگ و ورچی وەکو هێمایەك بۆ چینی فەرمانڕەوا بەکارهێناوە، کە لەبەرە ئەوەی خاوەن هێزن، هەمیشە تاوان و کوشتن و بڕین ئەنجام دەدەن و لەسەرووی یاساوەن . لەبەرامبەریشدا کەری وەکو هێمایەك بۆ میللەت بەکارهێناوە، چونکە کەر یەکێکە لەو گیانلەبەرانەی هیچ زیانێکی نییە و ئەو بەکارهێنانەشی بۆ ئەوەیە بێتاوانی و پاکی میللەت بسەلمێنێت، هەم دیسان ئاماژەدانێکە بۆ نەزانین و ساویلکەیی، چونکە کەر لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هێمایەکە بۆ ساویلکەیی و نەزانین و بێ عەقڵی. نەزانین وساویلکەیی میللەتیش لێرەدا ئەوەیە، کە بەهەموو وتەو بەڵێنێکی دەسەڵات بڕوا دەکەن. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە خاوەن هێز و دەسەڵات نین و توانای بەگژداچوونەوەی هێزی دەسەڵاتیان نییە. شاعیر سەرەڕای ئەوەی کەدەستنیشانی کێشەکەی کردووە، لەهەمانکاتیشدا پەنجەی بۆ چارەسەرکردنیشی درێژکردووە وداوای کردووە لەبەرامبەر هێزی دەسەڵاتداران، یەکگرتوو بین و لەفێربوونی زانست هێز پەیدا بکەین:

**قووەتی بەشەر تەنها بە عیلمە**

**نموونەی مەردی وەفاو و حیلمە**

قەومێ بیەوێ هەڵسێ  سەركەوێ
لەهەوڵی عیلما نابێ بسرەوێ
ژیان قەت نابێ بەبێ ئیتیفاق
یەك بن هەمووتان لادەن لەنیفاق
دەست بەرن دەستی یەكتری بگرن
ئەمڕۆ فرسەتە بەیانی ئەمرن                (دیوانی شێخ سەلام ، ل ٢٣٦)

گۆرانی شاعیر لەچەند بەرهەمێكدا و لەژێر ناوی (پیەس لەیەك پەردەی كورتا) ولەشێوەیەكی كۆمیدی هێمائامێزدا رەهەندی كۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوكێشەو گرفتانە لە دیمەنێكی كورت و پڕ لە مانادا دەخاتە ژێر باری رەخنەگرتن و بیروباوەڕی خۆی بەشێوازێكی پێكەنیناوی  و لەبەرگێكی گاڵتەوگەپدا دەردەبڕێت. ئەم شێوازەش(( وەك بابەتێكی پلار و تەشەری گەرم و رەخنەگرانەی خۆش بابەتێكی سەركەوتوانەی بایەخ پێدراوی (گۆران)ە، ئەم شێوەیە تینوی سەرنجی ورد و خەیاڵی تیژ و ناسك و دۆزینەوەی گرێ وگۆڵی كۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسییە))[1]. گۆران لەو بەرهەمانەیدا، خاوەن روحییەتێكی كۆمیدییە، بەشێوەیەك ئەو روحە كۆمیدییەی تێكهەڵكێشی ڕایەڵەكانی كۆمەڵایەتی و دەروونی كردووە، تا بەهۆیەوە ڕاشكاوانە راستییەكان لە تانوپۆی هێماوە بخاتەڕوو. لەم رووەوەشەوە توانیویەتی شیعر وەكو نەخشەڕێیەك بۆ دیارخستنی ئەو رۆحە كۆمیدییە بگونجێنێت و بەكاریبهێنێت.

لە(ماستاو)دا شاعیر مەسەلەی نۆكەرایەتی و خزمەتكردنی بێگانە وەكو كێشەیەكی گەورەی سیاسی و كۆمەڵایەتی دەرووژێنێت. ناونیشانی بەرهەمەكە دەلالەتە لەدەردێكی كوشندەی سیاسی و كۆمەڵایەتی، ئەویش مەراییكردنە بۆ بەرپرسان، كە زیاتر بە ماستاو ساركردنەوە ناسراون. ئەم دیاردەیەش شیرازەی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگە تێكدەدات و ناعەدالەتی و نایاسایی بەرهەم دەهێنێت. شاعیر لەم بەرهەمەیدا لەژێر كاریگەرییەتی ئایدلۆژی سیاسییەكەی خۆی كە چەپ بووە،

[1]- حەمەی حەمە ئەمین قادر (كاكەی فەللاح)، كاروانی شیعری نوێی كوردی، بەرگی یەكەم، ل ٦٤.

وێنەی کۆمەڵگە لەژێر فەرمانڕەوایەتی پادشادا دەکێشێت ، کە باڵیۆزی ئینگلیزەو لەپشت پەردەوە وڵات بەڕێوەدەبات وئاغاش وەکو نۆکەرێکی بێگانە بەپارەو پوڵی ئەوان دەسەڵاتی کەوتۆتە دەست و میللەتیش لێیان پڕە ویاخییە:

**ب: زۆر (موشتاک)م، زۆر پەرۆشم**
**بێم ماستاوی سارد بنۆشم،**
**بەڵام (ئاک!) لە (داک)ی رووتە**
**نۆشی گیان لام (زەکنەبووت)ە!**
**هەرچەند من دێم ڕائەپەڕن**
**لەمنیش و لەتۆش پڕن!**
**ئەلۆ ....... ئەلۆ**
**(کۆم) برای تۆ!**
**ئا: هەلاو ... هەلاو.. رووناکیی چاو**
**لەگەڵ خۆت زۆر بێنە دراو،**
**بەمانگانە پیاو رائەگرم**
**ورتەیان کرد سەریان ئەبڕم!**
**دوایی: نەیەی، ئەو دیو سنوور**
**لێمان ئەکرێ بە ئاگری سوور!**
**هەلاو .... هەلاو**
**خاوەندراو** (دیوانی گۆران، ل ٢٧٣-٢٧٤)

هاتنی رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کوردستان بووەتە جێگەی بایەخ پێدانی گۆرانی شاعیر. بەتایبەتیش کە ئەو رێکخراوانە بەناوی یارمەتیدانی هەژاران و لێقەوماوانەوە، مەبەستی دیکەی سیاسی دوور لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی خەڵك جێبەجێ دەکەن. ئەو مەسەلەیەش یەکێکە بووە لە بابەتی شیعرێکی شانۆیی بەناونیشانی (جۆقی یۆنسکۆ) و تێیدا لەبۆتەیەکی کۆمیدیدا گۆران باس لە هاتنی شاندێکی رێکخراوی یۆنسکۆی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکێك لەدێهاتەکانی کوردستان دەکات. شاعیر بەشێوازێکی

گاڵتەئامێزەوە رەخنەیەکی توند لە کاروبەرنامەی ئەو جۆقە دەگرێت، کە لەجیاتی یارمەتیدانی خەڵکی و دابینکردنی خۆراك و پۆشاك بۆیان، هاتوون فێری سەما و مۆسیقا و تەپڵ لێدانیان دەکەن:

**کچە مامۆستای گۆرانیبێژ: (گاڤ) بۆ گۆشتە و (پیٚ) بۆ پلاو**

**نەك نایخۆن، نایبینن بەچاو**

**تەرلای لای لای، تەر لای لای لای**

**دوایی هات دەرسی ئەلفبام**

**هەموو: تەرلای لای لای.........**

**تەر لای لای لای ........**

**دومبەکچی: تەپ .. تەپ .. تەپ .. تەپ ...**

**بەهەردوودەست، سیٚ راست، یەك چەپ!**

**تەپ وەك زرمەی دەستڕێژ وایە**

**بیٚ شەڕ نابیٚ ئەم دنیایە!**

**تا ئەتوانن تەپ تەپ فێربن**

**سیٚ سك برسی، یەك سك تێر بن!** (دیوانی گۆران، ل ٢٧٧)

بەمشێوەیە کچە مامۆستای گۆرانیبێژ و کچە مامۆستای سەماکەرەو دومبەکچی لەجیاتی یارمەتیدان و فێرکردنی خوێندن و خوێندەواری، خەڵکی فێری مۆسیقا و سەما و گۆرانی دەکەن. بۆیە لەکۆتاییدا شاعیر لەسەر زاری میللەتەوە رووی رەخنە و گلەیی لەو رێکخراوە دەکات و دەڵێت:

**هەموو: تەرلای لای لای... تەر لای لای لا**

**یۆنسکۆ جوان دەرس دا ئەدا** (دیوانی گۆران، ل ٢٧٨)

بابەتێکی دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە لەو قۆناغەدا خراوەتەڕوو. کێشەی جیاوازی چینایەتییە و گۆران هەم لەچوارچێوەیەکی مرۆڤایەتی و هەمیش لەروانگەی ئایدۆلۆژییەتی چەپی خۆیەوە ئەو کێشە لەرێگای شیعری شانۆییەوە خستۆتە بەر تیشکی رەخنە. لە (موحاکەمەی مام چەوەندەر)دا گۆران رەهەندەکانی ئەو کێشەیەمان لەرووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە پیشان دەدات. چەوەندەر

کەلەلایەن لالە ڕەنجدەرەوە لەدەشت بۆ ئاغای شار هێنراوە، بەمرۆڤکراوە و لەدادگادا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە ئاغا ویستوویەتی لە چەوەندەر گێزەر بەرهەم بهێنێ، بۆیە خاوەنەکەی کە لالە ڕەنجدەرە تاوانبار دەکرێت:

**بەڵێ، مادام لالە ڕەنجدەر**

**بۆی نەگونجا لە چەوەندر**

**بارەگێزەر بێنێتە بەر**

**وا دامانننا بە تاوانکەر**

**یەڵڵا، پۆلیس، بیدەنە بەر**

**لە شی کوت کوت کەن بەخەنجەر!** (دیوانی گۆران، ل ٢٧٨)

شاعیر لێرەدا جیا لەوەی جیاوازی نێوان چینی جوتیارو دەرەبەگ لەرووی کۆمەڵایەتییەوە وێنەدەکێشێ، زیاتر مەبەستییەتی ئەوەشمان پێ بڵێت کە لەرووی سیاسییەوە، دەسەڵاتیش پشتگیری لە چینی دەرەبەگ دەکات و دژی جوتیارەو بڕیار و یاساکانیشیان بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان لەرووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە دادەڕێژن.

هونەری بەڕێوەبردن یەکێك بووە لەو مەسەلانەی گۆران توانیویەتی سەرکەوتووانە ولە چوارچێوەیەکی کۆمیدی هێما ئامێزدا ڕەخنە لە کۆنی و ناعەدالەتی ئەو سیستەمە بگرێت. بەلای گۆرانەوەگەندەڵی دارایی و بەتایبەتیش ڕۆتینیاتی بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك یەکێکە لەو کارەساتانەی ڕووبەڕووی وڵات بۆتەوە، بۆیە لە شیعرێکی شانۆیی یەك پەردەییدا وێنەی ئەو فەرمانبەرانمان پیشان دەدات لە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی:

**هەژار: ( سێ هەنگاو ئەنێ بۆ بەردەمی نق):**

**. قوربان کارم**

**نق( بێ سەرهەڵبڕین):**

**. بەدەست جقە**

**هەژار: ( سێ هەنگاو ئەنێ بۆ بەردەمی جق):**

**. قوربان کارم**

جق( بیٚ سەرهەڵبڕین):

**. بەدەست نقە** (دیوانی گۆران، ل ٢٨١)

هەژار لەم دەستی بە دەستیکردنەدا تووڕەو بێزار دەبێت وبەدەنگی بەرز داوای دادو حەق دەکات، بەڵام لەگەڵ بیستنی ئەو هاوارکردنەیدا سەرۆك بەدەموچاوێکی تووڕە دێتە دەرەوە و لەجیاتی بەڕێکردنی مامەڵەکەی، بەوە تۆمەتباری دەکات، کە فەرمانبەرەکانی بێزارکردووەو پێویستە چاوەڕوانی بکات بۆ وەرگرتنی وەڵامەکەی، بۆیە تاوانباری دەکەن و لە بەندیخانەی توند دەکەن. شاعیر لێرەدا وێنەیەکی روون و ئاشکرای نێو فەرمانگەکانی میری پیشان دەدات، کە چۆن گەندەڵی و دواخستنی مامەڵەی خەڵکی بووەتە هۆکاری دواکەوتن و ئەمەش بەدەوری خۆی کاریگەری و کارتێکردن لەسەر شێواندنی دەروونی هاوڵاتیان دەکات و لەئەنجامیشدا ئینتیمایان بەرامبەر بە خاك و وڵات لاواز دەکات. لەهەمانکاتیشدا دەسەڵاتی سیاسی، کە لە کەسایەتی سەرۆکی فەرمانگەدا خۆی نواندووە بە بوونی ئەو جۆرە گەندەڵییە تاوانبار دەکات.

هەڵبژاردنی ئەم شێوازی کۆمیدی و هێما ئامێزە، لەو سەردەمەدا و لەلای ئەم شاعیرانەوە، بەتایبەتیش لای گۆرانی شاعیر، بەلای ئێمەوە بۆ بارودۆخی سیاسی ئەو کات دەگەڕێتەوە، کە کەشی ئازادی و بیروڕا دەربڕین کۆت و بەندێکی زۆری لەسەر بووە و گەلێك شاعیر و رووناکبیری ئەو کات بەهۆی دەربڕینی راستەوخۆی بیروڕا وبۆچوونەکانیان رووبەرووی زیندانیکردن بوونەتەوە. هەروەها رەنگە ئەو رۆشنبیرییە فراوانەی خودی شاعیرەکان ، کاریگەری لەسەر شێوازی داڕشتنی ئەو جۆرە شیعرە شانۆییانەدا هەبووبێت. بۆنموونە زانینی زمانی ئینگلیزی وتورکی لای گۆران هۆکارێك بووە لە دەرگاکردنەوە لەبەردەم شاعیر بۆ شارەزایی و بینینی ئەزموونی لەم جۆرە لە ئەدەبی گەلاندا.

**ـ مێژوویی:**

بابەتی مێژوویی وەکو ئەفسانە و داستان یەکێك بووە لەو بابەتانەی کە شاعیران لەم قۆناغەدا بایەخیان پێداوە و لەنێو شیعرە شانۆییەکانیاندا تەوزیفیان کردووە.

زیندووکردنـــەوەی ئـــەو بابەتـــە مێژووییانـــە وەکـــو بەشـــێك لـــە پێكهاتـــەی ژیـــاری و کەلـــەپووری کـــوردی و بەخـــشینی واتـــا و مـــەدلوولی نـــوێ بـــۆ هێمـــاو ڕووداوەکانیـــان، لەلایەکەوە دەلالەتی پێگەیشتنی هزری نەتەوەیی دەگەیـەنێت، بەوپێیـەی کـوردیش لـــەو ســـەردەمەدا وەك لاســـاییکردنەوەی نەتـــەوەکانی دیکـــە دەســـتی بەپرۆســـەی زیندووکردنـەوەی کەلـەپووری نەتەوایـەتی خـۆی کـردووە، کـە سـەردەمی ڕابـوونی نەتەوەیی بووە. لەلایەکی دیکەشەوە سوود وەرگرتن بوو لە کلتوور و مێـژووی کـورد بۆ دەوڵەمەندکردن و بەرەوپێشبردنی ئەدەبی کوردی، بۆیە چۆن لە شیعری لیریکیدا سوود لەو بابەتە مێژووییانە بینراوە، بەهەمان شێوەش شاعیران لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا و لەگەڵ لـەدایکبوونی شیعری شـانۆیی و ئۆپـەرێتـدا، ئاوڕیـان لـەم بابەتـە مێژووییانە داوەتەوە و لە بۆتەی ئەو ژانرە نوێیەدا جێگـای شـیاویان بـۆ کردۆتـەوە و ڕووداوەکانیـــان تێهەڵكێـــشی نێـــو تەکنیکـــەکانی شـــیعری شـــانۆیی کـــردووە و دایانڕشتۆتەوە.

تەوزیفکردنی ئـەو بابەتـە مێژوویانـەش مانـای ئـەوە ناگەیـەنێت، کـە شـاعیر مێـــژوونووس بووبێـــت، بـــەڵكو شـــاعیر لەمامەڵـــەکردنی لەگـــەڵ داســـتان و ئەفـــسانە مێژووییەکاندا دەسەڵاتی ئەوەی هەیە دیمەنـە بچووکەکانی ژیـانی هاوچـەرخی تێـدا نمـایش بکـات. بەواتایـەکی دیکـە بتوانێـت مێـژوو وەکـو بابـەتێك لـەپێناو مەبەسـتە هونەری و مرۆڤایەتییەکان بەکاربهێنێت [١]، چونکە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان مێژوو، و بابەتێکی هونەریدا هەیە، بەوپێیەی شاعیران لە ڕوانگـە و گۆشـەنیگای جیـاوازەوە بـەپێی بـیروڕا و بۆچـوونی خۆیـان وەکـو کەرەسـتەیەك مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو بابەتـە مێژوویانـەدا دەکـەن و سـەر لـەنوێ لـە قـالبێکی هونـەری هاوچـەرخدا بەمەبەسـتی ((خوڵقانـدن و داهێنـانێکی هونـەری سـەرنجراکێش، نـەك وەك ئـەوەی ویـستبێتیان مێـــژوو وەك دەقـــاودەقی بنووســـنەوە کـــە ئەمـــە ئـــەرکی ئـــەوان نییـــەو ئـــەرکی مێژوونووسە))[٢] دایانرێژێنەوە.

---

[١]- د. محمد مندور، مسرحيات شوقي، الطبعة الثالثة، مكتبة نهضةمصر ومطبعتها، ص٧٨.

[٢]- یاسین ڕەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی. ل ٥٧.

لەراستیشدا پەنابردنی شاعیران بۆ مێژوو لەبەر ئەوەیە، کە مێژوو نموونەی درامی و رووداوی ئامادەکراویان پێشکەش دەکات و دەکرێت لە شێوەی شانۆییدا دابڕێژنەوە. واتە مێژوو هۆکارێکی یاریدەدەرە بۆ ئەوەی شاعیران بتوانن وێنەی رووداوەکانیان پێ بەرهەم بهێنن. ئەم بەکارهێنانەش بۆ ئەزموونی شاعیرەکان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیش ئەو شاعیرانەی، کە بۆ دەربڕینی هەستە خودیی و خەمە تاکییەکانیان زیاتر باڵادەستییان لە شیعری لیریکیدا هەبووە. ئەمە لەکاتێکدا نووسینی شیعری شانۆیی خودیەتی رەتدەکاتەوە و لەخودییەتەوە هەنگاو بەرەو پانتاییەك دەنێت، کە فرە کەسایەتی و رووداو و ململانێ و دیالۆگ لەخۆ دەگرێت[1].

لەم روانگەیەشەوە مێژوو وەکو سەرچاوەیەك بۆ هەڵبژاردنی بابەت پێویستی بەلێزانین و وریایی هەیە لەبەکارهێنانیدا، کە دەبێ ئەو ئامانجەی لەپێناویدا بابەتێکی مێژوویی خراوەتەڕوو، لەلای شاعیرەوە دیار و روون بێت ((دەکرێ گەڕانەوە بۆ مێژوو، و بەکارهێنانی وەك سەرچاوە دوو شێواز بگرێتەخۆ:

أ- وەرگرتنی رووداوێکی مێژوویی وەك خۆی و نووسەر دەیخاتە قالبێکی دراميیەوە.

ب - نوسەر تەنها ئاماژەیەك یا تەنها بیرۆکەیەك لەمێژوو وەردەگرێ و جارێکی تر بەپێی خواستی خۆی و بەکۆمەڵێك دەستکاری و زیادکردنەوە لەبەرگێکی نوێدا دایدەڕێژێ و دەیکاتە بابەتێکی دراما)) [2] . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شاعیرەی پەنا بۆ بابەتێکی مێژوویی دەبات وتانوپۆی رووداوەکانی لە چوارچێوەی شیعرێکی شانۆییدا دادەڕێژێت، پێویستە بۆچوون و تێگەیشتنێکی نوێ و هاوچەرخ بۆ رابردوو بنیات بنێت و بەشێوەیەك بێت، کە لەگەڵ هزری هاوچەرخ یەکبگرێتەوە. هەروەها دەبێ داهێنان و کارامەیی خۆی تێدا بنوێنێت و شێوازی باسکردنی جیاواز بێت لەگەڵ ئەو شاعیرانەی، کە هەمان بابەتیان کردۆتە ناوەرۆکی شیعرە شانۆییەکانیان. لەهەمانکاتیشدا دەبێ مێژوو بکاتە پردێك بۆ خزمەتکردنی ئەو زەمەنەی کە خوێنەر

---

[1]- محسن اطيمش، الشاعر العربي الحديث مسرحياً، ص٦٩.

[2]- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی . ل ٥٧.

تێیدا دەژیت[1] . ئەمەش لەو روانگەیەی کە((بتوانن شتێ لەمێژوودا ببینن کە کار لەژیانی رۆژانەیان ئەکا))[2] و نەخشەڕێی داهاتوویان بۆ رۆشن دەکاتەوە. ئەمە بەو مانایە لێکناندرێتەوە کە شاعیر ئازادە لە چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ بابەتی مێژووییدا، چونکە پابەندبوونی شاعیر بەڕەوتی راستەقینەی رووداوە مێژووییەکە، یەکێکە لەو مەرجانەی کە دەبێ لە بەکارهێنانی مێژوودا رەچاو بکرێت. بەو مانایەی کە (( شاعیر لەکارەکەیدا لەوانەیە لەهەندێك هەڵوێستدا لەوە تێپەڕێنێت، کە مێژوونووسان باسیان کردووە. بەڵام لە سنووری گشتی لانادات))[3] .

لەژێر رۆشنایی ئەمەدا شاعیران لەروانگەی ئەرکێکی نەتەوایەتی و نیشتمانییەوە مامەڵەیان لەگەڵ مێژوودا کردووەو هەوڵیانداوە لەلایەکەوە لەرێگای داستان و ئەفسانە کۆنەکانی کورد لەمێژوودا گیانی بەرپرسیارییەتی بەرامبەر بە خاك و وڵات و خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی لەنێو ناخ و دەروونی تاکی کورد ببوژێنەوەو گەشەی پێبدەن. لەلایەکی دیکەشەوە تەنیا بەوە واز نەهێنن لەشیعرەکانیاندا باسیان بکەن، بەڵکو لە دوو تۆیی ژانری نوێ و بەشێوازێکی هاوچەرخانە سەرلەنوێ دایبڕێژنەوە. بەو پێیەش کە ((هەر میللەتێك داستان و ئەفسانەی تایبەتی خۆی هەیە، کە گوزارشت لەرووداوی مێژوویی ئەو گەلە بکات، کاوەو زوحاکیش ئەفسانەیەکی کۆنی گەلانی ئارییە، لەناو گەلی کوردیشدا شەقڵ و مۆرکی تایبەتی بەخۆوە گرتووە، نەورۆز جەژنێکی نەتەوەیی دێرینی کوردە، هەمووساڵێك لە ٢١ ی مارتدا یادی دەکەنەوە، ئاهەنگی بۆ دەگێڕن))[4] و هەر لەو جەژنەشدا رووداوی کاوەو ئەژدەهاك بە شێوەی شانۆیی لە گەلێك شارو شارۆچکەی کوردستاندا نوێندراوە، بۆیە داستانی (کاوەی ئاسنگەر و زوحاك) یەکێکە لەو داستانە کوردییانەی، کە لەمێژوودا سەرکەوتنی کورد بەسەر زوڵم وزۆرداریدا تۆمار

---

[1]- محسن اطيمش، الشاعر العربي الحديث مسرحياً، ص ٦٩-٧٠ .

[2]- جۆرج لوکاچ، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی سەرهەڵدانی رۆمانی مێژوویی ،و: بەختیار سەجادی، (نفیسار) کۆمەڵێك بابەتی تیۆری، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤، ص ٨٨-٨٩ .

[3]- هەمان سەرچاوە ص ٧٠ .

[4]- د. کەمال مەعرووف، بووکی نەورۆزی خۆشناو، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧، ل٩.

کـردووه. ئـەو داسـتانە بووەتـە جێگـەی بایـەخ پێـدانی شـاعیران و ئازایـەتی و قارەمانیەتی  نەتەوەی کوردیان تێیدا نمایش کردووەو سوودیان لە کەسایەتییەکانی بینیـووە و لەچوارچێوەیەکی هێماکارانـەدا بـەکاریان هێناوەتـەوە. بەشـێوەیەك کـە دەتـوانین بلـێین ((کـاوە و ئـەژدەهاك وەکـو دووسـیمبول بـەکارهاتوون، ئـەژدەهاك هێمـای زردارو خوێنرێـژ، کـاوەش وەکـو شۆڕشـگێڕێ کـە تـوانی تـەخت و تـاراجی زوحاکی زۆردار لەناو بەرێ و ئالآی ئازادی و سەرفیرازی هەڵبدات))[1].

گۆران وەکو شاعیرێکی نوێخوازی سـەردەمەکەی بۆ یەکـەم جار بـیری لـەوە کردووەتـەوە بابـەتێکی مێـژوویی لـە بۆتـەی ژانرێکـی نـوێ دابرێـژێت. ئاوڕدانـەوەی گۆرانی شاعیر لـە مێـژوو وەکـو بابـەتێك بـۆ کردنـی بـەناوەرۆکی یـەکێك لـە شـیعرە شـانۆییەکانی، دەرئـەنجامی بایەخدانییـەتی بــە مێــژوو و بــەکارهێنانیی وەکــو سەرچاوەیەکی بەنرخ و هەستکردن بە گرنگـی زیندووکردنـەوەی داسـتان و ئەفـسانە کوردییـەکان بـە شـێواز و رێـچکەیەکی تـازە بەمەبەسـتی دەوڵەمەنـدکردنی ئـەدەبی کـوردی، بۆیـە  توانیویـەتی سـوود لـەو داسـتانە وەربگرێـت و لـە بۆتـەی شـیعرێکی شـانۆیی لەشـێوەی ئۆپــەرێت و لــەژێر نــاوی (ئــەنجامی ئــەژدەهاك) دایبڕێژێتــەوە. هەرچــەندە هەوڵەکــەی گــۆران تــەواو نــەکراوە، چــونکە ویــستوویەتی ســەرەتا لەچوارچێوەی ئۆپێرادا بێت، لەبەر ئەوە تەنیا بەشێکی لـێ بڵاوکراوەتـەوە. بۆیـەش مامەڵـەکردنی گـۆران لەگـەڵ بابـەتێکی مێژووییـدا لـەرووی رووداوەوە بەناتـەواوی ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا لەو بەشەدا گۆران توانیویـەتی بـەهرە و لێهـاتوویی خۆی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بابەتـە مێژوویانـەدا بسەلمێنێت و توانیویـەتی  ئـەو مێژووە بخاتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوە. ئەمەش لـەرێگای دروسـتکردنی ململانێیـەك لـەناو رووداوە راسـتەقینەکەی ئـەو داسـتانەدا. ئـەو ململانێیـە لەسـەر بیرۆکـەی یەکسانی لەنێوان ئافرەت و پیاواندا رێچکەی گرتووە. کاتێك پیاوانی ئەژدەهاك لەناو شـاردا جـاڕی ئـەوە لێـدەدەن کـە خـەڵکی کوڕەکانیـان ئامـادە بکـەن بـۆ کردنیـان بەخۆراکی مار. بۆ ئەم مەبەستەش دەست بەخوێندنەوەی ناوی کوڕەکـان دەکرێـت.

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل٩.

لەوانەی کە ناویان دەخوێندرێتەوە، ڕۆستەم کوڕی کاوە، کە کوڕی یانزەمینە و بـرزووی کـوڕی هەشـتەمی خوسـرەو و نـەوزادی کـوڕی قوبـاد و بێـژەنگی پڕتـەوە. لەوکاتـەدا دوو لاو بـە پاڵەپەسـتۆ نـۆرەبڕی لەیـەکتر دەکـەن و خۆیـان بـە بێـژەنگ دەناسن:

**لاوی یەکەم: منم بێژەنگ، کوڕی خوسرەو!**

**لاوی دووەم: منم!منم! خوشکمە ئەو!** (دیوانی گۆران، ل٢٦٥)

ئەو هەڵوێستەش دەبێتە جێگەی گومـانی یاسـاوڵان و کـاتێ لاوی یەکـەم دەپـشکنن دەیبینن شیرینی خوشکی بێژەنگ دەبێت. بۆیە سەرکردەکەیان تووڕە دەبێت و وای لەقەڵەم دەدا غەش لە شای ئەژدەهاك کراوە، چونکە ئەوان تـەنیا کوڕیـان پێویـست بوو بۆ خۆراکی مار نەك کچ . لێرەدا گۆران ڕووداوەکە وەکۆ خۆی باس ناکات، بەڵکو دیدو بۆچوونی خۆی لەسەر ئەو ڕووداوە تۆمار کردووە و نووسەر لەو کۆپلەیەی، کـە لــە زاری کـــچەکانەوە کردوویـــەتی پرســـیارێك لـــەبارەی ئـــەم ڕووداوە مێژوویيـــە دەرووژێنێت، کە بۆچی تەنیا کوڕ وەکو خـۆراك بـۆ مارەکـانی سـەر شـانی ئـەژدهاك بردراون و کچ لەمڕووەوە فەرامۆشکراوە و دەڵێت:

**کچان ( لەڕیزی پشتەوە دەرئەپەڕنە دەرەوە):**

**زۆر چاك ئەکا! زۆر چاك ئەکا!**

**کچ بۆ نابەن لەباتیی کوڕ، خوشك لەجیێ برا؟**

**کچ بۆ بژی ، لەکاتێکا کوڕ تۆوبڕ کرا؟**

**( نیوەی یاساوڵان لاوەکان ئەدەنە بەر و ئەیانبەن)**

**مێشکی کوڕو کچ لای مار**

**لای ئەژدهاکی زۆردار**

**هەریەکە ، هەر یەکە بێگومان**

**ئیتر بۆ چ بێبەش بن کچان /لە خەبات و قوربانیدان**

**بۆ نیشتمان ، بۆ کوردستان!** (دیوانی گۆران، ل٢٦٥)

دیارە ئەم پرسیارەش لە سـەرجەم کلتـوور و پرۆسـەی هـزری کـوردی کـراوە و زیاتر لە لێکدانەوەیەك هەڵدەگرێت لەبارەی ڕەوش و پێگەی ئافرەت لەلای نەتـەوەی

کورد و ڕەنگە ئەگەر گۆران بەشەکانی دیکەی ئەو ئۆپەرێتەی بنووسیبا زیاتر قسەی لەسەر ئەم بابەتە دەکرد،کە ئەمەش پەیوەستە بەو ئایدلۆژییە چەپەی، کە گۆران لەژێر ڕۆشناییدا ئەو بیروباوەڕی لە بابەتە مێژوویەکەدا درووژاندووە. هەرچەندە دەربڕینی ئەو ڕاوبۆچوونە تایبەتییەی خۆی، گۆرانی شاعیری وا لێنەکردووە لە چوارچێوەی ڕاستییە مێژووییەکانی ئەو داستانە لابدات، بەڵکو هەوڵی داوە زیاتر ئەو ڕاستییە مێژوویانە لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە خۆی نەخشەی بۆ کێشاوە بگونجێنێت و بەشێوەیەکی هاوچەرخ و نوێکارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات. لێرەشدا ئەوە ڕوون دەبێتەوەکە لەو شیعرە شانۆییە مێژووییەدا، گۆران خاوەن پەیامێکە، پەیامێکی نەتەوەیی کە هەوڵ دەدات میللەتەکەی لەواقیعی داوکەوتوویی خۆی ئاگادار بکاتەوە. بەو واتایەی گۆران لەکاری ئەدەبیدا هەستی بە ئەرکی مێژوو کردووەو سەرکەوتووانە لەنەخشەڕێی خۆیدا سوودی لێبینیووە.

هەر لەم قۆناغ و سەردەمەدا، ئەحمەد زەکی هەناری، هەمان داستان دەکاتە ناوەڕۆکی شیعرێکی شانۆیی بەناوی (دوارۆژی دەئاکی زۆردار یان سەرەنجامی زۆردارێك) و تێیدا سەرەڕای باسکردنی بابەتێکی مێژوویی، لەچوارچێوەی مەبەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریدا، هەوڵدەدات وێنەی کۆتایی هاتنی زۆردار و ڕاپەرینی میللەتی کورد لەدژی زۆرداران بکێشێت و لەو ڕێگایەوە نەوەی نوێ بەگیانێکی شۆرشێگڕانەوە گۆش بکات و هەستی گیانفیدایی و نەتەوایەتی بەرەوپێش ببات. لەبارەی ئەو شیعرە شانۆییەوە، (عەلائەدەین سجادی) لەپێشەکییەکەیدا دەڵێت: ((من نامەوێ لێرەدا هەموو لاپەڕە ستەمێکی ئەژدەهاك بخەمە بەرچاو، چونك دۆستێکم(کاك زەکی ئەحمەد هەناری) ئەوەی شایانی زنجیرە داستان پێشاندان (تمپیلیە) یەك بێ لە وێنەیەکی بێ گیروگرفتا هەمووی خستۆتە بەرچاو، بەڵکو توانیویەتی هەموو مافێکی خۆی لەوێنەی ئەدەبێکی ڕووتا بەبێ لایەنگری بداتێ)) [1]. شاعیر لەدوای گۆران هەوڵیداوە بابەتێکی مێژوویی لەبۆتەی شیعری شانۆییدا بهۆنێتەوە و ئەو کارەی گۆران تەواوی نەکردو تەنیا بەشێکی لێ

[1]- زەکی ئەحمەد هەناری، دوارۆژی دەئاکی زۆردار، چاپخانەی مەعارف، بەغدا ـ عێراق ١٩٦٠، ل٧.

بڵاوکردەوە، ئەو شلگێرانە جێبەجێی بکات و ئەو داستانە لە بەرگێکی نوێ و ژانرێکی تازەدا دابڕێژێتەوە. هەروەکو د. کەمال مەعرووف ئاماژە بەوە دەکات کە شاعیر ((لەسێ رووەوە کارێکی گەلی باشی لە دراماکەیدا سازداوە، یەکەم ئاوڕدانەوە لە داستانی کوردی، کەداستان هەر لەکۆنەوە سەرچاوەی دارمانووسەکان بووە و بەکارە هونەرییەکانیان دوێنێ و ئەمڕۆیان بەیەکەوە بەستووە، رووی دووەم و سێیەمی کارەکە، بەکارهێنانی هۆنراوە و زیندووکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتییە)) [1] . شیعرە شانۆییەکە بەمشێوەیە دەست پێدەکات:

**دەئاك: تەماشای راست و چەپی خۆی ئەکا، زۆر بە فیزەوە دەست بە سینگی دائەهێنێ وقیت دائەنیشێ و ئەڵێ:**

**دەئاکم پاشای زۆردارو بەتێن    خاوەن چەك، بەرزە ، سەربازی بە بێن**
**هەزار سوارم هەیە پاڵەوان    لەجەنگ رەوانن نایان وی رەوان**
**نیزەدار چل سەد، تیرەنداز بەلەك    چەکم بێ ئەژمار، ئەسپم هەن گەلەك**
**کەکاروباری جەنگی دەشت وشار    بازن وەك ئەگرن نێچیری هەژار**
**هەر کێ بەرگر بوو لەرێم بۆ ئامانج    کوشتم ، چە موبید چە ئاغا و کرمانج**

(دوارۆژی دەئاکی زۆردار، ل ١٩–٢٠)

دوای ئەوەی مارەکانی لە شان دێن و دەست دەکرێت بە گرتنی کوڕان بۆ ئەوەی بکرێنە قوربانی لەپێناو ژیانی ئەژدەهاك. ئەم بارودۆخە سەرەڕای زوڵم و زۆرداریش، رەوشێکی خراپ و نالەبار دێنێتەکایەوە. بۆ خۆرزگاکردن و تۆڵەسەندنەوەش لاوێکی زۆر خۆیان پیرکردووە و لەنێو شاردا دەسووڕێنەوە و لەدەرفەتێك دەگەڕێن بۆ راپەڕین لەدژی ئەو جەور و ستەمە. ئەم دەرفەتە لەوکاتە لەبار دەبێت کە کاوە لەگەڵ کوڕەکەی دێتە بازار و دەست بەهاوارکردن دەکات لەدژی زۆرداری و داوای دادپەروەری دەکات و دەڵێت:

**داد لەدەست ستەم چینانی بازاڕ    بۆ ئێوە ئەکەم هاوار پڕ بەزار**
**بەهانای باوکی حەڤدە کون لەجەرگ    بگەن، بزانن بۆ چ ئەخوازی مەرگ**

---

[1]- د. کەمال مەعرووف، بووکی نەورۆزی خۆشناو، ل١٠.

**حەڤدە کوڕم بوو وەك کاوڕی کوشتار        بران و کوژران بۆ خۆراکی مار**
**ئاگری هەناسە و ئێشی جەرگ سووتاو    کەسێك ئەزانی بویتە جەرگ بڕاو**

(دوارۆژی دەئاکی زۆردار، ل ٨٥)

ئیدی هەمووان یەکدەگرن و لەدژی ئەژدەهاك رادەپەڕن و تەخت وتاراجی سەرەنگون دەکەن و وڵات ئازاد دەکەن. لەکۆتاییشدا لەناو ئاپۆرەی ئاهەنگێڕاندا هەموو چینەکانی گەل کاوە بەسەرۆك کۆمار هەڵدەبژێرن، بەڵام کاوەی ئاسنگەر ئەوە رەتدەکاتەوە داوا دەکات کە فەریدوون ببێتە سەرۆك کۆمار و گەلیش بەتێکڕایی پەسەندی دەکەن:

**پەسندی ئەکەین گشتمان بەیەکجار        فەرەیدونی مەرد بێتە سەر کۆمار**

(دوارۆژی دەئاکی زۆردار، ل ١٠٩)

لێرەشدا پرسیارێك لەمەڕ هەڵوێستی شاعیر لە چینینەوەی رووداوەکانی ئەو مێژووەدا دروست دەبێت، بەتایبەتیش لەرووداوی کۆتاییدا، کە زۆر گونجاو بوو شاعیر کاری تێدا کردبا و لایەنی خراپی ئەو هەنگاوەی روونکردابایەوە و رەخنەی لێگرتبا و لەمبارەیەوە بیروبۆچوونەکانی بۆ نەوەی نوێ بخستایەتەڕوو. ئەمەش بە خاڵێکی لاواز بۆ شاعیر دەژمێردرێت، چونکە دەبوایە لەگۆشەنیگایەك مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە مێژووییەدا بکات کە لە مەبەست و ئاکامدا، رەنگدانەوەی ژیانی هاوچەرخی کوردی بوایە. دیارە (عەلائەدین سجادی)ش هەستی بەم لایەنە کردووە، بۆیە لەو پێشەکییەی بۆی نووسیووە ئاماژەی بەوە داوە شاعیر بەبێ لایەنگری هەموو مافێکی ئەدەبی بەو داستانە داوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کەشاعیر رووداوەکەی وەکو خۆی لەبۆتەی شیعرێکی شانۆییدا داڕشتۆتەوە و لایەنگیری لەنێو رەوتی رووداوەکەدا نەکردووە.

هەر لەمبارەیەوە (حەمەکەریم هەورامی) ئاماژە بەوە دەکات، کە کاوە بەعەقڵییەتە کۆنەکەی کوردانەوە داوا دەکات (فەریدوون) سەرۆکۆمار بێت ((ئیتر بەفیتی ئەو (فەریدوون) دەکرێ بەپاشا و بەبێ ئەوەی نووسەر نیشانەی ناڕەزاییەك بخاتە سەر لێواری یەکێك لەو جەماوەری دراماکە! وەك بڵێی: تا ئەوکاتەی ئەو درامایە تیا نووسراوەتەوە کوردان نەیانتوانیوە خۆیان لەخەڵك جیا بکەنەوە یان

هەروا بووە(کردەوەی ئەوان و بردەی بێگانە) دەبوو نووسەر هۆشیار بێ و لەو ڕەویە کۆنە لابدات، بۆ ئەوەی لەخۆماندوکردن ودەس بەتاڵی کاوەی ڕەنج بەخەسار رزگاری ببوایە))[1]، بۆیە زەکی ئەحمەد هەناری لەزیندووکردنەوەی ئەو داستانە ودارِشتنی بەهەناسەیەکی درێژ لە شێوەی شیعری شانۆییدا و وێناکردنی ڕووداوەکانی سەرکەوتنی هێناوە، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ تەنیا بەشەکەی ئۆپەرێتی گۆراندا، دەبینین گۆران جیا لە هەوڵدانی بۆ زیندووکردنەوەی ئەو داستانە، مێژووشی وەکو کەرەستەیەك بۆ دەربڕین لە بیروباوەڕی تایبەتی خۆی بەکارهێناوە. بەو واتایەی مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ بابەتی مێژوویدا کردووە و لەوێوە بۆچوونی خۆی لە رەوتی ڕووداوەکەدا هەڵهێنجاوە.

بەمشێوەیە شاعیران توانیان لەرێگای بەکارهێنانی بابەتی مێژوویی و کردنی بەناوەرۆکی شیعرە شانۆییەکانیان، زەمینەیەکی بەهێز بۆ شیعری شانۆیی دابرِێژن بە سوود وەرگرتن لە کەلەپووری میللی و مێژووی نەتەوەی کورد ، بەشێوەیەك توانیویانە بەگیانێکی سەردەمانەوە بیانخەنەڕوو و لەگەڵ رەوتی ژیانی هاوچەرخی کۆمەڵگەی کوردی بیگونجێنن و گرفت و ململانێیەکانی تێیدا رەنگبداتەوە.

---

[1] - حەمە کەریم هەورامی، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا، ل٣٢٦.

# تەوەری دووەم

# توخم وتەکنیکەکانی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا

دەقی شیعری شانۆیی لەسەر دوو ئاستی سەرەکی لەبزاڤ و جوولەدایە، ئاستێکیان لە چوارچێوەی زمان و جوانکارییەکانیدا خۆی دێنێتە پێشەوە، کە زیاتر لە دنیای شیعردا رەگی داکوتاوە. ئاستێکی دیکەشیان بریتییە لە پێکهاتەی تەکنیکە شانۆییەکان، کە ئەمەش دەچێتە بواری شانۆوە((دەتوانین لەسەرجەم دەقە پێکهاتووەکانی ناو دنیای ئەدەبی شانۆییدا بەسانایی تەکنیك بناسینەوە، ئەو ئاستەی بواری نوسەر بۆ دەرخستنی تواناکانی خۆی و مامەڵەکردن لەگەڵ چەشەو ڕوانینی وەرگردا، بەو مانایەی نووسەر دەتوانێ لەڕێی شێوازی پێکهێنانی تەکنیکییەوە ئەوە بسەلمێنێ ئەو تا چ ڕادەیەك لەڕاکێشانی سەرنجی وەرگردا شارەزایە و چەندێك سەلیقەی ئەو دامەزراندنەی هەیە))[1]. ئەو دوو بوارە، دوو لایەنی بەدەقی شیعری شانۆیی بەخشیووە. بەشێوەیەك بێ ئەولایەنانە، توانای بنیاتنانی دەقی شیعری شانۆیی دەچێتە خانەی نەبوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو دوو ئاستە بەتەریبی لەگەڵ یەکتریدا دەڕۆن، هەمیشە پەیوەستی یەکدین و بەیەکەوە ناسنامەی شیعری شانۆیی پێکدەهێنن.

شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا سەرەڕای سوود وەرگرتنی لە رەگەزەکانی شیعری وەکو زمانی شیعری و وێنەی شیعری و ..هتد، وەکو بەشێکیش لە شانۆ سوودی لە توخمەکانی شانۆ بینیووە. بەوپێیەش کە شاعیرانی کورد خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی شیعری لیریکی بوونە و باڵادەستییان لەوبوارەدا نواندووە، بۆیە لە بەکارهێنانی ئەو توخمانەدا جیاوازی لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت. ئەو جیاوازییە لە سوود وەرگرتن لە تەکنیکەکانی شانۆدا زیاتر زاڵتر و لەبەرچاوترە، چونکە لەلایەکەوە شانۆگەری وەکو بزووتنەوەیەك لەو سەردەمەدا تازە لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا شکۆفەی کردبوو، و هێشتا سیما و خەسڵەت و پێکهاتەکانی بە

[1]- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی . ل ١٠٣.

وردی شینەکرابوونەوەو نەخرابوونە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. لەلایەکی دیکەشەوە شاعیرەکان ئەو شارەزاییەیان لە بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە شانۆییانەدا نەبووە، چونکە ((سوودوەرگرتن لە تەکنیکی دراما و گواستنەوەی بۆ ناو دەقی شیعری دەوستێتە سەر ئاستی رۆشنبیری شاعیر و رادەی خۆ پێگەیاندنی، ئەویش پێویستی بە خوێندنەوەیەکی بەردوام و بەدواداچوونێکی ورد هەیە)) [1]. ئەو بەدواداچوونەش خۆی لە سوود وەرگرتن لە ئەدەبی بێگانەدا بینیوەتەوە.

لەم روانگەیەشەوە زیاتر لەژێر کاریگەرییەتی ئەدەبی بێگانە فێری دارشتن و بەکارهێنانی رەگەز و تەکنیکەکانی شانۆگەری ببوون، بۆیە مەرج نییە هەموو ئەو رەگەز و تەکنیکە شانۆییانە لەنێو دەقێکی شیعری شانۆیی لەو کات و سەردەمەدا بەدی بکەین و رەنگە رەگەزو تەکنیکێکی شانۆیی لە لایەن شاعیرێکەوە زیاتر زاڵتربووە لە رەگەز و تەکنیکەکانی دیکە. ئەگەر بەوردیش دیقەت لە بەکارهێنانی توخم و تەکنیکە سەرەکییەکانی شانۆیی بدەین وەکو (رووداو، کەسایەتی ، دیالۆگ، مەنەلۆگ، کات ، شوێن.. هتد)، هەست بەوە دەکەین شاعیرەکان زیاتر (دیالۆگ)یان بە تەکنیکێکی بنچینەیی شیعری شانۆیی زانیوە و کەمتر لەخەمی بەکارهێنانی رەگەز و تەکنیکەکانی دیکەی شانۆیی دابوونە. هەرچەندە خودی ئەو تەکنیکەش لەلای هەندێك شاعیری دیکەوە، بەوشێوەیەی پێویستە لەدەقێکی شیعری شانۆییدا هەبێت بەکارنەهاتووە، کە بێگومان ئەمەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەبووە و رەنگە دیارترینیان زاڵبوونی کەشی لیریکییەت بووە بەسەر هەست و سۆزی شاعیرەکە خۆی، بەشێوەیەك نەیتوانیوە خودی خۆی لەژێر کاریگەرییەکانی ئەو کەشە رزگار بکات.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین پەنجە بۆ ئەو راستییە رابکێشین کە لەو قۆناغەدا، کە قۆناغی دەستپێك و سەرەتای لەدایکبوونی شیعری شانۆییە وەکو شێوەیەکی نوێ لەئەدەبیاتی کوردیدا، شاعیران توانیویانە سەرکەوتووانە مامەڵە لەگەڵ هەردوو هونەری شیعر و هونەری شانۆدا بکەن و لەبۆتەیەکی تازەو

---

[1]- پەروین عەبدوڵلا، رەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، ل٢٢١.

هاوچەرخدا ئاوێتەی یەکدییان بکەن و سوود لە تەکنیك و توخمەکانی هەردوو هونەرەکە وەربگرن و لەخزمەتی یەکتریدا بەکاریان بهێنن، بەشێوەیەك کە یەك ئەوی دیکە تەواو بکات. بەمەش تارادەیەك توانیویانە بناغەیەکی پتەو وتۆکمە لە بواری بیناتنانی دەقی شیعری شانۆیی بخولقێنن.

پێکهاتەی تەکنیك لە شیعری شانۆییدا ئەرکێکی گرنگی لەناو دەقەدا لەسەر شانە. ئەو ئەرکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تەواوکەری ناوەرۆکە. ناوەرۆکیش بەبێ تەکنیك ناتوانێت بەشداری لەبەرهەمهێنانی دەقێکی شیعری شانۆییدا بکات، چونکە تەکنیك ((چوارچێوە و قالبی دەق دادەرێژێت و دەتوانێ لە ڕازاوەترین و سەرنجبەرترین فۆرمدا پێشکەش بکات))[1]. بەو واتایەی تەکنیك هۆکارێکن بۆ خستنەڕووی ناوەرۆك. لەم رووەوەش شاعیر لەرێگەی بەکارهێنانی رەگەزەکانی تەکنیکەوە، ناوەرۆك لە سەر پانتایی دەقەکە دابەش دەکات و رووداوەکان دەگێڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەموو ناوەرۆکێك شیانی ئەوەی هەبێت دەقی شیعری شانۆیی بەرهەم بهێنێت، ئەگەر شاعیر شارەزاییەکی تەواوی لە تەکنیکە شانۆییەکان نەبێت و توانای بەکارهێنانی ئەو تەکنیکانەی نەبێت. کەواتە ((ئەو بنەمایە سەد دەرسەد تەواوە کە بێ ناوەڕۆکێکی پتەو ناتوانرێ دەقێکی پتەو پێکبهێنرێت، بەڵام بنەمایەکی تری گرنگیش ئەوەیە کە لەگەڵ بوونی ناوەڕۆکی پتەودا ئەگەر نووسەر شارەزای تەکنیك نەبێت و توانای بەرهەمهێنانی تەکنیکێکی باڵای نەبێت، ئەوا دەقی شانۆییەکە بەرەو هەڵدێر و نوچدان دەبات))[2].

بەمشێوەیە بەشیکردنەوەو خستنەڕووی پێکهاتەی تەکنیکی لەقۆناغی یەکەمی شیعری شانۆیی لەئەدەبی کوردیدا، دەست رەنگینی و توانست و سەلیقەیی شاعیران دەردەکەوێت لە روانگەی بنیاتنانی رووداو و خولقاندنی کارەکتەر و دەستنیشانکردنی کات و شوێن و داڕشتن و دابەشکردنی پانتایی دەق بەسەر دیالۆگ و مەنەلۆگدا. بۆ ئەمەش پێویست بەوە دەکات یەکە یەکە بیناتی ئەو توخم و تەکنیکانە لەدەقی شیعرە شانۆییەکانی ئەو کاتەدا دەستنیشان بکەین و شیانبکەینەوە.

---

[1] - یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی . ل ١٠٣.

[2] - هەمان سەرچاوە. ل ١٠٣.

- رووداو:

رووداو یەکێکە لە توخمە سەرەکییەکانی پێکهاتـەی تـەکنیك لـە شـیعری شـانۆییدا و قورسایی چەقی بنیاتنان دەکەوێتە سەرشانی و لەوێوە گێڕانەوە و کەسایەتی لە ناو پانتایی دەقدا دەست بە بزاڤی خۆیـان دەکـەن، بۆیـە ئەرسـتۆ (( رووداو بـە گیـانی دراما، دادەنێت))[1]. هەروەها بابەتیش بەهۆی خولقانـدنی رووداو دەخرێتـەڕوو. بـەو مانایـەی رووداو شـێوە ئەندازەیەکـە بـۆ پێـشکەشکردنی بابـەت. کەواتـە ((رووداو و بابەت لەیەکتری هەڵکێشراون ، زۆر جار بابەتەکە لەمێـشکی نووسـەرەکەدا هاتووچـۆ دەکـات، هـەتا رووداوێـك دەخـولقێنێ، ئـەم رووداوەش دەبێتـە سـەرە داوێـك بـۆ دۆزینەوەی چەندین رووداوی تر، کە لەچـەکەرەکردنی رووداوە سـەرەکییەکە لـەدایك دەبن)) [2].

(د. شـوکریە رسـوڵ) لـەبارەی رووداوەوە دەڵێـت: (( بریتییـە لـەو زنجـیرە گۆڕانەی بەسەر رەوشتی کەسەکاندا دێت لەپێوەندی و کارلێك کردنیـان لەگـەڵ ئـەو شـوێنەی تێیـدا دێـن ودەچـن)) [3]. بەواتایـەی روووداو زنجیرەیـەك گۆڕانـە، کـە لەدۆخێکەوە بەرەو دۆخێکـی دیکـە هـەنگاو دەنـێن تـا لەکۆتاییـدا دەگەنـە ترۆپـك و گـۆڕانی کۆتـایی بەئـەنجام دەگـات. کەواتـە رووداو خـاڵی سـەرەکییە لـە پێکهاتـەی شیعری شانۆییدا و بەبێ ئەو شیعری شـانۆیی هـیچ مانایـەك لـەخۆ ناگرێـت، چـونکە رووداو جیـا لـەوەی کـە تـوخمێکی سـەرەکییە، گـشت توخمـەکانی دیکـەش لـەژێر سێبەری ئەودان و بەهۆیەوە کارو کردەوەکانیان ئەنجام دەدەن. بـەو پێیـەی ئەگـەر لە دەقێکـدا رووداو هـەبێت، ئـەوا ((پێویـست بـەوە دەکـات کەکەسـایەتی هـەبێ بـۆ جێبەجێکردنی و رۆڵ گێڕانیان لـەوازیکردن و ئەنجامـدانی رووداوەکـان. کـە رووداو و کەسـایەتیت هـەبوو، ئـەوە پێویـست دەکـات شوێنیـشت هـەبێ و کارەکـەی لەسـەر ئەنجام بدەی، کە ئەو سێ رەگەزەشـت هـەبوو ، ئـەوا بەشـێوەیەکی پێویـست کـات

[1]- تآیس. دبلیو. دوسن، الدراما والدرامي، ت: عبدالواحد لؤلؤة، دار الرشيد للنشر، بغداد ـ العراق، ١٩٨١. ص١٤١.

[2]- پەروین عەبدوڵڵا، رەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، ل ٢٨.

[3]- د. شوکریە رسوڵ، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل١٥١ .

خۆی ڕەپێش دەکات))[1]. واتـە ڕووداو گشت توخمـەکانی دیکـە لـەخۆ دەگرێـت و زەمینە بۆکارکردنیان ئامادە دەکات.

لەم ڕوانگەیەوە ڕووداو وەکو توخمێکی شانۆ لای شـاعیران جێگـەی بایـەخ و گرنگیـدان بـووە. ئـەو ڕووداوانـەی بڕبـڕەی بەرهـەمی شـیعرە شـانۆییەکانیان لـەم قۆناغـەدا پێکهێنـاوە، لەلایەکـەوە ڕەنگدانـەوەی بارودۆخـە سیاسـی و ئـابووری و کۆمەڵایەتییـەکان بوونـە و لەلایـەکی دیکەشـەوە لـەژێر کاریگەرێیـەتی بیروبـاوەڕی شاعیر و بەپێی گۆشەنیگا تایبەتییەکانی ئەو بنیاتنراوە و لەخزمەتی گەیاندنی مەغزا و ئامانجەکانیدا بووە.

لـە چـنینەوەی ئـەو ڕووداوانەشـدا شـاعیر سەربەسـت بـووە لـە چـۆنییەتی مامەڵـەکردنی لەگـەڵ تـەواوی ڕەوتـی ڕووداوەکـەدا. بـەو واتایـەی شـاعیر توانسـتی ئەوەی هەبووە بەشێك لەو ڕووداوەی کـە هەڵبـژاردووە بکاتـە نـاوەڕۆکی شـیعرێکی شـانۆیی، نـەك تـەواوی ڕووداوەکـە بخاتـەڕوو، بۆیـە لـە چـنین و خـستنەڕووی ڕووداوەکاندا، شـاعیران بـە چـەندین شـێواز مامەڵـەیان لەگـەڵ ڕەوتـی ڕووداوەکانـدا کردووە:

- لایەنێکی دیاریکراویان لە ڕووداوێکی گەورەدا وەرگرتـووەو کردوویانـە بـەناوەڕۆکی شیعرە شانۆییەکەیان. واتە تیشکیان خستۆتە سەر لایـەنێکی ڕووداوەکـە و وێنـەیان گرتووەو قورسایی و چەقی بەرهەمەکەیان لەسەر ئەو لایەنەی ڕووداوەکە بنیاتنـاوە. ئەو ڕووداوانەش یان ئەوەتا بەپێی هزرو خەیاڵ و ئەندێشەی شـاعیر هەڵوێـستەکانی چـێنراوە و بـەش و پارچـەکانی دروسـتکراوە، یـانیش لـەنێو واقیعـی کۆمەڵگـەدا لەشێوەی داب ونەریت و جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی ..هتـد، بوونـە و شـاعیر لەبۆتـەی بەرهەمێکی هونەریدا دایڕشتۆتەوە و لەگـەڵ بیروبۆچـوونی خـۆی گونجاندوویـەتی و لـەپێناو پێـشکەوتنی کۆمەڵگەکەیـدا خـستوویەتییەڕوو. لەسـۆنگەی ئەوەشـەوە دەبینین ڕووداو لە یەکەم دەقی شیعری شانۆیی لە ئـەدەبی کوردیـدا کـە ئۆپـەرێتی (ئینتیباه)ە، ڕووداوێکە باس لە شەڕی نێوان هێزی گەل و دوژمنـان دەکـات. لێـرەدا

[1]- حوسێن سابیر عەلی، بینای ڕووداو لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختەدا، گۆڤاری ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی دوازدە ژمارە ١٢٥ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ . ل ٦٢.

شاعیر مەبەستی لەبنیاتنانی ئەو رووداوە زیاتر کێشەیەکی نەتـەوەیی پەیوەسـت بـە بەرگریکردن لە خاك و نەتەوە بووە. بەوەی مەترسییەك لەسەر بوونی نەتـەوە هەیـە و پێویستی بە قوربانیدانە بۆ پارێزگاریکردنی. شاعیر بۆ ئەمەش سەرەتا ئاماژەی بە رووداوێکی گەورە داوە، کەبریتییە لە بەرپابوونی جەنگێکی گەورە، کە هەر ئەمـەش دەربڕی ئەو مەترسییەیە:

**شێرانە ئەوا مەعرەکە ئارایی وەغا بووین**

**بۆ ڕشتنی خوێناوی عەدوو حازری ڕابووین**

**لەپێشمانەوە هەروا، بەیداخی ڤهفەر ئەڕوا**

**ڕیشەیی عەدوو با دەربێنین،**

**حەق بە دەستی خۆمان بستێنین**

**بۆ نەمانی مەزالیم، سوارانی جەنگی**

**تەپڵی بازیان لێدا بەشۆخ و شەنگی** (دیوانی شێخ نوری شێخ سالّح، ل ٤٤٩)

هەرچـەندە راگەیانـدنی شـەڕێکی گـەورە و پـیرۆزە لـەپێناو بـەرگریکردن لـەخاك و نیشتمان، پێکهێنەری رووداوی ئەو ئۆپەرێتەیە، بـەڵام شـاعیر وردەکارییـەکانی ئـەو شەڕەی باس نەکردووە، بەڵکو بارودۆخی گەل و ئامادەیی چین و توێژەکانی کۆمـەڵ و پشتگیریکردن و هاندانیان بۆ چەکدارو پێشمەرگەکانی کردووەتە چەقی رووداوەکە و ئـەوەی سـەلماندووە کـە ئـەو شـەڕە گـەورە و پـیرۆزە، شـەڕێکە هـەموو چـین و توێژەکانی کۆمەڵ بەشدارییی تێدا دەکەن و پارێزگاری لە وڵات دەکـەن. واتـە لێـرەدا رووداو بریتییە لە تیشك خستنە سەر لایەنێکی ئەو شەڕە کە ئامادەیی گەلە بەهەموو چین وتوێـژەوە بـۆ شـەڕکردن . زیـاتر تـیم و مـەغزای ئـەو رووداوەش لەوەدایـە کـە نووسەر ویستوویەتی هەستی نەتەوەیی لای تاکی کورد بووژێنێت و لەهەمانکاتیشدا ئـــەم رووداوەی کردووەتـــە بلّندگۆیـــەك بـــۆ بەرزکردنـــەوەی ورەی گـــەل لـــەپێناو بەرگریکردن لە نیشتمان و رووبەرووبوونەوەی دوژمن.

بەهەمان شێوە گـۆرانی شـاعیر لـە (شۆڕشـگێر)دا، شۆڕشـی (١٤)تـەممووزی کردووەتـە رووداوی شـیعرە شـانۆییەکەی، بـەڵام لـەو رووداوە گـەورە و کاریگـەرە، تیشکی خستۆتە سـەر سـاتێکی کاریگـەر و چـەقی رووداوەکـەی لەسـەر داڕشـتووە.

ئەویش ساتی مردنی ئیمپریالیست و سەرکەوتنی هێزی گەلە. واتە ساتی گەیشتی شۆڕشە بە ترۆپکی سەرکەوتن. شاعیر رووداوەکەی لەسەر ئەو ساتە بنیاتناوە، کە ئیمپریالیست خەریکە دەمرێت و دەستەیەك ئاغا و جاسوس و مەلای خۆفرۆش و حاکم لەهەوڵی دۆزینەوەی هۆکاری کەوتنی ئەون، ئەو ساتەش چوارچێوەی رووداوەکەی پێکهێناوە.

- بنیاتنانی رووداو لەواقیعی ژیانی رۆژانەدا، واتا واقیعییەتی ژیانی رۆژانەیان کردووە بەچەقی رووداو، و وەکو خۆی لە ناو بۆتەی شیعری شانۆییدا بەکاریان هێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ((رووداوی درامیی، لەگەڵ رووداوی رۆژانە جیاوازییەکەیان ئاسمان و رێسمانە. رووداوی درامیی گەلێ گەورە و بەرزترە لە رووداوی رۆژانە. تەنیا خستنەرووی کێشەکان گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە، نووسەر بزانێت چ رووداوێك دەکاتە بابەتی نووسینەکەی. رووداوێك مرۆڤ بوروژێنێت و ببێتە وانەیەك و ئامۆژگارییەك بۆ کۆمەڵگەکەی)) [1]. بەو واتایەی شاعیر دەبێت روانگە و بۆچوونی خۆی لەسەر ئەو رووداوانەی ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگەکەی تۆمار بکات و دەریببڕێت. ئەمەش هۆشیارییەکی زیندووی شاعیر بۆ تێگەیشتن لە ململانێیە کۆمەڵایەتی و هزرییەکان دەگەیەنێت. لەم چوارچێوەیەشدا شاعیران رووداوگەلێکیان لەژیانی رۆژانەدا کردووە بە بنچینەی رووداوی دەقەکانیان و لەوێوە روئیای خۆیان لەسەر رەوتی ژیانی کۆمەڵگەکەیان بنیاتناوە. بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی)ی گۆران و (شەڤی و شیرین)ی عەبدولرەزاق بیماردا، دیمەنی خۆشەویستییەك کراوەتە رووداوێك و هۆکارەکانی شکستهێنانی ئەو خۆشەویستییە روون کراوەتەوە. هەروەها لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی یاران)دا، دیاردەیەکی قێزەونی کۆمەڵایەتی وەکو ژن بەژنێ و بەزۆر بەشوودان تەوزیف کراوە و رووداوەکەی لەسەر بنیات نراوە. لە ئۆپەرێتی (ئاهەنگێك لەناو ران)ی گۆران و (چوار وەرزی ساڵ)ی أ.ب.هەوریدا، رووداو بریتییە لە وەسفکردن و نیشاندانی دیمەنی ژیانی گوند و کۆمەڵگەی کوردەواری.

---

[1]- پەروین عەبدوڵلا، رەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، ل ٢٩.

لەم ئۆپەریتانەدا تابلۆیەکی جوانی سروشت و ژیانی گوندیان بۆ کێشاوین. جیاوازی چینایەتی و بەیەکتر نەگەیشتنی دوو دڵدار، پەیکەربەندی رووداوەکانی ئۆپەریتی (دڵداریی کوڕە شوان)ی کامەران موکری پێکدێنێت و رووداو زیاتر لەسەر نیشاندانی ئەو جیاوازییە چینایەتییە خول دەخوات. بێکاری وەکو دەردێکی کوشندەی کۆمەڵ، تەوەری رووداوەکانی (چیرۆکی دارفرۆش)ی کاردۆخی شاعیر پێکدێنێت. سەربەستی ئافرەت و بەدەستهێنانی مافەکانی و یەکسانی لەگەڵ پیاودا، بنچینەی رووداوی ئۆپەریتی (نەسرین)ی بێکەسی شاعیر و ئۆپەریتی (خوشك و برایەك)ی ج. دانا پێکدێنن. هەروەها باری سیاسیش کە بەشێکە لەژیانی واقیعی و رۆژانەدا، بوونەتە هەوێنی رووداوگەلێکی نێو بەرهەمی شیعرە شانۆییەکان. عەبدولرەزاق محەمەد لە (ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات)دا رووداوی هێرشکردنی جەندەرمەکانی تورك بۆ سەر گوندێکی کوردستان لەگەڵ رووداوی خۆشەویستییەکی پاك و بێگەرد دا، ئاوێتەی یەکتر دەکات و رایەڵەکانی رووداوی شیعرە شانۆییەکەی لێ پێکدێنێت.

- ئەو رووداوەی راستەوخۆ لە مێژوودا وەرگیراوە و لەچوارچێوەی شیعرێکی شانۆییدا رێکخراوە. ئەو رووداوانە، رووداوگەلێکی ئامادەن و شاعیر لەچەند لایەنێکەوە سوودیان لێ وەردەگرێت. گرنگترینیان بووژاندنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتییە. هەروەها خستنەڕووی بیروبۆچوونی هاوچەرخ و تازە لەبارەی خودی رووداوەکان و بەستنەوەیان بە ژیانی هاوچەرخی کۆمەڵگەکەیانەوە. لە ئۆپەریتی (ئەنجامی ئەژدهاك)ی گۆراندا، رووداو لە رووداوێکی مێژوویی وەرگیراوە، کە ململانێی نێوان میللەت و پاشایەکی زۆردارەو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ئۆپەریتە تەنیا یەك بەشە و تەواونەکراوە ، بۆ رووداوەکەش هەر لەو سەرەتادایە و بەنیوەچڵی بەجێهێشتراوە. دواتر هەمان ئەو رووداوە لەلایەن زەکی ئەحمەد هەنارییەوە دووبارە لەچوارچێوەی شیعرێکی شانۆییدا بەناونیشانی (دوا رۆژی دەئاکی زۆردار یان سەرنجامی زۆردارێك) رێکدەخرێتەوە.

هەر لەم چوارچێوەیەشدا، شاعیران بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ناونیشانی بەرهەمەکانیان سوودیان لە خودی رووداوەکە وەرگرتووە و کردوویانەتە

ناونیشانی سەرەکی، وەکو لە (ئینتبیاھ، گوڵی خوێناوی، ئـەنجامی یـاران، ئـەنجامی ئەژدھاك، ئامۆژگاری، ئافاتی تاعون لەناو حەیواناتا، ماستاو، جۆقی یۆنسکۆ....تاد) بەکارھاتووە. بەو پێیـەی کـە ئـەو رووداوانـەش لەسـەر تـەختی شـانۆدا دەنـوێنرێن، شـاعیران بایـەخیان بـە شـێوازێك داوە بـۆ خـستنەڕووی بەڕێوەچـوونی رووداوەکـان لەرێگای پیشاندانی ھەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان و رەوتی رووداوەکان. بەو واتایەی بۆ گێڕانەوەی رووداوەکان خستنەڕووی زانیاریی بەپێویست زانراوە، ((چـونکە شـانۆ ناکرێت بەتەنیا لەچوارچێوەی گێڕانەوەدا بمێنێتـەوە، بـەڵکو دەگۆڕێتـە کـردار)) [1]. بەرجەستەکردنی ئەو کـردارەش لـەرێگای نوانـدنی رووداوەکانـەوە مەیـسەر دەبێـت. لەھەمانکاتیشدا ئەو زانیارییانە وەکو بەشێکی پێکھێنـەری رووداون. ئەمـەش رەنگـە لەبەر ئەوە بووبێت لەلایەکەوە شـاعیر ئـەو ھەڵوێـست و روونکردنەوانـەی لەشـێوەی رسـتەیەکی کـورت بەباشـتر زانیـوە لـەوەی بیانخاتـە بۆتـەی شـیعرەوە. لەلایـەکی دیکەشـەوە داڕشـتنی ئـەو زانیارییانـە بەوشـێوەیە یارمەتیدەرێکـە بـۆ دەرھێنـەر و ئەکتەرەکان تا بەھۆیەوە ھەڵوێستی رووداوەکە بە باشترین شێوە نمایش بکەن. لـەم روانگەیەوە ئەو شێوازەیان پەیڕەو کردووە، کە زیاتر روونکردنەوەو زانیاری بەخشین لەمەڕ رووداوەکان و گۆڕانکارییەکان بەدەستەوە دەدات. ئەم شێوازەش بە سێ جۆر بەکارھێنراوە:

أ- بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئەو زانیارییەیان بە بەکارھێنانی دوو کەوانە (  ) و لـەپێش یـاخود لـەپاش رووداوەکـەدا بەخـشیووە و تێیـدا چـۆنییەتی دیمـەنی ئـەو رووداوەیان روونکردۆتەوە، کە لەدوای یاخود لـەکۆتایی دیـاریکردنی ئـەو زانیارییـەدا ھـاتوون. بۆیـە دیمـەنی رووداوەکـە پەیوەسـتە بـەو زانیـاری و روونکردنەوەیـە. بـەو واتایەی شاعیر پێش ئەوەی دیمەنی رووداوەکە پیشان بدات یاخود دوای پیـشاندانی دیمەنی رووداوەکە ، زانیاری لەبارەیانەوە خستۆتەڕوو و بەھۆیـەوە مۆنتـاژی کـاتی لەسـەر رووداوەکـە جێبـەجێکردووە. لـەم روانگەیـەوە ھەنـدێکجار شـاعیر لـەپێش پیشاندانی دیمەنی رووداوەکە ئەو زانیارییانەی دیاریکردووە، بۆ نموونە لە ئۆپـەرێتی

[1]- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی . ل ١٣٤.

(ئەنجامی یاران)دا، گۆرانی شاعیر بەهۆی بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەوە حاڵەتی دیمەنی رووداوەکان دەگۆڕێت، بەمشێوەیە :

**( لەهەمان جێگا، لەپاش هەفتەیەك، لەسەر گلکۆی برزوو)**

**کۆرسی کوڕان:**

**لێرەدا دڵدارێك ئەنویٚ کش و مات**

**نەوجوانێك بوو،**

**نەریتی بەد نەیهێشت بگا بە ئاوات**

**یاری لەکیس چوو!**

**یەکەمجار لێرەدا بەستبووی پەیمان**

**( لەسەر گلکۆکەی تەنیشتی ئەو)**

**کۆرسی کچان:**

**ئەمەیە قیبلەگای تەوافی کچان:**

**گڵکۆی مەنیج جوان**

**بۆ دۆستی جوانەمەرگ وەفای خۆی نوان**

**ئەویش خۆی خنکان**

**خۆی کردە قۆچی عەشق، قۆچی سەربەستی**

**پچڕانی زنجیری کۆنەپەرستی !** (دیوانی گۆران، ل٢٦٠)

شاعیر بەهۆی بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی کەلەنێو کەوانەکاندان و کەوتوونەتە پێش دیمەنی رووداوەکە وبەبەکارهێنانی مۆنتاژی کات لەسەر رووداو، دیمەنی رووداو لەحاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە دەگوازێتەوە کەئەویش دیمەنی هەردوو کوڕەکەو کچەکەیە، کە مەرگیان هەڵبژاردووە و گۆڕەکانیان لەتەنیشت یەکەوەیە. واتە بەهۆی پێشکەشکردنی ئەو زانیاریی و روونکردنەوانەوە شاعیر توانیویەتی کار لەسەر رەوتی رووداو بکات و دیمەنەکانی پیٚ هەڵبژێرێت و پیشانیان بدات.

هەروەها هەندێکجاریش دیاریکردنی ئەو زانیاری و روونکردنەوانە دەکەوێتە دوای پیشاندانی دیمەنی رووداوەکە. بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (شەڤیٚ و شیرین)ی

عەبدولرەزاق محەمەد لە کۆتایی دیالۆگێکی نێوان شیرین و سالاردا، ئەو زانیارییانە دەردەبڕێت:

**شیرین:**

**بەڵێ، ئاوایە کچی کورد....**

**ئەوە باس کە، گەر باسیت کرد،**

**ئەڵێی چی گەر باوکم رێی دام**

**بەسواری (ماینی شێ)ی وەك تیر**

**بێمە مەیدان**

**جا ئەمبینی، چەند سوارت بۆ ئەگلێنم**

**لەسەر ئەسپا رای ئەفرێنم**

**(لەم قسانەدا ئەبن... گوێمان لە دەنگی دەهۆڵ و هەراو دەنگەدەنگ ئەبێ...)**

(شانۆی کوردستان، ل٧٦)

لێرەدا، شاعیر بەهۆی ئەو زانیارییەی کە لەنێو کەوانەکەدایە زەمینەسازییەکی ئامادەکردووە بۆ گۆڕانی دیمەنی رووداوەکە و لەهەمانکاتیشدا ئەو زانیارییانە پەیوەستن بە حاڵەتەکانی نێو دیمەنی رووداوی پێش خۆیانەوە کە بریتییە لە دەمەتەقێی نێوان سالار و شیرین.

هەندێکجاریش شاعیران هەردوو شێوەی خستنەڕووی زانیاری و روونکردنەوەکانیان بەکارهێناوە، واتە لەپێش و لەکۆتایی دیمەنی رووداوەکەدا زانیاری دیاریکراوە. بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی ئەژدهاك)دا لە دیالۆگێکی نێوان دوو لاو و یاساوڵەکاندا، بەهۆی بەخشینی زانیاریی لەسەرەتا وکۆتاییدا، حاڵەتی دیمەنی رووداوەکە دەربڕاوە:

**(دوو لاو بە پاڵەپەستۆ نۆرەبڕی لەیەکتری ئەکەن)**

**یاساوڵی یەکەم: کێشمەکێشی ئەم دوو سەگە**

**گلاراوی سەرەمەرگە!**

**لاوی یەکەم: منم بێژەنگ، کوڕی خوسرەو!**

**لاوی دووەم: منم! منم! خوشکمە ئەو!**

**( یاساوڵێك شیرین لە نیشانەی نێری ڕووت ئەکا)** (دیوانی گۆران، ل ٢٦٤–٢٦٥)

لێرەشدا، سەرەتای دیمەنی ڕووداوەکە بە خستنەڕووی زانیاریی لەبارەی دوو لاو دەست پێدەکات و دوای پیشاندانی دیمەنی ڕووداوەکە دیسان زانیاری لەبارەی هەمان دیمەنی ڕووداودا پێشکەش دەکرێتەوە.

ب ـ دانانی ئەو ڕوونکردنەوە و زانیارییانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و لەناو دوو کەوانە لە بۆتەی دیمەنی ڕووداوەکەدا. واتا ڕووداو پارچە دەکرێت و لەناو خودی ڕووداودا، زانیاری و ڕوونکردنەوەی تایبەت بە دیمەنی ڕووداوەکە پیشان دەدرێت. لێرەشدا لەباری خوێندنەوەدا ڕووداو لەجووڵە دەوستێت، بۆ ئەوەی هەڵوێستی گشتی شیعرە شانۆییەکە جا چ لەبارەی کەسایەتییەکانەوە بێت، کە پەیوەستن بە ڕووداوەکە، یاخود ڕووداوەکە خۆی بێت دەخرێتەڕوو. بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (خەونەکانی گەنجۆ)دا لەدیالۆگێکی نێوان گەنجۆ و ئاغادا هاتووە:

**ئاغا: ئەرێ گەنجۆ**

**قوربان ئەم سوزەی شمشاڵت**
**خەم و خەنیم**
**ڕۆڵەکەم تۆ،...**
**تاکەی؟ تەنگی پێهەڵچنیوی سەودای سەر**
**تەمات وایە بەم پاییزە دار بێتە بەر!**
**باسی فرشتە و جوانی پەری**
**هەموو ئەم فیکرەی لەسەری**
**هەر خەیاڵی بۆن خۆشی چیرۆکانە**
**بەندوباوە، یا ئەفسانە**
**بێ ... ئەسپێکی چاکت دەمێ**
**لەبەر پشتت ڕاکە خەنجەر**
**لەگەڵ کاکتا، بێرە مەیدان**
**(خەنجەر دەردینێ، وەکو شێربازی یاری ئەکا)**
**بێرە مەیدان...**
**بۆ دارستان .. کێو، دەشت و دەر** (شانۆی کوردستان، ل٥٧–٥٨)

لـــەباری خوێندنـــەوەدا و لـــەو دیمەنـــە رووداو وەســـتنێراوە بـــۆ ئـــەوەی هەڵسوکەوتێکی تایبەت بە حاڵەتی رووداوەکـە روونبکرێتـەوە. لـەو دیالۆگـەدا، ئاغـا دیمەنی ئازایەتی گەنجۆ و کاکی پیشان دەدات، بـەڵام شـاعیر بـۆ وێنەکێـشانی ئـەو دیمەنە پەنای بۆ دەربـڕین لەشـێوەی ڕسـتەیەکی کورتـدا بـردووە و لەچوارچـێوەی شیعرەکە و لەناو رووداوەکەدا بەکاریهێناوە.

ج ـ هەندێکجار ئـەو زانیـاری و روونکردنەوانـە بەشـێوەیەکی گشتی لەسـەرەتای دەستپێکردن و کۆتایی رووداوەکانی ناو شیعرە شـانۆییەکە خراونەتـەڕوو. ئەمـەش بەچەند شێوەیەك بووە:

ـ لەسـەرەتای هـەر بەشـێك یـاخود پەردەیەکـدا بـۆ روونکردنـەوەی چـۆنییەتی دەستپێکردنی رووداوەکە، وەسفێکی کەسایەتی و شوێنەکان کراوە بەبێ ئەوەی ئەو وەسفە بخرێتە نێو کەوانە. بۆ نموونە لە (چیرۆکی دارفرۆش)دا، لەسەرەتای پـەردەی یەکەمدا وەکو سەرەتایەك بۆ دەستپێکردنی رووداوەکە هاتووە:

**پـــەردە ئەکرێتـــەوە(دار فـــرۆش و خوێنـــدەوارێك) دەرئەکـــەون. دارفـــرۆش خـــەریکی بڕینـــەوەو وردکردنـــی دارەکانیـــەتی، لەبـــەر خۆیـــەوە سـکاڵا ئـــەکات. خوێندەوارەکـەش خـەریکی خوێندنـەوەی کتێبێکـە لـە نزیـك ئـەم دارفرۆشـەدا، جارجار سەیری ئەکات و گوێی لە سکاڵاکەیەتی...** (دیوانی کاردۆخی، ل٣٧)

ـ یـاخود ئـەو زانیارییانـە لـەنێو دوو کەوانـەدا لەسـەرەتا وکۆتـایی رووداوەکـەدا بەکارهاتووە و گێڕانەوەی رووداوەکەشی لەئەسـتۆ گرتـووە. بـۆ نموونـە لـە شـیعری شانۆیی (موحاکەمەی مام چەوەندەر)دا، لەسەرەتای شیعرە شانۆییەکەدا هاتووە:

**( پەردە هەڵکشا و ساڵۆنی موحاکەمە بەدەستەی تەواوەوە، کەوتە بەرچاو...)**

لەکۆتایشدا بەمشێوەیە هاتووە:

**(پەردە داکشا و ئیتر کەس نەیزانی مام چەوەندەریش چیی بەسەر هات؟)**

(دیوانی گۆران، ل ٢٨٠)

بەشـێوەیەکی گـشتیش پێـشکەشکردنی ئـەو زانیـاری و روونکردنەوانـە لـە شـیعری شـانۆییدا بەرێژەیـەکی زۆر و هـەروەها لەرسـتەی درێـژتردا بـەکارهاتووە. بەپێچەوانەوە لە ئۆپەرێتدا بەرێژەیەکی کەمتر و لەرستەی کورتدا بەکارهاتووە.

سەرەڕای ئەمانەش لەهەندێك شیعری شانۆییدا شاعیر بۆ زیاتر خستنەڕووی رووداوەکە، پێشەکییەك لەزاری کەسایەتییەکی نەناسراو خراوەتەڕوو، رۆڵی ئەو کەسایەتییەش تەنیا لە پێشکەشکردنی ئەو پێشەکییەدا کورت بۆتەوە. لەو پێشەکییەدا شاعیر زەمینەسازییەك بۆ پێشکەشکردنی رووداوەکەی سازکردووە و ئامانج و مەبەستی لە نووسینی ئەو شیعرە شانۆییەدا دەربڕیووە. ئەو پێشەکییە لای هەندێك شاعیر لەشێوەی پەخشاندا داڕێژراوە، وەکو لە ئۆپەرێتی (خەونەکانی گەنجۆ)دا، شاعیر لەزاری کەسایەتییەك کەناویناوە(پێشکەشکەر) پێشەکی رووداوەکەی خستۆتەڕوو:

پێشکەشکەر:

**ئەم کوڕە شوانە دڵ پڕ کوڵی دڵدارییە، ئەڵێن تووشی داوی تەلیسمی پەریزادەکان هاتبوو کە گوایا خۆیان ئەهێنا سەر شێوەی ئافرەتان و داخیان ئەنا بە دڵی زۆرەها گەنجە مەستەساویلکەکان.**

**هەروەها ئەشڵێن کە ئەم رووداوە هەر خەونێك بووە لە خەونە خۆشەکانی شەوی هاوینی گەنجێتی:**

( شانۆی کوردستان ، ل ٤٩)

کەچی لای هەندێك شاعیری دیکە ئەو پێشەکییە خراوەتە چوارچێوەی شیعر. بۆ نموونە لە (ئافاتی تاعون لە ناو حیواناتا)، سەلامی شاعیر لەزاری کەسایەتییەك کە ناویناوە(یەکێك) پێشەکی رووداوەکە و مەبەست و تەنانەت چارەسەریشی خستۆتە ڕوو:

**یەکێك: تەمسیل دەرسێکە ڕاست بۆ هۆشیاری**

**وریا بوونەوە بە ئامۆژگاری**

**سەرگوزشتەی شێر لەگەڵ حەیوانات**

**لەترسی تاعون پیسترین ئافات**

**لەبێشەیەکدا گرد ئەبنەوە**

**لەباسی تاعون ورد ئەبنەوە**

**لەم چیرۆکەدا بۆت دەرئەکەوێ**

**که خاوەنی هێز هەر سەرئەکەوێ**

**بێ هێزە دایم بەشی خوراوە**

**قانوون بۆ زەعیف دروستکراوە**

تادەگاتە ئەوەی دەڵێت:

**بێتو بەهێز بی ژیانت چاکە**

**لانەی بێ دەسەلاَت ژێر قەبرو خاکە**

**قووەتی بەشەر تەنها بەعیلمە**

**نموونەی مەردی وەفا وحیلمە**

**قەومێ بیەویێ هەڵسێ سەرکەوێ**

**لەهەوڵی عیلما نابێ بسرەوێ**

**ژیان قەت نابێ بەبێ ئیتیفاق**

**یەك بن هەمووتان لادەن لە نیفاق**

**دەست بەرن دەستی یەکتری بگرن**

**ئەمرۆ فرسەتە بەیانی ئەمرن** (دیوانی سەلام، ل٢٣٥-٢٣٧)

هەروەها لەم قۆناغەدا شاعیران کۆرسیان بۆ گێڕانەوەی رووداوەکان بەکارهێناوە. بەوپێیەی کە کۆرس دەبێ بەشداری لە رەوتی رووداوەکاندا بکات. هەروەکو ئەرستۆ لەمبارەیەوە دەڵێت: (( دەبێ کۆرس بەشێك بێت لەگشت. بەواتای ئەوەی دەبێ رۆڵێك لەناو رووداوەکەدا ببینێت)) [1]، بۆیە دەبینین کۆرس بەشێك لەرووداوەکانی لەئەستۆ گرتووە. لە کۆتایی رووداویشدا زیاتر بەو پارچە کۆپلە شیعرە کە لەشێوەی گۆرانی لەسەر شانۆ دەگوترێت و کۆرس بەشداری لە گوتنیدا دەکەن، کۆتایی بە رووداو هێنراوە. لەم قۆناغەدا مامەڵەکردنی شاعیرانیش لەگەڵ کۆرسدا شێوەیەکی دیاریکراوی وەرنەگرتووە و جۆراجۆر کەوتۆتەوە، کە دەتوانین لەم شێوانەدا کورتیان بکەینەوە:

---

[1]- د. رشاد رشدی، نظرية دراما من ارسطو الي الآن، ص ٤٨.

ـ لەرووی ناوەوە، هەندێك وشەی(کۆرس)یان بەکارنەهێناوە و لەجیاتی ئەوە کەسایەتییەکانی نێو بەرهەمەکەیان لەتەك یەکتردا کۆکردۆتەوە یاخود لەژێر ناوێکی گشتیدا بەشێك لە رووداوەکانی لەئەستۆ گرتووە و کۆتایی بە رووداو هێناوە. لەراستیشدا ئەو بەشداریکردنەی کۆرس زۆر سنووردار بووەو لەچاو کەسایەتییەکانەوە کەمتر رۆڵی پێدراوە. بۆ نموونە لە(چیرۆکی دارفرۆش)دا کۆرس لەژێر ناونیشانی کەسایەتییەکانی ئەو بەرهەمە (خوێندەوار و دارفرۆش) کۆتایی بە رەوتی رووداو هێناوە:

**خوێندەوار و دارفرۆش:**

**ئیتر خۆمان، ئەژین بەدڵشاد        لە نیشتمانا خەم ئەدەین بە باد**

**ئەیکەین بە بەهەشت ئەم کوردستانە        بەکوێری چاوی پیاوی بێگانە**

**ئیتر ناترسین لەبەدو، بەدکار        بێگانەمان کوشت نەما ستەمکار**

(دیوانی کاردۆخی، ل٥٥)

بەهەمان شێوە لە ئۆپەرێتی (خوشك و برایەك) لەژێر ناونیشانی(پەخشان و بێستوون بەجوتە) و لە ئۆپەرێتی (چوار وەرزی ساڵ) کۆرس لەژێر ناوی (چوار وەرزی ساڵ) و لە (دوارۆژی دەئاکی زۆردار) کۆرس بەناوی(کۆمەڵ) و لە (ئاواتی ئۆمەر)دا، لەژێر ناوی (هەموو) و لە (ئاهەنگێك لەناو ران)دا، لەژێر ناوی (کۆمەڵێك ئافرەت) و لە(شۆرشگێڕ)دا بەناوی(گەل) و لە(جۆقی یۆنسکۆ)دا بەناوی (هەموو)، لە (خەونەکانی گەنجۆ)دا بەناوی (دەنگێك)،کۆرس پێشکەشکراون.

ـ لەهەندێك بەرهەمی دیکەشدا، کۆرس بەناوی خۆیەوە راستەوخۆ بەشداری لە گێڕانەوەی رووداودا کردووە. ئەو بەشداریکردنە، بەشداریکردنێکی کارا بووە و هەست بەبوونی کۆرس لەسەرەتاوە تا کۆتایی لەرەوتی رووداوەکەدا دەکرێت. ئەم بەشداریی پێکردنەی کۆرس بە شێوەیەکی چالاك و کارا، بۆ تێگەیشتی شاعیر لە رۆڵ و بایەخی کۆرس دەگەڕێتەوە. ئەویش بەچەند جۆرێك بەکارهێنراوە. لەهەندێك بەرهەمدا، کۆرس کەسایەتییەکەی بۆ دیاریکراوە و لەسنووری ئەو کەسایەتییەدا کۆرس رووداوەکەی گێڕاوەتەوە. واتە کاری کۆرس پەیوەست بووە بە سیفات و خەسڵەتەکانی ئەو کەسایەتییانەی کە ئەدایان کردووە. هەندێکجاریش

کەسایەتییەکانی هەردوو کۆرسیان تێکەڵ بەیەك کردووە و بەیەکەوە کۆپلەی شیعری کۆتاییان گوتووتەوە و کۆتاییان بەرووداو هێناوە. بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (شەڤێ و شیرین)دا کۆرس بەمشێوەیە بەکارهاتووە:

**کۆرس: ئەم کاروانەی لەڕێگایە**

**ئەڵێی بارگەی میرو شایە**

**کۆرسی کوڕان: چەن جوانێکیان لەگەڵایە**

**کۆرسی کچان: وا هاتنە پێش .... ڕێی ئێرەیان لەبەرایە.**

(شانۆی کوردستان، ل ٦٨–٦٩)

لەکۆتایی ئۆپەرێتەکەشدا کۆرس بەهەموو کەسایەتییەکانەوە کۆتایی بە رووداو دێنن:

**کۆرس: ( هی پیاو و ژنان تێکڕایی دێنە سەر شانۆ)**

**هونەروەرێ، تروسکەی شادی کوژایەوە**

**بابگری، باڵداران هەموو لەدوایەوە**

**شیرین تاماوە هەڵبلێ،**

**بەجوانی دەنگە سازەکەی،**

**هەر لەگوێی کردگارا بێ**

**بەهرە و دەنگ و ئاوازەکەی...**

**شیرین هات و گەڕایەوە ... گەڕایەوە.** (شانۆی کوردستان، ل ٩٣)

لێرەدا، کۆرس بریتییە لە کۆپلەیەك شیعر بەشێوەی کۆرس پەیوەست کراوە بەکەسایەتی کوڕو کچ بەشداری لە گێڕانەوەی رووداو دەکەن و کۆتایی بە رووداوەکەش دەهێنن. لەم ئۆپەرێتدا ئەم تەکنیکە زۆر بە فراونی بەکارهاتووە و تاکە بەرهەمە لەم قۆناغەدا تەکنیکی کۆرسی بەرێژەیەکی زۆر بەکارهێناوە و شاعیریش لەو بەشداری پێکردنەی کۆرس سەرکەوتوو بووە. بەپێچەوانەوەی ئەمەشەوە گەلێك بەرهەم لەم قۆناغەدا بەدی دەکەین کۆرسیان بەکارنەهێناوە. ئەمەش رەنگە لەلایەك بۆ سادەیی و کورتی رووداوەکە بگەڕێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بۆ شارەزانەبوونی شاعیر بگەڕێتەوە، کە شارەزایی لە تەکنیکەکانی

شیعری شانۆیی نەبووە، بەتایبەتیش لە سەرەتای کارکردنیان لەبواری شیعری شانۆییدا، هەر بۆیە لە بەرهەمەکانی ( ئینتیباه، گوڵی خوێناوی، ماستاو، موحاکەمەی مام چەوەندەر، جق ونق، قوتابخانەی کوردستان، ئافاتی تاعون لەناو حەیواناتا، نەسرین، ئامۆژگاری، دڵداری کوڕە شوان، سەرکەوتنی بەهار) کۆرس وەکو تەکنیکێك بەکارنەهاتووە.

بەشێوەیەکی گشتی پێشکەشکردنی رووداو لەم قۆناغەدا بەچەند شێوەیەك بووە. لەهەندێك لەو بەرهەمانەدا، رووداو لە یەك بەشدا بووە. بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە بەرهەمەکە یەك بەش یاخود یەك پەردە بووبێت. وەکو لەم بەرهەمانەدا (ئینتیباه، گوڵی خوێناوی، قوتابخانەی کوردستان، نەسرین، ئامۆژگاری ، سەرکەوتنی بەهار، خوشك وبرایەك، ئەنجامی یاران، ئەنجامی ئەژدەهاك، شۆڕشگێر، ئاهەنگێك لەناو ڕان). لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێك لەو بەرهەمانەی کە تەنیا لەیەك بەش پێکهاتوون، رووداوەکەیان بەچەند نیشانەیەك لەیەکتر جوداکراونەتەوە. لەئۆپەرێتی (دڵداری کوڕە شوان)دا، رووداو بە دانانی نیشانەی (ـــ) و هەروەها بە دیاریکردنی رۆڵی مۆسیقا بەم شێوەیە (تاویَ مۆسیقا)، رووداو لەیەکتر جوداکراونەتەوە. کەچی لە ئۆپەرێتی (چوار وەرزی ساڵ)دا، رووداو بەگوێرەی ورزەکان دابەشکراوە و هەر وەرزێکیش ژمارەیەکی بۆ دەستنیشانکراوە و ناوێکیشی لێنراوە، بەمشێوەیە (١ـ جوتیار، ٢ـ رەنجبەر، ٣ـ ئاودێر، ٤ـ سەپان ـ وەرزێر) و کۆرسیش ژمارەو ناوێکی بۆ دەستنیشان کراوە(٥ـ چوار وەرزی ساڵ).

لە ئۆپەرێتی (سەرکەوتنی بەهار)دا، رووداو بەسەر دوو بەش دابەشکراوەو بەژمارە لەیەکتری جوداکراونەتەوە. گۆرانی شاعیر لە پیەسە یەك پەردەییەکانی (ماستاو، موحاکەمەی مام چەوەندەر، جق ونق، جۆقی یۆنسکۆ)دا، سنووری رووداوەکەی لە یەك پەردەدا دەستنیشان کردووە بە بەکارهێنانی (پەردە هەڵکشا، پەردە داکشا) لەسەرەتا و کۆتایی رووداودا.

لەهەندێك بەرهەمی دیکەشدا، رووداو بەسەر چەند بەشێکدا دابەشکراوە. لە (ئافاتی تاعون لەناو حەیواناتا) رووداو لەدوو بەش پێکهاتووە، بەبێ ئەوەی شاعیر نیشانە یاخود ژمارە یان ناوێك بۆ ئەو بەشانە دیاری بکات، بەڵکو لەرێگەی پەردەی

شانۆییەوە بەشەکان لەیەکتر جودا کراونەتەوە. ئەو بەکارهێنانەشی بە نارێکوپێکی بووە، لەسەرەتا رووداوی لەبەشێکدا دەست پێکردووە، بەمشێوەیە: (ـ پەردە هەڵداریەوەـ) کەچی لەکۆتایی ئەو بەشەدا لەناو دوو کەوانەدا نووسراوە بەمشێوەیە: ( پەردە دائەدرێتەوە). لەسەرەتای بەشی دووەمیشدا لەگەڵ پێشکەشکردنی ئەو زانیاری و روونکردنەوانەی کە لەدەستپێکی رووداودا دانراوە دەخرێنەڕوو. واتە سەربەخۆ نییە، بەمشێوەیە( پەردە هەڵداریەوە لەسەر شانۆ شێر لە ناوەڕاستا وەستاوە هەموو گیان لەبەرەکان دەورەیان داوە...تاد)، کەچی لەکۆتایی هەمان بەشدا بەسەربەخۆیی بەکارهاتووە بەبێ هیچ نیشانەو کەوانەیەك ( پەردە دائەرێتەوە). بەهەمان شێوە لە (چیرۆکی دارفرۆش)دا کە لەدوو بەش پێکهاتووە، رووداو لەبەشی یەکەمدا لەژێر ناوی پەردەی یەکەم دانراوە، بەبێ کەوانە و بەدانانی دووخاڵی لەدواییدا بەمشێوەیە(پەردەی یەکەم:) ، کەچی رووداوەکانی بەشی دووەمی بەناونیشانێکی گەورە دەست پێکردووە، کە جیایە لەگەڵ دەستپێکردنی رووداو لەبەشی یەکەمدا ئەویش بەمشێوەیە( بەشی دووەم لەچیرۆکی دارفرۆش). ئەم شێواوییە لە دانانی نیشانەکان بۆ جیاوازکردنی بەشەکانی رووداو بۆ کەم ئەزموونی شاعیران لە تەکنیکەکانی شانۆیی و هەروەها سەرەتایی بوون لە نووسینی شیعری شانۆیی دەگەڕێتەوە.

لای هەندێك شاعیری دیکەش، رووداو بەشێوازێکی رێکوپێك بەسەر چەند بەشێکدا دابەشکراوە، زەکی ئەحمەد هەناری لە بەرهەمەکەی خۆیدا (دوارۆژی دەئاکی زۆردار یان سەرەنجامی زۆردارێك) رووداوی بەسەر هەشت بەش دابەش کردووە. هەر بەشێك لەم بەشانە لەژێر ناوی (داستان)دا تۆمارکردووە بەمشێوەیە: داستانی یەکەم، داستانی دووەم...تاد. هەر داستانێکیش لەم داستانانەی بەسەر چەند پەردەیەکدا دابەشکردووە کە لەناو دوو کەوانەی گەورەدا بەمشێوەیە نووسراوە: (پەردەی ـ١).

بەهەمان شێوە عەبدولرەزاق محەمەدیش لە (ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات)دا رووداوی بەسەر چوار بەشدا دابەشکردووە. شاعیر پەیڤی (بەش)ی بەکارهێناو و لەسەرەتای هەر بەشێکدا بەخەتێکی گەورە بەمشێوەیە نووسیوویەتی:

بەشی یەکەم، بەشی دووەم..هتد. کەچی لە ئۆپەرێتی (شەڤی و شیرین)دا پەیڤی (بەند)ی بۆ بەشەکانی رووداو دەستنیشانکردووە و لەسەرەتای هەر بەشێکدا لەلای راستدا نووسراوە و خەتێکی بەژێرداهاتووە. بەمشێوەیە: بەندی یەکەم . لەژێر هەر بەندێکیشدا ناونیشانێکی جیای لە ناونیشانی سەرەکی ئۆپەرێت. بەمشێوەیە داناوە: بەندی یەکەم ـ چرپەی دڵداری، بەندی دووەم ـ جەنگانی دڵ ، بەندی سێیەم ـ شایی بەهار لەکوردستان، بەندی چوارەم ـ ژوانی رەنجەرۆیی. هەروەها لە ئۆپەرێتی (خەونەکانی گەنجۆ)دا شاعیر رووداوی دابەشی سەر پێنج بەش کردووە، بەڵام هیچ پەیڤێکی دیاریکراوی بۆ بەکارنەهێناوە، بەڵکو لەناو دووکەوانەی بچووکدا ژمارەی بەکارهێناوە. بەمشێوە: (١)، هەروەها ناونیشانێکی جیاواز لە ناونیشانی سەرەکی بۆ بەشی دووەم و بەشی سێیەم داناوە. بەمشێوەیە: ئێوارە، مانگە شەو.

بەم پێیە شاعیرانی کورد بایەخ و گرنگیان بەرووداو داوە و وەکو توخمێکی سەرەکی شیعری شانۆیی مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە و هەوڵیانداوە لە رووداودا مەبەستەکانی خۆیان باس بکەن و بیخەنە بەردەم خوێنەر.

**ـ کەسایەتی:**

لە شیعری شانۆییدا کەسایەتی رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە و لەتەك رووداودا کرۆکی شیعری شانۆیی پێکدەهێنێت، چونکە بەهۆی کەسایەتییەوە هەڵوێستەکان دەردەبڕێن و پەیام و بیروبۆچوونەکان بە خوێنەر و بینەر دەگەیەنرێت. کەسایەتیش ((بەهەموو ئەو تایبەتمەندی و سیفاتە دەگوترێت کە نیشاندەری هەڵسوکەوتی کەسێکە))[1] . بەواتایەی کەسایەتی لەشیعری شانۆییدا نمایشکردنی هەڵسوکەوتەکانە، ئەو هەڵسوکەوتانەی هێڵی درامی بەڕێوەدەبن و زیندوویی بە رووداو دەبەخشن، بەتایبەتیش لە ئۆپەرێتدا، کە سەرەڕای دیارخستنی هەڵسوکەوت، جووڵەو گوتنەوەی گۆرانییەکانیش لەسەر شانی کەسایەتییەکانە. بەم پێیەش ((کەسی درامی یەکێکە لەوانەی رووداوەکانی شانۆییەك دەبەن بەڕێوە،

[1]- بروس کوهین، سەرەتایەك بۆ کۆمەڵناسی، و: هێمن شەریف، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠١٠. ل٨١.

ئـەوجا ئـەو کەسـە چ لەبەرهـەمێکی ئـەدەبی نووسـراودا بێـت یـان لـە بەرهـەمێکی هونەریدا بێت لەسەر تەختەی شانۆ و لە وێنـەی ئەکتـەردا دەربکـەوێت، یـان دەشـێ کەسێکی واتاییش بێـت و کـار بکاتـە سـەر رووداوەکـان و بـەڕێوەیان بـەرێت، بـەڵام لەسەر شانۆ دەرنەکـەوێت ، لەوانەیـشە کەسـەکە(رەمـزی) بێـت)) [1] . بـەم پێیـەش بنیاتنانی کەسایەتی شانۆیی پرۆسەیەکی قورس دەبێت. لەبەر ئەوەی شاعیر ناچارە بوار بۆ هەڵسوکەوت و جووڵەی کەسایەتییەکان دروست بکات و لە بۆنەی تایبەتیشدا بە قسەیان بهێنێت. ئەمانەش هەموو لەچوارچێوەی شیعری شانۆییدا دەبـێ ئـەنجام بدرێت[2]. بۆیە کەسایەتی رۆڵێکی گرنگ و تایبەتی لە پانتایی دەقەکـەدا دەگێڕێـت و هەڵـسوورێنەری گـشت لایەنـەکانی رووداوەکەیـە، چـونکە رووداو بـەبێ بـوونی کەسـایەتییەك بـۆ بزوانـدنی مەحاڵـە بتوانێـت بەتـەنیا ژیـان بـە دەق ببەخـشێت. کەسایەتی بزوێنـەر و داینـەمۆی رووداوە و ئاراسـتەی هەڵسووڕاندنی ململانێیـەکانی لەئەستۆ گرتووە.

لـەم سۆنگەیەشـەوە لێکۆڵـەران هەمیـشە کەسـایەتی و دەقیـان وابەسـتەی یـەکترکردووە و بەشـێوەیەك تەماشـایان کـردووە کـە(( کاراکتـەر و دەق تـەواوکـەری یەکـدین و کاراکتـەر لـەدەرەوەی دەق رەهەنـد و ماناکـانی خـۆی لەدەسـت دەدات و دەقـیش بـەبێ بـوونی کاراکتـەر، رووداو و ململانێـی نـاوی دروسـت نابێـت و گەشـە ناکـات))[3]. لەبـەر ئـەوە پرۆسـەی خولقانـدنی کەسـایەتی، پرۆسـەیەکی ئـاڵۆزە و دژوارەو پێویستی بە ئەزموون و شارەزایی و لێهاتوویی شاعیرانەوە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن کەسایەتییەکی نەمرو زیندوو لەنێو دەقەکەدا بنیات بنێن، کە بەهۆی گفتوگـۆ و هەڵسوکەوتەکانیەوە بتوانێـت سـەرنجی خوێنـەر بـۆ لای خـۆی رابکێـشێت. لەبـەر ئـەوە((پرۆسـەی خولقانـدنی کاراکتـەر بـە پرۆسـەیەکی دژوار و بـێ سـنوور و یاسـا دادەنرێت و ژێدەرێك نییە ببێتە بنـچینەی بـۆ بنیاتنـان، پرۆسـەیەکە هـیچ رێسایەك تاسەر ناتوانێ کۆنترۆڵی بکات، بۆیە وەك دابێکی کارپێکراوی لێهـاتووە کـە نووسـەر

[1]- سەلام فەرەج کەریم، کەسایەتی لەدرامای کوردیدا، نامەی ماستەر، ل٧٧.

[2]- د. عزالدين اسماعيل، الأدب وفنونه، دار الفكر العربي، الطبعة السادسة، مصر ١٩٧٦، ص٢٥٢.

[3]- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی. ل ١٢٣.

بابەتەکە لەمێشکی خۆیدا گەڵاڵە دەکات)) [1] و دواتر کەسایەتییەکانی لەناو واقیعی کۆمەڵگەکەی یاخود لە ڕووداوێکی مێژووییەوە بۆ دەهێنێت و ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕووداوەکانیان پێ دەسپێرێت. بەپێی ڕەوتی ئەو ڕووداوانەش سیفات وخەسڵەت بە کەسایەتییەکان دەبەخشێت و لەزاری ئەوانیشەوە بیروبۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت. بەحوکمی ئەوەش کەسایەتییەکان زیندوویەتی بە ڕەوتی ڕووداوەکان دەدەن و بەرجەستەیان دەکەن، بۆیە زۆرجار ڕووداو کاریگەری لەسەر کەسایەتییەکان بەجێ دەهێڵی و لەژێر کارتێکردنی تانوپۆی ڕووداودا، کەسایەتی لەناو پانتایی دەق هەڵسوکەوت دەکات و بەپێی بارودۆخی ڕووداوەکەش، کەسایەتی گۆڕانی بەسەر هەڵوێستەکانی دادێت. بەپێچەوانەوەش گەلێکجار کەسایەتی ڕەوتی ڕووداوەکان وەکو خۆی چۆنی مەبەستە بەوشێوەیە دەیجوولێنێتەوە و بەڕێوەی دەبات. ئەمەش بەگشتی بۆ دنیابینی و گۆشەنیگای شاعیر دەگەڕێتەوە، کە خوڵقێنەری کەسایەتی و ڕووداوی دەقەکەوە خۆی ستراتیژییەتی کارکردنی کەسایەتی و ڕووداو لەدەقدا دادەڕێژێت.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار خودی شاعیر لەژێر کاریگەری ڕەهەندەکانی خوڵقاندنی کەسایەتییەوە، دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی کەسایەتییەکە و لە بەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخانە، جووڵەو کارکردنی کەسایەتییەکە دیاریدەکات. بەواتایەی شاعیر ناچارە لەچوارچێوەی ئەو خەسڵەت و سیفاتانەی کە لەناو پانتایی دەقدا، بە کەسایەتی بەخشیووە مامەڵە لەگەڵ کەسایەتی دەقەکەی بکات و تاڕادەیەك سنوور بۆ حەز و ویستەکانی خۆی بۆ کارکردن و جووڵانەوەی کەسایەتییەکە دیاری بکات، بەو شێوەیە کەسایەتی کە لەواقیعی کۆمەڵگەکەی وەرگیراوە دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتی بارودۆخی ئەو کۆمەڵگەیە و هەمیشەش بەپێی گۆڕانی ئەو بارودۆخانە کەسایەتیش دەگۆڕێت. بەواتای ئەوەی هیچ کاتێك کەسایەتی لەدۆخێکی چەسپاو و جێگیردا نییە، بەڵکو بەپێی مەودا و ڕەهەندەکانی خۆی لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵدا هەمیشە لە جووڵە و کردار دایە. ئەو مەودا و

---

[1]- هەمان سەرچاوە. ل ١١٧.

ڕەهەندانەی کەسایەتیش شێوە و خەسڵەت و سیماکانی کەسایەتی لەنێو دەقدا دیاری دەکەن کەبریتین لە:

أ- ڕەهەندی سیاسی: بیروڕاو ئایدلۆژییەتی کەسایەتی دەگرێتەوە. لێرەدا هەڵسوکەوتی کەسایەتی لەناو دەقدا بەپێی جۆری بیرکردنەوە و ئاراستەی ئایدۆلۆژییەکەی دادەڕێژرێت و هەڵوێستی کەسایەتی بەرامبەر بە ڕووداو و پێشهاتەکان دیاری دەکرێت.

ب - ڕەهەندی دەروونی: لایەنی پێکهاتەی دەروونی کەسایەتی دەگرێتەوە و حەز و ئارەزوو و کەموکورییە دەروونییەکان و توانستەکانی و جۆری بیرکردنەوەی و ئاراستەی کارکردنی لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەستنیشان دەکات. لێرەشدا ناخی کەسایەتی والآ دەبێت و بەپێی ناسینی سیفاتە دەروونییەکانی مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت.

ج - ڕەهەندی کۆمەڵایەتی: جێگەو پێگەی کەسایەتی لەنێو کۆمەڵگەدا دەستنیشان دەکات و تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و بنیاتی قەوارەی کۆمەڵایەتی کەسایەتی شیدەکاتەوە لە پەیوەندیکردنی لەگەڵ خێزان و دەوروبەر و ژینگەکەی و خوو و ڕەفتارەکانی.

د - ڕەهەندی جەستەیی: زیاتر جەخت لەسەر لایەنی پێکهاتەی جەستەیی کەسایەتی دەکاتەوە ((لەدیاریکردنی هەڵکەوتەی جەستەی کاراکتەرە، ئەویش پەیوەستە بە هۆکارە خۆڕسك و سروشتییەکانەوە تا دەگات بە پەروەردە و باری ئابووری و...تاد))[1].

ئەم ڕەهەندانە کاریگەرییان لەسەر گەشەکردن و نەشونماکردنی کەسایەتی لەناو دەقدا هەیە و بەهەموو ئەو ڕەهەندانەوەش پەیکەربەندی کەسایەتی لەنێو شیعری شانۆییدا دروست دەکەن.

لەم سۆنگەیەوە لەقۆناغی سەرەتایی شیعری شانۆییدا، شاعیران بەپێی پێویستی بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردی لەو سەردەمەدا، کەسایەتییەکانیان

---

[1]- یاسین قادر بەرزنجی، هونەری دراما، چاپخانەی کەمال، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٩، ل٢٦.

بنیاتنــاوه. ئــەو کەســایەتییانە بــەپێی مــەوداو ڕەهەنــدەکانی دروســتبوونیان، ڕەنگدانەوەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و پــەروەردەیی ئــەو سەردەمی کۆمەڵگەی کوردی بوونـە. لـەڕێگای ئەوانیـشەوە، شـاعیران بیروباوەڕی خۆیان لەمەڕ دیاردەو ڕووداوەکانی ئەوکات دەربڕیووە و بە خوێنەریان گەیاندووە.

لەگەڵ ئەوەشدا بنیاتنانی کەسایەتی لەدەستپێکدا بەشێوەیەکی سادەو ساکار بووە و مەدوا و ڕەهەندەکانی لەسەر شێوازێکی ئەکادیمییانە چێ نەکراوە((کاراکتـەر لەدرامای کوردیـدا چ وەك رۆڵ چ وەك جـۆر هـەر لەسـەرەتاوە بەشـێوەیەکی گشتی وەك بابەتـەکان سـادەبوون، کـەمجار دەتـوانرا سـەرجەم مـەوداکانیان وەك خۆیـان بدۆزرێتەوە، لەبەر ئەوەی خودی نووسەرەکان لەسەر ئەو بنچینە ئەکادیمییە کاریـان نەکردووە کـە ئـەوەی بەسـەردا بسەپێنێ)) [1]، بـەڵکو زیـاتر بـۆ گەیانـدنی پـەیام و مەبەستەکانیان بێ بـوونی ئـەزموونێك لـەم بـوارەدا ڕوویـان لـە شـێوە وژانـری تـازە کردووە. لێرەدا سروشتی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەر ئەوەنـدە بوارمـان دەدات بـەکورتی لەچەند بەرهەمێکدا بکۆڵینەوە و کەسایەتییەکانیان شی بکەینـەوە. لەیەکـەم دەقـی شیعری شانۆیی کوردیدا کەبەناوی ئۆپەرێتی (ئینتیباه)ە، کەسـایەتییەکی سـەرەکی بەرچاو ناکەوێت، کە ڕووداوەکـان لـەدەوری کۆبێتـەوە، بـەڵکو پانتـایی ئۆپـەرێتەکـە بەسـەر چـەند کەسـایەتییەکدا دابەشـکراوە، کـە هەریـەکێکیان بەقـەدەر یـەك ڕۆڵـی خۆیان لەناو ڕووداودا وازی دەکەن. ئـەو کەسـایەتییانە بـریتین لـە (دلاوەران، بـاوك، دایك، منداڵەکان، ئافرەت بەمنداڵەوە، کچەکان، چەك بەدەستەکان) . دیارە بەشـداری پێکردنی ئەو ژمارەی کەسایەتییانە لە لایـەن شـێخ نـوری شـێخ سـاڵحەوە زیـاتر بـۆ مەبەست و ناوەڕۆکی ئۆپەرێتەکەی دەگەڕێتەوە، کە بریتییە لـە ئامـادەبوونی گشت چـین و توێـژێکی کۆمــەڵ بــۆ قوربانیــدان و خــەباتکردن لــەپێناو نیــشتماندا. لەهەمانکاتیشدا بەهۆی ڕەوتی ڕووداو و گفتوگۆیەکانیانەوە لەسیما و خاسـیەتەکانی هەر یەکێك لەم کەسایەتییانە دەگەین، کە ئامادەیی خۆیان بۆ بـەرگریکردن لـە خـاك ونیشتمان دەردەبڕن. ئەم جۆرە کەسایەتییش لە واقیعی کۆمەڵگـەی کوردیـدا زۆرە،

---

[1]- یاسین ڕەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی . ل ١٦٧.

کەبەحوکمی داگیرکاری و زوڵم و زۆردارییەوە دەتوانین بڵێین هەموو تاکێکی کورد ئەو هەست و ئینتیمایەی هەیە. واتە کەسایەتییەکان خاوەن رەهەندێکی سیاسی و ئایدلۆژین، کە خۆی لە نیشتمانپەروەری و نەتەویی بووندا دەبینێتەوە. کەسایەتیی نەتەوەییش ((بەکەسایەتییەکی بونیادی خەڵکی پەیوەست بە نەتەوەیەك دەگوترێت. لەرێگەی تێگەیشتنی کاراکتەری نەتەوەییەوە، دەتوانرێت بەشێوەیەکی نسبی پێشبینی بکرێت کە ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیار لەژێر کاریگەری بارودۆخ و پێگەی جۆراوجۆردا چ کاردانەوەیەك دەنوێنن))[1].

لەم چوارچێوەیەشدا، شاعیر لە رووداوێکی واقیعی سیاسییەوە، لەژێر کاریگەریی بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی خۆیەوە کەسایەتییەکانی بنیاتناوە و بەپێی رەوتی رووداوەکانیشان ئاراستەیان دەکات و هەڵوێست و کاردانەوەیان دەخاتەڕوو.

لەئۆپەرێتی (دڵداری کوڕە شوان)دا کامەران موکری شاعیر کەسایەتی دەقەکەی لەچینەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە وەرگرتووە وناسنامەی پێبەخشیون و سەرجەم وردەکارییەکانی ئەو کەسایەتییانەی بە دیاریکردنی مەودا و رهەندە کۆمەڵایەتییەکان لێکداوەتەوە. شاعیر لە بنیاتنانی ئەو کەسایەتییانەدا، وێنەی واقیعی ململانێی کۆمەڵگەی کوردی کێشاوە و ئەو ئازار و ئەشکەنجەیەی کە چینێك لە چینەکانی کۆمەڵ بەسەریدا سەپێنراوە، بێ ئەوەی دەسەڵاتێکی لە دروستکردنی ئەو واقیعەدا هەبێت دیار دەخات. هەروەها لەرێگای دیالۆگەکانی ئەو کەسایەتییانەدا، بیرۆکەی تایبەتی خۆی لەمبارەیەوە بە خوێنەر دەگەیەنێت. بەو واتایەی کە رۆڵی ئەو کەسایەتییانە جگە لەوەی کراون بە نوێنەری چینێك، بیرۆکە و لێکدانەوەکانی شاعیریشیان لەئەستۆ گرتووە و بە خوێنەری دەبەخشن کە ویستوویەتی لەلایەکەوە ململانێیەکی توند لەنێوان ئەو دوو چینەی کۆمەڵگە دیاری بکات. لەلایەکی دیکەشەوە لەرێگای خۆشەویستی نێوان دوو کەسایەتی سەر بەو

[1]- بروس کوهین، سەرەتایەك بۆ کۆمەڵناسی، و: هێمن شەریف. ل ٨٣-٨٤.

دوو چـینە جیـاوازە رایەڵـەکانی پـەیوەنـدی بنیـات بنێـت و هاوکـاتیش بێبەشـبوونی ئافرەتی کورد لەمافەکانی بخاتەڕوو:

**نازەنین: (دەنگی ڕەوی سوارە)**

**ئەوە چییە؟ هەیهاوار! هەیهاوار!**

**شوان: مەترسە گیانەکەم خەنجەری زۆردارە بۆ سنگی دڵدار!**

**باوك: مەیکوژن جاریٚ، هەتا ئەدەم قەراریٚ،**

**ئا، بەدار قەبرغەی بکەم بەخڕخاڵ**

**بەپشکۆ گلێنەی بکەم بەزووخاڵ**

**مەیکوژن ب سووژن چاوی دەردێنم**

**بە خەنجەر خوێنی دڵی ئەرژێنم**[1]

لەم دیالۆگەدا شاعیر رەهەندە کۆمەڵایـەتی ئـەو کەسـایەتییانەی زۆر بـەجوانی خستۆتەڕوو و شەقڵ وسیمای هەریەکێکیانی لـەنێو کۆمەڵگـەدا دیـاریکردووە. شـوان کە نوێنەرایەتی چینی هەژار و لێقەوماوان دەکات، بۆیە ناشیٚ و نابێت خۆشەویستی لەگـەڵ کـچی ئاغـادا بکـات و لەهەمانکاتیـشدا شـاعیر لـەرێگای ئـەو سـزایانەوە، لەلایەکەوە سیما وخاسیەتەکانی چینی دەرەبەگ دەکێشت، کە ئاغا نوێنەرایـەتییان دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە رەمزی باوکێکی دەسەڵاتداری ناو کۆمەڵگەی کوردی و ئـافرەتێکی مـافخوراو دەخاتـەڕوو. وێنـەی ئـەو کەسـایەتییانەش کەلـەواقیعی کۆمەڵگەی کوردیدا هەڵهێنجراون ، لەژیانی رۆژانەدا زۆرن و بەخـستنەڕوویان لەلایـەن شـاعیرەوە(( دنیایـەك زانیـاری دەربـارەی قۆنـاغی مێـژووی خۆیـان لەگـەڵ خۆیـان دێنن))[2] و بەهۆیانەوە وێنەی باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەکێشن.

لەلایـەن خۆیـەوە، عەبـدولرەزاق محەمـەد لـە ئۆپـەرێتی(شـەفی وشـیرین)دا رەهەنـد و مـەودای جەسـتەیی و بەرجەسـتەبوونی مـاددی مرۆڤـی، کردۆتـە خـاڵی بنیاتنـانی کەسـایەتییەکانی دەق، کـە زیـاتر دەقەکـە شـۆڕبوونەوەیە بـەرەو نـاخی

---

[1]- کەمال رئوف محەمەد، هونەری دارمای رادیۆیی کوردی، ل٣٣١.

[2]- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی . ل ٢٠٨.

کەسایەتییەکان و وێناکردنی دەروونیان. شاعیر هەر زوو لە زاری شەفییەوە مـەودای دەروونی و ناخی ئەو کەسایەتییەمان بۆ دیاردەخات:

**شەفی: هەر ئەژێ خۆشەویستی...**

**( بەهەوایەکی کزەوە.... لەوان پەڕ ئەگرێ)**

**خۆشەویستی؟ بەبێ جوانی**

**بوونێکە بێ زیندەگانی،**

**خودای گەورە**

**کە پێمی بەخشی ئەم بەهرە...**

**(تاهەر عەشقی جوانی بم؟....)**

**کوانی چەهرە؟** (شانۆی کوردستان، ل٦٨)

شاعیر بیرۆکە و بابەتی دەقەکـەی لەسـەر جەسـتەی مـرۆڤ و کاردانـەوەکانی ناخی ئەودا دارشتووە، کە ناشیرینی رووخساری و هەسـتەکانی نـاخی وکاردانـەوەی لەسەر رەفتارو هەڵسوکەوتی دەکاتە بنـەمای رووداوەکـە. لێـرەدا رووکـاری جەسـتە سـەنتەری دەق پێکـدەهێنێت. کەسـایەتییەکان رووداو وابەسـتەی خۆیـان دەکـەن و جەسـتەی مـرۆڤ بزوێنـەری رووداوەکانییـەتی. ئـەو رووداوانـەی لەسـەر رەهەنـدی جەستەیی و دەروونی مرۆڤدا پـەنگی خواردۆتـەوە و لـەرێگای بـەراوردکردنی لەگـەڵ کەسایەتییەکانی دیکـەدا وێنـەی کێشراوە (( یـەکێك لـەو هۆکارانـەی کـە ناسـاندنی کاراکتەر پتەوتر دەکەن رەخساندنی (بەراورد)ە، لەنێوان کاراکتەرەکانـدا، ئاشـکرایە کەسروشتی مرۆڤ پڕە لە دژایەتی و ناخی مرۆڤ گۆڕەپانێکە بـۆ ئـەو دژایەتییانـە)) [1] کە بەهۆیانەوە شاعیر هەوڵی دیارخستن وچارەسـەرکردنی ئـەو دژایەتییانـە دەدات. شـاعیر لەیەککاتـدا هـەردوو رەهەنـدی سـایکۆلۆژی و جەسـتەیی کەسـایەتییەکەی دەستنیـشانکردووە. بەمـەش رۆڵـی ئـەو کەسـایەتییانە، دەبێتـە رۆڵـی دامەزرانـدنی بابەتی دەقەکەو بەرەوپێشبردن و گەشەسـەندنی رووداوەکـان. لەبـەر ئەوەشـە ئـەو کەســایەتییانە، کەســایەتیی لێکــدراون. کەســایەتی لێکــدراویش(( ئــەو جــۆرە

[1]- ئازاد بەرزنجی، سەبارەت بە تەکنیکی نووسینی شانۆیی، گۆڤاری(شانۆ) ژمارە (١٦) ساڵی سێیەم٢٠١٠، ل٢١.

کاراکتەرەیە کە خاوەنی قووڵییەکی سایکۆلۆجیەو لەسەرجەم کاراکتەرەکانی تر جیاوازە لەڕاو هەست و سۆز و هەڵوێست و نەریتەکانیدا، کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر رەوتی کرداری درامی هەیە)) [1] و چەندین رەهەند و مەودای جیاواز لەخۆیاندا کۆدەکەنەوە.

گۆران لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی یاران)دا بایەخێکی زۆری بە بنیاتنانی کەسایەتییەکانی داوە و هەوڵی داوە بەباکگراوندی جۆراجۆرەوە کەسایەتییەکان بخاتەڕوو. لەمبارەیەوە بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکانی راستەوخۆ سوودی لە واقیعی کۆمەڵگای کوردی بینیووە. هەروەها ئەو کەسایەتییانەی کە لەو ئۆپەرێتەشدا ناسنامەیان پێ دەبەخشێت نموونەیان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا گەلێك زۆرە. شاعیر لەسەرەتای دەقدا رەهەند و مەودا و وردەکارییەکانی کەسایەتی (برزوو)مان لەرێگی دیالۆگەکانی لەگەڵ دایکیدا بۆ دەردەخات:

**برزوو: دایە پار چەتە بووم، چەتەی نیشتمان**

**لەشاخ هاتمە خوار**

**لەسەر ئەم پلووسکە مەنیجی چاو جوان**

**تووش بووم یەکەمجار** (دیوانی گۆران، ل٢٥٨)

شاعیر لەیەککاتدا رەهەندی سیاسی و کۆمەلایەتی بۆ ناسینی ئەو کەسایەتییەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە کەسایەتییەکی لێکدراوە بەوەی زیاتر لە رەهەندێك کۆدەکاتەوە و خاوەنی بیروباوەڕی تایبەتی خۆیەتی و کاریگەری لەسەر رەوتی رووداوەکان هەیە، چونکە پێشمەرگەیە و بارودۆخی باو رەتدەکاتەوە وخەبات بۆ ئازادی وڵات دەکات. لێرەدا شاعیر زیرەکانە خۆشەویستنی وڵاتی بەخۆشەویستنی نێوان دوو دڵدار بەستۆتەوە، بۆیە لەسەرەتای ئەو دەقەدا، کەسایەتییەکان، رووداوەکان بەڕێوەدەبەن و نەریتی باو رەتدەکەنەوە.

کەسایەتی (برزوو) لێرەدا کەسایەتییەکی تەوەرییە و رووداوەکان لەدەوری ئەودا کۆبوونەتەوە و سیماو خەسڵەتەکانی ئەو دیاری دەکەن. تەنانەت کەسایەتی

---

[1] - یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی. ل ١١٩.

خۆشەویستەکەشی (مـەنیج) هـەر لـە زاری کەسـایەتیی ئـەودا بـاس دەکرێـت و تـا کۆتایی دەقەکە، مەنیج وەکو کەسایەتییەکی فیزیکی کە هەسـت بـە بـوونی بکرێـت لـەناو دەقـدا نییـە و هـەواڵی خـۆ کوشتنیـشی لـەزاری کەسـایەتییەکانی کۆرسـەوە رادەگەیەنرێت. بەو واتایەی کەسایەتی (برزوو) هەر خۆی شەقڵ و سیمای کەسایەتی (مەنیج) دیاری دەکات و بەسەر رووداودا زاڵە، بەڵام لەپێش کۆتـایی دەقـدا بـارودۆخ پێچەوانە دەبێتەوە و رووداوی بەشوودانی (مەنیج) بەهۆی کەلتوورو داب و نەریتێکی کـۆنی کۆمـەڵگا، کەسـایەتییەکان بەتـەواوەتی دەخاتـە ژێـر رکێفـی خۆیـەوە و ئـیتر رووداو کەسایەتییەکان بەڕێوەدەبات. لەئەنجامی ئەو رووداوەش کارەساتە و هەردوو کەسـایەتییەکە کۆتـایی بـەژیانی خۆیـان دەهێـنن. بـەو واتایـەی رووداو کـار لـە کەسایەتییەکان دەکات، بەشێوەیەك کە بەرگـەی زبروزەنگـی ئـەو رووداوە نـاگرن و ئیدی رووداو رێرەو،و جۆری گوزەرانـدنی ژیانیـان دەگۆڕێـت و گۆڕانکـاری لـە هـزر و بیرکردنـەوەی کەسـایەتییەکاندا دەکـات و چارەنووسیـشیان دیـاری دەکـات. لێـرەدا کەسـایەتییەکان، کەسـایەتیی پەرەسـێنن، کەسـایەتی پەرەسـێنیش ((لــەرووی بنیاتـــەوە ئـــاڵۆزەو بـــەگوێرەی رووداوەکـــان و گـــۆڕانی بارودۆخـــە دەروونـــی و کۆمەڵایەتییـەکان، قۆنـاغ بـەقۆناغ گەشـە دەکـا))[1] و گـۆڕانی بەسـەردادێ. بـەو واتایەی کەسایەتییەکە بەتێپەڕبوون بە رووداوەکاندا گەشە دەکات و بەرەو بـاڵابوون یان بەرەوە سڕینەوە هـەنگاو دەنێت. جـا ئـەو هەنگاونانـە بـە پۆزەتیـف بێـت یـان نەگـەتیف. سەروسـیمای کەسـایەتی دەگۆڕێـت، بەشـێوەیەك ئـەو کەسـایەتییە کـە لەسەرەتای رووداودایە، هەمان ئەو کەسایەتییە نییە کـە لەکۆتاییـدا دەیبیـنن. واتـە کەسـایەتییەکان بـەپێی رووداوەکـان گۆڕانکـاریی ماددییـان بەسـەردا هـاتووە و لەبوونـەوە بـەرەو نـەمان چـوونە. ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت، کـە ئـەو کەسایەتییە((کەسایەتییەکی چەسپاو نییـە کـەهیچ کاریگـەر نـەبێت بـە ئـەزموون و

---

[1]- پ.ی. د.نجم خالید ئەلوەنی، کارەکتەرسازی لەرۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا، دەزگای موزیك و کەلەپووری کوردی، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٩، ل٧٣.

رووداوەکانــەوە)) [١] ، بــەڵکو بــەپێی کەشــی رووداوەکــە گــۆڕاوە و لەئــەنجامی رووداویشدا، کۆتایی بەژیانیان دێت.

ئەم خاڵی وەچەرخانەش لـە رەوتـی خستنەرووی کەسایەتییەکان لەلایـەن شاعیرەوە، هەرچەندە لەلایەکەوە بەمەبەستی ورووژاندنی هەستی سـۆز و بـەزەیی و رەق وکینەیە لەبەرامبەر ئـەو داب و نەریتـە رزیوانـەی نێـو کۆمـەڵ، لەهەمانکاتیـشدا لـەرووی بەیەکبەسـتنی رەهەندەکانـەوە بـەخاڵێکی لاواز لەقەڵـەم دەدرێـت، چـونکە کەسێك پێشمەرگەو یاخی بێت خەبات بۆ گۆڕانکـاری بارودۆخەکـە بکـات، بێگومـان هــەوڵی ئــەوەش دەدات بــەرەنگاری ئــەو جــۆرە بیرکردنەوانــە ببێتــەوە، کــە دەبنــە هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگە. لەم رووەوە حەمەکەریم هەورامی پێیوایە کە((گۆران بەپێی رێبـازی رۆمانـسییەکان مامەڵـەی لەگـەڵ ئـەو کارەسـاتەدا کـردووە، ئـەوەش ئەوەیـە پاڵـەوان کـە کەوتـە نـاو هەڵوێـستێکی سـەختەوە لـەبێ دەسـەڵاتیدا خـۆی دەکوژێ! ئایا خۆکوشتن چارەسەری گیروگرفتـەکان دەکـات؟ نـەریتێکی کـەلتووری ناو ڕووناکبیری دێرینایی کوردەوارییە، کە دڵدار لەگەیشتن بـە دڵدارەکـەی نـا ئومێـد دەبـوو خـۆی دەکوشـت، نـەدەبوو بـرزوو چـەتەی نیـشتمان وەکـو فـەرهاد و مـەم و سـیامەند و... بکـات، دەبـوو بـرزوو، چـۆن چـەتەیی بـۆ رزگـارکردنی نیـشتمانە داگیرکراوەکەی تێکۆشا، وەهاش ببوایە بەچەتەی گۆڕانکاری ئەو نەریتە گەندەڵانەی نـاو کۆمـەڵ، ئـەی ئـەو داب و نەریتـە رزیوانـەی نـاو کۆمـەڵ بەشـێکی پـاوی ئـەو کەلتوورە نین کـە دەسـتیان نـاوە بینـەقاقای کۆمـەڵ؟ ئـەی داگیرکـەری کوردسـتان لەکەلێنی ئەو نەریتە دزەی نەکرد و خۆی نەخزانە ناو جەرگەی نیشتمانەوە؟)) [٢].

لــەو چوارچێوەیەشــدا هــەردوو شــاعیر، گــۆران لــە ئۆپــەرێتی (ئــەنجامی ئەژدەهاك) و زەکـی ئەحمـەد هـەناری لـە (دوارۆژی دەئـاکی زۆردار یـان سـەرنجامی زۆردارێـك)دا کەسـایەتی مێـژووییان کردووەتـە بنەمایـەك بـۆ داڕشـتن و بنیاتنـانی دەقــەکانیان. لەهــەر دوو بەرهەمــەدا رووداوێکــی مێــژوویی کــە نــەورۆزە کــراوە

---

١- عەبدوڵڵا رەحمان، تەکنیك لەرۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك (١-٢)، گۆڤاری (رامان)، ژمارە(١٤٦)،، خولی سێیەم، ساڵی چواردە، تەمموزی ٢٠٠٩، ل٨٨.

٢- حەمەکەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد دوای راپەرین، بەرگی دووەم،ل ٢٩١.

بەناوەڕۆکی بابەت و بەم پێیەش کەسایەتییەکانی ئەو ڕووداوە کراون بە بنەمای دامەرزاندنی دەقەکە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە هەریەکێکیان لەگۆشەنیگایەوە کەسایەتی (کاوەی ئاسنگەر) یان لەنێو دەقدا بەکاربردووە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر((بەخوێندەنەوەیەکی جیاواز لەو واقیع و مێژووە لەکاراکتەرەوە دەڕوانێ و بەشێوازێکی تر مامەڵەی لەتەك دەکات)) [1]. بەتایبەتیش لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی ئەژدەهاك)دا، کە هەر چەندە تەنیا بەشی یەکەمی نووسراوە و ڕەنگە ئەو کەسایەتییانەی کەڕووداوەکان دەگێڕنەوە زیاتریش بن، لەگەڵ ئەوەشدا کەسایەتی سەرەکی لەو بەشەدا (کاوەی ئاسنگەر) ە.

لەم ڕووەوەش شاعیر توانیویەتی بەشێواز و بیرۆکەیەکی نوێ دووبارە ئەو کەسایەتییە دابڕێژێتەوە و ((کردوویەتی بەزەمینەیەك تۆی بەرهەمێکی نوێی تیا چاندووە تا بیروبۆچوونی نوێ چەکەرەی تیا بکات)) [2] و ببێتە هۆکارێك بۆ ڕزگاری نیشتمان. لێرەوە شاعیر وێنەی کەسایەتی کاوەی ئاسنگەر وەکو کەسایەتییەکی هۆشیار و زانا دەکێشێت، کە لێزانانە خەریکی پلان و نەخشەکێشانە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش. لەم ڕووەوەش وەك ئەندامێکی چالاك وبەسوود لەنێو کۆمەڵگەکەی خۆی بۆ سەرکەوتنی پلانەکەی سوود لەهەموو بوارەکان وەردەگرێت، بەتایبەتیش بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە(( لەباتی ئەوەی ببێتە شتێکی کەسی، دەبێتە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی کە سوودی هەبێت بۆ کۆمەڵ، وەك پەیوەندی (کاوەو کرمایل) چونکە لەباتی ئەوەی کاوە تەنها خۆی بەلاوە گرنگ بێت و بەهۆی کرمایلەوە کوڕەکانی خۆی بپارێزێت! پلان دادەنێت بۆ ئەوەی لەگەڵ (کرمایل) هەموو لاوەکانی کۆمەڵ بپارێزن)) [3]. سەرەڕای ئەمانەش کاوە وەکو کەسێکی لێپرسراو بەرامبەر بە میللەتەکەی، هۆشیاریان دەکاتەوە لەدانانی وادەی ڕاپەڕین و کۆتایی هێنان بەزوڵم وزۆرداری:

---

[1]- یاسین ڕەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی . ل ١١٨.

[2]- سەلام فەرەج کەریم، کەسایەتی لەدرامای کوردیدا، نامەی ماستەر، ل ١٣٩.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤٠.

**براكانم! ئەمڕۆ رۆژی دان بەخۆداگرتنە**
**ڕاپەڕینێك بێ وادە بێ هۆی ئیجگار مردنە**
**لەم كاتەدا خزمەت تەنیا بێ وچان ئیشكردنە**
**بۆ رۆژی خۆی چەكی زۆر و تفاقی زۆر خستنە**

(دیوانی گۆران، ل٦٨)

تەنانەت گۆران لە داڕشتنی كەسایەتییەكانی دیكەشدا بەرێبازێكی نوێ و هاوچەرخ پێشكەشیان دەكات و دەیانكاتە بلندگۆی خستنەڕووی هزری نوێخوازییەوە. بەتایبەتیش كچان كە داوا دەكەن لەجیاتی براكانیان بكرێن بەخۆراكی مار و ( خۆیان دەكەنە قۆچی قوربانی براو لەبری ئەوان خۆیان پێشكەش دەكەن، بەڵام براكانیش ئازایانە خۆیان بەخت دەكەن بۆ پاراستنی خوشكەكانیان)[1]. هەروەها لە (دوارۆژی دەئاكی زۆردار یان سەرنجامی زۆردارێك)دا زەكی ئەحمەد هەناری شاعیر هەمان ئەو كەسایەتییانەی كردووەتە بنەمای دامەزراندنی دەق، بەڵام لەقالبێكی دیكەدا دایرشتۆتەوە، بەتایبەتیش لە بنیاتنانی كەسایەتیی (كاوەی ئاسنگەر ) دا كە لەشێوەیەكی لاوازدا وێنەی دەكێشێت، بەتایبەتیش لەوكاتەی كە لاوەكانی گەل خەریكی پێكهێنانی خانەی نهێنین بۆ خەباتكردن لەدژی زوحاكدا، كەچی كاوە نەك هەر ئاگادار نییە، بەڵكو ئەو لەوكاتانەدا دەچێتە لای پادشا بۆ بەخشین وەرگرتن لەدوا كوڕی تا نەكرێتە قوربانی. كاتێكیش پادشا نایبەخشێت، ئینجا كاوە دێتە ناو بازار و داوای دادپەروەری دەكات ولاوەكانیش بەدەنگییەوە دەچن وزوحاك دەرووخێنن. شاعیر تەنانەت كەسایەتی كاوە بەجارێ لاواز دەكات كاتێك پۆستی سەرۆك كۆماریشی پێدەدەن، ئەو رەتی دەكاتەوە و بەفەرەیدوونی دەبەخشێت.

لێرەدا دەتوانین بڵێین زەكی ئەحمەد هەناری لە داڕشتنەوەی كەسایەتییەكی مێژوویی وەكو (كاوەی ئاسنگەر ) نەیتوانیوە لەبۆتەیەكی نوێدا پیشانمان بدات و لەرۆڵ پێدانیشدا بەهۆی كێشانی ئەو كەسایەتییە لاوازە بۆ كاوەی

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ١٤١.

ئاسنگەر و لە بنیاتنانی ئەو کەسایەتییەدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، چونکە((بۆ ئەوەی کەسێك ڕۆڵێك بەدروستی بەرجەستە بکات، دەبێت کەسایەتییەکی هەبێت کە بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە گونجاو بێت)) [1] و بەهۆیەوە بتوانێت ڕووداو لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. کەچی لێرەدا دەبینین کاوەی ئاسنگەر لەدوای ئەوەی پادشا کوڕی دوایی نەبەخشی ئینجا تێکەڵ بەڕووداو دەبێت. بەمشێوەیە مامەڵەکردنی زەکی ئەحمەد هەناری تەواو جیاوازە لەگەڵ مامەڵەکردنی گۆران لەدووبارە بنیاتنانەوەی کەسایەتییە مێژووییەکان لە شیعرە شانۆییەکانیاندا.

بەو پێیەی کەسایەتی توخمێکی گرنگی شیعری شانۆییە، بۆیە لەم قۆناغەدا شاعیران بەشێوەیەکی ئاشکرا و دیار شوێن و پێگەی کەسایەتییەکانیان لە تۆپۆگرافیای دەقدا دەستنیشانکردووە. سنووری ئەو دەستنیشانکردنەش بەشێوەیەکی گشتی خۆی لەدیاریکردنی ناوی کەسایەتییەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەسەرەوەی دێرە شیعرەکانی دیالۆگەوە دانراوە بەدانانی نیشانەی(:) یان نیشانەی(:–)دا، بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی(ئاهەنگێك لەناو ڕان)دا بەمشێوەیە کەسایەتی دەستنیشانکراوە:

**شوان:**

**کە مۆڵم دا مێگەلی تێر لەسەر سەوزەگیا:**
**زەردەی هەتاو ئەگرێتە زێڕ ڕووی دەشت و چیا**
**هەر نازدارە، بۆ هەڵپەڕکێ جۆشێ لەسەریا**
**لە شمشاڵم ئەنێ بە نازو ڕووی نیازی چیا!**

( دیوانی گۆران، ل٦٧)

لە هەندێك بەرهەمی دیکەشدا بەهەمان شێوە ناوی کەسایەتی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەسەرەوەی دێڕە شیعرەکانی دیالۆگدا هاتووە، بەڵام هێڵێکیش بەژێر ناوی کەسایەتییەکەدا هاتووە بەمەبەستی زیاتر دیاریکردن و ناسینی. بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (خوشك و برایەك)دا بەمشێوەیە هاتووە:

---

[1]- بروس کوهین، سەرەتایەك بۆ کۆمەڵناسی، و: هێمن شەریف. ل ٦١.

پەخشان و بێستوون بەجوتە:

**وا ئەڕۆین خوشك و برا هاوار ئەكەین بۆ لاوەكان**

**كوان؟ وەرن! نۆبەی خەباتە قەومی كوردی قارەمان**[1]

هەندێكجاریش دوو پیتی یەكەمی ناوی كەسایەتییەكان وەكو هێمایەك وەرگیراوە و بەكارهاتووە. وەكو لە (ماستاو)دا گۆران دوو پیتی یەكەمی لە ناوی كەسایەتییەكان وەرگرتووە و لەدەقەكەدا بەكاری هێناون. بەمشێوەیە لەكەسایەتی(ئاغا)دا، تەنیا (ئا)بەكاردێنێت و بۆ كەسایەتی (باڵێوز)یش تەنیا (با)بەكاردێنێت.

هەر لەم قۆناغەشدا، شێوازێكی دیكە پەیڕەوكراوە بەوەی كە كەسایەتییەكان لەناو دێڕە شیعرەكانی دیالۆگدا ئاوێتەكراون و هیچ نیشانە و ئامرازێك بۆ جوداكردنەوەو ناسینەوەیان دیاری نەكراوە و لەتۆپۆگرافیای دەقدا بوونێكی سەربەخۆیان وەرنەگرتووە. دیالۆگەكانیشیان بەبەكارهێنانی پەیڤی (وتی، ئەیوت)دا، دەستنیشانكراوە. نموونەی ئەمەش شیعری شانۆیی (شۆڕشگێڕ)ە، كە كەسایەتییەكانی بەمشێوەیە خراوەتەڕوو:

**بۆ ئێجگاری سارد بووەو دای دا چۆك**

**كەڵبەكەوتووی بێ نینۆك**

**لەكاتێكا لەناو خوێنا ئەگەوزا،**

**خزمەكانی لەتاریكیی ژێر ئەرزا**

**دەستیان كرد بە چپەچپ:**

(ئاغا) **ئەیوت: گاجووت قووتدان كردی خپ!**

**بەدەم بینی لەرزینەوە سەر جاسوس،**

**دای لەڕان دەستی ئەفسوس،**

**وتی: ئەوەی كوشتی . یاران! . نووستن بوو**

**بێئاگایی لەخشەی پێی دوژمن بوو!** ( دیوانی گۆران، ل٢١٧)

---

[1]- ج. دانا، ئۆەپەرێتی خوشك وبرایەك، ل٤١.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەهەردوو دەقی شیعری شانۆیی (نەسرین)ی بێکەس و (قوتابخانەی کوردستان)ی شێخ سەلامدا، کەسایەتییەکان راستەوخۆ لەناو بۆتەی دەقە شیعرییەکەدا تواونەتەوە و هیچ سەربەخۆییەکییان نییە و خاوەن دەنگ و رەنگی جودای خۆیان نین، بەڵکو زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری خودی شاعیرەوە، بەشێوەیەك شاعیر خۆشی یەکێك لە کەسایەتییەکان پێکدەهێنێت، کەکەسایەتییەکی زاڵە و لەپەنای دەنگی ئەودا کەسایەتییەکانی دیکە دیالۆگەکانیان دەڵێنەوە. دیارە ئەمەش زیاتر بۆ ئەزموونی شاعیر دەگەڕێتەوە، کە زیاتر قاڵبووی شیعری لیریکییە و تێیدا خاوەن دەنگ و رەنگی خۆیەتی. لەهەمانکاتیشدا کەم ئەزموونی شاعیر لە تەکنیکەکانی شیعری شانۆیی پیشان دەدات. بۆیە ئەو شیعرە شانۆییانە زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەرێتی شیعری لیریکییەوە. لەبەر ئەوەشە لەڕووی پێکهاتەی تەکنیکەوە بە دەقێکی شیعری شانۆیی لاواز لەقەڵەم دەدرێن.

لەچوارچێوەی ئەو قۆناغەشدا تێبینی ئەوە دەکەین شێخ سەلامی شاعیر وەکو هەوڵدانێکی سەرەتایی بۆ یەکەمجار ناوی کەسایەتییەکان لەدەستپێکدا واتە راستەوخۆ لەدوای ناونیشانی سەرەکی بەرهەمەکە و پێش دەسپێکردنی رووداو دەستنیشان دەکات بێ ئەوەی ناسنامە و رۆڵیان دیاری بکات. بەمشێوەیە:

**(ئافاتی تاعون لەناو حەیواناتا**

**لاسایی (تەمسیل)**

**(شێر، پڵنگ، ڕیوی، گورگ، ورچ،کەر)** [1]

دواتر لەلایەن (زەکی ئەحمەد هەناری)یەوە ئەو کارە بایەخێکی تایبەتی پێدەدرێت و بەرێکوپێکی جێبەجێدەکرێت، کە لە بەرهەمەکەیدا (دوارۆژی دەئاکی زۆردار یان سەرەنجامی زۆردارێك) لەپێش دەستپکردنی رووداودا و لەبەشێکی سەربەخۆ و جیاوازدا لەژێر ناونیشانی (ناوی کەسانی ناو نمایش نامەکە)دا تەواو ناوی کەسایەتییەکان و ناسنامە و رۆڵیان دەستنیشان دەکات، بەمشێوەیە:

ناوی کەسانی ناو نمایش نامەکە

---

[1]- دیوانی شێخ سەلام، ل٢٣٥.

١ـ شا دەئاك.

٢ـ شالیار کەندرو ـ لایەنگیری شا دەئاکە.

٣ـ شالیار ئازاد ـ ئازادیخوازەو گەل پەرستە

٤ـ موبید، سەرەکی هەرە گەورەی پیاوە خواییەکانە. ..... تاد [1]

سەرەڕای ئەمانەش، شاعیران بۆ روونکردنەوەی هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان کاتێك لەگەڵ بەرامبەرەکەیان گفتوگۆ دەکەن، بەمەبەستی بەرجەستەکردنی قەوارەی ماددی کەسایەتییەکان و روونکردنەوەی چۆنییەتی هەڵسوکەوتیان لەناو رەوتی رووداو بۆ یارمەتیدانی دەرهێنەرانیش لە کاتی نمایشکردنیان لەسەر تەختی شانۆدا، کۆمەڵێك زانیارییان لەنێو دوو کەوانەدا ( ) پێشکەشکردووە، بۆیە هاوکات لەگەڵ ناوی ئەو کەسایەتییەی، کە رەوتی رووداوەکەی لەئەستۆ بووە روونکردنەوە دراوە بەمشێوەیە :

**یاساوەڵان** (**شیر هەڵئەکێشن**):

**ورتەتان لەدەم دەرێ،**

**بەشیر لەسەرتان ئەدەرێ!** (دیوانی گۆران ل ٢٦٣)

لێرەدا شاعیر زانیاری پێویستی سەبارەت بە رەوتی رووداوەکە داوە و چۆنییەتی هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکە لەناو رەوتی رووداوەکەدا روون دەکاتەوە بەوەی یاساوەڵەکان کە لەگەڵ قسەکردنیاندا شیرەکانیان دێننە دەرەوە.

سەبارەت بە ناولێنانی کەسایەتییەکانیش شاعیران لەم قۆناغەدا لەڕێگای ناولێنانی کەسایەتییەکانەوە مەبەستەکانی خۆیان گەیاندووە و ئەرکی دیاریکراویان بە ناوی کەسایەتییەکانیانەوە سپاردووە. ئەو ناولێنانەش، یان ناولێنانێکی تایبەتی و دیاریکراوە بووە، واتە کەسایەتییەکان ناوێکی دیاریکراویان لێنراوە (وەکو برزوو و وەنەوەش لە ئەنجامی یاران و کاوەی ئاسنگەر و کرماییلی وەزیر و ئەژدهاك لە ئەنجامی ئەژدهاك و ئەسمەر و ئۆمەر لە ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات...... تاد) دا، کە ئەمانە زیاتر لەچوارچێوەی ناوی ئاسایی مرۆڤدان و دەبنە ناسنامە و

[1]- زەکی ئەحمەد هەناری ، دوارۆژی دەئاکی زۆردار ، ل١٧ـ١٨.

پێناسەکردنی کەسایەتی مرۆڤەکەو بەشێوەیەك کە شاعیر ناتوانێت لە خەسڵەت و سروشتی ئەو کەسایەتییانە بچێتە دەرەوە. بەو واتایەی ناوی تایبەتی مرۆڤ دەبێتە هۆکارێك بۆ سنووردارکردنی کارو چالاکییەکانی و شاعیر لەبۆتەی ئەو ناوە تایبەتییەدا ناتوانێت ئەو سنوورە دەستنیشانکراوەی کە بۆ پێناسەکردنی خود دانراوە بشکێنێت. یانیش ناولێنانێکی گشتی بووە، واتە زیاتر ئەو کەسایەتییانەن کە ناوی دیاریکراویان نییە. وەکو لە بەرهەمەکانی (ئینتیباه و گوڵی خوێناوی و ئاهەنگێك لەناو ران و خوشك و برایەك و چوار وەرزی ساڵ و سەرکەوتنی بەهار و...تاد)دا، بەڵکو زیاتر لەبۆتەی ناوێکی گشتیدا کەسایەتییەکانیان ناوناوە. وەکو (باوك ، دایك، دلاوەران ، چەك بەدەستەکان ، کوڕ ، کچ، رێبوار، شوان ، مامۆستا، قوتابی، جوتیار، خوشك ، برا....تاد). ئەم ناوانەش هەر یەکێکیان نوێنەرایەتی چینێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگە دەکەن و شاعیر بەهۆی بەکارهێنانی ئەو ناوانەوە زیاتر دەتوانێت گشتاندنی سیماو خەسڵەتەکانی هەریەکێك لەو کەسایەتیانە لەسەر تەواوی چینەکاندا بکات و بیانکاتە زمانحاڵی ئەو چین و توێژانە. لەهەمانکاتیشدا بیروڕایە تایبەتییەکانی خودی خۆشی لەپاڵیاندا بخاتەڕوو.

(یاسین نصیر) ئەو دوو جۆرە ناولێنانە بە(کەسایەتی ناو) و (کەسایەتی بیرۆکە) دەناسێنێت. کەسایەتی ناو ئەو جۆرە کەسایەتییانە دەگرێتەوە، کە ناوێکی تایبەتیان لێنراوەو لەسنووری ئەو ناوەدا کارو چالاکییەکانیان بەڕێوە دەبەن. کەچی کەسایەتی بیرۆکە ئەو کەسایەتیانەن، کە ناولێنانەکەیان خاوەن کەشێکی فراوانە و دەکرێ چەندین راڤەی جیاجیای بۆ بکرێت. جیاوازی لەنێوان ئەو دوو جۆرەش لەوەدایە، کە ئەو کەسایەتییەی هەڵگری ناوێکە، تەنانەت ئەگەر تەنیا ناوی خۆی بێت و بێ ئەوەی ناوی باوکی لەگەڵدا بێت، ئەوا هەڵگری بیرۆکەیەکە، کە لەوانەیە ئەو کەسایەتییە خۆشی بڕوای پێی نەبێت، بەڵکو زیاتر وەکو پردێکن بۆ گەیاندنی بیرکەکەکان و کەسایەتی بانگەشەکردن و پێگەیاندن. کەچی ئەو کەسایەتیانەی ناویان نییە، ئەوانە خۆیان بیرۆکەن، تەنانەت ناتوانیت سیمایەکی کەسایەتی یاخود ناسنامەیەکی شوێنی یاخود کاتی بۆ بدۆزییەوە. جیاوازیشیان ئاشکرایە لەنێوان ئەوەی کە کەسایەتییەکە هەڵگری بیرۆکە بێت، یاخود کەسایەتییەك بێت نوێنەری

بیرۆکێك بێت، چونکە یەکەمیان دەتوانرێت ئاماژەی پـێ بـدرێت و بەگشتی بکرێـت. لەبەر ئەوەی لەواقیعی ژیاندا بوونیان هەیـە و خـاوەن رهەنـدێکی شـوێنکاتین، بـەڵام دووەمیان زیاتر ئەوانەن کە بوونیان لـەنێو ئـەو واقیعـەدا سـنووردارە و بـێ شـوێن و کاتن. زۆربەشیان بەشێکن لە خودی شاعیر خۆی[1].

هەندێکجاریش شـاعیر بـۆ ئـەوەی بەناراسـتەوخۆیی مەبەسـتەکەی دەرببڕێـت، پەنای بـۆ نـاوی گیانلەبـەران بـردووە و وەکـو کەسـایەتییەك لـەنێو دەقـدا مامەڵـەی لەگەڵـدا کـردوون. لـەو حاڵەتەشـدا شـاعیر بەشـێك لـە سـیما و خەسـڵەتەکانی ئـەو گیانلەبەرانەی وەرگرتووە و وەکو هێمایەك بۆ مرۆڤی بەکارهێناوە. بەو واتایەی ناوی گیانلەبەرەکان بوونەتە هێمایەك بـۆ دەربـڕین لـە هەڵسوکەوت و رفتارەکـانی مـرۆڤ. وەکو لـە بەرهـەمی (ئافـاتی تـاعون لـەناو حـەیواناتا)ی شـێخ سـەلامدا کـە سـوودی لەسیفاتی ئەو گیانلەبەرانە وەرگرتووە و لەقالبێکی کۆمیدیدا رەخنە لـە حاڵەتـەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەکەی دەگرێت.

بەهەمان شێوەش گۆرانی شـاعیر لـە پیەسـە یـەك پەردەییەکانیـدا چـەندین هێمای وەکو (مام چەوەندەر، جق ، نق) بەکارهێناوە. شاعیر لەرێگای بـەمرۆڤکردنی (چەوەندەر) وەکو کەسایەتییەك، لەلایەکـەوە رەخنـە لەناعەدالـەتی کۆمەڵگایەکـەی دەگرێت و لەلایەکی دیکەشەوە ئـەو نـاوەی کردۆتـە نوێنـەری چینی چەوسـاوەکان. هەروەها بەبەکارهێنانی چەند هێمایەکی وەکو (جق ، نق)، کـە کردوونیـەتی بـەناوی کەسایەتی فەرمانبەر و بەهۆیەوە رەخنە لە سیستەمی بـەڕێوەبردنی وڵات دەگرێـت. لێرەدا لەرێگای بـەکارهێنانی ئـەو هێمایانـەوە ئازادییـەکی تـەواو بـە هەڵسوکەوت و رەفتارەکـانی ئـەو کەسـایەتییانە بەخـشراوە،((چـونکە گـەلێکجار خـودی کاراکتـەر هێمایەکە و دەبێتە گوزارشـت لـە دۆخێکـی تایبـەتی))[2] . بـەو واتایـەی کـە شـاعیر خودی کارەکتەر دەکاتـە هێمایـەك و لـەوێوە گۆشـەنیگای خـۆی لەمـەڕ مەسـەلەکان روون دەکاتەوە.

---

[1]- یاسین نصیر، بناء الجملة الفنیة في مسرح محي الدین زەنگەنە، گۆڤاری (شانۆ)، القسم العربی ، ژمارە (١٢)ی ئازاری ٢٠٠٩، ساڵی دووەم، ل ١٥٠.

[2]- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی. ل ١٥٢.

هەروەها شاعیران سوودیان لەناوی کەسایەتییەکان وەرگرتووەو راستەوخۆ وەکو ناونیشانی سەرەکی دەق بەکاریان هێناوە، وەکو لە بەرهەمەکانی (دایك، نەسرین، خوشك و برایەك، چیرۆکی دارفرۆش، دلّداری کوڕە شوان، جق ونق، ئاواتی ئۆمەر، خەونەکانی گەنجۆ، شەڤی و شیرین)دا بەرچاو دەکەوێت.

**ـ کات:**

کات یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی شیعری شانۆیی و وەکو رەگەزێکی تەکنیکی بایەخی خۆی لە پانتایی دەقدا سەلماندووە و شاعیران سەروسەودایان لەگەڵدا کردووە و لەهەولّی ئەوەدابوونە، کە مامەڵەیەکی ئیستاتیکی و هونەری لەبەرامبەردا بکەن. کات بەوە دەناسرێت کە ((بەشێکە لە پێکهاتەکانی تەکنیك و لەرێیەوە شوناسی زەمەنی رووداو و کاراکتەرو رەگەزەکانی تر بەدیار دەکەون (کات) بوونێکە لەدەستی نووسەردا ئەو لەگەڵ رووداوەکاندا دەیگونجێنێ، خودێکی گوزارشتکار نییە تا بچێتە ڕیزی ناوەرۆکەوە بابەت لەگەڵ خۆی بێنی و بیرۆکەیەك ڕابگەیەنێ، بەهێندی ئەوەی دروستکراوێکە لەنێو دەقدا بۆ فەراهەم بوونی سەرجەم پێکهاتەکانی رووداو))[1]، چونکە هیچ رووداو، و بابەتێك بێ کات و شوێن نییە.

سەرەڕای ئەمەش خولّقاندنی کات و جووڵاندنەوەی لەژێر کۆنترۆڵی خودی شاعیردایە و هەر ئەویش بەپێی ویست و مەبەستەکانی، کاتەکە لەگەڵ رووداوی بابەتەکەدا دەگونجێنێ و بۆ بەرژەوەندی بابەتی دەق دەستنیشانی دەکات. کات لەدۆخێکی چەسپاو و جێگیردا نییەو هەمیشە لە جووڵانەوە دایە و هەنگاو بۆ دواوەو پێشەخۆی دەهاوێژێت. بۆیە ئەو کاتە(( کاتێکی رێژەییە کە چۆنییەتی گێڕانەوەی رووداوەکان و جوڵانەوەی کەسیەتییەکان لە ئێستا و رابردوو وئایندەدا بەگوێرەی شێوازی گێڕانەوەی تێکستەکە رێك دەخات و بەگونجاوترین شێوە گوزارشت لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و فیکری ئەوان لە هەڵوێستە جیاوازەکان دا

---

[1]- هەمان سەرچاوە. ل ١٥٦.

دەکات و فەلسەفەی ژیانیان لەسەرەتاوە تا کۆتایی ڕووداوەکان پیشان دەدات))[١].
هەرچەندە کاتی هەر ڕووداوێك سەرەتا و کۆتایی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا جووڵانەوەی کات هەمیشە لەسێ ڕەهەندی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) ئەو سێ ڕەهەندە کرۆکی مانای کات دەبەخشن و هەمیشە کات لەنێو ئەو کایانەدا لە هاتووچوونێکی بەردەوامدایە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ((لای زۆران گرنگترین جۆری کات، کاتی ئێستایە کە بوونی تێدا بەرجەستە دەکرێت، مرۆڤ لە ئاگایی دایە بەم واتایە کاتی ئێستا کاتی چەقە)) [٢] و لەوێوە کات بۆ دواوە دەگەڕێتەوە و ڕابردوو زیندوو دەکاتەوە و گیانی بەبەردا دەکات و لە بارێکی نائاگاییەوە دەیهێنێتە بارێکی ئاگاییەوە. هەر لەوێشدا هەنگاو بەرەو کاتی داهاتوو هەڵدەگرێت و نەخشەو پلانی بۆ دادەنێت، چونکە کاتی داهاتوو، کاتێکی بزرو شاراوەیە و نادیارە. بەم پێیەش کاتی ئێستا بوونێکی ماددی فیزیکی دەخاتە بەردەستی شاعیر بۆ ئەوەی لەو کاتە فیزیکییەدا کاتەکانی دیکەی ڕابردوو وداهاتوو بەرجەستە بکات، بۆیە هەمیشە کاتی ئێستا جێگەی بایەخ پێدان بووە لە پەیوەندی بەستن بە ڕایەڵەکانی ڕابردوو و داهاتوودا پێگە و گرنگی خۆی پاراستووە. بەشێوەیەکی گشتی کات لەشیعری شانۆییدا بەچەند شێوەیەك خۆی دەنوێنێت:

**أ. کاتی ناوەوەی دەق:** کاتێکی ماددی فیزیکی بەرجەستەکراوە لەناو دەقدا و کاتێکە هەستپێکراوە و لەسەرەتای ڕووداودا دەست پێدەکات و لەکۆتایی ڕووداودا دوایی دێت. ئەو کاتە، کاتی دەقی بابەتەکەیە بەگشتی و تێیدا شاعیر لەڕێگای بەکارهێنانی چەند یەکەیەکی کاتەوە، ئاماژەکانی ڕووداوی بابەتەکە دەستنیشان دەکات و لەسنووری ئەو کاتەدا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و پەیام و مەبەستەکانی خۆی بە خوێنەر دەگەیەنێت. بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (دڵداری کوڕە شوان)دا، شاعیر بەبەکارهێنانی چەند یەکەیەکی کات، سنووری کاتی ناوەوەی ڕووداوەکەمان بۆ دەستنیشان دەکات:

---

[١]- نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤، ل٥٤.

[٢]- پەروین عەبدوللا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، ل ٥٧.

**شوان:** (به گۆرانیەوە)

**گزنگی زێڕینی خۆری بەیانی خۆی سوو لەلالە و سەرسنگی کانی**
**ئاونگی سەر گۆنای گوڵی سوور تکا، سوپاکەی زستان ڕایکردوو شکا** ...

(هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٣٢٩)

لێرەدا شاعیر سەرەتا بە کات دەستپێدەکات و دەیکاتە دەستپێك و کلیکی کردنەوەی رووداوەکان و بەهۆیەوەش دەستنیشانی کاتی ناوەوەی دەقەکە دەکات، کە بریتییە لە بەیانی رۆژێکی بەهار کە تازە زستان کۆتایی هاتووە و سەرما شکاوە و ئیدی شاعیر لەو سنوورەدا رووداوەکانمان پیشان دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار کاتەکان بزرو شاراوەن و دەستنیشان نەکراون و رەهەندەکانی کات زیاتر بەکراوەیی هێڵڕاوەتەوە. بۆ نموونە لە یەکەم دەقی ئۆپەرێتی کوردی (ئینتیباه)دا بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بەهیچ یەکەکی کاتی ناوەوە نەدراوە و سنوور و جوغزێکی دیاریکراوی بۆ نەکێشراوە تا بەهۆیەوە بڵێین ئەمە کاتێکی فیزیکی و بەرجەستەییە. بەڵکو زیاتر کاتی ئەم دەقە ((کاتێکی گریمانکراوە. زەمەنێکە لە دەرەوەی زەمەنی ئاسایی کاردەکات))[1]. بەو واتایەی کە کات بۆ ئەنجامدانی رووداوەکانی دەق خوازراوەو سەرەتاو کۆتایی بۆ نییە. ئەمەش رەنگە بۆ سروشتی رووداوەکە خۆی و بارودۆخی کوردستان بگەڕێتەوە، کە لەوانەیە هەمان رووداو لە کاتێکی دیکەدا روو بدەنەوە بۆیەش شاعیر سنووری کاتی ناوەوەی بە کراوەیی هێشتۆتەوە و لەسەر زاری چەك بەدەستەکاندا دەڵێت:

**زاتە ئێمە خولقاوین بۆ خزمەتکردن**
**بۆ ئەوەی فیداکار بین تا رۆژی مردن** (دیوانی شێخ نوری شێخ سالح ، ل٥٠١)

ئەوەی لێرەشدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە مەحموود جەودەت لە وەرگێڕانی دەقە فەرەنسییەکە و لەسەرەتادا کاتی ناوەوەی دەستنیشانکردووە، کاتێك دەڵێت (( دوێنێ شەو لە سکونەتی عەمیقەی نیوەشەودا لەناو ژوورەکەما کەبە رۆشنایی مانگ نیوە رووناك بوبووە، بەنیەتی نووستن ڕاکشابووم و چونکە زۆر

---

[1]- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی. ل ٢١٧.

هیلاك و ماندوو بووم ئەمویست زوو خەوم لێ بکەوێ فەقەت هەر چەندم ئەکرد و ئەکۆشام بەهیچ کلۆجێك خەو نەئەکەوتە چاوم. چونکە خەیاڵ و وەزعیەتی وەتەن و ئارەزووی تەئیسیسی ئەمن و ئاسایش تیایدا موخەییەلەی بەسورەتێك ئیستیلا کردبوو لەپاش موددەتێکی زۆر کەم ئەوەی کە فکرم لێ نەئەکردەوە عادەتا بەچاو دەمبینی)) [1]. واتە کاتی ئۆپەرێتەکە لەنیوەشەودا و ماوەکەشی لە چوارچێوەی چەند ساتێکی خەوندا بووە، بەڵام شێخ نوری شێخ ساڵح دەستنیشانی ئەو جۆرە کاتە لە دەقەکەدا ناکات. بەڵکو لێی گەڕاوە رووداو خۆی بەسەر کاتدا بسەپێنێت و واقیعێك لەنێو دەقدا بەرجەستە بکات.

**ب . کاتی دەرەوەی دەق:** ئەو کاتانە دەگرێتەوە کە رووداو لە ناو دەقدا لە کاتێکی ئێستاییەوە هەنگاو بەرەو کاتێ رابردوو یان داهاتوودا دەنێت و لەوێوە بەهۆی تەکنیکی فلاش باك رووداوگەلێك دێنێتەبوون، کە دەکەونە دەرەوەی بازنەی کاتی دیاریکراوی دەقەکە. واتە ((لەنێو ئەو کاتە دیاریکراوەشدا چەندین کاتی دیکە دەستنیشان دەکرێن و سنووری کاتەکە فراونتر و مەودا درێژ دەکەن)) [2] و بەم پێیەش لەناو کاتی ناوەکیدا، کاتی دەرەکی دەست بە جووڵە دەکات و ئاراستەی بەرەو رابردوو یاخود داهاتوو دەکات. جان ریکاردۆ لە کتێبی (کێشەکانی ڕۆمانی نوێ) دا ناو لەم کاتە زیادەیەی ناوەوە دەنێت کاتی دەرەوەی دەق [3]. بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی یاران)دا هاتووە:

**برزوو:**

**دایە پار چەتەبووم، چەتەی نیشتمان**
**لەشاخ هاتمە خوار**
**لەسەر ئەم پلووسکە مەنیجی چاو جوان**
**تووش بووم یەکەمجار...** (دیوانی گۆران، ل٢٨٥)

---

[1] - مەحمود جەودەت، انتباه، ل٤.

[2] - عەبدوڵڵا رەحمان، تەکنیك لەرۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك (٢-٢)، گۆڤاری (رامان)، ژمارە(١٤٧)،، خولی سێیەم، ساڵی چوارده، ئابی ٢٠٠٩، ل٧٤.

[3] - سابیر رەشید، رۆمانی کوردی ، خوێندنەوە و پرسیار، بەشی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ـــ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧، ل٢٢٠.

لێرەدا گۆرانی شاعیر بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکی فلاش باك لەکاتی ئێستاوە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی رابردوو، بەهۆی دەستەواژەی (پار) لەبازنەی کاتی ئێستاوە دێتە دەرەوە و کات بەرەو رووداوێکی رابردوو دەبات و لەوێوە بەسەرهاتەکە دێنێتەوە یاد. واتە کات ((لەرێڕەوە باوەکەی (رابردوو ـ ئێستا ـ داهاتوو) لادەدات و پێش و پاش یان پێچەوانەی تێدەکەوێ))[1]. بەهۆی ئەوەشەوە مەودا و رەهەندەکانی کات درێژ و فراوانتر دەکات.

**ج ـ کاتی نووسینی دەق:** ئەو کاتەیە کە شاعیر رووداوی بابەتەکەی لەهزردا چەکەرە دەکات و لە بۆتەی دەقدا دایدەڕێژێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شاعیر لەکاتێکی دیاریکراودا بە بابەتێك لە بابەتەکانی ژیان کاریگەر بووە و ورووژاندوویەتی، چونکە ((درامانووس ناتوانێت سەبارەت بە شتێك بنووسێت گەر ئەو شتە نەیوروژاندبێت، چونکە گەر وانەبێت ناتوانێت خوێنەران (یا تەماشاکەران)یشی بوروژێنێت))[2]، بۆیە سەرجەم قۆناغەکانی نووسینی دەق پەیوەندی بە کاتەوە هەیە و کاتیش پەیوەستە بەخودی شاعیرەوە، بۆیە گەلێکیان لە سەرەوە دەقەکە یاخود لە کۆتایی دەقدا، رۆژ و مانگ و ساڵی نووسینی دەقەکە تۆمار دەکەن. زانین و تۆمارکردنی ئەو کاتەش بۆ رەخنەگران و خوێنەران لە زانینی و دەستنیشانکردنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و دەروونی دەقەکە بایەخی خۆی هەیە. گەلێکجاریش کاتی دەق، ناوەرۆکی دەقەکە شی دەکاتەوە. بۆ نموونە گۆران لە نووسینی (شۆڕشگێڕ)دا، کاتی نووسینی دەقەکەی دیاریکردووە کە (تەمموزی ١٩٥٨)ە، بەمەش شاعیر لەژێر کاریگەری و کارتێکردنی شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی ئەو ساڵەدا دەقەکەی نووسیووەتەوە و لەسەرەوە ئاماژەی بە رووداوەکە داوە و نووسیویەتی (بەبۆنەی ١٤ی تەممووزەوە) و ئەو رووداوەشی کردۆتە بنەما و هەموو کەسایەتییەکانیش پەیوەستن بە خودی رووداوەکەوە.

---

[1]- حوسێن سابیر عەلی، رەنگدانەوەی ریالیزمی سیحری لەرۆمانەکانی کاکەمەم بۆتانیدا، نامەی ماستەر، ل١٤٩.

[2]- ئازاد بەرزنجی، سەبارەت تەکنیکی نووسینی شانۆیی، ل٢٠.

**د . کاتی خوێندنەوەی دەق:** ئەوکاتەیە کە (( خوێنەر بۆ خوێندنەوەی تێکستێك تەرخانی دەکات، ئەمەش پەیوەندی بە باری دەروونی و ماوەی خوێنەر و کاریگەری تێکست لەسەر خوێنەر هەیە)) [1] . بەو واتایەی خوێنەر خۆی کاتێك دەستنیشان دەکات بۆ ئەوەی دەق بخوێنێتەوە. واتە کاتەکە، کاتێکی کراوە و بێ سنوورە. جیا لەمەش ئەو خوێنەرە لەو کاتە دیاریکراوەی، کە دەستنیشانی دەکات بەتەنیا و لەشوێنێکی دیاریکراودا پرۆسەی خوێندنەوەی دەق ئەنجام دەدات. بەمەش کاریگەرییەکانی دەق لەسەر خوێنەر لە سنوری تاکایەتی دەمێنێتەوە. بەواتایەکی دیکە ئەوکاتەی کە خوێنەر بۆ خوێندنەوە تەرخانی دەکات، دوای کاتی رووداوەکانی دەق دێت. واتە کاتەکە، کاتێکی ئێستاییە. بەمەش کاتی خوێندنەوەی دەق دەبێتە خاڵی بەیەك گەیشتنی رابردوو بەئێستا، ((چونکە ئێمە لەکاتی خوێندنەوەی دەقێکدا، چەندە دەمانەوێ پەنجەرەیەك بکەینەوە بۆ بینینی ئەزموونەکانی ژیانی ڕابروردوو، ئەوەندەش حەز دەکەین لە ئەزموونی ئێستامان بگەین و لێکی بدەینەوە، لێرەدا کردەی خوێندنەوە و ڕاڤەکردن دەبێتە کردەیەك ئێستا و رابوردوومان بەیەکەوە بۆ کۆ دەکاتەوە))[2] .

لێرەوەش پەیوەندی لەگەڵ خوێنەر دێتەکایەوە، چونکە هەر خوێنەرێك خاوەن مەعریفەیەکی تایبەتی خۆیەتی و کارلێکردنی دەقیش دەوستێتە سەر ئەو باکگروەندە مەعریفییە و لەوێوەوە هەر تاکێك لەپرۆسەی خوێندنەوەی دەقدا، چەمك و تێگەیشتنێکی تایبەت بەخۆی بەرهەم دەهێنێت و بەهۆیەوەش بەشداری لەپەرەسەندن و خولقاندنی دەق دەکات. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە((خوێنەر لە خولقاندنی مانادا، لەگەڵ دانەر هاوبەشە. ئەمەش هاوبەشییەکی ڕەوایە، چونکە دەق تەنیا لەپێناو ئەودا نووسراوە))[3] و شاعیریش لەنووسینی دەقدا مەبەستی گەیاندنی راستییەکانە بۆ خوێنەر، چونکە ئەو راستییەکان دەخاتە واری جێبەجێکردنەوە. هەروەکو (برێخت) ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: ((تۆ ناتوانی راستی تۆمار بکەیت،

---

[1]- نەجم خالید نەجمەددین ئەلوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ل١٤٥.

[2]- عومەر میراودەلی، زمانی دەق، ل٥٦.

[3]- د. ملكية دحامنية، هرمنيوطيقا النص الأدبي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق ـ سورية ٢٠٠٨، ص ١١٧.

بەڵکو دەتوانی لەپێناو کەسێك و بۆ ئەو بینووسیتەوە. ئەو کەسە دەتوانێ بەو راستییە شتێك ئەنجام بدات))[1]. ئەمەش لەگەڵ پەیامی شاعیرانی ئەم قۆناغە یەکدەگرێتەوە، کە سەرەڕای مەبەستی تایبەتی خۆیان لەگەیاندنی راستییەکان لەبارەی بابەتگەلی سیاسیی وکۆمەڵایەتی و دەروونییدا، کە خوێنەریان ناچاری بیرکردنەوە و رامان کردووە. لەهەمانکاتیشدا هەوڵیان داوە لەرێگای بەهێزکردنی ئەو پێگە مەعریفییەی خوێنەرەوە، لەلایەکەوە هاندانێك دروست بکەن بۆ گەڕان بەدوای چارەسەری ولەلایەکی دیکەشەوە خوێنەر لەرێگای خوێندنەوەی دەقەکە، بکەوێتە ژێر کاریگەری کەسایەتی و گرێ و گرفتەکانەوە و بەهۆیانەوە وشیارییەك بەدەستبخات و هەڵوێست لەبەرامبەر دیاردە چەوت و خراپەکاندا وەربگرێت.

**هـ. کاتی نمایشکردنی دەق**: ئەو کاتە دەگرێتەوە کە دەق دەچێتە پرۆسەی نمایشکردنەوە، واتە بریتییە لە کاتێکی دیاریکراو، کە دەق لەسەر تەختی شانۆدا لەلایەن ئەو ئەکتەرانەی کەرۆڵی کەسایەتییەکانیان وەرگرتووەو دیالۆگەکان دەڵێنەوە پێشکەش دەکرێت. ئالێرەدا کات سنووردارەو دەستنیشانکراوەو لەشوێنێکی دیاریکرایشدا دەبێت. لەهەمانکاتیشدا وەرگر لێرەدا، کە بینەرە بەشێوەی کۆمەڵن لە شێوەی دانیشتنێکی بێ دەنگدا و بەزیندوویی و بەیەکجار لەو کاتە دیاریکراوەدا بابەت و هەموو توخمەکانی تەکنیك وەردەگرن و مانا و دەلالەتەکانی لێکدەدەنەوە. واتە پێچەوانەی کاتی خوێنەری دەقە، چونکە کات و شوێن دیاریکراوەو وەرگرتنیش سیمایەکی کۆمەڵی دەبێت. بەمەش کات بەهایەکی زێدەتر وەردەگرێت، چونکە لەیەك کاتدا بینەر زانیارییەکان وەردەگرێت و پرۆسەی راڤەکردن و لێکدانەوەکانی لەهەمان ئەو کاتەدا دەست پێدەکەن و هەموو شتەکانی دیکەو پابەندی ئەو کاتە دیاریکراوە دەبن. بەواتایەی هەموو توخمەکانی تەکنیك لەو کاتەدا دیاریکراوەدا کارلەیەکتر دەکەن و بەیەکەوە خۆیان بەرجەستە دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی شاعیران لەم قۆناغەدا بەچەند شێوازێکەوە ئاماژەیان بەکات داوە و دەستنیشانیان کردووە:

---

[1] - د. محمد شاهين، أفاق الرواية، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق ـ سورية ٢٠٠١، ص٣٩.

أ ـ راستەوخۆ وشـەو دەسـتەواژەکانی کاتیـان کردۆتـە ناونیـشانی سـەرەکی بەرهەمەکانیان، ئەمەش زیاتر رەنگدانەوەی ناوەرۆکی رووداوی بابەتـەکانیان بـووە. بۆنموونە (ا، ب، هەوری) پەنای بۆ کات بردووە لـە دەستنیـشانکردنی ئۆپەرێتەکـەی (چوار وەرزی ساڵ) شاعیر راستەوخۆ باسی لە چوار وەرزی سـاڵ کـردووە، کـە هـەر وەرزێك کاتێکی دیاریکراو و خەسڵەت و سیمای دیاریکراوی لە سـاڵدا هەیـە. ئەمـەش کاریگـەری هـەبووە لەسـەر دیـاریکردنی ناونیـشان. بەهـەمان شـێوە عەبـدولرەزاق محەمەد لـە ئۆپـەرێتی (سـەرکەوتنی بـەهار)دا، وەرزێکـی سـاڵی کردۆتـە ناونیـشانی ئۆپەرێتەکەی. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە منداڵان زیاتر لـەو وەرزەدا دڵخۆش دەبن، بۆیە ناونیـشانەکەش لەگـەڵ بـیرو هـزری منداڵانـدا یەکدەگرێتـەوە. هـەروەها زەکـی ئەحمـەد هـەناری کـاتی داهـاتوو دەکاتـە بنەمایـەك بـۆ دەستنیـشانکردنی ناونیـشانی بەرهەمەکـەی (دوارۆژی دەئـاکی زۆردار یـان سـەرەنجامی زۆردارێـك)، بەهۆیـەوە سـەرنجی خۆینـەر بـۆ کۆتـایی رووداو دەگوازێتـەوە، کـە دیـاریکردنی چارەنووسی دەئاکە.

ب ـ بەکارهێنانی وشـەو دەسـتەواژەکانی کـات لـەدوای ناونیـشانی سـەرەکی و لەپێش دەستپێکردنی رووداودا، ئەمەش بەدوو شێوە بووە:

١ـ لەدوای ناونیشانی سەرەکی و لەپێش دەستپێکردنی رووداو، و بەشێوەیەکی ناراسـتەوخۆ شـاعیر ئامـاژە بەیەکـەی کـات دەکـات. بـۆ نموونـە لـە (ئامۆژگـاری)دا کارودۆخی شاعیر لەدوای ناونیشانی سەرەکی یەکـەی شـوێنی دیـاریکردووە و بـەڵام ناراستەوخۆ ئاماژە بەیەکەی کاتیش دەکات:

**شوێن: پۆلی شەشەمی قوتابخانەیەکی سەرەتایی**

**وانە: ئامۆژگاری** ( دیوانی کاردۆخی، ل٨٣)

لێـرەدا دیـارە کـە کاتەکـە وەرزی خوێنـدن بـووە، کـە وەرزێکـی دیـاریکراوە لەسـاڵدا و هـەروەها وانـەش یەکێکـە لەپێکهاتـە کاتییـەکانی وەرزی خوێنـدن، کـە سنوورێکی دیاریکراوی خۆی هەیە و تێیدا مامۆستا لەو سنوورە دیاریکراوەدا وانە بە قوتابییان دەڵێتەوە.

٢ـ لەدوای ناونیشانی سەرەکی و لەپێش دەستپێکردنی رووداودا، بەشێوەیەکی راستەوخۆ شاعیر یەکەی کات دیاری دەکات و بۆ ئەم مەبەستەش وشەی کات بەمشێوەیە دەنووسێت (کات:) یاخود راستەوخۆ لەگەڵ وەسفکردنی کاتدا بەکاری دەهێنێت و تێیدا لەرستەیەك و یاخود چەند رستەیەکی کورتی مانادارادا کاتەکە دیاری دەکات. عەبدولرەزاق محەمەد لە (ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات)دا لەدوای ناونیشانی سەرەکی بەمشێوەیە کات دیاری دەکات:

**کات: ساڵی هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانە، ئەو شەڕەی بەناوی.....**

(شانۆی کوردستان،ل٧)

لەلایەن خۆیەوە کامەران موکری لە ئۆپەرێتی (دڵداری کوڕە شوان)دا، کات لەناو جووتە کەوانەدا بەمشێوەیە ( ) دیاری دەکات:

(**کات دەمەو بەیانە و سەرەتای بەهاری بەهاداری پرش ئەفسوون و دڵداری**...)

(هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٣٢٩)

ج ـ لەگەڵ ناونیشانی بەشەکانی نێو بەرهەمەکەدا کات دەستنیشان کراوە. هەندێکجاریش کاتەکە خۆی بووەتە ناونیشانی بەشەکە وەکو لە (خەونەکانی گەنجۆ)ی عەبدولرەزاق محەمەد، کە وشەو دەستەواژەی کات راستەوخۆ ناونیشانی بەشەکانی دووەم و سێیەم پێکدەهێنن بەمشێوەیە: (٢) ئێوارە، (٣)مانگەشەو. یانیش لەدوای هاتنی ناونیشانی بەشەکە کات ئامازەی بۆ کراوە. وەکو لە (ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات)دا هاتووە: بەشی سێیەم \ کات: گرانی شەڕە.

د ـ بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەکانی کات لەناو توخمەکانی تەکنیکدا وەکو رووداو، و دیالۆگدا لە (جق و نق)دا هاتووە:

**هەژار:**

**. قوربان، مەئمووری نق، کارم،**

**عەرزو حاڵەکەی پێرارم؟** (دیوانی گۆران،ل٢٨١)

لێرەدا شاعیر بەهۆی بەکارهێنای وشەی (پێرار) کەیەکەیەکی کاتە، زەمەنی پێشکەشکردنی داواکاری هەژارمان بۆ دەخاتەڕوو، و لەکاتی ئێستاوە بەرەو

رابــردووی دەباتــەوە و بــەهۆی کاتــەوە مەزڵوومییــەتی کەســایەتی هــەژارمان بــۆ دەردەکەوێت.

هـ ـ سەرلەبەری دەق لە کاتێکی رابردوودا دەهێنرێتە ناو کاتی ئێستا و دووبارە شاعیر لەروانگەی  بیروبۆچوونەکانی خۆیـەوە مامەڵـە لەگـەڵ رووداوەکەیـدا دەکـات. ئەمەش لە هەردوو بەرهەمی (ئەنجامی ئەژدەهاك)ی گۆران و(دوارۆژی دەئاکی زۆردار یان سەرەنجامی زۆردارێك) ی زەکی ئەحمەد هەناریـدا بەرچـاو دەکـەوێت. کـات لـەو دوو بەرهەمەدا دیاریکراوەدا، کاتێکی کۆنـە و، و رابـردووە و کـاتێکی دیـاریکراوە لـە مێژووی نەتەوەیەك.

ســەرەڕای ئەمانــەش، شــاعیران هەوڵیانــداوە ســوود لــە کــات وەربگــرن و لەچوارچێوەی کاتەوە توخمەکانی دیکەی وەکو رووداو، و شوێن و کەسایەتی بـەرەو پەرەسـەندن ببـەن و لـە ترۆپـك نزیکـی بکەنـەوە. بـۆ نموونـە گـۆران لـە ئۆپـەرێتی (ئەنجامی یاران)دا، لەرێگای کاتەوە ، مۆنتاژی رووداو دەکات  و بەهۆیەوە  رووداوی ئۆپەرێتەکەی بۆ دیمەنی کۆتایی گواستۆتەوەو خۆێنەری رووبەرووی دیمەنی کۆتـایی رووداوەکە کردووەتەوە. ئەمـەش بـەهۆی بـەکارهێنانی زانیـاری بەخـشین لـەنێو دوو کەوانەدا (  ) و سەربەخۆ ودوور لە ناوەرۆکی دیالۆگەکانەوە:

((**لەهەمان جێگا ، لەپاش هەفتەیەك ، لەسەر گلکۆی برزوو**) )

(دیوانی گۆران، ل٢٦٠)

لێرەدا رووداو بەهۆی کاتەوە گواستراوەتەوە پاش هەفتەیەك، واتە کات پێشخراوە و تێیدا دیمەنی کۆتایی و چارەنووسی کەسایەتییەکان خراونەتەڕوو.

**ـ شوێن:**

شـوێن یەکێکـە لـەو توخمـە گرنگانـەی کەهەمیـشە پەیوەسـتە بـە ژیـانی مرۆڤەوە و سیماو خەسڵەتە تایبەتییەکانی مرۆڤ دەنەخـشێنێت و بەهۆیـەوەش مـرۆڤ جەخت لەسەر سەلماندنی بوونی خۆی دەکاتەوە، چونکە ((بوونێك نییە لەدەرەوەی

شوێن))[1]. واتە هەموو بوونێك لە سنوورێكی دیاریكراوی شوێندایە و بەوپێیەش مرۆڤ وەكو بوونێك لەچوارچێوەیەكی سنووربەندی شوێندا دەژیت.

سەرەڕای ئەمانەش شوێن وەكو یەكێك لە توخمە پێكهێنەرەكانی شیعری شانۆیی، گرنگی و بایەخی خۆی لە پانتایی دەقدا هەیە وبەهۆی شوێنەوە سیستەمێك لە مانا و تێگەیشتن لە تایبەتمەندێتی ئەدەبی دێتەكایەوە، چونكە(( كاتێك كاری ئەدەبی، شوێنگەی ون دەكات، ئەوا تایبەتمەندێتی و رەسەنایەتی خۆی لەدەست دەدات))[2]، بۆیە هیچ كارێكی ئەدەبی ناتوانێت رهەندەكانی شوێن فەرامۆش بكات. واتە(( شوێن خاوەنی ناسنامە و هەڵگری دەلالەت ودەسەڵات وسیستم و كەش و رەهەند و سروشتی خۆیەتی)) [3]. لەبەر ئەوەشە جەوهەر و كرۆكی كاری ئەدەبی پێكدەهێنێت و بەهۆیەوە تایبەتمەندی بە گشت توخمەكانی دیكەی تەكنیك دەبەخشێت. بەشێوەیەك هەموو توخم و تەكنیكەكانی دیكە بەبێ شوێن توانای بنیاتنان و بەرەوپێشبردنی ژیانی دەقیان نییە، چونكە ((كەسایەتییەكان بۆ بزاڤ وجووڵانەوەیان، پێویستییان بە شوێنێك هەیە، كاتیش پێویستی بەوە هەیە لە شوێنێك جێگیر بێ و لەناویدا بڕوا یاخود بۆی بچێت، رووداوەكانیش لە بۆشاییدا روونادەن وئەگەر لە شوێنیش دابیبڕی و جیای بكەیەوە، گێڕانەوەیان مەحاڵ دەبێت)) [4]. ئەم رۆڵ گێڕانەی شوێنیش لە چەسپاندنی جووڵەو بزاڤی توخمە تەكنیكییەكانی دیكەدا ئەركێكی فرە لایەنی بە شوێن بەخشییووە. كاتێكیش شاعیر بابەتێك دەستنیشان دەكات، لەهەمانكاتیشدا شوێنێش بۆ رووداوەكانی ئەو بابەتە دەخوڵقێنێت. ئەو شوێنەش كە شاعیر دروستی دەكات شوێنێكی خەیاڵییە، بەڵام شێوەی ئەو شوێنە خەیاڵییە رەنگە بەهەمان ستایل و

[1]- صلاح صالح، قضايا المكان الروائي في الأدب المعاصر، الطبعة الاولى ، دار شرقيات للنشر و التوزيع، القاهرة ـ مصر ١٩٩٧، ص١١.

[2]- جاستون باشلار، جماليات المكان، ت: غالب هلسا، دار الحرية للطباعة ، بغداد ـ العراق ١٩٨٠، ص٦.

[3]- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ئیستاتیكای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپی یەكەم، هەولێر ـ كوردستانی عێراق، ٢٠٠٩، ل٢٤.

[4]- صلاح صالح، قضايا المكان الروائي في الأدب المعاصر، ص١٢.

قـەبارەو ناسـنامەوە لەواقیعیـشدا هـەبێت. ئـەو شـوێنە كاریگـەری لەسـەر ژینگـە و سروشتی رووداوەكە دروست دەكات ولە پەرەسەندن و بەرەوپێشبردنی رووداوەكـەدا تا گەیشتنی بە ترۆپك بەشدار دەبێت و تایبەتمەندییەكانی دەق لەرووی كـەلتووری و جوگرافی و سروشتی و كۆمەڵایەتییەوە دەخاتەڕوو.

بەهـەمان شـێوە كەسـایەتیش پابەنـدی شـوێنە و پێكهاتـەو جـۆری شـوێن كاریگـەری لـە خووڕەوشـت و پێكهاتـەی دەروونـی كەسـایەتییەكان دەكـات. بـەو هۆیـەوەش رەهەنـدەكانی دەروونـی و كۆمەڵایـەتی و ژیـاری كەسـایەتییەكان دیاردەخرێـت. هـەروەها شـوێن سـیما و خەسـڵەت وجـۆری ژیـانی كەسـایەتییەكان شیدەكاتەوە. بۆ نموونە سیماو خەسڵەتی كەسایەتییەكی نیشتەجێی گوند جیایە لـە سیما و خەسڵەتەكانی كەسایەتییەكی نیـشتەجێی شـار. ئـەم تایبەتمەندییـە بـەهۆی كاریگەری و كارتێكردنی شوێنەوە لەسـەر كەسـایەتییەكان دروسـت دەبێـت (كەواتـە شـوێن تایبەتمەنـدی بەكارەكتـەر دەبەخـشێ و دەتـوانێ سـیما و خەسـڵەتێكی وای بـداتێ، كـە بەسـانایی لـە یـەكێكی تـری سـەر بەشـوێن و ژینگەیـەكی تـر جیابكرێتەوە))[1]. كاتیش بەدەوری خۆی دەكەوێتـە ژێـر كـۆنترۆڵی شـوێنەوە. هـیچ رووداوێك نییە كات و شوێنی نەبێت، كات بەهۆی شـوێنەوە یەكـەكانی خـۆی دیـاری دەكات و بەشداری لە رەوتی رووداودا دەكـات، بۆیـەش شـوێن گرنگییـەكی تایبـەتی وەرگرتووەو گەلێك لە رەخنەگران لە جێگەی كاتدا مامەڵەی لەگەڵ دەكـەن و پێیـان وایــە ((بــوونی شــت لــەناو شــوێندا، روونــتر و تۆكمــەترە لــەبوونی لــەناو كاتدا))[2].سەرەڕای ئەمانەش شاعیر كاتێك دەقێك بەرهەم دێنێـت، ئـەوا لەیەككاتـدا بەدوو شێوازی جیا مامەڵە لەگەڵ شوێندا دەكات. لەلایەكەوە لەوكاتەی كـە رووداوی بابەتەكەی هەڵبژاردووەو لەشوێنێكدا دایانـدەنێت. بـەو واتایـەی هـەر خـودی شـاعیر شـوێن بـۆ رووداوەكـانی هەڵدەبـژێرێت و لـەوێوە پەیامەكـەی خـۆی دەگەیـەنێت. لەلایەكی دیكەشـەوە هەڵبـژاردنی شـوێن پەیوەسـت دەبێـت بـە پرۆسـەی گەیانـدنی

[1] – ألان روب جريية، نحو رواية جديدة، ت: مصطفى ابراهيم مصطفى، دار المعارف بمصر، القاهرة، ص١١.

[2] – یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەكنیكی درامای كوردی. ل ١٦٣.

رووداوی بابەت و شوێنەکەی بە خوێنەر. ئەمەش واتای ئـەوە دەگەیـەنێت، کـە دەق لەچوارچێوەیەکی ماددیدا بە خوێنەر بگات. ئەو چوارچێوە ماددییەش پێویـستی بـە شوێنێك هەیە تـا تیایـدا دابنرێـت، کـە دیـارە لێـرەدا کاغـەزی چـاپە و تێیـدا شـاعیر دەقەکەی لەچوارچێوەی ئەو شوێنەدا دەنووسێتەوە و چاپ دەکات. هەرچەندە ئـەم شوێنە زیاتر دەچێتە بواری تـەکنیکی چاپ و لەچـاو شـوێنی راسـتەقینەی رووداوی بابەتەکە بایەخێکی وای نییە، بەڵام کاغەزی چاپ وەکو شـوێنێك بـۆ دەقـی شـیعری لەلایـەن شـاعیرانەوە بایـەخی پێـدراوە، بەتایبـەتیش دوای گواسـتنەوە لەپرۆسـەی خوێندنەوەی شیعر لەلایەن شـاعیرانەوە، بـۆ پرۆسـەی خوێندنـەوەی شـیعر لەلایـەن خوێنەران خۆیانەوە[1].

لـەم روانگەیـەوە شـاعیران لـە قۆنـاغی یەکـەمی شـیعری شـانۆیی کوردیـدا بەشێوەیەك مامەڵەیەیان لەگەڵ شوێندا کردووە، کە هەمیشە لەواقیعەوە نزیك بێت و شێوەی لەبەرچاوی خوێنەرو بینەراندا لەواقیعدا زۆر بێت، بۆیـە ((لەهـەنگاو سـادەو ساکارەکانیدا مامەڵەی لەگەڵ شوێن بووە لەگەڵ شوێنی راسـتەقینە و ئـەو شـوێنەی دووبـارە کردۆتـەوە کەهـەر دەبێـت رووداوە درامییەکـەی تێـدا روودبـدات، ئیـدی زۆر هەڵوەدای دۆزینەوەی پانتاییەکی گریمانکراو نەبووە))[2]. شوێنی راستەقینەش، ئەو شوێنە بابەتییە کـە لای خوێنـەر روونـە و دیـارە و هەسـت بـە بـوونی راسـتەقینەیان دەکـات و لەواقیعـدا نزیکـە. بەپێـچەوانەوە شـوێنی گریمـانکراوە ((زادەی خـەیاڵی رووتـە، دەکـرێ هەنـدێك لـە تایبەتمەندییـەکانی لەواقیعـەوە وەرگرێـت، بـەڵام بەدیاریکراوی نا))[3]. بەو واتایەی کە ئەندێشەی شاعیر خوڵقێنەریەتی، تەنیا شـوێنە مێژووییەکان نەبێت، کە رەنگدانەوەی بابەتی مێژووییان لەسەرە.

لەم چوارچێوەیەشدا و لەیەکەم دەقی شیعری شـانۆیی کـوردی ئۆپـەرێتی (ئینتیباه)دا لەگەڵ ئەوەی کە لەدەقە وەرگێردراوەکـەدا لەسـەرەتا و لەچوارچـێوەی

---

1- هەمان سەرچاوە، ص ٢١-٢٢.

2- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی. ل ١٨٢.

3- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، ل١٠.

ئـەو پێـشەکییەی کـە مـەحموود جـەودەت نووسـیویەتی شـوێن دیـاریکراوە: ((لـەم خەیاڵاتەدا وا ئەهاتە پێش چاوم کە لـە دەشـتی ویـسدا..)) [1] ، کەچـی شـێخ نـوری شاعیر لە شیعرە شانۆییەکەیدا ، شوێن لـەناو رووداو، و لـە زاری کەسـایەتییەکانەوە دەستنیشان دەکات:

**چەك بەدەستەکان:**

**ئێمە کە موسەللەح لە دەرو دەشت و شارین**

**سوێن خۆری حوزووری حەق و باب و کەس و کارین**

(دیوانی شێخ نوری شێخ سالّح، ل٥٠١)

لێرەدا شاعیر شوێنی ئەو شەڕەی کە لەگەڵ دوژمنان دەکرێت روونکردۆتەوە کە دەشت و شارە، بەڵام ئەو شوێنە لەچوارچێوەی شوێنێکی گـەورەتر و پیرۆزتـردا خـۆی دەنوێنێـت، کـە ئـەویش خـاکی نیـشتمانەو شـەڕەکەش هـەر بەرگریکردنـە لەنیشتمان. هەڵبژاردنی ئەو شوێنەش لەلایەن شاعیروە، واتای پەیوەندی بـوون بـەو شوێنە دەگەیەنێت، (( پێوەندبوونیش بە شوێنێکەوە(پێوەندبوونە بـە کێـشەی ئـەو شـوێنەوە، نـەك پێوەندییـەکی سـۆز ئـامێز و جـوگرافیی رووت)) [2] . بـەو واتایـەی هەڵبژاردنی شوێن، باپەنـدبوونی شـاعیر دەگەیـەنێت بـە کێـشەکانی ئـەو شـوێنەوە. بەتایبـەتیش ئـەو کێـشەیە کێـشەیەکی نەتـەوەیی بێـت. بۆیـە لێـرەدا مامەڵـەکردنی شـاعیر لەگـەڵ شـوێندا سـەرەڕای ئـەوەی تێڕوانینـی تایبـەتی شـاعیر خۆیـەتی لـە مەسەلەی مافی میللەتەکەی، لەهەمانکاتیشدا خەسڵەت و سیمایەکی نەتـەوەیی ئـەو شوێنەش دەگەیەنێت. هەروەکو (غالب هلسا)ش لەم گۆشەنیگایەوە سەیری شـوێنی کردووە و دەڵێت ((شوێن لەلایەن خۆمەوە هەڵگری تایبەتمەندی نەتەوەییە)) [3] .

بەشـێوەیەکی گـشتی زۆربـەی شـاعیرەکان لـەم قۆناغـەدا بـەزۆری شـوێنی گشتییان بەکارهێناوە وەکو (نیشتمان، گونـد، هاوینەهـەواری کوێـستان، نزارێـك لـە

[1] - محمود جودت، انتباه، ل٤.

[2] - سەباح ئیسماعیل، چەمك و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، ل ١٩.

[3] - جاستون باشلار، جماليات المكان، ت: غالب هلسا، ص٦.

چیا، دێیەکی ناوشاخ، سەرە رێ، مێرغوزار.... تاد). ئەمەش لەبەر ئەوەی شوێنی گشتی، شوێنێکی کراوەیە. شوێنی کراوەش ((ئەو شوێنانەیە کەتایبەت نین و هەموو کەس دەتوانێت بەکاریان بهێنێت))[1]. بەهۆی ئەمەشەوە دەستی شاعیر کراوەتر دەبێت لە وەسفکردن وجووڵاندنەوەی کەسایەتی  رووداوەکان، چونکە شوێنی گشتی ((لەبەردەم کەسەکاندا کراوەیە، دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان تێیدا بێن و بچن))[2] و بەسەربەستی هەڵسوکەوت بکەن و رەوتی رووداوەکان بەرەو پێش ببەن. لەهەمانکاتیشدا شاعیران پەنایان بۆ شوێنی تایبەتیش بردووە.

لە هەڵبژاردنی ئەم شوێنانەشەدا شاعیر زیاتر لەژێر کاریگەری سروشتی رووداوەکاندا بۆ نەخشاندنی هەندێك دیمەن و جووڵاندنەوەی رەوتی رووداو، و وێنەکێشانی کەسایەتییەکانی شوێنێکی تایبەتی و داخراوی دەستنیشان کردووە. وەکو (ژوورێك لەتەلاری باوکی شیرین، مەحکەمە، باڵێوزخانە، ژووری دائیرەیەك، قوتابخانە، کۆلیتەکەی ماڵی ئۆمەر، بەر دەرگای ماڵی حاجی...تاد). لەم شوێنانەدا شاعیر دەستکراوە نەبووەو بەپێی یاساو رێسای هەریەکێك لەم شوێنانەدا رەوتی رووداوی بنیاتناوەو کەسایەتییەکانی خوڵقاندووە. واتە بارودۆخی گشتی ئەوە دەسەپێنێت، کە شوێنەکە داخراو بێت، چونکە شوێنی داخراو ((رووبەرێکی دەستنیشانکراوەو تایبەتە بەکەسێك یان بە چەند کەسێکی دیاریکراو و هەموو کەس لە بەکارهێنانیدا ئازاد نییە))[3]. لەبەر ئەوە شوێن لێرەدا بەچڕی کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان و رەوتی رووداوەکاندا دەبێت.

جیا لەمانەش لە بەکارهێنانی شوێندا، تێبینی ئەوە دەکرێت کە لەهەندێك بەرهەمدا شوێن ناهۆگر و نائاشنایە، بەوپێیەی کە کەسایەتییەکان بەناچاری کەوتوونەتە ئەو شوێنەوە. بۆ نموونە لە (موحاکەمەی مام چەوەندەر)دا شوێن، شوێنێکی ناهۆگر و نەویستراوە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم شوێنانەش ئەوەیە

---

[1]- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی. ل ١٦١.

[2]- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، ل ٤٧.

[3]- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی. ل ١٦١.

کەشوێنێکی کاتین، واتە دەکرێت کەسایەتی لێیان رزگاری بێت و رەنگە پەیام و مەبەستی شاعیریش هەر بۆ ورووژاندنی هەستی رزگاربوون بێت لەو شوێنانەی کە ناهۆگرن و نەویستراون و ((بەتێپەڕبوونی کات و فراوانبوونی هزر و گۆڕانی بارودۆخەکە، دەکرێت لێی رزگار بێت و سەربەخۆ بێت)) [1]. بەپێچەوانەی ئەمەش تێبینی چەندین شوێنی هۆگر و ئاشنا دەکەین، کە کەسایەتی حەز بەو شوێنانە دەکەن و لەوێوە روانین و بۆچوون و هەستەکانی خۆیان دەگێڕنەوە. بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (ئاهەنگێك لەناو ڕان)دا شوێن، شوێنێکی سروشتییە وباس لە سروشتی رازاوەی کوردستان لەمانگی بەهاردا دەکات. لێرەدا شاعیر ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی خۆی بەسەردەکاتەوە و جوانی و رازاوەیی ئەو سروشتەش وەسف دەکات. لێرەدا شوێن کەشی نێو دەقەکە پێکدەهێنێت کە ((شوێن تێیدا چنین دروست دەکات و رووداو پێش دەخات، بەشێوەیەك کەبەروون و ئاشکرایی شوێنێکی دیکەی تێدا نابینین))[2]. بۆیە کەسایەتییەکانیش بەپێی بارودۆخی سروشتی شوێنەکە هەنگاو دەنێن. هەروەها شاعیران کاتێك رووداوی مێژوویيان کردۆتە هەوێنی دەقەکانیان، ئەوا کات و شوێنی ئەو رووداوە مێژوویانەشیان بۆ زەمەنی ئێستا گواستۆتەوە. بۆ نموونە لە هەردوو بەرهەمی (ئەنجامی ئەژدهاك)ی گۆران و (دوارۆژی دەئاکی زۆردار یان سەرەنجامی زۆردارێك)ی زەکی ئەحمەد هەناریدا شوێن، شوێنێکی مێژووییە و لەکاتێکی رابردوودا هێنراوەتە نێو کاتێکی ئێستایی، چونکە شوێن بەهیچ شێوەیەك لەکات دانابڕێت. لێرەدا شوێن قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژووی کۆمەڵگە دەگێڕێتەوە و لەنێو دەقەکەدا ئاماژە بە شوێنی رووداوە مێژووییەکە دەدەن و بەرجەستەی دەکەن و کەسایەتی و رەهەندەکانی سەدەکانی رابردووی تێدا باس دەکەن و دەگێڕنەوە.

سەرەڕای ئەمانەش شیعری شانۆیی لەدوای جێگیربوونی لەچوارچێوەی کاغەزی چاپکردندا، کە زیاتر شوێنێکی ماددی و هەستپێکراوە دەچێتە قۆناغێکی

---

[1] - سەباح ئیسماعیل، چەمك و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، ل ١١.

[2] - صلاح صالح، قضايا المكان الروائي في الأدب المعاصر، ص ١٤.

دیکـەی بـواری تـەکنیکی شـانۆیی ئـەویش نمایـشە، کـە لـەهۆڵێکی تایبـەت لەلایـەن ئەکتەرەکانەوە بەرجەستە دەکرێـت. لێـرەدا شـوێنیش گـۆڕانی بەسـەردا دێت و لـە شوێنی کاغەزی چاپەوە دەگوازرێتەوە بـۆ شـوێنی شـانۆیی، کـە شـوێنێکە نمایـشی شـانۆیی تێـدا جێبـەجێ دەکرێـت و دەکـرێ بـە دوو بەشـەوە، تـەختی شـانۆ کـە ئەکتــەرەکان دەقەکــەی تێــدا دەنــوێنن و هــەروەها شــوێنی دانیــشتنی بینــەران. بەمشێوەیەش دەتـوانین وای بناسـێنین کـە ((کۆمـەڵێك ئەکتـەر و جـەماوەری بینـەر تێـیدا بەیـەکتر دەگـەن و بـوونی بینـەریش، یەکـەم تایبەتمەنـدی لـە خەسـڵەتەکانی شـانۆدا پێدەبەخـشێت))[1]. واتــە لێــرەدا شــیعری شــانۆیی گۆڕانکارییــەکی جـۆری بەخۆیەوە دەبینێت و لە پرۆسەی (دەق / خوێندنـەوە) دەچـێتە پـرۆسـەی (نمـایش/ بینینەوە). بەمشێوەیەش شوێنەکانی ناو دەقەکە بەیەکجار دەگوزارێنەوە بۆ شوێنی شانۆیی و لەچوارچێوەی پرۆسەی نمایشدا بینەر ئاشنای ئەو شوێنانەی دەق دەبێت و دیدگای بیـنین بـۆ بەرجەسـتەکردنی ئـەو شـوێنانە دەبێتـە هێڵـی پەیوەنـدیکردنی نێوان ئەکتەر و بینەر. سەرەڕای ئەمانەش هەموو جۆرە ئەکتەرەکانی سەر بە چین و توێـژە جیاوازەکـان لـە شـوێنی شـانۆییدا رۆڵـی ئـەو کەسـایەتییانە دەبیـنن، کـە لــەڕووداوی دەقەکــەدا بەشــدارن. لەبــەر ئــەوەش کــە شــوێنی شــانۆیی شــوێنێکی دیاریکراو، و سنووردارە، بۆیە زۆربەی شوێنەکانی نێو دەقەکـە سـیماو خەسـڵەتێکی گــشتی وەردەگــرن. بۆیــە شــوێنی شــانۆیی رووخــسارێکی گــشتی لــەخۆ دەگرێــت بەشێوەیەك کە((تایبەت نابێت بە یـەك شـوێنەوە، بـۆ نموونـە زۆر جـار کـە وەسـفی شارێك دەکرێت هێندە بەگشتی دەبێت جیا ناکرێتەوە لە شـارێکی تـر، هەنـدێك جـار چـایخانەیەك یـا ژوورێــك یـا بەندیخانەیـەك یـا کەشـتییەك دەکرێـت بەمەیـدانی رووداوەکان، لەشوێنی شانۆییدا هەموو چین و توێژەکان یا چەند نەتەوەیەك یا چەند ئایدیۆلۆجیا و مەزهەبێك کۆ دەکاتەوە ، ئـیتر ئـەو شـوێنە لەلایـەك دەبێتـە مەیـدانی

---

[1]- مصطفى علي عمر، الواقعية في المسرح المصري، ص ٢٧.

پێکــەوە ژیــان و لەلایــەکی تریــشەوە دژایــەتی و ململانێکــانی تێــدا تونــدتر دەکرێنەوە))[1].

لەم قۆناغەی شیعری شانۆییدا تەنیا (١١) بەرهەم خۆیان لە شوێنی شانۆییدا بینوەتەوە و نمایشکراون، کە ئەمانـەن: (ئینتیبـاه، دایـك، گـوڵی خوێنـاوی، ئافـاتی تاعون لەناو حەیواناتا، نەسرین دەمێکە داخت لەدڵمە، زەردەواڵەو پەپوولە، لاوان، ، چیرۆکی دارفرۆش، دڵداری وخەبات، بووکی شۆڕش، چوار وەرزی ساڵ).

بەشێوەیەکی گشتی شاعیران بۆ دەستنیشانکردنی شوێن لەبەرهەمەکانیاندا چەند شێوازێکیان بەکارهێناوە لەوانە:

أ- راستەوخۆ شوێنیان کردۆتە ناونیشانی سەرەکی دەقەکەیان. ئەمـەش لەبـەر ئەوەی (شوێن هەندێ جار ناوەرۆکی بابەتەکە ئاشـکرا دەکـات)[2] و دەبێتـە بنـەمای چنینی رووداو بەهەموو رەهەندەکانییەوە. ئەمەشیان بەدوو جۆر بەکارهاتووە:

١- راستەوخۆ ناوی شـوێنەکەیان کردووەتـە ناونیـشانی سـەرەکی دەق، وەکـو (قوتابخانـەی کوردسـتان)ی شـێخ سـەلامی شـاعیر کەتێیـدا قوتابخانەیـەك بووەتـە شوێنی بەڕێوەچوونی رووداوەکان و کەسایەتییەکانی لەخۆ گرتووە.

٢- بەشـێوەی ئامـاژەدان بەشـوێنێك. واتـە راسـتەوخۆ نـاوی شـوێنەکە نەبۆتـە ناونیـشانی سـەرەکی دەق، بـەڵکو ناونیـشانەکە خـۆی لەخۆیـدا دەربـڕی شـوێنی رووداوەکەی لەئەسـتۆ گرتـووە. وەکـو لـە (موحاکمـەی مـام چـەوەندەر)ی گۆرانـدا، کەئاماژەدانە بەشوێنی دادگا.

ب - لەدوای ناونیشانی سەرەکی دەق و لەپێش دەستپێکردنی رووداودا شـوێن دەستنیشانکراوە. ئەمەش بەدوو شێوە بووە:

١- بەهۆی بەکارهێنانی پـەیڤی شـوێن لەگـەڵ (:) دا بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ. گۆران لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی یاران)دا بۆ یەکـەمجار شـوێن بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ

---

[1] - سەباح ئیسماعیل، چەمك و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، ل ٤١.

[2] - پەروین عەبدوللا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، ل ٦٨.

دیاری دەکات و راستەوخۆ لەژێر ناونیشانی ئۆپەرێتەکە سەرنجی خوێنەر بۆ شوێن دەگوازێتەوە:

**شوێن: سەرچاوەیەك لەبن سێبەری كۆمەڵە دەرخێتكا، لەدێیەكی بنار شاخ. پلووسكێكی دارین لە كەلچەكە بەردێكی بەرزەوە ئاوێكی زۆری لێ دێتە خوار.**

(دیوانی گۆران، ل٢٥٧)

٢ـ لەرێگای رستەیەکی پەخشانئامێز کەلەناو جووتە کەوانەدا دادەنرێت و کات وشوێن بەیەکەوە دیاری دەکرێن. کامەران موکری لە ئۆپەرێتی (دڵداری کوڕە شوان)دا، ئەم شێوازەی بەکارهێناوە:

(**كات دەمەو بەیانە و سەرەتای بەهاری بەهاداری پڕ ئەفسوون و دڵداری، شوێن میرغوزارێكە مەڵبەندی یاری)** (هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، ل٣٢٩)

ج ـ لەدوای ناونیشانی بەشەکانی نێو دەقەکە شوێن ئاماژەی بۆ کراوە ئەمەش لەرێگای دووشێوازەوە:

١ـ راستەوخۆ دوای دەستەواژەی ژمارەی بەشەکانەوە شوێنی بەشەکە دیاریکراوە. وەکو لە ( ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات)دا بەکارهاتووە:

**بەشی دووەم**

**دیمەن: كۆلیتەكەی ماڵی ئۆمەرە پاش یەك مانگ لەبرینداری ئۆمەر. ئۆمەر بەهەموو جۆر نایەوێ خۆی بەردەس جەندرمە خوێنرێژە توركەكان بدات.**

(شانۆی کوردستان، ل١٩)

٢ـ یاخود ژمارەی بەشەکە خاوەن ناونیشانێکی لاوەکی بووە و شوێنی بەشەکەش دوای ئەو ناونیشانە لاوەکییە دەستنیشانکراوە، وەکو لە ئۆپەرێتی (شیرین و شەفی)دا بەکارهاتووە:

**بەندی دووەم:**

**جەنگانی دڵ**

**شوێن : ژوورێك لە تەلاری باوكی شیرین..** (شانۆی کوردستان، ل٧١)

د ـ بەهۆی راگرتنی رەوتی رووداو و شوێن دەستنیشان کراوە. بۆ نموونە گۆران لەیەکەم ئۆپەرێتیدا (گوڵی خوێناوی) رەوتی رووداو دەوستێنێت بۆ ئەوەی

شوێن دیاری بکات، کاتێك بەهۆی دوو کەوانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەشێوەی رستەیەکی پەخشان ئامێزدا ئاماژەی بۆ دەکات:

( **بەرە بەرە لەدێ دوور کەوتەوە**)                    (دیوانی گۆران، ل٤٨)

لێرەدا رووداو وەستاوەو چەقی بابەتەکە گرنگیدانە بەدەستنیشانکردنی شوێنی رووداوەکە.

هـ - لەگەڵ ناوی کەسایەتییەکاندا شوێن دەستنیشانکراوە. بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (ئاهەنگێك لە ناو ڕان)دا شوێن هەر لەسەرەتاوە و لەگەڵ ناوی کەسایەتیدا، سەربەخۆ دیاریکراوە :

**رێبوار(بەلای ڕانا تێئەپەڕێ نزیك بە مێرگی بەهار)**   (دیوانی گۆران، ل٦٧ )

و - لەگەڵ دیالۆگدا ئاماژە بەشوێن دراوە. بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (چوار وەرزی ساڵ)دا هاتووە:

**دەماڵم بەفری سەربان**
**کارو پیشەی من زستان**
**خزمەتی ئاژەڵ دەکەم**
**بەمە خۆم خۆشحاڵ دەکەم**                    (بەرهەمی خەبات، ل٣٢)

بەمشێوەیە تەکنیکەکانی شیعری شانۆیی لە پەیوەندییەکی بەردەوام و توندوتۆڵدانە و شوێنیش وەکو یەکێك لەو توخمانەی تەکنیك ڕۆڵێکی دیارو بەرچاو لەپانتایی دەقەکەدا دەگێڕێت.

**- دیالۆگ:**

یەکێك لە تایبەتمەندە هەر دیارەکانی شیعری شانۆیی، دیالۆگە، کە بەهۆیەوە لەتەواوی ژانرەکانی دیکە جیادەبێتەوە و پێی دەناسرێتەوە، بۆیە دیالۆگ وەکو تەکنیکێك بە بڕبڕەی پشتی شیعری شانۆیی لەقەڵەم دەدرێت و تا ئەمڕۆش بە یەکێك لە توخمە سەرەکییەکانی ئەو هونەرە ئەدەبییە دادەنرێت، چونکە ((دایەلۆگ بووە بەیەکێك لەبنەما هەرە گرنگەکانی شانۆ و دەورێکی بنەڕەتی

پێدراوه له فراوانکردنی پلۆت و گەشەکردنی ناوەڕۆك و دیاریکردنی ڕەوتــی رووداو و ناسینی کارەکتەرەکانی شانۆدا)) [1] .

ئەگەرچیش دیـالۆگ وەکـو یەکەیـەکی گرنگـی تـەکنیك لـه ژانرەکـانی دیکـەی وەکـو داسـتان و چـیرۆك و کورتـه چـیرۆك و رۆمانـدا رۆڵـی گێـڕاوه،((بـەڵام هیـچیان بەهێندەی دراما وەك رەگەزی سەرەکی تێیاندا کار ناکات)) [2] و نەبوونەته بنـچینەی پێکهێنان و دامەزراندنی دەق، بۆیه(( دەڵێن گەر شـانۆ گەنجینەیـەکی داخـراو بێـت، ئەوا گفتوگۆ کلیلی کردنەوەی دەرگای ئەو گەنجینەیەیه))[3]. ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی دیـالۆگ زیندوویــەتی بــه دەق دەبەخــشێت و لــەژیانی راســتەقینەی مرۆڤــی نزیــك دەکاتەوه، بەشێوەیەك که دەقێکی شیعری شانۆیی دەخوێنیتەوه، هەستێکی وا لەلا دروست دەبێت، که کەسایەتییەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی نمایشی رووداوەکەت بـۆ دەکەن و مەبەستەکەت پێ دەگەیەنن، چونکه دیـالۆگ ئـامرازێکی گەیاندنـه لـەنێوان ئەکتەر و بینەردا و بەهۆیەوه ئەکتەر زانیارییەکانی لای خۆی به بینـەر دەبەخـشێت. ئەو وەرگرتنەش لەشیعری شانۆییدا، لەدوو توێی دیالۆگدا مەیسەر دەبێت و به بینەر دەگـات و وای لێـدەکات ((نمـایش بـەواقیع بزانـێ، هـەر چـەنده هـەرگیز وێنەیـەکی فۆتـۆگرافی واقیعەکـه نییـه)) [4]، بـەڵکو دەقێکـی خەیاڵییــه و شــاعیر دایهێنــاوه و هەرگیز دەقاودەق له جیهانی راستەقینه ناچێت.

یــەکێك لەخەســڵەته هــەره ســەرەکییەکانی دیــالۆگ ئەوەیــه کــه زمــانی کەسایەتییەکانەو (( له ئاخاڤتنی کەسەوەش، دەتـوانین هـەموو شـتێك بـزانین))[5] . بۆیه هەر ئەو خەسڵەتەشه تایبەتمەندی پێبەخـشیوه و لـەزمانی گێڕانـەوەی جـودای کردۆتەوه، چونکه((زمانی گێڕانەوه خودی نووسەره، کەچی زمـانی دیـالۆگ، زمـانی کارەکتەرەکانه. لەبواری گێڕانەوەدا دەکرێت رازانەوەو سەنعەتکاری پەسند بکرێـت،

---

[1] - د. نەجم خالد نجم الدین، تەکنیکی دایەلۆگ لەهەنـدێ نموونـەی هاوچـەرخی کورتـه چـیرۆکی کوردیـدا، گۆڤـاری(زانکـۆ)، ژماره(٢٤)، نیسانی ٢٠٠٥، ل٢٨٣.

[2] - یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی. ل ١٠٤.

[3] - ئازاد بەرزنجی، سەبارەت به تەکنیکی نووسینی شانۆیی، ل٢١.

[4] - یاسین قادر بەرزنجی، هونەری دراما، ل ١٧.

[5] - د. عزالدین اسماعیل، الأدب وفنونه، ص٢٤٨.

هـەروەها ئـەم شـتە جـوان و بەکەڵکـە، بـەڵام لـەبواری دیالۆگـدا دەخوازێـت زمـانی کارەکتەر لەگەڵ ئەو دەورەی پێی سپێردراوە گونجاو بێت))[1].

دیـالۆگ لـەناو دەقـدا، تـەنیا بریتیـی نییـە لـە چـەند وشـە و رسـتە ودەسـتەواژەیەك، کـە لەچوارچـێوەیەکی زمانـەوانی و هونەرییـدا رێکخـرابن، بـەڵکو یەکێکـە لـەگرنگترین ئامرازەکـانی دەسـتی شـاعیر، بۆیـە زمـانی دیـالۆگ پێویـستە زمـانێکی سـادەو سـاکار بێـت و بەئاسـانی مەبەسـت و ئامانجەکـە بگەیـەنێت. بـەو واتایـەی دەبـێ زمـانێکی هێنـدە ئەفـسووناوی نـەبێت کـە وا لەخوێنـەر بکـات بـۆ لێکدانـەوە و راڤـەکردنی. پـەنا بـۆ بـەکارهێنانی فەرهـەنگ ببـات. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێت، کە زمـانی دیـالۆگ لـە شـیعری شـانۆییدا بەشـێوەیەك بێـت لەلایەکـەوە تەمومژی لەخۆ نەگرێت و سادەو رەوان بێت، لەلایەکی دیکەشەوە لە زمـانی ئاسـایی و گفتوگۆی رۆژانەی خەڵکی دوور بکەوێتەوە و لەبۆتەیەکی هونـەری سـەرەنجڕاکیش رێکخرابێت، چونکە ((زمانی دیالۆگی درامـی، زمـانێکی سـادەو روونـە، بـەڵام زمـانی رۆژانـە و گفتوگـۆی ئاسـایی زمـانێکی تێکـەڵاوە، لـەرووی یاسـاکانی زمـان لەلایـەك. لەلایەکی تـرەوە بـێ سـەروبەری لـە واتاکانیـدا بەدەردەکـەوێت))[2] و گـەلێکجار بـێ مەبەسـت دەکەوێتـەوە. بۆیـە پێویـستە شـاعیر دیـالۆگ بەشـێوەیەکی سروشـتی بخاتەڕوو و لەهەمانکاتیشدا هەوڵ بـدات لـە قـالبێکی تۆکمـەی هونەریـدا دایبڕێـژێت. هەروەها لە زمانی ئاسایی رۆژانە دووری بخاتەوە، چونکە ((زمـانی دایـەلۆگ، گـەلێك جیاوازی لەگەڵ زمـانی دەرەوەی دەقـدا هەیـە، ئەگەرچـی وا بەخوێنـەر دەکـات کـە زیاتر متمانەی بەقسەکانی ناو دەقەکە هەبێت و بـەجۆرە قـسەیەکی مرۆیـی بزانێـت. ئەگەرچی لەڕاستیشدا وا نییە، دایەلۆگی نـاو دەق نەغمـەی نییـە، دەنـگ هـەڵبڕین و تەعبیری سەر روخسار و ئیـشارە و جوڵانـەوەی وردی ماسـولکەی لەگەڵـدا هاوکـات نییە، لەم جۆرە دایالۆگەدا قسە بەر قسە ناکەوێت و قسەبڕی تێدا نییە و ڕێ نادرێت

---

[1]- د. نەجم خالد نجم الدين، تەکنیکی دایەلۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، ل ٢٨٥.

[2]- پەروین عەبدوللا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، ل ٧٣.

قسه بەلایەکی تردا بچێت. هەروەها ڕێ بە زۆر بڵێیی بێ ئامانج نادات، چونکە بەخۆی ئامانجدارەو ڕاستەوخۆ مەبەستی دیاریکراو دەگەیەنێت))[1].

زمانی دیالۆگ لەشیعری شانۆییدا جیاوازی پلەو کەسێتی و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری کەسایەتییەکان دیار دەخات و بەرێگای ئەو زمانەشەوە خوێنەر تێبینی ململانێی نێوان کەسایەتییەکان دەکات، بۆیە پێویستە شاعیر زمانی دیالۆگ بەپێی گونجانی لەگەڵ ڕۆڵی کەسایەتییەکانی دابڕێژێت، بۆ نموونە لە (چیرۆکی دارفرۆش)دا کاردۆخی شاعیر بنەمای ڕووداوەکەی لەسەر گفتوگۆی نێوان دوو کەسایەتی دروستکردووە، کە یەکێکیان پیشەی دارفرۆشی دەکات و نەخوێندەوارە، ئەویدیکەشیان خوێندەوارە. شاعیر لەدامەزراندن و بنیاتنانی دیالۆگەکانیدا ڕەچاوی ئەو جیاوازییەی نێوان کەسایەتییەکانی کردووە و هەر یەکێکیان بەپێی تایبەتمەندی خۆی ئاستی لە دیالۆگدا دەستنیشانکردووە. کەسایەتی خوێندەوار بە زمانێك دەدوێت، کە زمانی کەسێکی ڕۆشنبیر و وشیارە. بۆ نموونە لە دیالۆگێکدا کەسایەتی دارفرۆش لە ڕۆڵی بێگانە وریا دەکاتەوە و دەڵێت:

**خوێندەوار، بە دار فرۆش:**

| | |
|---|---|
| **نەکەی براگیان دەست لەو پارە دەی** | **تۆ( بەپارەی ئەو) برا لە خۆت کەی** |
| **پارەت ئەداتێ، برات پێ ئەکوژێ** | **هەر بەم (پارانە) خوێنمان ئەمژێ** |

**(دیوانی کاردۆخی،ل٤٢)**

لێرەدا زمانی دیالۆگ ڕۆڵی خۆی بینیوە لە نێوان کارەکتەرەکاندا،چونکە (( لە دراماداا، زمانی کارەکتەرێك جیایە لە کارەکتەرەکانی تر، زمانی دکتۆرێك جیا دەبێت لە زمانی کرێکارێك))[2]. بۆیە دەبینین خوێندەوار بەزمانێك دیالۆگ بەڕێوەدەبات سەرەڕای قووڵی فیکری مەعریفی و ڕوانین بەچاوێکی زانستیانە بۆ ژیان و چارەسەرکردنی گرفتەکان، لەگەڵ ڕۆڵی خۆشی لە ژیانی واقیعیدا یەکدەگرێتەوە کەبریتییە لە وشیارکردنەوە و پەروەردەکردن و بەرەوپێشبردن و ڕێگاپیشاندان. کەچی دارفرۆش وەکو کەسایەتییەکی نەخوێندەوار زمانی دیالۆگەکانیشی

---

[1]- د. نەجم خالد نجم الدین، تەکنیکی دایەلۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، ل ٢٨٥.

[2]- پەروین عەبدوللا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، ل ٧٤.

ڕەنگدانەوەی ئاستی سنووورداری ڕۆشنبیری خۆی بووە، کە هەمیشە لەکلۆڵی و نەهامەتییدا ژیان دەگوزرێنێت. بەو پێیەش بەهۆی زمانی دیالۆگەوە جیاوازی ڕۆشنبیری و زانستی نێوان ئەو دوو کەسایەتییە دیارخراوە. دیالۆگیش لەم جۆرە بەرهەمانەدا ((خەسڵەتێکی فێرکاری هەیە لەبەر ئەوە دەبینین لەسەرجەم دیالۆگەکانیشدا هەمان ئەو خەسڵەتە بە زەقی خۆی دەنوێنێ)) [1] و بەهۆیەوەش هەمیشە کەسایەتی خوێندەوار، کەسایەتی دارفرۆشی ڕکێفی ژێر دەسەڵاتی خۆی کردووە و لەنێو ڕووداوەکاندا ئاراستەی دەکات.

دیالۆگ بەوپێیەی کە هەمیشە لەپانتایی دەقدا لەبزاڤێکی بەرفراوان و بەردەوامدایە و هەرگیز چەسپاوی و نەگۆڕی بەخۆیەوە نابینێت. بۆیە وەکو توخمێکی بنچینەیی پەیوەندییەکی تۆکمەو پتەوی هەیە بە جۆرەکانی دیکەی تەکنیکەوە و بە ((جەستەی سەرەکی دراما لە قەڵەم دەردێت)) [2] و بەهۆی ئەوەشەوە چەندین ئەرك و فرمان بەجێ دەگەیەنێت. لەگرنگترین ئەو ئەرك و فەرمانانەش، گەشەکردن بە ڕووداو و ناساندن و پێناسەکردنی کەسایەتی و دەستنیشانکردنی کات و شوێنە. لەم سۆنگەیەوە دیالۆگ زیندوویەتی بەڕووداوەکان دەبەخشێت . لەهەمانکاتیشدا بەپێی پێویستی و شیانەوە کەسایەتییەکان لەنێو ڕووداودا جیا دەکاتەوە و ناسنامەیان پێدەبەخشێ و ڕۆڵ و هەڵوێستی هەر یەکێکیشیان ڕوون دەکاتەوە. بەوهۆیەشەوە لەگێڕانەوەی ڕووداوەکاندا خوێنەر بێزار نابێت. لەبنەڕەتیشدا دیالۆگ گوزارشتکردنە لەکردار و ڕووداوە درامییەکان، بۆیە ((گونجاوترین ڕێگەیە بۆ گەیاندنی وەسفی و شیکاری و هەواڵ بۆ دیمەن)) [3] و بەهۆیەوە گەشەکردن و پەرەسەندنێك بە بابەتی ڕووداوەکە دەدات، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو مەبەست و ئامانجانەی، کە شاعیر ئارەزووی دەکات. لەبەر ئەوەشە دیالۆگ لە شیعری شانۆییدا لەپەیوەندییەکی پتەودایە بە گۆشەنیگای شاعیرەوە، چونکە بەهۆیەوە گوزارشت لە خودی خۆی دەکات. بۆیە شاعیر تەنیا لەڕێگای دامەزراندنی

---

[1]- د. نەجم خالد نجم الدین، تەکنیکی دایەلۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، ل ٣٠٢.

[2]- د. رضا عبدالغني الكساسبة، التشكيل الدرامي في مسرح شوقى، ص٣٨٠.

[3]- د. نەجم خالد نجم الدین، تەکنیکی دایەلۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، ل ٢٨٧.

دیالۆگـــەوە، پــەیامی خــۆی ئاراســتەی دەرەوەی دەق دەکــات و مەبەســت و ئامانجەکانیشی رادەگەیەنێت.

لەم روانگەیـەوە لـە قۆنـاغی یەکـەمی شـیعری شـانۆیی کوردیـدا، دیـالۆگ بایـەخی پێـدراوە و پێگـە و پایـەی دیـاری خـۆی وەرگرتـووە. شـاعیران لـەڕێگای دیالۆگەوە بابـەتی رووداوەکانیـان دارشـتووە و مەبەسـت و ئامانجـەکانی خۆیانیـان خستۆتەڕوو. لەهەمانکاتیـشدا بیروبـاوەڕی خۆیـان ئاشـکراکردووە، چـونکە شـاعیر ((دەتوانێت لەرێی دایەلۆگی کارەکتەرەکانیەوە گوزراشت لە ئایدلۆجیا و بیروباوەڕی خــۆی بکــات)) [1] و هەڵوێــستی ئایــدلۆژی خــۆی لەمــەڕ رووداوە سیاســی و کۆمەڵایەتییــەکان رابگەیــەنێت. بۆنموونــە گــۆرانی شــاعیر لەشــیعری شــانۆیی (شۆڕشــگێر)دا، لــەڕێگای دیالۆگــەوە رەهەنــدی ئایــدلۆژی خــۆی لــەزاری کەسایەتییەکانەوە دەخاتەڕوو:

**لەپشتەوە شەپقەزلێك وەستابوو،**
(**ئەو چاو زەقە دزی نەوت و خورما بوو!**)
**ڕووی هاوخەمیی گێڕا بەخزمانا گشت**
**وتی: هەی داخ! نازانن کێ گەورەی کوشت؟**
**یاساوڵە کەتەکەی ژێر ئاڵای سوور**
**کە چەقیوە وەك میل لەسەر ئاسۆی دوور**
**ئەو تەقەی کرد و کوشتی**
**ئەم خوێنە هەر ئەو ڕشتی!** ( دیوانی گۆران، ل٢١٨)

لەم دیالۆگەدا شاعیر ئایدۆلۆژیای تایبەتی خۆی ئاشکراکردووە، کە ئایدلۆژیای چەپە و هەڵوێستی خۆی لەبەرامبەر شۆڕشی (١٤)ی تەمموز روونکردۆتـەوە. ئـەویش لەرێگای ئەو وتانـەی، کـە لـەنێو دووکەوانـەدا دانـاوە وتێیـدا تـاوانی سـەرمایەداری روونـدەکاتەوە کە هێمای (شەپقەزلێك)ی بۆ داناوە وبەهۆیەی ئـەو تاوانانـەوە کەوتـە بـەر شـەپۆلی تـوورەیی خـەڵك و لـەناوبردرا. لەهەمانکاتیـشدا بـەهۆی بـەکارهێنانی هێمای (ئاڵای سوور)ییشەوە پشتگیری لە خەبات و بەرخودانی چەپخوازان دەکـات،

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٢٨٨.

که رابەرایەتی ئەو شۆڕشە جەماوەرییەیان کرد و کۆتاییان بە دسەڵاتی ئیمپریالیزم هێنا، بۆیە دەبینین شاعیران لەم قۆناغەدا لەڕێگەی دامەزراندن و بیناتنانی دیالۆگەکانیانەوە سیما و خەسڵەتی رۆمانسی یاخود ریالیزمی یاخود مێژووییان بە دەقەکانیان بەخشیووە. بەهۆی ئەوەشەوە کۆمەڵێك بیروڕا و رەخنەی تایبەتی خۆیان لەبارەی بوارەکانی ژیاری کۆمەڵگەیان خستۆتەڕوو. بەشێك لەو دیالۆگانەش، بەتایبەتی ئۆپەرێتەکان بۆ ئەوە داڕێژراون بەگۆرانی لەسەر شانۆ بگوترێنەوە. بەشێوەیەکی گشتی لە بەرهەمەکانی ئەم قۆناغەدا شاعیران پەنایان بۆ تێکستێکی شانۆیی ئاسایی نەبردووە، بەڵکو دیالۆگەکانیان لەچەند کۆپلە شیعرێك پێکهاتووە کە((ئەو پارچە شیعرە لێکدراوانەش بەشێوەیەك هەڵبژێردراون که لە قەسیدەیەکی یەکگرتووی سەربەخۆ بچن، بەیەك ناوەرۆك و یەك ئامانج بەخۆیانەوە هەڵدەگرن))[1]. ئەو دیالۆگانە لەهەندێك بەرهەمدا رووداوەکانیان لەنێوان تەنیا دوو کاراکتەر دایە. وەکو لە بەرهەمەکانی (گوڵی خوێناوی ، ئاهەنگێك لەناو ڕان، نەسرین) و لەهەندێك بەرهەمیشدا زیاتر لە دەنگێك دەبینین کە دیالۆگەکەیان بەسەردا دابەشکراوە وەکو لە بەرهەمەکانی (ئەنجامی یاران، ئینتیباه ، ئەنجامی ئەژدەهاك، خوشك و برایەك، چوار وەرزی ساڵ ...تاد)دا.

جیا لەمانەش دیالۆگ کەسایەتییەکانی دەق دەخاتە بەر تیشکی رووناکی ناسنامەیان دەستنیشان دەکات، چونکە کەسایەتی لەناو دەقدا، تەنیا لەرێگای دیالۆگەوە دەتوانێت دەنگ و رەنگی خۆی رابگەیەنێت و لەبارەی بابەتی رووداوەکە بدوێت، بۆیە ((دیالۆگ دەبێت ئەو ئەرکە لەئەستۆ بگرێ کاراکتەر بەخوێنەر یان بەبینەر بناسێنێ، ئیتر لەسەر زاری خودی کاراکتەر خۆیەوە بێت لەو کاتەی لەخۆی دەدوێت، یان لەسەر زاری کاراکتەرەکانی ترەوە بێت کە لەوەسفی ئەودا دەبن. دیالۆگی دراما کاراکتەر ئاشکرا دەکات و قۆناغەکانی گەشەسەندنی دەناسێنێ، ئەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دیالۆگی دراما))[2] و شاعیریش لەو رێگەیەوە هەڵکەوتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کەسایەتییەکانی پیشان دەدات و

[1]- حەیدەر عەبدولرەحمان ، چەپکێ رەخنەی شانۆیی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧. ل١٣.

[2]- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی . ل ١٠٥.

دەیکاتە بنچینەیەك بۆ رۆنانی رووداوی بابەتەکەی. واتە دیالۆگ دەبێتە زمانحاڵی کەسایەتی و رەهەند و مەوداکانی سیاسی وکۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی دیار دەخات، چونکە ((لەدرامادا باش بەکارهێنانی هونەرەکانی دیالۆگ، دەبێتە هۆی چاکتر ناسینی کەسەکان و زووتر تێگەیشتن لەبابەتەکە)) [1]، بۆیە دیالۆگ بەشێوەیەك پەیوەستە بە کەسایەتی، کە لەناو پانتایی دەقدا بوونیان لە قالبێکی ماددی هەستپێکردا بەرجەستە بکات. لەهەمانکاتیشدا پردێکی گەێنەریشە بە خوێنەر کە لەرێگای دیالۆگەوە کەسایەتییەکان دەناسێت و رەهەند و مەوداکانی ئەو کەسایەتییانەی بۆ روون دەبێتەوە. هەروەها بەهۆی دیالۆگەوە شاعیر دەتوانێت باس لە پێکهاتەی جوگرافی و سروشتی و ژینگەیی کەسایەتییەکانمان بۆ بکات و بەهۆیەوە رابردووی کەسایەتییەکان و باری چینایەتییان بە خوێنەر بگەیەنێت. بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (چوار وەرزی ساڵ)دا، هەوری شاعیر دیالۆگی کردۆتە بنکەیەك بۆ ناساندنی یەك بە یەکی کەسایەتی وەرزەکانی ساڵ و خوێنەر لەرێگای دیالۆگی ئەو کەسایەتییانەوە شارەزایی لە جۆری بیرکردنەوە و کار و پیشەو ژینگە و سروشت و باری چینایەتی ئەوانی بۆ دەردەکەوێت. بۆ نموونە لەرێگای ئەم دیالۆگەوە ئاشنای رەهەندە کۆمەڵایەتی ودەروونییەکانی کەسایەتی جوتیار دەبین:

| | |
|---|---|
| **جوتیار: من جوتیاری وڵاتم** | **پانیرە وەختە هاتم** |
| **بەمانگ زیاتر پێش پەڵە** | **ورد لەسەرخۆ بیٚ هەڵە** |
| **تفاقی جووت هەڵدەگرم** | **ریٚ بۆ وەردەکەم دەگرم** |
| **بانە دەبڕم تاك و جوت** | **تۆ و دەچێنم رۆژە جووت** |
| **بەهو هو ئەرز دەکێڵم** | **خەفەت لەویٚ جیٚ دێڵم** |
| **ئەوسا روو دەکەمە خوا** | **تاکوو پەلەی لیٚ ئەدا** |
| **هەوجارەکەو .... مژانم** | **نەقیزەکەی ... سەرشانم** |
| **چاکتر لەشیر وتیرە** | **بۆ بەرزی نیشتمانم** |

( بەرهەمی خەبات،ل ٣١)

---

[1]- تاهیر بەکر حوسێن، توخمەکانی دراما لە شانۆگەرییەکانی ( ئەمینی میرزا کەریم)دا، ل ١٢٨.

لێرەدا شاعیر دەیەوێت لەرێگای دیالۆگەوە، ناسنامەی کەسایەتییەکان و مەوداو رهەندەکانیان دیاری بکات و رادەی ئاست و روانین و تێگەیشتنیان پیشان بدات. دیالۆگ بەشێوەیەکی گشتی چەند جۆرێکی هەیە، لێرەدا بەپێی نموونەکانی شیعری شانۆیی بەم جۆرەمان دابەشکردوون:

١ ـ دیالۆگی راستەوخۆ: بریتییە لەو دیالۆگەی کە (( بەنۆرە دوو کارەکتەر یان زیاتر لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا ـ یان کورتە چیرۆکێکدا ـ بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری تێدا دەکەن .. لەسەر بنەمای بیرۆکەی دیمەن دادەمەزرێت کە لەرێی ئەوەوە قسەی کارەکتەرەکان پێشکەش دەکرێت. زۆر جار ئەم دایەلۆگە لەرێی (پاڵەوان ـ چیرۆکگێڕەوە) راستەوخۆ پێشکەش دەکرێت، چونکە ئەم جۆرە کارەکتەرانە دوو دەور دەگێڕن. یەکەمیان دەوری کارەکتەرە و دوومیان دەوری چیرۆکگێڕەوەیە)) [1]. بەشێوەیەکی گشتی شاعیران بۆ دامەزراندن و بنیاتنانی دیالۆگەکانیان، پەنایان بۆ دیالۆگی راستەوخۆ بردووە. بۆیە لەزۆربەی بەرهەمەکانی شیعری شانۆیی ئەو قۆناغەدا، رووداوەکانی دەق لە نێوان چەند کەسایەتییەکەوە لەرێگای دیالۆگێکی راستەوخۆیەوە بەرێوە دەچێت و کەسایەتییەکان پێگە و ناسنامەی دیاریکراوی خۆیان هەیە و بەنۆرە یەك لەدوای ئەوی دیکە، دیالۆگ بەکاردەهێنێت و رووداو بەرەو پەرەسەندن و ترۆپك دەبەن. بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (دڵداری کوڕە شوان)دا، دیالۆگ بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەنێوان کەسایەتییەکاندا بەرێوەدەچێت و هەر یەکێکیان بەگوێرەی رۆڵی خۆی لەنێو رووداوەکەدا راستەوخۆ دیالۆگ بەکاردەهێنێت. وەك ئەو دیالۆگەی کە هەردوو پاڵەوانی ئۆپەرێتەکە راستەوخۆ ئاراستەی یەکتری دەکەن:

**نازەنین: گیانەکەم لاوی پاك شوانی دیدەکاڵ؟**

**کوا دەنگی گۆرانیت سۆزەی ناڵە ناڵ؟**

**بێنێتە شایی جەنگەڵی قەدپاڵ،**

**دوژمن بسوتێنێ و بیکا بە زووخاڵ؟**

---

[1]- د. نەجم خالد نجم الدین، تەکنیکی دایەلۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، ل ٣٠٦.

شوان: گیانەکەم نازەنین پۆلایی بڕوا،
چۆن وێرات بێیتە لام بیّ ترس و پەروا
ناترسی خەنجەری زۆرداری لەپڕ
برژێنیّ خوێنی دلّ لەناکاو بەخوڕ؟

( هونەری درامای رادیۆی کوردی،ل ٣٣١)

٢ ـ دیالۆگی ناراستەوخۆ: بریتییە لەو جۆرە دیالۆگەی کە شاعیر دیالۆگەکانی راستەوخۆ لە زاری کەسایەتییەکانەوە وەردەگرێت و دەیانگێڕێتەوە. واتە دەنگی شاعیر لەسەرووی دەنگی کەسایەتییەکانەو بەهۆی ئەو گێڕانەوەش ئێمە ناسنامە و رەهەند و مەوداکانی کەسایەتییەکانمان بۆ روون دەبێتەوە. هەروەها شاعیر دیالۆگی کەسایەتییەکانی لە زەمەنێکی رابردووەوە دەهێنێت و لەنێو زەمەنی ئێستایی دەقدا دووبارە بنیاتیان دەنێتەوە، ((بۆیە ناوەڕۆکی دایەلۆگ پەیوەندی بە ڕابردووەوە دەبێت و هەمیشە لەو زەمەنەوە وەردەگیریّ و لەکاتی ئێستای گێڕانەوەدا، چیرۆکگێڕ دەیانخاتە ناو دەقەگێڕاوەکەوە. بەمەش هەستی ئێستایی وەردەگرن و خوێنەر وا دەزانیّ کە ئێستا قسەکان دەکرێن و کارەکتەرەکان لە زەمەنی ئێستادا ئاخاوتن دەکەن)) [1]. ئەم جۆرە تەکنیکە بۆ دامەزراندنی دیالۆگ کەمتر لە لایەن شاعیرانی ئەم قۆناغەدا ئاوڕی لێدراوەتەوە. بەکارهێنانیشی لە دوو شێوەدا خۆی نواندووە:

أ ـ شاعیر لەرێی بەکارهێنانی (( وشەو دەستەواژەی (وتی ، پرسی، وتیان، ئەو وتی، ...هتد) دەقاودەق قسەی کارەکتەرەکان وەردەگریّ و وەکو خۆیان دەیانگێڕێتەوە)) [2]. گۆرانی شاعیر لە بەرهەمەکەی خۆیدا بەناوی (شۆرشگێڕ) ئەم جۆرە تەکنیکەی بەکارهێناوە و کەسایەتییەکانی لەزەمەنێکی رابردوودا وەرگرتووە ولەرێگای بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی (وتی، وتیان) لەزەمەنی ئێستادا، هەلّوێستیان لەبارەی رووداوی شۆڕشی (١٤)ی تەممووزدا ڕووندەکاتەوە:

---

[1] - هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٨.

[2] - هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٨.

**وەرگنێکی کۆنە حاکم هاتەڕوو،**
**وتی: (گەورە) دز بوو، بۆیە زوو تیا چوو!**
**سەرەك پۆلیس ، بەسرکە،**
**پێشانی دا کە چاو بۆ کوێر بەکەڵکە..**
**کوێر نەبوایە نەئەمرد!**
**بازرگان دەستی پێکرد،**
**وتی: گەورەم ، هەر تەماعی زۆر کوشتی،**
**تەماع دای لە ئەرز پشتی!** (دیوانی گۆران، ل٢١٧)

ئـەم دیالۆگـە ناڕاسـتەوخۆیانە گوزارشـت لـە بـێ کـەڵکی و نـەزانینی ئـەو کەسایەتییانە دەکـەن، کـە نۆکـەری سـەرمایەدارین و لەهەمانکاتیـشدا گۆشـەنیگای شاعیر دەردەبڕن لەوەی کە ئەو کەسایەتییانە تێکدەر و مشەخۆرن و کاریگـەرییان لەسەر شێواندنی کۆمەڵگە هەیە و ئەوەش هۆکاری لەناوبردنی گەورەکەیان بووە، کە لە پەنای ئەو خۆیان داڵدەداوە.

ب ـ راستەوخۆ لەلایەن شـاعیرەوە رووداو و کەسـایەتییەکان پێـشکەشکراون ( (بێ ئەوەی ئەو وشانە بخرێنە پێش دەست پێکردنی پرۆسەی قـسەکردنەکەوە))[1] . بەواتا بێ بوونی هیچ راناوێکی وەکو (وتی، وتیـان .... هتـد) راسـتەوخۆ کەسـایەتی ورووداو خراونەتەڕوو. شـاعیر بـۆ ئەمـە زیـاتر کـەڵکی لـە گێڕانـەوە وەرگرتـووە. لـە هەمانکاتیشدا ئەو جۆرە دەقانە، هەرچـەندە هێڵـی درامیـشیان تێـدا بـەهێزە، بـەڵام زیـاتر سـیمایەکی لیریکییـان هەیـە و رووداو و کەسـایەتییەکان لـەرێگای دەنگـی شـاعیرەوە دەخرێنـەڕوو. لەنموونـەی ئـەم جـۆرە تەکنیکـەش، هـەردوو دەقـی (قوتابخانەی کوردستان)ی شێخ سەلام و (نەسرین) بێکەسی شاعیرن، کەتیایاندا بێ بوونی هیچ وشەو دەستەواژەیەك راستەوخۆ رووداو و کەسـایەتییەکان لـە پێکهاتـەی دیالۆگدا پیشان دراون. بۆ نموونە شێخ سەلامی شاعیر لە (قوتابخانـەی کوردسـتان) لەرێگای گێڕانەوەوە دیالۆگی بنیاتناوە. بەمشێوەیە:

---

[1]- هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٨.

**( نیفاق) ئەفەندی، حازر ئەفەندم**

**(ئیتفاق) کوانیێ؟ چوو بۆ جەهەنەم**

**(درۆ)و (دەلەسە) قوربان حازرین**

**هەردووکمان لێرەین ئێمە داخڵێن**

**(راستی) و(سەداقەت) میرم دوو بران**

**یەکێ بە دوو ساڵ پار مەحکووم کران**

(دیوانی شێخ سەلام، ل١٣٠)

لەم دیالۆگە ناراستەوخۆیانەدا گۆشەنیگای شاعیر بەتەواوەتی بەسەر دیالۆگی نێوان کەسایەتییەکان زاڵبووە و هەر خۆشی رووداو بەرێوەدەبات و دەخالەتی ژیانیان دەکات و بەویست و مەبەستی خۆی لەناو دەقدا ئاراستەیان دەکات.

لەدامەزراندنی دیالۆگ و ئاراستەکردنی بۆ کەسی بەرامبەردا شاعیران چەند شێوازێکیان پەیرەو کردووە:

أ ـ بەبەکارهێنانی شێوەی ئاسایی و باو بەوەی، کە کەسایەتییەکانی بابەتەکە ئاڵوگۆڕی دیالۆگەکان دەکەن و لەسەرەتای هەر دیالۆگێکیشدا ناوی کەسایەتییەکە بەدانانی (:) دا هاتووە، بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (سەرکەوتنی بەهار)دا هاتووە:

**پەپوولە: من باڵدارێکی جوانم**

**بەخۆشیم ، شادمانم**

**ئێسك سوك، رەنگاورەنگم**

**نەرمۆڵەم و بێ دەنگم ....** ( شانۆی کوردستان، ل٩٧)

ب ـ جگە لەدەستنیشانی ناوی ئەو کەسایەتییەی کە دیالۆگ دەکەن، لەهەمانکاتیشدا ناوی ئەو کەسایەتیش دیاری دەکرێت، کە دیالۆگی ئاراستە کراوە. واتە دەستنیشانی ئاراستەی دیالۆگ بۆ ئەوی بەرامبەر کراوە. ئەم شێوازەش لەلایەن کاردۆخی شاعیر لە هەر دوو بەرهەمەکەی (چیرۆکی دارفرۆش ، ئامۆژگاری)دا پەیرەو کراوە. بۆ نموونە لە(ئامۆژگاری) دا ئاراستەی دیالۆگ بەمشێوەیە بۆ کەسی بەرامبەر دیاریکراوە:

**قوتابی چوارەم : بەمامۆستاکەی:.**

**مامۆستای بەڕێز زانا وتوانا**

**چی بکەم چاکە، من لە ژیانا؟**

**بە ئامۆژگاریت، تۆ بمکە خەلات**

**تا پەیڕەویت کەم لەگشت وەخت و کات** (دیوانی کاردۆخی، ل٨٩)

ج ـ سەرەڕای ئەوەی کە ناوی کەسایەتی هاتووەو دەستنیشانی ئەو کەسایەتیش کراوە، کە دیالۆگی ئاراستە دەکرێت. کەچی شاعیر لەگەڵ دەستپێکی دیالۆگدا، حاڵەت و هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی ئەو کەسایەتییەی کەدیالۆگ ئاراستەی بەرامبەرەکانی دەکات لەناو دوو کەوانەدا ( ) لە چوارچێوەی رستەیەکدا ڕووندەکاتەوە. زەکی ئەحمەد هەناری لە (دوارۆژی دەئاکی زۆردار یان سەرەنجامی زۆردارێك)دا، ئەم شێوازە پەیڕەو دەکات:

**<u>شا دەئاك:</u> ( کوخەیێکی بڵندی دێتێ، روو ئەکاتە ئازاد و دانیشتوان و ئەڵێ):**

**هۆش و زۆرزانی ئازاد ئەناسم**

**لەلێك دانەوەی وشەی ئەو کاسم**

**لەرێی گەل ئەدوێ هەر جار هەڵستی**

**ئەترسێم باوەڕی پەلەی ببەستێ ....**

(دوارۆژی دەئاکی زۆردار ، ل٢٧)

بەمشێوەیە دیالۆگی شیعری شانۆیی لەم قۆناغەدا لەلایەکەوە گۆشەنیگایەك بووە بۆ خودی شاعیر و دەربڕی مەبەستەکانی بووە و دەروازەیەك بوو بۆ ناساندنی کەسایەتییەکانی. لەلایەکی دیکەشەوە وێستگەیەك بووە کردار و رووداوەکانیان تێدا بەرجەستەکراون و بەرەو پەرەسەندن و ترۆپك گەیەندراون، بەمەش دیالۆگ بووە بە فاکتەرێك بۆ پتەوبوون و تۆکمەیی دەقی بەرهەمەکان.

**ـ مەنەلۆگ:**

ئەرکی مەنەلۆگ لەناو دەقدا هەروەکو دیالۆگ گەیاندنی زانیارییە. ئەو زانیارییانەی تایبەتن بە کەسایەتی و رووداو و کات و شوێنەوە، بەڵام لەوکاتەدا

مەنەلۆگ دەست بە چالاکی و بزاڤ دەکات، کە دیالۆگ نەتوانێت ئەو ئەرکانە بەجێ بگەیەنێت ((مەنەلۆگ لەوکاتەدا لەدایك دەبێت، کە دیالۆگ نەتوانێت گوزارشت لە زمان و باری دەروونی ناخەپەنگ خواردووەکەی کارەکتەر و نووسەرەکە بکات))[1]. بەو واتایەی دیالۆگ لەبەرامبەر دۆخێکی دیاریکراودا دەستەوەستان دەبێت و توانای دەربڕینی نامێنێت.

لەمبارەیەوەش چ خودی شاعیر و چ ئەو کەسایەتییانەی، کە لەنێو دەقدا خولقاندوویەتی لەهەندێك ساتەوەختدا دیالۆگ ناتوانێت هزرو ناوەرۆکی دەروونیان بخاتەڕوو، چونکە(( ئەگەر مرۆڤ لەلایەك هەوڵی ئەوە بدا ڕوانین و بۆچوونەکانی بەهەر شێوەیەك بێت دەربڕێ ئەوا لەلایەکی دیکەدا بەشێك لەو ڕوانین و بۆچوونانە بە شاراوەیی لەلای خۆی دێڵێتەوە وگوزارشتیان لێ ناکا)) [2] و ئەرکی گوزارشتکردنیش لەو بۆچوونە شاراوانە دەکەوێتە سەر مەنەلۆگ. ئەمەش رووی جیاوازی لەنێوان دیالۆگ و مەنەلۆگ پێکدەهێنێت، بەوەی دیالۆگ هەمیشە لەنێوان دووکەسایەتی دەبێت و دەمەتەقێی نێوانیان و وەڵامدانەوەیان دوو تویێی ئەو زانیارییانە پێکدەهێنن، کە شاعیر لەناو دەقدا ئاراستەی دەرەوەیان دەکات. واتە((هەمیشە لەنێو ئەو واتایەدا پرسیارێك هەیە، خواستنی وەڵامێك، یان پێشبینیکردنی وەڵامێك لە ئارادایە، بۆیە لەوێ هەمیشە دوو خود بوونیان هەیە (ئەمەش نزمترین ڕادەیەی سنووری دیالۆگە))) [3] بەو واتایەی سنووری دیالۆگ لە پێکهاتەیەکی سادەدا لەهێڵێکی دوو سەرەدا کۆتایی پێ دێت، کە لەهەر سەرێکدا کەسایەتییەك بوونی ئاشکرای خۆی هەیە و بەشدارە لە گفتوگۆکردندا. بەپێچەوانەوە مەنەلۆگ پەیوەستە بە کەسایەتییەکی دیاریکراو، کە بێ چاوەڕوانکردنی وەڵامی کەسایەتی بەرامبەر بەناو ناخ و ژوورە تاریکەکانی دەروونی ئەو کەسایەتییەدا شۆڕ دەبێتەوە و لەوێوەوە زانیارییە نهێنییەکان بەدەست دەخات و ئاشکرایان دەکات و

---

[1] - پەروین عەبدوللا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، ل ٨١.

[2] - عومەر میراودەلی، زمانی دەق، ل١٨.

[3] - تزفیتان تودورف، المبدأ الحواري، دراسة في فکر میخائیل باختین، ت: فخری صالح، دار الشؤون الثقافية، الطبعة الأولي، بغداد ـ العراق، ١٩٩٢، ص٣٦.

ئاراستەی ناو پانتایی دەقیان دەکات. ئەو ساتانەش بەراستگۆترین ساتەکانی دەربڕینی کەسایەتی لەقەڵەم دەدرێت کەبۆخۆی لەگەڵ خۆیدا، یان لەگەڵ هێزێکی نادیار گفتوگۆ دەکات. بەم پێیەش مەنەلۆگ (( ئاخاوتنێکی دەروونی داخراوە، گوزارشت لە هەڵچوون و تێکچوون و شڵەژانی دەروونی کارەکتەر دەکات کە لەژێر کاریگەری رووداوەکانی ناو ژینگەی دەقەکە، یاخود لە مەیدانی ململانێی نێوان کارەکتەرەکاندا دروست دەبن)) [1] .

ئەو باری هەڵچوون و شڵەژانەش پەیوەندییان بەخودی بابەت و رووداوی ناو دەقەکەوە هەیە. بەو واتایەی مەنەلۆگ دیوی ناوەوەی کەسایەتی دەخاتەڕوو (( واتە دیوی نەستی، هەروەها رێگای هاتنە دەرەوەی ئەو ویستانەشە بەرەو دیوی هەستی)) [2]، کە لەلای کەسایەتییەکانی دیکە شاراوەیە و بەرچاو نییە. بەم پێیەش شاعیر بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ پەیوەندی بە خوێنەرەوە دەکات و زانیارییەکانی پێدەگەیەنێت و((خوێنەر لەدەروونی کەسێکدا کە گوایە لەگەڵ خۆی دەدوێت، جێگیر دەکات، مانای هەست بەو کارانەی ئەنجامیان دەدات و ئەو رووداوانەی بەسەر ئەودا تێدەپەڕن ناکات، مەگەر بە ئامادەبوونی خۆی راستەوخۆ لەرەوتی زەینی ئەودا. نە بەو مانایەی بیری ئەو بخوێنێتەوە(وەك چۆن رۆژنامە دەخوێنێتەوە) بەڵکو بەو مانایەی لەناو بیرو هزری ئەودا بوونی هەیە، واتە وەك بیری خۆی هەستی پێدەکات، بیرو هزرێك کە هێشتا دروست نەبووە و بەدوای خۆیدا دەگەڕێت)) [3] .

بۆیە ئەو زانیارییانەی ناخ، شڵەژاوی و بێ سەروبەرییەکی پێوەدیارە، لەبەر ئەوەی کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی هەست و نەستە پەنگخواردووەکانەوە. بەو پێیەش خستنەڕوو، و ئاشکراکردنی ناخ و دەروونی کەسایەتی زیاتر دەچێتە چوارچێوەی مەنەلۆگی ناوخۆیی. واتا ئەو مەنەلۆگەی کە زیاتر خودی کەسایەتییەکان بەرچاو

---

[1] - د. نەجم خالد نجم الدین، تەکنیکی دایەلۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، ل ٢٩١.

[2] - حەسەن جاف، چیرۆکی نوێی کوردی، بەغدا ١٩٨٥، ل٨٧.

[3] - ژان پۆل سارتر، ئەدەب چییە؟، و: مستەفا غەفوور، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٩، ل٢١٠.

دەخات. ئەمەش جیاوازی لەگەڵ مەنەلۆگی شانۆییدا هەیە، کە زیاتر بەخودواندن ناسراوە.

لە مەنەلۆگی شانۆییدا ئاشکراکردنی ناخ و دەروونی کەسایەتی تەنیا بۆ کەسایەتی نییە، چونکە بینەریش بوونی هەیە و بەشدارە لە وەرگرتنی زانیارییەکانی ئەو مەنەلۆگە) بۆیە(( هەر چی پەیوەندی بە مۆنۆلۆگی درامییەوە هەیە کە بەخودواندن ناسراوە، ئەوا ئەم جۆرە جیاوازییەکی گرنگی لەگەڵ مۆنۆلۆگی ناو خودیدا هەیە، ئەم جیاوازییەش لە ئەگەری بوونی گوێگردا خۆی دەنوێنێ، لەبەر ئەوە دەبینین ئەکتەری سەر شانۆ کاتێك لەگەڵ خۆدا بەدەنگی بەرز دەدوێت، رستەکانی واتاداران و وشەکانی پێکەوە بەستراون و تاڕادەیەکی زۆریش ئاستی رێکوپێکی رێزمانیان پێوە دیارە ، چونکە ئەو قسانە ئاراستەی بینەرانی شانۆ دەکرێن بۆ ئەوەی ئەو بینەرانە لەو قسانە تێ بگەن)) [(1)]. بەو واتایەی لەشیعری شانۆییدا بەهەمان شێوەی دیالۆگ، دامەزراندن و بنیاتنانی مەنەلۆگ لە بۆتەیەکی هونەری شیعریدا رێکدەخرێت. ئەگەرچیش زیاتر لەچوارچێوەی خۆدواندنی کەسایەتییەکەوە دەبێت، بەڵام لەگەڵ ((گریمانەی ئەوەی کە خەڵکێك بەبێ دەنگی دانیشتوون و گوێ لە وتەکانی دەگرن، بۆیە بەپێی پێویست ئەو تەکنیکە سەبارەت بە پێشکەشکردنی قووڵاییەکانی ئەو هۆشەی کە لەرێی مەنەلۆگی ناوخۆییەوە پێشکەش دەکرێن، کەمتر هەرەمەکییە وزیاتر دیاریکراوترە)) [(2)]، چونکە جگە لە کەسایەتییەکانی ناو دەق، بەشێوازێکی راستەوخۆ خەڵکانی دیکە بەشداری لە وەرگرتنیدا دەکەن.

لەم روانگەیەشەوە شاعیران لە قۆناغی یەکەمی شیعری شانۆییدا ئاوڕیان لەم تەکنیکە داوەتەوە، بەڵام کەمتر بەکاریان هێناوە. ئەمەش رەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە بەکارهێنانی مەنەلۆگ لەچوارچێوەی شیعردا کارێکی زەحمەت بێت، بەتایبەتیش کە لەسەر شاعیر پێویست دەبێت ئەو دواندن و شڵەژانە دەروونییەی لە قووڵایی ناخی کەسایەتییەکان دایە لەبۆتەیەکی هونەری بە کێش و سەروادا رێکبخات

---

[1]- د. نەجم خالد نجم الدین، تەکنیکی دایەلۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، ل ٢٩٢.

[2]- روبرت هامفری، تیار الوعي في الرواية الحديثة، ت:د. محمود الربيعي، دار المعارف، مصر١٩٥٧، ص٥٦.

و دەریان ببڕێت. لەم رووەشەوە شارەزایی و لێهاتوویی شاعیر رۆڵی لەبەکارهێنانی ئەو تەکنیکەدا دەر دەکەوێت. لەلایەکی دیکەشەوە مەرج نییە هەموو دەقێك پێویستی بە بەکارهێنانی مەنەلۆگ هەبێت ((تەنها ئەو کاتە مۆنۆلۆگ پێویستەو بایەخی هەیە کە کاراکتەر ناخێکی ئاڵۆزی هەیە و نایەوێت بە ئاسانی دەری ببڕێ))[1] و ئیدی ئەو کاتە بەکارهێنانی مەنەلۆگ خۆی لەسەر شاعیر فەرز دەکات.

لەژێر رۆشنایی ئەم راستییانەی سەرەوەدا، دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین، کە دەقی شیعرە شانۆییەکانی ئەم قۆناغە بەپێی پێویست مەنەلۆگی تێدا بەکارهێنراوە، بۆیەکەمجاریش گۆرانی شاعیر لە ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی)دا، ئەم تەکنیکەی بەمشێویە بەکارهێنا:

**کوڕ ( ئەڕوا و لەبەرخۆیەوە بەگۆرانی ئەڵێ):**

**باغچەی پاشا لەوبەر ئاوە**

**خێڵی دوشمن دەورەی داوە**

**ئەرۆم: رێگام لێ گیراوە**

**ناڕۆم: چاوکاڵ لێم تۆراوە!** (دیوانی گۆران،ل ٤٧-٤٨)

لێرەدا شاعیر باس لە کەسایەتی کوڕەکەمان بۆ دەکات، کە بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانی ڕووی لە باخچەی پاشا دەکات، بەڵام شاعیر بەهۆی مەنەلۆگەوە جۆری بیرکردنەوە و دەروونی ئەو کەسایەتییەمان لەو ساتەدا بۆ دەکێشێت، کە سەرقاڵی دانانی پلانێکە بۆ هێنانی گوڵ لەباخچەی پاشاوە بۆ یارەکەی. لێرەشدا ئەو کەسایەتییە دوو دەنگی هەیە ((یەکێکیان دەنگی گشتی دەرەوەیەتی، واتە ئەو دەنگەی کەبەهۆیەوە روو لە ئەوانی دیکە دەکات، ئەوی دیکەشیان دەنگی تایبەتی ناوەوەیەتی کە جگە لەخودی خۆی، کەس گوێی لێ نابێت))[2].

بەم پێیەش کەسایەتی لەشانۆدا لە رێگای مەنەلۆگەوە، جگە لەوەی کە تەنیا لەگەڵ خۆی دەدوێت، لەهەمانکاتیشدا ئەو دواندنە ئاڕاستەی بینەرانیش دەکات و

---

[1]- یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك و تەکنیکی درامای کوردی. ل ١١٤.

[2]- د. رضا عبدالغني الكساسبة، التشكيل الدرامي في مسرح شوقي، ص٤١٤.

لەیەککاتدا ئەوانیش گوێبیستی دەبن. گۆران لە بەرهەمەکانی دیکەشیدا پەنای بۆ بەکارهێنانی مەنەلۆگ بردووە وەکو لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی یاران، جق و نق)دا . دوای گۆرانیش هەریەك لە عەبدولرەزاق محەمەد لە (ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات، شەڤی و شیرین)دا پەنای بۆ بەکارهێنانی مەنەلۆگ بردووە.

بۆ ناسینەوەی مەنەلۆگیش لەناو پێکهاتەی دەقدا، شاعیران پەنایان بۆ چەند شێوازێك بردووە، کە بەهۆیەوە مەنەلۆگی کەسایەتییەکانیان لە دیالۆگ جیاکردۆتەوە. ئەو شێوازانەی کە شاعیران پەیڕەویان کردووە زیاتر لەوە یەکدەگرێتەوە کە لەتەنیشت ناوی ئەو کەسەی مەنەلۆگ دەڵێت بەبەکارهێنانی دوو کەوانە ( ) نووسەر ئاماژەو زانیاری داوە. جیاوازییەکەش زیاتر لەجۆری ئاماژەو زانیارییەکاندایە، بەمشێوەیە:

أ- بەبەکارهێنانی ئاماژەی (لەبەر خۆیەوە) کە لەتەنیشت ناوی کەسایەتییەکە دێت و لەسەرەتای مەنەلۆگیش دادەنرێت، بۆ نموونە لە ئۆپەرێتی (ئەنجامی یاران)دا مەنەلۆگ بەمشێوەیە هاتووە:

**هەژار( لەبەر خۆیەوە):**

**شیرینە سەرتاپای ئەندامی مەنیج**

**شیرینتر: ڕەوشت و خوو و فامی مەنیج!** ( دیوانی گۆران ل٢٥٨)

لێرەدا شاعیر لەڕێگای مەنەلۆگەوە، هەست و نەستی ناوەوەی وەنەوەش، کەدایکی برزۆیە لەبارەی کەسایەتی مەنیج دەخاتەڕوو. لەهەندێك دەقی دیکەشدا گۆرانی شاعیر هەر بەبەکارهێنانی هەمان ئاماژەوە مەنەلۆگ دیار دەکات، بەڵام دەرئەنجامی کاردانەوەکانی ئەو مەنەلۆگەش ڕووندەکاتەوە. بۆ نموونە لە (نق وجق)دا مەنەلۆگ و دەرئەنجامەکەی بەمشێوەیە هاتووە:

**هەژار (لەبەر خۆیەوە):**

**. تەقیم ... ورگم پڕ بوو لەقین.**

**(بەدەنگی بەرز):**

**داد، گەورەی نق! داد، گەورەی جق!** ( دیوانی گۆران، ل ٢٨١-٢٨٢)

لێرەدا شاعیر بەهۆی مەنەلۆگەوە باری دەروونی کەسێتی هەژار، کە لەئەنجامی چۆنییەتی مامەڵەکردنی جق ونقدا روون دەکاتەوە، بەڵام دوای ئەوەی قووڵایی ناخی کەسایەتی هەژارمان بۆ وێنە دەکێشێت، ئینجا کاردانەوەو دەرئەنجامی ئەو دەروونە پڕ لەڕق و قینەشمان پیشان دەدات. کاتێك کەسێتی هەژار بەدەنگێکی بەرزەوە داوای دادوەری لە گەورەی نق و جق دەکات.

ب ـ بەبەکارهێنانی هەمان ئاماژەی (لەبەر خۆیەوە)، لەسەرەتای مەنەلۆگ و لەتەنیشت ناوی کەسایەتی، بەڵام بەروونکردنەوەی حاڵەتی هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکە لەکاتی خۆدواندنیدا. لە (نق وجق)دا مەنەلۆگ و روونکردنەوەکە بەمشێوەیە پیشاندراوە:

**سەرەك: ( لەبەرخۆیەوە بەتەوس و تووڕەیی):**

**پێریَ عەرزو حاڵی داوە، ئەمڕۆ کەوتۆتە ئاژاوە..** ( دیوانی گۆران، ل ٢٨٣)

لێرەدا شێوەی دەروونی و رەفتاری سەرۆکی جق و نق رووندەکاتەوە، کە بەتووڕەییەوە لەگەڵ خۆیدا دەئاخڤێت و حاڵەتی تووڕەبوونی خۆی لەرەفتارەکانی هەژار دەخاتەڕوو.

ج ـ بەبەکارهێنانی ئاماژەی (تەنیایی)، لەتەنیشت ناوی کەسایەتی و لەسەرەتای مەنەلۆگدا ئەمەش بۆ پیشاندانی تەنیایی کەسایەتییەکە، کە لەگەڵ خۆی دەدوێت. لە (ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات)دا شاعیر ئەم شێوازەی بەمشێوەیە پەیڕەو کردووە:

**دایك: ( بەتەنیاییەوە)**

**ئەبیَ ئەمە دوا گەڕی دنیا و زەمان بیَ؟**

**ئەبیَ ئەمە مردنمان بێت و**

**بۆ مەڕان**

**قڕان و بۆ کشتوکاڵ وشکی و سووتان ؟**

**ئەی هاوار لەم چەرخ و دەورە..**

**کوڕەکەم هەر لەتۆ ئەویَ پارێزگاری**

**ئەی خوای گەورە** (شانۆی کوردستان، ل٢٨)

لەهەنـدێك جـاریش بـە ئامـاژەی (تـەنیا) لەتەنیـشت نـاوی کەسـایەتی و لەسەرەتادا مەنەلۆگ بەکارهێنراوە. وەکو لە ئۆپەرێتی ( شەڤی و شیرین)دا هاتووە:

**شەڤ (تەنیا):**

**چە هەستێکە، دوای رەشی لە بوونم دا سەر ئەبزێوی،**

**بوونم بەجارێ دێتە دووی،**

**ئامادمەیە بۆ هەڵکەنان،**

**گیانی زامدار ئە ئاخێوی ....** ( شانۆی کوردستان، ل٨٣-٨٤)

د - بەبـەکارهێنانی روونکردنەوەیـەك لـە چوارچـێوەی رسـتەو لـەکۆتایی مەنەلۆگدا. لەو حاڵەتەشدا کەسایەتییەکە ئاخافتنی خۆی دەکات و دواتر لەژێرییەوە لـەنێوان دوو کەوانـەدا ( ) و بەشـێوەی رسـتەیەکی ئاسـایی، شـاعیر ئـەوە روونـدەکاتـەوە کـە کەسـایەتییەکە بەتـەنیابووە. بەهۆیـەوەش نـاخ و دەروونـی ئـەو کەسـایەتییە لـەرێگای مەنەلۆگـەوە دەخاتـەڕوو. وەکـو لـە ئۆپـەرێتی ( شـەڤی و شیرین)دا هاتووە:

**شیرین: لەم کاتەوە کەشەفم دی هەر دەنگ بوو**

**رووی رۆژ نەبوو، هەر رووناکی و پرشنگ بوو..**

**ئەی پەرییەکەی دڵداری شۆخ و رەنگین..**

**ئەی میهرەبانی بەسۆز، دۆستی دێرین...**

**لە شمشاڵی تیژگی نووری ئەستێران ..**

**لەگەڵ کاروانی گوڵاو..**

**دەنگی (شەفی) جادوکار...**

**پڕی گیانم کە، گیانێکی چاوەڕوان،**

**( ئەم پارچە گۆرانییە بە تەنیا ئەڵێ و ئەڵێتەوە، ئافرەتێ دێتە ژوورەوە)**

**( شانۆی کوردستان، ل٧١)**

بەمشێوەیە مەنەلۆگ بۆ روونکردنەوەی ناخ و هزر و هەستەکانی کەسایەتی و بەرەوپێشبردنی رووداو لەلایەن شاعیرانەوە بەکارهاتووە و جێگەی بایەخ و گرنگیدان بووە.

# ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا بە دەستمانهێناون، لەم خاڵانـەی خوارەوەدا دەیانخەینەڕوو:

١ــ شــیعری شــانۆیی وەکــو چــەمکێك، هــەردوو هونــەری شــیعر و شــانۆی لەبۆتەیەکدا کۆکردۆتەوەو سوودی لە توخم و پێکهاتەو خاسیەتەکانی هەردوو هونـەر وەرگرتــووە. لــەرووی دەقــەوە هــەموو هونــەرەکانی شــیعر لــەخۆ دەگرێــت و بــەدوا قۆناغی گەشەسەندووی جۆرەکانی شـیعر لەقەڵـەم دەدرێـت و لەهـەناوی جۆرەکـانی شـیعردا (شـیعری داسـتانی، شـیعری فێرکـردن، شـیعری لیریکـی) هاتۆتـە دەرەوەو پێگەیشتووە. لەرووی شانۆیشەوە تەکنیك و کەرەستەکانی شانۆیی لەئەستۆ گرتووە و بابەتی لەسەر بنیات ناوە.

٢ـ سـەرهەڵدانی شـیعری شـانۆیی دەگەڕێتـەوە بـۆ پێگەیـشتن و پەرەسـەندنی بـارودۆخی رامیـاری و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و دەروونــی و بەرزبوونــەوەی پلــەی شارسـتانی و ژیـاری و فەراهـەمبوونی ئاسـتی خۆشـگوزەرانی و پێـشکەوتنی هـزر و گۆڕانی دیدگاکان چ لەسـەر ئاسـتی تـاك و چ لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵگـەدا بێـت. لـەم ڕووەوەش شیعری شانۆیی لە ئەدەبی گەلاندا بەپێی خەسڵەت و سیمای شارسـتانی و بارودۆخی ژیارییان سەریهەڵداوەو گەشەی کردووە. لەئەدەبی کوردیـشدا لـەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەئەنجامی کۆمەڵێك فاکتـەر، کـە گۆڕانکارییـان لـە ئاسـتی شارستانی کۆمەڵگەی کوردی کرد، شیعری شانۆیی سەریهەڵدا.

٣ـ ئۆپێرا و ئۆپەرێت، سەرهەڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێك خوێندنەوەی نـوێ و سـەردەمیانەی کەلـەپووری کـۆنی یۆنـانی. لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەرووی نواندنـەوە دەچنە خانەی شانۆی گـۆرانی ئـامێز و لـەرووی دەقـەوەش دەچـنە خانـەی شـیعری شانۆیی.

٤ـ کەلەوپووری کوردی بنچینەو بناغەیەکی تۆکمە و پتەو بـۆ شـیعری شـانۆیی کوردی پێکدەهێنێت. لە بیروڕباوەڕی ئەفسانەیی و رێورەسمی ئایینی و هەروەها لـە ژیـان و چـالاکییە کۆمەڵایەتییـەکانی وەکـو داب و نـەریتی کۆمەڵایـەتی و کـارکردنی

کشتوکاڵی و سەماو هەڵپەڕکێ و یاری کوردەواری و لاوك و حەیراندا، چەندین سیما و خەسڵەت و تایبەتمەندی ئۆپێرا و ئۆپەرێت بەدی دەکەین، کە دەکرێت بە بناغەیەکی شیعری شانۆیی کوردی لەقەڵەمیان بدەین. هەروەها گەلێك تەکنیك و کەرەستەی بنیاتی شانۆیی لەشیعری کلاسیکی و رۆمانتیکی کوردیدا بەکارهاتووە کە دواتر بوونە بنچینیەیەك بۆ شاعیرانی کورد تا لە بەرهەمەکانی شیعری شانۆییاندا سوودیان لێوەربگرن.

٥- هەر وەکو چۆن گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەو گەشەسەندنی هزری ناسیۆنالیستی و چەندین هۆکاری دیکەی ناوەخۆیی و دەرەکی لەوانەش کاریگەری ئەدەبی رۆژئاوا و پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی و وەرگێڕان و بزووتنەوەی رۆژنامەگەری کوردی و چاپەمەنی و دامەزراندنی چاپخانەو سەرهەڵدان وگەشەسەندنی هزری نەتەوەیی و راپەڕینەکانی کورد و دامەزراندنی قوتابخانەو کۆمەڵە و سەنتەرە رۆشنبیرییەکان، بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ رۆڵیان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی و لەدایکبوونی ژانرەکانی چیرۆك و شانۆدا هەبووە. بەهەمان شێوەش و هەمان ئەو فاکتەرانە رۆڵێکی مەزن و کاریگەریان لە سەرهەڵدان و لەدایکبوونی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا گێڕاوە.

٦- ئەو رۆشنبیرانەی کە رۆڵیان لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی بینیووە بەو پێیەی، کە رۆشنبیری سەردەمی خۆیان بوونە و زمانی بێگانەشیان زانیووە و هەستیان بە بۆشایی و کەلێنەکانی نێو ئەدەبی کوردی کردووە، بۆیە لەبوارەکانی دیکەی وەکو چیرۆك و رۆمان و شانۆ و شیعری شانۆیی ئەسپی خۆیان تاوداوە.

٧- لەئەدەبی کوردیدا لەلایەن گۆرانی شاعیرەوە تاکە هەوڵێك بۆ نووسینی دەقی ئۆپێرا دراوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووەو تائێستاش دەقێکی ئۆپێرایی بەرهەم نەهاتووە.

٨- ئۆپەرێت جیا لە ژانرەکانی دیکە لەژێر کاریگەری ئەدەبی دراوسێ سەریهەڵنەداوە، بەڵکو راستەوخۆ بەهۆی وەرگێڕانی دەقێکی ئۆپەرێتی فەرەنسی بۆ سەر زمانی کوردی ئەو هونەرە لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەدایکبووە.

٩- هەروەکو چۆن شێخ نوری شێخ ساڵح بە رابەری نوێکردنەوەی شیعری کوردی دادەنرێت. بەهەمان شێوە لەسەر دەستی شێخ نووری شێخ ساڵح یەکەم دەقی بڵاوکراوەی شیعری شانۆیی لەشێوەی ئۆپەرێتدا نووسراوە و دواتر ئەم هونەرە لەسەر دەستی شاعیران بەرەو گەشەسەندن و پێشکەوتن برداوە.

١٠- یەکەم دەقی بڵاوکراوەی شیعری شانۆیی کوردی لەشێوەی ئۆپەرێتدا بووە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نووسینی ئۆپەرێت لەچاو شیعری شانۆیی لەرووی بابەت و رووداوە کورتترەو لەگەڵ توانا و دەسەڵاتی شاعیران لەم بوارەدا گونجاوە. هەروەها بوونی ئاواز و گۆرانیش یارمەتیدەری ئەو شاعیر بووە، کە لەو سەردەمدا لەرێگەی بایەخدانیان بە سروود، ئاوڕییان لەم هونەرە داوتەوە. بەتایبەتی کە هونەری ئۆپەرێت لەرێگەی سروود بوونی خۆی سەلماندووە.

١١- سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شانۆی کوردی هاندەرێك بووە بۆ شاعیران تا بایەخ بە نووسینی شیعری شانۆیی بدەن. بەم پێیەش بەشێك لەم شیعری شانۆییانە لەرێگای ئەو بزووتنەوەیە رێگەی نواندنیان بینیوە. هەروەها لەبواری شیعری شانۆیی رادیۆیی و تەلەفزیۆنیدا سەرەتای ئەو هەوڵانە بەدی دەکرێت و چەند دەقێکی شیعری شانۆیی لە رادیۆ و تەلەفزیۆندا نوێندراون و پێشکەشکراون.

١٢- بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردی کاریگەری هەبووە لەسەر دەقەکانی شیعری شانۆیی لەم قۆناغەدا و شاعیران لە بەرهەمەکانیاندا باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی تاکی کوردیان کردووەتە بنچینەی بیرۆکەو بابەتەکانیان و هەوڵیانداوە لەو رێگایەوە میللەت لە بەرامبەر مافەکانیان وشیار بکەنەوە. بۆیە لەرێگەی دەقی شیعرە شانۆییەکانیان پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتییان ئاراستەی کۆمەڵگەکەیان کردووە. لەهەمانکاتیشدا ئەو دەقانە ئاوێنەی سەردەمی خۆیان بووە و بەهۆیانەوە شارەزای بارودۆخی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمی کوردی دەبین. هەروەها سوود وەرگرتن لە مێژوو، و کەلەوپووری کوردی و تەوزیفکردنی داستان و ئەفسانە کوردییەکان بەشێوەیەك، کە شاعیران لەپێناو زیندووکردنەوەی ئەو کەلەپوورە و گەیاندنی پەیامی نەتەوەیی خۆیان مامەڵەیەکی تازەیان لەگەڵ بابەتەکانی مێژوودا کردووە.

١٣- رووداو لەنێو دەقەکانی ئەم قۆناغەدا رەنگدانەوەی ژیانی واقیعی و رۆژانە بووە و بەشێوەیەکی سادەو ساکاریش مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و پێشکەشکراوە و لە ئاڵۆزی دوور بووە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاعیران لەم قۆناغەدا کەمتر شارەزاییان لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی شیعری شانۆییدا هەبووە.

١٤- کەسایەتی لەناو دەقەکانی ئەو سەردەمەدا بایەخی پێدراوە و هەوڵدراوە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگە بگونجێ و ببێتە جێگەی سەرنجی خوێنەران. هەروەها کەسایەتییە مێژووییەکان مامەڵەیەکی جیاوازییان لەگەڵدا کراوە و شاعیران هەوڵیانداوە لەرێگای ئەوانەوە پەیام و مەبەستەکانی خۆیان بگەیەنن.

١٥- دیالۆگ لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا بەچڕی و کورتی بەکارهاتووە. بەتایبەتی لە دەقی ئۆپەرێتەکاندا، بەڵام لە کۆتایی قۆناغەکەدا درێژییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە. ئەمەش بۆ سروشتی بابەتەکەو خودی شاعیران دەگەڕێتەوە، کە شارەزاییان لە تەکنیکەکانی شیعری شانۆیی پەیداکردووە.

١٦- بەکارهێنانی مەنەلۆگ لەم قۆناغەدا سنووردار بووە و لە چەند دەقێکی شیعری شانۆییدا بەکارهاتووە و زیاتریش لە شێوەی خۆدواندنی کەسایەتیدا بووە.

١٧- کات وەکو یەکەیەك لە توخمەکانی تەکنیك لە دەقەکاندا بە ئاشکرا دەستنیشانکراوە و مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و بەئاسانی دەتوانین جۆرەکانی کات دەستنیشان بکەین و بوونیان لە نێو دەقەکاندا بەرجەستە بکەین.

١٨- لەناو دەقەکانی ئەم قۆناغەدا زیاتر مامەڵە لەگەڵ شوێنی واقیعی و نزیك لە ژیانی رۆژانە کراوەو هەروەها شاعیران پەنایان بۆ هەردوو جۆری شوێن، شوێنی گشتی وکراوە و شوێنی تایبەتی و داخراو بردووە و بەکاریان هێناوە.

# پاشکۆ

لەکۆتایی ئەو بەشەدا بەپێویستی دەزانین تەواوی بەرهەمەکانی شیعری شانۆیی کە لە قۆناغی یەکەمدا (١٩٢٥–١٩٦١)دا باسکراون، لەو خشتەیەدا بخەینە بەرچاو:

| ژمارە | ساڵ | ناوی بەرهەم | ناوی نووسەر | شێوە | نمایشکردنی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ـ | ١٩٢٥ | ئینتیباه | شێخ نوری شێخ ساڵح | ئۆپەرێت | ١٩٢٧ سلێمانی<br>١٩٥٤ شەقلاوە |
| ٢ـ | ١٩٣٠ | دایك | شێخ نوری شێخ ساڵح | شیعری شانۆیی | ١٩٣٠ سلێمانی |
| ٣ـ | ١٩٣٤ | گوڵی خوێناوی | گۆران | ئۆپەرێت | ١٩٤٦ سلێمانی<br>١٩٤٦ هەولێر<br>١٩٤٦ پێنجوین<br>١٩٤٨ سلێمانی<br>١٩٤٨ کۆیە<br>١٩٥٢ سلێمانی<br>١٩٥٣ چەمچەماڵ<br>١٩٥٣ دهۆك<br>١٩٧١ بەغدا<br>١٩٥٠ بەشێوەی گۆرانی لەردایۆی کوردی عێراق تۆمارکراوە.<br>١٩٥٢ لەشێوەی پەخشاندا لەردایۆی کوردی عێراق پێشکەشکراوە.<br>١٩٦٠ لەتەلەفزیۆنی کوردی پێشکەش کراوە. |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤ـ | ١٩٣٧–١٩٣٨ | ئافاتی تاعون لەناو حەیواناتا | شێخ سەلام | شیعری شانۆیی | ١٩٣٧–١٩٣٨ سلێمانی |
| ٥ـ | ١٩٤٢–١٩٤٣ | ئاهەنگێك لەناو ڕان | گۆران | ئۆپەرێت | ———— |
| ٦ـ | ١٩٤٤ | قوتابخانەی کوردستان | شێخ سەلام | شیعری شانۆیی | ———— |
| ٧ـ | ١٩٤٤ | نەسرین دەمێکە داخت لەدڵمە | بێکەس | ئۆپەرێت | ١٩٤٤ قەڵادزێ ١٩٥٢–١٩٥٣ کۆیە |
| ٨ـ | ١٩٥٣ | ئەنجامی یاران | گۆران | ئۆپەرێت | ———— |
| ٩ـ | ١٩٥٣ | لاوان | شاکر فەتاح | ئۆپەرێت | ١٩٥٣ شەقڵاوە |
| ١٠ـ | ١٩٥٣ | زەردەواڵەو پەپوولە | عەبدولرەزاق محەمەد | ئۆپەرێت | ١٩٥٨ رواندز هەروەها لەساڵی (١٩٦١)دا لەکتێبی (شانۆی کوردستان) بەناوی ( سەرکەوتنی بەهار) بڵاوکراوەتەوە |
| ١١ـ | ١٩٥٣ | ماستاو | گۆران | شیعری شانۆیی | ———— |
| ١٢ـ | ١٩٥٣ | جۆقی یۆنسکۆ | گۆران | شیعری شانۆیی | ———— |
| ١٣ـ | ١٩٥٣ | موحاکەمەی مام چەوەندەر | گۆران | شیعری شانۆیی | ———— |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤ـ | ١٩٥٣ | نق و جق | گۆران | شیعری شانۆیی | ١٩٧١ بەغدا |
| ١٥ـ | ١٩٥٥ | دڵداریی کوڕە شوان | کامەران موکری | ئۆپەرێت | ئۆپەرێتی رادیۆیی لە (١٩٥٥\٣\٢٩ ) لە رادیۆی کوردی عێراق بڵاوکراوەتەوە |
| ١٦ـ | ١٩٥٧ | چیرۆکی دارفرۆش | کاردۆخی | شیعری شانۆیی | ١٩٧٢ سلێمانی |
| ١٧ـ | ١٩٥٧ | چوار وەرزی ساڵ | أ. ب . هەوری | ئۆپەرێت | ١٩٥٧ سلێمانی |
| ١٨ـ | ١٩٥٨ | دڵداری و خەبات | کەریم شارەزا | ئۆپەرێت | ١٩٥٨ کۆیە |
| ١٩ـ | ١٩٥٨ | خۆشك و برایەك | ج. دانا | ئۆپەرێت | ——— |
| ٢٠ـ | ١٩٥٨ | شۆڕشگێر | گۆران | شیعری شانۆیی | |
| ٢١ـ | ١٩٥٩ | ئەنجامی ئەژدەهاك | گۆران | ئۆپەرێت ( ئۆپێرا) | ——— |
| ٢٢ـ | ١٩٦٠ | دوارۆژی دەئاکی زۆردار یان سەرەنجامی زۆردارێك | زەکی ئەحمەد هەناری | شیعری شانۆیی | ١٩٧٠ کۆیە |
| ٢٣ـ | ١٩٦٠ | بووکی شۆڕش ( کچە شۆخ و شەنگەکە) | بیلال بەهائەدین | ئۆپەرێت | ١٩٦٠ کۆیە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٤ـ | ١٩٦١ | ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات | عەبدولرەزاق محەمەد | شیعری شانۆیی | ــــــــ |
| ٢٥ـ | ١٩٦١ | خەونەکانی گەنجۆ | عەبدولرەزاق محەمەد | ئۆپەرێت | ــــــــ |
| ٢٦ـ | ١٩٦١ | شەڤی و شیرین | عەبدولرەزاق محەمەد | ئۆپەرێت | ــــــــ |
| ٢٧ـ | ــــ | ئامۆژگاری | کاردۆخی | شیعری شانۆیی | ــــــــ |

لەکۆتاییدا تێبینی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەین:

ـ لەقۆناغی یەکەمی شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٢٥–١٩٦١)، (٢٦) بیست و شەش بەرهەمی شیعری شانۆیی بڵاوکراوەتەوە.

ــ (١٣) شاعیر و نووسەر بەرهەمە شیعرە شانۆییەکانیان لەم قۆناغەدا بڵاوکردۆتەوە، هەر یەك لە (شێخ نوری شێخ ساڵح، شێخ سەلام، کاردۆخی) دوو بەرهەمیان هەبووە. هەروەها (شاکر فەتاح، کامەران موکری، بیلال بەهائەددین، کەریم شارەزا، ج. دانا، أ. ب. هەوری، زەکی ئەحمەد هەناری)یەکی یەك بەرهەمیان هەبووە. عەبدولرەزاق بیماریش (٤) چوار بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە. گۆرانی شاعیریش لەهەمووان چاپووکتر و پڕ بەرهەمتر بووە و لەم قۆناغەدا (٩) نۆ بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە.

ــ لەو بەرهەمانەدا، (١١) بەرهەمیان شیعری شانۆیی و (١٥) بەرهەمیشیان ئۆپەرێت بووە. هەر لەم قۆناغەشدا هەوڵێکی سەرنەکەتوو دراوە بۆ نووسینی ئۆپێرا.

ـ لەرووی نواندنەوە، لەکۆی (٢٦) بەرهەمدا، تەنیا (١٣) بەرهەمیان لەسەر تەختی شانۆ پێشکەشکراون، کە ئەمانەن: (ئینتیباه، دایك، گوڵی خوێناوی، ئافاتی تاعون لەناو حەیواناتا، نەسرین دەمێکە داخت لەدڵمە، زەردەواڵەو پەپوولە، لاوان، ، چیرۆکی دارفرۆش، دڵداری وخەبات، بووکی شۆڕش، نق و جق، چوار وەرزی ساڵ،

دوارۆژی دەئـاکی زۆردار یـان سـەرەنجامی زۆردارێـك). یـەك بەرهـەمیش لـە رادیـۆدا پەخشکراوە کە ئەویش (دڵداریی کوڕە شوان)ە.

- لەو (١٣) بەرهەمەی کە نمایشکراون، چوار بەرهەمیان دوای مـاوەی قونـاغی یەکەمی شیعری شـانۆیی (١٩٢٥–١٩٦١) واتـە لـەقۆناغی دووەمـدا پێـشکەشکراون، ئـەوانیش (چـیرۆکی دارفـرۆش - سـلێمانی ١٩٧٢، دوا رۆژی دەئـاکی زۆردار یـان سەرەنجامی زۆردارێك - کۆیە ١٩٧٠، گوڵی خوێناوی ١٩٧١، نق و جق ١٩٧١).

- ئەم بەرهەمانـە دووجـار پێـشکەشکراون (ئینتیبـاه، نەسرین دەمێکـە داخـت لەدڵمە). دە بەرهەمیش تەنیا یەکجار نمایشکراون کە ئەمانەن: ( دایك، ئافاتی تاعون لەناو حەیواناتا، لاوان، زەردەواڵە و پەپوولە، چیرۆکی دارفرۆش، دڵداری و خـەبات، بـووکی شـۆڕش، چـوار وەرزی سـاڵ، دوارۆژی دەئـاکی زۆردار یـان سـەرەنجامی زۆردارێك، نق و جق).

- ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی) تاکە بەرهەمـە لـەو قۆناغـەدا (٩)جـار لـە شـوێنی جیاجیـای کوردسـتاندا (سـلێمانی ، هـەولێر، کـەرکوك، دهـۆك، کۆیـە، پێنجـوین، چەمچەماڵ، بەغدا) نمایشکراوەتەوە و هـەروەها تاکـە ئۆپـەرێتیـشە کـە بەشـێوەی گۆرانی واتـە تـاك دەنگـی لەسـاڵی (١٩٥٠)دا لـەرادیۆی کـوردی عێـراق تۆمـارکراوە و هەروەها لەساڵی (١٩٥٢)شدا بەشێوەی پەخـشان لەهـەمان رادیـۆ پێـشکەشکراوە و لەساڵی (١٩٦٠)دا لەتەلەفزیۆن پێشکەش کراوە، کـە تاکـە ئۆپـەرێتـە لـەم قۆناغـەدا لەتەلەفزیۆن نمایشکرابێت.

- لەسەرەتاکانی قۆناغی یەکەمـدا، واتـە لەسـەرەتای سـەرهەڵدانییەوە لەسـاڵی (١٩٢٥) تا سەرەتای سـاڵانی پـەنجاکان، تـەنیا (٧) بەرهـەم بڵاوکراونەتـەوە، بـەڵام دوای ساڵانی پەنجاکانەوە تا کۆتایی ئەو قۆناغـە لەسـاڵی (١٩٦١) دا، (١٩) بەرهـەم بڵاوکراونەتەوە. ئەمەش بەڵگەی پێگەیشتنی هزری شانۆیی و هەستکردن بـە گرنگـی ئەو ژانرە دەسەلمێنێت.

# ئینتیباه

## شێخ نوری شێخ سالح

**دلاوەران:**

ئەولادی وەتەن ئێمە کەوا میللەتی کوردین
بۆ غایەیی ئاسایشی میللەت هەموو گوردین
شێرانە ئەوا مەعرەکە ئارایی وەغا بووین
بۆ ڕشتنی خوێناوی عەدوو حازری ڕا بووین
لە پێشمانەوە هەروا، بەیداخی ظەفەر ئەڕوا
ڕیشەیی عەدوو با دەربێنین، حەق بەدەستی خۆمان بستێنین
بۆ نەمانی مەزالیم، سوارانی جەنگی
تەپڵی بازیان لێدا بە شۆخ و شەنگی

**باوک:**

لەم وەزعە گەر ئەی دوشمنی کورد ئێوە ئەپرسن
ئەم هەمهەمەیە میللەتە هەڵساوە بترسن
کفن بۆ خۆتان ببڕن، هەر لەئێستاوە بمرن
لازمە لەبەر غەم و حەسرەت، ببن ئەشك ڕێژی مەزەللەت
ئەی دلاوەرانی وەتەن، وەرنە ئیمداد
باوک بە پەرۆش لێتان ئەکا ئیستیمداد
کوردانی غەضەنفەر شەکنی مەعرەکە ئاغووش
نابێ بکەن ئەم باوکی خۆتانە فەرامۆش
زێرا کە دوو چاوی ئەبەدیی ئێمە لەگۆڕا
چاوی ظەفەرتانە لە حەرب و شەڕو شۆڕا
باوک بە قوربانتان بێ، ڕۆحەکەی فیداتان بێ
وەختی فرسەت و ئیتیفاقە، ڕۆژی لابردنی نیفاقە

ئارەزوو ئەکەم ئێوە ، وەقتی ئیحتیضار
بەشان و ظەفەرەوە، بمبەن بۆ مەزار

**دایك:**

بۆ دەفعی مەزالیم لە مەوانیع مەکە پەرهێز
سا دەس بەرە شیر و تفەنگ و خەنجەری خونرێز
بۆ ئێوە کەوا غیرەتە، یەکدەفعە ڕەگ و ئێسك
حاشا کە بە حوزنێکی زەلیلانەوە فرمێسك
لەچاوم بێت و بتکێ دڵم یەك زەڕڕە بشکێ
چونکە ئێوە جەسوور ئەبینم ، نامێنێ ئازاری برینم
شیرەکەم حەڵاڵتان بێ، رۆژی هیمەتە
ڕۆحەکەم فیداتان بێ، وەقتی غیرەتە

**مناڵەکان:**

نەجمەی ئەمەلی ئێمە هەموو بەم دەس و بردە
خەڵقینە لە بۆ مەسعەدەتی میللەتی کوردە
مەوتێ کە حەیاتی وەتەنێکی لە دووا بێ
سەد ژینی زەلیلانەیی یاڕەب بەفیدا بێ
ئەو کەسانەی جەبانن، مەعنای ژیان نازانن
مردنێ لە ڕێگای میللەتا، چاکترە لە ژین لە زیللەتا
هەر کەسێ خۆی بکا بە قوربانی میللەت
لە قەبرا هەتا مەحشەر، ناکێشێ زیللەت

**ئافرەت بەمناڵەوە:**

یاران و ڕەفیقان و دلێر و یەلی کوردان
شەڕ چەژنی هەموومانە بڕۆین بۆ سەفی مەیدان

وەقتێ کە بەتەوفیق و ظەفەر دێنەوە لامان
ئەوسا گوڵ ئەکەین ئێمە بە شاباشی قدوومتان
گەر لە ئێوە چەند کەس شەهید بێ،
لازمە عەزای ئێمە عید بێ
ئەم پڵنگ بەچانەی وا ئینتیقام سێنن
گەورەیان ئەکەین ئێمە، حەقتان ئەسێنن

**کچەکان:**

ئێمە کە نەمان کردووە بۆنی چەمەنی شوو
مەجهوولی نەزەرمانە گوڵ و نەستەرنی شوو
ئەم تازە جوانانە لەبەر سیرەتی ئێمە
گەر بێتو بکەن ئارەزووی شیرکەتی ئێمە
لازمە کە دەعوەت بفەرموون، بێنەوە بەڕوویەکی گوڵگوون
یەعنی چیهرە ڕەنگین بن بەشان و ظەفەر
خوێنی دوژمن بڕژێنن بەنووکی خەنجەر

**چەك بەدەستەکان:**

ئێمە کە موسەللەح لەدەر و دەشت و لەشارین
سوێن خۆری حوزووری حەق و باب و کەس وکارین
بۆ مەسعەدەتی ئەم وەتەن و میللەتی کوردە
ڕیشە و ڕەگی زاڵم ببڕین بەم دەس و بردە
تاکەی لە زەحمەتا بین، لەناو مەزەللەتا بین
لازمە بەکەیف و مەسەڕڕەت، ڕۆح بکەین بە قوربانی میللەت
زاتەن ئێمە خوڵقاوین بۆ خزمەت کردن
بۆ ئەوەی فیداکار بین تا ڕۆژی مردن

# گوڵی خوێناوی

گۆران

(١)

**کوڕ:**

بڕوانە ! شایی یە، چۆپییە، لەوماڵە
گوێ بگرە ! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە !
زەرد و سوور تێکەڵ بوون، ژن و پیاو، هەرایە
لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە !
سا توخوا خێراکە با بڕۆین دەست بگرین
بەکامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین !

**کچ:**

گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ، زەرد چەپکێ
نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ

**کوڕ:**

کچ لەڕێی جوانیتا، کچ لە ڕێی جوانیتا
کچ لەڕێی نیونیگای هاتوچۆی کانیتا
پاییزە، گەڵای دار ڕژاوە، باغ ڕووتە،
گوڵ کوانێ؟ گوڵ لێوی بە بزە پشکووتە !

**کچ:**

گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ، زەرد چەپکێ

نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ
بتدایە دڵ بەمن، بەهەموو مەعناوە
دوو چەپکت ئەهانی لە باغچەی پاشاوە !

**کوڕ ( ئەڕوا و لەبەر خۆیەوە بە گۆرانی ئەڵێ ):**

باغچەی پاشا لەوبەر ئاوە
خێڵی دوشمن دەورەی داوە
ئەڕۆم: ڕێگام لێ گیراوە
ناڕۆم: چاوکاڵ لێم تۆراوە !
( بەرە بەرە لە دێ دوورکەوتەوە)

(٢)

**کوڕ:**

بەباغچەی پاشادا ورد گەڕام، خوارو ژوور
زەرد هەبوو، بۆم چنیت، چنگ نەکەوت گوڵی سوور
نازانم ئەمجا دێیت بۆشایی و هەڵپەڕکێ؟

**کچ:**

نایەم، گوڵ ماویەتی بۆسەرم سوور چەپکێ!

**کوڕ ( یەخەی مراخانیی ترازان ) :**

ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لەباتی؟

**کچ :**

هەی هاوار! تفەنگی دوشمنیش پێکانی؟
ڕاکشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم،
با بگریم بۆ دڵێ بۆگوڵێ دۆڕانم!

## ئافاتی ـ تاعون ـ لەناو حەیواناتا

## لاسایی ( تەمسیل)

**شێخ سەلام**

**( شێر، پڵنگ، ڕێوی، گورگ، ورچ، کەر)**

**ـ پەردە هەڵدرایەوە ـ**

**یەکێك:**

تەمسیل دەرسێکە ڕاست بۆ هۆشیاری
ووریا بوونەوە بە ئامۆژگاری
سەرگوشتەی شێر لەگەل حەیوانات
لەترسی تاعون پیسترین ئافات
لەبێشەیەکدا گرد ئەبنەوە
لەباسی تاعون ورد ئەبنەوە
لەم چیرۆکەدا بۆت دەرئەکەوێ
کە خاوەنی هێز هەر سەرئەکەوێ
بێ هێزە دایم بەشی خوراوە
قانوون بۆ زەعیف دروستکراوە
قووەت کە دەرکەوت حقووق بەتاڵە
قانوون و عورف کایەی مناڵە
تۆپی قووەتە ناڵەو تەقەی دێ
حەق لەژێرەوە چاوەزەقەی دێ
ژیان بێ قووەت وەکو مردنە
قانوون بۆ هەژار هەوەڵ دوژمنە

بێتو بەهێزبی ژیانت چاکە
لانەی بێ دەسەڵات ژێر قەبرو خاکە
قووەتی بەشەر تەنها بە عیلمە
نموونەی مەردی وەفاو حیلمە
ژیان قەت نابێ بەبێ ئیتیفاق
یەك بن هەمووتان لادەن لەنیفاق
دەست بەرن دەستی یەکتر بگرن
ئەمڕۆ فرسەتە بەیانی ئەمرن

**( پەردە دا ئەدرێتەوە )**

پەردە هەڵدارییە لەسەر شانۆ شێر لەناوەراستا وەستاوە، هەموو گیان لەبەرەکان دەورەیان داوە بە چوار دەوری شێرا هەڵتروشکاون چاویان بڕیوەتە شێر تەماشای ئەکەن . دوو هەنگاو دوور کەر ملی شۆڕکردتەوە دۆش داماوە.

**شێر:-**

نابینن هەموو مات و داماوین
بۆ چ لەم پێشەدا وا تێك خزاوین
خۆمان شاردەوە لە دەستی تاعون
نەجاتمان نادا سێ سەد ئەفلاتون
یەکسەر توو ئەبین دەردی بێ دەرمان
کام دەرد؟ تاعونی شوومی بێ سامان
دەردێکی وەها گەورە و بێ دەرمان
ئەبێ تەدبیرێ بکەین هەموومان
لە پێشینانۆ ئەم باوە
سڕێکی وردە چاکیان داناوە
هەر گەلی دەستی دایە زەبر و زەنگ

خووا بەدەردی قورس ژینیان ئەکا تەنگ
ئەگەر لە گوناھ بێتو وازبێنین
ڕزگارمان ئەبێ زەرەر ناھێنین
بەڵام بەر لەوە کە بکرێ تەوبە
ھەر کەس کردەوەی بڵێ بە نەوبە
وەرن ھەمووبمان کردەوەی خۆمان
ئاشکرای بکەین مەعلووم بێ لێمان
ھەرچی گوناھێ ڕووی داوە لێمان
ئیقراری پێ بکەین با ببێ عەیان
بزانین خەتای کام حەیوان زۆرە
یەك یەك لەدوای یەك بڵێین بە نۆرە
بۆچی ئەم پێشەبووە بە موڵە
چۆن تاعون ھاتە ئەم جێگە چۆڵە
کێ خەتابارە ڕۆحی دەربێنن
جەزای خۆیەتی تێکی بشکێنن

**پڵنگ:ـ**

ئەم فەرموودەیە بەڕێ و جێ یە
ھەرچی بفەرموون سەرمان لەڕێ یە

**ڕێوی:ـ**

یاخوا تۆ خۆش بی بە شاھی بژی
شای ھەموو حەیوان و گیانداری کەژی
سادەی ھەر کەسێ گوناھانی خۆی
بگێڕێتەوە تەوبە بکا لێی

**شێر:ـ**

دەستی پێ ئەکەم بەر لە هەمووتان
بەیانی ئەکەم من ڕوو بەڕووتان
بەدڵ دیقەت کەن هەموو گوێ بگرن
چەن منالم خوارد چەن پیاوو چەن ژن
چەن سوارانم خەڵتانی خوێن کرد
چەن جوانانم بێ سەرو شوێن کرد
لەخوف و گوڕە لەنەعرەتەی من
زاروورە ترەك بوون چەن پیاو و چەن ژن
ئنجا ئەی کۆمەڵ ئێوە پێم بڵێن
من بە خراپ و بەدکار دائەنێن
من بە گوناهکار ئەدەنە قەڵەم
استغفر الله پادشای ئەفجەم

**ڕێوی:ـ**

پادشای شاهان تۆ هەرچی ناسە
تێکیان بشکێنە بۆ ئێمە خاسە
لەترسی ئەوان ئێمە سەخڵەتین
کە ئەوان نەبن ئێمە ڕەحەتین

**پڵنگ:ـ**

با من دوای شێر بۆتان کەم بەیان
ئەو خراپانەی هەمە هەموویان
کە برسیم ببێ هەڵمەت ئەهێنم
تووشی هەرچی بم تێکی ئەشکێنم
شەو کەتاریکی شەوم لێ دایە

بەچکە ئەفرێنم لە باووشی دایە
هەر شاخێ کە من ڕێگەم تێی کەوێ
گیاندار لە ترسا تیادا ناسرەوێ
لەزیرەی منە لە شاخ و داخا
گیاندار بێ گیانە  بەردار بەر ئەخا
ئنجا نازانم ئەی گەلی گیاندار
ئایا دام ئەنێن بە بەدو خوێنخوار

**ڕێوی:ـ**

استغفر الله حاشا وەکەللا
لای من چاکتریت لە شێخ و مەلا

**گورگ:ـ**

هەمو ئەیزانن کەتاریك داهات
پەلامار ئەدەم لە شاخ بۆ دێهات
لە شاخ لە چیا هەڵمەت ئەهێنم
چەن بەرخ چەنێ کار یەك یەك ئەفرێنم
چەندێ حەیوانات چەن بەسەزمان
ورگیان ئەدرم ئەیخەمە مەیدان
دایك لە کۆرپە، کۆرپە لەدایك
ئەفرێنم وەك تیر بەشەوی تاریك
چەن کۆرپەی نازار چەن جوان و چەن پیر
ورگیان ئەدڕم کە کەوتنە بەرگیر
ئەم حاڵمە کۆمەڵی دڵپاك
من پیاو خراپم یاخو پیاوی چاك.

**ڕێوی:ـ**

ئەمەی تۆ فەرمووت سا بەو خوایە
نۆشی گیانت بێ لای من حەڵوایە

**وورچ:ـ**

من شەوم لێ بێ ئەکەومە گەڕان
لە شاخ بەر ئەبمۆ بۆ سەر ماڵەکان
بەدوو ڤاچ ئەرۆم وەکو پیاوان
هیچ باکم نی یە لە تۆف و باران
بۆ گوێز و بەهێ لەباخی دێهات
وێرانی ئەکەم ئافاتم ئافات
خۆ بێتو بدەم بەلای دێ یەکا
یاخو ڕابوورم بەهەر جێ یەکا
گەورەم دەست کەوێ تێکی ئەشکێنم
بچووکم چنگ کەوت زوو ئەیخنکێنم
خوا بکا بە شەو ڕەزێ بێتە ڕێم
هەمووی ئەشێلم ئەیخەمە ژێر پێم
ئنجا ئەی کۆمەڵ ئەی برای گیانی
من بە بەدکارو بەد خو ئەزانی

**ڕێوی:ـ**

هەرچی کە فەرمووت هەمووی ئەمانە
ئیشی پیاوان و پیشەی مەردانە
( ڕێوی ڕوو ئەکاتە کەر ـ بە چاوێکی ڕقاوییەوە ـ ئەڵێ):ـ
ئەی کەر ئاخری نۆرەت هاتە سەر
کردەوەو زوڵمت بێنەوە دەفتەر

گوناهو زوڵمت لەحەد بەدەرە
خوا ئەڵێ دەنگی ناخۆش هی کەرە
بەهارت لێ هات سەوز بوو دەشت و دەر
دنیا کەڕ ئەکەی تۆ بەزەڕەزەڕ
کلك بەرز ئەکەیتو هەڵئەتیزێنی
بەزەڕەو نرکە شێر ئەترسێنی
بۆچی بێ دەنگی ڕاست برۆ ئەی کەر
گوناهت چی یە بیڵێ سەراسەر

**شێر:ـ**

ئەی کەر ڕاستی زوو بکە بەیان
تاکو مەعلووم بێ کردەوەت لێمان

**گورگ:ـ**

ئەگەر زاڵم نیت بۆ زمانت لاڵە
دانی پیا بنێ چی یە ئەم حاڵە

**پڵنگ:ـ**

مەعلوومە ئیشی پیس و خراپە
نزیکی بەدی دوور لەسەوابە

**وورچ:ـ**

ئەو کەسە کەرە بە کەر ئەڵێ کەر
کردەوەی خراپ ناخاتە دەفتەر

**ڕێوی:ـ**

به حیله‌ی شه‌یتان به‌س ته‌فره‌بخۆ

کرده‌وه‌ی خۆته دێته ڕێگه‌ی تۆ

**شێر:ـ**

ئه‌وا خۆی ئه‌یڵێ وازی لێ بێنن

هه‌رچی کردووه زوو مه‌یترسێنن

**که‌ر:ـ**

هه‌موو ئه‌یزانن که‌وا من که‌رم

له کوێ خاوه‌نی زوڵم و ده‌فته‌رم

به‌شه‌و و به‌ڕۆژ من ئه‌کێشم بار

له‌شار بۆ لادێ له لادێ بۆ شار

ڕۆژی له ڕۆژان ده‌مه‌و ئێواره

برسیه‌تی دڵمی خسته په‌ژاره

( هه‌موو حه‌یوانه‌کان به جارێ به‌چاوی ڕه‌قه‌وه ته‌ماشای که‌ر ئه‌که‌ن و سه‌ر بائه‌ده‌ن و ورده ووورده ئه‌مرێنن).

باری گران و قورسم کێشا بوو

شعوور و هۆش و بیرم نه‌مابوو

هێنده برسیم بوو ئه‌ژنۆم ئه‌له‌رزی

وا باریك بوو بووم وه‌ك داسك و ده‌رزی

به‌بێ کاو ئالیك تا به‌ری به‌یان

هه‌ر لووشکه‌م ئه‌هات له‌ناو گه‌وره‌کان

ڕۆژێ برسیم بوو سه‌ر له‌ئێواره

باریان لێ خستم دڵ پڕ په‌ژاره

ده‌رچووم ڕۆیشتم بۆ قه‌راخی دێ

بەڵکو پەلکێ گیا بدوزمۆ لەوێ
هەروا ئەگەرام بەم لاو بەو لاوە
ڕێم کەوتە ناوی یەك دوو کەلاوە
کەلاوەیەکیان گیای لێ ڕوا بوو
بە بوگە و پاکژ گیا تێك ئاڵا بوو
زۆر زۆر برسیم بوو شەیتان وتی هۆش
تێر وپڕ بخۆ نەفسم هاتەجۆش
خۆتان ئەزانن نەفس ڕەزیلە
هەندێکم لێ خوارد لەو گیا و قەرسیلە
ئەمە گشت خەتاو گوناهی منە
ئیتر کردەوەم بار هەڵگرتنە

**شێر:ـ**

ئنجا بۆ ناڵیی ئەی کەری غەدار
گوناهی تۆیە لێمان کەوتە کار

**ڕێوی:ـ**

(( ڕوو ئەکاتە شێر لەسەر خۆ ئەڵێ))
پادشا عەدلی تۆ لەعالەم دیارە
بەشەرعی بکە شەرع جێی قەرارە
وازی لێ بێنن با تەماشاکەم
(مادە)ی قانوونی بۆ متاڵاکەم

( ڕێوی کتێبێکی زۆر زل ئەکاتەوە و عەینەك ئەکاتە چاوی، مێزەرێکی زلی سپی ئەبەستێ بەسەریەوە چەن دەقیقەیەك کتێبەکە پەرە پەرە ئەکاو هەموو پەڕەیەك تۆزی تەماشا ئەکا ئنجا سەر هەڵئەبڕی)

**ڕێوی:ـ**

فتوام دۆزیەوە فتوای ئاشکار

بۆ کوشتنی کەر وا ئەدەم قەرار

( ڕێوی دەست ئەکا بە قەرار نووسین، کە لیَ بووە قەرارەکە ئەخوویَنیَتەوە).

**حاکم ( ڕێوی ):ـ**

ڕۆژی دوو شەممە پانزەی شوبات

بەناوی شێرو پادشای حەیوانات

حاکم ڕێوی بوو موتەهەم کەرە

زەبتی ئیفادە لەناو دەفتەرە

لە نەتیجەدا (لدی التأمل)

کەر ئیعترافی کرد بە جورمی زل

لە دۆسیەدا سابقەی زۆرە

دەنگی ناخۆشە ملی زۆر شۆڕە

بە مادە (٧)ی قانوونی ناو شار

بەدەلالەتی مادده (٤٤) چل و چوار

هەر کەسی بیخوا لەماڵی ئەوقاف

پێویستە ملی بدریَ لەتەناف

کەلاوەی مزگەوت ماڵی ئەوقافە

کەی بۆ کەر ماڵی ئەوقاف مەعافە

قەرسیلیَ کە کەر هەڵمەتی دایە

ماڵی مزگەوت و خانەی خودایە

( ڕێوی قەرارەکە تەواو ئەکا ئەیداتە دەستی شێر وە شێر تەماشای قەرارەکە ئەکا ناو بەناو سەر بەرز ئەکاتەوە و تەماشای کەرەکە ئەکا و دیسان تەماشای قەرارەکە ئەکا لەبەر خۆیەوە ئەیخوێنێتەوە ( بەبیَ دەنگ) هەم دیسان بە

مۆڕییکەوە تەماشای کەرەکە ئەکا و دانـی جـیڕەی پـێ ئەکـەوێ و بـەدەم مڕەمـڕەو سەر با ئەدا).

**شێر:ـ**

ئەم کەرە خواردی وەقفی مزگەوتان
بۆیە وا تاعون گشتمانی فەوتان
بیخەن، بیکوژن بیخۆین هەموومان
بەڵکە زوو تاعون دەرچێ لەناومان

( ئنجا هەموو حەیوانـەکان بـە جـارێ هەڵمـەت ئەبەنەسـەر کـەرو پارچـە پارچـە ئەکەن و ئەیخۆن)

**پەردە دائەدرێتەوە**

# ئاهەنگێك لەناو ڕان

**گۆران**

**رێبوار ( بەلای ڕانا تێپەڕێ نزیك بەمێرگی بەهار ):**

هەنگە زەردە ئەبرێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گولاڵەی سوور،
تا نەگەڕێ مێرگی بەهار
دەم نانێتە ناو دەمی یار!

**شوان:**

بەڵام منی شای گشت هەنگی هەردەی بەهاران،
بۆ بینینم خۆیان ئەگرن ڕێی دەشت نازداران!
سۆزی شمشاڵ ئەخەمە کار دەمی ئێواران:
پۆل پۆل ئافرەت، شیردۆشی جوان، ئەکشێ بۆ ناو ڕان!

**رێبوار:**

هەنگە زەردە ئەبرێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گولاڵەی سوور،
چۆن بەپێی خۆی دێ گوڵی گەش
بۆ لای شوانیکەپەنگ ڕەش؟!
نەك گوڵێك و نەك سیان و چوار،
چەن لەدێدا هەبێ نازدار؟!

**شوان:**

که مۆڵم  دا مێگەلی تێر لەسەر سەوزە گیا:
زەردەی هەتاو ئەگرێتە زێر ڕووی دەشت و چیا،
هەر نازدارە، بۆ هەڵپەڕکێ جۆشێ لەسەریا،
لە شمشاڵم ئەنێ بەناز ڕووی نیازی چیا!

**رێبوار:**

هەنگە زەردە ئەبرێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور،
لەناو دێوە پۆل پۆل نازدار
ئەشێلن سەوزە گیای بەهار
بۆ  لای شوان شمشاڵ پڕ جۆش....
هەی بەختی باش! ژیانی خۆش!

**شوان:**

حەڵقەی چۆپی لەسەر فەرشی گیای قەراغی  ئاو،
لەبەردەمما  هەڵئەپەڕێ گا گورج وگا خاو،
منیش چەشنی پەپوولەیەك گوڵ دایبێتە ناو
کێ زۆر شۆخ بێ لەبەر پێیا ئەوەستم تاو تاو!

**رێبوار:**

هەنگە زەردە ئەبرێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور،
هەر لە دێوە هەتا ناو ڕان
بە لەنجە دێن شیردۆشی جوان،
هەڵئەپەڕن بۆ شمشاڵژەن
هەی بەختی باش! ژیانی شەن!

**کۆمەڵێ ئافرەت ( نەختێك لە دوورەوە ):**

هۆ شوانی بەهرەدار! تێخوڕە، چاوەڕێین،
ئارایشت تەواوە، ئامادەی هەڵپەڕکێین!
پەرۆشی ئاوازەی بەسۆزی شمشاڵین،
بێ سیحری فووی دەمت، بەزم و نۆش بەتاڵین،
تێخوڕە، ئامادەین پاداشتی ئاوازە
تێرت کەین لە قووتی دڵ کە جوانی و نازە!
هۆ شوانی بەختیار! تێخوڕە،دەرنگە،
بێ شمشاڵ لە دەشتیش وەکوو ماڵ دڵ تەنگە!
تێخوڕە ، تێخوڕە،
مێ تێرو گوان پڕە،
کاتی ڕان مۆڵدانە،
تا بڵێی دەشت جوانە!
لێو بەرە بۆ شمشاڵ ،
بە سۆز و ناڵەناڵ:
بلەرزێ لەشی کێو!
بجۆشێ دڵی دێو!
نەوەستێ هەڵپەڕکێ:
تا لەبارەی بەرگەل دێ!

# قوتابخانەی کوردستان

شێخ سەلام

دانشگای گەورە وا لەکوردستان
یەکەم مەکتەبە هەر بۆ موسڵمان
تاك وتوك شاگرد لە گاوورو جوون
ژمارە ئەکرێن لە ڕیزی نەبوون
بە باربووی میللەت یەعنی ( اعانە)
چاك دروست کرا ئەم ساختمانە
خانویەکی باش زۆر گەورە و دڵگیر
گەورە و فراوان وەك قەسری وەزیر
بوو بە ئامۆژگا زۆر بە دڵ خۆشی
ڕۆژی پیرۆزی شەربەتمان نۆشی
لەهەموو ئاشێ هەر لێ ئەکرا
هەتا هاتەسەر باسی مامۆستا
پیاوێکی گەورە بەڕێز و حورمەت
وتی گوێ بگرن کۆمەڵی میللەت
مامۆستای گەورە خاوەن هۆش و بیر
زۆر کەمە لامان بۆی بکەین تەدبیر
میللەت بە یەکجار وا بڕیاری دا
سەروماڵ دانێ، دانا پەیداکا
مەعلووم لای خۆمان خوێندەوار کەمە
مەسەلەی خوێندن ناکرێ بە گەمە
ئەگەر گیان و ماڵ هەموو فیداکەین
ناچارین ئەبێ زانا پەیدا کەین

گەلی بێ دانش ژیانی نی یە
نەزان بۆ کۆمەڵ (سا) سوودی چی یە ؟
هەندێ پیاوانی زۆر ژیر و دانا
ڕێی کارسازییان بەم ڕەنگە دانا
لەخۆرهەڵاتا عیلم نەماوە
ئەوەیش کە ببێ هەر چاوڕاوە
کاتێ منالّی ئێمە پێ ئەگا
مامۆستا بێنین زوو لە ئەوروپا
هونەری تەلسز، رادیۆ،تەیارە
منالّمان فێرکەن چارمان ناچارە
زۆر بەدڵخۆشی ئوستازمان هێنا
لە ئەوروپایی خاوەن ( دکتۆرا)

* * *

تەنها مودیری ئیدارە کوردە
دانشمەندێکی بەبیرو ووردە
هەموو بەیانی بەدڵی پڕ جۆش
ناوی ئەخوێندو مودیری پڕ هۆش
تا بۆی دەرکەوێ هاتوو نەهاتوو
بەشێکی زۆری دایم غایب بوو
لە یەك لیستەدا ناویان نووسرا بوو
تاقە یەکێکی لێ گوم نە ئەبوو
ناوی شاگردی ئەم دانشگایە
کەی وەکو ناوی خەڵقی وەهایە؟
گوێ گرن ئەوا مودیر ناویان
ئەخوێنێتەوە لەبەر چاویان
چاویلکەی پیسی کۆنی خۆڵاوی

به بەن پێچراوی چلکن تۆزاوی
لە گیرفان دەرهات خستیە چاوی
ناو ئەخوێنێتەوە بە دڵ داماوی
* * *

(نیفاق) ئەفەندی، حازرم ئەفەندم
( ئیتفاق) کوانێ. چۆ بۆ جەهەنەم
(درۆ)و ( دەڵەسە) قوربان حازرین
هەردووکمان لێرەین ئێمە داخڵین
(ڕاستی)و( سەداقەت) میرم دوو بران
یەکێ بەدووساڵ پار مەحکووم کران
دایك و باوکیان هەر وەك ئەوان بوو
لەناو کۆمەڵا جێگەیان نەبوو
بەسەر لێو تا بێ لەم ساختمانە
لەم عائیلەیە یەکێ بمێنێ
پرۆژەی مەکتەب زوو ئەسووتێنێ
لەوەلاتر چن یاخوا نەمێنن٧
ڕەگ و ڕیشەیان لەبن دەربێنن
(وەتەنی) کوانێ بۆ دیار نیە
وا ساڵ تەواو بو بەهانەی چی یە
قوربان تێ بگە بەسە هو مەچۆ
ناوی بە غەڵەت نووسراوە بۆ تۆ
ئەسلا ئەم پیاوە ناوی (نۆتی)یە
لە حروفاتا هیچ فەرقی نی یە
کاتی ناونووسین تۆ لە مەئیوسی
لەجیاتی (نۆتی) وەتەنیت نووسی
هەردوو یەك تیپن نۆتی وەتەنی

مودیر کە بیستی گریاو پێکەنی
سەر لەنوێ مودیر کەوتە پرسیار
کوانێ ( رزگار) نەمبینی یەك جار؟
ئەم ناوە بەخوا نی یە لە دنیا
بۆ ( تەموین) نووسرا کاتی شەکرو چا
هیچ کەسێ نی یە( ڕزگاری) ناو بێ
ئەبێ نووسینی بۆ شەکرو چا
(ئازادی) کوانێ؟ بانگی بکەن زوو
قوربان ئەبەدی پێرار مەحکووم بوو
(عەدالەت) کوانێ؟ لەکوێ یە ( ئەدەب)
تەردن، یاساغە چۆن دێنە مەکتەب
(نەخۆشی) بەڵێ حازر لەسەر پێ
هەر دوولام فەوتان چی شار چی لادێ
کوانێ ( سەربەستی)؟ لەم ساختمانە
پۆلیس رای پێچا بۆ بەندیخانە
( زانستی) کوانێ؟ ئەویش بۆی دەرچوو
مەحکوومی حوکمی عەشایری بوو
(جەهل) لەکوێ یە؟ لێرەم ڕۆژو شەو
خەریکی ئیشم لێم حەرامە خەو
بەرۆکی گرتم (عیلم) بەناحەق
تەمای بوو جێگە بە من بکا لەق
شکاتم لێکرد بە چاودێری:
مەحکەمەی خۆمان هی عەشایری
(برسی) و(نەخۆشی) کران بە حەکەم
حوکمی عیلمیان دا زوو بەخاترجەم
حاکم لێی پرسین مودەی هەردووکمان

کاممان لە پێشا هاتە کوردستان
من پێم ووت قوربان ولیادی ئێرەم
زیدو مەئوامە لەرۆم تا عەجەم
قانوونی هێنا حاکم دایی پشکان
خوێندیەوە مادەی( مروورِی زەمان)
دەساڵ مەحکووم بو بە زنجیر( مسدوود)
ئەوسا دەرکریێ خارجی حدوود
عیلم لای وابوو حکومەت نی یە
زوو تیێ یان گەیاند کە گۆڕی چی یە
بۆچ دنیا سەری بە پووش گیراوە
هەر گایەك دۆڵێك پیێ سپێرراوە
سەیری بیێ عەقڵی (عیلم) بۆ ناکەن
تاکو لە دنیا تەواو تێی بگەن
کەوتە پرسیار مودیر سەر لەنویێ
بانگی کرد وتی: گشت گوێتان لیێ بیێ
ناوی کامتانم نەخوێندوە ئەمجار
دەنگیێ هات وتی: مودیر ( ئیستیعمار)
مودیر حەپەسا لە دەنگگی بیێ ڕەنگ
لەجێی خۆی وشك بوو وەکو نەقشی سەنگ
تۆ کێی؟ وا دایم حازر جەوابی
نزیك لە بەدی دوور لە صەوابی!
چەند زوو جەواب ئەدەی تۆ لەپرسیار
وتی: نازانی منم ئیستعمار
ئەگەر ئەتەویێ تۆ خۆت پیێ بگەی
نەکەی قەت ناوی عاقڵی ببەی
ڕەگ و ڕیشەتان لەبن ئەهێنم

به قانوون ( عیلم و عەدل) ئەخنکێنم
یا هەر من ئەبم یا ئەوان ئەبن
حازر بن هەردوو بۆ گۆڕ و کفن
تەئریخی کۆنی ئێمە بخوێنن
ئەوسا ڕاپەرن دەرمان پەڕێنن
مودیر رووی تێکر و وتی پێی ناویَ
کیَ تۆی هێنایە ئەم دانشگایە؟
سیاسەت ئەوسا منی هێناوە
بەڵام من ڕیشەم چاك داکوتاوە
هەر پیاویَ تۆزیَ سەر دڵی لێدا
کە من دەرکەوتم بۆم دێتە سەما
سەروەت و پارەو دەوڵەت هی منە
خواردنی شەعب گیتکەی هەرزنە
ئەقطاعی پیاوم هەموو ئەمیرن
خوفیە و جاسووسم هەموو..
ئەگەر خۆشیانە جووتم ئەگەڕیَ
ئەگەر بارانە ئاشم ئەهەڕیَ
مودیر پێی وتن: مەکتەب دا ئەخەم
بۆ چارەسەری منیش ڕائەکەم
پیَ یان وت هەژار بۆ کویَ را ئەکەی
جێگە نەماوە پەنای بۆ ببەی
لە ژێر دەسمانا داڕزا جیهان
ناچار شەڕ ئەکەین خۆ بەخۆی خۆمان
ئەیکەم بە مەلیك سەربەست و ئازاد
تاجی ئەدەمیَ وەکو کەی قوباد
بەڵام سەربەستی هەموو دیلی یە

پادشاهیمان هەر زەلیلی یە
ئەشراف من ئەیکەم کەس ئەشراف نی یە
(دانام)م داناوە کە گو..ی چی یە
گەدا پاشایە، پاشایە گەدا
هەر چۆن بۆ ئیشی ئێمە دەست ئەدا
قانوونی ئێوە دەمی ئێمەیە
عەقلێ و مەنطقتان لامان گەمەیە
دەنگێ هات وتی: جەنابی وەزیر
بەینێ عائب بووم لێم مەبە دڵگیر
یەزدان ئەزانێ هۆش و بیری من
بۆ سەربەستی یە و کوشتنی دوژمن
نابێ بترسی یا تەفرە بخۆی
هیوای زانستی بەفیرۆ نەدەی
من ئیتیفاقم وەعد ئەدەم بە تۆ
ئێستە دەرچووم من کەوتمە هاتوچۆ
حوکمی تەواو بوو ( زانستی) ئازیز
لەخوا بە زیاد بێ وا هاتەوە ریز
گەر لە پشتم بێ کەمن تەنها ئەو
نامەوێ هەزار قوباد و خسرەو
چونکە زانستی رەفیقی زۆرە
حەپسن بەر ئەبن بەڵام بەنۆرە
( سەربەستی) تازە لە بەندیخانە
دێتەوە بۆ لای ئەم نیشتمانە
مژدەی بەربوونی ئازادی داوە
لەمانگێ زیاتر حوکمی نەماوە
من کەفیلی تۆم بارمتە ئەدەم

زانستیم بەسە من بەخاطر جەم
ئەوسا ( سەربەستی) و ئازادی هەموو
ڕزگاری، دێنە لای من زووبەزوو
هەموو بە جارێ دەس بە یەك بدا
دەست لە دەست قوەت لەخودا
زانستی بەسە بۆ سەرپەرشتی
بەدڵ ئیتیفاق یەكێتی و گشتی
ئیستیعمار ئەوسا سەر لێ شێواوە
ئەزانی بۆچی؟ چون دەركراوە

**شاربـاژێر ١٩٤٤**

## نەسرین

**بێکەس**

نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە
گیرۆدەی بەندی، ژیانت زوڵمە
وا من پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

* * *

ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە
عالەم شەو و ڕۆژ وا لە فرمانە
فەرقی نێر و مێ نی یە بیزانە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

* * *

مەڵێ من کچم، تۆش وەکوو منی
موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی
مەجبووری ئیش و خزمەتکردنی
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

* * *

هێندە دانیشتی پشتت چەماوە
زەردو لاواز بوویت هێزت نەماوە
کچی بێگانەت خۆ لەبەر چاوە

هەستە تێكۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

* * *

خشڵ و جوانیی تۆ حەیا و فێربوونە

پاشەڕۆژیشت هەر بەوان ڕوونە

کچی بێ عیلم دیل و زەبوونە

هەستە تێكۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

* * *

وەك خوشك وبرا ئەبێ هەردوكمان

قۆڵی لێ هەڵکەین بچینە مەیدان

تا کورد بەرینە ڕیزی میللەتانن

هەستە تێكۆشە تا خوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە

**سلێمانی ١٩٤٤**

# ئەنجامی یاران

**گۆران**

**شوێن:** سەرچاوەیەك لە بن سێبەری كۆمەڵە دەرختێكا، لە دێیەكی بنار شاخ. پلووسكێكی دارین لە كەڵەكە بەردێكی بەرزەوە ئاوێكی زۆری لێ دێتەخوار.

**برزوو:**

ئەی دایەی سەركانیی ژێر سوورە چنار،
داپیرەی نوورانی،
كوا فەڕەی ئەم كاتەی ئەم جێگایەی یار؟
كوا شەوقی جارانی؟

**وەنەوەش:**

كوڕی خۆم، ڕێبواری جوان و هەرزەكار،
جیاوازیی چیت دیوە
لەكانی و پلووسكی ژێر سێبەری دار،
كە زیخی مرواری و ئاوی وەك زیوە؟

**برزوو:**

دایە، ئاو ئەو ئاوە، جێگە ئەو جێیە
هیچ نەگۆڕاوە،
بەڵام سوورە گوڵێك هەیە لەم دێیە
مەنیجی ناوە،
نابینم وەكوو پار لە بەر پلووسكا
ئاو بدا بە كوڵمی نەرم و ناسكا!

**وەنەوش:**

ئەی جوانی سەر ڕێگا، زۆر هەنگی برسی
بەباڵ هات لەدوور
لای دایە ئەم شوێنە و ئەم پرسەی پرسی
دەرحەق گوڵی سوور!
پێم نالێی چ کارەی؟ ڕۆڵەم، چ کەسی؟
سەر سەودای چی کەوتووی، مەنیج ئەپرسی؟

**برزوو:**

دایە، پار چەتە بووم، چەتەی نیشتمان
لەشاخ هاتمە خوار
لەسەر ئەم پلووسکە مەنیجی چاو جوان
تووش بووم یەکەمجار
بۆم ڕوانی ... بۆی ڕوانیم بە دوو چاوی ڕەش
سەر کوڵمی ئاڵتر کرد زەردەخەنەی گەش!

**وەنەوەش ( لەبەر خۆیەوە ):**

ڕوو خۆشی و شەرم و ناز تێکەڵ پێشاندان
هەر شیاوی خۆتە ئەی مەنیجی جوان !

**برزوو ( لەسەر گۆرانی خۆی ئەڕوان ):**

بەو دڵەی کوتێوە کە چوومە پێشتر،
داوای ئاوم کرد
بۆی ڕوانیم بە نیگای ڕیشەی دڵکێشتر
دەستی بۆ جام برد
بینم نا بە جامی (( ئەناهیتا ))وە،
( خوا ژنی نازداری کانی و سەرچاوە)

ئاوم خوارد، سرنجم دا لە باسکی ڕووت،
پووزی هەڵکراو
لەسەر وردە زیخی مرواری و زمڕووت
وەك مەڕمەر تاشراو
ڕوانیمە باڵای ڕێك، سەر و پێچی شل
ئەگریجەی وەك شەوەی سەر بەفری لامل.

**وەنەوش** ( **لەبەرخۆیەوە** ):
شیرینە سەرتاپای ئەندامی مەنیج
شیرینتر: ڕەوشت و خوو و فامی مەنیج !
برزوو( لەسەر تەواوکردنی گۆرانیی خۆی ئەڕوا):
بەقسەی لەرزۆکی لە گەروو گیراو
لەگەڵی دوام
لاوانمی بەدەم و لەبزی وەك شەکراو
پرسیارو وەڵام ـ
گەیشتە: ناونیشان، ناو، دۆست، دەزگیران
تا دەستمان بۆ یەکتر نایە سەر قورعان:
کە هەر گا پێویستی نیشتمانم دی،
لە چەك بەردرام
ماڵی زۆر هەڵگرم، بێمە خوازبێنی
گوڵغونچەی هیوام !
وا ئێستا چیم هەبوو کردوومە بە نەخت
وەك عەوداڵ کەوتوومە شوێن تروسکەی بەخت

**وەنەوش:**
ئەی رۆڵەی لاوچاکم، چەتەی نیشتمان !
داخی گران !

زمانم ناچەرخێ بەقسەی ڕەوان
ئەوەی ئەیزانم ـ
لەبارەی مەنیج و ئەستێرەی بەختی،
بۆ تۆ بگێڕمەوە بە ساردی و سەختی!

**برزوو:**
هەری داپیر! دەخیلم، چییە خەبەرت؟
ئارامت بردم!

**وەنەوش:**
ڕۆڵەکەم، کەڵکەڵەی مەنیج لەسەرت
دەربکە....

**برزوو:**
ـ مردم!
بێگومان مەنیجی نازدار مردووە؟

**وەنەوش:**
نەء ماوە، چ مانێ؟ مێردی کردووە،
بۆ ماڵ و ژن بەژن باوکی چرووکی
لەدێیەکی دوور
لە بەندی پیرێکی توند کرد بە بووکی،
ژاکا گوڵی سوور
وا ئێستا کەوتووە لەسەر نوێنی خەم
فرمێسك ئەبارێنێ: کەی کەم ئێستە کەم!
( لەهەمان جێگا، لەپاش هەفتەیەك، لەسەر گڵکۆی برزوو)

**کۆرسی کوڕان:**

لێرەدا دڵدارێك ئەنویٚ کش و مات
نەوجوانێك بوو،
نەریتی بەد نەیهێشت بگا بە ئاوات
یاری لەکیس چوو!
یەکەمجار لێرەدا بەستبووی پەیمان
هەر لێرەیش خۆی پیٚ کوشت دەردی بیٚ دەرمان
(لەسەر گڵکۆکەی تەنیشتی ئەو)

**کۆرسی کچان:**

ئەمەیە قیبلەگای تەوافی کچان:
گلکۆی مەنیج جوان
بۆ دۆستی جوانەمەرگ وەفای خۆی نوان
ئەویش خۆی خنکان
خۆی کردە قۆچی عەشق، قۆچی سەربەستی
پچڕانی زنجیری کۆنەپەرستی!
(لەهەمان جێگا)

**هەردوو کۆڕس (بەتێکەڵی):**

بێن کچان، بێن کوڕان، پەیمان ببەستین:
بۆ هێزی زۆرداری ملکەچ نەوەستین،
شەهیدانی عەشق
بکەین بەسەر مەشق
دڵداریی ڕاست و پاك ئامانجمان بیٚ گشت
یان بژیین سەرفراز، یان بچین بە کوشت!

**سلێمانی . مارتی ١٩٥٣**

# ئۆپەرێتی:
# سەرکەوتنی بەهار
## بۆ منداڵان

**عەبدولرەزاق محەمەد**

سەرکەوتنی بەهار:

ئەم ئۆپەرێتە لای من شتێکی پیرۆزە و لە دڵما شوێنێکی تایبەتی دیاری هەیە، وا بزانم هەر لەبەر ئەوەیە کە یەکەم نموونەی هۆنراوەکانمە کە دنیای بڵاوکردنەوە و چاپ و ڕۆژنامە ببینێ..

خۆشترین یادگار و خەونی ژیانی لاوی و شاعیریەتیمە.. منداڵ بووم، لە پۆلی دووی قوتابخانەی ناوەندیدا کە پارچەی یەکەمیم دانا و لە پۆلی سێدا لە ساڵی ١٩٥٣ بۆ ڕۆژنامەی (ژین)م نارد، چەند مایەی دڵفڕکێ و بەختیاریم بوو کە لە دوو ژماران لە ژێر ناوی ((زەردەواڵە و پەپوولەدا)) بڵاوکرایەوە ئەگەرچی مامۆستا (گۆران) کە ئەوسا هەڵسووڕێنەری (ژین) بوو کەمێك قافیەی کەچی بۆ ڕاست کردبوومەوە.

ئەم هەڵبەستەم بۆ ئەوە دانابوو کە بتوانم بەپێی ئاسۆی لێکدانەوەی ئەوسام پارێزگاری مەسەلەی ئاشتی بکەم، ئەگەر ماوەی بیر و لێکدانەوەیشی زۆر فراوان نەبووبێت و لە هونەری هەڵبەستدا دواکەوتوو بێت.. چۆن بڵاوکرابووەوە، هەر وەکو خۆی لێرەدا نووسیمەوە و بە دیاری پێشکەشی هەموو منداڵێکی کورد و گەلانی جیهانی ئەکەم.

بەڵام پارچەی دووهەمیم لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٩دا ڕێکخست کە لە ڕواندوز فەرمانبەرێکی میری بووم، وە کە بڵێسەی شۆڕشی ١٤ی تەمموز ڕووناکی ئاشتی و دیموکراسیەتی لە ئاسمانی عێراقدا بڵاوکردەوە ! هەر ڕۆژێکمان جەژن و هەر جەژنێکمان ئاهەنگێك بوو..

لـە ئاهـەنگێکی (گـەل)دا لـەژێر چـاودێری سـەرکردەی فیرقـەی دووی سـوپا بەشێوەی ئۆپـەرێت پیشان درا.. زۆر بـاش سـەرکەوت و لـە دڵـی خەڵکەکـەدا جـێگیر بوو، بەتایبەتی ئامادەکەری ئۆپـەرێت کاك (حەسیب ڕەسـوڵ) توانیبـووی جلوبـەرگی گـوڵ و پـەپوولـە و فریـشتە و ئـەوانی تـر لەبـەر دەسـتـەیەك کـچ و منـداڵ بکـات کـە گشتیان لە تەمەنی گوڵدا بوون.. هەروەها دیمەنی باڵداری شەڕ و ڕەشـەبا و هـەور و هەراشی زۆر شارەزایانە نیشان دابوو کە جلی ئاڵ و واڵا و گۆرانی و سـەما و دیمـەنی دڵگیری ئۆپـەرێتەکە جێگەی پەسندکردنی خەڵکەکە و (سەرکردە) بوو..

ئـیتر نـازانم هـۆی سـەرکەوتنی چـی بـوو؟ ئایـا دەسـتڕەنگینی ئامادەکـەر، یـا پاکێتی و لێهاتوویی و ژ   یری منداڵەکان بوو، یا بـەهۆی (بابـەتی) ئۆپـەرێتەکـە بـوو کـە ئـاوات و بـیری هـەموو کەسێکی ئەگرتـەوە؟ ئـیتر هونـەر بـۆ ئەمانـە بێـت یـا نووسەرەکەی ! لام وایە هونەر بۆ گـەلی ئـەو ڕۆژە بـوو کـە وەکـو گـوڵ بـە شـنەی دیموکراتیەت ئەگەشایەوەو ئامادە و بەجۆش بوو بۆ پێشکەوتن لە هەموو مەیدانێکی ژیاندا.

(ع)

- ١ -

**پەپوولە:**

من باڵدارێکی جوانم		بە خۆشیم، شادمانیم
ئێسك سووك، ڕەنگاوڕەنگم		نەرمۆڵەم و بێ دەنگم
ئەفڕم بەنێو هەوادا		باڵم ئەدەم بە بادا
بە بیر و لەش ئاسوودەم		بەختیار ئەبم هەردەم
هەموو هەوڵ و تەقەڵام		بۆ بەختیارییە و سەلام
ئادەمیزاد هەموو دەم		خۆشی ئەوێم، زۆر، نەك کەم
چونکە، شەڕانی نیمە		بێ دەنگیم لە ئاشتییە..

**باڵداری شەڕ:**

بالْداریکی ئازامە کارم شەڕە یا زامە
لەنێو گشت فامیلیا منم بتوانم وەها
هێند بەهێز و باڵا بم لە ڕەق و لە شەڕا بم
بەڵێ: زۆر تیژە ڕقم نەك لە گولزار و لقم
وەك پەپوولەی هیچ و سووك بێ هێز و بلح و چرووك
دوژمنی خۆی ناناسی بترسێ لە کەساسی
بەبێ بیر و بێ هۆش بێ نیازی هەر ژینی خۆش بێ
چە حەیفێکە لە شەڕا ئەگەر هەزار گیان دۆڕا
هەزار گیان گەر توو نابێ ڕاوەستان هیچ دەم نابێ
گیان چیە؟ هەر هیچ نیە ژیان چیە؟ هیچ نیە.
کەوایە ئەی گیان چیە؟ قەدر و قیمەتی نیە
هەرچی مەرد و چالاکە لە گیان دانان بێ باکە
بیری ژیان هیچ ناکا تا مابێ لەسەر خاکا

**پەپوولە:**

هێندە بە جلوە و گەشم نەرمۆکەیە گشت لەشم
ئەم باڵە کە خاڵ خاڵە پتك پتك و ئەشکالە
پۆدرەی خۆشی لێ دراوە ئاسایشی لەناوە
هەربۆیە وا بەڕێزم لە شەڕ خۆم ئەپارێزم
نەوەك ئەم پۆدرەی ڕەنگین هەڵوەرێ بۆ ڕووی زەمین
چونکە کز ئەبێ ژینم تێك ئەشێوێ فرینم
بێبەش ئەبم لە ژیان ژینی شادیم ئەبتە ژان
کەوایە تاکوو هەبم تووشی فەلاکەت نەبم
پێویستە خۆم هاوار کەم بۆ ئاسایش کردار کەم
چونکە زۆر ئاشکرایە (ژین و ئاشتی) پێکڕایە
شەڕ پیشەی نەفامانە دوژمنی گیاندارانە

**باڵداری شەڕ:**

بەهۆی ئەم هێز و سامە — تاجی شەڕ لە لامە
بچووك و گەورە و گیاندار — ئەترسێ لێم گەلێ جار
سامم زۆرە لە لایان — (وەك ڕەنجبەر و ئاغایان)
شەڕانیم، خوێن ئەڕژێنم — تا نەفەسێ بمێنم
ئینسان چەند گەورە و ژیرە — وورده، بە هۆشە و بیرە
ئەترسێ لێم گەلێ کات — گرتنم لێی بوویتە قات

**پەپوولە:**

گیاندار، گەڵا و گوڵ هەموو — لە بۆم ئەکەن ئارەزوو
ئینسان بە حیلەبازی — ئەم گری بە شانازی
خۆشی ئەوێم هەموو دەم — بە هەزاران لەوو لەم
ئەیەوێ هەر لەلای بم — هەردەم لەبەر بینای بم
بەجوانیم بە ڕوح سووکیم — بە ڕەنگ گەشاوە و بووکیم
تاوێ خۆی شادمان بێ — لە شادی خۆشی ژیان بێ
بەڵام لەسەر ئەوەشڕا — لەنێو دەستیان ئەکەم ڕا
چونکە دیلی و ژێر دەستی — زۆر ناخۆشە بەڕاستی
منم بێ گوناه تر — هەزار جاران لە کۆتر
بێ شەڕ و بێ دەنگ ترم — ڕوح سووك و پڕشەنگ ترم
خانووم لەنێو چڵانە — لە میانی گوڵانە
ژێر سێبەر و دڵگرە — لە جوانی و خۆشی پڕە
بێنی گوڵ و گوڵزاران — بۆن دەکەم هەموو جاران
ئەچێژم تامی خۆشی — وەدەر ئەنێم پەرۆشی
هەر بەهۆی ئاسایشە — کە مایەی ستایشە
بۆیەم پاڵ داوەتەوە — لە خۆشی و ئاواتەوە
ـ خەریك ماڵ ڕازانەوەم — لە خۆشی و حەسانەوەم..

- ٢ -

( لەگەڵ گوڵدا )

**پەپوولە:**

بزانە، شادم بە جارێ		هەر گوڵم بۆ ئەبارێ
دە، ئەی گوڵە جوانەکە		ناسکۆڵەی خەندانەکە
ڕووناکی زەردەخەنە		هەڵسوو لە ئەم دیمەنە
جوانتر کە ! دیمەنی ژینم		ئەی هیوای گەشم، ئاییینم
لەم سێبەرە: کە لاولاوە		باڵای لە لقدا ئاڵاوە
((گیا)) چەماوەی سەوزیە		خەریك گەرمی وەنەوزیە
پڕشنگی ڕۆژی ڕەنگاوڕەنگ		دنیا ئەگیرێ بە ئاهەنگ
ڕاوەستە بم بە میوانت		با تێر هەڵمژم ڕووی جوانیت

نەختێك پۆدرەت لە ڕوو هەڵسووم
بجۆشێ پاکی ئارەزووم

ئەی گوڵ، بڵێ چیت نیازە		لە هەموو جوانیەکی تازە
تا بۆت بێنم.. تا بزانی		من دڵدارم گیانی گیانی

**گوڵ:**

دڵدارە شۆخ و شەنگەکە		لاوە دڵساف و مەنگەکە
ئەوەی بمەوێ لە دیاری		ملوانەکەیەکە مرواری...

**پەپوولە:**

ئەچم لە دەم گوی شەتاوان		لەڕووی کارێز و کانیاوان
لەسەر گەڵا و لە میر گوزار		فرمێسکی مۆمی تروسکەدار
دەنك دەنك شەونمی پاك		ئەیکەم بە ملوانکەیەك چاك
با گەردنتی پێ ڕەنگین بێ		یارەکەم ئێجگار شیرین بێ !

**باڵداری شەڕ:**

دیسان هەر چرپە و پسەپس
پەپوولە ووس، گوڵ ئەتۆش ووس !
دنیاتان خاو کردەوە لێم
واتان کردووە، ئەزانم کێم...
پووشێکم یا بەرز و گەورەم
بۆچی گرتووتانە دەورەم

**پە پوولە :**

گوێت لێیە (گوڵی) خۆشەویست !
خۆ ئەم باسانەت هەموو بیست
ئەزانی ئەمە چە کەسە؟
چە ژەهراوی و چە ناکەسە !
هەموو لەشی دڕکاویە
پێی تیژ، چزووی، ژەهراویە

**گوڵ:**

من ئازاری دڕکم دیوە     خۆ دڕکم زۆر تێ چەقیوە..

**باڵداری شەڕ:**

وادیارە شادیتان ئەوێ     ئەبینین چۆن تاڵی ئەکەم
گوایا دنیا هەر بەهارە؟     هەر شنە و تیشك و گوڵزارە؟
ئەبینین چۆن تاڵی ئەکەم     ئەیکەم بە قین و ترس و تەم
(ڕەشەبا) کوا گڤە و لورەت     کوا گێژی (تەندورە سوورەت)؟
تۆ هەورە تریشقە و گرمە؟     ئەی دووکەڵ: دنیا بێ تەمە !

**ڕەشەبا:**

من. منم.. گڤ..گڤ گڤەم دێ

دنیا گشت تێك ئەسووڕێنم

من.. منم.گڤ.گڤ.گڤەم دێ

ئەبەم، تێك ئەدەم، ئەڕمێنم

(پەپوولە دوو باڵی پێکەوە ناوە و لە قورنەیەك لەگەڵ ((گوڵ)) دانیشتوون..)

**گوڵ:**

ئای چۆن گیانم ئەهەژێنێ

دڵم لەبن ئەپچڕێنێ

ئەمترسێنێ، ئەم ترسێنێ

**هەور:**

تەق و هۆڕ و گرمە گرم

منم ئاوا ئەنەڕێنم

گرم و هۆڕ و گرمە گرم

گیتی گشت تێك ئەشێوێنم

گوڵ: سەیری دڵم چۆن لێ ئەدا

ئەڵێی بەرەو مەرگم ئەبا

**ڕەشەبا:**

((دیسان)): ئاوا ئەکەومە وژە وژ

منم ترسێنەری، گیان کوژ

ئەوە گەردو لول و تۆزم

ئەمە ئاسمانی ئاڵۆزم

**گوڵ:**

ڕووم گەچلا، چاوم پڕ قوڕ بوو
پیاڵەم مەرگی تیا پڕ بوو
(دووکەڵ دنیا ئەگرێت)

**گوڵ:**

چاوم پڕ ناکا، لەم تەمە
لەم دووکەڵەی پڕ ستەمە
دووکەڵ چاوی برژانمەوە
دڵیان یەکسەر بوورانمەوە..

**باڵداری شەڕ:**

ئاوام، ئاوایە، هێزی من
وا شادم ئەکا سەرکەوتن
شەراب بە گۆزە فڕ ئەکەم
دنیاتان لێ ئەکەم بە خەم

**گوڵ:**

پەپوولەی نازدار، کوا، لە کوێی
وادیارە ئەتۆش ئەترسێی
دەنگێك ناکەیت.. بێ دەنگ ماوی
تۆ زۆرتر لە من ترساوی..
هیچ ئاگات لەمن نەماوە
بەجێت هێشتووم لەم ناوە
دنیام لێ بوو بە کۆڕی مەرگ
وا ئەتکێ تك تك خوێنی جەرگ

ئەرێ جلی جوان بدڕێنم
هیوای نەرم و نۆڵ بمرێنم؟
(پەپوولە بەم لاو بەو لادا ئەچێ و بە ئەرکێکی زۆر ڕاست ئەبێتەوە. بە شێواوییەوە)
پەپوولە:
دە: ئەی فریشتەی ئاشتی
تۆ هیوای گەشی گشتی...
تاکەی دنیا هەر تەم بێ
هەر زۆرداری و ستەم بێ
دەس دەسی شەڕکەران بێ
چۆن دڵناییت بەم شێوە
بمان کوژن لە جێوە
کوا باڵە سپیەکانت؟ تیشکە زێڕینەکانت
وا (گوڵ) فرمێسک ئەڕێژی
تاڵاوی مەرگ ئەچێژی
منیش ئەمرم... ئەگەر هەروا
شەڕکەر دنیامان تێك بدا
ئەگەر نەگەیتە فریامان
فریشتەکەی ئاشنامان
(مۆسیقایەکی خۆش.. پەری ئاشتی بە جلی سپیەوە)
وەکوو ڕۆژ دنیا ڕووناك ئەکاتەوە و شەماڵ هەڵ ئەکات و گوڵ و پەپوولە و گوڵێکی تر، دێنەوە سەما و هەڵپەڕکێ).

**گوڵ:**

ئۆخەی، ئۆخەی، شەڕ تونا بوو
شەڕکەر خۆیشی بەم ئاگرە چوو

ئۆخەی.. دنیامان چەند جوانە
فریشتە: ڕۆڵەم، دنیا تێکۆشانە
هەوڵدەن هەر ئاسایش بێ
دنیا جوان و ئارایش بێ
ئاسایش هەر سەر ئەکەوێ
شەڕ تێ ئەچیت و، ئەنەوێ
بژی ئاشتی، بژی خۆشی
بژی ژیانی هاوبەشی !.

# ماستاو

## گۆران

### - پەردە هەڵگشا -

ئا: تەلەفۆنی ئەم سەر: ئاغا لە هاوینەهەواری کوێستان

ب: تەلەفۆنی ئەو سەر: کاربەدەستێك لە باڵیۆزخانەیەك

**ئا:**

هەلاو .... هەلاو... گەورەم! سێرم!
هۆی گیرفان و سکی تێرم
هەلاو.... هەلاو....
ڕووناکیی چاو!

**ب:**

ئەلۆ ... ئەلۆ... ((شێك))م! ((ئاگا))م!
لەناو گەلتا پشتم ، پەنام!
ئەلۆ... ئەلۆ....
((کۆت)) براڤۆ!

**ئا:**

جێگام بەرزە و سەیرانگایە،
نزیك بەوپەڕی دنیایە...
بۆچ بچووکت گەورە ناکەی؟
چاوەڕوانیی من هەتاکەی؟
هەلاو.... هەلاو...
ڕووناکیی چاو!

**ب:**

زۆر (( موشتاك))م، زۆر پەرۆشم:
بێم ماستاوی سارد بنۆشم،
بەڵام ((ئا !)) لە ((داك))ی ڕووتە
نۆشی گیان لام ((زەكنەبووت))ە !
هەر چەند من دێم ڕائەپەڕن
لەمنیش و لەتۆیش پڕن !
ئەلۆ... ئەلۆ...
(( كۆم)) برای تۆ !

**ئا:**

هەلاو ... هەلاو... ڕووناكیی چاو !
لەگەڵ خۆت زۆر بێنە دراو،
بە مانگانە پیاو ڕائەگرم،
ورتەیان كرد سەریان ئەبڕم !
دوایی: نەیەی، ئەودیو سنوور
لێمان ئەكرێ بە ئاگری سوور !
هەلاو ... هەلاو....
خاوەندراو !

**ب:**

هەر تۆ و دراو؟ بە بانی چاو !
بەرخ سەر بڕە و سارد كە ماستاو
ئەلۆ... ئەلۆ...
((كۆت)) براڤۆ !

**ئا:**

هەر تۆ و کەباب؟ هەر تۆ و ماستاو؟

هەی بەسەر چاو! هەی بەسەر چاو!

( ئاغا هستێریای کامەرانی ئەیگرێ، لەگەڵ ئەوەی خەت داخراوە، گوێدانی تەلەفۆنەکەی هەر بەدەستەوەیە، بەدەوری خۆیا ئەسوورێتەوە و سەما ئەکا)

میوان؟ دراو؟

هەلاو ....! هەلاو...!

هەلاو ....! هەلاو...!

**- پەردە داکشا -**

**سلێمانی . ئابی ١٩٥٣**

# جۆقی یۆنسکۆ

**گۆران**

شوێن: دێیەکی ناو شاخ

کەسەکان: ١) ئەندامانی جۆق: پڕۆفیسۆر، دومبەکچی، کەمانەژەن، کچە مامۆستای گورانیبێژ، کچە مامۆستای سەماکەرە. ٢) دانیشتووانی دێ بە ورد و درشتەوە.

نیاز لە هاتنی جۆق: فێرکردنی خوێندەواری وماڵداری و دروومان و کشتوکاڵ و مۆسیقا و دانس تاد، بەدوو هەفتە لە چوار پێنج دێدا.

**- پەردە هەڵکشا -**

**پڕۆفیسۆر:**

هاتووینە دێی بەردو کوچك
خڕ بیژەنە وەستای دومبك!
خڕ بیژەنە کەمانەژەن!
کچان، ئێوەش سەما بکەن!
( ساز و سەما دەست پێ ئەکا)

**کچە مامۆستای گۆرانیبێژ:**

من زانای دەرسی ئەلفبام
دووجار بڵێن: تەرلای لای لام!

**هەموو:**

تەر لای لای لام...
تەر لای لای لام...

**کچە مامۆستای گۆرانیبێژ:**

((نوون)) بۆ نانە، نانی گەنم.
تەر لای... پێتان پێئەکەنم!

**هەموو:**

تەر لای لای لام...
تەر لای لای لام...

**کچە مامۆستای گۆرانیبێژ:**

((گاف)) بۆ گۆشتەو (( پێ)) بۆ پلاو
نەك نایخۆن، نایبینن بەچاو
تەر لای لای لام، تەر لای لای لام
دوایی هات دەرسی ئەلفبام!

**هەموو:**

تەر لای لای لام...
تەر لای لای لام...

**دومبەکچی:**

تەپ تەپ ... تەپ تەپ
بەهەدوو دەست، سێ ڕاست، یەك چەپ!
تەپ وەك زرمەی دەستڕێژ وایە
بێ شەڕ نابێ ئەم دنیایە!
تا ئەتوانن تەپ تەپ فێربن
سێ سك برسی، یەك سك تێر بن!

**هەموو:**

تەپ تەپ ... تەپ تەپ...

سیٚ ڕاست، یەك چەپ!

**کچە مامۆستای سەماکەرە:**

دەی دانیشتووی بەردو کوچك

لەسەر هەوای پیرە دومبك

چەپڵە لیٚ دەن، سەما بکەن

( چەقەنە لیٚ ئەدا)

ئاوا بکەن!

( سمت بائەدا)

ئاوا بکەن!

( گشتیان ئاوا و ئاوا ئەکەن)

تا وا نەکەن چۆن تیٚئەگەن؟

تا تیٚنەگەن چۆن پیٚئەگەن؟

**پرۆفیسۆر:**

دانیشتووی دیٚ، درشت و ورد!

هەمووتانمان زۆر باش فیٚرکرد!

((تەرلای لای لام))تان لەبەرە

گشتتان بوون بە سەماکەرە.

( چەقەنە لیٚ ئەدا و گشت بە شویٚنیا لیٚی ئەدەن)

ئاوا ئەکەن!

( سمت با ئەدا و گشت بە شویٚنیا بای ئەدەن)

ئاوا ئەکەن!

لەمن باشتر سەما ئەکەن!

ئیتر کارمان نەما لەلاتان
ئەتانسپێرین بەخواتان!
( بەدەم گۆرانی و چەقەنە و سوورڕدانەوە، شانۆ دەست ئەکا بە چۆڵبوون)

**هەموو:**

تەر لای لای لام... تەر لای لای لا....
یۆنسکۆ جوان دەرس دا ئەدا!

**- پەردە داکشا -**

**سلێمانی. ئەیلوولی ١٩٥٣**

# موحاکەمەی مام چەوەندەر

**گۆران**

( پەردە هەڵکشا و ساڵۆنی موحاکەمە بەدەستەی تەواوەوە ، کەوتە بەرچاو....)

**١ـ موحاکەمە:**

ـ ناوت چییە؟
ـ مام چەوەندەر!
ـ لە کوێوە دێی؟
ـ لەدەشت و دەر.
ـ بەچی هاتی؟
ـ بە پشتی کەر.
ـ کێ هانیتی؟
ـ لالە ڕەنجدەر.
ـ چۆنی هانیت؟
ـ بەدەردی سەر.
ـ بۆ کێی هانیت؟
ـ ئاغای سێبەر.
ـ ئاغا چی وت؟
ـ ئیللا گێزەر!
کەڵکی نەگرت
تکای ڕەنجدەر،
بەر شەقیان دا
دەستەی نۆکەر:

((ئیللا گێزەر....

ئیللا گێزەر....))

## ٢ـ بڕیار:

بەڵێ، مادام لالە ڕەنجدەر

بۆی نەگونجا لە چەوەندەر

بارەگێزەر بێنێتە بەر،

وا دامانبنا بە تاوانکەر!

یەڵڵا ، پۆلیس، بیدەنەبەر،

لەشی کوت کوت کەن بە خەنجەر!

( پەردە داکشا و ئیتر کەس نەیزانی مام چەوەندەریش چیی بەسەر هات)

**سلێمانی . ئەیلوولی ١٩٥٣**

# نق و چق

**گۆران**

دیمەن: ژووری دائیرەیەك... لای ڕاست کورسی و مێـزی نـق... لای چـەپ کورسـی و مێزی جق.
جێگای تەلەفۆن لە ناوەڕاسـتی هـەردووکیانا، بەدیوارەکـەی پـشتیانەوە... دەرگـای مەعبێن لەگەڵ ژووری سەرەك لەبەری لای نقەوە...تاد.

**- پەردە هەڵکشا -**

**هەژار ( سێ هەنگاو ئەنێ بۆ بەردەمی نق ):**

ـ قوربان کرام؟

نق ( بێ سەرهەڵبڕین):

ـ بەدەست جقە.

**هەژار ( سێ هەنگاو ئەنێ بۆ بەردەمی جق ):**

ـ قوربان کرام؟

جق ( بێ سەرهەڵبڕین):

ـ بەدەست نقە.

**هەژار:**

ـ قوربان، مەئمووری نق، کارم،

عەرزو حاڵەکەی پێرارم؟

نق ( سەر هەڵئەبڕێ... قەڵەمەکەی دائەنێ... جگەرەیەك دائەگیرسێنێ... پاڵی لێ ئەداتەوە):

ـ کوڕە، کابرا، نەموت بڕۆ

لای جقه عەرزو حاڵی تۆ؟!

**هەژار:**

ـ مەئمووری جق عەرزو حاڵم؟

جق ( هەمان دەستووری نق پاڵی لێ ئەداتەوە):

ـ کوڕە، کابرا، بێ سەرو پێ،

نەموت لای نق بۆی بگەڕێ؟!

**هەژار ( لەبەر خۆیەوە ):**

ـ تەقیم ... ورگم پڕ بوو لە ڕق

( بەدەنگی بەرز):

داد، گەورەی نق! داد، گەورەی جق!

( دەرگای مەعبێن کرایەوە،سەرەك بەدەموچاوێکی تووڕەوە سەری کێشا، نـق و جق هەڵسانە سەر پێ)

**سەرەك:**

چیە کابرای قڕەقڕکەر؟

**جق:**

گەورەم، لێمان تێك ئەدا سەر!

**هەژار:**

قوربان! عەرزو حاڵی پێرار!

**سەرەك :**

هەی قوزڵقورت! هەی زەهری مار!

پەلە لەکاربەدەست ئەکەی؟
لە نق و جق سەر تێك ئەدەی؟

**هەژار:**
قوربان، پەلەم نەکردووە !

**سەرەك:**
بۆ عەرزو حالێ دوو سالێ زووە !
بۆچی ئێرە خومخانەیە ؟
یا جقخانەی شاهانەیە ؟ !

**نق:**
کاری ئاغا چوار ساڵی برد !

**جق:**
هی بەگمان بە پێنج تەواو کرد !

**سەرەك: ( لەبەر خۆیەوە بە تەوس و تووڕەیی ):**
پێرێ عەرزو حاڵی داوە،
ئەمڕۆ کەوتۆتە ئاژاوە...
( روو ئەکاتە نق)
تەلەفۆن بکە، تەوقیف بکرێ.
با بەس بێت بەرۆکمان بگرێ !

**نق:**
( دەم ئەنێ بە گوێچکەدانی تەلەفۆنەوە):

ئەلۆ.... پۆلیس! مەوقوف هەیە

**سەرەك:**

با تێ بگات دەرنگ کەیە!

( ئەوەنـدەی نەخایانـد، پـۆلیس پەیـدابوو... دەس کـرا بـە کەلەبـچەکردنی هەژار...)

**هەژار: ( بەواقوڕماوی چاوی گێڕا بە گشتیانا. لەبەرخۆیەوە ):**

حەی لە نق و جقی کارم

چەند گورج دەرچوون بۆ ئازارم! ؟

( هەژار درایە بەر بۆ بەندیخانە و ئیتر پەردە داکشا)

**سلێمانی . ئەیلوولی ١٩٥٣**

## ((چیرۆکی تەمسیلی بە گۆرانی))

## ئۆپەرێتی

## ـ دڵداری کوڕە شوان ـ

## ١٩٥٥/٣/١٩

**شیعری: محەمەد ئەحمەد ( کامەران موکری )**

**دەستکاری و ئاوازی : رەفیق چالاك**

(( کات دەمەو بەیانە و سەرەتای بەهاری بەهاداری پڕ ئەفسوون و دڵداری، شوێن میر غوزارێکە مەڵبەندی یاری))

( دەنگە دەنگی بولبول و چۆلەکەو پاساری)

**شوان: ( بەگۆرانیەوە )**

گزنگی زێڕینی خۆری بەیانی،
خۆی سوو لەلالە و سەر سنگی کانی
ئاونگی سەر گۆنای گوڵی سوور تکا،
سوپاکەی زستان ڕایکردوو شکا
خۆر دەمی ناوەتە ناو جەرگەی گوڵزار،
تاڤگەی چەم ئەڕوا بۆ دامێن نزار
هوزار و پەپوولە لە عەزرەتی گوڵ،
ناسڵەمێنەوە لە درك و چقڵ
بەهارەو بەهار کاتی دڵداری،
کاتی بردنە سەر شەو بە بێداری

وەر نازەنین ئارامی گیانم ،
تاقانەی ئاغا چرای ژیانم!

**نازەنین:**
وا هاتم گیانە شوانی بالاَ بەرز،
بینینت گشت دەم لێم بووە بە فەرز
سا لەگەڵ ئاوازەی بە سۆزی شمشاڵ،
لەرەی بێت ژێر ملی بێ گەردت چاوکاڵ

**شوان:**
گیانەکەم نازەنین پۆلایی بڕوا،
چۆن وێرات بێیتە لام بێ ترس و پەروا
ناترسی خەنجەری زۆرداری لەپڕ،
بڕژێنێ خوێنی دڵ لەناکاو بەخوڕ؟

**نازەنین:**
هەرگیز ناترسم خۆشەویستەکەم
گەر بۆشم حازرکەن دارەمەیتەکەم
کوڕە شوان، شوانی جوان دڵنیابە تۆ،
دڵی من بۆ تۆیەو ناتکەم دەسخەڕۆ
هەر تۆ یارمی هەتا دوا نەفەس،
بەڵێن بێ دوای تۆ دڵ نەدەم بەکەس

**شوان:**
دڵنیابە گیانە لە وەعد و پەیمانت،
لەهەستی ناو دڵ و هۆش و زمانت

زڕەی زێڕ بە قوربان دەنگی تریفەت
بریسسکەی بە قوربان خەندەو بریقەت
سەرکەوە سەرکەوە، سەرکەوە سەر کەل،
تا خۆزگەمان پێ بەرن کچ گەل و کوڕ گەل
بە لەنجەو ڕەوتێك جوانتر لە هەی مەل،
سەرکەوە سەرکەوە سەرکەوە سەر کەل

**نازەنین:**

کۆشکەکەم بەقوربان خاکی ژێر پێتە،
سەرو دڵیشم دایم لەڕێتە
هەر تۆ یارمی هەتا دوا نەفەس،
بەڵێن بێ دوای تۆ دڵ نەدەم بەکەس
(( پشوویێ مۆسیقا))
( لەدوورەوە)

**باوك:**

پێم ناڵێن ئەو دەنگە دەنگی کێیە دێ،
لەو گەژەی ئەو بەر بێ باك هەڵئەسێ؟
پێم بڵێن نۆکەرینە خێراکەن،
کچە کێیە و کوڕە کوڕی کێ؟

**ئامۆزا:**

ئاغا ئەو دەنگە نازەنین خانە،
دڵدارە و سووتاوە و گیرۆدەی شوانە
گوێت لێیە پێی ئەڵێ هۆ هۆ کوڕە شوان،
نەك خۆم باوکیشم ئەکەم بەقوربان

**باوك:**

ئا سوار بن بە تاوێك بەرەو دەمی كەل،
ئەو شوانەم بەخەنجەر بۆ بكەن پەل پەل
لاشەكەی فڕێدەنە بەردەمی قەل و داڵ،
جلە خوێناویەكانی تاقەت كەن لەچاڵ
( دەنگی ڕەوی سوارە ئینجا پشوویێ مۆسیقا)

**نازەنین:**

گیانەكەم لاوی پاك شوانی دیدەكاڵ،
كوا دەنگی گۆرانیت سۆزەی ناڵە ناڵ؟
بێنێتە شایی جەنگەلی قەدپاڵ،
دوژمن بسووتێنێ و بیكا بە زووخاڵ؟

**شوان:**

گیانەكەم نازەنین پۆلایی بڕوا،
چۆن وێرات بێیتە لام بێ ترس و پەروا
ناترسی خەنجەری زۆرداری لەپڕ،
بڕژێنێ خوێنی دڵ لەناكاو بەخوڕ؟

**نازەنین: ( دەنگی ڕەوی سوارە )**

ئەوە چییە؟ هەیهاوار! هەیهاوار!

**شوان:**

مەترسە گیانەكەم خەنجەری زۆردارە بۆسنگی دڵدار!

**باوك:**

مەیكوژن جاریٚ، هەتا ئەدەم قەراریٚ،
ئا، بابە دار قەبرغەی بكەم بەخڕخاڵ
بە پشكۆ گلێنەی بكەم بە زووخاڵ،
مەیكوژن بە سووژن چاوی دەردێنم،
بەخەنجەر خوێنی دڵی ئەڕژێنم

**نازەنین:**

بابە! كوا ڕەوای كاری ئینسانە،
ئێوە وا بكەن لەو بەسزمانە
توخوا مەیكوژن خەڵقە دڵدارە،
خوشەویستی منە ئەم شوانە هەژارە
لە جێی ئەو ها دڵی من ئەنجن ئەنجن كەن،
چاوی من بەسووژن دەرزی ئاژن كەن

**شوان:**

ئای! بێ ویژدانینە! ئای ئارام، قەرار!

**نازەنین:**

مەیكوژن توخوا؟ هاوار سەد هاوار!

**شوان:**

مەترسە! خەنجەری زۆردارە بۆ سنگی دڵدار،
دوایی ناهەموار

**نازەنین:**

کوڕە شوان بە قوربان سۆزی کوڵت بم،
بەقوربان دڵۆپێك خوێنی دڵت بم

**باوك:**

کوا زێڕەی قامچی و دار لەسەر پشتی بێ،
ماندوو بوون داڕزێنن هەی دەستان شکێ؟

**شوان:**

بمکوژن خێراکەن بەسی بێ سزا،
بەڵام بێ گومان بن کەئەیخۆن جەزا، ئای
(( پشوویێ مۆسیقای غەمگین))

**نازەنین:**

دەمەو بەیانە وسەرەتای بەهار،
کەچی ماتەمەو شەپۆری دڵدار
بۆ ئەو شینیەتی و بۆ ئەو سووتاوە
دەك بن بە قوربان باڵی بەسراوی،
ڕەنجبەری برسی لامل خوێناوی

**ئامۆزا:**

نازەنین شێت بوو وێڵ و پەیتارە،
کەژاو کەژ ئەکا و دڵ پڕ جەخارە
ئاواتی دڵی خراپە ژێر خۆڵ،
ئەمیش ئاوارەی دەشت  و چیا و دۆڵ
گرتوویەتییە بەر ڕێگەی نەهاتی،
بەدەم ئێشەوە سەد مەرگەساتی

**نازەنین: ( لاوانەوە )**

ئەی مانگ تا مردن هاوڕێی تیشکی تۆم!
سەرینم بەردەو تا ڕۆژ تل ئەخۆم
شەماڵی هاودەم ئەی سۆزەی شمشاڵ!

کوا نیگای مەنگی شوانی دیدەکاڵ؟
ئەی مەلانی شاخ وەرن بگرن کۆڕ
تێکڕا با بیکەین بەشین و شەپۆر
بەدەنووکی ئاڵ بۆم هەڵکەنن گۆڕ
ئنیجا با بمرم بێ ئاواتی دڵ
سیس بم بوەرێم وەکوو پەڕەی گوڵ

# چیرۆکی دارفرۆش

**محەمەد ئەمین کاردۆخی**

**پەردەی یەکەم:**

پــەردە ئەکرێتــەوە( دارفــرۆش و خوێنــدەوارێك) دەر ئەکــەون، دار فــرۆش خــەریکی بڕینــەوە و ووردکردنــی دارەکانیــەتی، لەبــەر خۆیــەوە ســکاڵا ئــەکات. خوێندەوارەکەش خەریکی خوێندنەوەی کتێبی کە لە نزیك ئەم دارفرۆشـەدا جارجـار سەیری ئەکات و گوێ لە سکاڵاکەیەتی...

**دار فرۆش:**

ئاخ لەم کلۆڵیەی ، بەسەر مندا هات
ژینی هەژاریم، چۆن بوو بەخەڵات؟
چۆن یەزدان ئاوا هەژاری کردم؟
بەکوێرەوەری بە ئەرزیا بردم؟
بەکۆڵ و سەرشان هەر دار هەڵ ئەگرم
منداڵ هەر رووتن، خویشم بەرگ شرم
خەڵق لەخۆشی دان، دوور لە ماتی و خەم
منی دارفرۆش ، هەر پەست و ماتەم
داری ئەم شاخەم لەبن دەرهێنا
هێشتا بەد بەختم لەم سەرزەمینا
تاکەی بەم جۆرە ببم گرفتار؟
ئەمە کەی ژینە، ئەی پەروەردەگار؟

(خوێندەوارەکـە) کـە گـوێ لـەم سـکاڵایە ئـەبێت، نـزیکتر ئەبێتـەوە بـەم هۆنراوانـە گفتوگۆی لەگەڵ ئەکات:

**خوێندەوار:**

برای دارفرۆش زاڵمی زەمان

بۆ لەناوت برد، داری نیشتمان؟

بەتەورو، تەوراس، بە تەشوێوو، مشار

ئەبڕی وورد ئەکەی، بەهەزاران دار

بۆ وا جەور ئەکەی لە نەمام و دار؟

تاکەی لۆری و کەر. بەدار ئەکەی بار؟

لقوو پۆپی دار، بۆ وا ئەشکێنی ی؟

داری وولاتمان، بۆ لەبن دێنی ی؟

دارفرۆشەکە سەربەرز ئەکاتەوە، بەسەرسامییەوە سەیرێکی ئەم خوێندەوارە ئەکات دوایی بەم هۆنراوانە وەڵامی ئەداتەوە:ـ

**دارفرۆش:**

کوڕە مەکتەبلی کاکەی خوێندەوار

زیانی چی یە کە من ببڕم دار؟؟

ژیانی خۆمو ، ماڵ و مناڵم

دار فرۆشتنەو، هێشتا بەدحاڵم

دەمەوبەیانی، زوو ئەچم بۆ شاخ

لەگەڵ داربڕین هەڵئەکێشم ئاخ

بۆ ناتەواویم، بۆ بەختی رەشم

بۆ زۆر قەرزاری و ، هەژاری بەشم

جەور ئەکەم لەدار( بۆ نان، بۆ ژیان)

وەك (دەست دار) نادەم لە هەژار زیان

دەسی کەس نابڕم پیاویش ناکوژم

خوێنی جووتیارو ، هەژار نامژم

که دارم بڕی بارێك پا  دوو بار
بۆ فرۆشتنی روو ئەکەمە شار
کەچی ئەبینم پۆلیسی غابات
دێت و ئەمگرێ و، دارەکەم ئەبات
گوریس و، تەورو، تەوارسم ئەبەن
لەدادگاشا، بەسزام ئەدەن

کاتی خوێندەوارەکە ئەم قسانە ئەبیسێت، ماتی دای ئەگرێ دوایی بەم هۆنراوانە وەڵامی ئەداتەوە:ـ

**خوێندەوار:**

برای دار فرۆش دار بڕی هەژار
بۆ بەختی ڕەشت، یەکجار بووم خەمبار
سەرت هەڵبڕە، بۆ باخ بڕوانە
دیمەنی باخات، سەیرەکە، چەند جوانە
شاخی رووت خۆشە یاخۆ دارستان؟
دەشتی چۆڵ چاکە، یا  باخو بێستان؟
لەوەختی گەرماو ماندوبوون جار جار
ئاوات ناخوازی، بۆ سێبەری دار؟
گەر گشت دارەکان، لەبن دەربێنین
ئاخری، رۆژێ، بێ دار، ئەمێنین
پۆلیسی غابات کە دارت ئەبات
لەدادگادا بەسزات ئەدات
مەبەستی وایە کە بۆ جارێ تر
داری تەڕ، نەبڕی، تێ بگەی ئیتر

سزای دار بڕین لە تۆ بسێنێ

راسپاردەی خۆی بەجێ ئەهێنێ

ئەمجا دار فرۆشەکە سەربەرز ئەکاتەوەو سەیریکی تری خوێندەوارەکە ئەکات و بەم هۆنراوانە وەڵامی ئەداتەوە:ـ

**دار فرۆش:ـ**

کاکە وا دیارە ، زۆر شت ئەزانی

چی یە دەرمانی ( لاتی و بێ نانی)؟؟

کە دار نەفرۆشم بۆ منداڵ و ماڵ

بەچی تەواوکەم ژیانی یەك ساڵ؟

پێم بڵێ چی بکەم، من لەم دونیایە؟

نەخوێندەوارم و، بەبێ دەسمایە؟

مردن خۆشترە، ئەم ژینە چی یە؟

بۆ هەر لا ئەڕۆم ئەڵێن، ئیش نییە

چی بکەم، بژیم، توخوا، چی چاکە؟

چۆن خۆش رابوێرم لەم خاکە پاکە؟

ئەمجا (خوێندەوارەکە) دەست ئەخاتە سەرشانی ( دارفرۆشەکە) بەم هۆنراوانە وەڵامی ئەداتەوە:ـ

**خوێندەوار:**

کارخانەی ( چنین)، ( شەکر) ، دائەنرێ

زۆر کەسی بێ ئیش ، ئیشی پێ ئەدرێ

تۆیش دائەمزرێت، ئیش ئەکەی لەوێ

بەخۆشی ئەژیت، گشت رۆژ و شەوێ

بەکارکردن و، ڕاستی و، دڵپاکی

بەختەوەر ئەبی ی، تا لەسەر خاکی

گەر وات پێخۆش بوو، کرێکاری کە

یاخۆ جوتیاری و ئاژەڵ داری کە

نەمام بنێژە، زەوی بکێڵە

ئەرزی نیشتمان بایر مەهێڵە

هەمووی بنێژە بە نەمام و دار

تا جوان بێت شاخ و دەشت و ، لادێ و شار

داری وشك ببڕە، بیفرۆشە بێ خەم

( بەد مەبە) بۆ کەس بە( دەست و دەم)

ئەمجار هەمیسان دارفرۆشەکە سەیریکی تری خوێندەوارەکە ئەکاتەوە بەم هۆنراوانە وەڵامی ئەداتەوە:ـ

**دار فرۆش:ـ**

برای خوێندەوار ئەمەش بزانە

لەبەر هەژاری ، دەردم گرانە

هیچ ئەرزم نییە تا بیکەم بە باخ

نەمام بنێژە هەڵنەکێشم ئاخ

کە زەوییم نەبێ بۆ کشت و کاڵم

چلۆن چاك ئەبێ ژیانی ماڵم؟

لەهەموو لاوە ماڵم وێرانە

باری هەژاریم قورس و گراه

پاش ئەمە جارێکی تر خوێندەوارەکە بە پێکەنینەوە لێی نزیك ئەبێتەوە دەست ئەخاتە سەر شانی و بەم هۆنراوانە وەڵامی ئەداتەوە:ـ

**خوێندەوار:ـ**

له ( دوجەیله) دا له ( شارەزوورا)

زەوی ئەمیری ، زۆر دابەش کرا

ئێستاکەش دەوڵەت زەوی زۆر ماوه

بۆ لێ قۆماوو، جووتیار دای ناوه

سا بەڵکو میری، زەوی تر بەش کا

بیست سیی دۆنمێ ، زەویت پێ بدا

بیکێڵه و بیکه، به باخ و باخات

ئیتر به خۆشی ئەگەی به ئاوات

دوای ئەمه ( دار فرۆشەکه) له داربڕین پەشیمان ئەبێتەوه، گوریس و تەورو تەوراس و شتەکانی داربڕین فڕێ ئەدا وه به هۆنراوانه گفتوگۆ لەگەڵ خوێندەوارەکەدا ئەکات:ـ

**دار فرۆش:ـ**

لەسەر فەرمودەی کاکەی خوێندەوار

مەرجه قەت نەکەم، ئیتر جەور لەدار

مەرجه دار نەبڕم، ئیتر نا ماوم

( نەمام) گیانمه، ( درەخته) چاوم

وا ( تەور و تەوارس) وا ( گوریسەکەم)

هەموو فڕێ دا کاسبی تر ئەکەم

وا ( تەشوێو مشار) وا ( قەیاسەی بار)

هاتمه سەر قسەت. برای خوێندەوار

ئەمجار دارفرۆش و خوێندەوار دەست ئەخەنه ناو دەستی یەك وه هەردوکیان پێکەوه ئەم هۆنراوانه ئەخوێننەوه:ـ

**دار فرۆش و خوێندەوار:ـ**

سا ئێوەش ئەی گەل، دڵپاك بن و راس

نەمام بنێژن ، بەبێ قسەوباس

دەوری ، لادێ و شار، دوو کیلۆ مەترە

گەر بەباخ بکرێت، گەلێ جوانترە

لەوەی کە دەوریان بایەرو چۆڵ بێ

یا جێگای زبڵ و ، شیاکە و خۆڵ بێ

بۆ سوودی گشتی هەوڵ دەین ئیش بکەین

نەمام بنێژین ، تەمەڵی ی نەکەین

## بەشی دووەم

## لەچیرۆکی دارفرۆش

لەکاتێکا ( خوێندەوار و دارفرۆش) هیچ لە بەینیانا نەمانوە، و پێکەوە ئەو (٤) هونراوەی سەرەوە ئەخوێننەوە، هێشتا شوێنەکەیان بەجێ نەهێشتووە کابرایەکی بێگانەی ( شەبقە بەسەر) پەیدا ئەبێ روو ئەکاتە ( دار فرۆشەکە) بەم هۆنراوانە گفتووگۆی لەگەڵ ئەکات.

**بێگانە :ـ**

مەرحەبا هەژار، برای ساویلکە
چاك هەڵخەڵەتای ، بەم فاك و فیکە
بەقسەی مەکتەبلی ، زۆر زانی شانی
دەسخەرۆ مەبە، ئەگەر هۆشیاری
ئەوەی ئەو وتی، بۆ تەفرەدانە
نەك بۆ بار سووکی ژین و ژیانە
ئەمانە، ناحەز ، بە ئاین و دینن
دوژمنی ئێوەو ئازادی و ژینن
نوێژ نەکەرن، خوا نەناسن
لەگەڵ هەژاران تەواو ناراستن
ئەم فروفێڵەی ئەیکەن ئەمانە
هەمووی بۆ سوودی ، خۆشی خۆیانە
بەدەست بڕینی ، چینی چەوساوە
کۆشکی دەقاتیان ، پێکەوە ناوە
تۆ قەت بیستووتە، کەس بەخۆرایی
زەوی خۆی بەش کات، لەخەڵق ئاوایی

مەگەر نازانی بۆچی وا دەکەن

تا دەستتان ببڕن، کۆشکی پێ بکەن

کاتی خوێندەوارەکە، گوێی لەم قسانەی پیاوە بێگانەکە ئەبێ، لێی نزیک ئەبێتەوە بە تووڕەییەوە بەم جۆرە ئەیدوێنێ:-

**خوێندەوار:**

کابرا پێم نالێ ی خەڵقی کام شوێنی؟

بۆچی بەم جۆرە، گێرەشێوێنی؟

مەبەستت چی یە، تۆ لەم قسانە؟

گەر پیاوچاکی ، ئازاو مەردانە

برا رێکخەر بە، مەیاندە بە شەڕ

بۆ سوودی گشتی تێکۆشە یەکسەر

تۆ چیتە بەسەر، ئێمەی برادەر

بڕۆ، بۆ جێی خۆت ، ڕێگە بگرە بەر

ئەمجار پیاوە بێگانەکە سەیریکی خوێندەوارەکە ئەکات و بەم هۆنراوانەی خوارەوە وەڵامی ئەداتەوە:-

**بێگانە بە خوێندەوار:-**

من بابایکم، لەو هەژار ترم

من لە تۆ گەلێ شارەزا ترم

منم وێڵ گەردی شاخ و هەردانم

شارەزای ئێوەم ، وا سەرگەردانم

ئەزانم ئێش و ئەشکەنجەی هەژار

ئەزانم مەکرو، فێڵی خەڵقی شار

من خۆشە بووم بە سویری و تاڵی
ئەزانم چۆنە حاڵی بەناڵی
من لە تۆ چاکتر، حاڵی هەژاران
ئەزانم چۆنە، لە لادێ و شاران
دارفرۆشی وا تۆ لە ئیش ئەکەی
بە ( وەعدەی درۆ)، بە قوڕیا ئەبەی
کە زەوی نەبی و ، داریش نەفرۆشێ
پەکی ئەکەوێ و، ژهراو ئەنوشێ

کابرای دارفرۆش کە گۆی لەم قسانە ئەبێت، بە سەرسامی یەوە، زۆر دیقەت سەیریکی پیاوە بێگانەکە ئەکات و، لە خوێندەوارەکە نزیك ئەبێتەوە و بەم هۆنراوانە پرسیاری ئەم پیاوە بێگانەی لێ ئەکات:ـ

**دارفرۆش: بە خوێندەوار:ـ**

من لەم کابرایە سەرم سوڕماوە
چۆن هات، پەیدابوو ، لەم لابە، لاوە؟؟
نە خزمە، نەخاڵ، نەباوك، نە مام
بۆچ بۆم پەرۆشە؟ حەیرانم ، سەرسام؟؟
سەرم سڕماوە، لەکاری خوا
بێگانەی نەناس، خەمی من ئەخوا

ئەمجا خوێندەوارەکە ، لەدارفرۆشەکە نزیك ئەبێتەوە، بەم هۆنراوانە وەڵامی پرسیارەکانی ئەداتەوە:ـ

**خوێندەوار: بە دار فرۆش:ـ**

برا ئەم کابرا، تەڵەکە بازە
بەردی بناغەی، گۆبەندو سازە

سەیری ( شەبقەکەی) هەزار خانەیە
دونیا گیرۆدەی، ئا، ئەمانەیە
ئەمەش ، پیاوی خواناس نیە
لەگەڵ کەس تاسە، تەواو راس نیە
خۆی، بەدڵسۆزی ، تۆ ، وا ، دا ئەنێ
وەختێ دەستی بوو، پێستت ئەکەنێ
بۆچ لێ ی ناپرسی، بۆچی هاتووە؟
هاتنی ناوەختی ی، بێ شت نەبووە
راستیت پێ بڵێم، هیچمانی ناوێ
بۆ ( ئاژاوەنان) دا ئەنێ داوێ
تا بەر بینەیەك ، خێرا ( من وتۆ)
برای یەك بکوژین، بێ بەهانە و هۆ
ئەویش ، سەیرمان کات، تا بێ هێز ئەبین
بە ( کوێلە) مان کات، هەتاکو ئەژین

ئەمجا کابرا بێگانەکە، روو ئەکاتە خوێندەوارەکە، بەتوڕەیی و ڕەقەوە بەم هۆنراوانە وەڵامی ئەداتەوە:ـ

**بێگانە: بە خوێندەوار:ـ**

شاری بەسیەتی، بۆ بێ دەنگ نابی
خوشەویست نابی ، هەتاکو وابی
بۆ واز ناهێنی، تۆ لەم هەژارە
دارفرۆشێکە ، بێ پوول و پارە
وەختی تەنگانە، فریای ناکەوی
تۆ، کەی بەڕاستی، دڵسۆزی ئەوی؟

بەدبەختە و هەژار، بۆ تەفرەی ئەدەی؟
به ( درۆو بەڵێن) دەسخەرۆی ئەکەی

دوای ئەمە خوێندەوارەکە، لە پیاوە بێگانەکە نزیك ئەبێتەوە، سەرشانی ئـەگرێ و ڕای ئەوشینی بە تووڕەییەوە بەم هۆنراوانە وەڵامی ئەداتەوە.

**خوێندەوار: بە بێگانە :ـ**

پێم ناڵێ ی چیتە، ئا ئەم پیاوە
ئەم دڵسۆزیەت، لەکوێ هێناوە؟
شەبقە بەسەری، تۆ کەی دەرویشی
تۆ، کەی دەربەسی، هەژار و خۆیشی؟
شتی دەروێشان ( دەف و کەشکۆڵە)
جێی چلەکێشان، ئەشکەوتی چۆلە
تۆ تەفرەدەری، کەی پیاوچاکی
کەی بۆ هەژاران، برای چالاکی؟
ژێری ( شەبقەکەت) هەر فڕوفێڵە
بڕۆ، بۆ جێ ی خۆت ، بە جێمان بێڵە

**دارفرۆش بە خوێندەوار**

برای ئازیزم ( شەبقە) یانێ چی؟
خۆزگە شەبقەو، ژێر شەبقەم ئەدی
یەك دوو جار ، ناوی، تۆ شبقەت هێنا
نەمزانی چی یە، ئەوە لەبەینا؟

خوێندەوارەکەش بەم هۆنراوانە باسی شەبقەی پیاوی بێگانەکە بـۆ دارفرۆشـەکە ئەکات؟

**خوێندەوار: بەدارفرۆش:ـ**

ئەو شتەی وەك لەگەن ، دەمەونخوون
شەبقەی پیێ ئەڵێن، ئا، ئەو، نموونە
سەیرکە چەند قوچە، وا لەسەر سەری
بە پارە ئەکات، ( شا) بە نۆکەری
ژێری ئەو شەبقە، بیێ گۆبەند نییە
دەبرۆ لیێ ی پرسە، قازانجی چی یە؟

ئەمجا دارفرۆشەکە لەپیاوە( بێگانەکە) نزیك ئەبێتەوە، بەم هۆنراوانە پرسیاری ( شەبقە و سودی شەبقە) ئەکات:ـ

**دارفرۆش : بە بێگانە:ـ**

کابرا ئەو شتەی وا لەسەر سەرتە
ناوەکەی چۆنە؟ چەند بەرگ و کەرتە؟
من کلاوی وام هەرگیز نەدیوە
بەرگی بەم جۆرەم ، هیچ نەپۆشیوە
لە وڵاتی ئێمە( کلاو) وا نیە
سوودی ئەم ( شەبقە) پێم ناڵیێ ی چی یە؟

پیاوە بێگانەکەش بە زەردەخەنەو ، پێکەنینەوە، بەم هۆنراوانەی وەڵامی ئەداتەوە.

**بێگانە : بەدارفرۆش:ـ**

شەبقە هەڵیرم دینار ئەباریێ
بە ( دۆلارەوە) ئەچمە گشت شاریێ
من پارەدرام، پارەت ئەدەمیێ
باری هەژاریت، سوك ئەکەم کەمیێ

گەر بە گوێم بکەی، چیت ویست حازرە

( پارە) لە ( خزمیش) بۆ تۆ چاکترە

ئەگەر ڕاست ئەکات، هاورێ کەی شاریت

بۆ سووکی ناکات، باری هەژاریت؟

لە جیاتی نرخی بارە دارەکەت

یەك دینار نادات، هاورێ شاریەکەت

شەبقەم بەرزکردۆ تۆزێ بە عاستەم

دینار ئەبارێ ، بیبە، بەبێ خەم

لەمم کاتا پیاوە بێگانەکە، کەمێك شـەبقەکەی بـەرز ئەکاتـەوە، دینارەکـانی ژێـر شەبقەکەی ئەکەونـە خـوارەوە، بـەم لاو بـەولادا بـڵاو ئەبنـەوە کـابرای ( دارفـرۆش) هەڵمەت ئەبات هەڵیان گریت، ( خوێندەوارەکـە) دەسـتی ئـەگرێ و نـاهێڵێ وە بـەمم هۆنراوانە تێ ی ئەگەیەینی کەنابێ شتی وا بکات:

**خوێندەوار : بە دار فرۆش:ـ**

نەکەی برا گیان دەست لەو پارە دەی

تۆ ( بە پارەی ئەو) برا لەخۆت کەی

پارەت ئەداتێ، برات پێ ئەکوژێ

هەر بەم ( پارانە) خوێنمان ئەمژێ

ئەمجا دار فرۆشەکە دینارەکان فرێ ئەداتەوە، روو ئەکاتـە کـابرای بێگانـە، بـەم هۆنراوانە قسەی لەگەڵ ئەکات:ـ

**درافرۆش : بە بێگانە :ـ**

سەروو گوێلاکت خاڵە بەخوا

وام پیشان ئەدا خوێناوم ئەخوا

وا دەرئەکەویٚ ، زۆر نالەباری

رقتە، ( یەك گرین) ، من و هاوشاری

بە پارەکانت، قەت، تەفرە ناخۆم

چۆن ئەی پارێزم، حەیا و ئابڕووی خۆم

گورگی ( خۆماڵی) بمخوا، چاکترە

هەر چەندە کە تۆ پارەت زۆرترە

با داماویش بم، پارەی وام ناویٚ

بەهۆی پارەوە ، بمخەیتە داویٚ

بوون بە دوژمنی ی، برا ، کەی کارە؟

برام ناکوژم، بۆ پوولٚ و پارە

بە تۆ چار ناکریٚ ، خاڵە، ئەم دەردە

ملی ریٚ بگرەو، بەرۆکمان بەردە

پاش ئەمە کە دارفرۆشەکە لەم قسانە بوەوە، کابرای بێگانە لێی دێتە پێشەوە بەم هۆنراوانە وەڵامی ئەداتەوە:ـ

**بێگانە : بە دار فرۆش :ـ**

ئەی بیٚ بار، بیٚ بار، دار فرۆش بیٚ بار

تۆ چۆن وازدێنی ی ، لەبڕینی دار؟؟

ژیانی ، ساڵی ی، ماڵ و منداڵت

دارفرۆشتنە و، ئاوایە، حاڵت! ؟

کوا ئەرز بیکێڵی ی؟ کوا ئاوا بیدێری ی؟

ئەترسم خەڵقی پیت بڵێن ، ژیری

چۆن دابەش ئەکریٚ، زەوی ئەمو ئەو؟

مەگەر بەخەیالٚ ، شەو بینی ی خەو

قەسەی پێشینان راستە وتراوە

( مافی ی بۆرە پیاو قەت نەسنراوە)

بۆ ( بۆره پیاو) گەر خۆت بە کوشت دەی

لای ئەو، وەهایە ، خراپە ئەکەی

حەز ئەکەم بڕوی، ببنی ی( شاری)

تا چاکتر تیٚ گەیٚ، دەردی ( بیٚ کاری ی)

من وا پیٚم وتی راست ئەکەم بەخوا

( هاوریٚ ی بیٚ پارە ) هیچ کەڵکت ناخوا

کاتیٚ خویٚندەوارەکە گویٚ لەم قسانە ئەبیٚت ، زۆر توڕە ئەبیت ، دیٚنە پیٚشەوە توند شانی پیاوە بیٚگانەکە ئەگریٚ و رای ئەوشیٚنیٚ و پیٚی ئەڵیٚ:-

**خویٚندەوار : بە بیٚگانە :-**

ناپیاو بزانە ئەم دار فرۆشە

( کوردە) ، هاوخویٚنمە، دڵ بویٚ، پەرۆشە

تۆ چەقاوەسووی، هەر وازناهیٚنی

ئەتەویٚ ڕەگمان ، لەبن دەویٚنیٚ

ئەگەر زوو نەرۆی، چاوت دەردیٚنم

مافی ( چەوساوان) ، لە تۆ ئەسیٚنم

خیٚرا بار نەکەی تۆ لە کوردستان

( من و دارفرۆش) ئەتکوژین ، ئاسان

دارفرۆشەکەش کە گۆی لەم قسانە ئەبیٚت، ئەویش لیٚ ی دیٚتە پیٚشەوە، رووی دەمی تیٚ دەکا وە بە تووڕەییەوە پیٚ ی دەڵیٚ:-

**دارفرۆش : بە بیٚگانە :-**

من بە پارەی تۆ، لەبرادەر ناچم

ڕاکە ، تا بە ( تەور) ، زوو دات نەپاچم

ئیتر ناتوانی، تۆ لرفی، لێ دەی
( من و هاوشاری) ، لەیەکتری کەی
تازە ناتوانی بمان دەی ( بەشەڕ
خویشت رابوێری، بەبێ دەردیسەر
( من برای ئەوم)، ئەو برای منە)
( لەیەکتر پچڕان سوودی دوژمنە)

کاتێ کە پیاوە بێگانەکە گوێی لەقسەو هەڕشەی ( خوێندەوار و دار فرۆش) ئەبێ ماتی دای ئەگری بۆ دواجار بەم هۆنراوانە قسەیان لەگەڵ ئەکات:ـ

**بێگانە : بەخوێندەوار و دارفرۆش:ـ**

ئاخ و داخ و دەرد، پیاوەتی نەما
هاوەختە بمرم، لە ماتی و خەما
ویستم پیاوەتی ، لەگەڵ نا پیاو
بکەم ، پێ ی نەوتم : ( هەی وەبانی چاو)
چی تر تات ئەوێ، چی بکەم ئیتر
( پارە) گەر کەمە، با بێنم پتر

خوێندەوارەکە، کە ئـەم قـسانە ئەبیـستێت، وەڕەش ئـەبی، بـە تـوڕە بوونـەوە دێتە پێشەوە بە دەنگی بەرز پێی ئەڵێ:ـ

**خوێندەوار : بە بێگانە:ـ**

پیاوەتی تۆمان ناوێ زوو برۆ
ئێمە بە پارەت ، نایین، دەستخەرۆ
پیلانەکانت لەم نیشتمانە
تازە، کار ناکەن، زۆر چاك بزانە

بتەومان کردوە ( کۆشکی یەکیەتی)

هێزی ( پیلان گێڕ) ، تەواو پەکیەتی

خۆت ماندوو مەکە، خەیاڵت خاوە

باش تێ گەیشتین لەم ( بەنگو باوە)

یەکمان گرتووە، بەخۆشی و شادی

ناکوژێتەوە، چرای ( ئازادی)

ئاگر لەولاتان، بەربوەتەوە

روویان تێ بکە، تویش بە (نەوتەوە)

چرای برایی و، یەکیەتی پیرۆز

رووناکی خستە، نیشتمان و هۆز

گری ئەم چرا، بەفوی دەمی تۆ

ناکوژێتەوە، بکە ( باوکەڕۆ)

پیاوە بێگانەکە کە گۆی لەم قسانە ئەبێت وە ئەزانێت ئیتر هیچی بۆ ناکرێت ملی رێ ئەگرێ بڕوا، لەم کاتا لا ئەکاتەوە بەلایانا بەم جۆرە ئەیان دوێنێ:

**بێگانە : بە خوێندەوار و دارفرۆش:ـ**

من وا ڕۆیشتم ، بەڵام، ئەبینن

بێگانە پەرست چۆن حەق ئەسێنن

پەشیمان ئەبن، لە پاشا بۆ من

( پارە پەر ستان) ، بۆم ئەگرین، وەك ژن

چونکە ڕاستی ، ( من فەریاد رەسم)

باوکی دڵسۆزی ، ملیۆنها کەسم

سەرمایەدارم ، پارە ئەڕژێنم

گەل داوای چی کات، من بۆی ئەهێنم

وا من رۆیشتم ، دوایی ، تێ ئەگەن

پەنا، ( بۆ خراپتر) ، لەمنیش ئەبەن

ئەو بەبێ پارە، بە وەعدەی درۆ

دەستان ئەبڕێ ، ئەبن ( ڕەنجەرۆ)

کاتێ پیاوە بێگانەکە لەم قسانە بووەوە ( خوێندەوار و دار فرۆش) پێکەوە بەم دوو هۆنراوە وەڵامی ئەدەنەوە:ـ

**خوێندەوار و دارفرۆش: بەبێگانە :ـ**

ملت بشکێنە برۆ، دەی برۆ

ئێمە بە پارەت، نابین، دەسخەڕۆ

ئێمە کورد پەروەر، ئازا و ڕاست گۆ

هیچ نامان ئەوێ پووڵ و پارەی تۆ

دوای ئەمە پیاوە بێگانەکە هەناسەیەکی سارد هەڵ ئەکێشێ و ، بەجێیان دێڵێ بەڵام ( خوێندەوارە دارفرۆشەکە) وازی لێ ناهێنن ( تەور و تەوراس)ی لێ هەڵ ئەگرن بەڕاکردن، دوای ئەکەون ، ئەیگرن و، ئەی کوژن، وە بە پێکەنین و خۆشی یەوە دەست ئەخەنە ناو دەستی یەك هۆنراوانە ئەخوێننەوە:

**خوێندەوار و دارفرۆش:ـ**

ئیتر بۆ خۆمان، ئەژین بە دڵشاد

لە نیشتمانا خەم ئەدەین بە باد

ئەیکەین ، بە ، بەهەشت ئەم کوردوستانە

بە کوێری چاوی پیاوی بێگانە

ئیتر ناترسین لە بەدو ، بەدکار

بێگانەمان کوشت نەما ستەمکار

# ئۆپەریتی چوار وەرزیساڵ

**أ. ب. هەوری**

**١ـ جووتیار:**

مـــن جووتیـــاری ولاتم
پانیره وەختە هاتم

به مانگ زیاتر پیش پەله
ورد لەسەرخو بی هەله

تفاقی جووت هەل دەگرم
ری بو وەردەکەم دەگرم

بانه دەبررم تاك و جووت
تو و دەچینم رِرۆژه جووت

به هوهو ئەرز دەکیلم
خەفەت لەوێ جێ دێڵم

ئەوسا روو دەکەمه خوا
تاکوو پەڵەی لێ ئەدا

هەوجاڕەکەو مژانم
نەقیزەکەی سەرشانم

چاکتره لەشیرو تیره
بۆ بەرزی نیشتمانم

سوودم بۆ هەموو کەسه
شانازی ئەمم بەسه

زیانم نییه بۆ کەس
چۆن خۆم دەکەم به ناکەس

**٢ـ ره‌نجبه‌ر:**

من ڕه‌نجبه‌رم زستانه
وڵاتی من كوێستانه

چلووره‌ی به‌فرو سه‌رما
له‌پڕ وا دای به‌سه‌رما

ڕێی ده‌رو ده‌شت گیراوه
ئامشۆ و ڕه‌فتییش بڕاوه

كاله‌و پێتاو ده‌به‌ستم
ڕوو له‌ سه‌ختی ده‌وستم

ده‌ماڵم به‌فری سه‌ربان
كارو پیشه‌ی من زستان

خزمه‌تی ئاژه‌ڵ ده‌كه‌م
به‌مه‌ خۆم خۆشحاڵ ده‌كه‌م

به‌روبوومی بزن و مه‌ڕ
وڵات ده‌هێنێته‌ فه‌ڕ

گه‌وره‌ بچوك تێر ده‌كا
یه‌ك مه‌ڕ هه‌زار خێر ده‌كا

كه‌ڵكم بۆ نیشتمانم
زۆره‌ خۆشم ده‌زانم

زیانم نییه‌ بۆ كه‌س
چۆن خۆم ده‌كه‌م به‌ ناكه‌س

**٣ـ ئاودێر:**

من ئاودێرم به‌هاره
سوودو كه‌ڵكم دیاره

ته‌ڕو تووشی به‌سه‌رچوو
گوڵ له‌چه‌كه‌ره‌ ده‌رچوو

زەوی شین و زەردو سوور
ڕەنگاو ڕەنگ نزیك و دوور
خەفەت لەدڵ بەدوورە
ڕەنگ گەش گوڵاڵەی سوورە
بیل دەنێمە سەر شانم
بۆ سەیری زەوییەکانم
بۆ سەیری کشتوکاڵم
هۆی ژینی خۆم و ماڵم
تاکو چاکتر بێتە بەر
بۆ هەموو کەس سەراسەر
باش بەدڵ ئاوی دەدەم
منیش وا خزمەت دەکەم
خزمەتی من وەهایە
وڵاتیش پێی ئاوایە
زیانم نییە بۆ کەس
چۆن خۆم دەکەم بە ناکەس

**٤ـ سەپان ــ وەرزێر:**
هاوین منیش سەپانم
سەپانی نیشتمانم
کاتی فرمانە ئەمڕۆ
خوایە نەمکەی رەنجەڕۆ
پەلە گەنمم جوانە
هۆی زیندەگی و ژیانە
پاش دروێنە و گێرە
شەن کردن فەرموو ئێرە

وەرزێرم بەڕەنجی شان
خزمەت ئەکەم نیشتمان

خەرمانی گەنم سوورە
جەوال پڕ، روو لە ژوورە

بەشی ماڵ و منالم
دادەنێم و خۆشحالم

ئەوی تریشی بۆ شار
ئەیدەم هەموو بەدینار

بەم ڕەنگە زۆر کەس لەمن
سوود دارە دۆست و دوشمن

زیانم نییە بۆ کەس
چۆن خۆم دەکەم بە ناکەس

**٥ـ چوار وەرزی ساڵ:**

ئێمە چوار وەرزی ساڵین
هەر چەن بەچاو منالین

ساڵ وا زوو تێدەپەڕی
جەرگی تەمەن دەبڕی

گەورەو بچوکیش دەمرێ
ماوە فرمانە دەکرێ

وەرە تۆ ئەوی نەوجوان
کوشش کە بۆ نیشتمان

ئەم خاکە پاکە جوانە
دیارە دایکی هەموانە

چاوی لە گەنج و لاوە
هیوای تۆیە کە ماوە

راپەڕە لاوی وڵات
دڵت پڕبێ لە ئاوات

ئاوات بۆ بەرزی هیوا
بۆ خوێندن و بۆ بڕوا

بڕوا بەخۆت و بە من
نەکەویە داوی دوشمن

گەر ڕاست بکەی ئەی برا
بۆ ژین دەبیتە چرا

# ئوپەریتی خوشکو برایەك

- ج. دانا -

**بێستون:**

گیانەکەم ـ پەخشان ـ لەبەرچی پەستوغەمباری ئەتو
چاوت لێ یە لەم دەروو دەشتەی سروشت داویە بەتو
نێرگسی بون خوشی جوانو ئەرخەوانی مورو سەوز
وا گولالەش دەستی پێ کرد یادی شوخی بی ( وەنەوز)
شوخی مەردی میللەتی کوردن کە هەرگیز نامرن
چاوت لێ بوو چون بەرەو ( سێدارە) ئەتووت ئاگرن!
بێ ئەوەی هیچ سل بکەن بۆ قەومی کورد هەڵواسران
دەم بەخەندە .. دەست بە چەپلە.. بانگ ئەکەن ( یا نیشتمان)؟!
نیشتمانت زۆر تەواوە، هیچ کەموکوڕی نییە
پڕ لە ـ ئاڵتونی رەشە ـ بۆ ئاسنوو زیوت نییە..؟
شاخوو دۆڵت گشتی سامانە، فەررە، بۆ قەومەکەت
نایەڵم شالاوی بوبیت.. من ئەسێنم تۆڵەکەت

**پەخشان:**

روحەکەم بێستوون بڵێم چی، وا هەمومان پەستو دیل
ئەم هەوا خۆشەی وولاتم . دوای ئەوەش وا دەردو سیل
هاتوە، میوانە لامان، گشت کەسوکارم نەخۆش
چۆن ئەبێ من پەست نەبم، یا دایما نەگریم بەجۆش؟
بۆچی نازانم کە هەردی نیشتمانە جوانەکەم
پرر لە سامانو فەررە.؟ بۆ کی یە گشت سامانەکەم..؟

من كه سەر رووتو ( پەتی) بم، سەروەتم بو خوم نەبيت
بو بژيم ..؟ بيگانه بمبات..؟ با ژينيشم نەبيت...!

**بيستون:**

چاوەكەم پەخشان، بزانە:ـ ئەو كەسەی خوين ئەمژيت
ناوی نامیننی بەجاری، ( كاسه پر بوو ئەرژيت)...!
میللەتی كورد (توله) ئەسینی، بەبی ترس شەر ئەكات
چونكه ئاوی كاسەمان پر بوو له زووخاو ... سەر ئەكات
گيانه مەگری وا (سبەی) دی، پر له گاڵتەو پی كەنین
دوور له شەر ( خواكانی شەرر) يەك يەك بەبی ترس سەربرين
بينه دەستت با بروين پەخشان، بلين ئاوازی خوش
بولبولی نازدار و..... نيرگسو گول بينه جوش

**پەخشان و بيستون بەجوته:**

وا ئەروين خوشكو برا هاوا ئەكەين بو لاوەكان
كوان.؟ وەرن.! نوبەی خەباته قەومی كوردی قارەمان

**دوو فەرەنجی لەبەر:**

دوو كەسين پيش مەرگی كوردان.. يەك:ـ نەوەی كاوەی دلير
دوو: نەوەی پيشمەرگی ئازايه( صلاح الدين)ی شير

**بەبۆنەی ١٤ی تەممووزەوە**

بۆ ئێجگار ساردبووە و دای دا چۆك،
کەڵبەکەوتووی بێ نینۆك
لەکاتێکا لەناو خوێنا ئەگەوزا،
خزمەکانی لە تاریکیی ژێر ئەرزا
دەستیان کرد بە چپەچپ:
((ئاغا)) ئەیوت: گاجووت قووتدان کردی خپ!
بەدەم بینی لەرزینەوە سەر جاسووس،
دای لە ڕان دەستی ئەفسووس،
وتی: ئەوەی کوشتی ـ یاران!ـ نوستن بوو،
بێئاگایی لە خشەی پێی دوژمن بوو!
کەللەیەکی ژێر مێزەر،
بزنە ڕیشەی سابرێنانە مرقێنەر،
وتی: ئەوەی کوشتی حەرامخواردن بوو،
بۆ خوا خێر نەکردن بوو!
ورگنێکی کۆنە حاکم هاتەڕوو،
وتی: ((گەورە)) دز بوو، بۆیە زوو تیاچوو!
سەرەك پۆلیس، بە سرکە،
پێشانی دا کە چاو بۆ کوێر بە کەڵکە...
کوێر نەبوایە نە ئەمرد!
بازرگان دەستی پێ کرد،
وتی: گەورەم ، هەر تەماعی زۆر کوشتی،
تەماع دای لە ئەرز پشتی!
سەر پزیشکی تایەبەتیش هاتە دەنگ،
وتی: بەڕاست، هۆی مردنی پەنگ بوو پەنگ:
کێمی سفلیس گەیشتبووە ناو جەرگی

دەرمان نەما ڕۆژێك دواتر خا مەرگی!
ـ شەل نەبوایە ڕای ئەکرد،
بەقەڵا پەنای ئەبرد!
ـ پۆکەر کوشتی!
ـ ڕایسس کوشتی!
نەء، وێسکی:
بوو بەگڕی ئاگر و چووە ئێسکی!
لەپشتەوە شەپقەزلێك وەستابوو،
(( ئەو چاو زەقە دزی نەوت و خورما بوو!))
ڕووی هاوخەمیی گێڕا بە خزمانا گشت،
وتی: هەی داخ! نازانن کێ گەورەی کوشت؟
یاساوڵە کەتە کەی ژێر ئاڵای سوور
کە چەقیوە وەك میل لەسەر ئاسۆی دوور
ئەو تەقەی کرد و کوشتی،
ئەم خوێنە هەر ئەو ڕشتی!
کەڵبەکەوتوو کە درابوو بە ئەرزا،
لەناو خوێنا تلێکی تریش گەوزا.
بە هەناسەی ساردەوە ئەیوت: مردم....
زۆر بایی بووم، باییبوون وای لێ کردم!
***
لە لێشاوی کۆبوونەوەی گەل ، یەك دەنگ
وتی: سەرباز ـ بژی!ـ کوشتی بە تفەنگ
سەربازی لاو، ڕۆڵەی دڵسۆز و ئازا
بەرەو ڕووی گەل بەگوڕ پەنجەی ڕاکێشا:
ـ من نیم ، ئەوە ، هەر خۆیەتی کۆڵنەدەر،
کۆنەڕووخێن، بنیاتی تازەدانەر!

**بەعقووبە تەممووزی ١٩٥٨**

# ئەنجامی ئەژدەهاك

گۆران

## پەردەی یەك

## بازاڕی ئاسنگەران

**جارچی ( بەدەم زەنگ لێدانەوە ):**

بەفەرمانی شای بێباك،
خاوەنشکۆ ئەژدەهاك،
ورتەتان لەدەم دەرێ،
بە شیر لە سەرتان ئەدرێ!

**یاساوڵان: ( شیر هەڵئەکێشن ):**

ورتەتان لەدەم دەرێ،
بە شیر لە سەرتان ئەدرێ!

**جارچی:**

مارانی شا بێقەرارن،
ناشتای مێشکی هەرزەکارن.
ههەر ماڵەتان سەرو کوڕ،
کاسەی سەر لە مێشك پڕ
ئامادەکەن،
با یاساوڵان بیانبەن
بۆ چێشتخانەی شا، تا جووت جووت
مێشکیان بۆ مار ببێ بە قووت
بە دەستی وەزیر : کرماییلی ژیر!

**سەرکردەی یاساوڵان:**

سەر هیی شایە، ماڵ هیی شایە،

هەر ماڵە کوڕێك ... چیی تیایە؟!

**جارچی:**

یەڵڵا! دەسا خاوەنکوڕان! هەر یەکتان کوڕێ...

هەر ئێستا کە لەگەڵ ئێمە بیانخەنە ڕێ!

**سەرکردە:**

پەلە نەکرێ،

وەڵڵا! بیللا! ئاگر لەماڵتان بەر ئەدرێ،

خاوەخێزانتان ئەسووتێنرێ!

با گشت نەڕوا، یەك کوڕ ببرێ!

**جارچی (لیستەیەك دەرئەهێنێ، دەست ئەکا بە خوێندنەوەی):**

ڕۆستەم کوڕی کاوە، کوڕی یانزەمین........

**کاوە (بەدەم ئاسنکوتانەوە، لەبەرخۆیەوە):**

دەربەستی دە ویانزە نین،

وەستای پۆڵا و ئاسنین،

ڕۆژێك ئەبێ تۆڵەی گەلمان بسێنین!

**جارچی (لەسەر خوێندنەوە ئەڕوا):**

برزووی خوسرەو، کوڕی هەشتەمی خوسرەو،

نەوزاد کوڕی قوباد، بێژەنگی پڕ تەو....

دەرچن لە ڕیز ، بێن لێرەدا بوەستن....

**یاساوەڵی یەکەم:**

باوکی سەگتان بۆتان ئەگرین وەکوو ژن!

**کاوە ( لەبەر خۆیەوە ):**

هۆی ژیانی گەل ژنە،

خەنجەر بێچووی ئاسنە،

زامی جەرگی ژن و پیاو

هیی دەستی یەك دوژمنە!

( دوو لاو بە پاڵەپەستۆ نۆرەبڕی لەیەکتری ئەکەن)

**یاساوەڵی دووەم:**

کێشەکێشی ئەم دوو سەگە

گلاراوی سەرەمەرگە!

**لاوی یەکەم:**

منم بێژەنگ ، کوڕی خوسرەو!

**لاوی دووەم:**

منم! منم! خوشکمە ئەو!

( ساوڵێك شیرین لە نیشانەی نێری رووت ئەکا)

**سەرکردە ( بە تووڕەیی سەر با ئەدا ):**

غەش لە شاری ئەژدەهاك ئەکا؟!

**كچان ( لەڕیزی پشتەوەی دەرئە پەڕنە دەرەوە ):**

زۆر چاك ئەكا ! زۆر چاك ئەكا !
كچ بۆ نابەن لەباتیی كوڕ، خوشك لە جێی برا؟
كچ بۆ بژی، لە كاتێكا كوڕ تۆوبڕ كرا؟
(نیوەی یاساولان لاوەكان ئەدەنە بەر و ئەیانبەن)
مێشكی كوڕ وكچ لای مار،
لای ئەژدەهاكی زۆردار
هەر یەكە ، هەر یەكە بێگومان !
ئیتر بۆ چ بێبەش بن كچان
لەخەبات و قوربانی دان
بۆ نیشتمان ، بۆ كوردستان؟

**سەركردە:**

یاساولان، ئەم كچانەش هەموو بگرن،
تا لە بەندیخانەی شاژن ئەیانكوژن !

( **بەستەی كچان** )

بۆ كچە كورد ژینی دیلی ژین نییە،
بەدەمی دیل هەنگوین هیچ شیرین نییە،
ئەی قژی زەرد، وەكوو پووش دەسكەنە بە !
ئەی لێو ئاڵ، بە بێ زەردەخەنە بە !
چاوی ڕێژراو پێمەكەنە وەكوو گوڵ
بۆ ڕۆژی ڕەش بڕژێننە فرمێسك بە كوڵ !
لە نجە مەكە بەژنوبالای نەمامی،
رەشپۆشی جوانەمەرگیی چەند برامی؟

به کەساسی کەچ بە، گەردنی بێگەرد!

سەر کوڵمەکان، بگرە ڕەنگی لیمۆی زەرد!

بۆ خۆشەویستی لێ مەدە ئیتر، دڵ!

لەناو گۆڕی تەنگا با ببی بە گڵ!

کە ئازادی و باوك و برا لەکیس چوو،

کچە کوردێك چ زیندوو بێ ، چ مردوو!

( کرماییلی وەزیر کە تێئەپەڕێ، گوێ لە گۆرانیی کچان ئەگرێ کە تەواو ئەبێ. دوایی کچان ئەبەن)

( ئاسنگەرەکان لەناو خۆیاندا کەوتنە مقۆمقۆ)

**یەکەم:**

داوەشینە! داڕزینە!

خەڵکینە کەی ئەمە ژینە؟

**زۆربە:**

خەڵکینە کەی ئەمە ژینە؟

**شاگردێك:**

وەستا هەلی ڕاپەڕینە!

**هەندێك:**

ڕاستە ، هەلی ڕاپەڕینە!

**کرماییل:**

( ئەگاتە بازاڕی ئاسنگەران، سڵاو لە کاوەئەکا):

خاوەنشکۆ بێدەماخە.

دڵمان هەموو پڕ لە داخە!
چاوی ماری ناچێتە خەو
نە کاتی ڕۆژ، نەکاتی شەو!
لەخۆراکی مێشکی کوڕیش
سەر با ئەدەن بەفیشە فیش!
ئێستا ئەڵێم چۆپیی کچان
بکەم بەهۆی ڕەشمار لاسدان،
ماری دڵتەڕ، کچ هەڵپەڕێ
خەویشی دێ و ئەشلەوەڕێ!
( سەر ئەنێتە گوێی کاوە)
هەر لاوێکم لە مەرگ بۆ لادراوە،
لە نهێنگا ئامادە ڕاوستاوە،
لەگەڵ یەکەم جووڵەی شۆڕش ئەوان زوو
داگیر ئەکەن لە کۆشکا برج و باروو

**کاوە:**

جووڵە بە زستان ئەتەزێ
سەرما وەکوو مار ئەگەزێ!
تا گوڵاڵە دەشت سوور نەکا،
پیاو ئاسان خوار و ژوو نەکا،
دەستدانە شۆڕش گرانە،
لەم وڵاتی کوردستانە!

**کرماییل:**

ئەی کە پێمان نایە بەها؟

**کاوە:**

زۆر زۆر بەجێییە پەلامار!

هات و پەلامار سەرنەکەوت،
مل ئەنێین بۆ شاخ و ئەشکەوت.

**کرماییل ( هەر بە چپە ):**
ئەم کچانەی ئەمڕۆ گیران،
پەڵپ و بیانووی چۆپیی ماران،
دەربازیان ئەکا وەك یاران!

**کاوە:**
هەر بژیت سەرباشقەی ژیران!
( کرماییل ملی ڕێ ئەگرێ. دوور ئەکەوێتەوە)

**کاوە ( بە ئاسنگەرە هەڵچووەکان ):**
براکانم! ئەمڕۆ رۆژی دان بەخۆداگرتنە
ڕاپەڕینێك بێ وادە بێ هۆی ئێجگاری مردنە
لەم کاتەدا خزمەت تەنیا بێ وچان ئیشکردنە،
بۆ ڕۆژی خۆی چەکی زۆر و تفاقی زۆر خستنە.
ئەگەر دڵسۆزی ڕاستین،
ئەبێ هەرگیز نەوەستین،
ئاسن بکوتین بە ئاسن،
داس دروست کەین و گاسن،
شمشێر و تیر و خەنجەر
فریاخەین بۆ شۆڕشکەر!
( ئاسنگەرەکان ساردبوونەوە و دەستیان دایەوە کەرەستەکانیان و کەوتنە کارکردن)

– پەردە داکشا –

# دوا رۆژی دەئاکی زۆردار

## زەکی ئەحمەد هەناری

**ناوی کەسانی ناو نمایش نامەکە**

١- شا دەئاك.

٢- شالیار کەندرو - لایەن گیری شا دەئاکە.

٣- شالیار ئازاد - ئازادی خوازە و گەل پەرستە.

٤- موبد - سەرەکی هەرە گەورەی پیاوە خواییەکانە.

٥- دەرگەوان.

٦- سالار - ئوفسەرێکی سەر پاسەوانی کاخە.

٧- چەند سەربازی تیرەدار.

٨- ئاش پەز - ئاش پەزی تایبەتی شا دەئاکە.

٩- پزیشك.

١٠- سەر تیپ برزو - ئوفسەرێکی سپایی یە.

١١- شازادە شەهرناز - کچی جەمشید شایە.

١٢- شازاد ئەرنەواز - (( (( )).

١٣- فەیرۆز - خەبات کەرێکە.

١٤- پەروێز - (( )).

١٥- سیامەند - (( )).

١٦- هۆشەنگ (( )).

١٧- پەشەنگ (( )).

١٨- فەرهاد - (( )).

١٩- بێژەن - (( )).

٢٠- پیرۆز - کچێکی خەبات کەرە.

٢١- شالیار کەرمایل - ئازادی خوازە و گەل پەرستە.

٢٢ـ شالیار ئەرمایل ـ ئازادی خوازە و گەل پەرستە.

٢٣ـ کاوە ـ کەسێکی ئاسنگرە.

٢٤ـ کوری کاوە ـ تەمەنی (١٧) ساڵانە.

٢٥ـ سەرباز.

٢٦ـ سەر لەشکر لاس ـ سوپا سالاری لەشکری دەئاکە.

٢٧ـ فەرەیدون ـ سەر کۆمارە.

## داستانی یەکەم

(( پەردە ـ ۱ ))

**دەئاك**　　**شالیار کەندرو**　　**شالیار ئازاد**　　**موید**

**دەئـــاك:-** تەماشـای راسـتو چـەپی خـۆی ئـەکا، زۆر بـەفێزەوە دەسـت بەسـێنگی دائەهێنێ و قیت دائەنیشێ و ئەڵێ:ـ

دەئاکم پاشای زۆردار و بەتێن
خاوەن چەك، بەرزە، سەربازی بەیێن
هەزار سوارم هەیە پاڵەوان
لەچەنگ رەوانن نایان وی رەوان
نیزەدار چل سەرد، تیرەنداز بە، لەك
چەکم بێ ئەژمار، ئەسپم هەن گەلەك
لەکاروباری جەنگی دەشتو شار
بازن وەك ئەگرن نێچیری هەژار
هەرکێ بەرگربو لەرێم بۆ ئامانج
کوشتم، چەموبید چە ئاغاو کرمانج
باوکم پێ گوتم بۆ ئامۆژگاری
ری راست بگرەتو، مەکە زۆرکاری
کە دییم پەندەکەی خاوکەری ویستە
کۆشتم گۆراندم کام کرد لەپیستا
داندارا لەدەرگا، دیان شاو گەدا
ترس کەوتە دلان، چۆك هێزیان بەردا
جا ئازاو زانا، لەشکر، شارو دژ
گرتم، پەرتم کرد، نەم هاتن بەگژ
لاوانی زیرەك، گەل پەرت، وشیار
خستمنە زیندان یا کردنم بەدار

چەند جوانە هاها خوێن، لاشەی بێ سەر
زۆر خۆشە ناڵەی زامی نێو جگەر
هەزاران کیژ و ژنی لەش زیوین
لەکۆشکی شاهان ساندومن یەکین
لەرۆژ ئاواوە هەتا رۆژهەڵات
لەفەرمانم دان، شار، دی، گشت وڵات
هەر رۆژ بەجۆری پەلپ ئەگرم بەگەل
نارێك، دەردە دار، برسی بن، بێ هەل
ستەم پێ رەومە بۆ مانی تەختم
بڵێین مەترسێن نەرم یا سەختم

**شالیارکەندرو:-** پاش کورنو بردن بۆ دەئاك ئەڵێ:
شاها شاد خورەم فەرمان رەوایی
لەگشت وڵات خۆشی و ئاوابی
هەمو ساڵێکی بەختت پیرۆزبێ
شەوی تارێکیت رۆژی نەورۆز بێ
پێرەوت دادە، راست و دادگەری
لابەری بەدی پەیام ـ هێنەری
دڵسۆز، میهرەبان نەرمی، بەزەکار
بۆ پیر و کەوتو، بێ کەسو هەژار
سەر، ملان کە چ کەن بەشکانو برین
سستو خاو مەبن ـ لە کۆشتنو درین
ئەوەی تۆ فەرموت نەرمی و بەخششە
ئەوەی وا داینێن ژینو کۆششە
لەری بەرزی شا، دانیم گیانم
پێم خۆشە، شادم مانە نەمانم

له بارەگای شا نۆکەرە کەمرو
ووتەی راست رەقە وا کردم لەروو

**شا دەئاک:**
کەندرو وێژەکەت لام خۆشەو پەسەند
با بزانین ئازاد ووشەی چۆنە؟ چەند؟

**شالیار ئازاد:-** (هەل ئەستی و کورنو ئەبات و ئەڵێ):-
چەن گێتی کۆن بێ ئێوە بن هەرنەو
لەترسی دادت بەدکارنەی بێ خەو
لەرێی ئێوەو گەل کەمەر ئەبەستم
نابەزم، بیری مل، پێ یا دەستم
باوەری راستیم ئەڵێم بەدرێژی
لام یەکە بێژن ژیری یان کێژی
پەندی پێشینە، دوس، دوژمن پرسی
راستیان پێ بێژە بەخۆشی و لوسی
دوست بەگویت ئەکا، لائەدا دوژمن
ئەوکار باش ئەبێ ئەو نەرمی لەبن
بەدادو راستی گەل ئەت پرسی
ستەم بۆت ئەینی دوژمنو پەستی
ستەم فرێدە، بەرگی داد پۆشە
رێی بەدی بەردە، بۆ چاك تێكۆشە
دانایان ئەلێن سێ شت کەمی نیە
نەخۆشی و ئاگر سیەم دوژمنیە
بۆ دادت دانی سەنگ و تەرازو
تا کەس بو بەدی نەی بێ ئارەزو

گەل گولو سەروە، نیشتمان گولزار
دادت پەرژینی لێ دورخا ئازار
ئاودری بەزانین، پەروەردەی هۆنەر
لەترسی ئازار، بژین بێ کەدەر
هەر کەس ئەتخاتە سەر تەختی دلی
لەرێ بەرزیتان دائەنێ ملی
زۆرکار مەهێلە، بکە بەدجێ لەق
مەکوژە مەرێژە خوێنی بەناحەق
زوێر مەکە هەژار یاری دە بەگەنج
هەژار ژیانی غەمەو دەردو رەنج
ژیران نوسیانە لەنامەی باستان
پەندێکی هۆش ـ کێش کراوە بەداستانن
ستەم خۆرکە بۆ پێچکەی تەختی
شایەك، لای گەلیس نایینی بەختی
کە تورە بۆ گەل بەبێ گفتوگۆ
گەلێك شای زۆردار سەری بویتە گۆ
نە تەختیان ماوە، نە ناوو نەژاد
ئەلێ ی نەبوون، کەس نایانکایاد
لەرۆژی تورەی گەل مەبن بێ باك
کاتێکە نادری یاریدەی دەئاك
ئەوەی من ئەلێم رێگای ئازادە
خۆو بەرژە وەندت بێگرەیان لادە

**دەئاك: ـ** (تورە ئەبێ لە ئەژمەتان گەلوی ئەگیری و قسەی بۆ ناکرێ تا شالیار ئازاد لەووتارەکەی ئەبێتەوە ئینجا دەست پێ ئەکا):
لەوێژەی درێژت وا دیارە گێژی

باره گانەبا، خوێنتم ئەرێژی
لەگەڵ ناترسێم بەهێزی شێری
لەلوتیان دەرخەم ساوایی شیری
جێ نیشی یەزدان، خاوەن زەمینم
گەل گەلەی منە، بێ کوژم بێ ژێنم
لەکار، فەرمانم کێ بێ رەخنەگر
پاداشی چییە؟

**کەندرو:-** بەچۆستی وەری ئەگرێتەوە: بخرێتە ئاگر کە کەندرو ئـەڵێ (بخرێتـە ئـاور) دەئاك بێ دەنگ ئەبێ. کەندرو ئەم بێ دەنگیەی دەئاکی بە هەڵیکی باش ئەزانی لەسەر لێ دوانی شالیار ئازاد ئەرواو ئەڵێ:-
بفەرمون هەستی موبیدی دانا
سوچی رەخنەگر چیە، چی دانا؟
بەپێ ی بریاری ئازار دەن ئازاد
وا بێ نەکاتن کەس یادی ئازاد!

**دەئاك:** روو ئەکاتە موبیدی و ئەڵێ:-
بەڵێ با هەستی موبیدی پڕرێز
بەڵام نەکاتن لەراستی گورێز

**موبید:** (کورنو ئەبا، بزەیکی ئەیەتی و ئەڵێ:-
جێ نیشی یەزدان، شیری دادی خوا
رەهبەری ئایین شێری پێ شەوا
تا چەرخی گەردون ئەکار رۆژو شەو
بژین بەکامت گیتی کەن جەلەو
ووتەت پێ رەوە، هەرچی لێ ی دەرچی
بەبرین بەکۆشتن بەسوتن ئەچی

سەرباز بەکۆشتن گەل بەسەر برین
پێشکار، پەرستار بەسوتنو درین
هەرکاری بکەن باشەو زۆر پاکە
کەڵکی گشتیەو سودی بۆ پاکە
رەخنەگر، پەند بێژ بەرین لەباور
بوترس لەپێش ـ چاو بخرێنە ئاور
ئازاد رەخنەی گرت یا بەناوی بەند
ووتی چەند ووشەی بەدو ناپەسەند
پێ ویستە بسوتی رۆژێکی دیار
بێن بۆ تەماشای بێ گانەو یار
بێژری پێش کارە خوو رەوشتی توش
ووتەی بێ کەڵکی ئەمەی وا کرد توش
رەوشتی موبید هەر راست گۆتنە
رەخنەگر لەشا سزای سۆتنە

**شالیارکەندرو:** (ئەیەوی بریاری موبید بەفەرمانی شاوە پەسند بکا) ئەڵێ:
تازە دیارکەوت پاکو ناپاکی
بۆتان سور بوە یا کو بێ باکی
ژینو رەوتی لەچی بێ پیاو
ئەیرازێنتەوە وەك برۆ بۆ چاو
(رووی لەشادە ئاکە و دەست بۆ ئازاد ـ کە راوەستاوە ـ درێژ ئەکاو لەسەر ووتارەکەی ئەروا):
زانای بێ ژێرە، بەختی نەماوە
ئەسپەك دار، گەوجە، هۆشی رماوە
خوێری و رەشوکی کە پێ ئەڵێ گەل
لە شاوو خۆی خۆشتر ئەوین هەزار چەل
کوان؟ لەکوێن؟ ئێستا بێن بتکەن دەرباز

یان رۆژی سوتان بێنە چارەساز
لەگەڵ بەد بەدی لەگەڵ چاك چاکە
بکەن، بفرمۆن بەدە یان چاکە

**شادەئاك:** (کۆخەییێکی بڵندی دی تی ـ روئەکاتە ئازادو دانیشتوان و ئەڵێ):ـ
هۆشو زۆرزانی ئازاد ئەناسم
لەلێك دانەوەی ووشەی ئەو کاسم
لەرێی گەل ئەدوی هەرجار هەڵستی
ئەترسێم باوری پەلەی ببەستی
لەترسم ئەبێ گەل وەك یەك بزن
ئەکوژم لاوانیان لە گچکەو مەزن
کەسێك بزێوبێ یاخۆ بلێ لەل
ئەروا رەوانی ئەکرێتن پەل پەل
بەهانات ناگەن بۆت کردن تکا
ژینو ئابروتان لەسەریان تکا
باوری ورت بیری بێ رێ و گەج
پایەی پەراندی بردی خۆت و گەنج
بریاری موبید لام پەسندەو باش
سوتان بۆ بەهار با بخەێنە پاش
لێم خست لەکاری بیبەن بۆ زیندان
بەکوتو زنجیر بکەن بەندی گران

**شالیارکەندرو:** بەم بریارەی شا دەئاك دل خۆش بو هەستا کورنوی بردو گوتی:
گەورەم چیت فەرمو ئەکرێ بەچاوان
پێچ ئەدری ئێستی وەرە دەرگەوان؟

( **پەردەی ـ ٢** )

**دەرگەوان:** دێتە ژورەوەو کورنو ئەبات و ئەڵێ:ـ

فەرمون هەربژی خاوەنی شکۆ

گیانی دوژمنت گشت ببتە پشکۆ

**کەندرو:** بەدەرگەوان فەرمان ئەدا لەگەڵ قسەکانیا ئەکرژێتەوە:ـ

برویەك سەرە هیچ رامەوەستە

سالاری دەرگام بۆ بانکە ئێستا

**دەرگەوان:** بەهەنگاوی پان، کۆرج ئەچێتە دەرەوە و ئەڵێ:

بەپێ هەر ئێستا بۆت ئەینم سالار

**کەندرو:** ..... لەگەڵ خۆی بینی کۆت نێزەدار

( **پەردەی ـ ٣** )

**شالیار ئازاد:** بەدڵێکی ئازایانە راست ئەبێتنوەو کورنو ئەباو ئەڵێ:

رێم بدەن لەروچەن ووشە بێژم

چیم هەبێ لەدڵ بۆتان هەڵ رێژم

**شا دەئاك:** سەری ئەهەژێنێ، دەست لەدەست ئەدا وە ئەڵێ:

ووتەی نابری زمان درێژە

فەرموچی ئەڵێی گوێم لێ یە بێژە

**شالیار ئازاد:** کورنو ئەباتەوەو بەدەنگێکی قەبە دەست بەدوان ئەکا:

زانایان ئەڵێن پیاوی راستو پاك

لەتۆژینەوە سەربەستەو بێ باك

گەری رێ ی شێر بگرێ بەراستی رەوتی

گەر رێ ی راست بگرێ بەچەوتی کەوتی

پێم خۆشە تەنم بسوتی وەك موم

رۆناك کا، رێ راست کە من پیاچوم

وەکو تێشکی رۆژ جیهان رەوشەن کا

ڕێ ی ڕاست دیار خاگێتی پرشەنکا
کە ڕێ دۆزراوە، مرۆ خۆی ناسی
زۆردار نامینی هێز نابێ باسی
جا پەشێمانی بێ کەڵکە فەریاد
بۆکێ بەن ناگا، نابەی ڕێ ئازاد
گوێ مەدەکو ووشەی کەندروی پێشکار
ئامانجی سودەو گەنج ئەکا شکار
دل بەندی پولە، نۆکەری دێنار
ڕێ ی پیاوەتی نەماوە یەك جار
پێ بلێن تێك دە تەختو بارەگا
ئەڵێ زۆر باشە بینن پارەکا؟
گە لەیادت بێ بەم خوەی چەند جار
فەرمانت دەرکرد کە بێکەین بەدار
ئەهاتمە تکا روم ئەنا لەخاك
ئەم ووت بی بەخشە پێش کارێکە چاك
لای زیر ڕەوشتە، ئایین پارەیە
بۆ کوکردنەوەی جەرگی پارەیە
کەسێك خۆی وابێ شاوگەل ئەفرۆشی
بەپارە . بمرن نیە پەرۆشی
لای یەکە گەر گەل سەرکەوی یاشا
کام کامەی دەرکرد بەکەڵکی ئەوشا
موبید زانایە، بێ هۆشەو، بێ ژێر،
خۆرا خەوالو، ترسنوك بێ بێر
پیاوی زانا بو سودی گشتی
ڕاستی چیە ئەیلی بشکێنن پشتی
لەڕێ ی ئایین دا جیا ناکا کەس

یەکە شاوگەدا گەر بی برن دەس
داراو چەك دار وەك برسیو هەژار
بە بریاری راست ئەیانکا بژار
لای خۆت سەرداری ئایینی کەچی
لەکار، کردەوە و بریار تا کەچی
هێزدار لات بەرێز سوکە بێ نەوا
روو بینی کەری ئایین نالّی وا
تا ئەم دوو کەسەت لەبارەگابی
ترس هەیە تەخت و تاجت بەرپابی
بەم دوو بێ شەرمو ناپاکە بلّێ
بەم دوو بەد خواهو بێ باکە بلّێ
کەچو بەد خواهی خاوەنو گەلن
دەس نادەن بوکار لە ئیشا پەلن
خۆپەسند، بەد خون، بروون هەر ئێستا
بۆ دەرگای منتان نیە شایستا
بەخشین ناخوازم بۆ چەن رۆژ ژیان
بۆ سودی گشتی بەختم کردوە گیان
هەژارو دارا، گەداو تاج لەسەر
هەموی بەمردنا ئەکاتن گوزەر
زەمین ئەهێنێ خۆی بکا ئاشکار
سەرەنجام سەرتای خۆی بکا دیار
کوپەی پرر ئەبو لەتاج داران
بەری پرر ئەبو لەخوێنی سواران
پرر پیاوی دانا ئەبو دامەنی
پرربی لەمانگ روو ئەبوگیرفەنی
رۆژێکی ئەبێ ئەم پەندانەم چاك

بوت دیار ئەخا چەند راست بوم و پاك

**شا دەئاك:** رو لەشالیار ئازاد ئەکاو ئەڵێ:-

ووشەکەت ساردە منداڵ ئەنوێنی

هوشت نەماوە خۆت ژێر ئەنوێنی

**دەرگەوان:** دێتە ژۆر کورنو ئەباو ئەڵێ:-

هەر بژی خاوەن شکوشای جیهان

سالا هاتو، چاو نوری فەرمان

**شا دەئاك:** بەتورەی ئەڵێ:

بڵێ بێتەژور هیچ رانەوەستی

ئازاد زیندان کاو دەسی ببەستی

**دەرگەوان:** کورنو ئەباتەوە ئەڵێ:-

بەڵێ شای جیهان چەتری سەری گشت

فەرمووە ژوور سالار نێزەدار لە پشت

**( پەردەی ـ ٤ )**

**سالار:** دێتەژور لەگەڵ نێزە دارەکانی کورنو ئەباو ئەڵێ:-

بژی شای جیهان، خاوەنی گشتمان

چیت ئەوی بی کەم نامەوی گیان

**شا دەئاك:** ئەنگوست بو شالیار ئازاد درێژ ئەکاو ئەڵێ:-

ئازادی بگرە و بیخەناو زیندان

تا توژینەوە جێگای بێ پەنهان

**سالار:** سەر نوی ئەکاو روو ئەکاتە شالیار ئازاد و ئەڵێ:-

بەفەرمانی شا دەستت بەبی بەستم

من بۆ لێدانو ئازارت بەستم

**شالیار ئازاد:** دەس درێژ ئەکاو ئەگرژێتەوە و ئەڵێ:-

ها... دەسم بەسن ئازارم دەن تەن

بەم کارە خۆتان رو رەش کرد بەتەن
رۆژی دێ ژمارە لەگەڵتا ئەکرێ
نەڵی ی پیاوێك بوم گیرابوم بەکرێ
شا، موبید، کەندرو، هەمووتان بەگەل
باداش وەرئەگرن کە تورەبو گەل

**( پەردە دێتە خوارەوە )**

## داستانی دوەم

**( پەردەی ـ ١ )**

**شا دەئاك:** لەژوری تایبەتی کاخی دایە، برسی یە چاوەنواری نانە بۆی دابندرێ ئەڵێ:ـ

پیاوی برسی تورەو بێ ژیرە
مرۆی شێر هێمن باڵ قۆل بە بیرە
هۆش داران ئەڵێن مەگرە لە برسی
توشی هەرکێ بێ بیوژی و نەپرسی
برسیەتی ژانە بۆ هۆش پەشێوە
راستە برسیەتی رێ هاری پێوە
ـ نان ئەخواو پاش نان ئەڵێ ـ
چێشتم نارێك بو پێش هاتنی ئاش پەز
بەفیرو ئەچو پێ تاکو گۆشت پەز
لەسایەی دەستی رەنگینی ئاش پەز
خۆراکم رێکە قەلەو ئەبم ئەز
ئاشەزم بانگ کەم بی دۆینم زۆر باش
هەرچی بخوازی ئەی دەی باداش

**دەرگەوان:** دێتە ژورەوەو کورنو ئەباو ئەڵێ:

فەرمو بژی شای جیهان

**دەئاك:** ئاش پەز بنیرە.

**دەرگەوان:** .... بەڵێ سەرچاوان

**( پەردەی ـ ٢ )**

**ئاش پەز :ـ** دێتە ژورەوە کورنو ئەبا، پاشان چۆلندا ئەداو لەسەر چۆك ئەروا تا دەگاتە قاچی شا هەردو بێ ماچ ئەکاو ئەڵێ:ـ

بژی شای جیهان مەزنی پرر مایە

تا ئێوە مابن گەلیش هەر مایە

**شا دەئاك:** دەستی لەپشت ئەداو ئەڵێ:

کابانی چێشت زان گەشکەری ژیان

دەستی رەنگینت خۆش ئەکا ژیان

بۆ یێ تۆم بانگ کرد تا بتکە سپاس

بخواز، پێش کەشتە زبر، گەورە، ئەڵماس

**ئاشپەز:** ئەکەویتە سەر ئەژنوو رووی ئەخاتە سەر خاك و هەڵدەستی و ئەڵێ:ـ

بەندێکی ئاش پەز، رەوای سپاس نیم

هەرچی بۆت بکەم شایستەی باس نیم

جێ خۆی تێ گیانم گەر لەرێ تۆچی

من چێم کارم چی، سپاسم بۆچی؟

گەر هەر بفەرموێ شتێك بخوازم

بەجێ نەویش بم، بەرزە نیازم

لەشانی روت ـ تان نیازم ماچە

دل بۆی ئەلەوچی وەك لەوچەی ماچە

گەنج و تەختی تو، تا تاجی ئادەم

بەماچی شانی پیرۆزتی نادەم

لاتان خوازتنەکەم بێ کەڵکەو شایان

پێ ی گرنگ ئەبم لەناو گشت شایان

**شا دەئاک:** زۆر سەیری بەم داخوازیەی دێت ئەڵێ:

وەرە وەرگرە لەشانان ماچی

پێم خۆشە سپاسی بەم ماچە لاچی

**ئاش پەز:** لەخۆشیان دووجار روئەخاتە سەر خاك و ئەڵێ:

ماچی شانانتم ئەکرێتە داستان

نەوە ئەی خۆینن وەك نامەی باستان

بەم بۆسە یادت تا سورر خوا گەردون

ماوەلی گەلیش ئەخرێتە گەردون

- زۆر بە ئەسپایی دوو ماچی لەسەر هەردو شانی ئەکاو پاش پاش ئەکشێتەوە.-

**شادەئاک:** قاقا پێ ئەکەنی و ئەڵێ:

ها ها ها ها .. لەوەی ئەی بێژن

راسە دەستو پێ بێ ژیر و کێژن

بروپای ئیشت بو کابان باشی

لە باسی کەمۆو جیهان تۆ ناشی

(کە ئاشپەز ئەچێتە دەرەوە شادەئاک هەست بەخوراندنی شانەکانی ئەکاو وردە ووردە ئەی بزێوی، ئەی هێشی، هێشەکەی زۆر ئەبێ، دوواکات دەستی بۆ شانی ئەبا دەستی بەدوو زیدە گوشت ئەکەوێ کە ئەجۆلێنەوە، لە ترسان هاوار ئەکاو ئەڵێ):-

وەی شانم ئەخوری، خوروی بەمێشن

رسکاوە دوو مار لێ ی، بۆم هەڵکێشن

ئەبزوون بەرز ئەبن سەر ئەینن بۆ گێم

هاوار لەترسان خۆم ناناسم کێم؟

پێش کار، سەرداران، خزمانم هاوار

پێم بگەن، بکەن، لەم دەردەم رزکار

(شا لەهەژمەتی دەردی و هێشی زۆری و ترسی گرانی بێ هۆش ئەکەوێ)

**( پەردە دێتە خوارەوە )**

## داستانی سێ یەم

### ( پەردەی ـ ١ )

**دانیشتوان:ـ** موبید کەندرو لەدیانی دەئاکی دا.

**موبید: ـ** (کە پەردە هەڵدە بردری موبید هەردوو دەستی لەهەوا ئەکا، بەدەنگێکی بەرز لە یەزدان چابونەوەی شا دەئاك ئەخوازی و ئەڵێ:ـ

لێمان نەستێنی یەزدانی یەکتا
ساغی پێ بەخشی نەگریتن یەك تا

**شالیار کەندرو:** زۆر بە پەروشەوە سەر لەبەرە خۆی ئەنێ و ئەڵێ:ـ

پەروش .. چی تو بو؟ تەن پرر هێزبو ساغ
روی گەش و سور بو وێنەی گولی باغ

### ( پەردەی ـ ٢ )

**پێش خزمەت پێ تول:** دێتە دیوان ئاگایی تەندروستی بە شالیارەکان بگەیەنی ـ کەندرو لێ ی ئەپرسی:ـ

**کەندرو:ـ**

شا چیەتی؟ پێ تۆل بێ بۆ پێشەوا
راسمان پێ بێژە ئەژی پێشەوا؟

**پێ تول:** ئەچێتە پێش، دەمێك دائەمێنێ و ئەڵێ:ـ

گەوران زانایان لێو نەبێ پەنهان
شا توشی شتێکە تیری نا گەهات
تەن دروس هۆش باش نیە بیمار
بێ شکست، بێ زام بکرێ تیمار
هەر هاوار ئەکاو ئەرواو ئەگەوزی
کوێ ئەکری لەشی وەك بی ئەلەرزی
دیم لەدوو شانی رواوە دوو مار
پرسیم چیە؟ گوتی... بێ، بم کە تیمار

تیمارکەر هێنرا بروانتە شانی
کەوت، کە شانی شا دای پێ شانی
هەستاوە چاوی پرر ئاو، دل پرر دەرد
لەتاو دەردی شا رەنگی بو بو زەرد
وتی پێ ویستە بیری هەر دو مار
ماکی لەقولنج دەربکرێ یەکجار
بری و هەڵی قەند زامی کرد تیمار
کەساوە ویستی نان بۆی بێ بەغار
گوتیان، چێشت ناکرێ ئاشپەز بوە ون
نەدوزرا گەراین گێنی سەرەوبن
شتێکی خواردو رەنگی بوژاوە
لەدلی ترس نەما ئاگری کوژاوە
لە تەنگانەدا ناگا کەس بەکەس
گوتی لەشینەش هەموی کەسەو دەس
ئەبرا ئەبو ـ وە ئەپچرا ئەروا
مار چارەی نەکرا مایەوە هەروا
دەردی وا نابێ و نەبوە لەمێژو
خوا کەسێك رێ خا چارەی کاتن زوو

**( پەردەی ـ ٣ )**

**دەرگەوان:** دێتە ژورەوە کرنو ئەباو ئەڵێ:ـ
ئەی وێ بێتە ژور کابرا پزیشکە
هاتوە پێ ی بڵێن لەم شارە ئیشکە
**موبید:** دل خۆش ئەبێت و ئەڵێ:ـ
خوا ناردی ئوخەی رێ خە دەرگەوان
بێ هاوی ژوری وەك تیری کەوان

## ( پەردەی ـ ٤ )

**پزیشك:** دەرگەوان ئەچێتە دەرەوە پزیشك دێتە ژورەوە زۆر بەخۆ کـچکە کردنـەوە (تواضع) کورنو ئەباو ئەڵێ:ـ

بژی ئەنجومەن شا ژینی خۆش بێ
دوژمنی تا دار، دل داغ پرر جۆش بێ

**موبید:ـ**

کابرا چ کارەی؟ بێگانەی دوری
لەدەنگو بەرگت دانیشتوی ژوری؟

**پزیشك:ـ** (دوبارە کرنو ئەبات و ئەڵێ:ـ

گەرۆك پزیشکم رەوان شناسم
بو هەر دەردی گران دەرمان ئەناسم

**شالیار کەندرو:** (بەدەنگێکی تکا دارەوە ئەڵێ):ـ

شامان نەخۆشە گەرچات کردەوە
دل و سامانی شاومەت بردەوە

**پزیشك:ـ**

مزەم زێر ناوی نۆکەری چاکەم
شاوگەدا بو دراو من تیمار ناکەم

**پێ تۆل:** بە پزیشك ئەڵێ:ـ

فەرمو با بچین شات بدەم پێشان
بنوارە دەردی پرر جۆش و هێشان

**موبید:** بە پزیشك ئەڵێ:ـ

کە روانیتە شا بێرەوە ئێرە
هەر شتێکی ویستی بەمەی بسپێرە

**پزیشك:ـ**

هەر نەمردبی پێ ی گەم هەر کاتی
ناهێلم گیانی گیان ـ کێش بێ گاتی

چاوه نۆرمان بن ئێستا ئێمه و شا
دێنه بارەگا دڵ خۆش رو گوشا
بۆ دەرد لاچونی پێ ویست ئەیلێم
بکرێ، که نەکرا، چ بو؟ مەگرن لێم

**کەندرو:** بەپەله ئەبی ئارامی لێ هەڵگێراوه و ئەڵێ:ـ

فەرمو خێرا که چوستبه، مەوێسته
ئەکری بەگورجی چ بڵێ پێ ویسته

دانیشتوەکان بێ دەنگ و دل بەخەم چاوەنوری هاتنەوەی پزیشکیان ئەکرد، لەناکاو دەنگێك لەدەرەوه بێ دەنگی کۆمەڵه ـ کەی شکاندو ئەیگوت:ـ

ئاگادار شا هات هەمو بەن کرنو
بخوازن لەخوا بۆ شا ژینی نو

(دانیشتوان کرنویان بدر، هەر له کرنودامان تا شا دەئاك و پزیشك و پێ تول هاتنه ژورەوه).

**شا دەئاك:**

هەستن، هەمو کەین پزیشك سپاس
بۆ ئەی چۆنی لەمارکردم پاس
(رو ئەکاته پزیشك)
ژینت پێ بەخشیم پزیشکی رەوان
ئەم دەرمانەی دات ترسمت رەوان
ئەم پێرەوەی دات سەران ئاگادار
بفەرمو، بکەن بەم پێ یه رەفتار

**پزیشك:** لەسەر فەمایشی شا دەئاك هەڵئەستی و ئەڵێ:ـ

هەر کەس ئەزانی تەن بێ سەر ناژی
سەر نەما، تەنیش ئەخوری بەتاژی
سەر بۆ تەن چۆنه شا بۆ گەل وایه

شا تا بمینی گەل ڕێزی مایە
گیان بەخت کەن شا، بێ ئاسودە
ئاسایش بەخشە بۆ خۆتان سودە
پزیشکی کارام گێتی گەرام زۆر
دەردی وام نەدی و نابی بەهیچ جۆر
دوو مار ڕسکاون لەدوو قولنجی
چەندی ببردری نا کریتن پنجی
ڕەگیان لەپشتی ڕویی وە تا چۆك
لەبرین و هاتن ئەچن بەنینۆك
ئەبزون بۆ بەرزی سەر ئەنینە کوێچك
برسین دەم ئەبەن بۆ خواردنی مێشك
خۆراکیان مێشکە مێشکی سەری مرۆ
چێشت و ئێوارە و کاتی نیوەڕۆ
مێشك و دەرمانی کە دام بەکێشان
چوار لەیەك بکولی تا دێنە پێشان
باش ساردبونەوەی کوت کوت وەك کالا
خرکەن بێ خەنە زاریان لا بەلا
بەم جۆرە هێمن ئارام ئەبەستن
بەپێویستی شا ئەنون هەڵئەستن
هەر ڕۆژ پێویستە مێشکی دوو جوان
خواری ڕۆژیان بێ و ئامادەکری جوان
لەهینان، دانان، ئامادەی خۆراك
نەکەن سستی کەن ڕۆژێك بن بێ باك
ژینی نرخی ئەروخێ یەك سەر
خوا ئەم کات نەکا گەل مینی بێ سەر
دیومە لە نامەی ئەستێرە ناسان

بۆ شای مار بەشان کەوتونە باسان

ئەڵێن بەینی شای مار شان پەیابو

خۆشیو هەرزانی سامان پەیابو

تا جیهان ماوە، ئەمینی ناوی

گەلێکی شار، ووڵات ئەکەوتەداوی

ئەم پێشبینیە، راستەو راگرن باش

چیم ووت پێ رەوبی لێ نەکەونە پاش

گەلی بەهۆشو زاناو بێ دار

رێ ی خۆی ئەناسی لێ ناخۆری بەدار

سپاسی خواکەن منی بۆ ناردن

رێم بدەن برۆم بەخوام سپاردن

**موبید:** وەڵامی پزیشک بەناوی سپاس ئەداتەوەو ئەڵێ:-

لەکاتی تەنگی گەیین بەهانا

ئەکەین چی فەرموت بەبێ بەهانا

مزەت ساناوی گەر بتکەین سپاس

پێشکەشتە بدەین تا ئەگاتە کراس

**کەندرو:** بۆ سپاس کردنی پزیشك دێتە ووتار:،

هەرموییێکی مە، بەهەزار زوبان

سپاست بکا رۆژ، شەو تا بەیان

نادا پاداشی کاری دەربازت

ناچتەدەر شاو گەل لەژێری نازت

یەزدان یاوەرت لەکاری وا چاك

سەرت خا هەرکات پزیشکی دل پاك

دەسی نهێنی تۆی نارد بەهاوار

ئەمردو ئێمەش ئە ـ بوینە ئاوار

ووڵاتی بێ شار ژێر داران ئەڵێن

تەنی بێ گیانە ئەخرێتە کەلێن

بەخوام سپاردی پێ تی لەسەر چاو

لەناو گشت جیهان بلّندت بێ ناو

**شا دەئاك:** سەری سپاسی بۆ لار ئەکات و ئەڵێ:۔

بەخوام سپاردی پزیشکی دانا

دەرباز بوین بەمەی لەبۆمەت دانا

**پزیشك:** کرنوش بۆ شادەئاك ئەباو ئەچتە دەرەوە.

( **پەردەی ـ ٦** )

**موبید:** بۆ ئەمەی پارێزی (رجیعی) پزیشك بکاتە کارێکی ئایینی گوتی:۔

وا بریارم دا بۆ گیان پارێزی

شا، بکەن هەرچی ئەیوی مگێزی

**کەندرو:** بەتوندو کرژیەوە گوتی:۔

بەڵێ دەرئەکەم سەرباز رۆژ و شەو

جەوان راکێشن چ لەر، یا قەلەو

پیان ئەگوتری نەکەن جیاوەزی

کورکی بێ بیگرن نەهێڵن بەزی

رۆژی دوو سەران بەرن بو ئاش پەز

بێ دەنێ و بچن بو دووی تر کەن بەز

کەی جەوان نەما لە وولات سەراسەر

با، پیری وەك مەش نۆرەی بێتە سەر

لەمێژوو ئەلێن گەدای پرر ئەمەك

سەریان فری دا لەپێناوی نمەك

( **پەردە دێتە خوارەوە** )

## داستانی چوارەم

### ( پەردەی ـ ١ )

**شا دەئاك:** لەدیوان وەك جاران لەگەڵ شالیار کەندروی دانیشتوە بەدوو پـەنجان نـاو چەوانی ئەشێلی و پاشان رو لە کەندرو ئەکاو ئەڵێ:ـ

ئەم نەخۆشیە وا منی کرد دەبەنگ
ئاگام برا لە شار لە لەشکر لە جەنگ
بۆ پارێزی پزیشك ئەبی چ بلێن شار
بەگرتنی گەنجیان سەغلەت نین یەك جار؟
ئایین زان ئەلێن سەر، دارای گەدا
خوا بۆ شای رسکاند ژیانی کەدا
چیان لەگەڵ کەین پێیان رەوایە
چ بێژین ئێمە، ئەبی بلێن وایە
دان خۆیان کەن بەرن ئەم بارە
نەك خراتر روودا نەکرێتن چارە
لەشکرم ناردوە بۆ جەنگ لەمێژە
چ بو؟ چ یان کرد؟ دەرچون لەم گێژە

**کەندرو:** کرنو ئەباو ئەڵێ:ـ

لە پەروش دەردت خۆم کرد فەرامۆش
لە جەنگ بێ ئاگا لەگێتی بێ هۆش
ئاگایی خۆش هات مژدەبی پیرۆز
بەکامتە، کاتت چێژنەبی و نەورۆز

### ( پەردەی ـ ٢ )

**دەرگەوان:** دێتە ژور کرنو ئەباو ئەڵێ:ـ

شاها جیهانت هیچ لێ نەبێ تەنگ
ئەیوێ بێتەژور سەر تیپێکی جەنگ

**شا دەئاك:**

بێتەژور بزانم چیە باسی جەنگ

**دەرگەوان:ـ** کورنو ئەباتەوەو ئەڵێ:ـ

سەرچاو هەر ئێستا دێتن بێ دەرنگ

**سەرتیب برزو:** دێتەژور کرنو ئەبا پاشان چۆك دا ئەدا لەسەر

ئەژنویان ئەروا هەتا دەمی ئەگاتە چۆکی شا دەئاکو ماچی ئەکاو

هەڵئەستی پاشەو پاش ئەکشیتەوەو ئەڵێ:ـ

جیهان بە پیری بەتوبوە جوان

نیشتمان، سەرباز بەتۆوەن جوان

سپای پێش مەرگت پیرۆزی ستان

دوژمن سەرا سەرکەوتە ژێر دەستان

خێزانو کیژی گیراون بەدیل

گەنجی و ئەوانمان هێناون بەفیل

سەر لەشکر، گەنجو دیلو ئەم نامە

بەمنا بۆ توی نارد مژدەی پررکامە

**شا دەئاك:** لەخۆشیان پێ ئەکەنی و نامەکە وەرئەگری ئەی دانە

شالیار کەندرو لەسەر تیپ ئەبرسی:ـ

کیژی جەمشیدی جوانی شەهرناز

گیراوە لەگەڵ خۆشکی ئەنەواز

**سەرتیپ برزو:** کرنو ئەبات و ئەڵێ:ـ

بەڵێ گیراون دوو کچن وەك پەری

پێم گوترا ئەبێ بۆ شایان بەری

لەدەر وەستاون قەدیان وەك سەروە

ئەلەرزن وەك بی کە لیدا سروە

**شا دەئاك:** لەخۆشیان چەپلە لێ ئەدا ـ دەرگەوان دێتەژور کرنو ئەبا شا پێ ئەڵێ:ـ

دوو کچ لە دەرگان بیان نێرە روو

**دەرگەوان:** کرنو ئەباو ئەڵێ:ـ

بەڵێ هەر ئێستا ئەیانیرم زوو

**شازادە شەهرناز:** لەگەڵ ئەرنەوازی خۆشکی دێنە ژورەوە

کرنو نابەن و ئەڵێ:ـ

بخرێمە باوەش گۆری تەنگ و تار

نەك بێمە باغەل شای شان بەمار

لەگەڵ پێکی وا ژیان پرر ژانە

هەرکات مردنیکە ئەمەش بزانە

نامەوی ژیانی وابی پرر ئازار

دل لانەی غەم بێ لەخۆم بم بێزار

**شا زادە ئەرنەواز:** بەدەنگێکی پرر کولی گریانەوە وەك سەر دولکە بەخۆیان هەر بلێ ئەڵێ:ـ

شەهرناز خۆشکم تاوسی شانشین

چاوم لەتاوان رۆژی کردوە شین

پەرۆشی باوکم دوری کۆشکۆ باغ

چاوم پرر ئاو بو جەرگی کردم داغ

بگرین دەس لەچوك دلمان پرر جۆشە

بو گۆس کەوتوان گریان زۆر خۆشە

کوا کۆشکی باوکم پرردانا‌و سەرباز؟

کایەی گشت کەسان، ئەهاتن بۆ نیاز

پەرۆش بۆ باوکم هەم بۆ تەختی و تاج

لەچوار لای جیهان بۆیان ئەینا باج

کیژی بژاردە رو گول بۆ یاری

بۆیان ئەناردین بەناوی دیاری

مال دەر کیشراین وەك کچی کریاری

بەستراین لەسەربار هیندراین بەدیاری

گریاین، قورپیوان لەری لە قۆناغ
بێ خۆراك، بێ خەو، دەروون وەك چراغ
دلم پرر خوێنە، روم وەك لیمو زەرد
زار ووشك، لێو، شین دەرونم پرر دەرد
گەردون بەدەستی پێك بینی كامت
بەوی تر ئەتخاو دائەرنی سامت
خوایە بن كوژی خوێننكەی پەخشان
نەك چارە نوس بین بۆ شای مار بەشان
**شا دەئاك:** چەند ئەدوین و ئەناورینەوە ئەوەندەی دل پێ خۆشی ئەبی و پێ ئەكەنی و سەربا ئەدا ئەڵێ:
لێیان ناگرم جنێودەن كامە
بەختیان فریوە، كاتم بەكامە
ناخۆشیان ئەڕوا كە هاتنەكن شو
دەریان كەی نارون لێ یان دەی بەشو
بخوێنە نامەی سەر لەشكر زۆر چاك
چی كرد بزانین ئەم مەردەی بێ باك
**شالیاركەندرو:** دەست بەنامە خوێندنەوە ئەكات:ـ
شەهنشای مەزن جیهان دار دەئاك
ژینت پێ بەخشی خاوەن رۆژو خاك
دوژمنی ئێوە جەمشید شای گۆرراو
نابوت بو، نەما بخرایە ناو قورراو
بەسپاو زێری زۆرباغی بو لەخوا
خوا بەتۆی هارری لەشی مەل ئەی خوا
پەرت بۆ بارەگای نەما تاج و تەخت
كیژانی گیران لە جەنگێكی سەخت
كیژانی گول رووی لەگەڵ گەنجی زوو

وەك مژدە بۆت هات بەسەرتیپ برزو
گێتیت هەمو گرت، بەرزبو ناوت
چەرخی شین هەروا بکەوتە داوات
(بەندەسەر لەشکر لاس)
شەهرنازو ئەرنەواز دەست بەگریان ئەکەن.
**( پەردە دێتە خوارەوە )**

## داستانی پێنجەم

**( پەردەی ـ ١ )**

خەبات کەرەکان بەخۆ گورین لەناو کوچەو بازار ئەگەرێن و کەسان لە شا دەئـاك و دەستو پێیەکانی هان ئەدەن، دوو کەسیان لەمانە دینە بازار و یەکتر ئەدینن، ئـەم دوانەش یەکیکیان ناوی فەیرۆزو ئەوی تریان ناوی پەرویزە:ـ

**فەیرۆز:ـ**

دایکان ئەگرێن جەرگ سوتاو ئالۆز
شیوەن بو کوریان ئەکەن زۆر بەسۆز
بەنینوك رووی گول دائەرنن وەك هار
کەزی و پررچیان هەلقەند بەیەکجار
سەر بەقور، زیدراو، دل گەرم پررجۆش
لە تاوان کات کات ئەبن زۆر بێ هۆش
لەهەر خانوێك دا پرسەو شیوەنە
هەرکێ لێ پرسی هەموی هەروەتە
کێ ماوە جەرگی نەبرابی یا پشت
نەشکابی لەگەڵ، لە ووردو درشت؟
کێ خاوەن خانو داراو رەوانە
نەوت کە رۆویی بۆ چیە ئەمانە؟

تاکەی وەك رانی کوشتاری قەساب
کوررمان سەر ببری جەرگ کاکەباب؟
تاکەی بێ دادی و زەهەرەمار نۆشین
تاکەی سەرکزی و ماتورەش پوشین؟
تاکەی لێ گەرێین بەربیتە هۆزمان
بکاتن بەشەو رۆژی نەورۆزمان؟
تاکەی جەوانی جوانی نەونیهال
سەر برێن بتلێن لەناو خوێنی ئال؟
تاکەی بێ دەنگ بین لەم ستەمکارە
بەس بی رای بگرین ئەم شان بەمارە

**پەرویز:**

لەداخی دەردو تەنگی دل فەیرۆز
ئەدوێن، وەك تو، مەش زامارو پرۆسۆز
کەس نیە سینەی کون، جەرگی برابی
کوری نەگرابی، دارای نەبرابی
کەس نیە نەبوبی ژن یا کیژی شێت
بو کور یا برای با من بلێم پێت
کەس نیە لەبازار رۆژ نەخوا کوتەك
گەرر ئەکەن سەرباز، گرر ئەخۆن بەچەك
کەس نیە بێ بکا سەودا بو کوتال
بازار کرر بەسام ژیانێکە تال
کەس نیە ئازابی رابیتن وەك شێر
هەڵدری زۆردار ئازاد بین بەخێر

## ( پەردەی ـ ٢ )

لەم کاتەی پەرویز لەدووان دایـە، دوو گیـان بـەخت کـەری تـریش دێنـە کایـەوە، یەکیان ناوی سیامەندە و ئەوی تریان ناوی هۆشەنگە، سیامەند سـوختەی (قوتـابی) موبیدە:ـ

**سیامەند:ـ**

ووشەتان گەرمە کاك فەیرۆز، پەرویز
وەك گەل بەختتان هیچ لێ نەبی زبز
لە کەس مان نەبیست هەتا ئێستا کە
بو گەل بخوازی کردەوەی چاکە
سپاس وا ئەییێم گلەو سکالا
ئەکەن، لەم دەردەی لەگەڵمان ئالا
کی ی ئەڵێ هەر کەس لەفەرمانی شا
دەرچێ ی و دوزەخی بۆ ئەکری گوشا
ئەگەر ئەم ترسە هەر لەدلان ماوە
وا خۆم شکاندم لەمرو بەدواوە
کەس بەبی کاتی لە گێنی نەمرد
مرد هەرگێ ناوی گەورەیی نەبرد
بەێیکی و هێز بەهۆشێکی چاك
جیهان گشت بشوین لە ناپاکان پاك
جیهان رازێنین وەك بەهەشت بەداد
لێ وەك یەك بژین گەل هەمو دل شاد
هەر کێ ی لەم رێ ی وە بروا دلشادە
نەمردوە، زیندوە هەرکات لە یادە

**هۆشەنگ:** لە کەسو کاری شالیار کەندرویە:ـ

لەبەر زۆر هەرکەس لە شاران سررە
لەشاو کردوەی دەستو پێ پررە

وولاغ و مرو سەرباز ناکا جیا
ئەیان بەن بۆیە کەسان ئەچنە چیا
گومان بەکی بەن بۆیە کوتال، وشکە
تا لێ ئەستێنن ئەبیژێن وەك مەشکە
پرر بۆ باغەی دەستو پێ و سەرباز
لە ووشکەو دارا چی تر ئەکەن نیاز؟
خێزانی کور دار لە ناوی جەرگی
لە ئەشکەوت ئەژی گۆراوە رەنگی
لە ترسی سەرباز بی خواردن بی خەو
جێ ئەگوێزنەوە بەرۆژ و بەشەو
بۆچی نازانم کەس ناوێری دەنگ
بکاو بلێتن شا ژین ئەکا تەنگ
جێ نیشی یەزدان شای راستەو بەداد
ئیشی بکاو نەکا لەکاری بەد یاد
لەشای بەد کردار خوا لەچەرخی شین
پەریە، با ئێمەش لەفەرمان دەرچین
بەرێکوپێکی بێ دەنگ وەکو هەنگ
تێکۆشین هەموو خۆشکەین گێتی تەنگ
خوا یاری کاری یێکی و راستیە
رابین رەها بین لەم دەردو پەستیە

**( پەردەی ـ ٣ )**

لەم کاتەی کە هوشەنگ ئدووا دووگیان بەخت کەری تر ناو بەشەنگ و فەرهاد هاتنەکایەوە، پەشەنگ لەخزمانی موبیدە.

**پەشەنگ:**

ناررێك دوو دلی کێنەخواین گەلەك
پێ بێ هێزو کیژ، شی خستین یەك

بێ سەر، نا تەباین، هەمو ئەز ئەزین
ناگەینە ئامانج لە گشت کار بەزین
ئێستاش هەر کەسمان بەپێ ی زانینی
کارێك رێك بخەین زۆردار برمێنین
دووان بۆ باشی، رری راست بکەی دیار
پێت ئەڵێن شێت بوی لەسەرتی بێزار؟
ئازادی دانا پێش کاری راست بێژ
پێ کۆ بەناحەق خوت مەکە خوێن رێژ
هەرچی پێ ویست بو بۆ خوونیشتمانی
بێ گو، پاداشی خستیە ناو زیندان
دوو پێ بەستراوە بە بەندی گران
دوو دەستی هەروا بەمیخی سەرپان
زنجیر لە ئەستۆی بەستراوە بەپێ
خوێن چالی پرر کرد ئەوەندەی لێ بێ
لە ئێشی زامی لە نالەی پرر تاو
چاوی گوێ دێری پرر ئەکا لە ئاو
هەر کێ سەری دا سەری لەدەست دا
وێری سەردانی نیە لەکەس دا
بۆ پارێزی گشت کەوتە ئەم تەلە
پەف بۆ دەربازی چاوەرێ گەلە؟
کور و داراتان ئەبەن لەمێژە
بەسی نیە بێ دەنگی؟ دەرچن لەم گێژە
رۆژو ئەستێرە و خاکو باو ئاور
لێ وەرسن وەك مە پێم بکەن باور
گەورە کچکەمان بە بەردو بەدار
رەوانمان نەوی دەرکەین شان بەمار

**فەرهار:**

مێژوو ژیانی شا دەئاك بەراس
نازانن، گوی دەی بۆتان بکەم باس
لەکاتی گەنجی پیشەو خوی دەئاك
چەپاول گەربو لەهەر بدێیك ماك
باوکێکی باشی هەبو ناو مرداس
لەبەد کرداری کورەی بو هەراس
رۆژێك بانگی کرد پێ گۆ بەناچاو
کاری بەد مەکە، مەگرە رێگای خوار
لەجیاتی چاکەی، کورەی بەدکار
کوشتی و لاشەکەی هەل واس لەشاری
لەدانام بیستوە باسێکە زۆر خۆش
وا پێتان ئەڵێم دل ئەخاتە جۆش
بێژی کوری بەد، بیتە نەرەشێر
بەکوشتنی باوکی نابتە مەردی دلێر
ووتەی تر ئەلێن لەخراپو چاکی
سوراغی ئەمەش نێنە لای دایکی
کوریك رێ و شوێنی باوکی کرد بزر
بەکوری مەزانە بێگانە چاتر
چا کەسێك لەگەڵ کەسی خۆی وابی
بێگانە هیوای چاکەی پێ نابی
نارێکی ئێمەو بەد خوای نیشتمان
هانی دا بینتە زیر دەست گشتمان
کە هاتو چاندی تۆی پەرتی و بەدی
نیشتمان بێ کەس بێ سەر کەمەی دی

گرتن، هەلاتن، هەر کوشتنە باسی
رۆژی رابونە کەس کەس نا ناسی
هەر وا پەشێوبین بێ دەنگ خۆ بگرین
لەسەر مردونا بۆ زیندو بگرین
لەتوشی خۆمان بەم بەدکارە توش
بوین، بویتە ئاگرو ئێمەش پەرو پوش
بێ دەنگی ئێمە و بەدی خوی، پیاوی
گەیشتە جێ یەك پایەی تەواوی
کوتای ستی بی، هات کاتی رمان
بۆ زۆردار، ئێمە بەسیە واق و رمان
هەستین هەژینین ئالاکەی تۆلە
لە بۆ گۆری جەنك لەبەرکەین تۆلە

**( پەردەی ـ ٤ )**

**<u>بێژەن:</u>** کە گیان بەخت کەرێکە هاتەکایەوە ئەڵێ:ـ
لەبارەی زۆردار ئەڵێن رەوان ناسی
گێژن، ترسنوك، دلیان پرر هەراسی
لەیێکی راس گۆی نیزیك شای دەئاك
بیستم، لێ نێشتوە ترسێکی زۆر چاك
ئەستێرە ناسی هێناو لێ پرسی
لەگەڵ دا یەکێك هەیە لێم ترسی
پێ بلێ تەختی کامیان بێ دارە
کامیان روو لەکام کام دیژوارە
لەترسان پێ گو بەخت زل هۆشیار
بەختی دوژمنتان ونەو نادیار
بەم موژدە، دەمێك دل خۆش بوژاوە

ترسی چووە دل کەیفی کوژاوە
فەرمانی دەرکردبو فەرمان داران
کۆمەڵان بەستن لەناو گشت شاران
لەدادی دەئاك گەوا ـ نامەمۆر
بکەن، بنێرن، ژمارێکی زۆر
ئەیوی بترسێن بەد خوای بەم کارە
تێ یان بگەینی گشت گەلی یارە
تێ ناگا کات هات وەك موی ناو هەویر
دەربکەن لەجێ ، بی کەس، بی دەس گیر
زۆری زۆردارە گەل ئەکا هۆشیار
ئازادی بخوازی، هەلدرری زۆردار

( پەردەی ـ ٥ )

لەم کاتەدا کیژێکی جوان و پرچ ئالوز بەهاوار هاوار لەسینگ دان دێتە لایان و ئەڵێ کچەکە ناوی پیرۆژە:

**پیرۆز:**

هاورپێم بگەن کۆمەڵی گەوران
برای تۆشیان برد بۆ سەربران
دامەنم بادان بیبوێرن سەرباز
چاویان نەپوشی لێ یان نەداباز
بەدوایان کەوتم بەگریان زیرە
لێ یان دام گوتیان پێ ناوی چیرە
مێشکی هەر نو برام بون بەخۆراکی
هەردوو مارانی شانی دەئاکی
خێزانەکمان بو لەپانزدە سەرکەس
سەر بران، مردن، هەر من ماوم بەس

(گریانەکەی توندتر ئەکا چریکەو سۆزو لەسینگ دانی زۆرتر ئەکاو ئەڵێ):-
وەی رۆ هەی وەی رۆ بۆ برایانم رۆ
بۆ لاوەکانی سەر براوانم رۆ
بو رۆلە شێری نەوجەوانم رۆ
شلکە نەمامی هۆزەکانم رۆ
پەرژینی باغی نیشتمانم رۆ
سەردار، پێشەوای دوا رۆژانم رۆ
پارێزی نەدەری دوژمنانم رۆ
بێ کەس، ئاوارەم، پشتیوانم رۆ

(ئەگرێ، دەست لە ئەژنۆ وەرئەینی و خۆی با ئەدا، لەم بێ دەنگیەدا سیامەند کە شیوەنی پیرۆز زۆر شوێنی لێ ئەکاو بەزەی زۆر پێ دا دێت، بەدەنگێکی گریانەوە فرمیسك ئەسرتەوە و ئەڵێ).

**سیامەند:-**

دەروون وەك تەنور پرر گرر داخراو
دل تێ چزەی دی وەك گۆشتی برژاو
هەمو پشت شکاین، جەرگ کراوین داغ
خوێن دی لەچاومان دەرونمان چراغ
بەس بکە شیوەن هێزی بررا ئەژنۆ
وەرئەگرین تولەی براتان هەرنۆ
پاش تولەساندن پێم ئەدەن بەڵێن
ببین بۆ یەکتر، یا بۆ ناو کەلێن
ناوو نیشانەت بوم هەلدە شەپال
لەتولە ساندن تا بەیەك دەین پال
هەردوك بێ کەسین بو یەك بینە کەس
بو پەیمان بەستن دەستم بخە دەس

**پیرۆز:** بەهاوار ئەگریی وا ئەزانی گالتەو جەفەنگی پێ ئەکەن و ئەڵێ:

خاکی کوی بکەم بەسەر هەی هاوار
خوایە بمکوژە لەم ژینەم بێزار
لەجێ ی سەر خۆشی و بمگەنە یاری
چاوم تێ ئەبرن پێم ئەکەن یاری
بەم کارە بەدە ژنبان نەوەك مێر
بێگانەی ریوی لێتان بویتە شێر
کیژێکی کوردم رێزی ریش سپی
را ئەگرم، ئینجا ئەم کەسە چ بی؟
کوڵی دلم دەنا پێ دا ئەرێژتن
بەزیندوی چاوان هەموم ئەنێژتن
(روو ئەکاتە سیامەند)
بوی بەکەولە کۆن، هەی پیری کەوتو
تۆ چی، تۆلەی چی؟ دەس نادەم بەتو
ناوم پیرۆزە ناوداربوین بەکەی
توش ناوت بێژە جا چێم بو ئەکەی؟
**فەیرۆز:** لەجیاتی سیامەند دێتە ووتار:
رووبکە من خوشکەی دل گەرم پیرۆز
پیریت لێ دووربی رووت نەبی ئالۆز
لەگەرمی دلتان چ بلێن هەر کەمە
خواستەکەی هاورێم بەدلە بێ گەمە
ئەم کۆمەڵەی مەت پیر دێتە بەرچاو
خۆمان گۆرپیوە پیرنین هەمو لاو
(روو ئەکاتە هاوریەکانی و ئەڵێ):-
بوو باورکردنی پیرۆزی نازدار
جلتان دارنن، راستی کەن دیار

(هاورێکان هەمو بەرگی گورین دائەکەنن، پیرۆز ئەیان بینی کە هەمو لاون بـەژنو بالای سیامەند پەسند ئـەکا، بەچوستی بـەر گیـان لەبـەر ئەکەنـەوە، فـەیرۆز وەك ناوبژی کەریك روو لەپیرۆز ئەکاو ئەڵێ:

بو تولە ساندن، گرتنی رێ ئازاد
توش گیانت نەوی خۆت بکە ئاماد
رازینە کۆمەڵ ئازایی دەگیان
دەس دە دەسمان بۆ بەستنی پەیمان

**سیامەند:-**

سپاست ئەکەم هاوری کاك فەیرۆز
لەم دوانەی کە دات بۆ خوشکە پیرۆز
(روئەکاتە خوشکە پیرۆز)
ناوم سیامەند کردومە پەیمان
بۆ رمانی زۆردار بەخت کەم گیان
ریشمان پۆشیوە کەس نەمان کا ناس
بەم خو - گۆرینە زوردار ئەکەین کاس
وەرە پێکەومان ببەستین کەمەر
بو تولەساندن یا دابنێین سەر
کە هات سەرکەوتین برین بو سارێژ
بەشایی و ئاهەنگ گێتی ئەکەین گێژ
لەگێتی ئازاد ئەژین خۆش و چاك
لێك جیانابین تا ئەچینە خاك

**پیرۆز:** داماوە فرمیسکی بەگورری ئەسرتەوەو ئەڵێ:-

چیم دی؟ چ ئەیێم؟ کوتای کەن دووان
تامردن پەیمان بابەستین بەدووان
کە تولە سێندرا گێتی رازا جوان
بو ژین وەك ئەڵێن پێت ئەدەم ژوان

سویند بخوین بەخوا بە باورێکی جوان
زۆردار نەهێلین یا دانیین رەوان
**پەرویز:** بەگەرمی هەڵئەستی دووانی خوشکە پیرۆز وەرئەگر ئەوەو ئەڵێ:ـ
ووتەی یا پیرۆز پەسند ئەکەم باش
لەم سوێند خواردنە کەس خۆی نەدا پاش
(هەمو هەڵئەستن و بەیەك دەنگ سوێندەکە ئەخۆن)
**کۆمەڵ:** بەپێوەنە:ـ
سویند ئەخوین بەخوا بە باورێکی جوان
زۆردار نەهێلین یا دانێین رەوان
**( پەردەدێتە خوارەوە )**

## داستانی شەشەم

## ( پەردەی ـ ١ )

**دەنیشتوان:** شا دەئاك، موبید، شالیار کەندرو، شالیار کەرمایل، گەلێك ئوفیسەری مەزنو روەت دارانی پایتەخت بانگراون بۆ رێك خستنو موركردنی گەوا ـ نامەکە:
**شا دەئاك:** زۆر بەگرژی روو ئەکاتە دانیشتوان و ئەڵێ:
موبدان! مەزنان! روەت دار! گەوران!
دانان، پرر، هونەر، هۆشیاری دەوران
بۆ هاتنی ئێرەم ئیوەبون دەس بەر
لە سایەی وەیە ئەم تاجەم لەسەر
بەداد ئیش ئەکەم بۆیی گورك لەمەر
رووی وەرئەگیرێ، رێ ئەگری یەك سەر
ئاسایش، ئارام، هێمن، چادری
هەڵداوە، ستەم نەماوە ئاگری
لەسەر ئەم چاکەم ئەڵێن چەند خوێری

گەل واهان ئەدەن لێم بکەونە زوێری
لەدوژمناتی ئەمانەم دل تەنگ
بلێن چی بکەم چۆنیان بێنمە جەنگ
**موبید:** بەناوی ستایش بەپێکەنینەوە ئەڵێ:-
لەسایەی دادت بەد بەندەو ناپاك
نەماوە، کەسان ئەژین دل ڕۆناك
دوژمن هەر چۆن بێ کەمی مژمێرە
لەژێر کراسیا هەر کەسێك مێرە
بۆ خوای سەر زەمین کێ بەد بخوازی
لەهەر دو گێتی ناگا بەنیازی
بۆ گرێ دلت کرنەوێکی خۆش
هەیە، شوێن بەخشە لای پیاوی بەهۆش
گەوا نامەکەین کە شابی ووچان
تۆی باشی نەبی چی تری نەچان
ووشەی راست نەبی چی تری نەچان
ووشەی راست نەبی نایێ بەزاری
لەکردەوەی باش نایێ بێ زاری
**شالیارکەندرو:** نۆرەی دووانی دێت و وا ئەدوی:-
خاکو چەرخی شین ئەکەن ئافەرین
لەتۆو لەدادت خودای سەر زەمین
بەد خوات گەر هەبێ لێ ی ئەکری نەفرین
لەهەر دو جیهان لەیەزدان بەرین
لەسایەی دادت کەس دەستی بو کەس
درێژ ناکاتن، هەر کەس پرر هەوەس
گوندو شارەکان بەسانی بەهەشت
ئەژین بەخۆشی بەبێ حەفتو هەشت

گەوا ـ نامەێیك بنوسرێ پرر ژیر
بخرێتە ناوی گەوای جوانو پیر
بەهۆی ئەم کارە بەد خوات ئەکا تەق
ئاشکرا ئەبن جێ یان ئەکری لەق
**شالیارکەرمایل:** شالیارێکی دانایە ئەڵێ:ـ
یەزدان دلی شا بکاتن رەوشەن
بەدادو باشی وولات بێ گول شەن
زۆر چاکی فەرمو ژیرزانی خۆش گۆ
تا لێت نەخوازن مەدوی سەربەخۆ
ووتەی بێ پێویست پیاو ئەکا سوك
پێت ئەڵێن بی ژیر، بی رێزو چروك
مرۆی بی کارەو زۆر گۆبی هەروا
ئابروی لای هیچ کەس نامینی و ئەروا
ئێستا وا هەڵکەوت بدوێم بەبی شەرم
ووشەم بژمێرن بەرەق یا بەنەرم
لەرووی ئەنجومەن ووشە هەن زۆرکەم
بو سودی شایەو کەلگی گشت ئەیکەم
کاری ئیمرۆکەت هیچ مەخە فەردا
کێ ئەزانی کات چی لێ رو ئەدا؟!
گولستان ئیمرو بەری هاتەبار
سبەی بی چنی گولی نایێ بەکار
وارەکە زیندان، گرتوبن ئازاد
ستەم هەرەس کە بەهێزەکەی داد
سا ئەگەر بێتن بکا پێشە داد
بێ گومان هەر کەس ئەبێ لەداد شاد
شا بەدل سۆزی و دادو کاری چاك

خۆی دەرخا بۆ گەل بەباورێکی پاك
رەوان ئەکەن بەخت بۆ گیان پارێزی
لەناو گشت دلان بەرز ئەبی رێزی
بەداد ژەنکی زۆر هەڵگرەکەوا
کەوا ـ نامەت بێ پێت نەوی گەوا

**شالیار ئەرمایل:** مەردێکی پرر هەست باشو دڵ سۆزی گەلە پاش کرنوبردن ئەڵێ:ـ

شاهەنشای جیهان بۆ گشت گەل شوان
تەندروستت کا خوای رۆژو شەوان
لەکوی ئەنجومەن شاکردەی کۆکە
بۆ رێکی نا کۆك، بەربەستی کۆکە
دانایان ئەلێن بو ووریایی کار
تورە پەشیمان، پێش بینە رزگار
هەر کەس بەراستی باوریو هەستی
بلێ و تیمارکا ئالۆزیو پەستی
رییەك بدۆزری نینوکی زۆردار
دەربێ و پێ نەکری جەنگ بابو هەژار
پێرەویەك دانێن ئاسایش ئامانج
راست دارە بەش کا لە ئاغاو کرمانج
هەر کەس لەرەنجی بەشو توشی خۆی
بباو نەترسی لەپیاوی بەدگۆی
پێ رەو گەورەیی بەچاو دێری شا
پێش بخرێ هەر کێ بۆ راست تێ کۆشا
دەرکرێ و بگرێ کێ ی دارای گەدا
ئەبا بەزۆری یا بەربای ئەدا
دیوانێك دانین بکا ژمارە زوو
لەگەڵ زۆردارو خاوەن دارای سو

جارر بدری هەرکێ ستەم لێ کراوە
بێ، ئەیدریتەوە چی لێ سێندراوە
بەم کارە گشت کەس بو کەڵکی گشتی
رەنج ئەدا بێ باك بە پاك سروشتی
دۆست ئەو کەسەیە بە ووشەی راستی
دۆستی دل تەنگ کاو لای دا لەسەختی
گوی مەدە دوو روو بۆ گرتنی رێ خوار
کەڵکی لەپشێوی بازارە هەرجار
بۆ ژین سەر لەنو دانێ بناغە
لەگەڵ تیمار کە کێ ی جەرگی داغە
داد فێنکو خۆشی ستەم ئاگرە
بۆ رێ خۆش برۆ، رێ سوتن مەگرە
تێ ئەگا لەگەڵ ئەمەی هۆشیارە
هەر کوکەك رووداسوچی شالیارە
شالیاری دانا شاو گەل لێك نێزیك
ئەکاو بۆ کەڵکی گشتی بێ خەریك
دادە بۆ تاجو گەل بێ، پارێزەر
باشتر شوێن بەخشە لەهێزو لەزەر
لەژێر چادری داد گەل بکا ئارام
لەدۆستان چاتر دوژمن ئەبی رام
هەر کەس لەهەرجێ لەکانی دلی
گەوای باش ئەڵێ دەس ئەدا لەملی
کاری باشو راس دوژمن ئەکا کەم
خۆش ئەکاتن هۆش، دل ئەبی خورەم
گەوا۔ نامەی وا زۆرتر نارێکی
ئەخاتە ریزمان تێك ئەدابێکی

بەم گەوانامە هان ئەدەن دوژمن
رشت بن لەم کارەی کە پێ هەڵئەستن
باشیو راستیە مێر ئەکا دەرباز
لەهەر دو جیهان ئەژی سەر فراز
ئەم گەوانامە ناگریتن هیچ بەر
تەنیا گەل نەبی ئەکاتە دوو بەر
**شا دەئاك:** لە ووتەو ئامۆژگاردانی شالیار کەرمایل و شالیار ئەرمایلی دیتە هەژان، بەهەرەشەوە ئەڵێ:-
ووشەی کەرمایل بەووتەی دوژمن
ئەچی، لەبازار کە ئەیلێن بەمن
ووتەی ئەرمایل وەك بەندبێژ دوا
پاداشی هەردو ئەدری لەمەو دوا
بەم هوررینەتان ئەهێننە بزە
دامناوە بدەم بو هەر کارمزە
**شالیار کەندرو:** هەڵئەستی و کرنو ئەباو ئەڵێ:-
دڵ سوزی شایەکسان ئەکا رەشت
بدوین بەسەربەست بەناو کەڵکی گشت
نزیکە گشت کەس بهێنمە ئاژاو
ئاگرێك هەڵکەن تێدابین برژاو
ووریابە ئەڵێن دانایانی کورد
لەخراپەی ئەمەی چاکەت لەگەڵ کرد
کە ووشەم بیستن رەوان شادیم خواست
بۆ دانایەکان لەگەڵ پەندی راست
**موبید:** ئەیەوی کوتایی بەم دەمە تەقەیە بێنی بەدەنگێکی گەورە بریار ئەداو ئەڵێ:-
خوا پێمان ئەڵێ لەنامەکەی پاك
مل کەچ بە بۆمەو بۆ سەرۆکی چاك

لەدادی شایە ئێمە وا بی باك

ئەخوین و ئەنوین ئەژین گەلێك چاك

دۆست ئەو کەسەیە لەکاتی تەنگی

دەستی دۆست بگری بەبێ درەنگی

شا پاکەو چاکە گوی نادەم بەکەس

خۆم گەوا ـ نامە ئەنوسم بەدەس

(موبید دەس ئەکا بەگەوا نامە نوسین، لەم کاتەدا هەراو هاوار لەدەرەوەی بارەگا پەیدا ئەبی، دەرگوان دێتە ژورەوەو کرنو ئەباو ئەڵێ):ـ

## ( پەردەی ـ ٢ )

**دەرگەوان:**

شاها لەدەرگا بازارییك بەدەنگ

داد خوازە ئەی ێ بێتەرو بێ دەرنگ

**شا دەئاك:**

بابی بزانم چی ئەوی داد خواز

**دەرگەوان** کرنو ئەبا ئەڵێ:ـ

بەڵێ هەر ئێستا ئەی نیرم بۆ نیاز

## ( پەردەی ـ ٣ )

**کاوە** بەدەنگە دەنگ دێتەژور کرنو ناباو ئەڵێ:ـ

داد لەدەست ستەم جەرگمی بری

هۆشی شێواندم بارەگام دری

**شا دەئاك** روو لە شالیار کەندرو ئەکاو ئەڵێ:ـ

داینێن بزانم داد خوازی چیە

بلێ بۆم دەرخا نیازی چیە؟

**کاوه** گویٚ ناداته شالیار کەندرو گرنگی جێگایەکەی لەیاد نیە هەر بەپێوە هاوار هاواریەتی ئەڵێ:ـ

سەرسور نەمینی کە کێم بێ پەروا
ناوی من شا (کاوه)یە دادخوا
ئەگەر پیشەت داد راست ئەبو کارت
ئەت گرت دلی گەل رێز ئەبوە یارت
ستەم لەتووە بوم هات سەر لەبەر
هەرکات لەجەرگم ئەداتن نشتەر
ستەم گەر ئێوە پێم نەبەن رەوا
دەستان بۆ کورم چۆن دێلن بروا!
هەژدە کورم بو لەدارای جیهان
یەك ماوە لێ یان ئیتریان خوران
پێم بەخشە، بومن یەکی ببوێرە
جەوانی رۆویی، نیمە کور، هەژار
نەبوە لەگێتی وەك کور یادیگار
پەلپ ئەگرن ئێوە بو ستەم کردن
بەس بێ بیانوی دەس بۆمە بردن
چیە بیانوت بیهێنە سەرمن
گەردونی بەدکار گرژە لەبەر من
کەسێکم بی زیان ئیشم ئاسنگر
ئاگری شام بودی دل ئەخاتە گر

( **پەردەی ـ ٦** )

**شا دەئاك:** روی ئەکرێتەوە، بەفیزێکەوە ئەڵێ:ـ

بۆ کردەوەی داد، نەرمی کەلامە
کاوەش گەوایی لەم گەوا ـ نامە

**موبید:** بەدەستی خۆی گەوانامەکە بو کاوە ئەینی موری بکا. کاوە کە خوێندیەوە بەم درویانەی کە تێدا بۆ زۆر سەخلەت ئەبی وەك شێر دەستی کرد بەنەرەو هاوار. رووی کردە کۆمەڵ و گوتی.

**کاوە:ـ**

لاتان سەرۆکن سەرتان کردەوە شۆر
جەرگی بریون ترسی زۆردار زۆر
روتان لەخواری راستیتان بوارد
بەووشەکەی شا کە دلتان سپارد
لەجیاتی بی داد، دادو راستی درۆ
ئەنوسن، ئەڵێن با مورکەن مرۆ
لەم گەوانامە هیچ نابمە گوا
ناترسم لەشاگەر سەرم بروا
گەل ناسان ئەڵێن سەرۆکی درۆو
کەینی پەیابو، بۆ گەل کەوای رۆو
بەداریان گۆ، بوت بو یەك دوژمن
خوتو تیرەکەت ئەبریتن لەبن
ورامی داوە کە کلکی دوژمن
گەر لەخۆم نەبی سەرکەوتنە هێمن
پرر بەئێوەیە ئەم پەندەی نەستەق
ئێوە بون بەهۆی گەل جێ بیتن لەق
هیچ بازارییك نەی بی داراو بەر
وەك وە بو دوژمن تابیتە سپەر
دەرون ناهێلی هەلگرم ئەوبال
بوسود یا لەترس ورد بێ لەکەس بال
دوو رو، درۆزن، خۆبێن بۆ زۆردار
هێزن هەرسێکیان گەل ئەکەن زامار

دروزن بەدرو کەسان ئەکا گێژ

دوو رو بو لەسەر، خوی ئەکاتن لێژ

خۆبین بو کەڵکی خۆی ئەباتن رەو

کارێك کە روی دا ئەو لێ باگرەو

بۆ دەستی زۆردار نابمە کولەوژ

ئاگرم پێ خۆش کا گەل تێداکا برژ

گەوا نامەی وا نرخی درانە

لەجێ مور بەپێ رەوای شێلانە

(گەوا ـ نامەکەی پارچە پارچە ئەکاو ئەیخاتە ژێر پێ و پێ لێ ئەخشێنی. کورەکەی پێشەخۆی ئەداو ئەڵێ):ـ

پێش کەوە رۆلە بەجوت کەین فریاد

سەراسەر جیهان بخوازین بۆ داد

(خویی و کورەکەی ئەچنە دەرەوە، دانیشتوان سەریان سور ئەمینی و نقە ناکەن).

**( پەردە دێتە خوارەوە )**

## داستانی حەوتەم

### ( پەردەی ـ ١ )

**کاوە:** لەگەڵ کورەکەی دێنەوە بازار، دەست ئەکەن بەهاوارو بو داد، کەسان بانگ ئەکەن کاوە ئەڵێ:ـ

داد، لەدەست ستەم چینانی بازار

بۆ ئێوە ئەکەم هاوار پرر بەزار

بەهانای باوکی حەڤدە کون لەجەرگ

بگەن، بزانن بۆ چ ئەخوازی مەرگ

حەڤدە کورم بو وەك کاوری کوشتار

بران و کوژران بۆ خۆراکی مار

ئاگری هەناسو ئێشی جەرگ سوتاو

کەسێك ئەزانی بویتە جەرگ براو
کێ هەیە وەك من نەبرابی جەرگی؟
لەیەزدان بۆ خۆی نەخوازی مەرگی
بازرگان! بقال! عەتار! خۆردەفرۆش!
کێ هەیە جەرگی وەك من نەکا جۆش؟
هەموتان وەك من جەرگ براو، داماو
وەرن با تولە بسێنین وەك پیاو
جەرگی وەی کون کەین وەك جەرگی درین
گورگە لە کۆزمان با هەلی برین
ئەبی بەخت کەی گیان بۆ تۆلە تۆ
مردن مردنە لینگ براوتن بۆ؟!
بۆ رێ سەربەستی گەر نەبەخشی گیان
دەست بشۆ لەگەڵ، لەخۆت، نیشتمان

## ( پەردەی ـ ٢ )

**سیامەند:** بەتاوێکی گەورەو پرر سوزەوە دوان لەکاوە وەر ئەگری و ئەڵێ:

دل بە ئازارین گشت وەك تۆ، کاوە
گەل لەژێر ستەم پشتی شکاوە
کەس نیە لەبازار، لە دەشتو لەشار
نەی کردبی زیان لەدەستی زۆردار
خێزان نەماوە، ستەم دەستی درێژ
بونە کردبی، نەیخستبیتە کێژ
لەنوکەریەتی وا خۆن کردوە خۆش
مێژوش ناومانی کردوە فەرامۆش
بررمینە قەلای زۆرداران کاوە!
لەگەلتین ئیمرو رۆژی پیاوە

هەتا دیت دەستاکانی بازارو ڕێ ڕەوان وردە وردە کو ئەبنەوە لێ یان، خۆشکە پیرۆزی شەپالی گیان بەخت کەریش دێتە کایەوە ئەڵێ:ـ

## ( پەردەی ـ ٢ )

**پیرۆز:ـ**

لەبەرتان مرم کاوەی جەرگ سوتاو
دل گەرمین وەك تۆ گرتومانە تاو
بشگەن بەفەریای کیژو ژنی گەل
بێ خانو، بێ کەس، پەرتن بە کۆمەڵ
کیژانی رو سور، یایانی خێزان
روتو برسینە ئەکەن دەرۆزان
کوشتنو گرتن، کیژ بردن باوە
ناترسن لەکەس، پیاو نەماوە
راستە وەك ئەڵێن نەماون پیاو
گەرمابان زۆردار زو ئەکرا لغاو
رۆژی ئافرەتە جا بێتە مەیدان
زۆردار برمێنی بیخاتە زیندان
گشتمان سوێند ئەخوین بەخاوەن گیان
زۆردار لائەبەین خۆش ئەکەین ژیان

**کاوە:** لەگالتە پێ کردنی پیرۆز گرر ئەگری، گوی دیرانیش هەروا ئەکەونە جۆشو خرۆش، کاوە دوان وەرئەگرتەوە.

**کاوە:ـ**

کیژەکەی ئازام خۆشکەرەی ژیان
توانجی توندت دل ئەهێنتە ژان
گەل سەرکەوتوە کەسی بێ بەجەرگ
کەس ترسنۆك بێ گەل ئەخاتە مەرگ

شەرمە بەخۆمان چی تر بڵێین مێر
لەنەرمی ئێمە ئافرەت بویتە شێر
بەکورەی گەرمو ئاسنی سورکراو
ئەرمێنم کۆشکی زۆرداری گلاو
ئەسێنم تۆلەی کوژراو، جەرگ سوتاو
گەل ئازاد ئەکەم لەنیرولەداو
برینی دلان گشت ئەکەم سارێژ
دوژمنی خوێنی گەل ئەکەم درێژ
بۆ ئەم ئامانجە کەولی کاری پاك
ئەرازێنمەوە بەسێ رەنگی چاك
بەرەنگێکی زەرد، کە گەل رەنگ زەردە
لەژێر ستەم دا هەناسەی سەردە
بەرەنگێکی سور کە خوێن برێژین
بەسی ژێر دەستی، بەس غەم بچێژین
بەرەنگی بنەوش، پێش رەوی بەهار
مژدەی ئازادی گەل ئەداو رزگار

(دەستو برد چەرمی کاری خوی - ئەو چەرمەیە کە ئاسنگران لەکاتی کارو چەکوچ وەشان و جۆش دانی ئاسن بەپێشەخویانەوە ئەگرن - بەم سێ رەنگەی کە لەسەرەوە گوتی رەنگی ئەکا بەڵام رەنگەکان وەکو یەك دریژاو دریژی لێ ئەداو ئەی خانە سەر نێزەیەك و بەرزی ئەکاتەوە ئەڵێ):-

ئەی کەمە ئالای شۆرش لەزۆردار
نیشانەی کوردبی بۆ رۆژی رزگار
جا، بچین بکوژین دەئاکی زۆردار
دەربازکەین گەلەو نیشتمان یەك جار
لەم نەبەردەمان دەست گیربی پیرۆز
کورد رزگار ئەبی بۆی ئەبتە نەورۆز

وا ئالام هەژاند. هەركی مەردە دی

تا دەئاك دەركەین لە شارو لەدی

لەم رێ یە مەزنە كی برروا شادە

لەدلی گەل دایە نامری لەیادە

(لەهەر لاوە دەنگ بەرز ئەبتەوە.. بروا... بروا.. بروا... لەگەلتین!... رۆژیەتی ئارم نەما!... بێگانە بەدەر!... بێ گانە بەدەر!... لەدوای دا هەمو كۆمەڵ بە یێك دەنگ ئەڵێن و رو ئەكەنە كاوە.

**كۆمەڵ:ـ**

بژێنە ئالا، پێش رەوبەو سەردار

گشتمان لەگەلتین بو رمانی زۆردار

لەگۆری جەنگ دا دەئاكی بەدكۆ

ئەی دەبنە بەرشەق كەللەی وەكو گۆ

گشتمان سوێند ئەخۆین بە یەزدانی پاك

جیهان لە ناپاك پاك ئەكەێن زۆر چاك

(كۆمەڵ پاش سوێندن خواردن بەیەك دەنگ، بەیەك رەنگ و یەك دلو دڵسۆزی وەكو هەنگ، چەك دارو بەرد بەچەنگ كەس دوا ناكەوی و ناروا بە لەنگە لەنگ، روو ئەكەنە كاخی شا دەئاكی بەد رەنگ. دەورەی ئەدەنو پێش بركە ئەكەن ئەڵێ ئەچن بو زماوەندەو بەزمو ئاهەنگ).

**( پەردەی ـ ٤ )**

**سەرباز:** لەناكاو بەترسەوە دێتە سەر شانۆ، ئاور لەم لاو لەولای ئەداتەوە وەك یەكێك بۆ كوشتنی، بەدوای كەوتبی هەمو سوچو لوچ ئەپشكنی، پاشان پشویك هەل ئەكێشی و هێور ئەبتەوە و دائەنیشی و بێ دەنگ ئەبی، خۆی رائەژینی و ئەڵێ:ـ

**سەرباز:ـ**

كاتێكمان زانی وەك دەریاو شەپۆل

گەل بۆ كاخی شا دێتن پۆل بە پۆل

دەستەی سەربازان چوین پێشیان بگرین
پەرتیان کەین بەزۆر گەر هەمو بمرین
ئەو گەلەی جاران لەترسی سەرباز
رای ئەکرد بەتێن ئەکەوتە عەمباز
سەرباز لەبازار کاتێك ئەرویشت
دوکاندار رەنگی مردوی لیٚ ئەنیشت
سەرمان زۆر سورما کە دیمان وەك شێر
هەڵمەت ئەهێنن لەژورو لەژێر
هەمو گیانیان ناوەتە سەر دەست
بیٚ باك جەنگ ئەکەن چەشنی شێری مەست
تینی ستەم بو گەلی راپەران
بو حەق ساندنی بخوازی سەیران
جا ئێمە شکاین لەچوار لاوە کاخ
کەوتە ژێر هەڵمەت گەلمی جەرگ بەداخ
کولانەو شورەو بانی کاخو دەر
گیران لەترسان کەس دەنایینی سەر
بەرد لەسەربانان خشت لەدیواران
لەناو کۆنان تیغەو تیر باران
ئەهات وەك رێژنە لەهەوری تاریك
رێگای دەربازی لیٚ کردین باریك
گیان شیرینە لەترسی گیانم
هەلاتم بەشکو رزگارکەم ژیانم
بۆ ناو شار هاتم دیم شار بەیەك جار
لەجۆشی جەنگ دان، لەهەر لا کوشتار
گەنج وەکۆ کوزر لەجەنگ دانابو
کچ لەهەڵمەت دا بی ترس ئازابو

دەنگی هاندانی کیژ بو دلێران
ئەهات، ئەجەنگان میرد وەکو شێران
لەهەر لا روم کرد هەر شیر وەشانە
بورمانی دەئاك گشت جان پەخشانە
کە دیم نامینی و دوایی دەئاکە
گوتم با لەشار دەرچم وا چاکە
(دەس لە چۆکی وەرئەینی، خۆی با ئەدا رو ئەکاتە بەرزی و ئەڵێ):-
دەرد بگاتە وەی جەنگ ئەگیرسێنی
ئاشتی و خۆشی بەهیچ ناسێنی
(یەخەی ئەکاتەوە و سینگی خوی بە بەربای ئەداو پاڵ ئەداتەوە و ئەڵێ):-
رزگاربوم هاتمە ئەم جی یە هێمنە
ئێستاش بی باورم ئەم سەرەهی منە
نەگا داگیرکەر، بمریتن زۆردار
مایەی رمانن بۆ گەل، دێوشار
راستە ستە- م بۆ گەلی وا لێ خوری
بو گۆری جەنگو حەق ساندنی بخوری
(هەستی دەنگی پێ ئەکا، لە شانو خۆی ئەشارتەوە تەماشای لای دەنگەکە ئەکا زانی کێ یە؟ لەناکاو سەر لەشکر لاس دێتە سەر شانوە هەر کاوە پشی سوارە سەربازەکە کتوپرر دێتە دەرەوە کرنوی بۆ ئەباو ئەڵێ:-

## ( پەردەی - ٥ )

## سەر لەشکر لاس، سەرباز

**سەرباز:-** ئۆخەی بە ساغی لەجەنگ بوی دەرباز
چی لێ هات دەئاك؟ کاخەکەی؟ سەرباز!
چون دەرچوی لەجەنگ دوزەخی پرر جۆش
توێنەری گیانەو تێکدەرە بۆ هۆش

ترسام هەلاتم زوو دەرچوم لەشار

بوم باس کە گەورەم بەچی گەیشت کار؟

**سەر لەشکر لاس:** سەری را ئەوەشینی ئەنواریتە سەربازەکەو ئەڵێ:-

سپاست ئەکەم سەربازی دانا

چاك بو هەلاتی زو چەکت دانا

پرسیت لەکاخی دەئاك و سوپا

کاخ روخا، هێزی شکا سەراپا

دەئاکیان کوشتو راکێشرا بە پیل

خاوو خێزانی گشت گیران بەدیل

لەجەنگێك کە شیر بۆ گیان وە ئاگر

لەچاو ئەو دوزەخ باغێکە دل گر

جەنگ بەدیتن و دۆزەخ بەبیستن

کەی وەکو یێکە بێستنو دێتن؟!

گەلی جەنگم دی نەم دی وەك ئەمجار

توندبی وا بەهێز لێك بکرێ کوشتار

لە لێك دانی شیر، لەرێژنەیی تیر

لیژنەی کوژراو بو لەجوانو لە پیر

شیری مە پولای کون ئەکرد جاران

ترسی ئەخستە وولاتو شاران

ئێستێکی نابری موی سەری کیژان

هێرشیان ئەینا بە بەرد بەقیژان

ئەو سوپای جاران گێتی کرد بو گێژ

شکاو بۆ دیل بون دەستی کرد درێژ

کە دەئاك کوژرا کاخ نەیما گری

بۆ ئازاد بەردان گشت گەل کەوتەری

زیندان دۆزراوە، ئازاد هینرا گۆر

لەرو بێ هێزبو وەك مردوی ناو گۆر
دیمەنی لەدلان شوێنی کرد یەکجار
بو تولەساندن گشت کەوتنە هاوار
گرتیان سالاری پاسەوان دل رەق
رەنگ زەرد لەترسان چاوی ببو زەق!
ئەی گوت بی سوچم گیرابوم بەکری
حەق نیە بی دادیم لەگەڵ دا بکری
ئازاد کە مەی بیست روی کردە سالار
گوتی پێم گوتی لەروی شای بەدکار
رۆژێك دی ژمارە لەگەلتا ئەکری
نەڵێ ی پیاوێك بوم گیرابوم بەکری
ئازاد هەر هەندە ئەم ووشەی کە گۆ
سەری سالاری لەگۆر بو بەگۆ
گشت هاواریان کرد، پاداشی دوو روو
وا ئەدریتەوە درەنگ بی یا زوو
گەردون چی بوێ ئەی کاو بێ باکە
کەواتە باشی و کردەی چاك چاکە
ئازاری سالار بۆ ئازادەی ژیر
مندال بیبی ترس ئەیکاتن پیر
جاری دا سالار لە کوچەو بازار
کاتی سوتاندنی ئازادە ئەمجار
بەفەرمانی شا لەسەرتای بەهار
ئەسوتیندری ئازادی رێ خوار
پێ ویستە گەل بێ، بەووردو درشت
بدینن دوایی پیاوی بەد سورشت
گەل هەر لەم رۆژە بو رمانی زۆردار

بۆ سەرکاخ، سوپا، هێنای پەلامار
گرتی کاخەکەی، شکاندی سوپای
ئازاردەری گرت راکێشرا بەپای
دەستەی زۆرداری دەئاکی بەدخو
گیران هەمویان، موبید و کەندرو
هەڵگری ئالا کاوەکەی ناودار
چەکوچی لە دەئاك داو هێنایە خوار
پاشان لاشەیان لەهێستری رەهوان
بەستران بکێشرین لەشەقام، کولان
بەم کارە گشت گەل زامیان بو سارێژ
لەم پیرۆزیەدا بۆ خوایان کرد نوێژ
ئیمرو فەرمانو بریاری گەلە
خوین مژیان نەهێشت بۆ هەژار هەلە
لەشار، ئاوایی بیکەن بەجێژن
لە نۆکەریەتی دەرباز بوین بێژن
(سەرباز هەلدەستی گوێ کلور ئەکا دەنگە دەنگی گەل هەتا دێت بولای شوێنەکەی وان نێزێك ئەبتەوەو ئەڵێت):-

**<u>سەرباز:-</u>**

به ئاوازی خۆش بەبانگی پیرۆز
گەل بو ئێرەدی گەورەکەی دل سۆز
با هەلێین هەتا نەیگرتووین گەل
دەنا ئەکوژرین تەن ئەکرین پەل پەل

**<u>سەر لەشکر لاس:</u>** هەلدەستی چوار لای خۆی ئەنوری و ئەڵێ:-

قەت رام نەکردوە لەترسی گیانم
لەرێ مەردی دا نەمویستوە ژیان
هەرچی کردومە لەرێ بەرزی شا

گەلمی جدەو کرد، شانی داروشا
پەرۆش بۆ رەنجو بو تەلاشی خۆم
سزای نەفرینی گەلم وا ئەرۆم
باشە با بروین بەرووی پرر بەشەرم
بە هەناسەی سارد، چاو بە ئەشکی گەرم
**( پەردە دێتە خوارەوە )**

## داستانی هەشتەم

## ( پەردەی ـ ١ )

**کاوە، فەریدون، شالیار ئازاد، شالیار کەرمایل، شالیار ئەرمایل، شازادە شەهرناز، شازادە ئەرنەواز، پیرۆز، فەیرۆز، پەروێز، هۆشەنگ، پەشەنگ، بێژەن، فەرهاد، سیامەند.**

**کـــاوە:** ئـالای شۆرشــی هــەر بەدەســتەوەیە لەخۆشــیان هــەمو لەشــی ئەلــەرزی، بەرەنگێکی بەرزو قەبە دەست بەووتار ئەکا:ـ
زۆردار بەزۆری چۆن بکەوتە رێ
گەل ئەیخاو لەشی ئەکا بەرێ رێ
ناکۆکی ناوخو، ئێمەی کرد بێ دەنگ
لەزۆردار، بێ ترس کەلێ مەی دا چەنگ
بەیێکی و رێکی دەرکرا زۆردار
کوژراو پان کرا سەری وەکو مار
کێ بیری ئەکرد وا بە ئاسانی
زۆردار بکوژری خوی و کەسانی!
کێ بیری ئەکرد، سوپاو هەم دەزگای
وا زوو بشکێندری چۆل بکری جێگای؟
کێ بیری ئەکرد، زۆرداری دوژمن
وا هەلئەکێشری بەرگەوە لەبن؟
کێ بیری ئەکرد، مێشك خۆری گەل
مێشکی بپرژی، لەشی بیخوا قەل

کێ بیری ئەکرد، خودای سەر زەمین
بەلاشەی ئەکری گاڵتەو پێ کەنین؟
کێ بیری ئەکرد زۆرداری نەبەرد
منداڵ لاشەکەی ئەدەنە بەربەرد!
کێ بیری ئەکرد، زۆرداری خوێن ڕێژ
هەڵدەئاوسری لاشەی سەرەو لێژ!
هێزی گەلە گەل، زۆردار داگری
بیکوژێ و لاشەی بەردا ئاگری
هێزی گەلە گەل، هەر وەك دەستاری
زۆردارو بەدخوای وورد وورد بهاری
هێزی گەلە گەل، کە کردی نیاز
لەزۆردار، خوێن مژ هیچ ناداتن باز
هێزی گەلە گەل، هەر وەکو لافاو
ڕای ماڵی کۆشکی، زۆرداری گلاو
هێزی گەلە گەل، بگری کوێ زۆردار
ڕایکێشی بو دەر، لەتەخت بینتەخوار
هێزی گەلە گەل، بەتێنی بازو
زۆردار بخاتو بیبەستی وا زوو
هێزی گەلە گەل، گێتی ئەکا چاك
ئەکا بژاری ناپاکان لە پاك
خێزان نەمابو نەکری پرسەدار
بو کوری گیرای یا کرابی بەدار!
خێزان نەمابو نەکرابی ڕەش پۆش
بو کوری کوژرای نەبوبی بێ هۆش
خێزان نەمابو مەرگ نە خوازی
لەژیان کە زۆردار پێ ئەکرد وازی
هەمو کەس دلی لەتێنی ستەم

تاوی گرتبو، چاوی ئەی کرد تەم
لەدەستی زۆردار هەر کەس بو تەنگاو
دلی هاتبوە جۆش چاوی ئەی کرد ئاو
بەهەر نرخیك بی ئەی ویست بیّ دەرباز
رابونی لەرووی زۆردار کردبو نیاز
بوکاتی رابون دل کەوتبونە جۆش
یەکێکی ئەویست بیانخاتە خرۆش
خوا کردی هەستام لەتاوی جەرگم
لەپێناوی گەل دابنێم مەرگم
سوپاس هەر هەندە بانگم دا بەتاو
بۆ جەنگی زۆردار گشت کەس هات بەتاو
هەمو گیانیان بەخت کرد لەجەنگ
زۆردارو تەختیان هێنایە ژێر چەنگ
رۆژی ئازادمان لەدەستی زۆردار
ریّ کەوتی رۆژی یەکەمی بەهار
ئەم رۆژە بۆ گەل، بۆ رووی زەمین
رۆژێکی نویّ یە بیتە جێژنەی ژین
رۆژی ئازادە ناوم نا (نەورۆز)
کورد هەر ساڵ بیکا بە جەژنی پیرۆز
لەم رۆژە گشتیان بەدل بکەن یاد
لەکوژراوانی نەمری ریّ ئازاد
**فەرەیدون:** روو ئەکاتە کاوە و ئەلیّ:
سوپاس بو خاکو رۆژو باو ئاور
خوای رسکێنەرمان لەمەی دا ئاور
رزگاربوین لەدەست زۆرداری بەبر
ئەیدا بۆ سەرو سامانی گەل پرر

بێ ترس کوشتنو گرتنو بەدار
کردنی لاوانی، لاخۆش بو یەکجار
سالەها گەلمان بۆ رێ سەربەستی
گیان ئەبەخشی و کەمەر ئەبەستی
وا سوپاس ئێستا رەنجی هاتەبەر
کەوتە سەربەستیو ئازادی یەك سەر
بۆ پاراستنی ئەم پیرۆزیەی گەل
پێرەوێك دانین زۆردار کا بێ هەل
هەرکەس لەرەنجو بەری ئارەقەی
بخواو لەگەل یەك هیچ نەکەن چەقەی
بۆ ئەم ئامانجەو پاداشی کاوە
کاوە ببتەشا بریارم داوە
لەم بریارەی من هەر کەس بەسەربەست
باووری دەرخاو چۆن پێ ی ئەکا هەست
**شالیار ئازاد:** بەدەنگێکی نزم ئەلێ:
بەسەرکەوتنی گەل بۆ خوا کەین نوێژ
بەم سەرکەوتنە گشت زام بو سارێژ
زنجیرو کۆتو بەندی گرانم
لەرێ گەل کە دیم بەچی نازانم
لەرەنج دان بو گەل کێ بی وێ پاداش
خۆبینە، تەنی وورد بیتن خەراش
رێ راستیم دەرخست لەرووی شا دەئاك
بەم رییەدا بروین رێگای راستەو چاك
پەسندی ئەکەم چ بلێ فەرەیدون
روولەی تری وەك وی نەی ناوە گەردون
بەرەنجو بەگەنج بێ دەنگ وەکو هەنگ

چل ساله ئەکا لەگەل زۆردار جەنگ

لەگرری دەرونی ئازانە کاوە

ئێمەی دەربازکرد شای نا بەلاوە

کاوە ئازایەو بەهێزەو هۆش دار

شاهی نەمینی ببتەسەر کۆمار

کۆمار هی گەلە کەس نایکا داگیر

وەك شاهی نیە شا خۆی لێ کا گیر

**شالیار کەرمایل:**

پەسندی ئەکەم پێش نیاری ئازاد

بەسەر کوماری کاوەی نە دلشاد

ئەی زۆرداربێ و لەگەل بێ باکە

دەئاك هاتنەخوار پەندێکی چاکە

**شالیار ئەرمایل:**

پێش نیاری ئازاد پەسند ئەکەم چاك

کاوەی سەر کۆمار بۆ گشت ببتە کاك

هەر کەسی لادا لەراستیو لەداد

وەك دەئاك گشت گەل لێ ی دیتە فەریاد

**فەیرۆز:**

لەدل خۆشی خۆم نازانم چ بلێم

وەختە بال بگرم ئاسمان کەم بەجێم

لە ووشە دەرچوین، دیارکەوت کردار

خوێن مژی گەلمان لە تەخت هینا خوار

هەندێ لە برایان بەستبویان پەیمان

کە زۆردار نەما جۆت بن بۆ ژیان

خوشکە پیرۆزو برا سیامەند

بەژوانێك هەر دو بەیەك ببون بەند

خەبات و رەنجو دەردی یا پیرۆز
میری دل رەقی بۆ ئەبوە دڵسۆز
ئازایی سیامەند لەهەرجی بو باس
هێزی دەئاکی چون دابوە بەر داس
لەگەل دانانی فەرمان رەوای کار
بو جوت کردنیان ئەکەم پێش نیار
بەزمی ئازادبو سیام و پیرۆز
لێك جیا نەکرین لەم رۆژەی نەورۆز
فەرموتان کاوە ببتە سەر کومار
باشە با ببی ئەومەی کرد رزگار

**پەرویز:**

جەژنەی ئازادیە لەگشت شارودی
شای یەو گۆرانی و زورنا دەنگی دی
کاوەی سەر کومار، سیام پیرۆز
بەزمیان بو بکرێ لەم رۆژە نەورۆز

**هۆشەنگ:**

زەمین ئیمروکەی جەژنەی بەهارە
گەلیس لەزۆردار ئیمرۆ رزگارە
بو کاوەی ئازاو سیام و پیرۆز
بەزمێك بگێرین بەخۆشیو دڵسۆز

**پەشەنگ:**

بێگانەی زۆردار گێتی پانو خۆش
لە ئێمەی کردبوە گۆرێکی سەرپۆش
بەهێزی گەلو لاوانی گیان بەخت
زۆردار رمانرا، گێتی کرا تەخت
لەرێ ئازادی گەر خوێن نەرێژی
نیشتمان ئەروا گەل غەم ئەچێژی

ئەو خوێنەی رشتمان گوڵی پێ روا
گوڵی ئازادیو سەربەستی و هیوا
لە گێتی ئازاد هەڵکێشین پشو
کاوەی سەر کۆمار پیرۆزدا بەشو

**بیژەن:**

زۆردار بەتوندی چەن درێژکا پەل
پیل کێشی ئەکاو فرێ ئەدا گەل
زنجیرو کوتو زیندانو ئازار
پسا، شکێندرا، روخا بە یەکجار
بۆ سەر کۆمار و پیرۆزو سیام
گەل بەزمێك بکا گشت گەیشت بەکام

**فەرهاد:**

سوپاس دەرباز بوین لەژێر دەستی بەد
کەوتینە خۆشی، نەما رەنجو دەرد
لەجەژنی نەورۆز، بەزمەکەی کاوە
شایی سیامەند مەخەن بەدواوە

**شازادە شەهرناز:**

ئوخەی دەربازبوین لەدەردو ئازار
لە ئەهریمەنی دەئاکی خوێن خوار

**شازادە ئەرنەواز:**

سوپاس رزگاربوین لە شای شان بەمار
لە ئازارو رەنج، ژینی سەنگەسار

**سیامەند:**

نازانم چ بلێم لەگوتنی سوپاس
بۆ ئێوە برایان، کەوام ئەکەن باس
ژیان بۆ ئێوە لەخوا ئەخوازم
کەوا لەهەر لا گەییم بەنیازم

**کاوە:**

سوپاستان ئەکەم برایانی مەرد
بژین بەخۆشی دلتان نەگری گەرد
من هەلئەبژێرن بو سەر کۆماری
رەوای ئەمەش نیم زل بم یەکجاری
نامەوی پاداش، پایەو مانگانە
ئەو ژینەم ئەوی رەنجی شانە
خۆم بەکورەکەم، بە چا کوچ، دەسگام
لەدوکان ئیش کەم وا ئەزانم شام
هەر کەس بە ئیشی خۆی بێتە گۆری
خزمەتی گەل کاو خۆی لێ نەگۆری
ئاسینگر نوسەر، کێلەر، جەنگاوەر
بەپێ زانینیان ئیش بگرنە بەر
هەر کەس بەم جۆرە لەرێگای بەرزی
گەلی ئیش بکاو دلی نەلەرزی
لەبەد کارانو خوێن مژو زۆردار
رووین ئەمانە، نایینەوە کار
لەنێو گەل نەبوە کەس وەك فەریدون
سالەها جەنگ کا بەبێ چەندو چون
کەس نیە لەشارو لەدێیو ناوچیا
نەلین ئازایی ئەو جیاجیا
ئەو سەر کوماریەی پێ تان دابوم باش
سوپاس وا بەخشیم بو ئەو بێ پاداش
دل پاك، ئازایە، چاو تێر و مەردە
نەژاد خاوێنە بەراستی کوردە
ئەم ئیشە ئیشی ئەوە بەراستی
لام وایە لاتان باشە، بەدروستی

**کۆمەڵ:** بەیەك دەنگ

پەسندی ئەکەین گشتمان بەیەك جار
فەرەیدونی مەرد ببتەسەر کۆمار

**کاوە:**

ئیمرۆ کە جەژنە، جەژنی نەورۆزە
جەژنی ئازادبو شایی پیرۆزە

**فەرەیدون:**

سوپاستان ئەکەم برایانی کار
لەمەی کەمنتان کرد بەسەر کۆمار
ئالاکەی شۆرش بۆمانی یادی
ببتە نیشانەی شۆرشی ئازادی
بە بەردی بەنرخ، بەیاقوت، ئەلماس
جوانی بکەین گێتی بیکا باس
یەك لەدووایی یەك تا ماوە نەژاد
بەیەك بسپێری و پێشین بکا یاد
بومانی ناوو مەرداتی کاوە
ئالاکەم ناونا بە (درەوشی کاوە)
هەر وەکو کاوە لەپێش چونە جەنگ
ئەلێم وەك گوتی کە گرتی بە چەنگ
ئەیکەمە ئالای شۆرش لەزۆردار
نیشانەی کوردبی بو رۆژی رزگار
ئیمروکە جەژنە، جەژنی نەورۆزبی
جەژنی ئازادی و شایی پیرۆزبی

**( پەردە دێتەخواری )**

**( دوایی هات )**

# ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات

عەبدولرەزاق محەمەد

## مردنی ئاوات

شوێن: گوندێکی جوانی ناو دولیکی بنار شاخە، لەیەك لە ناوچەکانی کوردستان.

کات: ساڵی هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانە، ئەو شەڕەی بەناوی (سەفەربەرەوە) وەکو دێوێکی ترسناك کەوتە وێزەی گیانی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دواکەوتوو، مەستو، خەوالووی نەزانین و پڕوپووچ. بەتایبەتی میللەتی کوردی نەبەزی، هەمە مەیدان دیتوو، خاراوی ئازار و چەرمەسەری ژیان!

خاکی جوان و پیرۆزی کوردستان کە وەختە بڵێم لە هەموو نەتەوەیەك زیاتر ئەم کوردە ئەیپەرستێ و حەز بە هەموو شت ئەکا بە دوورکەوتنەوە نەبێ لێی. ئەم خاکە شاخاوییە جوانە کەوتە بەر پێ خوستی پێ چڵکنەکانی جەندرمەی (تورکی) خوێن ڕێژ و کەللە پفدراوی ئاورەنگی درو ئەفسانەی پووچ.. مێژووی دیلیەتییەکی تاریك چادری لێ هەڵدا کورد گەورەترین کۆست و دەردەسەری بینی.. لە مناڵەوە تا پیری ڕیش سپی بە (ڕەشبگیر) ئەگیران، بە دەست بەستراوی بە گوریس، ڕەوانەی مەیدانی ئاگراوی جەنگ ئەکران.

برسیەتی و گرانی وەکو شەپۆلی دەریایەکی هەڵچوو ڕووی ئەکردە گوندو شارە بچووکە بەستە زمانەکانی کوردستان، شان بەشانی بەفرو سەرمای زستان خەڵکەکە، بەپیری دەست بە دارو منداڵی شیرە خۆرەو ئافرەتی زگ هەڵاوساوی ڕەنگ و ڕوو زەردەوە ئەتاساند.. گۆشتی سەگ و کتك و دانوکەی لۆکە، چەنگ هەموو کەس نەئەکەوت، ئەمە بێجگە لە شاڵاوی دەردی تاعوون و شانەوەو دەستدرێژی و جەردەیی جەندرمەکان کە هەر لەم ساڵانەدا گەلێ شاریان (چۆڵ و هۆڵ) وەك زگی خورین بەجێ ئەهێشت.

کوردستانی داماو، سەرسووڕماوانە لە سەرەڕێی ئەم مێژووە شوومە وەستاوە، پەیتا پەیتا زەنگی ڕەزا قورسی شەڕ دەنگە ناسازە ترسناکەکەی بڵاو ئەبێتەوەو هەڕەشە و بانگی مردن بە گوێی خەڵکا ئەگەیەنێ..

لەم کاتەدا کە هەر کوڕەو خواحافیزی لە دایك و خوشك و زارۆڵەکانی ئەکات و هەر دڵدارە لە دولبەرەکەی جودا ئەبێتەوە، دڵدارییەك تازە بەتین و گڕی بەرزتر ئەبێتەوە و ڕووناکییەکەی شەڕە لووت لەگەڵ تاریکی ئەکات.. ئەمە دڵداری پاکی دڵی (کورد و یەکە ئۆمەرە) لەگەڵ ئەسمەر کە (ئاوات)یەتی..

چونکە وەکو ئەڵێن دڵداری کات و دەور نازانێ ! !

(ئۆمەر) کە (یاخی) بووە لە تورکەکان و یەکێکە لەزۆر ڕۆڵەکانی ئەو سەردەمە کە خۆیان بەردەست نەئەدا تا ڕەوانەی کوڕی شەڕیکرین. تورکەکان کون بە کون بە شوێنیانا ئەگەڕان و دنیایان لێ ئەپشکنینەوە.

ئۆمەر چیا نشینە، مەگەر بە شەو یان بۆ چەند ساتێك بە ڕۆژ بێتەوە ئاوایی و چاوێکی بە دایك و خۆشەویستەکەی بکەوێت..

ئۆمەر بە هەموو جۆرێك نایەوێ خۆی بەردەست بدات و پشتی بە دەست و بازوو پیلکەی تفەنگەکەیەوە بەستووە، بەڵام سەیر ئەوەیە کە (ئەسمەر) بە پێچەوانەی ئەوەوە حەز ئەکا کۆتایی بەم ژیانە ناڕەحەتە بێنێ، وەکو وابزانێ بەخۆ بەدەستەوە دانی ئۆمەر (ئیشەکە) چاك ئەبێ.

هەر چۆنێك بێت با بچین بۆ گوندەکەیان و سەیرێکی ئەم دڵدارییە بکەین:

## بەشی یەکەم

**دیمەن:** کەپرێك. لایەکی دیوارێکی بەردین لایەکی تری دیوارێکی چڕو گەڵای دارە.

لەناوەڕاستا دیمەنی کەژێکی جوان و نزیکە.

**ئۆمەر:** ئای لە شادی

هەر دوێنێ بوو، منالێك بووم

لە ئاوایی

لە دەشت و سەر ئەم گردانە، لەقەد چیا

هەڵ ئەبەزیم، بازدم ئەدا،

چەند کەروێشکم ڕائەپەڕان

بەسەر دار مازوو دار قەزوان

هەڵ ئەگەڕام، بێچووە مەلم دەرئەهێنا
لە هێلانە،
ئای لە ڕابردووی ڕەنگی ئەم ڕۆژانە!
بەسەر جێگای (تەلەزگە)دا ئەڕۆیشتم
خۆم هەڵ ئەواسی بە لقی دار بەڕووی زل
کە ئەکەوتم دائەڕووشا، زۆر جێی پشتم
بێ ئەوە ئازار بچێژم،
منالێك بووم، بێ فام، بێ دڵ..
بەڵام ئەمڕۆ چەند گوشاد و بەختیارم
یەکێ هەیە خۆشی بوێم، دڵم لای بێ
پڕ بە دڵ بۆی بڕوانم، هەر نیگایی
خۆشی عەشق و گڕی جوانی و سەودای بێ

**ئەسمەر:**

نازانم بۆچی (ئۆمەر) گیان
لەناو گەنجی دێیەکەمان
تەنها تۆ دەروون پڕ ئەکەی لە مانگەشەو
تۆ ئەبینم: لە پیاوەتی سوارچاکەکان،
لە ڕەنجدانی جوتیارەکان.
تۆ ئەبینم لە گرمەی پڵنگ، لە چوستی کەو
چۆن دڵت پڕ کردم لە ڕوونی مانگەشەو؟
چۆن ڕێی کانی و ناو وەردەکان
گشت ڕێگەو بان
پڕ لە بۆنی تۆ بوون ئەی ئۆمەر گیان

**ئۆمەر:**

لە کاتێکا لە کەژ دارم ئەشەقاند
یا بۆ جووت دارئەندو کەم رائەوەشاند

لە کاتی (کێڵان) و ئیشی بەرهەتاو
دڵم ئەبوو بە بەهاری پڕ لە گوڵ
دەمم ئەکەوتە سەر گۆرانی بولبول:
کام گۆرانی؟ گۆرانی (جوانەکانمان)
کە ئەوانیش سەردەمی ـ وەکو ئێمە ـ
شادی و ئاخی دەروونیان هەڵڕشتووە
لەناو بەستە و لە لاوك و لە حەیران.
کە گۆرانیم ئەووت چەن دڵ بە داخ بووم
بولبولێك بووم، چاوەڕوانی ناسینی
گوڵەباخ بووم،
خۆزگەم ئەخواست بۆ دولبەرێك، نازدارێك
بۆ گوشینی ماچینی جاروبارێك
وا ئەستێرەی خۆم لە ئاسمانی بەختا
دۆزیەوە، بەجارێك.
.. با لەسەر بەزمی خۆمان ڕایبوێرین
با مەینەتی بۆ چەند ساتێك لەبیر کەین
بۆ دوا سنووری زەمینی بنێرین،
بە بەزم و خرۆش و جۆشی دلْداری
بێ با بنۆشین شەڕابی دلْداری .
... چۆن (گواندینی) مانگا و بزن ئەدۆشین
یا هێشوە ترێ هەنگوینییەکان چۆن ئەگوشین
ئاوا، فڕ کەین شەڕاب پیاڵە دوای پیاڵە
بە پیاڵەی پەری نەرگز و گوڵاڵە .
تا ئەلەرێتەوە ئاوازی شمشاڵ
تا ئێوارە بەڕێ ئەکەین، تا زەردە
بار ئەکا لەم بنار شاخ و ئەم هەردە

تا ئەستێرەکا ئەکەونە گڕو گاڵ

فێنك فێنك، گیا ئەلەرزێ بە شەماڵ

ئەودەم لە باوەشی خۆتا ئەتنێژم

تێر سۆز و خۆشەویستیت بۆ ئەڕێژم

(لە دوورەوە کوڕێك هاوار ئەکا ـ کە ئەم هاوارە نیشانەی هاتنی جەندرمەکانە).

**دەنگەکە:**

گورگە. واهات. گورگە. گورگە

**دەنگەکە:**

(بە شپرزەیی و تێك ئالآویەوە)

هەیها. هەیها. گورگە. گورگە

**دەنگی دێیەکە:**

گورگە. واهات .

**ئەسمەر:**

گورگە؟

**ئەسمەر:**

گورگە، شێوەو ڕەزای گرانی

ئێستە کێ بە ئێمەی زانی

لەم کاتە بۆ ئێمەی هانی؟!

**ئۆمەر:**

((گورگی بەدە)) هاوار کرا

شایی دێمان کۆتا کرا .

**ئۆمەر:**

گولزار، گەر، قەدەغەکرابێ

گوایا ڕێگەی هوزار نابێ؟

لە جیهانا هیچ شت، هیچ هێز، هیچ گیانلەبەر

ترس ناهاونە ناو دڵی

نەبەزی دڵدار و دولبەر .
لێکتر جیا ناکەنەوە،
گیان و دڵ و هیوای ئۆمەر
لەهی ئەسمەر ..
**ئەسمەر:**
لەهی ئەسمەر.. لەهی ئۆمەر..
(بەیان) هات ئەی ئەستێرەکان
یارانی دەست گری شایی
دەستیان بەردا
بەجێ بێڵێن ـ تا شەو ـ ئاسمان!
**ئۆمەر:**
دەمم لە شیلەی نازەکەت
هەڵناگرم..
وێنەی هەنگی برسی قەد شاخ
تا گوڵاوی وەك خەندەکەت
مابێ، لە ناخی گوڵەباخ
ئاخ! نا.. دەستم هەڵناگرم..
با ئەندامت بڵێ: دۆزەخم.. ئاگر
کە هەر ئەمرم بۆ لە باوەشتا نەمرم!
**ئەسمەر:**
(بە ترسانەوە)
ئۆمەر!!
کاتی هێرشی کوێرانەی جاندارانە
لەم گوندە دەست هەڵناگرن
چەن جارە گوللە بارانە
کاتێ کە ئێوە ناگرن.

دەنگی ئاوایی:
گورگە، واهات. ڕاستە گورگە.
**ئەسمەر:**
نەبڕایەوە هێرش بردن
لەژێر ترسا گیان تۆقاندن،
(بە شێواوییەوە)
ئۆمەر، چاری
کەی دڵداری لەژێر لووتی ترس و لەرزا
پشکووتوە؟
تا کەی زەردەخەنەی لێومان زەرد هەڵگەڕێ
کەی وابووە؟
کەی ئەمە شادی و ئارام و دڵدارییە؟
**ئۆمەر:**
(بە دڵدانەوە)
هەیڕۆ ئەسمەر!
**ئەسمەر:**
گیانی ئەسمەر،
پیشەو کارم، هەر زارییە
کە شەو بە تەنیا ڕائەکشێم
گڕی مۆمم سەما بە تاریکی ئەکا
لێکدانەوەو کەلکەلەی سەر.
تا سەر ،
دوور نابێتەوە لێم
بە چوار دەستان، چوار بازووی ڕەق
لاشەی تۆ دێنن بۆ سەر جێم
منیش لاشەت بە فرمێسک ئەڕشێنم

کاتێ، ئەزانم، وا ئەگریم، ئەناڵێنم

لێم ئەپرسن: بۆچی ئەگری؟

ڕائەمێنم..

وا چەن شەوە، خەوم تا بڵێی ئاڵۆزە

گێژی کردووم

بۆ لای زۆر چووم

ئەڵێن: ڕاستی ئەم خەونانە

مەرگەساتی ئازیزانە.. (ئەگری)

**ئاوایی:**

(دەنگە دەنگ و غەلبە غەلب)

**ئۆمەر:**

بۆ ئەشێوێیت؟

من با باڵای تۆم پێ ببڕێت

لە باوەشی نەرمی تۆ بم،

با ئەوکات گوللەی جانداران

سەد جار بم کات بەردە باران

با خوێنی گەشم بڕژێنێت

گڕی عەشقی پێ نامرێت:

گڕی عەشقی دڵی هەژار،

خوێنی سوورم

((چیرۆکی پاکی دلداری))

ئەنەخشێنی لە کوڕی وەفاو یادیگار

**ئەسمەر:**

بێ گومانم لە دلداریت

لە ئازایی و وەفاداریت.

شەرت بێ پەنجەم بە خەنە سوور نەکەم

بۆ کەس،
پاش تۆ دۆست و داخوازی کەرم
مەرگ بێ و بەس.
شەرت ئەم مەمکانە بێتە
گەنجینەی شا،
هیچ کەسێ دەسی پێ نەگا.
ئەم پێیانە، خوایە، ئەگەر ئەکەونە
ڕەوت
بۆ هیچ کەسێ، نەبینم هیچ دەمی سرەوت!
بەڵێن و پەیمان ئەبەستم بە مووی پەرچەم
بە (وەفا) گوڵاو داری ئەکەم
بە تین ئەبێ و ناشکێ بە وێنەی دڵسۆزیت
وەکو ڕاستی خۆشەویستیت.

**ئۆمەر:**

ئینجا، چاری..
چاوی ڕەشت مەتروکێنە
ئەو ئاگرەی لە پێشتایە
ترسی خۆتی لێ بشکێنە
تۆ مەردێکی، سەد ئەوەندەت
لە بارایە.

**ئۆمەر:**

جێت ناهێڵم

**ئەسمەر:**

ئەدی چاری

**دەنگی ئاوایی:**

ئەها! ئەها! کوڕانی دێ

هاوار ئاگاتان لەخۆ بێ

(لە دیوی پەردەوە گوێمان لە هەرا هەرایەکی بەتین ئەبێت، ناو ناوەیش دەنگی تفەنگ)

**دەنگێك (کە هی جاندارەکانە):**

تەق. تەق. تەق، ئەی خەڵکی دێ

یاخی ئەبن؟!

**ئەسمەر:**

بڕۆ. ڕاکە، گوێت لە دەنگە، ژن و پیاو

هاوار ئەکەن، بۆ ئێوەیە.. ڕاکە جارێ..

ڕاکە.. ڕاکە.. بەتاو

**ئۆمەر:**

جێت ناهێڵم

**ئەسمەر:**

بڕۆ ڕاکە

تا جارێ تر یەکمان ئەکاتەوە ژوان

(لەم پەلە پەلییەدا گوللەیەکی وێڵ لاسنگی ئۆمەر ئەپێکیت)

**ئۆمەر:**

(بە ڕەنگێکی زەرد هەڵگەڕاوەوە بەرە بەرە..)

بۆ جارێ تر؟ بۆ جارێ تر؟

چۆڵ کەن مەیدان؟

(بە قینەوە)

بم بە بێوەژنی ناو ماڵ؟

ئا، دەس کەمە تەشی ڕستن؟

لە چی بترسم من؟ لە کوشتن؟

وام ئەوەتام گوللەی دوژمن!!

**ئەسمەر:**

هەیڕۆ بمرم

کێ بوو کردی؟ هەیڕۆ هەیڕۆ،

**ئۆمەر:**

هەر کەسێ.. بێت.. هەیڕۆ.. بۆ کێ

بۆ کێ؟ هەی .. ڕۆ .. ڕۆ ڕ..ۆ.

((ئۆمەر بەدەم ئازاری برینەکەیەوە ئەکەوێت و ئەسمەر خۆی بەسەریا ئەکشێ بە لاوانەوەو ماچ کردنی.))

**( پەردە دائەکشێ )**

## بەشی دووەم

**دیمەن:** کۆلیتەکەی ماڵی ئۆمەرە پاش یەك مانگ لە برینداری ئۆمەر، ئۆمەر بە هەموو جۆر نایەوێ خۆی بەردەس جەندرمە خوێنرێژە تورکەکان بدات.

**ئۆمەر:**

دایە. بۆ ئەگری، توخوا بۆ؟

کاتی ئەوەم هات، بۆم بکەیت

((ڕۆ..ڕۆڵە ڕۆ؟.))

**دایکی:**

ڕۆڵەم نامری

بە گیان ئەت کڕمەوە لە مەرگ

بۆ کەوتە یادت بیری مەرگ

ڕۆڵەی ئازام، ڕۆڵەی بە جەرگ؟

**ئۆمەر:**

دایە، زۆر بەهیوای ژیانم

بەڵام مەرگ، مەرگی دزیو
هەرسات خۆی ئەدا نیشانم
چنگی گیر کردووە لە گیانم
لە دڵ، لە ئاواتەکانم..
منێکی وا: نەخۆشی جێ
برینی گوللەی بێتەوە سوێ
مردن، میوانی ماڵی بێت
ئەبێ ئاواتەکەی چی بێت..
دایە، ئەمرم. با هەر بمرم
بەڵام ئاواتی ڕووناکم
لەگەڵ خۆم بۆ گۆڕ هەڵناگرم
- بۆیێ شادم - کاتێ ئەڕوانمە ڕۆژهەڵات
دوایی کاتی ڕۆژئاوابوون
ئەڕوانمە شەوی کش و مات..

**دایك:**

ڕۆڵەم ئۆمەر،
تۆ بووی پڵنگی ئاوایی
نەخۆشی.. ئازار! ئەتوانێ؟
بتترسێنێ بە بەندو باوی خۆڕایی

**ئۆمەر:**

نا. دا! ژیان بەبێ ئازار
وەك گوڵێکە بێ بۆنی خۆش
ساڵە بێ زستان و بەهار
ئازار، گیانمان ئەنەخشێنێ
بۆ بەردەم ((باوەڕمان)) دێنێ
بەڵام ترسی هەرە گەورەم

من بژیم.. بمری ئاواتم
نامەوێ (تورکان) بم گرن، بم کەن بە دیل
بکەوم بێ چارە و زەلیل
با هەر ئاوا وێڵ بم.. سەربەست، سەر بڵند بم
وەك ئەم شاخە سەربەستانە
نەکو بەند بم.
وڵاتمان ئەبێ سەربەست بێ و هەر سەربەستە
کۆتی دیلی هەڵناگرێ
دارستانمان، کێڵگە و ڕەز و باخی جوانمان
هەریەك بۆ سەربەستی مەستە،
بۆچی من لە تۆ دابڕن؟
**دایك:**
خوا بکەم، ((کوێرایی لێ)) دایی
ئەوەی دیلی تۆی هیوایە..
منی کەساس، هەر تۆم هەیە،
تۆم پێگەیاند، بۆ ژین و مان
نەك بۆ گوللەی پیسی زۆردار
یا بۆ دیلی تورکی خوێنخوار.
تۆم پێگەیاندووە بۆ خۆم
بۆ ئەوە ((گەر)) بەرت بخۆم
تەمەنم لە دەورت گەڕێ
خوا شەیتانت نەنێرێتە ڕێ،
شوکر.. یەزدان
- یەزدانی دووری ئاسمان -
ئەم جارەش ڕۆڵەت نەکوشتم
حەزت نەکرد کوێر کەیتەوە، ڕەچەڵەکم و نەوەو پشتم!

خوایە، ڕۆڵەم لێ نەمرێنی
ئەوەی گوللەی نا بە سنگی و
ویستی بە ناحەق بیمرێنێ
ئەتۆ بە ناحەق بیمرێنی..
خوایە.. خۆ چاوت ئەبینێ و من ئەبینی!

**ئۆمەر:**

ئای.. دایە هێزم نەماوە،
وەڕز بووم لەسەر جێ خەوتن
هەڵ ئەستم

**دایك:**

هەی بە قوربانت بێ گیانی من
دە هەستە، بۆ کەمێك ماوە
بای لاقی خۆت بدەو بڕۆ
با هێزێکت بێتەوە بەر
باوکە ئۆمەر.

**ئۆمەر:**

(هەڵ ئەستێ)
ئای! ژیانمان چەند تاڵ ئەکەن!
ئەیکەن بە ژار.
بە فرمێسك و خەم و ئازار
(خەپلە)ی ڕەشمان پێ ئەشێلن
وێرانگەی شووم،
کەندووی بەتاڵ، عەماری خورین
گۆڕستانمان بۆ جێ دێڵن!
دایە ئێوەش وا ژیاون،
لە دەردو ئازار ژەنراون؟!

**دایك:**

بۆ چە زەمانی خۆم هەڵگرت!
کە ترس و قین دنیای داگرت؟!
کوا بۆ ئەم تیکەی لە شیری گەرمی
بزنۆکەم ئەگوشی؟
ـ کە گەرم گەرم ئەم دۆشی ـ
نانم تێدا هەڵ ئەهێنجا،
شەکراو بوو!
ئەم کاتەی تەمەن بۆ کوێ چوو؟
کە مەشکە دۆی، پڕ سەر کەرەم ئەهەژان
بۆ شوانەکان
کەرەم ئەسوو لە ناسکە نان.
تاکە کچی بابی خۆم بووم، بەناز بووم
لە زۆر هەڵە، لە گازاندە دەرباز بووم
بەتایبەتی هەم بوو، بزنە مەرەزێ
بۆ لای نەئەچوو تەنانەت مەگەزێ
مووەکانیم ئەشوت، ئەم کرد بە شانە
هەم بوو تاقە مریشکێکی خنجیلانە
ڕۆڵەم گوێ بگرە.. ژیانمان وا خۆش بوو
وا بێ خەم بوو، نەك وەکو ئەم ژیانە

**ئۆمەر:**

ئێستاش برسیەتی سێبەری
دێتە بەرچاو
لێمان کەوتۆتە چاوە ڕاو.
خۆزیا، شەڕکردن نەبوایە
خۆزیا، برسیەتی نەبوایە

تاپۆی چنگی نەدەنا دڵ
خۆزیا هەڵنەئەوەری گوڵ
لە برسانا،
ئەو دەم خۆشە گوڵ بژاکێ
یان زەردە هەڵگەڕێ لەسەر چڵ
کە پڕشنگی خۆشەویستی.. ئاوی سۆز
بخنکێت لەناو چڵپاو و تاری و تۆز.
(ژنێکی دراوسێ دێتە ژوورەوە)

**ژنەکە:**

داخوا چۆنی.. هێزت نەهاتۆتەوە بەر

**ئۆمەر:**

پورێ.. هێزم تیا نامرێ

**ژنەکە:**

وا چاوەڕوانتە دەشت و دەر

**دایک:**

بۆ وا ئەڵێی؟ چە ڕوویداوە؟

**ژنەکە:**

چە ڕوو ئەدا؟
بۆ ما ئۆمەر
ناوجێ چۆڵ ناکا و بێتە دەر؟
بەڵکو لە گوند بچێتە دەر..
بۆ دوور بچێ.. بچێ بۆ دوور
چیتر، لێرە جێی نەماوە
زۆر خۆیان لێ مەلاس داوە (ڕووی تێ ئەکا)
بەهیوای چی لێرە ماوی؟
یا فەوتاوی، یا گیراوی

مخابنه. گەنجی وەك تۆ
ژیانی بڕوا بەفیڕۆ.

**ئۆمەر:**

ئەی چۆن بڕۆم؟
جەندرمەش ئابڕومان بەرێ
چەنگ لە دڵی ئێوە بنێ و
ئەوە خزمانی ئاوایی..
ئەوە دایکم.. ئەوە ئەسمەر.. هیوای دوایی!
ئەبێ نان و خۆشەویستی و دڵسۆزیمان
هەر دەس کەوێ
ـ بە خۆشی نا ! بە شەڕە سنگ !

**ژنەکە:**

یاخوا، قەت مەرگت نەبینین.. ڕۆڵەی پڵنگ !
دنیامان گێژنە و بایە
هەزار (دەڵێن)ی تێدایە..
ئەڵێن ئەسمەر بۆ کوڕی ئاغایە،
خۆیان بۆ ئەو هەڵگرتووە..
ئینجا گوایە دنیا، هەر ئەسمەری تیایە؟!

**ئۆمەر:**

قەت وا مەڵێ..
توخوا؟؟ توخوا ئەی ئەسمەر چی ئەڵێ
دڵدارییەکەمان چە ئەڵێ
ئاواییەکەمان چە ئەڵێ
یادی دڵسۆزان چە ئەڵێ..
(ناوچەوانی ئەخاتە سەر ناو لەپی)
لەجیاتی دەستی یەك بگرین

هەموو بەیەکەوە بمرین، ئەگەر ئەمرین !
(سەری بەرز ئەکاتەوە. بەداخەوە)
یا، لەسەر خێری بازوومان،
زەوی و زارمان، بۆ خۆ بژین.
چۆن ئەو دارانەی داندراون
گوایە دەستیان پێوە بگرین
لێمان ئەبن بە ماری مەرگ؟!
ئیمڕۆ وەختە بن بە دوژمن!؟
کە ئەبینن من گوڵێکم بۆ ڕواوە
بەڵام ئاخر کەی زانراوە
((مار حەزکا لە گوڵ بۆن کردن))
ئەی ئەسمەر چە ئەڵێ
بەڵێنی تا سەر چە ئەڵێ؟!

**دایك:**

منیش شتێکم زانی بوو،.
- قوربان باڵات بێ، خۆشی دڵ -
هەر بایەك بێ
ئەتوانێ هەڵپەڕێنێ گوڵ
کام گوڵ؟
با گوڵی پەرژینی باخی میر بێ
یا بە هەردوو تەلانی دێ !

**ئۆمەر:**

ئەمە نابێ..
ئەسمەر لەمن ناکرێ، هەرگیز
خۆ ئەگەر گیانم دانایی
چونکە ژیانم - بەبێ ئەسمەر - بەبێ ئاوات

بەسەریا دێت وشکی پاییز
ئەبێ بە لانەی کارەسات.
**دەنگێك:**
(لە پشت دەرگاوە)
پێش بارانەکە، جانداران
بە کش و ماتیەوە هاتوون
**ئۆمەر:**
ئەبێ ئەمەش پیلانێك بێت !
(دایکی ئەگری)
دایە گیان.. بۆ؟ ئەگری.. دایە بۆ؟
ئەترسیت؟ نا.. ناترسی دڵی تۆ
چاو دانانێم.. چۆن ژیاوم و ئاوا ئەژیم
چاو شۆڕ ناکەم
بۆ دوژمنی پیسی خەنیم
(خۆ گورج ئەکاتەوە. فیشەك ئەبەستێ و تفەنگ هەڵئەگرێ. دایکی ماچ ئەکا.. ئەڕوا)
**دایك:**
(بە تەنیاییەوە)
ئەبێ، ئەمە دوا گەڕی دونیا و زەمان بێ؟
ئەبێ ئەمە مردنمان بێت و
بۆ مەڕان
قڕان بێت و بۆ کشتوکاڵ وشکی و سووتان؟
ئەی هاوار لەم چەرخ و دەورە..
کوڕەکەم هەر لە تۆی ئەوێ پارێزگاری
ئەی خوای گەورە
(بەدەم گریانەوە ئەسمەر دێتە ژوورەوە)

**ئەسمەر:**

(پاش تاوێك.. بە هەشتاوییەوە)

ئۆمەر کوانێ؟ کوانێ ئۆمەر !

وا دیارە لێرە نەماوە

چون توانیویە بچێتە دەر !

بۆ پێم نالێیت (ڕوو لە دایکی ئۆمەر ئەکا)

کوانێ ئۆمەر؟..

نەگیراوە؟

وادیارە لێرە نەماوە..

دڵ داخورپاوو شێواو خۆم

لەکوێیت؟ ئەی دڵە گەورەکەی خۆم

لەکوێیت.. لەکوێ..

**ژنەکە:**

(بە تەوسەوە)

گاهێ بۆیان هەڵ ئەخەی باڵ

باڵێ وەك هەوری ڕۆخ سامال

بە شاپەرز، جوانی ئەپژێنێ، وەکو پەری

ـ هاوالی ڕووناکی و جوانی

میهرەبانی ـ

ئێستا، خۆیان لێ ئەگۆڕێ

بە دیمەنێك، نا شایستە

کەی ئەمە کار و نەریتی خۆشەویستە؟!

**ئەسمەر:**

(بە سەرسامییەوە)

لێت تێناگەم.. هەرچی ئەڵێی بە ئەستۆی خۆت

ئۆباڵەکەی !!

ناحەز لە گیانی خۆی هەرگیز
ناکا ئۆخەی.
من هەر ئاواتی ئۆمەرم
ئاواتە گەشەکەی ئەوم..
(یەکێك لەپڕ بە ژوور ئەکەوێ)

**یەکەکە:**

ئۆمەریان گرت
هەر چابوو گوللەی جانداران، بە کوێرایی
نەی پێکابوو..

**ئەسمەر:**

ئۆمەریان گرت؟!
ئۆمەر گیرا ،
بلێن گڕی مەردایەتی، ئەوجا لە دڵیا دایسا
مەزنایەتی ئەو ناگیرێ
هۆمەر نامرێ.. تا ئێستا ـ گەر ـ هەرزەکار بوو
وا شوێنی پیاوێنی دیاربوو،

**دایك:**

با فرمێسکی بۆ بڕێژم
فرمێسکی خەم.. ئازار.. پەستی

**ئەسمەر:**

ئۆمەریان برد بۆ ڕێگایە:
((لە سەربەستی بۆ دیلیەتی
لە دیلیەتیش بۆ سەربەستی))
بردیان، بردیان، بۆ وڵاتی دوور
کولانیانەوە برینی
هەژانیان، تێکیان شکان، ئاواتی

دایکی خەمگینی،
گەر بە فرمێسك چارە بێ
چارەی ئەم دڵە پارە بێ
بۆی ئەڕێژم فرمێسکی گەش
هەڵکوڵاو لە دڵی بێ خەش،
کە نامرێ و ناگەچڵێ، هەر گوڵێکە سوور
ئەستێرەکە پڕشنگی لە دوا کێوی بەرز
ئەبڕێ سنوور،
دایکی.. دڵیان ڕاچلەکاندی
ڕگەی ئەم گولەی لە دڵتا،
ڕوایە، دەستی پچڕاندی؟!
وابوو؟!
ئەم حەشرە هەر بۆ مەڕا بوو
من بەڵێنم.. من پەیمانم..
من لە تۆ و هی کە، زیاتر
نرخی کوڕەکەت ئەزانم

**ژنەکە:**

ئەی مەسەلەی کوڕی ئاغا؟

**ئەسمەر:**

گوڵ لەناو دۆزەخ ناڕوێ
هەرچی ئەیلێن بەند و باوە،
من دڵم بە کەس نەداوە،
دەخۆ بگەیننە (ئۆمەر)
پێی بڵێن وا ئەڵێ ئەسمەر
ئەگەر دڵی لەمن بەردا
بەڵێن بێ دڵم بنێژم، ڕووناکیم بکەم بە تاری

ئەوجا خاك ئەكەم بەسەردا،

**یەكێك:**

((وا جانداران، ئۆمەریان قۆڵبەند كردووە..

وا بەرەو ئێرەی ئەهێنن..

ڕەنگبێ بێ بۆ ماڵ ئاوایی..))

(هەر لەدوای ئەم وشانە ئۆمەر بە بەندكراوی ئەهێنن)

**دایك:**

دەك، چاوم كوێرایی دایە

چەن جار تۆم دی بەم دیمەنە

دیمەنی ژینت هەر خەمە.. هەر بەڵایە

بۆمن هەر ناڵە و شیوەنە

**ئۆمەر:**

بێن.. با تێرتان تەماشاكەم.. تێر بم بینن

ماڵ ئاوایی.. ماڵ ئاوایی..

لەدایكم.. لە دێ و ئاوایی

لەدڵم.. لە خۆشەویستم..

**جانداران:**

زمان ببڕە ! ئای زمانی چەند درێژە

پەكو پەك، لەم هەرزە بێژە !

تێی ڕاخوڕن

**ئۆمەر:**

ماڵ ئاوابێ، ماڵ ئاوابێ..

ئەسمەر دیارە، ئەیویست وابێ

ئەگەر پەشیمان بیتەوە،

ئەوسا گوفتارەكەی منی

بەڕاستی ـ بەبیر دێتەوە

**ئەسمەر:**

ماڵ ئاوابێ..

ماڵ ئاوایی گەرمی دڵدار

لە دولبەرێکی پاکەوە، دڵسۆز و ئێجگار وەفادار..

**ئۆمەر:**

ماڵ ئاوابێ.. ئەڕۆم.. دایە..

**دایک:**

ئۆمەر.. ئەت بەن بەزامەوە

بە دڵی بێ ئارامەوە

ساخوا بمرم لە دواتەوە

خوا کەی تۆم پێ ئەداتەوە

بێ با ماچ کەم برینەکەت

نیشانەی سەختی ژینەکەت..

ئۆمەر، ئەڕۆی؟ لەدواتەوە،

کێ بێ ژینمان

دووبارە پێ بداتەوە؟؟!

جانداران: (تێی ڕاخوڕن..)

گەر وس نابێ.. زمانی ببڕن.

ژنان: جەندرمەی بێ دین هاوارە

ئارامتان بێ

ئەگەر ڕۆڵەی ئافرەتان بن

ئەبێ بەزەیی دڵتان بێ..

جانداران: (بە لێدان و پاڵ پێوەنان ئۆمەر ڕائەکێشن)

**ژنان:**

ئەی هاوار.. پیاوانیان بردین

لێشمان ئەدەن؟.

ئۆمەر: (بە دەنگێکی نێرەوە)
ئیتر هەرچی بووە و ئەبێ
بەس نییە ئێمە هەر کوردین !
(بە هاوار و قیژە ئەچنە دەرەوە)

**( پەردە دائەدرێتەوە )**

## بەشی سێیەم

**کات:** گرانی شەڕە،

**دیمەن:** کۆمەڵێکی زۆر لەبەر دەرگای ماڵی (حاجی) وەستاون.. دەرگەیەکی گەورە ڕووبەڕووی دانیشتووان هەیە..

**ژنێك:**

ماڵی حاجی دەرگا و بانە
(ناو ماڵی) زۆر ئاوەدانە
پڕ لە ڕۆن و دەخڵ و دانە..

**منالان:**

ئای برسیەتی.. ئای برسیەتی..

**ژنێك:**

ماڵی حاجی ژووری شەشە
پڕاوپڕی ماڵی گەشە
گوایا بۆ ئەم ڕۆژە ڕەشە

**ژن٢:**

برسیمانە. برسیمانە..
پاش ئەوەی جەندرمەی کافر
وەك جەردە، دێیان تالان کر

وەکو خەرمانی پاش ئاگر..
((بۆ هەر ماڵێك، جاندار ئەچوون
هەشت و نۆ))
((نە زادیان هێشت، نە قومێ دۆ
کە دایکان مەمکی بێ شیریان
زاری منداڵ بژاکێنێ
منداڵی لە تەمەنی گوڵ، لە برسانا
بناڵێنێ..
ـ : ((حەو ڕۆژە نانم نەدیوە))
کە ئێمە ژینمان خەزان بێت
(ماڵێ ! حاجی) دەرگای خۆیان گالە ئەدەن
گوێ لە هاواری برسییەکانمان کەڕ ئەکەن؟!
مردن شیری سەر سەرمان بێ
شەرت بێ دەرگا بکەینەوە..
دەرگای (عەمار) بکەینەوە..

**هەموو:**

چی بکەین.. چی بکەین

**ژن١:**

دەرگا بشکێنین.. با بزانین چییان هەبێ
پێکەوە ئەیخۆین و ئەڕۆین
هەموو: دەی!. گشتمان لەسەر بیری تۆین

**ژن٣:**

دەی قوربانە! لە داخی کۆرپە جوانەکەم
کە دوێنێ مردن ڕفاندی
لە سنگی ڕووتی دا پچڕیم..
ـ ڕفاندی کۆرپە جوانەکەم !

به یادی کچە شەنگەی تەمەن ١٢ ساڵانەکەم
کەوا (بێ نانی) مراندی..
((دەرگا بشکێنن.. بشکێنن..
((ئازوخەی)) حاجی دەربێنن
با کوڕەکەی بچووکترم
دەمو چاو وەك ئاوریشمی زەرد
کە ڕووخساری ئەتوێتەوە وەکو شەمێ
دایکی نەگا (سنگی ڕووت ئەکاتەوە)
نان !. شیر !. لەش ! مەمك ؟ چی بدەمێ
خێراکەن تا نەمردووە...
تا ئەیگەمێ..

((ئیتر کۆمەڵێ منداڵ و ئافرەتە بێ دەرەتانەکان بە تەکانی بە گوڕ و بەتینی لەشی بێ هێزیانەوە، شاڵاو ئەبەنە سەر دەرگاکە و ئەتوانن (تیکێك) درزێکی لێ بکەنەوە..

بەڵام لەم شەڕەی برسیەتییەدا هەر گیانە پەل ئەکوتێ بۆ یەك تیکە، خۆ نان نا.. بۆ شتێك هەر نەرم بێ و قووت بدرێ.. ئا لێرەدا (خەج) کە ئافرەتێکە دڵ سووتاوانەتر ئەیەوێ لە پێشەوە خۆی بکا بە ژوورا.. بەڵام دوو سێ ژنی تر پەلی ئەکێشنە دەرەوە:

**مەنیج:**

گەرەکتە، هەر خۆت پێشکەویت..
چیت دەس کەوت.. لرفی کەیت، ئێمەش
بێ بەش کەیت؟!

(( بە پاڵە پەستۆی گشتیانەوە دەرگاکە هەمووی ئەکرێتەوەو ئەچنە ژوورەوە)).

**منداڵان:**

(بەدەنگێکی بەتینەوە)
ئۆ. های.

ئێستا نان ئەخۆین..نان.

((پڕ بەدەمیان هاوار ئەکەن)) نان..

دایکمان نانمان بۆ دێننەوە

لە ماڵی حاجی.. نان.. نان

(پاش کەمێك، دێنە دەرەوە واتا دێنە ژوور شانۆ لاشەی دوو ژن و پیـاوێکی پـیر کە وشك بوونەتەوە ئەیهێننە دەر.)

**مەنیج:**

حاجی و ژنی و خاتەی خوشکی

چەند نەفام بوون.. برسیان بوو

نەیان ئەزانی لە ماڵ بێنە دەر:

دەرگایان لەسەر خۆ داخست و

هەتا لە برسانا مردن..

نەیان ئەزانی لە ژوورا، بێنە دەرەوەو نەمرن

**خەج:**

توخوا مردن؟!. ئەوانەی دەوڵەمەندمان بوون

شالاّوی مردن ماڵی ئەوانیشی گرتەوە ؟!

ئیتر با ڕاکەین، مردن هات..

بێگومان دونیا دواییەتی..

وەك ڕەشەبا، وەك دێوێکی زل، خوێناوی

هات سەر هەڵقەنە، مردن هات..

سا ڕاکەن.. جیهان ئەڕووخێ

(منالاّن لە ترسان خۆیان بە ژنەکانەوە ئەنووسێنن و ئـەوانیش بـە پرێـشانییەوە ئەچنە دەرەوە بە کۆمەڵ).

**( پەردە دائەدرێتەوە )**

# بەشی چوارەم

(دوا هــاتنی شــەڕە، برســیەتی خــەڵکی شــپرزە کــردووە، ئەسمــەر نەخۆشــی برسیەتییە..

کات: شەوێکی درەنگە لە بەهارا، مانگە شەوە )

**ئەسمەر:**

(لەسەر جێگاوە)

((.. ئای، لە شادی، هەر دوێنێ بوو منالێك بووم

دنیا بوو واتەو ئارەزووم،

پڕ بە دڵ گۆرانیم ئەووت؟

ئۆمەر، بوو گۆرانی ئەووت:

((با لەسەر بەزمی خۆمان ڕایبوێرین

با دەرد و خەم بۆ دوا سنووری زەمینی بنێرین

بێ، با بنۆشین شەرابی دڵداری..))

منیش ئەم ووت:

((لەناو گەنجی دێیەکەمان

تەنها تۆ دەروون پڕ ئەکەی

لە مانگەشەو، ئۆمەر گیان)).

کوا سۆزی گۆرانییەکانمان؟.

کوا ئاراممان.. خۆشی پێشوو؟

نە گوڵ: بایەخی جارانی

نە گیا ڕەونەقی سەوزایی

نە مانگ: تریفەی شەوانی

وەکو جارانە لە جوانی .

گڕ و گڵپە بۆتە تروسکە

تەنیا هەوری چارەنووسە

ناوه ناوه ئەدا لە بروسکە،
بروسکەیەك لەناکاوا
زەوی ڕووناك ئەکاتەوە
کەم، لە تروکانێکی چاوا
سا، داخوا، ڕێبوارەکەمان،
ئەی بروسکە
لە کام کەند و نەوال دایە
لە کام دۆڵ و قەد پاڵ دایە
بەم شەوە سەخت و تاریکە،
پاڵی بە چە شاخێك دایە،
یەك سات. دنیا. ڕوون کەیتەوە،
تا بڕوانین، بەڵکو، ئەوە وادێتەوە !

**دایك:**

ڕۆڵەم.. ئەتەوێ بزانی، کەی دێتەوە؟
بڕوانە کتێبی دڵت..
کام دێڕ، ئەو مانا گەورەیە ئەگرێتەوە

**ئەسمەر:**

دایکی.. دڵم.. ئەم پەرتووکە خاوێنەیە
کە خاوەنی پێ نەمر بێ
هەرچەندە من تێی ئەڕوانم
پتر ڕازی ژیان و دڵداری ئەزانم

**دایك:**

دڵی دڵدار ئاوێنەیە
بەڵام بۆ وێنە پاکەکان
وێنەی دڵدارە چاکەکان
سوێند ئەخۆم، بە ئاواتێکی پاییزانە

که دارەکەی نەهاتە بەر
لە تافی نازداری و لاویم
هەتا ئێستا و هەتا دواییم
دڵم هەر وێنەکەی (ئۆمەر)
یادیگاری لێ مۆر کراوە،
بۆ کەسی تر...
ئاخ.. سگم.. ئێش و ئازاری
برسیەتی.. چەند بە شاڵاوە..
(تاوێك ئێش و ژان)
ئای دایە چیم هاتەوە بیر
بێ لە برسیەتی ماست و شیر
چۆن ئۆمەرم لێ دوو دڵ ـ دڵ بوو
دەك. بەدان، زمانیان بشکێ
هێزی شوفارییان چەند زل بوو
چۆن پەیمانم لەگەڵ ئۆمەر
ئەشکێنم بۆ کوڕی (ئاغا)
لە ئاست چاوی ئۆمەر کێ یە
لە دنیا سەر بێنێتە دەر؟!
(تاوێك)..
ئۆمەر.. چوو.. دڵ بەداخەوە..
بە داخی هەزار سەرەوە
بە دڵی پڕ کە دەرەوە
بە لەشێکی ناساخەوە..
من دڵم ڕووناکە: ماوە..
بەم سزا و جەورە نامرێ
بەرگەی هەزار هێندەش ئەگرێ

**دایك:**

کچێ: دایە،

هیوام بەتینە کە مابێ

ڕێی ئێرە ئەگرێتەوە بەر

چونکە ئەو بڕوایی نایە

ئێمە ئاوا لە برسانا و بەبێ کەسی

لە ژیانێکی پڕ مەترسی

بەرەو گۆڕ گلۆر بینەوە..

**ئەسمەر:**

بێگومان ئەگەڕێتەوە

بە یادی گوڵ، وەك ئەتڵەس سەوزەبێتەوە

دار پشکووی ئەبێ بە بەر،

لە شاخ، لە زەوی، لە کانی

بە ڕەنجی بازووەکانی

نانی ئێمە دێنێتە دەر،

(تاوێك.. پاش ئازار و ژان)

من چەن نەفام بوو.. هۆ.. دایە..

چۆن نەمزانی کە دوژمن. هەرگیز، هەرگیز

بەزەیی بە ئێمە نایە،

بەند و دووی، فریودانی.. بنی نایە.

لام ئاسان بوو، ئۆمەر بەرن

پاداشی ((دوژمن)) مان چی بوو؟

برسیەتی بوو، نەخۆشی بوو

تالان و ماڵ سووتانن بوو

مەرگەسات و خنکانن بوو

چوار ساڵی پڕ لە ئەشکەنجە و مەرگەسات بوو

ژیانی چی؟ فەوتانن بوو..
... گوڵی ((کوڵمە)) زەرد هەڵگەڕا
چاو.. ڕوومەت، ڕەونەقیان بڕا
چەند گەنج لە بۆ پارووە نانێ
بەر سێ تیری زۆردار درا
گیانی چەند نازدار و چەن لاو
وەکو پەپوولەی نەرم و نیان..
ووشکی ئەکرد.. سەرمای زستان..
گەڵای گیان وەك گەڵاڕێزان
برسیەتی هەڵی ئەوەران..
گۆشتی سەگمان چەنگ نەئەکەو
شەو کێ لە برسانا ئەخەو
چەند جار گیانم ئامادە بوو
بۆ کاروانی (گەڵاڕێزان)
ئێستاش وا بە تەنها ئەمرم
بەبێ ئۆمەر،
هیواکەمان نەچوویە سەر..
دایك: ڕۆڵەم، دنیامان سەر لەنوو
بەرگی تر ئەپۆشێتەوە
بۆنی ئۆمەر دێ دووراو دوور
خۆ هەڵگرە.. تا دێتەوە..
((دڵنیام)) ئەگەڕێتەوە !.

**ئەسمەر:**

چبکەم. ئاخ. چۆن خۆ هەڵگرم
چۆن فرمێسکی خوێنین بسڕم
مردن وا خۆی پێ ناسیوم

لە جەنگانیا بەزیووم
ئەمرم،
ئەمرم بەڵام کوانێ ئۆمەر؟
ئەشێم چاو بکەمە چاوی
تێر بڕوانمە ڕووی تۆراوی..
ئەزانم.. من ئەمرم.. ئەمرم
ئۆمەریش ئەمرێ ((ئاواتی))
بەجێی دێڵم بەرامبەر دنیای شێواوی
ئاڵۆزی، پڕ کارەساتی..
ئای.. گیانم ئەهەژێ، گیانم
ئەهەژێ.. هاوار.. زامانم
برسیەتی.. چزووەی ناوەتە.. سەر.. ئێسقانم
ڕیخۆڵەم، بەردە، ئاسنە
یانەخو چەنگی شوژنە...
(زۆر شپرزە ئەبێت)

**یەکێك دێتە ژوورەوە:** (بە هانکە هانکی ماندویەتییەوە)
مزگێنیم پێیە، مزگێنی..
ئەڵێن ئۆمەر وا لە ڕێیە

**دایك:**
کێ ووتی

**یەکەکە:**
چەن هاوڕێیە، لەم چەند دێیە
کەوا تازە هاتوونەوە
ئەڵێن ئۆمەریش لەڕێیە...

**ئەسمەر:**

(ناکاویی ئەم خەبەرە دڵی دائەخورپێنێ.. لال و پاڵ لێی ڕائەکشێت.. ئەکەوێتە لرخەلرخ !)

ئۆ..مەر؟!!

**دایك:**

(وەڵامی کابرا ئەداتەوە)

ئۆمەر ماوە و لە ڕێگایە؟

تووخوا وایە؟ ئای لە بەزمی ئەم دنیایە.

با بێتەوە..

بۆ ناو لانەی باوەشم بگەڕێتەوە

**یەکەکە:**

ڕاشیان سپاردووم..

کە خۆشەویستی و دڵسۆزی

ڕابگەینم بە ئەسمەر،

ئاوای ڕاسپاردوون ئۆمەر.

**دایك:**

چی تر ! چی تر..

ئەسمەر.. ئەسمەر

وا ئۆمەر ئەگەڕێتەوە.

**ئەسمەر:**

ئۆ.. مە.. ر. ئاخ خ خ.. ئۆ.. مەر.

**دایك:**

(ئەچێ ڕاستی ئەکاتەوە)

ڕۆڵە. بۆ سارد و سڕ بوو ئەندامت؟

دڵی ناسکی وەك گوڵت

داخەکەم بەهۆی نەخۆشی و ئێش و زامت

خۆ ناگرێ لەبەر ئەم بایە، گوڵی دڵت؟.
خۆ نە بایەکەی ((خەزانە))
بای بەگوڕی ئازیزانە..
هەیڕۆ.. ئەسمەر.. کوا لەشولارە
گەشەکەی گەرم و گوڕت
ئەوا دەنگوباسی یارە
مزگێنی و تەزووی بەهارە
هەی لاڵ بم.. یاخوا بمرم بۆ
دەس و پەنجەی سارد و سڕت
ئەسمەر ڕۆ.. گیان
کۆچ ئەکەی وەکو ئەستێرەی (لەیل).. وا..
لە ئاسمانی گەشت
بەرەو بەهەشت؟
ئۆمەر ئەوا لە ڕێ دایە
دێتەوە لای دۆستی گیانی
هەر تۆی بۆ ئەو کامەرانی
ئۆمەری دۆستت نابینیت؟!؟
ئەسمەر...
ئەسمەر...
(پاش دەمێك. بە لاوانەوە ئەم شینەی خوارەوەی بۆ ئەکا.)
ئەی مەلی ((گیانی)) ڕەنگاو ڕەنگ
چۆن، هێلانەی لەشی بێدەنگ
بەجێ دێڵی..
هەر لەبەر ئەوە. کە جاران نەرم و شل بوو؟
هەر لەبەر جوانی و نیشانە
پێشان کردبووت بە هێلانە؟!

ئێستا، کەوا ڕەق بۆتەوە لەش و لاری
ئەی مەلی گیان لێی بێزاریت؟
دەك لاڵ بم.. ئەسمەر بۆ جوانیت
بۆ دڵپاکی و میهرەبانیت..
هەر تۆ بە ئۆمەر شارەزای
هەر تۆی بە ئۆمەر بزانی !
ئای ئاوات..
لە پیا هەڵ ئەفڕیت و هەزار
تاسە و چاوەڕوانی بە کۆڵ
بەجێ دێڵی بۆ ئەستۆی دڵ !
ئەسمەر.. مردیت.
بۆ نەتویست ئۆمەر بدوێنی
تا پیشانی دەیت ڕۆژهەڵات..
تۆ بووی ئاوات.. ئاوات.. ئاوات.

(مۆسیقاییێکی ماتەمین.)

# خەونەکانی گەنجۆ

عەبدولرەزاق محەمەد

**پێشکەشی تیپی ((بالێ)) و ((ئۆپێرای)) دوارۆژی کوردستانمان بێت..**

پیاو هەرچەندە هەندێ جار بە دوای خەیاڵی ڕەنگین و شتی نەبووی سەوز و سوور ئەکەوێت.. بەڵام لەدواییدا، ڕاستی ژیان لە ئاسمانی خەیاڵا ئەیهێنێتەوە سەر زەوی (بەرچاو) (واقع) ئینجا تێئەگا ئەوەی ئارەزووی بۆ ئەکرد و بەدوایا وێڵ بوو خەونێك بووە.. بەڵام چاتر ئەوەیە خەونەکە بێتە دی.

پێشکێش کەر:

ئەم کوڕە شوانە دڵ پڕ گوڵی دڵدارییە، ئەڵێن تووشی داوی تەلیسمی پەریزادەکان هاتبوو کە گوایا خۆیان ئەهێنا سەر شێوەی ئافرەتان و داخیان ئەنا بە دڵی زۆرەها گەنجە مەستە ساویلکەکان.

هەروەها ئەشڵێن کە ئەم ڕووداوە هەر خەونێك بووە لە خەونە خۆشەکانی شەوی هاوینی گەنجێتی:

((١))

**گەنجۆ:** تا حەوت شمشاڵ نەدڕێنم

لە گۆرانی واز ناهێنم،

هەر ئەلەرزێتەوە شمشاڵ

تا پەپوولە هەڵهێنێ باڵ

بەناو شنەی جوانی شەماڵ

هەر ئەخوێنم

وەکو گوڵێ بەربەیانی

ئاونگی مەست لە چاوانی

سێبەری خەونی شەوانی

ڕۆژ چاوانی ئەسڕێتەوە

تا زەردە ئەگەڕێتەوە
هۆزاری بۆ دێنێتەوە
تا منیش خەون ئەبینم
هەر شمشاڵەکەم ئەژەنم
هەر ئەخوێنم.

**دایکی:**

ڕۆڵەم.. گەنجۆ

**گەنجۆ:**

دایە.. بڕۆ..
ژێر ئەم دارە هیچ بەرنادەم
شمشاڵی خۆشم لێ ئەدەم
تا دڵی گەردوون نەخووسێ
یانەخۆ گەرووی شمشاڵەکەم نەنووسێ
واز ناهێنم..
هەر ژێر ئەم دارەیە شوێنم
یا نەمامی دڵداری لێرە ئەچێنم
جێی ئەهێڵم بۆ یادگار..
یا ئەیکەم بە بەهەشتی دڵ،
بۆ گوڵ، مەزار
بۆ بولبول.. جێی ڕازی دڵدار..

**دایك:**

ڕۆڵە تاکانەکەم.. گەنجۆ
ئەی کەسب و کار؟
(کێ ئەم گەیەنێتە بەهار)!

**گەنجۆ:**

دایە.. نا. ناگەڕێمەوە

نانێکیش هەر ئەبێ بۆ تۆ..

**دایك:**

لەبەرت ئەپاڕێمەوە.

**گەنجۆ:**

گەڕانەوەم نابێ هەرگیز
بەرێ ئەکەم کەژی پاییز
زستانیش خۆ ئەگرم
یا دێتەجێ ئاواتەکەم
داری پاییز بەر پێ ئەگرم
ئەگینا ئەو دەم با بمرم

**دایك:**

ئەمە بۆ.. بۆ؟

**گەنجۆ:**

((دوێ ئێوارە ـــ
((باڵدارێکی پەل و پۆ سوور
وەکو گوڵاڵە و گڕ و نوور
تەنیا یەك خاڵی سپی لەژێر
گەردنی مراوی وەکو زێڕ
دایە.. بەیادی جوانی
گەرمم کردبوو گۆرانی
نەمزانی چۆن ئەم ((مەلە)) نیشت
لە تەکمەوە جوان جوان دانیشت
خاڵە سپیەکەی گەردنی
تا ئەهات گەورەتر ئەبوو
تا بوو بە کراسێکی کەتان
پەڕ و باڵی وەکو ((دەسماڵ)) کرایەوە

بوو بە کەوای قەنەوزی سوور
بەسەر کراسی سپی وەك بلوور
لەمە جوانتر سوور و سپی
هەرگیز نەمدی،
هەوای جادوو
نیازی پاك و موچڕکی خۆش
دڵی کردم بە کانییەکی ڕوونی بەجۆش
بە پەنجەی ناز
کەوتە سەمای پڕ جوانی و ڕاز،
کە خەونم پیا ئەدی زۆرجار
کردبووم بە ئاواتی بەهار
بەڵام کچ چی؟ هەندە ناسك
گەردن بەهێ، ڕوومەت کرۆسك
کۆڵمە و لێو گەڵای گوڵاڵەی
شێلراو بە پاوانەی شەونم..
ووشتی و سلی وەکو ئاسك
هاوار، با بمرم، نەمێنم
((فریشتە)) بوو:
هەر کە دوایی نیازی پاك
گەڕا بە جۆشی هەرزەکار،
دای لە باڵ و بەجێی هێشت خاك
ڕۆیی بۆ ئاسمانی پاکی جوانی و ویقار
ئێستاش. بەسەد پەشیمانی
بە دڵێك هەمووی گڵپەو گڕ
بەنیازێکی ئاسمانی
خۆم و شمشاڵ و گۆرانی

چاوەڕوانین کەی دێتەوە سەر ئەم دارە
ئەم فریشتە، ئەو باڵدارە.))

**دایک:**

بچم خەڵك، تێ گەیێنم..
خۆ واز لە کوڕم ناهێنم..
(ئەڕوا.. شمشاڵ هەر دەنگی دێ)

((٢))

((**ئێوارە**))

**گەنجۆ:**

ئەڵێی وا ئێوارە دایی
پڕشنگی زەرد،
باڵ ئەکێشێ بەسەر کێو و نەوال و هەرد
شەماڵی فێنك لە کارە
لاوانەوەی دڵی منەو
گوڵی پاییزی زیپز و زەرد،
گەڵای قووچاوەی بێ چارە.
دە..ئەی هەوری تێکەڵ ئاسۆی ڕەنگینی ئاڵ
ئەی زەردەی زێڕین، ئەی شەماڵ
لە دڵتانەوە، وەك گڕی
باڵدارەکەم، با دەرپەڕێ
بەرەو ئەم درەختە بفڕێ
هاتنی هەر ئەم کاتە بوو..
هەیڕۆ، بۆ نەهات؟ بۆ کوێ چوو؟!
وا ماڵات ئەگەڕێتەوە
((هەوین)) گەشە ئەگرێتەوە،

کەی ئەویش ئەگەڕێتەوە؟؟

**کچە شوان:**

هەر نەبڕایەوە گۆرانیت؟
شمشاڵەکەت کاسی کردین
گوایا، شێت و شەیدای جوانیت
دلداری ڕازی پەنهانیت
زۆر وایان ووت، بەڵام چەنین
هەرزەکارن..

**گەنجۆ:**

کچە شوان
شەماڵی سەر کێوو هەردان
حاجیلەی دەشت و مێرگی سەوز
دوو چاوم نابینێ وەنەوز
تاکو حەوت شمشاڵ نەدڕێنم
تا فریشتەکەم ئەبینم
بۆم دێتە خوار لەم سەرداره
هەر ئەخوێنم..
هەر ئەخوێنم.

**کچە شوان:**

ئەی کوڕە هەرزەکارەکە
کوڕەی شیرین گوفتارەکە
بۆ نایەیت بێ بە شوانمان
بەیەکەوە بلەوەڕێنین مەڕانمان
لەم جێ خۆشەو لەوەڕگایە
بەڵکو لە سنگی ئەم چیایە
ڕازی دڵی تۆی تیایە

**گەنجۆ:**

نازدار.. نایەم، لەم بن دارە واز ناهێنم
تاکو حەوت شمشاڵ نەدڕێنم..
(کچە شوان ئەڕوا.. شمشاڵ هەر دەنگی دێ)

((٣))

## مانگە شەو

**گەنجۆ:**

چەن دڵگیر تریفەی مانگەشەو
زەمینی گرتۆتە باوەش
وەك منداڵ خستوویەتییە خەو
درەخت و شاخ، ڕووبار، کانی
چاویان ناوەتە خەو: خەوی
شادی و جوانی
پرخ و هۆڕی چەماوان دێ
دەنگی نەرمە لەرزەی پووشی ناو پاوان دێ
سوزەی خەو لێ هەڕماوان دێ
جووکەی بێچووە جوانانی مەل
زیکەی زیندەواری بچووك
وەك دەنگی تەل
ئەی داری کەڕ:
لق و پۆپی زەرد و سوورت
ڕاماوی خەیاڵی دوورت
واهاتە بەر،
بە ((لکەکانت)) ئاوێزانە
ئەستێرەی گەش، میوەت ئەستێرەی نازدارە

چارۆگەی تریفەی نایەتە سەر
ئەی لەم دیمەن و نیگارە
هەموو شتێ بەختیارە،
من نەبم.. من، ئەی چارە ڕەش
بۆ ئەستێرەی بە جلوەو گەش
بۆ ئەم مانگەی ئەڵێی کانی ڕووناکیە
ئەڵێی (فریشتەکەی) پاکیە
شمشاڵەکەی خۆم ئەژەنم
ڕاناوەستم لە ووتنم..
(شمشاڵ ئەژەنێ..
مانگ لە بۆ پەلەی دارەکە نزیك ئەکەوێتەوە)

**گەنجۆ:**

نزیك بەرەوە، مانگەکە...
فریشتەکە، باڵدارەکە
ئەبینم وا بۆم ئەڕوانی
زەردەخەنەت لە لێوانە
دەتۆش بەرگی خۆت بگۆڕە
وەك (مەل)ەکەم گەر بتوانی؟!

**دەنگێك:**

(هەروەکو ئەم دەنگە لە مانگەوە هاتبێ)
ئیتر، تۆش بەس کە گۆرانی
خۆشت لە بۆ خۆت نازانی
چی ئەکەیت لەم ڕێگەو بانە
چەن شمشاڵت فووداو دڕاند
چەندت لە خەوا ڕاپەڕاند..
من هەر حەز لە یاری ئەکەم

لەگەڵ دڵدار و زارۆلان

بەڵام پێڵووی خەڵکی نووستوو

بە تریفەی سپی گران ئەکەم

**گەنجۆ:**

تا حەوت شمشاڵ نەدڕێنم

تا، فریشتەکەم نەبینم

بۆم بێتە خوار لەم سەرداره

لە گۆرانی واز ناهێنم

هەر ئەخوێنم

((مانگ بەرە بەرە ئەڕوات، تاکو ئاوا دەبێ.. شمشاڵ هەر دەنگی دێ)).

((٤))

**گەنجۆ:**

بەیان.. لەگەڵ سپیەتی ڕووت

ساف و ساکاریەتی و جادووت

کە گوڵ دەمی ئەکاتەوە

نەغمەی پڕشنگ ئەخواتەوە،

خۆڵ فێنکە، وەکو پۆدرە،

ئاو، ڕووناکی ئەداتەوە،..

لەگەڵ جوانییە ساکارەکەت

فریشتەکەم بۆ بێنەوە سەر ئەم داره

بۆ ئەم دڵە چاوەنوارە،

**ئاغا:**

ئەرێ گەنجۆ

قوربان ئەم سۆزەی شمشاڵت

خەم و خەنیم

ڕۆڵەکەم، تۆ..
تاکەی؟ تەنگی پێ هەڵچنیوی سەودای سەر
تەمات وایە بەم پاییزە دار بێتە دەر !
باسی فریشتە و جوانی پەری
هەموو ئەم فیکرەی لەسەری
هەر خەیاڵی بۆن خۆشی چیرۆکانە
بەندوباوە، یا، ئەفسانە
بێ .. ئەسپێکی چاکت دەمێ
لەبەر پشتت ڕاکە خەنجەر
لەگەڵ کاکتا، بێرە مەیدان
(خەنجەر دەردێنێ، وەکو شیربازی یاری ئەکا)
بێرە مەیدان..
بۆ دارستان.. کێو، دەشت و دەر،
وەکو مەردی ئازا و بەکار
شایان بێ پێی بڵێن بە شەڕ
توخوا، بازووت؟
لاویت،
سامداری و پیاوەتی ڕووت
ئەخەیتە ژێر پێی (کەلکەلەی
لێگۆڕاویت.
بێرە لای من.. وەکو کوڕی ماڵ،
بچینەوە،
لە کەنیزە و کیژانی دێ
(فریشتەکەت) ببینەوە.
گەنجۆ:
ئاغاکەم کێ؟

من پەیمانم ناشکێنم
واز لە گۆرانی ناهێنم،
دڵ و بڕوا و ئاواتی دڵ
گۆرانی و خەندەی زاری گوڵ
ناکەمە دیلی تار و تەم
خۆ من هەر نابم بە ڕۆستەم
خەنجەر... هەسپ.. هێز و سامان
تاریکی دێننە ناو ژیان
خەندەی منداڵ
ئاسمانی شین
پێکەنینی کچی چاو کاڵ
خۆشی دڵان،
وون ناکەم ! من دیوی شەڕ هیچ ناپەرستم
چونکە لاوم. خۆشەویستم
(ئەڕوا.. شمشاڵ هەر دەنگی دێ)

((٥))

**گەنجۆ:**

هەر ئەلەرزێتەوە شمشاڵ
تا پەپوولە هەڵێنێ باڵ
بەناو شنەی جوانی شەماڵ
هەر ئەخوێنم،
وەکو گوڵی بەربەیانی
ئاونگی مەست لە چاوانی
سێبەری خەونی شەوانی
تا (زەردە) ئەگەڕێتەوە

هۆزاری بۆ دێنێتەوە
تا خەونەکەی خۆم ئەبینم

**پەری:**

ئازیز.. ئازیز.
لەش تاو و سۆز
وادیارە تۆ هەر ئەم گوڵەی
هەڵت ناکەنێ بای پاییز
گیانی ئازیز..
سا واز بێنن لە ژەنن
کاتێك تەرخان کە بۆ دواندن !!
گەنجۆ:
پەری؟

**پەری:**

بـ .. ـە .. لێ

**گەنجۆ:**

نازانی من واز ناهێنم
ئەمە پەرستنی منە؟
ئەبینم وا ڕابواردنە
هەتا خەونەکەم نەبینم
پەری: بێ چەندێ بێ !.. موژدەم پێیە
باوکم ناردمی بۆ ئەم جێیە
کە ئاوی هیوای تۆی لێیە !!

**گەنجۆ:**

کەی هیواکەم ئەچێتە سەر؟
گوایا ئەم دارە دێتە بەر !

**پەری:**

هەر ئەمڕۆیە دوای خەیاڵت

هەر ئەمڕۆیە: ئەقرپیوێنی

بەهرە ئەنوێنی

شمشاڵت

ئەو فریشتەی تۆ ئەیخوازی

هەر ئەمڕۆیە ئەتکا ڕازی

**گەنجۆ:**

ئەبێ گوێی لە ناڵەم بووبێ

ئەبێ شمشاڵ و: ئاوازی،

یا پاکی دڵ و : داخوازی

بۆ ناو پەڕەی دڵی چووبێ؟

**پەری:**

هەرچی ئەیڵێت هەر ڕەوایە

دنیا هەر جوانی و سەمایە

خۆشی دەروون و هیوایە،

ئەو (دڵەی) دەنگتی نەئەبیست

یا ئەو کەسەی تۆی نەئەویست

ئیمڕۆ کە گەشاوەتەوە،

دەروازەکەی کراوەتەوە،

هەرچی ئەیبێژی تەواوە

فریشتەت بۆ ڕاوەستاوە..

بزانە ئەوە، یا گۆڕاوە؟

(بە زمانێکی تێك ئاڵاوەوە)

ئەزانیت بۆچی هاتووم؟

باوکم. باوکم. ڕای سپاردووم

گەربێ بە جوتیار، بە جوتیار
جووتمان وەستاوە بێ جوتیار
**گەنجۆ:**
تەواوە، وەڵڵا تەواوە
فریشتەیە نەگۆڕاوە،
جوتیاریتان، نۆکەریتان، بەچاو ئەکەم
چۆن باوکت بڵێ تەواوە
(فەرموودەی) ڕاستە، زۆر و کەم
جێی پەرستن بەجێ دێڵم ،
بەڵام.. پەری
فریشتەکەم نازداری بوو
لەسەر شێوەی باڵداری بوو
کەوای قەنەوزی ئاڵ بوو
کراسی تەنك، وەك شەماڵ بوو
کراسی کەتان، بەژن و باڵا
هەر لە ئەو ئەوەشایەوە
لەگەڵ قژی نەرمی کاڵا
چەن ئێسك سووك بوو، چەند جوان بوو
لە تۆ ئەچوو..
بەڵام، زۆر شیرین گوفتار بوو
هەر لە سەما و لەنجە و لار بوو
خەندەی نەخشی لێو زار بوو
وەکو تۆ بوو، لە تۆ ئەچوو
بەڵام وادەی پێ گەیینمان
وادەی جادوویی شیرینمان
ئەوەبوو کە دار بێتە بەر

**پەری:**

ئایا ئەم دارە نابینی

میوە وەختە دای بهێنێ

(لەم کاتەدا گەردەلولێ هەڵئەکا)

**گەنجۆ:**

وەبینم؟ کوا؟ بەر. کوا میوە؟

ئەی پەری فریشتە شێوە

((پەری لە سەمایەکی پڕ لە جووڵانەوە))

**پەری:**

ئایا ئەم دارە نابینی

وەختە میوە بیهەژێنێ..

**گەنجۆ:**

ئایا مەستم من؟ یاخۆ شێواوم پەری؟

ئەمە میوەو ئەوەش پەری

باڵدارێك نیشتووە لەسەری

ئەی باڵدارەکەی بەختیار

توخواکەی بۆم نایەیتە خوار؟

نازانی چەندە بەتاوم

چاوەڕوانانە وەستاوم

گازت ئەکەم.. وا ئەخوێنم..

شمشاڵ فوو ئەدەم، ئەیدرێنم

(پەری کە دەسماڵێك لە شان خۆی ئەکاتەوە کەوا سوور و کراس کەتان خۆی نیشان ئەدا. بە سەما)

(بە سەمایەکی کۆمەڵ)

**هەردوان:**

ئەمڕۆ، ڕۆژی شادی یارە

ڕۆژێکە جەژنی دڵدارە..

**گەنجۆ:**

ڕەنگاوڕەنگ گوڵی بەهاران...

جوانان، دڵداران، باڵداران...

بێن بۆ شایی.. بەستە گوتن

ئیمڕۆژە بوو، بوو بە جەژن..

وەرن.. یاران. وا من گەیشتم بە ئاوات

خەو بینین بوو، بەڵام پێکهات..

ئای لەم خەونە چەند شیرین بوو

خەونی خۆشی نیوەشەوێکی هاوین بوو

هی ئاسمان کەوتە سەر زەوی

چیمە لە ئاسمان و شەوێ؟

# ئۆپەرێتی

# شەڤی و شیرین

**عەبدولرەزاق محەمەد**

شەڤ پیاوێکی شاعیری دەنگ خۆش بووە، شیرین ئافرەتێکی جوان بووە لە دوورەوە دڵی لە شەڤ چووە، کە چووە و چاوی پێ کەوتووە زۆر ناشیرین بووە گەڕاوەتەوە. ئینجا شەڤ دڵی لێ چووە و بە شوێنیا هاتووە. شیرین شیعر بە دەنگی شەڤ دا ئەڵێ شەفیش بە جوانییەکەی ئەودا.

(لاپەڕە ١٣٦ی ((مێژووی ئەدەبی کوردی)) هی مامۆستا عەلائەدین سەجادی).

## بەندی یەکەم

## چرپەی دڵداری

**شوێن: سەرە ڕێیەکە لە داوێن گەژێکی بەفرینا کات بەهارە و**

**شەڤ:** ((گویندەیەکە، گۆرانی ئەڵێ)):

ئەی بای شەماڵ

تێر بووی لە گۆرانیم، مەستی؟

ئەی مانگی زەرد

بەس نییە، تاکەی؟ دڵپەستی؟

گۆرانی من، چە گۆرانی

شەپۆلی ڕووبار ئەیزانێ...

سفیدە و ئێوارە بەتاون،

درەخت و گوڵ ڕاوەستاون

سروەیانە، بۆ گۆرانی

کەژی سەوز،

قەلبەزەی ئاوی سەر هەردە،

ئاسمان دێنێته خوار پەردە
پەردەی سەوز،
بۆ گۆرانی..
**کۆرس:**
(لەناو ڕەشماڵانەوە، لاوانی کوڕ و کچ کە گوێیان لە دەنگی شەڤ ناسراو ئەبێت..
بە ساز و گۆرانی دێنە پێشەوە)
بۆ گۆرانی، بۆ گۆرانی،
**شەڤ:** گۆرانی دڵداری و جوانی
**کۆرس:** بۆ گۆرانی، گۆرانی دڵداری و جوانی
شەڤ: هەموو شت ئاوات ئەخوازێ
گوێ ڕائەگرێت و ئەنازێ
بە گەرووی زێڕین، بە کانی
ئاوازەی بەرز و گۆرانی..
**کۆرس:** (لەگەڵ هەڵپەرکێەوە)
لە عەرشی ئاسمانا، لەسەر فەرشی زەمینا
لەسەر شەپۆلی ڕوونی و لەنێوان هەوای شینا
لەسەر شنەی شەماڵ و لەناو گوڵزاری ژینا
هەر بژی خۆشەویستی
**شەڤ:** هەر ئەژێ خۆشەویستی..
(بە هەوایەکی کزەوە.. لەوان پەڕ ئەگرێ)
خۆشەویستی؟ بەبێ جوانی
بوونێکە بێ زیندەگانی،
خودای گەورە
کە پێمی بەخشی ئەم بەهرە
((تا هەر عەشقی جوانی بم؟...))
کوانێ ڕەنگم، کوانێ شێوەی ئادەمانە

کوانێ چەهرە؟

(کۆرس هەر لەسەر گۆرانی و بەزمی خۆی ئەڕوات شەڤ ون ئەبێ.)

**کۆرس:** ئەم کاروانەی لە ڕێگایە

ئەڵێی بارگەی میر و شایە

**کۆرسی کوڕان:** چەند جوانێکیان لەگەڵایە

**کۆرسی کچان:** وا هاتنە پێش.. ڕێی ئێرەیان لە بەرایە

سەرۆکی کاروان: (پاش ئەوە دێنە لایان)

ئەی کۆمەڵی کیژ و لاوان، چەند شادن

هەر لە گۆرانی و هەڵپەڕکێ و سەمادان

خۆزگەم بە ئێوە، لە خەفەت ئازادن

لە چاو خۆتان لە دەرەجەی پاشادان

**کۆرس:** کەژی بەفرین...

دەشتی سەوز و ڕۆژی ڕەنگین

ئێمەش لە سەما و گۆرانین...

**شیرین:** باوکە.. دەنگێکم گوێ لێ بوو:

جادووە؟ یا چە کارە؟

هی ئاسمانە !. بەشەرە ؟ هی باڵدارە.

لە دوورەوە یەکەمجار مەستی کردم

دڵم دای لە باڵ و لە سنگم نەما

دڵی بردم...

**باوك:** (کە سەرۆکی کاروانەکەیە)

ڕۆڵەم، دڵە بچکۆڵەکەت دڵێکە

من نازانم پەیدا بووی چە گەلیکە !!

گۆرانیە وا سەرنجی کێشاوی؟

**شیرین:** چۆن وا ئەڵێی؟ ژیانمان گۆرانییە

گۆرانییەکە، لە منالّی تا پیری

گشت ئەیبێژین، کۆتا بوونی بۆ نییە،
که گەردێ بم، له گەردی ئەم دنیایه
که دنیاش ئەوەی له چوارچێوەدایه:
خوڕەی ئاوە، مانگەشەوە، شنەی سافە، پڕشنگی
بەیانی پڕ دیمەنە...
زیکو باکە، جوولەی دار و دەوەنە
ووتەی وونی پەپوولەی ڕەنگاو ڕەنگی
جوان و هەنگە،
هەوێنێکن بۆ گۆرانی و بۆ گیانم
هەڵپەدێنن، دیلم ئەکەن، بزانم یا نەزانم !.
**باوك:** بەرخۆڵەکەم، سەیر کەن، چۆن شێواوە؟!
**شیرین:** ئەم گۆرانییە مەستی کردم لەم شوێنە
چە دەنگێکە؟ هی فریشتەی ئاسمانە؟
له کام تەلی یەزدانییەوە هەڵساوە؟
**کۆرس:** دەنگی شەڤی خۆشخوانە...
گویندەیێ بەهرەدار و فەننانە
شایەرێکی خەیاڵ بەرز و ڕەوانە
بەناوبانگە.. ناوی لەسەر زارانە !..
**باوك:** دڵدارەکان.. ماڵ ئاوایی (ئەڕۆن)
نەك ماندوو حەسانەوەی لەش،
شادی کەوتە گیانمانەوە...
**کۆرس:** ماڵ ئاوایی..
هاتن بەسەر چاومانەوە..
**شیرین:** بەڵام داخێکی بە ئازار نرا بەناو دڵمانەوە
ڕەنگبێ مەستم کا تا دوایی..
ماڵ ئاوایی...
(مۆسیقایەکی گەرم)

**بەندی دووەم:**

**جەنگانی دڵ**

شوێن: ژوورێك لە تەلاری باوكی شیرین..

**شیرین:** لەم كاتەوە كە شەفم دی هەر دەنگ بوو

ڕووی ڕۆژ نەبوو، هەر ڕووناكی و پڕشنگ بوو..

ئەی پەری یەكەی دڵداری شۆخ و ڕەنگین

ئەی میهرەبانی بەسۆز، دۆستی دێرین..

لە شمشاڵی تیژگی نووری ئەستێران...

لەگەڵ كاروانی گوڵاو...

دەنگی ((شەڤی)) جادوكار..

پڕی گیانم كە، گیانێكی چاوەڕوان،

(ئەم پارچە گۆرانیە بە تەنیا ئەڵێ و ئەڵێتەوە، ئافرەتێ دێتە ژوورەوە).

**كەژێ:**

ئاغا كچی، پەڕەی گوڵ و گوڵاڵە

هەرچەن لەڕووی تۆدا زمانم لاڵە،

بەڵام پەستی، تەنكە تەمی، لەسەر

ڕووی مانگتا دیارە،

لەم ساتەدا، كە نیوەڕۆ دڵداری لێ جۆش داوە

چە جای تەمە، وا بە ڕووتا لكاوە؟

**شیرین:**

من لەبەردەم ئابدەی دڵدارییا

نوێژم ئەكرد، خەریك سەودای عەشقێك بووم

لە فاڵی خۆم، لەگەڵ ڕاز و عەشقێ بووم

كە، سەختیە (ئەنجامی)، خەمە و ئازار

خوا خۆی ئەزانێ، چۆن ئەبێ كاروبار..

**کەژێ:**

بۆچی ئەبێ دڵداری هەر ئەنجامی
ڕەچاو کرابێت، بە ئازار و ناکامی؟
خۆشەویستی: ڕایەڵێکە ئاوریشمین
فریشتەی پاکی دڵداری و پێك گەیین
ڕایئەکێشێ، لەنێوان دڵ و دڵی
کە هیوای پاك، نیازی چاك و
بەهەشتیان لێ هەڵقوڵێ

**شیرین:**

وا مانگێکە بە تەواوی شێواوم
گیانم، دڵم، هەناوم
چاوی نازدارێکن هەر لە گرینن
خەوم، خۆراکم، شادمانیم
باڵدارێکن،
لەدوا سنووری خەیاڵا لە فڕینن
تاکو بە جارێ دێتە دی ئاواتم،

**کەژێ:**

خەیاڵ نەبێ، لە بەهەشتا وا هاتم،
باڵدارەکەی ئاواتم..
ئەم باڵدارەم هەر ئاوازێك بخوێنێ
مزگێنییە.. و مزگێنی...
خۆت ئەزانی ((سالار))ی برام ئەبینی
چۆن لە دڵداری تۆدا دڵ بە گوڕە
هیوای (کە بۆی باس کردووم) هەموو تۆی
دڵی لە سۆزی دڵداریتا پڕە...
(تاوێك)

ڕای سپاردووم ـ پێت بڵێم ـ کە دێتە لات
نوێ کاتەوە بە تیژگی گەرمی نیگات:
سۆزی دڵ و هەستی لاوینی پاکی..

**شیرین:**

(بێ باکانە)
من لەبەردەم ئابدەی دڵداریدا
کە پرسیاری دواڕۆژی دڵم کرد.. وەڵامی ئاڵۆزاو بوو..
لە فاڵی خۆم گەیشتووم، سەرەنجامی
سەختیە و خەمەو ئازار
خوا خۆی ئەزانێ چۆن ئەبێ کاروبار !

**کەژێ:**

شازادەکەم،
هەرچەن بیرت ئەخوێنمەوە
هیچ تێ ناگەم...
نەوەك چیتر پەستت بکەم
ئەڕۆم، شازادەی بەختیار
گوڵی شادیت بۆ جێ دێڵم لە شوێنمەوە..

**سالار:**

(بێ باکانە دێتە ژوورەوە)
شیرین گیان، هاتووم، پێت بڵێم
ئەڕۆم بۆ شەڕ، ئەم ئێوارە

**کەژێ:**

(بە ترسەوە)
بۆچی، براله، چە هاوارە؟

**سالار:**

(بە شانازی و کەللە بەرزییەوە)

هۆزەکەمان
ناوادر لەناو گشت کوردستان
مێرگ و لەوەڕگای خاکەکەی
بە هێزی ڕۆڵە شێرەکەی، سوارچاکەکەی
ئەپارێزێ،
کێ ئەتوانێ لەم سەر کەژە شۆڕبێتەوە
پێ بنێتە هەوارگەیەك، یا هەویزێ؟
لەم خاکەی بە ڕۆڵەکانی سەری بەرز ئەبێتەوە
(کەژێ ئەڕوا)
شیرین...
شیرین...
ئەڕۆم، کوای کوا، دەنگ و ڕەنگت
ترسایت بڕۆم..
ناڕۆم خۆ من هەر لەلای تۆم
لەناو جەنگیش لێم وون نابی:
ئەم پرشنگی دوو چاوانە
ڕووناکی ئەم کوڵمە جوانە
تۆی هێزی بازوو و زەینم، تۆی
هەر تۆی دولبەر

**شیرین:**

هەروا ماوە هەرزەکاریت؟
بۆ پێم نالێی مەسەلەی شەڕ؟.

**سالار:**

چیتە لە شەڕ !
شەڕ هی سەرباز و سەرۆکە ئازاکانە
بۆچی سەرە بچکۆڵەکەت پڕ ئەکەی لەم ووتارانە:

وتاری شەڕ؟.

**شیرین:**

تەواو سەرۆك و سەربازی،

بە ئازایەتی ئەنازی

ئێمەیش لەلەو ژێر فەرمانین !

هیچیش لە دنیا نازانین !

**سالار:**

خۆ ئەزانم کچانی کورد

لەگەڵ جوانی و نازدارییان

ئارامگر و مەردن، ئازان

بیستوومانە زۆر شازادە و چەند دلێر

لە کچانمان هەڵ کەوتوون هەر وەکو شێر..

**شیرین:**

بەڵێ، ئاوایە کچی کورد...

ئەوە باس کە، گەر باسیت کرد،

ئەڵێی چی ئەگەر باوکم ڕێی دام

بە سواری (ماینی شێ)ی وەك تیر

بێمە مەیدان

جا ئەمبینی، چەند سوارت بۆ ئەگلێنم

لەسەر ئەسپا ڕای ئەفڕێنم...

(لەم قسانەدا ئەبن.. گوێمان لە دەنگی دەهۆڵ و هەرا و دەنگە دەنگ ئەبێ..)..

**سالار:**

ئەمە دەهۆڵە گرمانی...

ئیتر بۆ جەنگ، بەرەو مەیدان

ئەی قارەمانە ئازاکان...

بەندی سێیەم

شایی بەهار

لە کوردستانا

بەهار، بـەهاری کوردسـتان، سەرچـاوەیەکە بـۆ بـەهرە و جـوانی و بزووتنـەوە.. جیهانێکە بۆ جەژن و سەیران و شایی..

کیژ و ئافرەتەکان جلی سەوز و سووری ڕەنگاوڕەنگی ئاوریشمین ئەپۆشن و هەر یەکەی چەپکە گوڵێکی ڕەنگینی بەدەسەوە لە بەرەیەك ڕائەوەستن.

دیمەنی بـەهار ئەوەنـدەی تـر جـوان ئەکـەن.. وە لەبەرەیـەکی تـرا ((لاوان)) بـە جلوبـەرگی تـازەی نـەخش پیـا دوراوەو کلکەنگوچـکی سـپیان ناوەتـە سەرشـان.. بەرامبەر بەرەی تر ڕاوەستان:

**کۆرسی کچان:**

هەڵپەڕکێ و زەماوەند، هەڵپەڕکێ زەماوەن

دڵداران چەپکە گوڵ پێشکەشی دولبەر کەن

کوا سۆزی گۆرانی و ئاوازەی دڵداران

کوانێ دەنگی بلوێر

کوان کوڕان، لاوك و حەیرانان تێ هەڵکەن

بە دەنگی ساف و نێر

**کۆرسی کوڕان:**

هەڵپەڕکێ و زەماوەن هەڵپەڕکێ و زەماوەن

دولبەران ئاوریشمی سەوز و سوور لەبەرکەن

کوا قۆڵی نازداران

دەس گرین بۆ شایی..

شایی کەین، بشێلن بە پەنجەی نازەوە

سەوزە گیای میر گغزار

وەك سەڤی ئەستێران، بە وێنەی نەرگز جار

دەسرۆکەی سەوز و سوور

ڕاتەکێنن بۆ دوور

بلەرزێ شەمامەی سەر سنگان
بهەژێن بە بادی جادو بالاّ شەنگان
شایی یە و زەماوەن...
**کۆرسی کچان:**
بێن پەری زادە با دەس بگرین
بە کۆمەڵ، بۆ سەمای دلّداری و خەو بینین..
(سەما ئەگێڕن)
**یەکێك لە کوڕانەوە:**
خەڵکینە بڕوانن، ئەم دەشتە ڕەنگینە
لەم ڕۆژە شیرینە:
بەندێك و بۆ تەلیم چە کەسان نەیزانی
گوێ بگرن بوو بلّێم،
بەندێك و بۆ تەلیم، نە بەیتی خزالن
نە بەیتی میرییە و نە خەجێ ئیدە جوان، چاو کالّن
((کچێکی...
پەریزادە هەیە.. شیرینی ناوە...
ئەو شیرینە بالاّ بەرزە و دوو ئەستێرەی دوو چاوە
دەلّیی ڕۆژە و خۆی لە کانی ژیانا هەلّێناوە
ئەمان شیرین..
لە سەد دێی دوورەوە لای کوڕە بەگزادە و
ئاغا کوڕان ناسراوە..
گەلێ گەنجانی شۆخ و شەنگ، وەك هەنگ
هاتوون، بۆ وێ و لە سێبەری ئەوێ نازدارێ
هیچیان پێ نەبڕاوە..
ئەمان..
شیرین، چە شیرینی، ئەرێ ئەتۆ تەیری و هەر

لە فڕینی؟.. هەر لە ئاسمانی و ئەرزی ئەوێ
دڵانە نابینی؟ شیرین، تاقانەی بابی، کەس
یەك تۆسقاڵ دڵی ناشکێنێ.. و ئەمن بەخۆ دەڵێم
ئارەزووی بێ گیان وە بەر دەشت و دەران دێنێ..
ئەرێ..
.. ئەو کچەی کە شیرینی ناوە..
بەڵان هەزارانی وەکو من لە کاریا سەرسام ماوە
ئەوێ گەنج و گەوهەری جوانیەی بۆ کێ داناوە؟
ئەنگۆ نازانن کە ئەو بەڵەك چاوە !
جوانی و دەبدەبەی جوانانی بەلاوە ناوە،
دەڵێی ئەوە سەد ساڵە بە گڕی دڵدارییەوە
سووتاوە !!
بەڵان ئەنگۆ بپرسن چە دڵدارییەکە جوانی خۆی لە ڕێ داناوە؟
دەنگ و ئاوازی (شەڤ)ی گویندەی ناسراوە
ئەو شەفیی هەر دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە،
عەوداڵە لەو دێ، بۆ ئەو دێ بە شوێنیا
زۆر گەڕاوە...))
**کۆرسی کچان:** بێن کچان دەس بگرین
سەما کەین، بەیادی، جوانی و شەنگی شیرین
یەکێ لە کوڕەکان: (گوێمان لە دەنگی سمی وڵاخ ئەبێت لەکاتی ڕاکردنا)
دەسەسڕ ڕاتەکێنن، ئەوا سوارێ
خاك ئەپێچێتەوە، غار ئەدا، چە غارێ !
مەگەر هەر شاسوارێ، یا میری هۆزێك بێ
یاخوا بێ، بۆ ئاهەنگی ئێمە، یاخوا بێ..
ئەوەی بەندەکەی ئەووت:
((ئەو کچە جوانەی کە ناوی بوو شیرین

عەودالێك بوو، ئەگەڕا، دڵدارێك بوو شیرین
(دەنگی سمی ووڵاخەکە نزیکتر ئەبێتەوە)
عەشقی ڕاست حەرامە، بەڕاستی دوای شیرین
(دەردەکەوێ..)
چۆن ڕێك کەوت، کوڕینە ! ئا. ئەمەتانێ شیرین
**کۆرس:** چۆن ڕێك کەوت ! کوڕینە ، ئا ئەمەتانێ شیرین..
**شیرین:** پەریەکان.. ئەی پۆلی دڵداری و گوێندە
سەڵاوی شیرینتان پێشکەش بێت
ئەم دنیایە خۆشە، ئەم ژینە پەسندە
کە بە هیوای سەوز،
بە دڵداری پیرۆز
پڕشنگدار و گەش بێت
دە، توخوا، دەنگتان بێ
تینوەتی ماندوو بوونم بە ئێوە بشکێت
**کۆرسی کوڕان:** کچەکان، گوڵەکان، وا ڕۆژی باڵدارە
هەر باڵدار بە جۆشە و بە کولە بۆ بەهار
هەر ئەوە دڵداری پێشکەشی گول ئەکات
گوڵ لە ئەو فێر ئەبێ دڵداری،
جوانی گوڵ ئەخاتە گەشەوە
ئەیخاتە ورشەوە..
کۆرسی کچان: ئەمە بوو گۆرانی دەستەی لاو؟
ئای بلبل نابینن
ئەیخنکێنێ بەیان،
بە بەڵێنی گوڵاو..
**شیرین:** من بەدوای ئاگری عەشقەوە عەودالم
شەفییە دروودی سەر زار و نوێژم

ئای بۆ شەف دەنگەکەی
تەلیسمی بەهرەکەی !
لەگەڵیا نەمامی هیوای دڵ ئەنێژم،
لە بەستە و گۆرانی زێڕینی گەروویا
لە زەنگی ئاوازەی جادوویا
لە ڕووناکی دەنگی فریشتە ئاسایی
گوڵشەنێ ساز ئەدەم، هەر ساتە وەکو مەل
لەناویا بووژاوە و سەرمەست بم.. تا دوایی..
جوانی من چرایە بۆ ڕووناك کردنەوەی
گشت کونجی تاریکی..
دڵداریم هیوایە.. جوان ئەکا ناڕێکی
دەسا با باڵ بگرم، دەسا دەی
**یەکێك:** بۆ کوێ ئۆغر ئەکەی؟
شیرین بۆ لای شەف... (هەی لە ولاخەکەی ئەکات)
یا ئەڵڵا هەی..
**کۆرسی کچان:** وا ئێمەیش دێین
لە دواوەی تۆین
(شیرین ئەڕوا)
**کۆرس بە تێکڕایی:** شادی، شادی گوڵاوەکەی
بەختیاری، شێوە و مانا تەواوەکەی
ناتوانێ مرۆ گوڵاوی لێ هەڵمژێ
ئەگەر دڵی خاڵی بێ لە ((خۆشەویستی))..
ئینجا سەلاو لەم دڵانە..
لەم دولبەر و دڵدارانە
کەوا شادی خۆشەویستین
ئەزانن مانا و نرخی ژین..

**سالار:** (بەهەشتاوە وە بەژوور ئەکەوێ..)

سەڵاو، سەڵاو

سەڵاوی ڕێبواری ماندوو

لە دەستەی کیژ و لاو

ئەی قەومی هونەر و پەری خۆشی و ئاهەنگ

نەتاندیوە شیرینی شەنگ؟

وێڵە بە دەشت و کێوانا...

**کۆرس:** وا، ڕۆیی، نایگەیتێ

وا ڕۆیی بە سواری ماینی شێ

**سالار:** من وا مردووم، ئێوە بڵێن نەیگەمێ؟

من شەڕم کرد، بۆ چاوی ئەو..

بۆ ڕواڵەت و ناوی ئەو

سەرکەوتنێکم کەوتە دەس،

بە سەد کەنیزەی دیل کراو

بە سەد گەنجینەی مۆر دراو

نایە نرخی،

ئەو بوو هێزم، هێزی بازوو

وا بۆ کوێ چوو؟..

ئەڕۆم هەتاکو ئەیگەمێ..

(ئەڕوا)

**کۆرس:** با ئاهەنگەکە تەواو کەین

شەف ئاگادار کەین، مزگێنی با بۆ ببەین.

(ئەڕۆن)

## بەندی چوارەم
## ژوانی ڕەنجەڕۆیی

**دیمەن: نزارێك لە چیا..**

**لەم دیمەنەدا کۆرس دەرناکەوێ تا دواجار**

**شەفی:** ((تەنیا))

چە هەستێکە، داوی ڕەشی لە بوونم دا سەر ئەبزێوێ
بوونم بە جارێ دێتە دووی،
ئامادەیە بۆ هەلکەنان،
گیانی زامدار ئە ئاخێوێ.
(دوور نییە ئەم مەلی گیانە)
لەناو هەیکەلی دڕکاوی بفڕێ، بفڕێ
بۆ بەرزیەتی، بۆ مانەوە..
بۆ بارکردن لە ئازاری
لەش، بۆ شوێنی حەسانەوە...
چە هەستێکە، موچڕکێکە
لەشم دێنێتە لەرزە لەرز
سێبەری مەرگ.. ئەمخاتە تەلانێکی بەرز
تا بڕوانم بۆ ناو گۆمێك: ڕەشو شلّەقاو
گۆمی خەم و خوێن و قوڕاو،
دەسێکم لە مل ئالاّوە، توند ئەیگووشێ
دووکەلّی گریان لە گەرووما ئەدۆشێ،
بەلاّم هەرگیز بەو تەمایە
فرمێسك لە چاوم نایە،
لە دەس مردن داد ناکەم، چونکە ناترسم
بەلاّم دایکە، ئەیپرسم،
تاکو ژیاوم، نەم دی گولّێ

بۆ دڵم گۆرانی بڵێ..
نەم ئەزانی: من کێم؟ من چیم، لەم ژیانە
ـ کە جێی وێڵ و سەرسامانە ـ
سەد بلبل لە تەلەسمیا، زمان لاڵە
ئەسپی بیر لە مەیدانا
سمی کول و پێ لە چاڵە،
ئابدەی جوانانم دانا
بە گۆرانی
کڕنوشم برد، بۆ بەردەم پەیکەری جوانان
لەناویانا، سەر سامانە:ـ
ئەو چرپەیەی (دڵم) کە گوێی بۆ هەڵئەخست
سەد جار شکاوەو هەر نەیبیست
بۆچی نەگریم؟
بۆ نەیڕژێنم، مەی بەهرە و فەڕ؟
هەڵنەکەنم پەڕی بلبل؟
بۆ نەشکێنم هەموو ئامرازی ئاوازدار؟
**کۆرس:** (بە ئاوازێکی خەمینەوە)
لە تەنهایی و خەمباریا، وا دڵێك پڕ جوانی و بەهرە
وەکو مۆمێك داگیرساوە
ئەسوتێ، ئەڕژێ فرمێسکی ئاگرینی
ـ دڵێکی بە کوڵ و گەورە ! ـ
داخەکەم کەس ناکا شینێ..
**شەفی:** با بسووتێ ئەو دڵەی وەکو دار بەڕوو
هەتاکو ئێستا مانگێك بوو، وا خەریکە لێی دا کەڕوو
با بسووتێ بە ئاگری دەروونی کەیل
هاوارێ بەرن بۆ پەری شاهی جوانی

وا ئەو کەسەی جوانی ئەووت.. جوانی ئەڕشت

جوان بوو گیانی !..

وا لە ژینا ڕێی وون کرد و نەی دۆزیەوە

ڕزگاری بوو، لەو مەستکەرەی خواردبوویەوە

**کۆرس:** بۆچی ئەکەوێتە ناڵە

(هەنگ) بێتە ژوانی گوڵاڵە؟

**شەفی:** داخەکەم.. کوا دڵی بەتاو؟!

هەنگ ئەمرێنێ بۆنی گوڵاو..

کەی ((کافر)) بەهەشتی جێیە؟

ئەی مەلانی میهرەبانی

هەرچەندە موژدەتان پێیە..

**کۆرس:** بەڵێ موژدەمان هێناوە..

موژدەی ژوانێك کە بەهەشتێکە و تەواوە..

(یەك دوو جار ئەمە ئەڵێنەوە)

**شەفی:** ئاخ.. چۆن گوڵێك خۆی داناوە، بیبینم

تا سەر گۆرانی ژیانێکی جاویدانی بۆ بخوێنم

ئەمە وایە؟

**کۆرس:** قەدەر وایە..

ئەمڕۆژە، ڕۆژی ژوانە

ڕۆژی ئاهەنگ و سەمایە...

**شیرین:** (لەم کاتەدا، بەهەشتاو بەژوور ئەکەوێ)

ئەمڕۆژە، ڕۆژی ژوانە

ڕۆژی ئاهەنگ و سەمایە

جەژنی بەختیاری دوانە...

سا ببێژن نەغمەی شادی

- مەلانی دنیای ئازادی -

**کۆرس:** هەر ئەبێژین، شادی ئەڵێین
ئەشۆرێنین خەمی دڵان
چە هی گوڵان، یا بلبلان
**شیرین:** شەڤ بانگ کەن، با بێ، ڕاکا
لە ئاست فریشتەی پێك گەیین سنگ واڵاکا
با بێت، ڕایەڵی ڕاکێشێ
ڕایەڵی دڵداری و ئەوین.
**کۆرس:** نازدار، شیرین،
لە دوا هەزاران دیوارا
لە دوا حەوشە و قەڵا و پەرژین
دڵان ئەبینێ فریشتە..
**شیرین:** کەوابێ، ئێرە، بەهەشتە
کۆرس: بەهەشتە ! بۆچی ناڕوانی؟
وا شەڤ، وەستاوە، لەوێ
ئەوە، وا داخ بووە گیانی !؟
**شیرین:** (بە واق وڕمانەوە)
تۆی.. شەڤ؟
**شەڤ:** بەڵێ
**شیرین:** تۆی شەڤ؟ تۆی؟ خاکم وەسەر
شەیتانە من ئەترسێنێ
وا دڵم دائەخورپێنێ
ئەگینا تۆ کەی (شەڤ) بووی، هەی خاك بەسەر؟
منم شەڤیی بێکەس، خەمبار...
تۆ شیرینیت؟
هەیڕۆ هاوار
تۆ کێی؟ من کێم؟.. مەرگی ڕەنگین

جوانیم به لەعنەت کردووە
بەڵام مردن هەر تۆ جوانی
وەرە ئەی باڵداری ڕەنگین،
ئەی پەڕ و باڵ ئاسنی قورس
ئەی چاو وەکو گۆمێك برین
ئەی مەرگی هاوڕێ..
خێرا، بێ..
ئا، بێ با دوا ئاوازەی دڵ
هەڵڕێژم، زۆر گەرم و بە کوڵ
دوابەند.. دوا ئاواز.. دوا نەغمە
بڕژێ لە ئاوەڕۆی گەروو، بۆ ئەم دەمە
بچێتە بەر گوێی نازدارێ
خەیاڵدارێ..
دە، گوێت لێ بێ ((ئاوازەی مەرگ))
**شیرین:** بڕوا ناکەم.. هەرگیز، هەرگیز
شەیتانە پێی گۆڕیوی بەرگ
**شەفی:** شەفیی دوژمن
دەم گوت: من و دولبەر گرتن
ئاسمانم پێ پێ دەکەنێ
ئەرێ شایانی دڵی نیم...
درنجم؟ ئادەمیم؟ یا چیم؟
(تاوێك..)
(ڕوو لە شیرین ئەکات بە نەرمییەوە)
لە ڕێی خوا.. یەك زەردەخەنە
یەك نیگای چاوی پڕ لە سۆز
گەرمتر لە ڕۆژی نەورۆز

خۆشتر لە دەنگ و گۆرانی
با بلێم ((ئەوە بۆ منە !))
پێی ڕەنگین کەم ناهومێدیم...
**کۆرس:** (بە ئاوازێکی نازکەوە)
ئەبینی، ئافرەت.. هێزێکە لە پاکی
تەم و تاری دڵ ئەکاتە ڕووناکی؟!
**شەڤ:** .. ئامان .. شیرین
من نە شاهم، نە بەگزادەم..
من نە میرم، نە نۆکەری
نە سەرکردەم لە لەشکری
تا بێمە سەودای جوانیت
من خۆم و خۆم و داری دەنگ
کە گەڵای داری ژینی پێ ئەوەرێنم
لە زۆرداریش ڕانەماوم
بلێم من گوڵان ئەڕفێنم
خۆم و دەنگم:-
دراوم، شیرم،
بۆ مامڵەت و ڕۆژی جەنگم؟
**شیرین:** کوڕەی قەس خۆش.. توخوا کێی؟
تۆ شەڤ نیت.. بۆ پێم ناڵێی؟
شەڤ: منیش ناڵێم، کێم و کێ نیم !
شەڤ چۆن ئەناسیتەوە؟
**شیرین:** هەر بە دەنگی،
**شەڤ:** ئەی بە ڕەنگی؟
**شیرین:** بە ڕەنگ نەمدیوە.. بەڵام من
ئافرەتێکم سەربەست و پاک

مەستی دڵداری و هونەر و بەهرەی جوان
دڵداری باڵدار و گوڵان
بەڵێنم داوە شوو نەکەم
هەر بۆ شەڤی دەنگ خۆش ماڵ بم..
**شەڤی:** قەت وا نەبێ؟ هەی. ڕۆ. لاڵ بم
کەوابێ، هەر منم شەڤی
گوێ لە گۆرانیم ڕاگرە،
وا بۆت ئەڵێم هەتا دوایی:
گۆرانی مەرگ، ماڵ ئاوایی..
(گۆرانییەکە ئەڵێ)
**شیرین:** تۆ شەڤییت من شیرین نیم !
**شەڤی:** ئاخ چی تر بە تەمای تۆ نیم،
وا ئەڕۆم، ئیتر ماڵ ئاوا
با گیان دەربێنم لە گێژا، لە گەرداوا،
با نەهەژێ کۆڵەکەی بوون
بوونی ناقوڵای پڕ فسون
(شیرین فرمێسك بەر ئەداتەوە)
با نەگەچلێ، ئەم دوو چاوە، ئەستێرانە..
**شیرین:** مردنم لا خۆشە، گیانە
خۆڵەمێشی دڵداریمان
دە کوێرە کا ئەم چاوانە..
توخوا مەڕۆ، با هەر پایەدار بێ دەنگت
**شەڤی:** چارەنووسە
وادەی گیانی ئازیزانە،
من هەر ئەڕۆم
با فرمێسك چاوت نەبرژێنێتەوە !

تۆ بووی قەدری منت زانی
ناوبانگت دام لە کوردستان
هەر لە گەرمێن، تا کوێستانێ..
من با بمرم..
دلۆپ.. دلۆپ. ئاوی هیوا
تالێی مردنی تێ خێوا...
ژین کز بوو، ئەکوژێمەوە
تا ئەمرم و نایێمەوە
بەڵام ئاواتمە.. ئیمڕۆ:
خۆزگە ئەمتوانی دەنگەکەم
دەرهێنم و بیکەم پێشکەش
وەك هوزارێ بۆت بخوێنێ
نوی کاتەوە یادگاری ڕەش
ئەو بخوێنێ: سەردولکەی مەرگەساتی ((شەف))
لەدوای خۆم کێ بێ بۆم بگری
شمشال، کەمان.. دەهۆڵ.. و دەف
(ئەڕوا.. شیرین بۆی ئەچێ)
(شەڤ پشتاوپشت و ڕوو لە شیرین وەرناگێڕێ ئەڕوا بێ
ئاگا لە دار و بەرد و هەڵدێری چیا !)
**شیرین:** (بە گریانەوە)
شەڤ. شەڤ
شەڤ مەڕۆ.. خۆ من ئەڕۆم
بۆچی من ئیزرایلی تۆم؟..
**کۆرس:** (هی پیاو و ژنان تێکڕایی دێنە سەر شانۆ)
هونەر وەرێ، تروسکەی شادی کوژایەوە
با بگری، باڵداران هەموو لە دوایەوە

شیرین تا ماوە هەڵبڵێ،
بە جوانی دەنگە سازەکەی.
هەر لە گوێی کردگارا بێ
بەهرە و دەنگ و ئاوازەکەی...
شیرین هات و گەڕایەوە...
گەڕایەوە...

# ئامۆژگاری

## محەمەد ئەمین کاردۆخی

ئەم ئامۆژگاری یەم لە فارسی یەوە، بەدەست کاریکی کەم کردم بە کوردی دوایی داوایان لیّ کردم بیگۆڕم بە جۆرێك کە بۆ ( چیرۆکی شانۆگەری) دەست بدات لەبەر ئەوە بەم جۆرەی خوارەوە لیّ هات:

شوێن: پۆلی شەشەمی قوتابخانەیەکی سەرەتایی

وانە: ئامۆژگاری

### قوتابی یەکەم: بە مامۆستاکەی

مامۆستای بەڕێز، خۆ سووتێن وەك مۆم

تۆی لە جیّ ی باوکم، من قوتابی تۆم

تکات لیّ ئەکەم، خاترداریم کەی

وەك باوکی دڵسۆز، ئامۆژگاریم کەی

هەتا بزانم ، چۆن هەستم ، چی بکەم؟؟

کام شت خراپە؟ تا ئیتر نەی کەم

### مامۆستا

کوڕی ژیری کورد بەنرختر لە گیان

ببیسە و بگرە، ئامۆژگاری جوان

بەم ئامۆژگاری یە خۆشی تۆم ئەویّ

دڵی ی بدەریّ، تا لیّت نەشێویّ

بە ( بەیانیان) زوو هەڵسە لەخەو

شەبەق ڕاپەرە، وەك کۆتر و کەو

تا گورج و گۆڵ بی، بە هەوای بەیان
گیانت تێ بگا، لە خۆشی ی ژیان
کە هەڵسای ، برۆ، بۆ سەرچاوەی ئاو
بیشۆ، روومەت و، دەست و پێت تەواو
دەست جوان بشۆ، دەموچاو زۆر پاك
بە سابوونی باش، باشترە و زۆر چاك
ئەمجا بە خاولی بسڕە روومەتت
سەرت شانەکەو، رێکخە، هەیئەتت
با پاك بێ دایم، ناو گۆی و گەردنت
مەهێڵە پیس بێ، هەتا مردنت
تا دانیشتوانی مەجلس گرتنت
نەبینن، چڵکی ناو گۆی و گەردنت
هەر کەس تەماشای ، رێکی و پاکیت کا
دەرك بە زانین و ژیری تۆ ، ئەبا
دەمو دان شۆرین پاکی مەبەسە
تا پاك ببینرێت، لە کاتی قسە
کراسی شۆراو ، جوان و توودراو
قاتێکی بێ گەرد، قوندرەی بۆیە کراو
لە ( بەرو ، پێ یان کە) بیان پارێزە
منداڵی خاوین، لای خەڵق ئازیزە
جل هەتا پاك بێ، بۆ خۆت چاکترە
( پلەی ناو هاوڕێت)، بەرزو پترە
لەبەر ئاوێنە خۆت رێك و خۆش کە
شادو روو خۆش بە، خەم فەرامۆش کە

له ( نەرمو زبڕ)، هەرچی ئەپۆشی

ئەبێ بۆ ( پاكی ) زورتر تێكۆشی

گەر هەوریشم بێ جلت، یاخۆ شاڵ

كە پاك بوو جوان، لەهەر وەختو ساڵ

پاش ئەوە كە مامۆستا لەم ئامۆژگاریانە بووەوە قوتابیكی تر هەڵ ئەستی بەم جۆرە گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستاكەی ئەكات:-

**قوتابی دووەم:- بە مامۆستاكەی**

مامۆستای بەڕێز، رووناكی چاوم

بۆ ئامۆژیت، تەواو داماوم

تكات لێ ئەكەم( ئادابی كۆمەڵ)

( ئادابی نان و، رێگا و پەلەپەل)

چۆنە و چۆن نیە باسی كەی بۆمان

بەڵكو ژیر ببین ئێمەش بۆ خۆمان

چۆن رێزیان بگرین ( باوك و دایكمان)؟

چی بكەین، هەتا، رازی بن لێمان؟

**مامۆستا:**

پاك مەكە، ناو گوێ و لوتت بە پەنجە

لەبەر چاوی خەڵق، شوورەییو، ڕەنجە

دان ئاژن مەكە، هەم نینۆك مەبڕە

لەناو كۆمەڵدا، ئەدەب ڕاگرە

كاتی ی پێ كەنین، یا شادی و خۆشی

( دەم زۆر مەكەوە) ، ئەگمەر بەهۆشی

( باوێشك) بۆ مەجلیس ، شورەییو شەرمە
وریا و زانا بە ، تا خوێنت گەرمە
دانیشتنی کاتێ لەسەر سفرەی نان
ژیرانەن بخۆ، ئامان سەد ئامان
لەو چێشتە بخۆ لە نزیکتایە
بەم لاو ، بەولادا، دەست مەخە کایە
کەم بخۆی چاکە و نەگری ، تیکەی زل
عەیبە، گەر پیس کەی، مێزو کورسی و جل
رێزی باوکت و دایکت بگرە زۆر
ئەگەر نەی گری، شێتی و ، بێ شعور
لەوتەی باوکو دایکت دەرمەچۆ
بۆ خۆشی ژینیان ، بەدڵ خەم بخۆ
گەر لێت رازی بن، ئەوان هەتا سەر
لێت رازی ئەبن، خواو پێغەمبەر
لەماڵ دەرئەچی، وەختی بۆ مەکتەب
ژیرو هۆشیاربە، هێمن و ئەدەب
لەسەر جادەکان خێرا راناکەی
بە ( شەڕە جنێو)، خۆت ریسوا نەکەی
بەرد، نەهاوێژی، شەق لەشت نەدەی
رەفیقی شێت و بێ حەیا نەکەی
تا ژیرو پاك و، ئەدەب پەرستی
لەبەر چاوی خەڵق، دووری لەپەستی
لەخوێندن گادا، روو خۆش بەو ئارام
بە( خوێندن و هەوڵ) ئەگەیتە مەرام

گۆی بگرە، بۆ دەرس، بەدیقەت و هۆش

ئەرکی مەکتەبت ، مەکە فەرامۆش

مامۆستا دەرسی لەدەم هاتەدەر

دڵی بدەرێ گورج بیکەرە بەر

ئەمەش بزانە مامۆستای دڵسۆز

لەجێ ی باوکتە، بەرێزە، پیرۆز

ئەبێ هەمیشە، رێزی راگری

فەرمودە و دەرسی ، زوو لەگۆێ گری

پاش ئەمە کە مامۆستا لەم ئامۆژگاریانە بوەوە، قوتابیکی تر هەڵ ئەسێت بەم جۆرە گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستاکەی ئەکات:

**قوتابی سێیەم: بەمامۆستاکەی:ـ**

توخوا مامۆستا ( ئادابی زمان)

چۆنەو چۆن نیە بۆم بکە بەیان

رەفیقی کێ کەین، چاکە بۆ ژیان

تێمان گەینە تا نەکەین زیان

**مامۆستا:**

کەم بڵێ و، هەرچی ئەزانی

چاکە بێ دەنگ بی، هەتا ئەتوانی

چەند کەس سەربڕان هەر لەسەر زبان

( نوختەیان) بەینە( زیان) و ( زبان)

قسە ئەوەندە پێویستە بکەی

ئیشت ڕاپەڕێ و هیچ زیان نەکەی

دڵی شێت دایم، وا لەسەر زمان

( ژێر) زمانی خۆی، لەدڵ کرد پەنهان

ڕاست و راست گۆبە، بازەرەریش کەی

تۆ بەراست گۆیی، شوێنی بەرز ئەبەی

تا پێشەی تۆیە، راستی و راست وتن

بۆ ئامانج ئەرۆی، بەرەو پێشکەوتن

بە، درۆزن وترا، ( ڕوو ڕەش دەبڕۆ)

تویش بیرکەرەوە ، قەت مەکە ( درۆ)

بلێ تا ماوم ، ڕاستی پێشمە

دەرختی ڕاستی، ڕەگ و ڕیشمە

گەر زمان فێری ، جنێو، بوو، رۆڵە

بڕینی چاکە و ، شوێنی ئەو ( خۆڵە)

لەگەرمەی قسەی یەکێکی ترا

تۆ قسەمەکە ، عەیبە، ئەی برا

لە باسی خەڵقی، زمانت بگرە

لە خراپەوتن، زوو دەس هەڵگرە

ڕێ ی( پیاو خراپ) ، مەدە بێتەلات

بەکردەوەی ( بەد) ئابروت ئەبات

بوی بە ڕەفیقی سوپلە و سەرسەری

ببی بە ( لقمان) ئەمجا هەر کەری

لەگەڵ پیاو چاکان هەڵسە و دانیشە

( خووی چاکی ئەوان) بکە بە پێشە

سەیری (لەولاو ) کە، تا وا لە ئەرزا
زۆر ناشیرینە، بێ هێز لە تەرزا
وەختێ، رەعێقی کرد لەگەڵ ( چنار)
جوان و سەر بەرزە، وەك( سەروی بەهار)

**قوتابی چوارەم: بەمامۆستاکەی:ـ**

مامۆستای بەرێز زانا و توانا
چی بکەم چاکە، من لە ژیانا؟
بە ئامۆژگاریت، تۆ بمکە خەڵات
تا پەیرەویت کەم لەگشت وەخت و کات

**مامۆستا**

لە عومری گەنجیت سەرف کە چەند ساڵ
بۆ شت فێربوون و خوێندن و کەماڵ
تا دوا رۆژی، زەمانی پیری
بە ژینی تاڵی و کەساسی نەمری
بێ ( پێشەو خوێندن)، مانگێ نەك ساڵی
ناژیت بەخۆشی ی، لە هیچ مەحاڵێ
گەر پێشە و ئیشێ بۆ خۆت نەزانی
زەحمەت ئەبینی، لە زیندگانی
( پزیشك ، فەلایی، وێنە ، هندسە)
کامیان باشە لات، کامەت مەبەسە
بیکە و فێری بە و ، لەسەری برۆ
بەقسەی تەمەڵ مەبە دەستخەرۆ

یەك سنعەت باشە بەتاقی تەنیا

نەوەك ئیشی زۆر، بەجیا جیا

یەك سنعەت فێری بی، چاك تیا سەركەوت

چاترە، لە ئیشی زۆرو لەندو چەوت

هەر كەسە قەدری وەختی خۆی زانی

رێز و سامانی ، بر د بە ئاسانی

شتێك گوم ببیّ لەدەست بێتەوە

ئەتوانی دیسان پەیدای كەیتەوە

جگە لەوەخت و سەعاتی تەمەن

ناگەڕێتەوە رۆژانی ( زەمەن)

هیچ هێزێك نیە، دەستی خاتەوە

( هەلی لەكیس چووت)، پیّ بداتەوە

ئەگەر ( گەوهەریّ) لەدەستت گوم بوو

بەچرای رووناكی هەل ئەیدۆزی زوو

بەلاّم ئەگەر( هەل) دەرپەری لەدەس

بەهەزار ( گەوهەر) ، نایتۆ بۆ كەس

چویتە ناو جێگە، بۆ نووستن هەر شەو

بیر بكەرەوە، تا ئەچیتە خەو

سەیركە، ئەو رۆژە تۆ چیت كردوە

( لەكاسبی و فێربوون)، چەندت بردوە

چاكە و خراپەو، سوودو زیانت

وتە و مامەڵە و ، ئیشی ژیانت

سەر حسێبی بەو، لیّ ی وردبەرەوە

چاكە و خراپەی جیاكەرەوە

گەر چاکە و سوود و زاانست زۆرترە

ژینی خۆش بەختیت، سەرکەوتووترە

ئەو رۆژەی کەوا ( بەبێ کار ماوی)

لەلاپەرەی ژین، مەنووسە ناوی

هەر رۆژانە لە ژینت کە بێ ئیش بووە

عومری ئەو رۆژەت بە فیرۆ چووە

# سەرچاوەكان

**یەكەم: بەزمانی كوردی**

**أ. كتێب:**


١. ا. ب. هەوری، بەرهەمی خەبات، چاپخانەی نەجاح ، بەغدا۔ عێراق ١٩٥٩ .

٢. ئەحمەد سالار ، هونەر و ژیان، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ۔ كوردستانی عێراق، ٢٠٠٥.

٣. ئەحمەد سالار، كورسی و بەها درامیەكان،دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، چاپی یەكەم، سلێمانی ۔ كوردستانی عێراق، ٢٠٠٩.

٤. ئەحمەد سالار ، دەروازەی دراما، بەرگی یەكەم و دووەم،، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر ۔ كوردستانی عێراق، ٢٠٠٧.

٥. ئەحمەد قەرەنی، شیعری فێركردن لە ئەدەبی كوردیدا۔ نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر ۔ كوردستانی عێراق، ٢٠٠٧.

٦. ئەرستۆ، هونەری شیعر، و: عەزیز گەردی، چاپخانەی گەنج ، سلێمانی ۔ كوردستانی عێراق، ٢٠٠٤.

٧. ئەفلاتوون، كۆمار، و: سۆران عومەر مامە ۔ ڕێبوار قارەمانی ۔ مەهدی حەسەن چۆمان، دەزگای وەرگێڕان ، هەولێر ۔ كوردستانی عێراق، ٢٠٠٦.

٨. ئیمۆجن هاڵست، ئەلفبێیەكی موزیك، و: ع. ج. سەگرمە، ئینستیوتی كەلەوپووری كورد، چاپی یەكەم، سلێمانی ۔ كوردستانی عێراق، ٢٠٠٥.

٩. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، كاریگەریی كەلەپووری كوردیی لە شانۆی كوردیدا، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر ۔ كوردستانی عێراق، ٢٠٠١.

١٠. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری كوردی (١٨٥١–١٩٢١)، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر ۔ كوردستانی عێراق، ٢٠٠٦.

١١. بوکنەر ب. تراویك، مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی، و: حەمەکەریم عارف، بەرگی یەکەم،دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٨.

١٢. بروس کوهین، سەرەتایەك بۆ کۆمەڵناسی، و: هێمن شەریف، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠١٠.

١٣. پەروین عەبدوڵڵا، رەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٨.

١٤. پیتەر هالبێرك و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠١٠.

١٥. تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، شاکارا ئەحمەدێ خانی،دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥.

١٦. تەحسین چیچۆ و شێززاد قادر، هەولێر ـ لە یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێردا، چاپخانەی علاو ١٩٨٥.

١٧. جەواد حەمەد بەگ، مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شانۆو دراما لەکۆیە( ١٩٣١–٢٠٠٧)، دەزگای موزیك و کەلەپووری کوردی، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧.

١٨. جۆرج لوکاچ، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی سەرهەڵدانی رۆمانی مێژوویی ،و: بەختیار سەجادی، (نفیسار) کۆمەڵێك بابەتی تیۆری، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤.

١٩. حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، بەرگی یەکەم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان ، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥.

٢٠. حەمەکەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد دوای راپەڕین، بەرگی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧.

٢١. حەمە کەریم هەورامی، درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠١.

٢٢. حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، دار افاق عربیە للصحافە و النشر، بەغدا ـ عێراق ١٩٨٥.
٢٣. حەمە حەمەئەمین قادر( کاکەی فەللاح)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی حیسام، بەغدا- عێراق ١٩٨٠.
٢٤. حەیدەر عەبدولرەحمان ، چەپکێ رەخنەی شانۆیی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧.
٢٥. حەسەن جاف، چیرۆکی نوێی کوردی، بەغدا- عێراق ١٩٨٥.
٢٦. د. حوسێن وەحیدی، سروود و گاتاکانی زەردەشت، و: وریا قانیع، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦.
٢٧. د.حوسێن ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥.
٢٨. خورشید رەشید ئەحمەد، رێبازی رۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا، مگبعە الجاحڤ، بەغدا- عێراق ١٩٨٩.
٢٩. دلێر ئیبراهیم ، تیۆری مۆسیقا، چاپی دووەم ، چاپخانەی خاك ، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٣.
٣٠. دڵشاد عەلی، دیلانی شاعیر و ئازادیخواز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا- عێراق ١٩٨١.
٣١. دیوانی بێکەس، ئا: محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، چاپخانەی (الّدیب)، بەغدا ـ عێراق ١٩٨٠.
٣٢. دیوانی سەلام، ئا: ئومێد کاکەرەش، چاپی دووەم، چاپخانەی ( الحوادپ)، بەغدا ـ عێراق ١٩٩٠.
٣٣. دیوانی شێخ نوری شێخ ساڵح، ئازاد عەبدولواحید، بەرگی یەکەم، چاپی دووەمی بژارکراو، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٨.
٣٤. دیوانی عەلی بەردەشانی، ئا: مامۆستا زیاد محەمەد ئەمین،ئینستیوتی کەلەپوری کورد(٣٦)، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦.

٣٥. دیوانی قانع، کۆکردنەوەی: بورهان قانع، چاپی شەشەم، چاپخانەی دالاهو، ٢٠٠٥.
٣٦. دیوانی فانی، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی: کمال میراودەلی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕاپەرین. سلێمانی ١٩٧٥.
٣٧. دیوانی کاردۆخی، محەمەد ئەمین کاردۆخی، دار الحریە للگباعە، چاپی یەکەم، بەغدا - عێراق ١٩٧٨.
٣٨. دیوانی گۆران ، چاپی دووەم ، بڵاوکراوەی پانیز– تەهران، ١٣٨٥.
٣٩. دیوانی مەحوی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی: ملا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کریم، چاپی یەکەم، ئینتشاراتی کردستان، ٢٠٠٣.
٤٠. دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپی سێیەم، انتشاراتی کردستان، سنندج، ١٣٨٣.
٤١. ڕەفیق حلمی ، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ، مگبعە التعلیم العالی ،اربیل ١٩٨٨.
٤٢. ڕەزا سەید حسێنی،قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حەمەکەریم عارف، دەزگا توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.
٤٣. د. رفیق سابیر، کولتور و ناسیۆنالیزم، مەڵبەندی کوردۆلۆچی، چاپی سێیەم ، سلێمانی - کوردستانی عێراق، ٢٠٠٨.
٤٤. رفعت رجب جمال، بزاڤا شانۆیێ ل دهۆکێ (١٩٣٠–٢٠٠٦)، چاپخانا هاوار، دهۆك - کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧.
٤٥. زەکی ئەحمەد هەناری، دوارۆژی دەئاکی زۆردار، چاپخانەی مەعارف، بەغدا - عێراق ١٩٦٠.
٤٦. زاهیر ڕۆژبەیانی، شیعرییەت لەدەرەوی شیعر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر - کوردستانی عێراق، ٢٠٠٨.
٤٧. زۆزان صادق تروانشی، چیرۆکە شیعرا کوردی، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك - کوردستانی عێراق، ٢٠٠٨.
٤٨. زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی، لێژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤.

٤٩. ژان پۆل سارتر، ئەدەب چییە؟، و: مستەفا غەفوور، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٩.
٥٠. سەباح ئیسماعیل، چەمك و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٩.
٥١. سابیر رەشید، رۆمانی کوردی ـ خوێندنەوە و پرسیار، بەشی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧.
٥٢. سەعدوڵڵا ئیسماعیل شێخانی، سێ سەد هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ( الحوادپ) ، بەغدا ـ عێراق ١٩٩٠.
٥٣. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا(١٩٧٠–١٩٩١) ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤.
٥٤. سەرجەم بەرهەمی شاکر فەتاح، کۆکردنەوەو رێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤.
٥٥. سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، بنیاتی گێڕانەوە لەداستانی(مەم وزین)ی ئەحمەدی خانی و رۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی دا، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٩.
٥٦. شەرمین ئیبراهیم عەزیز، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦.
٥٧. د. شوکریە رەسوڵ، ئەدەبی کوردی وهونەرەکانی ئەدەب، مگابع التعلیم العالی ـ اربیل، ١٩٨٩ .
٥٨. د. شوکریە رەسوڵ ئیبراهیم، ئەدەبی فۆلکلوری کوردی، بەشی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٤.
٥٩. شێرکۆ بێکەس ، کاوەی ئاسنگەر ، پێشەکی و لێکۆڵینەوە: د. احسان فۆاد، چاپخانەی راپەرین ـ سلێمانی، ١٩٧٦.

٦٠. عەتا قەرەداخی، گەڕان بەدوای ناسنامەدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠١.
٦١. عبدالصمد اسلام گه‌، ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا(١٩٣٢–١٩٤٣)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٢.
٦٢. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، سەرەتاکانی هەستی نەتەوایەتی کورد لە مێژووی نوێدا، و: سەلاح عومەر، دەزگای وەرگێران ، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦.
٦٣. عەبدولرەزاق محەمەد، شانۆی کوردستان، چاپخانەی صلاح الدین، بەغدا ـ عێراق ١٩٦١.
٦٤. عەبدولقادر محەمەد ئەمین، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردیدا، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٢.
٦٥. علاو الدین سجادی، کوردواری، چاپخانەی مەعارف، بەغداـ عێراق ١٩٧٤.
٦٦. علائەدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، بەغدا ـ عێراق ١٩٥٢.
٦٧. عومەر میراودەلی، زمانی دەق، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٨.
٦٨. عوسمان دەشتی، هێمن ـ دەربارەی ناوەرۆکی سیاسی وکۆمەڵایەتی شیعرەکانی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤.
٦٩. غەمگین فرج، دەروازەیەك بۆ نۆتەکانی موزیك، زنجیرە کتێبی ئینستیوتی کەلەپووری کوردستان (٢) ، چاپی یەکەم ، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥.
٧٠. د. فەرهاد پیربالْ، مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەکۆنەوە تا ١٩٥٧، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠١.
٧١. د. فەرهاد پیربالْ، عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری ـ تازەکردنەوەی شیعری کوردی و داهێنانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٢.

٧٢. فەرهاد پیربال، شیعری نوێی کوردی ١٨٩٨–١٩٥٨، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥.
٧٣. فەرهاد پیربال، وێستگەکانی تازەبوونەوەی شیعری تورکی، ئامادەکردن و وەرگێران، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، هەولێر٢٠٠٨.
٧٤. کامەران سوبحان، فەرهەنگی شانۆیی، زنجیرە کتیبی ئنستیتۆی کەلەپووری کورد، ، چاپخانەی تیشك ،سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤.
٧٥. کەمال رەئووف محەمەد، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٠.
٧٦. د. کەمال مەعرووف، بووکی نەورۆزی خۆشناو، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧.
٧٧. د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی الٓدیب، بەغدا ـ عێراق ١٩٨٥ .
٧٨. لێژنەیەك لە کۆڕی زانیاری کورد، زاراوەی ئەدەبی ، کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان ، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٦.
٧٩. د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم . دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠١.
٨٠. مەولود قادر بێخاڵی ، لەگەنجینەی کوردەواری ، مگبعە اشبیلیە الحدیپە، بەغدا ـ عێراق ١٩٨٧.
٨١. مەجید مەحموود موتەلیب، شیعر و فەلسەفە، و: فوئاد مەجید میسری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٨.
٨٢. مەحمود زامدار، دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانیی کوردی، دار الحریە للگباعە، بەغدا ـ عێراق ١٩٨٠.
٨٣. محەمەدی مەلا کەریم، کۆمەڵێك لاوك و حەیران، چاپخانەی ( شفیق)، بەغدا ـ عێراق ١٩٦٨.

٨٤. د.محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسور، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراقدا(١٩٢١–١٩٥٣)،چاپخانەی پەروەردە، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤.
٨٥. مغدید حاجی، ئافرەت لەشانۆی کوردیدا، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا ـ عێراق ١٩٨٩.
٨٦. د. موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی ، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٥.
٨٧. د. نەسرین فەخری، یاری لە کوردەواریدا، بەرگی سێیەم، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٥.
٨٨. نەسرین رەئووف ئیسماعیل، ئەرکی شیعر لەئەدەبی کوردیدا ـ سالانی (١٩٢٠–١٩٥٨)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠١٠.
٨٩. پ.ی. د.نەجم خالید ئەڵوەنی، کارەکتەرسازی لەرۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلی دا، دەزگای موزیك و کەلەپووری کوردی، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٩.
٩٠. نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٤.
٩١. هۆراس، هونەری شیعر ، و: حەمید عەزیز، چاپخانەی چوارجرا، چاپی دووەم، ٢٠٠٥.
٩٢. پ. ی. د هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧.
٩٣. یاسین قادر بەرزنجی، شانۆی کوردی ـ ئەرشیف و تێکست ، نمایش و بینەر، لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆ، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٧.
٩٤. یاسین قادر بەرزنجی، هونەری دراما، چاپخانەی کەمال، سلێمانی ـ کوردستانی عێراق، ٢٠٠٩.

٩٥. یادگـار رەسـوڵ باڵـەکی ، سـیماکانی نوێکردنـەوەی شـیعری کـوردی (١٨٩٨–١٩٣٢) ، دەزگـەها سـپیرێز یـا چـاپ و وەشـانیٚ، دهـۆك ـ کوردسـتانی عێـراق، ٢٠٠٥.

ب ـ گۆڤار:

٩٦. ئازاد بەرزنجی، سەبارەت بە تەکنیکی نووسینی شانۆیی، گۆڤاری(شـانۆ) ژمـارە (١٦) ساڵی سێیەم٢٠١٠.
٩٧. ئەسکەندەر جەلال، شیعری درامی یـان درامـای شـیعری، گۆڤـاری رامـان ژمـارە (٤٦) ساڵی چوارەم ، (٥)ی نیسانی ٢٠٠٠.
٩٨. ئەحمەد غفور، شانۆ و نەتەوەی کورد، گۆڤاری نووسەری کورد، ژ(١) ، ١٩٧١.
٩٩. ئەحمەد حەیران، گۆرانی میللی کوردی، گۆڤاری ( کاروان) ، ژمارە(٩١) ، سـاڵی نۆیەم، کانوونی یەکەمی ١٩٩٠.
١٠٠. ئیبراهیم فەرشی، کورتە باسێکی ڕێ و شوێنی شانۆ لەکۆنداو شانۆ لەرۆژهـەڵاتی کوردستاندا، گۆڤاری (رامان)، ژمارە(٤٤)، ساڵی چوارەم، شوباتی٢٠٠.
١٠١. باکووری، ئۆپێرا ، گۆڤاری ( رامان) ژمارە (٥٨) ساڵی پێنجـەم ، (٥)ی نیـسانی ٢٠٠١.
١٠٢. باکووری، ئۆپـەرێت، گۆڤـاری رامـان ، ژمـارە (٨٤–٨٥) ، سـاڵی هەشـتەم، مایس – حوزەیرانی٢٠٠٤.
١٠٣. بـەکر شـاکر کـاروانی، نامـە گۆڕینـەوەی شـیعری لـە ئـەدەبی کوردیـدا لەسـەرەتاوە تـا سـاڵی (١٩٧٥)، گۆڤـاری( زانکـۆ)ی سـەلاحەددین، ژمـارە (٢٥) حوزەیرانی ٢٠٠٥.
١٠٤. د. پـەرێز سـابر، تـەوەرەکانی رەمـزی شـیعری لـە رەخنـەی ئـەدەبی کوردیـدا، گۆڤاری(زانکۆ)ی سەلاحەددین، ژمارە(٢٥)، حوەزیرانی ٢٠٠٥.
١٠٥. پیرداود مـەخمووری، نوانـدنی هەڕەمـەکی لـە کوردەواریـدا، گۆڤـاری (رامـان)، ژمارە(٣٤)، (٥)ی نیسانی ١٩٩٩.

١٠٦. تەلعـەت سـامان: تەنگـژەی دەقـی خۆمـاڵی بەقـەدەر تەمـەنی دراما کۆنـە، هەڤیـەیڤینی: مـەحموود زامـدار ـ ئـازاد عەبدولواحیـد، گۆڤـاری ڕامـان، ژمـارە (٥٨)ی نیسانی ٢٠٠١.
١٠٧. تارق جمباز، سەرەتای خوڵقان لەدەقەکانی کوردیدا، گۆڤاری ( کاروان)، ژمارە (٦٩) ، ساڵی حەوتەم، تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٨٨، ل٩٢.
١٠٨. تاهیر ئەحمەد حەوێزی، شانۆگەری لـە کوردسـتان ،(١–٢)، گۆڤـاری (رامـان)، ژمارە(٢٧)، ساڵی سێیەم، ئەیلوولی ١٩٩٨.
١٠٩. ت. س. ئەلیوت، شیعر و شانۆ، و: فاچـل قـصاب، گۆڤـاری (بـەیان) ، ژ(٩٨٩) ئەیلوولی ١٩٨٤.
١١٠.جەواد حەمەد بەگ ساڵح، شانۆگەری لە کوردستاندا و چـەند تیـشکێك، گۆڤـاری (رامان)، ژمارە(٣٤)، ساڵی سێیەم، نیسانی ١٩٩٩.
١١١. ج. دانا، ئۆپـەرێتی خۆشك و برایەك، گۆڤاری (هیوا)، ژمارە(١١) سـاڵی یەکـەم، مایسی ١٩٥٨.
١١٢. حەیـدەر عەبـدولرەحمان، مۆسـیقا لـە نمایـشی شـانۆییدا، گۆڤـاری (رامـان)، ژمارە(٣٤)، ساڵی سێیەم، نیسانی ١٩٩٩.
١١٣. حەیدەر لوتفی نیا، ئەفسانەی بووکـە بـارانێ لـەفۆلکلۆری کوردیـدا، گۆڤـاری ( رامان) ، ژمارە(٤٣)، ساڵی چواردەم، کانوونی دووەم ٢٠٠٠.
١١٤. حوسێن سابیر عـەلی، بینـای رووداو لـە رۆمـانی مۆسـیفای مـەرگی ناوەختـەدا، گۆڤاری رامان، خولی سێیەم، ساڵی دوازدە ژمارە ١٢٥ تشرینی یەکـەمی ٢٠٠٧ .
١١٥. خالـد جوتیـار، ئـەنترۆپۆلۆژیای سـەما و هەڵپـەرکێی ناوچـەی هـەولێر، بڵاوکراوەی( فۆلکلۆر)، بەشی سێیەم ، هەولێر ١٩٩١.
١١٦. رەقیب سەعید، ئۆپێرا شـانۆی گـۆرانی و مۆسـیقا و سـەما، گۆڤـاری ( رامـان) ژمارە (٥٨) ساڵی پێنجەم ، (٥)ی نیسانی ٢٠٠١.
١١٧. رزگار کـەریم ، مۆسـیقا و پێوەنـدی بـە شـانۆوە، گۆڤـاری رۆشـنبیری گـشتی، ژمارە ١٠٦ ، ساڵی ١٩٨٥.

١١٨. زرار عەبدوڵڵا سەرتاش، شەقڵاوەو بزاڤی شانۆ لە سەرەتاوە تا ساڵی ١٩٧٥، گۆڤاری( سینەما و شانۆ)، ژمارە(٣) ، ساڵی یەکەم، ئەیلوولی ١٩٩٨.
١١٩. سابیر رەشید، سەرەتایەك دەربارەی چامەی درامایی کوردی، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە(٧١)، ساڵی حەوتەم، کانوونی دووەمی ١٩٨٩.
١٢٠. (سیروس پرهام ) د. میترا، ریالیزم و دژە ریالیزم، و: حەمە کەریم عارف، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆك ٢٠٠٤.
١٢١. ژیلوان تاهیر، کێشەکانی شیعری شانۆیی، گۆڤاری سینەما و شانۆ، ژ (٤) ، ساڵی (١) ، کانوونی یەکەم ١٩٩٨.
١٢٢. شاهین نەجمەدین: لای ئێمە هێشتا بایەخ بە شانۆی منداڵان نەدراوە، دیمانە، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە(١٢)، تشرینی یەکەمی٢٠٠١.
١٢٣. د. شوکریە رسول ابراهیم، دیاردەکانی سروشت و بیروباوەڕی خەڵکی دەربارەی باران بارین، گۆڤاری (زانکۆ)ی سەلاحەددین ، ژ(١٤) تشرینی یەکەمی ٢٠٠١.
١٢٤. عەلی فەتاح دەزیی ، سوار و کچەمیر، هۆنراوەیەکی شانۆگەرییە، گۆڤاری (کاروان) ، ژمارە(٣٣) حوزەیرانی (١٩٨٥)، ساڵی سێیەم.
١٢٥. عەبدوڵڵا رەحمان، تەکنیك لەرۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك (١-٢)، گۆڤاری (رامان)، ژمارە(١٤٦)،، خولی سێیەم، ساڵی چواردە، تەمموزی ٢٠٠٩.
١٢٦. عەبدوڵڵا رەحمان، تەکنیك لەرۆمانی دوانامەی دێوەرەیەك (٢-٢)، گۆڤاری (رامان)، ژمارە(١٤٧)،، خولی سێیەم، ساڵی چواردە، ئابی ٢٠٠٩.
١٢٧. فەرهاد پیربال، کرۆنۆلۆژیای شانۆ لەشاری سلێمانی لەکۆنەوە تا ١٩٥٧، گۆڤاری( شانۆ)، ژمارە (٤)ی حوەزیرانی ٢٠٠٧.
١٢٨. د. فەرهاد پیربال، شانۆی کوردی لەکوردستانی عیراق لەساڵانی ١٩٢٠-١٩٣٠دا، گۆڤاری ( سینەما و شانۆ) ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠٠١.
١٢٩. د. کەمال عید، پەیوەندی شانۆ بەهونەرەکانی تر، و: عبدالکریم شێخانی، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (٨٨) مانگی ئاب و ئەیلوولی ساڵی ١٩٨١.

١٣٠. كـەمال رەئـووف محەمــەد، ئۆپــەرێتی كـوردی و یێكـەم ئۆپــەرێتی ڕادیـۆیی، گۆڤاری( كاروان)، ژمارە(٩١)، ساڵی نۆیەم، كانوونی یەكەم ١٩٩٠.

١٣١. كەریم دەشتی، ئەفسانەی زەریە سەركێشەكان، درامایەكی شـیعرییە، گۆڤـاری (كاروان)، ژمارە(٦٨) ئەیلوولی (١٩٨٨)، ساڵی هەشتەم .

١٣٢. د. كـەمال مەزهـەر، فاتمـە محـی الـدین پـەری پێشڕەو و سـەربازی نەناسـراو، گۆڤاری (رۆشنبیری نویێ)، ژمارە (٧٣)ی ئاداری ١٩٧٩.

١٣٣. ك. ع.ك، ئۆپرا، وەرگێڕان لە ژمارە (١٦٠) گۆڤاری العربی كوێتییەوە، گۆڤـاری ( بەیان) ژمارە(١٥)، تەمووزی ١٩٧٤

١٣٤. لـەتیف هەڵمـەت، شـانۆو سـەرەتاكانی شـانۆی منـداڵ، گۆڤـاری (هــەنار)، ژمارە(٤٥)، ساڵی چوارەم، ئۆكتۆبەری ٢٠٠٩.

١٣٥. محەمەد ئەحمەد حەسەن ، ئـەدەبی شـانۆی منـداڵانی كـورد، گۆڤـاری رامـان، ژ(١٣٣)، ساڵی دوازدە، خولی سێیەم، حوزەیرانی ٢٠٠٨.

١٣٦. محمـد تیمـور، دەروازەیـەكی رەخنـەیی درامـای نـوێی كـورد، بەشـی یەكـەم، گۆڤاری ( كاروان) ، ژمارە(٦٤)، مایسی ١٩٨٨.

١٣٧. محمد خدر مولود، دەمامكی درامی و شیعری كوردی ، گۆڤاری الحكم الـذاتی — ئۆتونۆمی، ژمارە (٥٧) ساڵی (١٢) ، ١٩٨٧.

١٣٨. مەحمود زامدار، نقیشكێك لە ئـۆپێرا و خۆزگەیـەك، گۆڤـاری (رامـان) ، ژ(١٦)، ساڵی دووەم، تشرینی یەكەمی ١٩٩٧.

١٣٩. د. نەجم خالد نجم الـدین، تـەكنیكی دایـەلۆگ لەهەنـدێ نموونـەی هاوچـەرخی كورتە چیرۆكی كوردیدا، گۆڤاری(زانكۆ)ی سـەلاحەددین، ژمـارە(٢٤)، نیـسانی ٢٠٠٥.

١٤٠.یەكەم بەیاننامەی كۆمەڵەی شانۆی ئاهەنگسازی، و: هۆشـەنگ محەمـەد ئـەمین، گۆڤاری بەیان ـ ژمارەی تایبەتی ـ ژ(١٥٣) ، ئاداری ١٩٨٩.

١٤١. یاسین قادر بەرزنجی، شانۆگەرییە كوردییە چاپكراوەكان، گۆڤاری ( رۆشنبیری نویێ)، ژمارە(١١٦)، كانوونی یەكەمی ١٩٨٧.

١٤٢. ياسين نصير، بناء الجملة الفنية في المسرح محي الدين زةنطةنة، گۆڤاری (شانۆ)، القسم العربی، ژماره (١٢)ی ئازاری ٢٠٠٩، ساڵی دووەم.

ج . ڕۆژنامە:

١٤٣. ئەحمەد هەردی، شیعری ( دلاوەران) هی ( شێخ نوری)یە، ڕۆژنامەی (هاوكاری)، ژماره(٩٩٣) له ١٩٨٨\٧\٢١.
١٤٤. پیرەمێرد، ڕۆژنامەی ژیان، ژماره(٢٣٢)، ساڵی(٥)، (٢٧)ی مارتی ١٩٣٠.
١٤٥. عبدالله علی، هونەری ئۆپرا لە كۆماری گەلی چین دا، ڕۆژنامەی هاوكاری ، ژ(٢٣٨) له ١٩٧٣\١٠\١١.
١٤٦. عەبدولرەزاق محەمەد، زەردەواڵەو پەپولە، ڕۆژنامەی (ژین)، ژماره(١١٤٤)، پێنج شەممە (٩)ی نیسانی ١٩٥٣.
١٤٧. علائەدین سجادی، گۆرانی و مۆسیقا، ڕۆژنامەی (ژین)، ژماره(١٣٣٨)، ساڵی(٣٢)، پێنج شەممە ١٩٥٧/٣/٢٨، (٢٦) شعبان ١٣٧٦.
١٤٨. محمود زامدار، بەڵگەنامەیەكی تر( گۆشەی دەنگێ) ، ڕۆژنامەی ( هاوكاری)، ژماره(٣٥٥) له١٩٧٧\٢\١٦.
١٤٩. محمود جەودەت، انتباه، ڕۆژنامەی ( ژیانەوە) ژماره (٢٢) ی ساڵی (١)، (٢٦) مارتی (١٩٢٥).
١٥٠. نوری وەشتی، تەمسیل له شاره پیرۆزەكەمان، ڕۆژنامەی(ژین)، ژماره(١٣٣٥)، ساڵی (٣٢)، پێنج شەممە ١٩٥٧/٣/٧، (٥) شعبان ١٣٢٦.
١٥١. هاشم عەلی، دەست پێ كردنی ئۆپرا، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە ، بەشی سێیەم، ڕۆژنامەی هاوكاری ، ژ (٢٣٤) له ١٩٧٤\٩\١٣.

د . نامەی ئەكادیمی:

١٥٢. ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ، شانۆی كوردی لەنێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا، تێزی دكتۆرا، كۆلێژی زمانی زانكۆی سەلاحەددین ـ ٢٠٠٧.

١٥٣. تاهیر بەکر حوسێن، توخمەکانی دراما لە شانۆگەرییەکانی ( ئەمین میرزا کەریم)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١.
١٥٤. حوسێن سابیر عەلی، رەنگدانەوەی ریالیزمی سیحری لەرۆمانەکانی کاکەمەم بۆتانیدا، نامەی ماستەر،. زانکۆی سەلاحەددین ـ کۆلێژی زمان ،٢٠٠٨.
١٥٥. سەلام فەرەج کەریم، کەسایەتی لەدرامای کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٩.
١٥٦. سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی لە (عێراق)دا لە ١٩٧٥– ١٩٩٥، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین،٢٠٠٠.
١٥٧. عەبدولواحید ئیدریس شەریف، سروود و گۆرانی نیشتمانی و بەرەنگاری کوردی لە کرمانجی خوارووددا (١٩٣٥–١٩٩١)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨.
١٥٨. کەیفی محەمەد عەزیز، رەخنەی درامی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا( باشووری کوردستان ١٩٧٠–١٩٩١) ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر.
١٥٩. کوێستان جەمال سەلام، دەوری شێخ نوری  لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زمان ـ زانکۆی سەلاحەددین،٢٠٠٤.
١٦٠. محمد احمد سعید، کاردۆخی ژیان و بەرهەمی، لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەددین،١٩٩٥.
١٦١. یاسین رەشید حەسەن، ناوەڕۆك وتەکنیکی درامای کوردی (١٩٩١–٢٠٠٢)، نامەی ماستەر، کۆلێزی زمان ـ زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٤.

## دووەم: بەزمانی عەرەبی:

### أ. کتێب

١٦٢. ابراهيم فتحي، معجم المصطلحات الأدبية، مؤسسة العربية للناشرين المتحدين ، تونس .

١٦٣. د. ابراهيم حمادة، كتاب ارسطو فن الشعر، مكتبة الآنجلو المصرية، ١٩٧٧.

١٦٤. د. ابراهيم حمادة، معجم المصطلحات الدرامية و المسرحية، دار الشعب، القاهرة ـ مصر١٩٧١ .

١٦٥. د. ابو الحسن سلام، مقدمة في نظرية المسرح الشعري، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الطبعة الاولى، مصر، ٢٠٠٦.

١٦٦. د. أحمد عثمان، الشعر الأغريقى تراثاً انسانياً و عالمياً،مطابع الرسالة، كويت ١٩٨٤.

١٦٧. د. أحمد ابراهيم، الدراما و الفرجة المسرحية. دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الطبعة الاولى، مصر، ٢٠٠٦.

١٦٨. د. احمد حمدى محمود، الأوبرا والأوبريت ، مجلس الأعلى للثقافة ، كويت 1997.

١٦٩. د. احمد حمدى محمود، الأوبرا ، الهيئة المصرية العامة للكتاب،١٩٨٨.

١٧٠. اسامة فرحات، المونولوج بين الدراما و الشعر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٧.

١٧١. ألان روب جريية، نحو رواية جديدة، ت: مصطفى ابراهيم مصطفى، دار المعارف بمصر، القاهرـ مصر.

١٧٢. امين بكر، المسرح مدرسة الشعب، المجلس الأعلى للثقافة، كويت ١٩٩٨.

١٧٣. الأراديس نيكول، المسرحية العالمية، الجزء الأول، ت: عثمان نويه، هلا للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى ٢٠٠٠.

١٧٤. الأراديس نيكول، المسرحية العالمية، الجزء الثالث، ت: د. عبداللة عبدالحافظ متولى، هلا للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، مصر ٢٠٠٠.

١٧٥. الآراديس نيكول، المسرحية العالمية،ت: د. شوقى السكري،الجزء الرابع، دار هلا للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى ٢٠٠٠.

١٧٦. الآراديس نيكول، المسرحية العالمية، ت: د. نور شريف، الجزء الخامس ، دار هلا للنشر والتوزيع، ط . الأولي ٢٠٠٠.

١٧٧. اريك بينتلي، نظرية المسرح الحديث، ت: يوسف عبدالمسيح ثروت، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ط.الثانية١٩٨٦.
١٧٨. بامبر جاسكوين، دراما في القرن العشرين، ترجمة ، محمد فتيحى، دار الكاتب العربى للطباعة و النشر، القاهرة۔ مصر.
١٧٩. ت . س . اليوت ، مقالات في النقد الأدبى، ترجمة الدكتؤرة لطيفة الزيات، دار الجيل للطباعة.
١٨٠. ت. س. اليوت، في الشعر و الشعراء، ت: محمد حديد، دار الكنعان للدراسات والنشر، الطبعة الأولى، دمشق ـ سورية ١٩٩١ .
١٨١. تـآ.يس. دبليو. دوسن، الدراما والدرامي، ت: عبدالواحد لؤلؤة، دار الرشيد للنشر، بغداد ـ العراق ١٩٨١.
١٨٢. تزفيتان تودورف، المبدأ الحواري دراسة في فكر ميخائيل باختين، ت: فخرى صالح، دار الشؤون الثقافية، الطبعة الأولي بغداد ـ العراق، ١٩٩٢.
١٨٣. جاستون باشلار، جماليات المكان، ت: غالب هلسا، دار الحرية للطباعة ، بغداد ـ العراق ١٩٨٠.
١٨٤. د.جلال الخياط ، اصول درامية في الشعر العربي، منشورات وةزارة الثقافة و الأعلام، دار الرشيد للنشر، بغداد ـ العراق ١٩٨٢.
١٨٥. جوسيبى ظيردى، عايدة ـ الأوبرا القومية لمصر، ت: عبدالمسيح زين الدين، الهيئةالمصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٠.
١٨٦. جؤرج ولورث، مسرح الأحتجاج والتناقض، ت: الدكتور عبدالمنعم اسماعيل، المركز العربي للثقافة والفنون، بيروت.١٩٧٩.
١٨٧. د. جميل نصيف التكريتى، المذاهب الأدبية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٩٠.
١٨٨. حسين حموي، الأتجاه القومي في مسرح عدنان مردم الشعري، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق ـ سورية ١٩٩٩.
١٨٩. حسب اللة يحيى، المسرح العراقي ـ قضايا ومواقف، دار الشؤون الثفافية، ط. الأولى، بغداد، ٢٠٠٢.

١٩٠. حنا عبود، من تاريخ الرواية، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق ٢٠٠٢.
١٩١. حمدو طماس، فنون السينما الموسيقى والمسرح، دار المعرفة، الطبعة الأولى، بيروت – لبنان، ٢٠٠٤.
١٩٢. دريني خشبة، اشهر المذاهب المسرحية،دار المصرية اللبنانية، الطبعة الثانية، ٢٠٠٤.
١٩٣. ديفيد انغليز و جون هغسون، سوسولوجيا الفن، ت: د.ليلى الموسوي، سلسلة عالم المعرفة (٣٤٢)، كويت، يوليو ٢٠٠٧.
١٩٤. د. رضا عبدالغني الكساسبة، التشكيل الدرامي في مسرح شوقى ، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الطبعة الأولى، مصر ٢٠٠٤.
١٩٥. روبرت هامفرى، تيار الوعي في الرواية الحديثة، ت:د. محمود الربيعي، دار المعارف، مصر١٩٥٧.
١٩٦. د. رشاد رشدى، نظرية الدراما من ارسطو الي الان، هلا للنشر والتوزيع ، الطبعة الأولي، مصر ٢٠٠٠ .
١٩٧. رونالد بيكوك ، شاعر في المسرح ، ترجمة: ممدوح عدوان ، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق ـ سورية ١٩٧٨.
١٩٨. ريموند وليمز، المسرحية من ابسن الى اليوت، ت: فايز اسكندر، المؤسسة المصرية العامة للتأليف و الترجمة و الطباعة والنشر، ١٩٦٣.
١٩٩. سامى مهدي، وعي التجديد والريادة الشعرية في العراق، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ـ العراق ١٩٩٣.
٢٠٠. الأب.سي. فينسيان، نظرية الأنواع الأدبية، ت: حسن عون، مج ١، منشأة معارف بالأسكندرية، مصر ١٩٧٨.
٢٠١. د. شاكر الحاج مخلف، الآعمدة والفضاء ـ دراسة نقدية في الأدب و المسرح التركي الحديث، منشورات دار علاءالدين. ط. الأولى ، دمشق ١٩٩٨.
٢٠٢. شلدون تشينى، تاريخ المسرح في ثلاثة الآف سنة، ت: دريني خشبة، المؤسسة المصرية العامة للتأليف و الترجمة والطباعة و النشر، الجزء الآول ،١٩٢٣.

٢٠٣. شلدون تشيني، المسرح ثلاثة الأف سنة من الدراما و التمثيل و الحرفة المسرحية، ت: حنا عبود، الجزء الثاني، منشورات وزارة الثقافة، سوريا.
٢٠٤. د. شلتاغ عبود جراد، مدخل الى النقد الأدبي الحديث، دار المجدلاوي للنشر، الطبعة الأولى عمان ـ الأردن ١٩٩٨.
٢٠٥. د.صلاح الفضل، تحولات الشعرية العربية، دار الآداب، بيروت ـ لبنان ٢٠٠٢.
٢٠٦. صلاح عبدالصبور، وتبقى الكلمة، دراسات نقدية، منشورات دار الاداب ، ط. الأولى، بيروت ـ لبنان ١٩٧٠.
٢٠٧. صلاح عبدالصبور ، الأعمال الكاملة، اقول لكم عن ٦ـ السينما و المسرح، الهيئة المصرية العامة للكتاب ،١٩٩١ .
٢٠٨. صلاح صالح، قضايا المكان الروائي في الأدب المعاصر، الطبعة الاولى ، دار شرقيات للنشر و التوزيع، القاهرة ـ مصر ١٩٩٧.
٢٠٩. عبدالستار جواد، في المسرح الشعري، منشوارت وةزارة الثقافة و الآعلام ـ الجمهورية العراقية، ١٩٧٩.
٢١٠. د. عبدالمجيد هندي، الشعر العربى الحديث، مكتبة عين الشمس، مصر ١٩٧٥.
٢١١. عدد من الباحثين السوفيت، نظرية الأدب، ت: د. جميل نصيف التكريتى، دار الرشيد للنشر، بغداد ـ العراق ١٩٨٠.
٢١٢. د. عزالدين اسماعيل، الأدب وفنونه، دار الفكر العربي، الطبعة السادسة، ١٩٧٦.
٢١٣. علي الحزيري، الآدب الشفاهي الكردي، رابطة كاوة للثقافة الكردية، ط. الثانية، اربيل ـ كردستان العراق ٢٠٠٠.
٢١٤. د.علي جواد الطاهر، من حديث القصة والمسرحية، دار الشؤن الثقافية العامة، الطبعة الأولى، بغداد ـ العراق ١٩٨٧.
٢١٥. على جواد الطاهر، مقدمة في النقد الأدبى، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت ـ لبنان ١٩٧٥.
٢١٦. د. على الزبيدى، الشعر و المسرح، الشعر و الفنوون ـ مختارات من الأبحاث المقدمة لمهرجان المربد الثالث ١٩٧٤، منشورات وزارة الأعلام ـ الجمهورية العراقية،١٩٧٤.

٢١٧. على احمد باكثير، قصر الهودج ــ مسرحية غنائية، مكتبة مصر.
٢١٨. على احمد باكثير، فن المسرحية من خلال تجاربى الشخصية، دار المعرفة ، الطبعة الثانية، القاهرة ـ مصر، ١٩٦٤.
٢١٩. عيسى خليل محسن الحسينى، المسرح ـ نشأته و أدابه وأثر نشاط المسرحي في المدارس، دار جرير للنشرو التوزيع ، ط. الأولي،٢٠٠٦.
٢٢٠. غلين دانيال، الحضارات الأولى ـ الأصول و الأساطير، ت: سعيد الغانمي، دار الصدى للصحافة و النشر و التوزيع، ط. الأولى ٢٠٠٩.
٢٢١. غانم دباغ، نزعات انسانية في موسيقى بتهوفن، دار الحرية للطباعة — بغداد ١٩٧٩.
٢٢٢. د. فاطمة موسى محمود، قاموس المسرح، الجزء الأول ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الطبعة الثانية، ٢٠٠٨.
٢٢٣. د. فاطمة موسى محمود، قاموس المسرح، الجزء الثالث، الهيئة المصرية العامة للكتاب ،٢٠٠٨ .
٢٢٤. د. فائق متى، اليوت، دار المعارف ، الطبعة الثانية، القاهرة ـ مصر ١٩٩١.
٢٢٥. فاضل جاسم الصفار، فن الموسيقى، الدار العربية للموسوعات، بيروت ـ لبنان .
٢٢٦. د. فايز ترحينى، الدراما و مذاهب الأدب، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، الطبعة الأولى ١٩٨٨.
٢٢٧. فرانك م. هوايتنج، المدخل الى الفنون المسرحية ، ت: كامل يوسف واخرون، دار المعرفة ، القاهرة ـ مصر ١٩٧٠.
٢٢٨. ف.د. سكفوز نيكوف، موسوعة نظرية الأدب، القسم الثالث — الشعر الغنائي، ت: د. جميل نصيف التكريتى، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد ـ العراق ١٩٨٦.
٢٢٩. فرنسيس فرجسون، فكرة المسرح، ت: جلال العشري، دار النهضة العربية، ١٩٦٤.
٢٣٠. فرانشيسكو رويث رامون، تاريخ المسرح الأسبانى في القرن العشرين، ت: السيد عبدالظاهر، المجلد (٢) ، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة٢٠٠٢.

٢٣١. فيلب فان تيغيم، تقنية المسرح، ت: بهيج شعبان، الطبعة الثالثة، منشورات عويدات، بيروت ـ باريس، ١٩٨٥.
٢٣٢. كولتانى توماس، قضية الأوبرا بين التقليدية و التجديدية، ترجمة: ا.د كمال الدين عيد، جزء الأول مطابع المجلس الأعلى للآثار، مصر ٢٠٠٣ .
٢٣٣. كليفرد ليج ، موسوعة المصطلح النقدي، (١) المأساة، ت:د. عبدالواحد لؤلؤة. دار الحرية للطباعة، بغداد ـ العراق ١٩٧٨.
٢٣٤. أ.د. كمال الدين عيد، اعلام و مصطلحات الموسيقى الغربية، دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر. مصر. ٢٠٠٦ .
٢٣٥. مجدى وهبة، معجم المصطلحات الأدب، انكليزى ـ فرنسى ـ عربي، ، منشورات مكتبة لبنان ، بيروت ـ لبنان ١٩٧٤.
٢٣٦. د. مارى الياس ، د.حنان قصاب حسن، المعجم المسرحي، عربى ـ انكليزى ـ فرنسى، مكتبة لبنان ناشرون،ط. ثانية ٢٠٠٦.
٢٣٧. د. محمد مندور، الأدب وفنونه، دار النهضة مصر للطبع و النشر .
٢٣٨. د. محمد مندور، في الأدب و النقد، الهئية المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٣.
٢٣٩. د. محمد مندور، مسرحيات شوقي، الطبعة الثالثة، مكتبة نهضةمصر ومطبعتها.
٢٤٠. د. محمد مندور، المسرح النثري، معهد الدارسات العربية العالمية، مصر١٩٥٩.
٢٤١. د. محمد غنمي هلال، في النقد المسرحي، دار العودة ـ بيروت ـ لبنان ١٩٧٥.
٢٤٢. د. محمد زكى العشماوي، دراسات في النقد الأدبي، دار النهضة العربية، بيروت ـ لبنان ١٩٨٠.
٢٤٣. د.محمد التونجي، المعجم المفصل في الأدب، دار الكتب العلمية، الطبعة الثانية، بيروت ـ لبنان ، ١٩٩٩.
٢٤٤. محمد علي كندي، الرمز و القناع في الشعر العربي الحديث، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت ـ لبنان ٢٠٠٣.
٢٤٥. د. محمد شاهين، أفاق الرواية، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق ـ سورية ٢٠٠١.

٢٤٦. محمد حنانا، معجم الموسيقا الغربية، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق ـ سورية ٢٠٠٨.
٢٤٧. محمود حامد شوكت، المسرحية في الشعر الشوقي، مطبعة المقتطف ١٩٤٧.
٢٤٨. د. مرشد احمد، انسنة المكان في روايات عبدالرحمن منيف، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الطبعة الاولي، مصر ٢٠٠٣.
٢٤٩. محسن اطيمش، الشاعر العربي الحديث مسرحياً، منشورات وزارة الثقافة والأعلام ـ الجمهورية العراقية،
٢٥٠. د. مصرى عبدالحميدحنورة، الأسس النفسية للأبداع الفني في الشعرالمسرحي، هيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٦.
٢٥١. مصطفى على عمر، الواقعية في المسرح المصري ، دار الكتب الجامعية، مصر ١٩٦٨.
٢٥٢. د. ملكية دحامنية، هرمنيوطيقا النص الأدبي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق ـ سورية ٢٠٠٨.
٢٥٣. د. الموسى خليل، المسرحية في الأدب العربي، منشورات اتحاد الكتاب العرب، الطبعة الأولى، دمشق ـ سورية ١٩٩٧.
٢٥٤. موسوعة العلوم والمعارف المصورة ـ الأداب و الفنون، مركز الشرق لأوسط الثقافي للطباعةو النشر والترجمةو االتوزيع، الطبعة الأولى، بيروت ـ لبنان ٢٠٠٩.
٢٥٥. مولوين ميرشنت وكليفورد ليتش، الكوميديا والتراجيديا، ت: د.علي احمد محمود، المجلس الوطني للثقافة والفنون و الأداب، الكويت ١٩٧٩.
٢٥٦. د. ميشال عاصى ، الفن و الأدب ، المكتب التجارى للطباعة والنشر و التوزيع ، ط. الثانية، بيروت ـ لبنان ١٩٧٠.
٢٥٧. ميشال ليور، الدراما، ت: احمد بهجت فنصة، منشورات عويدات ، الطبعة الأولى، بيروت ١٩٦٥.
٢٥٨. د. ناصر الحاني، المصطلع في الأدب الغربي، منشورات دار المكتبة العصرية، بيروت ـ لبنان ١٩٦٨.
٢٥٩. نزار سعيد، من المسرح الصينى، الجمهورية العراقية ـ وزارة الاعلام ، ١٩٧٣.

٢٦٠. د.هالة محجوب، جماليات فن الموسيقى عبر العصور، دار الوفاء لدنيا الطباعةو النشر ، الطبعة الأولى، مصر ٢٠٠٧.

٢٦١. هنرى .و. سيمون و ابراهام فنيؤس، اشهر الأوبرات، ت: د. محمود احمد الحفنى، مكتبة مصر.

٢٦٢. هوطر تاهر تؤفيق، دور الصحافة الكردية في تطوير الوعي القومي الكردي(١٨٩٨–١٩١٨) ، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك ـ كردستان العراق ٢٠٠٤ .

٢٦٣. د. وفاء علي سليم، من روائع الأدب العربي، الطبعة الثانية، وكالة المطبوعات، الكويت ١٩٨٢.

٢٦٤. د. وليد منير، جدلية اللغة و الحدث في الدراما الشعرية الحديثة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٧.

٢٦٥. د. وليد بكري، موسوعة اعلام المسرح ، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان– الأردن، ٢٠٠٣.

٢٦٦. يوسف عبدالمسيح ثروت، الطريق و الحدود – مقالات في الأدب و المسرح و الفن، دار الحرية للطباعة، بغداد ـ العراق ١٩٧٧.

**ب ـ گۆڤار :**

٢٦٧. ارشيبالد مالكيش، الشاعر مسرحياَ، ت: نجيب المانع، مجلة ( افاق العربية)، العدد(١)، ايلول ١٩٧٥.

٢٦٨. ثامر مهدي ، مقدمة في المسرح و الشعر، مجلة المسرح و السينما ، العدد الأول ـ السنة الأولي ـ تشرين الثاني ١٩٧٠.

٢٦٩. د. جميل نصيف التكريتى، التقنية الدرامية عند اسخيلوس، مجلة( الفنون) ، العدد( ٢٠٣) ،١٩٨٢\١١\٢١.

٢٧٠. د. ك. س. مسرا، المسرحية الشعرية من منظور اليوت ، ت: هاشم كاطع لازم، مجلة( الأقلام) ، العدد(١٠) ، السنة العشرون، تشرين الأول ١٩٨٥.

٢٧١. رجب البنا، المسرح عند الشوقي، مجلة (الأدب)، العدد الثالث ، السنة الرابعة، ١٩٥ .

٢٧٢. زكى طليمات ، المسرح والحياة، مجلة (الكتاب) ، المجلد الأول – السنة الأولي – الجزء الأول ، دار المعارف ، مصر نوفمبر ١٩٤٥.

٢٧٣. زكى طليمات، الرواية التمثيلية و لماذا لم يعالجها العرب، مجلة( الكتاب) ، المجلد الأول، السنة الأولى، الجزء الأول، نوفمبر١٩٦٤.

٢٧٤. شوقي بدر يوسف، مسرح شوقى بين الأصالة و المعاصرة، مجلة( افاق العربية) ، العدد(٥١) ، السنة الثانية عشر، مايس ١٩٧٨.

٢٧٥. طراد الكبيسي، مسرحية الشعرية لمدني صالح، مجلة( المسرح والسينما) العدد(٦)، السنة الثانية، نيسان ١٩٧٢.

٢٧٦. عباس عبدالجاسم، البدايات الأولى للمسرح الشعري العربي، مجلة( الفنون) ، العدد(٤) ، الأثنين (٩) تموز ١٩٧٩.

٢٧٧. عبدالرحمن صدقى ، المسرح الغنائي الأيطالي، مجلة (الكتاب)، المجلد الثالث ، السنة الثانية، الجزء الرابع، فبراير ١٩٤٧.

٢٧٨. عبدالفتاح البارودى،الموسم الغنائي الأيطالى، مجلة( الكتاب) ، الجزء الخامس، المجلد الثانى عشر، السنة الثامنة، مايو ١٩٥٣.

٢٧٩. عبدالستار جواد، لغة درامية الشعرية، مجلة الاقلام ، العدد الثالث ـ السنة الرابعة عشرـ كانون الأول ١٩٧٨.

٢٨٠. عبدالوهاب السمان، حول النشاط المسرحي في تركيا، المجلة( المعرفة)، العدد(٦٥)، السنة السادسة، تموز١٩٦٧.

٢٨١. د. عمر دقاق، المسرحية الشعرية في سورية، المجلة( المعرفة)، العدد(٩٦) ، شباط ١٩٧٠.

٢٨٢. د. عمر الطالب، سليمان غزالة و المسرح الشعري، مجلة (بين النهرين) ، العدد(٢٠)، السنة الخامسة، ١٩٧٧.

٢٨٣. غانم محمود محي الدين ، حول نشوء وتطور الأوبرا، ترجمة واعداد، مجلة المسرح والسينما، العدد الخامس ـ السنة الآولى ـ كانوون الثانى ١٩٧٢.

٢٨٤. غانم محمود محي الدين، حول نشوء الأوبرا، ترجمة واعداد، مجلة (افاق العربية)، العدد (٤) ـ السنة الثانية، كانون الأول ١٩٧٦.
٢٨٥. غانم محمود، في الذكرى المئوية لرحيل الموسيقار جاك اوفنباخ الفرنسى، ترجمة، مجلة (افاق العربية) ، العدد(٥) ايار ١٩٨١.
٢٨٦. د. فائق مصطفى أحمد، من بواكير المسرح الشعرى العربي، مجلة( اداب المستنصرية) ، العدد(٨) ١٩٨٤.
٢٨٧. فاضل ثامر، القناع الدرامى والشعر، مجلة الأقلام العدد (١٠ ، ١١) ١٩٨١.
٢٨٨. فرنيس فرجسؤن، فكرة المسرح، عرض ونقد: غالى شكري، مجلة (الأداب)، العدد (١)، السنة العاشرة، ابريل ١٩٦٥.
٢٨٩. كاظم السعدي، المغناة حاضرة المغناة غائبة و ماذا عن المسرح الغنائي،مجلة الفنون، العدد ٨٥، الأثنين ٢١نيسان ١٩٨٠.
٢٩٠. مسرحية الشعرية وهل في استطاعة كاتب اخر أن يتدخل فيها، ندوة( عبدالمنعم شمس، فاروف خورشيد، صلاح عبدالصبور) ، مجلة (الأدب)، العدد الثامن، السنة الحادية عشر ١٩٦٩.
٢٩١. نبيل مصباح عزام، نحن بجاجة ملحة الى المسرح الغنائي، مجلة الفنون، العدد ١٨٩، الأثنين ١٠-٢٣\٥\١٩٨٢.

ج ـ رۆژنامه:

٢٩٢. جيرار جينت، مدخل لجامع النص، ت: عبدالرحمان ايوب، جريدة الجمهورية، العدد(٦١٤٣)، الجمعة ٤\٧\١٩٨٦.
٢٩٣. حاتم الصطر ، الشعر و المسرح الجد والخشبة، القسم الأول، جريدة الجمهورية، الأثنين ٢٩ اب ١٩٨٣ـ العدد ٥١٠٨.

### سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:

294. Hornby, A.s. 1995.Oxford Advanced Learner`s Dictionar . Oxford: Oxford university press.

295. -Longman Dictionary of contemporary English. Edinburg 2008.

296. - Cuddon, J.A. 1999. Dictionary of literary terms & literary theory.Cambvidg: Cambvidg university Press.

### چوارەم: دیمانە تایبەتییەکان:

٢٩٧. چاوپێکەوتن لەگەل ئەحمەد سالار ، لە رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان، کاتژمێر (١٠)ی سەرەلەبەیانی رێککەوتی (٣١\١٢\٢٠٠٩).

٢٩٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عەبدولواحید، لە بارەگای گۆڤاری (رامان)، کاتژمێر (١٠)ی سەرەلەبەیانی رۆژی یەکشەممە، رێککەوتی (١٤\٢\٢٠١٠).

### پێنجەم: لە ئینتەرنێتەوە:

٢٩٩. خزعل الماجدي، البيان المسرحي الثاني - المسرح الشعري الحديث، www.masraheon.com، (٤/١٠/٢٠٠٩).

٣٠٠. رنا رفعت، الأوبرا .. فن استعراضي نخبوي تفتقده الساحة العربية، جريدة شرفات اللالكترونية، وزارة الثقافة السورية، www.moc.gov.sy.(٦/١/٢٠١٠).

٣٠١. د. جمانة القروي، طالب علي... احلام و امال بعيدة المنال، www.almadapaper.net (١٥\١٢\٢٠٠٩).

٣٠٢. لطيف حسن، المسرحية الشعرية والأوبريت و الغناء في المسرح العراقي، www.alsumerean.cam (٤\١\٢٠١٠).

# ملخيص البحث

جمع الشعر المسرحي بين فنين أدبيين هما الشعر و المسرحية، فأستفاد من مكوّنات خصائصها. وقد خرج هذا الفن الشعري المسرحي من معطف الشعر الملحمي و التعليمي والغنائي، وقد نضج و بلغ مستوى حتى عُدّ آخر مرحلة من مراحل تطور الأنواع الشعرية. وانطلاقاً من هذا الأساس يستوعب النص الشعر المسرحي جميع الفنون الشعرية، كما يستوعب جميع التقنيات و الآدوات المسرحية التي أسست عليها موضوعاته.

يكوّن الشعر المسرحي جزءاً كبيراً من مكوّنات أدب الشعوب، اذ اهتم به كلّ شعب حسب مستوياته الثقافية والحضارية بهذا الفن، وجعله ركناً أساساً من أركان أدبه. و فيما يخص الأدب الكردي نجد أن الأهتمام بة لمم يبلغ المستوى المنشود، فلا نجد بحوثاً علمية متخصصة مستقلة بالشعر المسرحي الكردي، اذ لم ترتق الدراسات الجارية عليه الى مستويات راقية توفيه حقّه. ويعود السبب في هذا الى أمرين رئيسين، يتمثل الأمر الأول في ارتباط الشعر المسرحي - من حيث التمثيل - بالمسرحية، وتعاني الحركة المسرحية الكردية في حد ذاتها من قلّة الدراسات العلمية الجارية عليها. أما الأمر الثاني فيرتبط بالجانب الأدبي، فلم تجر دراسات مستقلة مباشرة حول الشعر المسرحي في الأدب الكردي، لذلك لانجد دراسة جامعة متخصصة مستقلة حول هذا الموضوع.

يتكوّن البحث من مقدمة وثلاثة فصول رئيسة. في الفصل الأول (مفهوم الشعر المسرحي وتأريخه و خصائصه) تمَّ التطرّق الى مفهوم الشعر المسرحي، وتأريخ ظهوره، وأشكاله، وقد قسم الى ثلاثة محاور:

المحور الأول: يبحث هذا المحور في مفهوم الشعر المسرحي وأبعاده من منطلق البعد اللغوي و الاصطلاحي.

المحور الثاني: يتعرّض هذا المحورلدراسة مقاصد وخصائص الشعر المسرحي في منظور رواده.

المحور الثالث: يتناول تأريخ ظهور الشعر المسرحي و مقوماته و سمات أشكال الشعر المسرحي( الاوبرا والاوبريت).

وجاء الفصل الثاني بعنوان( ظروف نشأة الشعر المسرحي في الأدب الكردي)، ودرس الباحث فيه أسباب ظهور الشعر المسرحي الكردي، وتطوره، والتقاط أشكاله في الأدب الكردي، وقد قسَّم الى ثلاثة محاور:

المحور الأول: عرض المقوّمات البدائية للشعر المسرحي الكردي، في الأسطورة، والمعتقدات الدينية، والنشاطات الأجتماعية، وأدب الفولكلور، والشعر الكلاسيكى الكوردى.

المحور الثاني: يتناول هذا المحور الظروف السياسية والأقتصادية والأجتماعية لكردستان، و يوضح أسباب ظهور هذا الشعر المسرحي الكردي و نضجه في الأدب الكردي.

المحور الثالث: يدرس أشكال الشعر المسرحي (الأوبرا والأوبريت) مع التركيز على منطلقاتها وظهورها و مقوّماتها في الأدب الكردي.

وفي الفصل الثالث الذي جاء بعنوان ( المحتوى و تقنية الشعر المسرحي في الأدب الكردي) تمَّت دراسة المحتوى و تركيبة التقنيات الشعرية للشعر المسرحي الكردي. ويتألف هذا الفصل من محورين:

المحور الأول: يتناول المحتوى والأغراض الشعرية للشعر المسرحي في الأدب الكردي، من النواحي السياسية و الأجتماعية و التاريخية.

المحور الثاني: تم تخصيص هذا المحور لدراسة تركيبة التقنيات الشعرية للشعر المسرحي في الأدب الكردي التي تتمثل في: (الحدث و الشخصيات و الحوار و المنولوج و الزمان و المكان).

# Abstract

The drama poetry gathered together poetics and drama. It got benefit from either elements, structures and characteristic features. Regarding text, it carries all features of poetry and in respect of drama, it has all theatrical techniqus and instrnments.

The drama poetry constituents the most important part of the peoples Literature, but unfortunately prior to this work no academic research has been made to handle this kind of literature academically. Furthermore this poetry has not got its independence yet in Kurdish literature. For all reasons and Factors, the researcher has chosen this subject.

This thesis comprises an inroduction and three main chapters.

The first chapter entitled "The concept, appearance and the properties of the drama poetry" It talks about the concept, history and the forms of this literature. This chapter has three sections:

The first section deals with this literature due to the terminology and linguistic notion of this term. It covers its dimensions and aspects.

The second section concerns with the aims and characteristics of the drama poetry due its pioneers,

The third section sheds light on its rise, bases and forms. i.e. opera and operetta.

The second chapter entitled "The Condition and development of the drama poetry in Kurdish literature" This chapter talks about the factors behind the appearance of this genre and its forms (opera

and operetta) in Kurdish literature. It is divided into three sections or axes. The first section shaws the elementary bases of this genre in myths, religious beliefs, social activities,folklore and Kurdish classic poetry.

The specond section relates the rise of this poetry to the political, social and economic situations.

The third one attempts to point out its artistic forms( opera and operetta) and its stand and appranance in Kurdish literature.

The third chapter entitled “The content and technique of drama poetry in Kurdish literature” This chapter carries two sections:

The first section is totally related to the content. It talks about its content aims in Kurdish literature.

The second section talkles the form or technique of this poetry.

It covers the structure of the technique includiug: the event, character, dialogue, monologue and setting.

At the end of this thesis, English and Arabic abstracts and the conclusions are available.



## کتێبە چاپکراوەکانی
## کۆڕی زانیاری کوردستان و ئەکادیمیای کوردی

**کۆڕی زانیاری کوردستان:**

١) فەرهەنگی زاراوە (عەرەبی ـ کوردی)، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٢، (١٤٢ لاپەڕە).

٢) کوردی تورکمانستان ـ مێژوو ـ ئەتنۆگرافیا ـ ئەدەب، د. مارف خەزنەدار، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٣، (٢٥٨ لاپەڕە).

٣) زاراوەی یاسایی، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٤٠ لاپەڕە).

٤) زاراوەی کارگێڕی، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٤٧ لاپەڕە).

٥) من ینابیع الشعر الكلاسيكي الكردي، ج١، رشيد فندی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٢٤٠ لاپەڕە).

٦) ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٥٦ لاپەڕە).

٧) ڕێزمـانی کەسـی سـێیەمی تـاك، د.شـێرکۆ بابـان، هـەولێر، چـاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (١٥٩ لاپەڕە).
٨) چوارینێن خەیام، د. کامیران عالی بەدرخان، وەرگێڕانی لە لاتینییـەوە د. عەبـدوڵڵا یاسین ئامێدی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٩٤ لاپەڕە).
٩) شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، د. زەریێ یوسوپۆڤا، و: لە ڕوسییەوە د. کوردستان موکریانی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢١٦ لاپەڕە).
١٠) العروض في الشعر الكردي، احمد هردی، هـەولێر، چـاپخانەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٢١٨ لاپەڕە).
١١) ژانرەکـانی ڕۆژنامــەوانی و مێـژووی چـاپخانە ١٤٥٠ - ١٥٠٠، د. مەغدیـد سـەپان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٧٨ لاپەڕە).
١٢) زاراوەی ڕاگەیاندن، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٠٨ لاپەڕە).
١٣) فەرهـەنگی زاراوەگـەلی ڕاگەیانـدن (ئینگلیـزی - کـوردی - عـەرەبی)، بـەدران ئەحمـەد حـەبیب، هـەولێر، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، سـاڵی ٢٠٠٥، (١٦٥ لاپەڕە).
١٤) ئەدەبی منداڵانی کورد - لێکۆڵینەوە - مێژووی سەرهەڵدان، حەمە کەریم هەورامی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٤٠٦ لاپەڕە).
١٥) گیرەکێن زمانێ کوردی، د. فازل عمـر، هـەولێر، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٣٤ لاپەڕە).
١٦) ل دۆر ئەدەبێ کرمانجی ل سەد سالا نـوزدێ و بیـستێ زاییـنی، تەحـسین ئیـبراهیم دۆسکی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٧٦ لاپەڕە).
١٧) دەنگسازی و بڕگەسازی لە زمانی کوردیدا، د. شێرکۆ بابـان، هـەولێر، چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٠٦ لاپەڕە).

١٨) هۆنراوەی بەرگری لەبەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا ١٩٣٩ ـ ١٩٧٠، د. عبدالله یاسین عەلی ئامێدی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٣٢٠ لاپەڕە).
١٩) یوسف و زولەیخا، حەکیم مەلا ساڵح، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٤٠٧ لاپەڕە).
٢٠) زمانی کوردان ـ چەند لێکۆڵینەوەیەکی فیلۆلۆجی زمان، پ. د فریدریش موولێر ئەوانی تر، و: لە ئەڵمانییەوە د. حمید عزیز ، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٩٢ لاپەڕە ).
٢١) ڕێبەری بیبلۆگرافیە کوردییەکان ١٩٣٧ ـ ٢٠٠٥، شوان سلێمان یابە، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٤٠٠ لاپەڕە).
٢٢) فەرهەنگی گەورەی من. د. کوردستان موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦ ، (٨٠ لاپەڕە).
٢٣) دیوانی عەزیز ـ محەمەد عەلی قەرەداغی ـ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠، (١٤٤ لاپەڕە).
٢٤) زاراوەگەلی کاروباری مین ـ جەمال جەلال حوسێن ـ دلێر سابیر ئیبراهیم ـ دەزگای گشتی هەرێم بۆ کاروباری مین، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٨٠ لاپەڕە).
٢٥) زاراوەی ڕاگەیاندن ـ کەمال غەمبار ـ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٩٦ لاپەڕە).
٢٦) زاراوەی ئەدەبی ـ ئامادەکردنی: لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٣٨٠ لاپەڕە).
٢٧) ئیندێکسی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد (١٩٧٣ ـ ٢٠٠٢) ـ شوان سلێمان یابە ـ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٢٤٠ لاپەڕە).

٢٨) The Historical Roots of the National Name of the Kurds
- د. جەمال ڕەشید، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (١٠٧ لاپەڕە)
٢٩) فەرهەنگی کۆمەڵناسی - عوبێد خدر - چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٨٣ لاپەڕە).
٣٠) بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا (١٨٨٠ - ١٩٣٩ز) – د.سەعدی عوسمان هەروتی - چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٥٥ لاپەڕە ).
٣١) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا ، نووسینی: حەسەن عەلی خانی گەڕووسی ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی - چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ٢٠٤ لاپەڕە ).
٣٢) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەرمەنیدا، نووسینی: ئەسکەندەر غوریانس، وەرگێڕانی لە فارسییەوە - محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٢٨ لاپەڕە ).
٣٣) فەرهەنگی کوردی - فارسی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە - محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١١٢ لاپەڕە ).
٣٤) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی ئینگلیزی و ئەمریکی دا - نووسینی - وەدیع جوەیدە. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە - محەمەد حەمە باقی . چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ١١٦ لاپەڕە ).
٣٥) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا، نووسینی: عەلی خان گۆنەخان ئەفشار. وەرگێڕانی لە فارسییەوە - محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٤٢٦ لاپەڕە ).
٣٦) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا، نووسینی: عەلی ئەکبەر سەرهەنگ. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧. (١٩٢ لاپەڕە).

٣٧) چەپكێك لە زاراوە گەلی كشتوكاڵ - ئامادەكردنی - حەمە ساڵح فەرهادی - چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٤٤ لاپەڕە).
٣٨) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەكانی وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئێران دا. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٢٧٠ لاپەڕە)
٣٩) فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی، سالم، كوردی)، نووسینی - د. محەمەد نووری عارف، چاپخانەی دەزگای ئاراس - هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٠٠٠ لاپەڕە).
٤٠) یەكەم فەرهەنگی تۆ، وەرگێڕانی: د.كوردستان موكریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٨٦ لاپەڕە).
٤١) ئەدەبی منداڵانی كورد دوای ڕاپەڕین، نووسینی: حەمە كەریم هەورامی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٣٦٨ لاپەڕە).
٤٢) فەرهەنگی هەراشان، كۆكردنەوە و داڕشتنی: كۆمەڵێك مامۆستا، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٣٣٦ لاپەڕە).

**ئەكادیمیای كوردی:**

٤٣) ئەلبوومی كەشكۆڵ، ب ١، دانراوی: محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی خانی - دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٥٢ لاپەڕە).
٤٤) الأدب الشفاهي الكردي ، علي الجزيري ، چاپخانەی خانی - دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٠ لاپەڕە).
٤٥) بەركوڵێكی زاراوە سازیی كوردی، ئامادەكردنی: جەمال عەبدول، دووەم چاپ، چاپخانەی خانی - دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٣٠ لاپەڕە).
٤٦) دیوانی قاصد، ساغكردنەوەی: شوكر مستەفا و ڕەحیم سورخی، چاپخانەی خانی - دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٥٢ لاپەڕە ).
٤٧) چەند لێكۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی كورد لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، نووسینی: دكتۆر زرار سدیق تۆفیق، چاپخانەی خانی - دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٨ لاپەڕە).

٤٨) كيمياى ژەهرى دەستكرد. نووسينى: پ.د. عەزيز ئەحمەد ئەمين، چاپخانەى خانى ـ دهۆك، ساڵى ٢٠٠٨، (٢٠٨ لاپەڕە).
٤٩) ڕۆڵى سەربازيى كورد لە دەوڵەت و ميرنشينە ناكورديەكان لە سەردەمى عەبباسيدا، نووسينى: مەهدى عوسمان حسێن هەروتى، چاپخانەى خانى ـ دهۆك، ساڵى ٢٠٠٨، (٣٦٨ لاپەڕە).
٥٠) دور نواب السليمانية في المجلس النيابي العراقي (١٩٤٥ ـ ١٩٥٨)، دانانى: سالار عبدالكريم فندى الدوسكى، چاپخانەى خانى ـ دهۆك، ساڵى ٢٠٠٨، (٣٠٤ لاپەڕە).
٥١) عبدالله گۆران، رائداً لحركة تجديد الشعر الكوردي، دانانى: كەمال غەمبار چاپخانەى خانى ـ دهۆك، ساڵى ٢٠٠٨، (٣٢٠ لاپەڕە).
٥٢) وثائق بريطانية عن تشكيل دولة كوردية مستقلة ١٩٢٤ ـ ١٩٢٧ ، دانانى: د.عبدالفتاح على البوتانى، چاپخانەى خانى ـ دهۆك، ساڵى ٢٠٠٨، (٢٦٨ لاپەڕە).
٥٣) ساڵنامەى ئەكاديمياى كوردى ، ئامادەكردنى: پرۆفيسور د. وريا عومەر ئەمين . چاپخانەى حاجى هاشم ـ هەولێر، ساڵى ٢٠٠٩، (٥٦ لاپەڕە).
٥٤) مەمێ و زينێ، ئامادەكردنى: جاسمێ جەليل، دوكتۆر عيزەدين مستەفا ڕەسووڵ خستوويەتييە سەر نووسينى كورديى عيراق و پێشەكيى بۆ نووسيوە و لێى كۆڵيوەتەوە، چاپخانەى حاجى هاشم ـ هەولێر، ساڵى ٢٠٠٩، (١٦٨ لاپەڕە).
٥٥) هەنگاوێك لەسەر ڕێگەى لێكۆڵينەوەى (ديوانى سالم)دا، محەمەدعەلى قەرەداغى، چاپخانەى حاجى هاشم ـ هەولێر، ساڵى ٢٠٠٩، (٨٠ لاپەڕە).
٥٦) كەرەسە بەتاڵەكان لە ڕوانگەى تيۆرى دەسەڵات و بەستنەوە ((شێوەزارى كرمانجى سەروو))، نووسينى: ڤيان سلێمان حاجى، چاپخانەى حاجى هاشم ـ هەولێر، ساڵى ٢٠٠٩، (٢١١ لاپەڕە).
٥٧) هێز و ئاواز لە ديالێكتى كورديى ژووروودا، نوسينى: عەبدولوەهاب خاليد موسا، چاپخانەى حاجى هاشم ـ هەولێر، سالى ٢٠٠٩، (١٤٦ لاپەڕە).
٥٨) گەپنامەى مێرگولآن، نوسينى: ڕەسوڵ دەروێش، چاپخانەى حاجى هاشم ـ هەولێر، ساڵى ٢٠٠٩، ( ١٧٦لاپەڕە).

٥٩) دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆرو هەندی لایەنی ڕستەسازیی کوردی، ئامادەکردنی: یوسف شەریف سەعید، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ (١٣٤ لاپەڕە).

٦٠) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لەزمانی کوردیدا، ئامادەکردنی: د.سەباح ڕەشید قادر، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ (١٧٢ لاپەڕە).

٦١) الحياة الاجتماعية للكورد بين القرنين (٤ ـ ٩هـ/١٠ ـ ١٥م)، دانانی: دکتۆرە فائزە محەمەد عزەت، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٢٧٢ لاپەڕە).

٦٢) العلاقات الايرانية ـ السوفيتية ١٩٣٩ ـ ١٩٤٧، دانانی: نزار ايوب حسن الگولی، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٢٩٠ لاپەڕە).

٦٣) بيبليۆگرافيای کوردناسی لە سەرچاوە فەرەنسييەکاندا، د. نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٥٢٨).

٦٤) بيبليۆگرافيای کوردناسی لە سەرچاوە ئينگليزييەکاندا، د. نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٤٤٨).

٦٥) امير امراء كردستان (ابراهيم باشا الملی ١٨٤٥ ـ ١٩٠٨)، دانانی: أ. د. عبدالفتاح علی البوتانی ـ علی صالح الميرانی، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٦٠ لاپەڕە).

٦٦) ديوانا مەلا محەمەدێ سەيدا، بەهەڤکار: سەيد جەلال نزامی، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٨٨ لاپەڕە).

٦٧) داستانی هەياسی خاس و سوڵتان مەحموود، نووسينی: محەمەد ساڵح سەعيد، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٣٢٦ لاپەڕە).

٦٨) کيميای ژينگە، پيسبوونی ئاووهەوا، پ . د. عەزيز ئەحمەد ئەمين، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٦٠ لاپەڕە).

٦٩) گەشتنامەی پوژۆلا بۆ کوردستان ساڵی ١٨٣٧، وەرگێڕانی: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٩٨ لاپەڕە).

٧٠) ڕێزمانی کوردی، وەرگێڕانی: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٤٤ لاپەرە).

٧١) بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، دانانی: د. ئازاد ئەحمەد مەحموود، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ (٢٥٨ لاپەڕە).
٧٢) الحركة الشيوعية في تقارير مديرية الامن العامة ١٩٥٩ ـ ١٩٦٢، نووسینی: د. عبدالفتاح علی البوتانی، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٢٨٨ لاپەڕە).
٧٣) فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی (جزیری و مەحوی)، نووسینی: د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٣٦٠ لاپەڕەیە).
٧٤) چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٩١ ـ ٢٠٠٥)، دانانی: ڕازاو ڕەشید صەبری، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٢١٢ لاپەڕە).
٧٥) هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگیاندا، نووسینی: پ. د. موحسین موحەممەد حوسێن، عثمان علی قادر کردویە بە کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٤٧٣ لاپەڕە).
٧٦) هەورامان باشتر بناسین، نووسینی: محەمەد رەشیدی ئەمینی، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٩٦ لاپەڕە).
٧٧) فەرهەنگا کانی، نووسینی: محەمەد سالح پێندرۆیی (جگەر سۆز)، چاپخانەی سپیرێز – دهۆك، ساڵی ٢٠١٠ (٦٣٩ لاپەڕە).
٧٨) وشەنامە، نووسینی: جەمال حبیب الله (بێدار)، چاپخانەی سپیرێز– دهۆك، ساڵی ٢٠١٠ (١١٤٧) لاپەڕە).
٧٩) بیبلیۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی، ئامادەکردنی لیژنەی بیبلیۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی سپیرێز – دهۆك، ساڵی ٢٠١٠ (٤٠٠) لاپەڕە.
٨٠) ئاسوورییەکانی باشووری کوردستان، نووسینی د. عەبدوڵلا غەفور، چاپخانەی سپیرێز – دهۆك، ساڵی ٢٠١٠ (٢٠٨) لاپەڕە.
٨١) جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردستاندا، چاپی سێیەم، نووسینی د. عەبدوڵلا غەفور، چاپخانەی حاجی هاشم– هەولێر، ساڵی ٢٠١٠ (٣٠٥) لاپەڕە.
٨٢) فلسفة العشق الإلهي في شعر الجزيري، تألیف محمد امین دوسكي، الطبعة الثانية، مطبعة سپیرێز– دهۆك، سنة ٢٠١٠ (١٩٦) صفحة.

٨٣) فەرهەنگی کوردی – فەرەنسی، نووسەر: ئۆگست ژابا، بلاوکەرەوەی زانستی: فێردیناند یۆستی، وەرگێرانی پێشەکی و دووبارە لەچاپدانەوەی: د.نەجاتی عەبدوڵلا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١٠ (٥٠٥) لاپەڕە.
٨٤) فەرهەنگی ئابووری، دانانی: پ.ی.د. سەلاحەددین کاکۆ خۆشناو، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١٠ (٢٥٦لاپەڕە).
٨٥) الوسائل التعليمية ومعوقاتها في تدريس العلوم، رشيد فندي، مطبعة سپيرێز – دهوك، سنة ٢٠١٠ (١٣٠) صفحة.
٨٦) سایکۆلۆژی زمان
٨٧) الكُرد في مؤلفات المقريزي التاريخية – دراسة تحليلية، الدكتور فرهاد حاجي عبوش، مطبعة سبيريز– دهوك، سنة ٢٠١٠ (٤١٨) صفحة.
٨٨) من معالم الحياة الكردية في سوريا / تأليف ميديا عبدالمجيد محمود، مطبعة سپيرێز – دهوك ٢٠١٠، ٢١٦ صفحة.
٨٩) ئێل و ئویجاخێن کوردا ل کوردستانا ئیرانێ، وەرگێرانا مەسعود گولی، چاپخانا سپیرێز – دهۆك ٢٠١٠، ١٤٠ لاپەرە.
٩٠) سمکویێ شکاك و شۆڕەشا وی د بەلگەنامەیێن ئیرانیدا، ئامادەکرن و تویژاندن فاخر حەسەن گولی و وەرگێران و پێداچوون نزار ئەیوب گولی، چاپخانا سپیرێز – دهۆك ٢٠١٠، ٣٨٤ لاپەرە.
٩١) الفارقى ومنهجه من خلال كتابه تاريخ ميافارقين وآمد، تأليف سطظان محمد سعيد كوچر، مطبعة سپيرێز – دهۆك ٢٠١٠، ٣٠٨ صفحة.
٩٢) پەندی کوردی، نووسینی حەمید رەشاش، چاپخانەی سپیرێز – دهۆك ٢٠١٠ ، ٣٢٤ لاپەڕە.
٩٣) دو فەرهەنگێن ڤەهاندی نووبار و (مرصاد الأطفال) بەرهەڤکرنا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانەی سپیرێز – دهۆك ٢٠١٠، ١١٢ لاپەرە.
٩٤) دو ڤەهینۆکێن کرمانجی د علمێ تەجویدێ دا، بەرهەڤکرنا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانەی سپیرێز – دهۆك ٢٠١٠، ١٠٠ لاپەرە.
٩٥) لێکولێنەوەو ساغکردنەوەی بەشێك لە دیوانی موخلیس. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپخانەی سپیرێز – دهۆك ٢٠١٠، ٣٢٤ لاپەرە.

٩٦) دیوانا نەفعی، ساخکرن و بەرهەڤکرن تەحسین ئیبراهیم دۆسکی و مەسعود خالد گولی، چاپخانا سپیرێز/ دهۆك ٢٠١٠، ٢٦٠ لاپەرە.
٩٧) بنیاتی جۆرەکانی رووداو لە رۆمانی کوردی باشووری کوردستان، نووسینی رێزان عوسمان (خاڵە دێوە)، چاپخانەی سپیرێز/ دهۆك ٢٠١٠، ٢٧٦ لاپەرە.
٩٨) تورك لە بولگارستان، کورد لە تورکیا، نووسینی، عەزیز نەسین، وەرگێران و ئامادە کردنی، بەکر شوانی و سیروان رەحیم، چاپخانەی حاجی هاشم/ هەولێر ٢٠١٠، ١٤٠ لاپەرە.
٩٩) الدولة الأيوبية وفق نظرية الدولة لابن خلدون، تأليف: د. حكيم عبدالرحمن البابيرى، مطبعة، حاجى هاشم/ أربيل ٢٠١٠ ، ٣٢٠ صفحة.
١٠٠) فەرهەنگی پزیشکی، دانانی د. جەمال رەشید، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٠، بەرگی یەکەم ٨٤٠ لاپەرە.
١٠١) فەرهەنگی پزیشکی، دانانی د. جەمال رەشید، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٠، بەرگی دووەم ٧٩٦ لاپەرە.
١٠٢) فەرهەنگی پزیشکی ، دانانی د. جەمال رەشید، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٠، بەرگی سێیەم ٦٨٠ لاپەرە.
١٠٣) راسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو رێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، ئامادەکردنی: لێژنەی زاراوە لەئەکادیمیای کوردی، هەولێر ساڵی ٢٠١٠، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، (٦٤) لاپەڕە.
١٠٤) رۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ و ئیتیکی رۆژنامەوانی، نووسینی: محەمەد ساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز)، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ٢٠١٠، (١٨٤) لاپەڕە.
١٠٥) ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشووری کوردستان لەساڵانی (١٩٨٠– ١٩٩١) دا، نووسینی : د. حوسێن غازی کاك ئەمین گەلاڵەیی، چاپخانەی حاجی هاشم– هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٢٣٥) لاپەڕە.
١٠٦) فەرهەنگی میدیا (کوردی–کوردی)، بەرگی یەکەم، نووسینی: د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٢٨٩) لاپەڕە.
١٠٧) لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، نووسینی: د.ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، (٤٢٥) لاپەڕە.

١٠٨) فەرهەنگی زاراوەکانی ئاو، نووسینی: ناهیدە تاڵەبانی – د.خالید بەرزنجی – فەیروز حەسەن عەزیز، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، (٤٢٨) لاپەرە.
١٠٩) مذكرات دولة الرئيس حسني بك البرازي رئيس الوزراء السوري الأسبق (١٨٩٥–١٩٧٥) تقديم: الدكتور عبدالفتاح علي البوتاني، مراجعة الهوامش: علي صالح الميراني، مطبعة الحاج هاشم – اربيل ، سنة ٢٠١١، ( ١٢٤ ) صفحة.
١١٠) عەقیدە نامەییێن کرمانجی، کۆمکرن و بەرهەڤکرن: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، ( ٤٢٥) لاپەرە.
١١١) المعجم التاريخي لإمارة بهدينان، تأليف: الدكتور عماد عبدالسلام رؤوف، مطبعة الحاج هاشم – اربيل، سنة ٢٠١١، (٤٢٣) صفحة.
١١٢) ما مِنْ مكانٍ نختبئُ فيه، مذكرات ممرضة بريطانية في العراق ١٩٥٤–١٩٩١، تأليف: سوزان فرانكس و أندرية كروفس، ترجمة: ابتسام نعيم الرومي، مطبعة الحاج هاشم – اربيل، سنة ٢٠١١، (٢٩٥) صفحة.
113) Aspects of the Verbal Construction in Kurdish, Auther : Dr. Waria Omar Amin, Printed in : Haji Hashim Printing House, Erbil- 2011, (179) page.
١١٤) بیرەوەرییەکانی عەلی ئەکبەرخانی سەنجاوی سەردار موقتەدر، ساغکردنەوەی: دکتۆر کەریمی سەنجاوی، وەرگێڕانی : دکتۆر حەسەن جاف، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، (٦٨٧) لاپەرە.
١١٥) شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا (باشووری کوردستان ١٩٢٥ – ١٩٦١)، نووسەر: عەبدوڵڵا ڕەحمان عەوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، (٦٩٥) لاپەرە.

شیعری شانۆیی بەشێکی گرنگ لە ئەدەبی گەلان پێکدەهێنێت و هەر نەتەوەیەک بەپێی بارودۆخی گەشەکردنی ژیانی شارستانی و رۆشنبیری خۆی بایەخی پێداوە و پایەی لەنێو ئەدەبەکەیدا چەسپاندووە، بەڵام لەئەدەبی کوردیدا تائێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و سەربەخۆ لەمبارەیەوە ئەنجام نەدراوە و لەچاو بابەتەکانی دیکەدا ئەو گرنگی و بایەخەی کە پێویستە پێنەدراوە. ئەو باس و لێکۆڵینەوانەش، کە ئاوڕیان لێداوەتەوە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ و لابەلایی باسیان کردووە و زیاتر بەردەبازێک بوونە بۆ روونکردنەوەی مەسەلەیەکی ئەدەبیی یاخود هونەریی، کە بەشێوەیەک لەشێوەکان لە شیعری شانۆییەوە نزیک بوونە. ئەمەش لەلایەکەوە بۆ خودی ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شیعری شانۆیی بەهۆی نمایشەوە پەیوەستە بە شانۆ و لەم رووەوەش بزوتنەوەی شانۆی کوردی تائێستا کەمتر لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر کراوە، لەلایەکی دیکەشەوە هێشتا لەرووی ئەدەبییەوە بەشێوەی راستەوخۆ ئەو باسە نەخراوەتە دووتوێی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتمەند و سەربەخۆوە.

لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی
هەولێر ٢٠١١